# سەرچاوە بنەڕەتیەکانی ئیسلام

سەلاح ڕێبوار



تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، سەبارەت بە بنەڕەتی چیرۆک و ئەفسانەکانی پێشینانی ناو دینی ئیسلام و شەریعەتی، لەگەڵ دین و شارستانیەکانی تر، کە ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکیتر ڕەنگیانداوەتەوە.

## بەرگی یەکەم

# سەرچاوە بنەڕەتەکانی ئیسلام

تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، سەبارەت بە بنەڕەتی چیرۆک و
ئەفسانەکانی پێشینانی، ناو ئیسلام و شەریعەتی دین، لەگەڵ دین و
شارستانیەکانی تر، کە ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکیتر ڕەنگیانداوەتەوە.

سەلاح ڕێبوار

بەرگی یەکەم

ناوی پەرتووک: سەرچاوە بنەڕەتەکانی ئیسلام،
تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، سەبارەت بە بنەڕەتی چیرۆک و ئەفسانەکانی پێشینانی، ناو ئیسلام و شەریعەتی دین، لەگەڵ دین و شارستانیەکانی تر، کە ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکیتر ڕەنگیانداوەتەوە.
تۆژینەوەی: سەلاح ڕێبوار
بەرهەمێکە لە چوار بەرگدا
بەرگی یەکەم
سال ٢٠٢٦
وێنەی سەر بەرگ تابلۆیەکی سۆمەری بەناوی تابلۆی شەماش، لە پەرتووخانەی بەریتانی ژمارە ٥٥، کە لە سیپار دۆزراوەتەوە.

خوێنەری بەڕێز
ئەو پەرتووکە، بەرهەمی کاری ساڵانێکی زۆری تاکە کەسییە، هیوادارم کەلێنێک لە پەتووکخانەی کوردی پڕکاتەوە. لە هەمان کاتدا ناتوانێ، لە کەم و کووڕی بەدەربێ، لە دڵەوە داوای لێبووردن، لە هەڵە و کەم و کووڕیەکان دەکەم.

## ناوەرۆک

دین لە چەن دیدی جیاواز ............................................................................ 15
سێ پێگەی پێکهێنەری دین ............................................................................ 23
سێگۆشەی باوەڕی دین.................................................................................. 29
ووتەی بەرایی.............................................................................................. 35
ئیسلام و قورئان........................................................................................... 47
دووبارە بوونەوە لە ناو دەقەکانی قورئان ........................................................ 48
لە ئەفسانەوە بۆ پەیامی خودایی ................................................................... 57
ووتەیەک سەبارەت بەو بەشە.......................................................................... 59
هزری دین و پاشخانی مێژوویی....................................................................... 60
شارستانی سۆمەری و کاریگەری لەسەر ......................................................... 63
وولاتانی دەوروبەری ................................................................................... 63
ئەفسانەی ئەفراندن........................................................................................ 69
ئەفراندنی سۆمەری ..................................................................................... 72
ئەفراندنی بابلی............................................................................................ 75
ئەفراندنی کەنعانی ...................................................................................... 79
ئەفراندنی میسری کۆن ................................................................................. 83
ئەفراندنی گەردوون لە دینە ئیبراهیمیەکان ..................................................... 88
ئەفراندن لە پەیمانی کۆن ............................................................................. 88
ڕۆژی یەکەم: ڕووناکی ................................................................................. 89
ڕۆژی دووەم: لێک جیاکردنەوەی ئاوەکان ......................................................... 89
ڕۆژی سێیەم: وشکانی و سەوزایی.................................................................. 89
ئەفراندن لە پەرتووکی سەناکردن ................................................................... 90
ئەفراندن لە قورئان ..................................................................................... 91
ئەفراندنی مرۆڤ لە شارستانیە کۆنەکان و ناو دینەکان ....................................... 94
ئەفراندنی مرۆڤ لای سۆمەریەکان ................................................................. 96

ئەفراندنی مرۆڤ لە ئەفسانەی بابلی ........................................................ 98
ئەفراندنی مرۆڤ لە تەورات ........................................................................ 105
ئەفراندنی مرۆڤ لە قورئان ........................................................................ 108
لە پاشاکانی سۆمەر، بۆ نەبیەکانی دینی ئیبراهیمی ........................................... 114
دینەکانی ئیبراهیم لە ئادەمەوە تا نوح ........................................................... 114
پاشاکانی سۆمەری بەپێی نووسینی مێخی .................................................... 118
تابلۆی پاشاکانی سۆمەری ........................................................................ 120
لیستی پاشاکانی سۆمەر بەرامبەر نەبیەکانی تەورات ........................................ 124
لیستی پاشاکانی سۆمەری بلوندێل ............................................................... 125
مەرگ و جیهانی ژێرەوە ........................................................................... 131
باخەکانی بەهەشتی ونبوو ......................................................................... 139
سەرچاوەی بنەڕەتی حەوت ئاسمان ............................................................. 151
ژمارەی حەوت لە شارستانیەکانی کەونارا .................................................... 151
ئەنجومەنی حەوت خودا ........................................................................... 153
ژمارەی حەوت لای بابلیەکان ..................................................................... 154
ژمارەی حەوت لای یۆنانیەکان .................................................................. 156
ژمارەی حەوت لە پەرتووکی دینەکان ........................................................... 159
ژمارەی حەوت لە قورئان .......................................................................... 163
ئەفراندنی زەوی و ئاسمانەکان لە حەوت ڕۆژدا ............................................... 165
سەرچاوەی بنەڕەتی حەوت ئاسمان ............................................................. 171
دینی کریستیانی و ئاسمان ........................................................................ 172
حەوت ئاسمان لە قورئان ......................................................................... 173
سۆمەریەکان و ئەستێرەناسی .................................................................... 174
بابلیەکان و ژمارەی حەوت و ئەستێرەناسی .................................................. 175
سەرچاوەی بیرۆکەی حەوت ئاسمان ............................................................ 176
ئەستێرەناسی (علم الفلک) ....................................................................... 178
پوختەی باس ........................................................................................ 180

چیرۆکی قایین (قابیل) و هابیل........................................................................183
هابیل و قایین له تەورات ...............................................................184
هابیل و قایین له میدراش ..............................................................186
چیرۆکی هابیل و قابیل، و ئەفسانەی سۆمەری .......................................191
ئەفسانەی داموزی و ئێنکی ئیمدو........................................................194
ئەفسانەی دوو خوشک ..................................................................197
بەراوردکردنی ئەفسانەکانی سۆمەری و چیرۆکی تەورات ...........................202
لافاو له نێوان ئەفسانه و پەیامی خودا .................................................205
لافاوی تاوان له ئەفسانەی سۆمەری ....................................................207
لافاوی تاوان له شارستانی ئەکەدی......................................................211
لافاوی تاوان له شارستانی بابلی ........................................................213
لافاوی تاوان له دینەکانی ئیبراهیمی.....................................................215
چیرۆکی نووح و لافاو له قورئاندا........................................................223
چیرۆکی یوسف و بنەڕەتی مێژوویی ....................................................233
ئەفسانەی سۆمەری: چیرۆکی ئیشتار و گلگامێش.....................................234
تابلۆی شەشەم..............................................................................234
ئەفسانەی میسری کۆن: چیرۆکی دوو برا.............................................239
چیرۆکی یوسف له له پەیمانی کۆن .....................................................251
یوسف و ژنی پۆتیفەر .....................................................................252
چیرۆکی یوسف له قورئان.................................................................255
بەراوردێک له نێوان ئەو چەند چیرۆکه ...................................................262
ئارامی ئەیوب (صبر أیوب) ...............................................................267
سەرەتا: ژیانی ئەیوب پێش تاقیکردنەوە .................................................273
یاسای تاوان و سزا له قورئاندا ...........................................................281
یاسای ئورو کا گینا ........................................................................282
یاسای ئور- نەمو.............................................................................283
یاسای ئێشنونه...............................................................................284

ياسای لیپیت ئیشتار ........................................................................... 286
یاسای حامورابی .................................................................................... 287
یاسا لە ڕوانگەی دینە ئیبراهیمیەکان .................................................. 288
سزا لە قورئاندا ...................................................................................... 289
زیگورات، پەرستگای سۆمەری و بابلی ................................................. 291
مێژووی توندوتیژی و کوشتن بەناوی خودا ............................................. 295
تەورات و ئاستێکی بەرزتری توندوتیژی .................................................. 300
قورئان سەرمەشقی توندوتیژی و کوشتنە ................................................ 305
پەیمانی نێوانی خودا و بەندەی .............................................................. 315
ئازارەکانی داموز و کریست و کریشنا ...................................................... 325
شێوەن بۆ داموز لە پەیمانی کۆن ............................................................ 333
گرتنی یەسو (عیسا) ............................................................................... 342
سەربازەکان گاڵتە بە یەسو دەکەن .......................................................... 342
قورئان و ئازارەکانی کریست ..................................................................... 344
دینەکانی میسری کۆن و قورئان ................................................................ 346
............................................................................................................. 347
سەرەتا ..................................................................................................... 348
لێپرسینەوەی دوای مردن ......................................................................... 349
لێپرسینەوەی ئۆزێریسی ........................................................................... 354
بەهەشت لە باوەڕی میسری کۆن ............................................................. 364
دۆزەخ لە باوەڕی میسری کۆن ................................................................. 367
دینی میسری کۆن و کریستیانی و ئیسلام .................................................. 370
مەرگ و زیندوبوونەوە لە نێوان ئۆزێریس و کریست ................................ 373
لە ئێزیسەوە بۆ مەریەمی پاکیزە ............................................................... 375
جادووگەری لە دینی میسری کۆن ............................................................. 377
خودای ئاتۆن و سەرەتای یەکتاپەرستی ..................................................... 385
پەیوەندی دینی ئاتۆن لەگەڵ شانیشینی میتانی ........................................ 385

سروود بۆ ئاتۆن ........................................................................... 397
مردنی ئەخناتون و کۆتایی دینی ئاتۆن .................................................... 405
کۆتایی ئەخناتون و پەیدابوونی دینی جولەکان ........................................... 407
ناکۆکی تەورات لەسەر یاقوب و بنەماڵەکەی................................................ 411
ناکۆکیەکانی قورئان لەسەر فیرعەون ....................................................... 416
بنەڕەتی پێنج کۆڵەگەی دین لە ئیسلام ...................................................... 421
١ یەکتاپەرستی ........................................................................... 421
٢ نوێژ...................................................................................... 424
نوێژی سۆمەریەکان........................................................................ 425
نوێژ لای میسرییە کۆنەکان ................................................................ 428
جوولانەکانی نوێژکردن، بریتی بوون لە پێنج ............................................... 430
نوێژی ئیسلام لە قورئاندا.................................................................. 437
٣ ڕۆژوو .................................................................................. 442
٤ حەج...................................................................................... 444
حەج بۆ ئەبیدۆس ........................................................................ 445
دەروازەی جیهانی ئەودیو ................................................................. 448
٥ زەکات .................................................................................. 450
گەڕان لە سۆراخی موسادا ................................................................. 451
لەدایکبوونی موسا لە تەورات.............................................................. 456
لەدایکبوونی موسا لە قورئان............................................................... 459
لەدایکبوونی موسا و بەراوردێک ........................................................... 461
ڕەچەڵەکی موسا .......................................................................... 465
دوو فەرمانی موسا بۆ جولەکان ............................................................ 467
جولەکە موسایان بە بێگانە دەدیت ........................................................ 468
ناکۆکی لەسەر ژیانی بنی ئیسرائیل لە میسر .............................................. 471
ئەدۆنا یان ئاتۆن........................................................................... 479
جولەکە دوای دەرچوونیان لە میسر ........................................................ 485

گلەو گازاندەی جولەکان لە موسا ........ 486
دڕدۆنگی و بێمتمانەیی بەنی ئیسرائیل ........ 489
پاشخانی دینی ئاتۆن ........ 491
بۆشایی لە وێنەی خودادا ........ 495
بەراوردێک لە نێوان ئاتۆن و دینی جولەکە ........ 497
یەکتاپەرستی دینی ئەخناتون و قورئان ........ 498
قورئان و پەیامبەران ........ 505
بەراوردێک لە نێوان پاڕانەوەی ئەخناتوون و زەبوورەکان ........ 508
قورئان و کولتوور و شارستانی یۆنانی ........ 511
سەرەتایەکی پێویست ........ 513
کولتوور و ئەفسانەی یۆنانی و قورئان ........ 519
بەراوردێکی چمکی خودا لە نێوان یۆنانیەکان و ئیسلام ........ 521
ڕۆڵی ئەکادیمیای گوندیشاپور ........ 523
ولدان المخلدون و ئەفسانەی یۆنانی ........ 527
زانستی پزیشکی یۆنانی و دروستبوونی کۆرپەلە لە قورئان ........ 533
ڕوونکردنەوە دەربارەی ئایەتەکانی قورئان ........ 534
گالین دەربارەی تۆرەمە ........ 535
پوختەی بابەت ........ 543
........ 546
لافاوی تاوان ........ 547
کۆرێ ........ 549
تانتالوس ........ 551
سیزیف ........ 552
پێگاسوس ........ 554
پێنێلۆپ بە خوازبێنی هەراسان دەکرێ ........ 557
تێرمینوس ........ 559
ململانێی خوداکان لەسەر دەسەڵات ........ 561

یەکەم ژن ........................................................................... 561
ڕیتوالی بەخاکسپاردن .................................................................. 563
خۆر پەرستی ........................................................................ 565
دەیەک (العشور) ..................................................................... 565
سزای خودایی ........................................................................ 566
دیموکراسی ئەتینا...................................................................... 567
ئەفسانەی کالیپسۆ و سیرس ........................................................... 568
خودا لە خزمەت مرۆڤدایە ............................................................. 569
سێ چارەنووس ....................................................................... 570
فریشتە و بوونەوەری نامۆ.............................................................. 571
ئاهەنگی یۆنانی ....................................................................... 571
بەشداری خودا لە شەڕ.................................................................. 573
قورئان و ئەفسانەکانی ڕۆمانی ............................................................ 575
لەدایک بوونی ڕۆمولوس و ڕیموس ...................................................... 575
ململانێی دوو برا ...................................................................... 577
کورتیۆس ............................................................................. 579
بەڵاگێڕی ڤالێرا ........................................................................ 580
ئەشکەنجەی کراسوس ................................................................. 582
هیندۆسێ.............................................................................. 585
چیرۆکی ئەشکەوتی ثور ................................................................ 587
داود و جالجالۆکە ...................................................................... 593
ئیبراهیم و براهما دوو ڕووی یەک دراون.................................................. 595
دینی زەردەشتی ...................................................................... 609
دینی زەدەشتی و کاریگەری لەسەر ئیسلام ............................................. 611
چەند پەرەگرافی ئاوێستا بەرامبەر ئایەتی قورئان ........................................ 631
نوێژ لە دینی زەردەشتی ............................................................... 635
پردی چینڤات ........................................................................ 652

# دین له چەن دیدی جیاواز

به درێژایی دوو سەدەی ڕابردوو، فەیلەسوف و بیرمەندانی بواری تۆژینەوە لە دین، له جیهانبینی خۆیانەوە، هۆکارەکانی پەیدابوونی دین دەگێڕنەوە بۆ پاشخانی جیاواز. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، لەی گشتیان دین بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤە، جا کاریگەری سرووشت بێ یان کۆمەڵگ. و کاردانەوەیان لەسەر مرۆڤ و ژینگە. لێرەدا چەند لەو تیوریانە دەخرێنە ڕوو.

## هێربەرت سپێنسەر (١٨٢٠ – ١٩٠٣)

هێربەرت سپێنسەر (Herbert Spencer) دەڵێ: هەر شتێک زانین وەرینەگرێ، بەشێکە لەدین. دانىان بەوەی کە زانین نییە، یەک لە بنەڕەتییەکانی دینە. بە پێچەوانەوە ئەوەی شایەنی تێگەیشتن بێ، بنەڕەتی زانستییە.

کێشەی نێوان دین و فەلسەفە و زانست، سەرچاوکەی دەگەڕیتەوە بۆ جیانەکردنەوە، لە نێوان هەریەک لەو بوارانە، یان تێکەڵکردنی زەمینە و ئامانجی هەر یەک لەو بوارانە.

دین قۆناغ  بە قۆناغ، بەپێی پەرەسندنی کۆمەڵگە، دینیش پەرەدەستێنێ. دینە سەرەتاییەکان، هیچیان سەبارەت بە جیهانی دوایی نەدەزانی، لەبەر ئەوەی سەرەتایی بوون . دینەکانی دواتر بنەمای ئەفسانەیان کردە پێڕەوی پیرۆزی دین، کە تائێستاش هەر لەسەری بەردەوامن.[1]

---

[1] Spencer, Herbert (1898) Principles of Sociologi.

## ماکس میلەر (١٨٢٣ – ١٩٠٠)

ماکس میلەر (Max Müller) باوەڕی وایە کە دین ئەنجامی کاریگەری سرووشتە لەسەر مرۆڤ. بەڕای مویلەر پەرسەندنی دین دوو قۆناخە. یەکەمیان سەرسامی و حەپەسان و خۆزگە. کە وای لە مرۆڤکرد، کە بیربکاتەوە، هێزی دەوروبەری لە دەرەوەی ویستی ئەوە. قۆناخی دووەم گوزارەکردنە، لە هێزی ڕاکێشانی سرووشت. بە زمانێک دوورە لە گوزارەی ڕاستەوخۆ. ئەوەش لە ڕێگای ئەفسانە و زێدەڕۆیی. ئەو زێدەڕۆییانەش، لە خۆیانەوە دەگۆڕێن بۆ کاری خودایی. بەو شێوەیە زمان لەسەر سرووشتێکی ئەندیشە و بە بوونەوەری فانتاسی سەپێندراوە. ئەوانەش بوونە بزوێنەری سرووشت و کرۆکی باوەڕی دین.

لێکۆڵەورەوەی تر لەوەش زیاتر دەڕۆن و دەڵێن کاریگەری سرووشتی ئاسایی بەس نییە، بۆ خرۆشاندنی باوەڕی دین. بەڵکوو ئەوەی کاریگەری هەیە سرووشتی ناوێزە و سەختن. کە بە ڕوودانیان ترس و تۆقاندن دەخەنە دەروونی مرۆڤ، و وای لێدەکا، بیر لەسەرچاوە و هۆکارەکانی بکاتەوە. لەو کاتەی، وەلامیکی دەستناکەوێ. بە هێزێکی نادیاری سەرووی دادەنێ. ئەو هێزە نادیارە دەبێتە ئازار و دڵەڕاوکێ. و وایلێدەکا، کە دیاری و بەڵاگێڕی خزم و نزیکانی بکا. [2]

[2] Müller, Max (1875) Lectures on the science of Language. Pp. 45

## ئێمیل دورکهێیم (١٨٥٨ – ١٩١٧)

بە باوەڕی ئێمیل دورکهێیم (Emile, Durkheim) دین هێزی کۆمەڵایتیە، کە بەشدارانی پارێزگاری لە پیرۆزییەکانی دەکەن. بەو پێیەش دین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. کاتێ مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵک بەشداری لە پەرستنی بوونەوەرێکی دیارکراو دەکا، بەو مانایەدێ، کە پەرستنی ئەو کۆمەڵگەیەی، ئەو تێیدا دەژی، پەرستنێکی هاوبەشە. هەر بەو پێیەش ئەندیشەی بوونی خودا، ئەندیشەیەکی کۆمەڵایەتییە، بۆ پارێزگاری لە پیرۆزی ئەو بوونەوەرە. ئەوەش بە ڕۆڵی خۆی ژیانی ماتریالی سەرەتاییە بۆ پەیدابوون و گەشەسەندنی دین. بەڵگەی کە ئەو گریمانەیەش دەسەلمێنێ، ئەوەیە کە دینی تاک بوونی نییە. هەروەها دەتوانین بڵێین، دین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە بوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە سەردەمێکی دیارکراودا، بەپێی چوارچێوە و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان پەرە دەستێنێ.[3]

بە ڕای دورکهێیم دینە سەرەتاییەکان زیاتر گونجاو و گشتگیرتربوون، لە دینەکانی دواتر (پەرەسەندووتر). لەلای ئەوان ویژدانێکی بەکۆمەڵ هەبوو. ئەوەش ڕەوشتی کۆمەڵ بوو، بۆ هەر بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتی. تا دین بەرەو پێشتر چوو زیاتر تێکشکێندرا. لەبەر ئەوەی دەستی لە کاروباری تر وەردا، وەک زانست، فەلسەفە و یاساکانی ژیان. بەڕای دورکهایم کۆمەڵگە بنەڕەتی دینە، هەر ئەویشە دین دروست دەکا. لەبەر ئەوەی، بە بەریەککەوتن، دیاردە و شتەکان دەگۆڕێن بۆ پیرۆز یا سادە و ڕۆژانە..... ئەوەش سەرەتای دینە.[4]

---

[3] Durkheim, Emile (1912) The Elementary forms of the Religous life. Pp.45
[4] Ibid. Pp. 145

## کارل مارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣)

کارڵ مارکس سەبارەت بەدین، ڕەخنە لە هێگل دەگرێ، و سەرنجی زانستیایەنەی خۆی بەرامبەر دین دەخاتەڕوو. و دەنووسێ:

بنەمای ڕەخنەی نادینی ئەوەیە: مرۆڤ دین دروست دەکا، دین مرۆڤ دروست ناکا. دین ڕێک خۆ بە هوشیارزان و خۆبەگەورەزانینی مرۆڤە. کە یان هێشتا خۆی نەدۆزیوەتەوە یان پێشتر جارێکی دیکە خۆی لەدەست داوە. بەڵام مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەبستراکت نییە کە لە دەرەوەی جیهان نیشتەجێ بێ. مرۆڤ، جیهانی مرۆڤە، دەوڵەتە، کۆمەڵگایە. ئەو دەوڵەتە، ئەو کۆمەڵگایە دین بەرهەم دێنێ، هۆشیارییەکی جیهانی شێواوە، چونکە نوێنەرایەتی جیهانێکی شێواو دەکەن. دین تیۆری گشتی ئەم جیهانە، ڕێنمایی ئینسایکلۆپیدیەکەیەتی، لۆژیکیەتی لە فۆڕمی باودا، خاڵی گیانی، خرۆشانەکەی، سزای ڕەوشتیەتی، تەواوکەری ڕێزلێنانێتی، بنەمای گشتیەتی بۆ دڵنەوایی و پاساوهێنانەوە. و وەدیهێنانی خەیاڵی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ لە ژێر کاریگەری دین، هیچ بیرکردنەوەیەکی، ڕیالیستی ڕاستەقینەی نییە. کەواتە خەبات دژی دین، یەکسەر خەباتە لە دژی ئەم دونیایە کە بۆنی گیانی دونیاکەی ترە.

نەهامەتی دینی، دەربڕینی نەهامەتی ڕاستەقینەیە. لە هەمان کاتدا نارەزایەتییە بەرامبەر بەو نەهامەتییە ڕاستەقینەیە. دین ئاهی بوونەوەرە چەوساوەکانە، دڵی جیهانێکی بێ دڵە، گیانی لە دۆخی هەژاریی گیاندا. تلیاکی گەلە.

هەڵوەشاندنەوەی دین، وەک بەختەوەری وەهمیی خەڵک، داوای بەختەوەری ڕاستەقینەی خۆیەتی. ئەو داواکارییەی کە دەبێ دەستبەرداری وەهمەکان بێ سەبارەت بە دۆخی خۆی، داواکارییەکە بۆ دەستبەرداربوون لە بارودۆخێک کە پێویستی بە وەهمەکانە. بەو پێیە ڕەخنە لە دین، کۆرپەی ڕەخنەی دۆڵی نەهامەتییە کە شکۆمەندییەکەی دینە.[5]

بەناوبانگترین لێدوانی مارکس سەبارەت بە دین وەک (تلیاکی گەل) لەو دەربڕینە، مارکس دیمەنێک دەخاتەڕوو، کە دین ڕۆڵی دووفاقەیی هەیە، چ وەک دەربڕینی نەهامەتی کۆمەڵایەتی، و چ وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر دین.

مرۆڤ دەبینی، دین لەلایەک ئازاری نەهامەتی بە مرۆڤ دەردەبڕێ، هەمیش نارەزاییە بەو نەهامەتیە ڕاستەقینە، لە ئەنجامدا ئازار و نەهامەتیە توندەکان لە جیهانێکی بێ بەزەیی، نەرمدەکاتەوە، لە کۆتایی بە ئاهێکی سارد بە جیهانی ئەودیوی دەسپێرێ. کەچی نەرمکردنەوەی نەهامەتیەکانی، چەوساوەی خێرلەخۆ نەدیوو، هەر وەک خۆیان دەمێنێتەوە. وەک تلیاک ئازارەکان مەنگ دەکا.  دین بیرو باوەڕێکە، وەک هەوری ڕەش، جیهانی ڕاستەقینە دەشارێتەوە.

لە هەمان کاتدا مارکس دەڵێ، دین بەرهەمی کۆمەڵگایە، و لە هەلومەرجی بێهیوایی جیهان لەدایک دەبێ، نەک تەنیا لە مێشکی یەک مرۆڤ. و وەهمێکی کەسی نییە، بەڵکو بەشێکە لە کۆمەڵگا،  شتێکی بنیاتنانی کۆمەڵایەتییە.

[5] Till kritiken av den hegelska rättsfilosofin . s. 36 - 37

# سیگموند فرۆید (١٨٥٦ – ١٩٣٩)

سیگمۆند فرۆید خاوەنی دەروناسی شیکاری، و بەشێکی تۆژینەوەکانی، لەسەر دین و دەرهاویشتەکانن. هەر لە لێکدانەوەی خەون، تادەگاتە تەوتەم، و دوا پەرتووکی لەسەر موسا و یەکتاپەرستی بوو. وەک بیرمەندێک لە بواری دەروونناسی و دیناسی و کۆمەڵایەتی. هزری قووڵی دەربارەی دین هەن. کە ناکرێ لە تۆژینەوە لەسەر دین، ڕەچاونەکرێن.

فرۆید دین وەک وەهمێک دەبینی کە ڕەنگە گرنگترین بابەتی نەخۆشی دەروونی شارستانی بێ.[6] لە خەملاندنی ئەودا، دین بەرگریکردن لە (هێزی باڵادەستی چەقگرتووی سروشت) و (هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی کەموکوڕییەکانی شارستانی کە بە ئازارەوە هەستیان بە خۆیان دەکرد) دابین دەکا.[7] ئەو بەو ئەنجامە دەگا کە هەموو بیروباوەڕە دینیەکان (وەهم و ئامادەنەبوون بۆ بەڵگە)[8]

پاشان فرۆید بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە دەکا، کە ئایا مرۆڤ بەبێ دین هەست بە لەدەستدانی لە هەموو پابەندبوونێک دەکا، بۆ پابەندبوون بە فەرمانەکانی شارستانی.[9]
ئەو تێبینی ئەوەی کرد، کە (شارستانی ترسێکی کەمی هەیە لە کەسانی خوێندەوار و بیرمەن) کە تێیدا پاڵنەری سێکۆلار، بۆ ڕەوشت جێگەی پاڵنەرە دینیەکان دەگرێتەوە، بەڵام دان بە بوونی (جەماوەری گەورەی نەخوێندەوار و چەوساوەکان) دا دەنێ کە ئەگەر پێیان نەگوترێ

---

[6] Freud, Sigmund (1919). Totem and Taboo. Sydney: Amazon. p. 89.
[7] Ibid.
[8] Freud, Sigmund, An Autobiographical Study (New York:W.W. Norton & Co., 1989 [1952]) pp. 130–131.
[9] Ibid. pp. 14

که خودا قەدەغەیکردووە، و دەبێ (بە توندترین شێوە ڕابگیرێت) مەگەر (پەیوەندی نێوان شارستانی و دین) بە پێداچوونەوەی بنەڕەتی دا تێپەڕێ [10]

فرۆید جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕاهێنانی دینی دۆگماتیک، بەشدارە لە لاوازی بیرکردنەوەی مێشک، بە دەستبەسەرداگرتنی هێڵەکانی لێکۆڵینەوە.[11] فرۆید دەڵێ (لە ماوەی درێژخایەندا هیچ شتێک بەرگەی مێشک و ئەزموون ناگرێ و ئەو دژایەتییەی کە دین پێشکەشی هەردووکی دەکات زۆر هەستپێکراوە.[12] هیوای فرۆید ئەوەیە، کە لە داهاتوودا زانست لە دین تێدەپەڕێ، و مێشک و بیرکردنەوە، جێگەی باوەڕ بە خودا بگرێتەوە[13].

فرۆید بەوە ناسراوە، کە دین وەک نەخۆشیەکی بەکۆمەڵی مرۆڤایەتی وێنادەکا. ئەو پێی وابوو کە بیروباوەڕی دینی گوزارشت لە بیرکردنەوەی خۆزگە و ئاواتخوازی دەکا. و خزمەت بە پێداویستییە سۆزدارییە، ناپێگەیشتوەکانی منداڵ دەکا، کە لە تەمەنی گەورەساڵیدا دەژین.

فرۆید باوەڕی وایە، شارەزاییمان لە بەهای مێژوویی هەندێ باوەڕی دینی، ڕێزگرتنمان بۆیان زیاد دەکا، بەڵام پێشنیازەکەمان پووچەڵ ناکاتەوە، کە دەبێ واز لە خستنەڕوویان وەک هۆکاری فەرمانەکانی شارستانیەت بێنن. بە پێچەوانەوە! ئەو پاشماوە مێژووییانە یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی ڕێنماییە دینییەکان، وەک شوێنەواری دەمارگیر سەیر بکرێن. و ڕەنگە ئێستا

---

[10] Freud, Sigmund (1927) The future of an illusion, p. 21
[11] Ibid. Pp.47
[12] Gay, Peter. Freud: A life for our time (New York: Norton, 1998) p. 535
[13] Mary K. O'Neill and Salman Aktar, eds, On Freud's 'The Future of an Illusion' (London: Karnac Books, 2009) p. x

بڵێین، ئەو کاتە هاتووە، وەک ئەوەی لە چارەسەرێکی شیکاریدا دێ، بۆ جێگرتنەوەی کاریگەرییەکانی سەرکوتکردن بە ئەنجامی کارکردنی بلیمەتانەی مێشک.[14]

لەوەش زەلیلتر ئەوەیە، کە ببینین ژمارەیەکی زۆری بەهەراو، لەو کەسانەی ئەمڕۆ دەژین، ناتوانن نەبینن کە دین جێگەی بایەخ نییە، سەرەڕای ئەوەش هەوڵدەدەن، لەئەنجامی سۆز، بەش بەش بەرگری لێبکەن.[15]

لە ڕوانگەی دەروونشیکاریی فرۆیدەوە، دین پێویستی مێشکی نائاگایە، بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکان. فرۆید پێی وابوو مرۆڤ باوەڕی بە خودا هەڵدەبژێرێ، لە خەیاڵی خۆی نوێنەرایەتی کەسایەتی باوکێکی بەهێز دەکا، بۆ ئەوەی هەست بە ئارامی بکەن و خۆیان لە تاوانباری بێبەری کەن.

[14] Freud, S (1989). The Future of an Illusion (Standard ed). Norton.
[15] Freud, S (2010). Civilization and Its Discontents. W.W. Norton & Company.

# سێ پێگەی پێکهێنەری دین

بە درێژایی مێژوو هەر لە سەرەتای شارستانییەوە، مرۆڤ لە دوو لایەنەوە پەرەی سەندووە. لایەنی یەکەم تەکنیکی و زانستی. ئەوەش هەر لە سەردەمی چاخەکانی بەردینەوە، توانیویەتی، هەنگاو بە هەنگاو، لە ڕێی داهێنانی نوێ، پەرە بە ئامرازەکانی کارکردن بدا. کە ئەوەش کاریکردۆتە سەر ژیان و خۆشکردنی زەمینەی پێشکەوتن. و دووەمیش پەرەپیدانی هزر. بەردەوام مرۆڤ بیری لە دەوروبەر و داهێنانەکانی و خۆی کردۆتەوە.

ئەو دوو لایەنەش بە شیوەیەکی هاوتەریب، لەگەڵ مرۆڤ بووین بەپیی پێشکەوتنی هزری و کارامەیی تەکنیکی هەم خۆی گونجاندووە، و هەمیش بەدوای وەڵام و چارەسەری نوێ داگەڕاوە. ئەوەی بۆ ئەو باسە گرنگە، بەردەوام مرۆڤ لە ڕووی هزریەوە بە دوای ناسنامەی خۆی دا گەڕاوە. و هەرگیز بە وەڵامێکی تاکلایەنانە نەوەستاوە. و هەوڵیداوە لە ناوەڕاستی شتەکان خۆی بدۆزێتەوە. من کێم و چۆن بۆ ئێرەهاتووم. چۆن دروستبووم، و کێ منی دروستکردووە، و بۆ کوێ دەڕۆم. دوای مردن ژیانێکی دیکە هەیە؟

ئەو پرسیارانە لە هەر قۆناخێکی مێژووی شارستانی، مرۆڤ بەپێی ژینگە باوەڕی هێناوە و خۆی لە ئاوێنەی ئەزموونی دەوروبەری وێناکردووە. تا ئەو کاتەی دین پەیدابوو. و باوەڕی دینی وەک تلیاک مرۆڤی ئالوودەی خەیاڵێک کرد، کە بووە سندم و نەیتوانی لێی دەربچێ. ئەوەش هەر لە سەردەمی سۆمەریەکان و دواتر بابلی و هتد بەردەوام بوو. دین وای لە مرۆڤکرد، ئیتر بیرنەکاتەوە، بەڵکوو ئەو شتانەی بۆی پیرۆزدەکرێن دووبارە بکاتەوە. بۆیە

سێ خاڵی سەرەکی هەن کە ویندار دەخەنە چوارچێوەیەکی داخراو، و ناتوانێ لەدەرەوەی ئەو سێ خاڵە بیربکاتەوە. ئەوەش بە درێژایی مێژووی دین مرۆڤیش خۆی لەو سێ خاڵەدا دووبارەکردۆتەوە.[16]

## یەکەم: باوەڕ (Belief)

باوەڕ، بیرکردنەوەیەکی یەک لایەنەیە، واتە ئەوەی مرۆڤ لە دڵیدا، بە شێوەیەکی دۆگم باوەڕی پتەوی پێی هەیە. جا ڕاست بێت یان درۆ. زاراوەکە وەک هێمای شانازیکردن، بە بۆچوونێکی دیاریکراو بەکاردێت. زاراوەی (باوەڕ) لەگەڵ چەمکەکانی دیکەی وەک ئایدۆلۆژیا، باوەڕی دینی، کە مرۆڤ وەک هەست بەبێ زانین پەیڕەوی بکا. وەرگرتنی باوەڕێک دەتوانرێ لە ڕێگەی تێگەیشتنی هەست و سۆز، یا کاریگەری کەسانی دیکەوە بێ، یان پەروەردەکردن لەلایەن دەسەڵاتێکی دیاریکراوەوە وەربگیرێ. کاتی مرۆڤ بەبێ هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە، بە بنەما یان بۆچوونەکانیەوە دەلکێ، بۆچوونە دژبەیەکەکان ڕەتدەکاتەوە و ڕاستییەکان و بەڵگەکان پشتگوێ دەخا، ئەوە پێی دەوترێ دۆگماتیزم.[17]

باوەڕ بریتییە لە هەڵوێستی مرۆڤ بەرامبەر بەوەی شتەی بە ڕاستە دەزانێ، لە زانستناسیدا فەیلەسوفەکان دەستەواژەی "باوەڕ" بەکاردەهێنن بۆ ئاماژەدان بە هەڵوێستە کەسییەکان کە پەیوەندییان بە بیرۆکە و چەمکەکانەوە هەیە کە ڕاست یان درۆیە .بەڵام "باوەڕ" پێویستی بە خۆڕاگری و وریایی نییە .بۆ نموونە کەم کەس بیر لەوە دەکاتەوە، کە ئایا خۆر

[16]السواح، فراس (٢٠٠٢) دين الآنسان، منشورات دار علاءالدين. ل ١٩

[17] Wyer, R. S. (1970) Quantitative prediction of belief and opinion change: A further test of a subjective probability model. Journal of Personality and Social Psychology.

هەڵدێت یان نا؛ ئەوان وا گریمانە دەکەن کە دەبێ وابێ. بەو پێیەی "باوەڕ" لایەنێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانە و ئاساییە، ئێریک شوایزەر، لە ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفەی ستانفۆرددا، پرسیارێکی پەیوەندیدار دەخاتە ڕوو: چۆن بوونەوەرێکی زیندوو دەتوانێت بیروباوەڕی هەبێ؟[18]

یەکەم شێوەی گوزارەی بە کۆمەڵە، لە سەر ئەزموونی دین. ئەوەش ئەنجامی باری دەروونییە، کە مرۆڤ لەڕێگەیەوە، فۆرمێک دەداتە باوەڕ. وەک پیرۆزییەک لە ناخەوە. لەو هەڵ و مەرجەدا مێشکی مرۆڤ بۆ داڕشتنی کە بتوانێ ئەزموونی ناوەوەی بکاتە پێوەرێک بۆ هەڵسە نگاندنی جیهانی دەرەوە. [19]

## دووەم: پەرستن (Worship)

پەرستن دەربڕینی ڕێزگرتن و پەرۆشییە .ئەم پراکتیزەیە زۆربەی کات لە چوارچێوەی دیندا ئەنجام دەدرێ، کە ئاماژەیە بە ڕێزگرتنێکی قووڵ بۆ بوونەوەرێکی خودایی یان هێزێکی سەروو سروشتی. بەڵام پەرستن دەتوانێت لە بازنەکانی دینی، زیاتر درێژ بێتەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر دەربکەوێ، لەوانە پاڵەوان پەرستی، مەودای چالاکییەکانی پەرستن بریتین لە ڕێزگرتن، پەرستن، ستایش، نوێژ، کڕنۆش و ملکەچبوون .جا لە ڕێگەی نوێژێکی سادە یان ڕێوڕەسمێکی ورد و درشتەوە، بە تاک یان بە کۆمەڵ، بە شێوەیەکی نافەرمی یان فەرمی و لە

[18] Primmer ،Justin (2018) ،"Belief" Primmer ،Justin The Stanford Encyclopedia of Philosophy ،Stanford, CA: The Metaphysics Research Lab،

[19] السواح، فراس (٢٠٠٢) دين الآنسان، منشورات دار علاءالدين. ل ٤٧

ژێر رێنمایی کەسایەتییەکی دیاریکراودا ئەنجام بدرێ، ئامانجی بنەڕەتی پەرستن، بریتییە لە ڕێزگرتن لە بابەتێک، بە شێوەیەکی مانادار[20].

ئەزموونی دینی بارێکی کاردانەوەی ڕاستەوخۆیە، لەبەر تەوژمی بە هێزی، مرۆڤ ناچاری هەڵسوکەوتێکی نامۆ دەکا. ئەوەش لە پێناوی هاوسەنگی نێوان جەستە و دەروون. کە ئەزموون لە بارێکی ئاساییەوە دەیگۆڕێ، بۆ بارێکی نائاسایی. ڕیتمی مۆسیقا و سەمای ئازاد یەکەمین شێوەکانی ئەو هەڵسوکەوتە بووین. دوایی هەنگاو بە هەنگاو گۆڕاون بۆ پەرستنێکی تەکنیکی و ئاراستەکراو. ئەو پەرستن و هەڵسوکەوتانەش، لەلایەن کۆی ئەندامانی دینێک پەسەندکراون.[21]

## سێیەم: ئەفسانە (Myth)

زۆر لە ئەفسانەکانی ڕەگوڕیشەی بنەڕەتی گەردوون (Cosmogony) دین و دواتر پێیان دەگوترێ، ئەفسانەی بنەڕەتی وەدیهاتنی شتەکان، کە ئەفسانەکانی تر باس لە دروستبوون دەکەن، وەک پرۆسەیەک لەگەڵ خودایەکی چالاکی ئەفرێنەر، پێیان دەگوترێ ئەفسانەی ئەفراندن. ئەفسانە و ڕیتوالی گێڕانەوە، بەشێکن لە بۆماوەی کۆمەڵایەتی، کە لە ڕێگەی پەروەردەکردنەوە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە.

---

[20] Duncan B. Forrester, Doug Gay (2008) Worship and Liturgy in Context: Studies and Case Studies in Theology and Practice

[21] فراس السواح (٢٠٠٢) دين الآنسان، منشورات دار علاءالدين. ص ٥٣

ئەو چیرۆکە پیرۆزانەی، کە لە ئەنجامی ڕووداو یان دیاردەیەکی سرووشتی، کۆمەڵایەتی دروستبوون، و لە شێوەی دارشتن و گوتنەوەی نەوە دوای نەوە، وەک ڕاستیەکی بەڵگەنەوێست پەسندکراون. کە بە ئاسانی مرۆڤ دەخرۆشێنن و دیخەنە ژێر ڕکێف و دەیگەیێنێتە ئاستی بەدەر لە بیرکردنەوە. تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، لەو سەردەمی تەکنۆلۆژیا و شارستانی. ئێمە بە ئاگا یان نائاگا، پابەندین و هەست بە دەستەڵاتی ئەفسانە دەکەین. هەردەم لە بەرامبەریدا، بێ ئەوەی بزانین، بە تاساوی خۆمان دەدەینە دەست تەوژمی فەنتاسایاکانی و ئەندیشەمان بە خۆیەوە خەریک دەکا.

ئەفسانە بنیات و ناوەرۆکی باوەڕی دینە، درێژ بوونەوەیەکی سرووشتیە، و ڕوونکەرەوە و جێگرەوەیەتی، بە شێوەیەک کە دەبێتە پارێزگاری و پەیرەوکردنی نەوە دوای نەوە.

ئەفسانە بە شێوەیەکی دیار تێکەڵاوی سیستەمی دین دەبێ. هەر کاتێ ناکۆکی لەگەڵ بنەماکانی دین دروستبێ. و بەرەنگاری باوەڕ و بنەماکانی ئەو سیستەمی دین ببێتەوە، ئەوا گشت بنەما ئەفسانەییەکانی لەدەست دەدا، و دەبێتە چیرۆکێکی سادە و دەکەوێتە ژانرێکی تری ئەدەبی. کە لە شێوەی ئەفسانەیە. وەک چیرۆکێکی خورافی و داستانی پاڵەوانی، هەندێ لە کەراکتەرەکانیشی لە چیرۆکی فۆلکلۆری دا دەتوێنەوە.[22]

[22] السواح، فراس (٢٠٠٢) دين الآنسان، منشورات دار علاءالدين. ص ٥٨ - ٥٩

# سێگۆشەی باوەڕی دین

لە هەر دینێک سێگۆشەیەک هەیە، کە باوەڕدار، پیرۆزی دینیان تێدا دەبینێ. دینیش وەک دروشمی خوداپەرستی دەیانخاتە ڕوو. و لە پەرتووکی پیرۆزی هەر دینێک، بە ڕاشکاوی ئاماژەیان پێدەکرێ، و بە گشتی لە ناو هەموو باوەڕەکاندا هەیە. ئەو سێگۆشەش هەم بنچینەکانی دین دروست دەکەن. و هەمیش بۆ یەکتری تەواوکەرن. ئەوانەش: پیام، وەحی و ڕینمایی.

## یەکەم: پەیام (پەیامی دین)

لە ناو گشت دینەکان پەیام چەقی بانگهێژی دینە. یەک لە پایە هەرە گرنگەکانیەتی. و ڕەنگدانەوەی جیهانبینی دینیە، بۆ جەماوەرێکی پێشوەخت دیارکراو. لە توێی پەیامەکەشدا ئاڕاستە و شێوەی ئەو باوەڕە دەگەیێنێ، کە چاوەڕوانکراوە.

پەیامی دین لە ئیسلام دا، بەپێی دەقەکانی قورئان، هەر لەیەکەمین هەنگاو، ڕووی لە نەتەوە (أمة) دەکا. و سنوورەکانی ڕەنگدانەوەی دەقەکانی بەرەو ڕووی جەماوەرێکە، کە وەرگری ناوەرۆکی پەیامی قورئانن. و دەقەکانی بۆ ئەوان ئامادەکراون. و تێدەگەن و دەشزانن بۆ ئەوانە. ئەو کارلەیەککردنەی دەقەکانی قورئان لەگەڵ کۆمەڵی باوەڕدارانی لە هەڵومەرجێکی دیاریکراودان.

سورة البقرة ٢: ١٤٣

وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗاۗ (١٤٣)

بەو شێوەیە ئێوەمان کردۆتە نەتەوەیەکی (أمة) هەڵبژاردە، تا ئاگاتان لە خەڵکی بێ. و پەیامبەریش چاوەدێریتان بکا ( ١٤٣)

سورة الأنعام ٦: ٤٢

وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٖ مِّن قَبۡلِكَ فَأَخَذۡنَٰهُم بِٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمۡ يَتَضَرَّعُونَ (٤٢)

ئێمە نەتەوکانی (أمم) پێش تۆش بە ڕێمانکردوون. (ئەوان یاخیبوون) و تووشی بەڵاو کارەساتمان هێنان ( ٤٢)

لێتۆژینەوە سەبارەت بە دەقەکانی قورئان وەک پەیامی دین، دەبێ لەسەر بنەمای مێژوویی تاوتوێ بکرێن. لەبەر ئەوەی هاتنی دەقەکان، و پەیوەندیان لەگەڵ سەرەتای بەدیارکەوتنی چوارچێوەی نەتەوەیەک، و ئاستی تێگەیشتنی پەیامیان، لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتنراوە. ئەوەش لە ڕووی مێژووییەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی دەقەکان و ڕەنگدانەوەی لە تێگەیشتنی هزری دینی نەتەوەیی گرنگە.

بەوەش قورئان دەبێتە تۆمارێکی مێژوویی نەتەوە. کە لە ناو دەقەکانی بەپێی دیاردەکان و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، هەنگاو بە هەنگاو ناسنامەی دین، لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی پەرە دەستێنێ. ئەو گریمانەیەش، بۆ لێتۆژەرەوە گرنگە، کە بەر لە دەستبەکاربوونی، لە مەبەستی دەقەکان بگا. و بتوانێ بە کۆنتێکستی خۆیان ببەستێتەوە. لەبەر ئەوەی نووسەری قورئان لە هەر هەڵومەرجێک، بەپێی ڕوودا و ڕێکەوتی کۆمەڵایەتی، یان سرووشتی ئایەتی

نووسیون. کە گوزارە لە هەڵومەرجی ڕووداو و پێگای دینی، لەناو ئەو نەتەوەیە دەکەن.[23] هەر ئەوەشە کاتی دین لە سنووری ئەو کۆنتێکستە دەردەچێ. ئەوسا جوگرافی یان مێژووی پەرسەندن. ئەوا دەقەکانی بەهای خۆیان لەدەست دەدەن. و ناتوانن ببنە ڕێنما بۆ شوێنێکیتر و سەردەمێکیتر. ئەوەش بۆ تێگەیشتن لە کێشە و ناکۆکییەکانی دین، زۆر گرنگە.

## دووەم: سرووش (وحی)

دانانی قورئان وەک پەیامێکی پیرۆز. یان ئەرکێکی خودایی. وەک پیرۆزی و چەقی دین پێویستی بە ئاماژەکردن، بە پەیوەندی لەگەڵ سەرچاوەی پیرۆزی خۆی هەیە. ئەوەش بە بەکارهێنانی لۆگۆس (Logos)، کە وەک پەیوەندیەک لە نێوان خودا و مرۆڤ. یان وەک لە دینی کریستیانی ووشەی خودای بەرجەستەکراو. ئەو تایبەتمەندیە بڕیاردەدا. چۆن دەنگی خودا بە من و ئێمە لەناو دەقەکانی قورئان خۆیان بەرجەستە بکەن، و بێنە گۆ. هەروەها پیرۆزیەکانیش لە کام چوارچێوەی پەیامەکەدا جێیان دەبێتەوە.

گرفتی گەورەی وەحی لەوەدایە، لە بنەڕەتدا وەک پەیوەندی خودایە بە مرۆڤ لە ڕێگای نێردەیەکی دیاریکراو. ناتوانێ لە بواری بەدواداچوونی زانستی، بکرێتە جەمسەری تۆژینەوە. و لە بواری ئەکادیمی بۆ قووڵبوونەوە جێی بکرێتەوە. بە گەیشتنە دەرئەنجامێکی لۆژیک و بنەمای تۆژنیەوە، پێویستی بە هێرمەناوتیک هەیە، کە پاشخان و بنەماکانی پشتڕاست بکاتەوە. و ڕۆشنایی بخاتە سەر شێوەی هاتنی وەحی. ئەوەش لە بواری لێکۆڵینەوەی مێژوویی ئەستەمە، لە بواری دینیش تەنیا یەک لە پێگاکانی باوەڕی کوێرانەیە. بۆیە دەبێ، وەک ئامرازی سەلماندن، لە لیستی بەسۆراخداچووندا وەدەربنرێ.[24]

---

[23] Neuwirth, Angelika (2016) Quranic studies and Historical – Critical Philologi
[24] Ibid.

## سێیەم: ڕێنمایی (هدی)

دەقەکانی قورئان بە گشتی ڕێنمایی و ئامۆژگارین، بۆ ئاراستەکردنی باوەڕداران، لە سنوورێکی جوگرافیای کۆمەلایەتی دیاریکراو (با وای دابنێین، دینی ئیسلام و دوورگەی عەرەبی). دەبێ لەگەڵ ئاستی ئەو ناوچە جوگرافیا کۆمەڵایەتییە گونجاوبن. و وەڵامدەرەوەی ئەرکی خودایی بن بۆ باوەڕداران و پەیرەوکردنیان.

هەر لەسەر ئەو بنچینەیە، دەقەکانی دەکرێنە سێ بەش:

بەشی یەکەم: گەڕانەوەیە بۆ پەرتووکەکانی پێشتر و هێنانەوەی چیرۆک و ئامۆژگاری لەسەر ژیان کردەوەی نەبیەکانی پێشتر، و ڕووداوە مێژووییەکانی تر.

بەشی دووەم: سوود وەرگرتن لە کەلەپوور و نەرێتە کۆنەکان و هاوسەردەم، لە ناوچەی دوورگەی عەرەبی پێش هاتنی ئیسلام و هاوتەریب لەگەڵ پەرەسەندنی.

بەشی سێیەم: بریتییە لە شێوەی ڕەوانبێژی، لە ڕێنمای، ئامۆژگاری و گەف و مەیدان خوازی. تا دەگاتە پەنابردنە بەر، زۆر لە شاعیرانی ئەدەبی جاهیلی، و کەلەپووری گەلێری ناوچەیی. و چەندێک لە شیعرەکانیان، بە مەبەستی لیتورگی وەربگرێ.

لەو خاڵەدا دەبێ ئەوەش بخەینەڕوو. لە ئامۆژگارییەکانی دینی ئیسلام. دە فەرمایشتەکانی خودا، کە لەتەورات بۆ موسا هاتوون، بە شێوەی جۆراوجۆر لەناو دەقەکانی قورئان دووبارە بوونەتەوە. ئەو دووبارە بوونەوەیەش دەقاودەق وەک تەورات نین. بەڵکوو ڕەنگدانەوەی

کولتووری ناوچەیی، بەگشتی لەگەڵ ڕەفتاری کۆمەڵگەی جوگرافی و کۆمەڵایەتی دینی گونجێنراون.[25] ( ئەو بابەتە لە بەرگی دووەم، بە درێژی باسکراوە).

ئەو سێ کوچکەیەی سەرەوە هەنگاو بە هەنگاو، لەگەڵ گۆڕانی ژینگەی نووسەری قورئان ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. و دەقەکانی قورئانیش نەیانتوانیوە جێگیر بن. و بە گۆڕانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و هاوسەنگی هێز ئایەتەکانیش شێوەیان گۆڕاوە. بەتایبەتی دوای کۆچ بۆ مەدینە. ئەو دیاردەیە بە ئاشکرا دەبینرێ. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی، هەر ئایەتێکی نوێ، بە ئایەتێکیتری کۆن نەسخ بکرێ. بەوەش قورئان پێگای خۆی وەک پەرتووکێکی هەمیشە باو، و بۆ گشت سەردەمێک بگونجێ، لەدەست داوە. و ناتوانێ وەڵامدەرەوەی پرسەکانی کۆمەڵایەتی و دینی سەردەمێکی تر یان ناوچەیەکی جوگرافیتربن [26]

[25] Ibid

[26] ئەوەش لە بنەڕەتدا لەگەڵ بانگهێژی قورئان ووتەی خودا، و لە لوح المحفوض پارێزراوە ناکۆکە.

# ووتەی بەرایی

هەرشتێک، دیاردەیەک یان ڕووداوێک، پاشخانێکی مێژووی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە. کە دەبێتە بەردی بناغە، بۆ بەدواداچوون و ساخکردنەوە دادەنێن. و هەر هەنگاوێکیش، لە پرۆسەی لێتۆژینەوە، بۆ ساخکردنەوەی دیاردە یان ڕووداوێک، دەبێ بە ووردی ڕەچاوی ژینگەی ئەو دیاردە و ڕووداوە بکرێ. بەبێ گەڕانەوە، بۆ ئەو پاشخانە و دۆزینەوەی سەرەداوی ڕایەڵەی دیاردە و ڕووداوەکان، ئەستەمە بتوانرێ وا بە ئاسانی لێی تێبگەی.

دینی ئیسلام و قورئانیش لەو هاوکێشەیە بەدەرنین. هەر چیرۆکێ یا ئایەتێ، لە قورئان، یا نەریتێکی دینی یان کۆمەلایەتی سەرچاوەیەکی هەیە. کە دەتوانێ پەردە لەسەر ڕاستی، و هۆکاری دیاردەکە هەڵماڵێ. و تێگەیشتنێکی بنەڕەتی، و دروست بداتە دەست. بۆیە دەبێ بۆ سەرچاوەکانی قورئان، لە وێوە دەست پێبکرێ.

دانیشتوانی میسۆپۆتامیا و شام و دوورگەی عەرەب، لە سەرەتادا هەموویان لەیەک نەتەوە و ڕەگەز نەبووین. نووسەرانی عەرەب بەگشتی عەرەب دەکەنە دوو بەش. عەرەبی ڕەسەن و بەعەرەبکراوەکان: ئەو عەرەبانەن، لە سەرەتادا لە نەتەوە و ووڵاتانی تر هاتوون، و بوونەتە عەرەب. حەمیریەکان و هەندێک بنەماڵەی تر ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەتیوپیا. و لە یەمەن دەوڵەتی حەمیریان دروستکرد و کاریگەرییەکی زۆری هونەر و نووسین و زمانیان لەسەر پەرەسەندنی ئەو ناوچەیە دانا.

بەپێی نەخش و نووسینە مێخیەکان دەبێ، داگیرکاری، و تێکەڵاوی ئەو نەتەوانە، هەر لە زووەوە، کاریگەرییەکی بە هێزیان، لە سەر کولتوور و کەلەپووری ناوچەکە دانابێ.

پاشانیشینی سۆمەری، ئەکەدی و بابلیەکان، کە دەستەڵاتیان بەسەر چەندین ناوچە و نەتەوەی میسۆپۆتامیا، تا دەگاتە شام دا هەبووە. لە هەمان کاتدا، میسریە کۆنەکانیش، دەستەلاتیان بەسەر نیمچە دوورگەی سینا و ناوچەکانیتر لە باکوور و ڕۆژئاوای ئیسرائیل و شام دا هەبوو. ئەو دوو دەستەڵادارییەی میسۆپۆتامیا و میسری، پێکەوە کاریگەرییەکی کەلەپووری شارستانیان، لەسەر ناوچەکانی ئەو گەل و نەتەوە جیاوازانە دا هەبوو.

نووسین و دۆزینەوەی شوێنەواری ئەو ناوچانە، بەڕاشکاوی، ئەوە دەسەلمێنن. ئەوەش هەر لە ناوی خوداکانی وەک سین (خودای مانگ)، عەشتار کە لەلایەن سۆمەریەکان، دواتریش لەلای گەلانی سامی بابل، ئاشووریەکان، و هەندێک ناوچەی عەرەبی دەپەرستران. [27]

بە چاوخشاندنێک بەناو پەرتووکەکانی بیۆگرافی - و مێژوویی ئیسلامی. کە باسی نەرێت و کەلەپووری عەربی، و هەندێ بنەماڵەکان دەکەن، بەتایبەتی باکوور و ڕۆژئاوا. دیمەنێک دەبینین کە بە تەواوی، لەگەڵ پەرتووکەکانی موسا دێنەوە. هەر ئەوەش ڕێگامان دەدا. کە باوەڕ بە وە بێنین، زۆربەی ئەو بنەماڵانە، دەچوونەوە سەر قەحتان، یان ئیسماعیل یان منداڵەکانی تری ئیبراهیم لە قەتوورە. هەرچەندە لێکدانەوە، لەسەر ئەو بنەچەکەیە ناتوانێ جێی باوەڕبێ. بە هەمان شێوە، قورەیشیەکانی بنەماڵەی محمد، کە خۆیان بە ڕەچەڵەکی ئیبراهیم، لە ڕێگای ئیسماعیلەوە دادەنێن. ئەگەر چی ئەو شتە لە ڕاستی بەدوورە. [28]

---

[27] Tisdall, W.St, Clair (1905) The Original Sources Of The Qur'an . Its Origin In Pagan Legends and Mythology Page 8 – 11

[28] العودات، حسين ( ١٩٩٢) العرب النصارى، عرض تاريخي . الأهالى للطباعة و النشر و التوزيـع، ص ٤٦

لەگەڵ ئەوەشدا پایەیەکی کۆمەڵایەتیان لەو ڕێگایەوە بۆ خۆیان وەدەست هێناوە. کە دینی ئیبراهیم دەژێیننەوە. و توانیویانە جیهانێکی گەورە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان. و بە درێژایی هەزاران ساڵ بەردەوام بن.

لە سەرەتادا لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و شام و ئیسرائیل، زۆر دین و باوەڕی جیاجا هەبووین. هەر یەک لەوانەش شوێنەواری خۆی لە سەر باوەڕ و کەلەپووری ناوچەکە بەجێ هێشتووە. فرەخودایی لە سەردەمە هەرە زووەکان، هەبوو. و دوورگەی عەرەبیشی گرتبووەوە. بەڵام زۆر دواتر لەگەڵ کۆچ و ڕەوی جولەکان[29] بەگشتی، و یەهوودیە نەساریەکان بەتایبەتی، بیری یەکتاپەرستی و باوەڕ بەیەک خودا بوون پەیدابوو. بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێ. لەبەر فرەباوەڕی و کەلەپووری سەربە مێژوو و جوگرافیای جیاجا. تێکەڵاوییەکی ئاڵۆز، هەر لە سەرەتاوە هاتۆتە ناو کولتوور و کەلەپووری ئەو ناوچەیە. لەوێشەوە خزاوەتە، ناو ڕێبازەکانی دین.

مێژووی یەکتاپەرستی و پاڕانەوە. و خۆ زەلیلکردن. لەگەڵ ئیسلام دەستی پێنەکردووە. بەڵکوو زۆر زووتر، لەناو ڕێباز و کۆڕی خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەری هەڵداوە و پەیڕەوکراوە.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەش، پەرتووکی ئەیوب[30] ئەوە دەسەلمێنێ، هەر لە سەردەمی زۆر زوو. پرسی یەکتاپەرستی و پاڕانەوە بۆ یەک تاکە پەروەردگار هەبووە. ئەو پرسە مێژوونووسی یۆنانی هێرۆدۆتوس[31]، ئاماژەی پێکردووە. و دەڵێ:

---

[29] کۆچ و ڕەوی جولەکان بۆ میسر و تێکەڵاوییان بە دینی ئاتون، سەرەتای پەیدابوونی یەکتاپەرستی، دینی جولەکەیە. ئەوە لە بەشی کاریگەری کولتووری میسری کۆن لەسەر قورئان، بە درێژی باسدەکرێ.

[30] پەیمانی کۆن - پەرتووکی ئەیوب ٣١: ٨ – ٢٦

[31] Herodotus, The History, (2013) Moscow, Bok III, kap. 8. Pp 178

لەناو خەڵکی ئەو سەردەمەدا، دوو خودایان دەپەرستن. یەک پیاو و ئەیتریان ژن بووە. ئەو دوو خودایەش ناویان باخوس و ئورانیە[32] بوو.

دوایی درێژەی پێدەدا. و دەڵێ:

ناویان بە زمانی بابلی (ئەڵاهو) بووە. خودا ژنەکەش ناوی (أللاه) بووە.

بە دڵنیاییەوە، خودا ژنەکە، دەبێ (أللات) بووبێ، کە لە قورئانیش ناوی هاتووە. دواتر لەیەک دراون. و بۆتە الله. ئەو ناوەش لە گشت زمانە سامییەکان هەمان ناوە، بەڵام بە شێوەی جیاواز دەدرکێندرێ.

هەرچەندە هێرۆدۆتوس ناوەکانمان بە لێکدراوی ناداتێ. بەڵام بە ڕەچاوکردنێکی لۆژیکانە، بۆمان دەردەکەوێ. کە پەرەسەندن لە فرەخوداییەوە، بۆ یەک خودا، وەک پرۆسەیەکی مێژوویی، لە دینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە. و ناوچەکانی حیجاز و مەککەشی گرتۆتەوە.

نە لە سەردەمی محمد، و نە لە شیعری هەرە کۆنی عەرەبی، باسی ئەو شتە ناکەن. کە خودا تاک و تەنیابێ. بە ڵکوو خودای بچووک هەبووین. کە لە لایەن بنەماڵە جیاجیاکان دەپەرستران. وەک ڕێگا بۆ گەیشتنە خودای گەورە و دوورەدەست. ئەوانەش ژمارەیان زۆربوون. ئەو خودایانەش تا سەردەمی محمد، هەر دەنگۆی بوونیان هەبووە. بە تایبەتی

[32] Bacchus and Urania

لات و عز و مەنات، لە قورئانیش ناویان هاتووە. و عەرەب وایان دەزانی ئەوانە کچی خودان.

شتێکی تر جێگای سەرنجە کە تەنانەت لەلای ئیسلامیش بەکار دێ. هەردوو ووشەی الله أکبر، و الله تعالا. واتە خودای گەورەتر، یان خودای مەزنتر. ئەوەش ئاماژەیە، کە خودای بچووکتر هەبووین و پەرستراون.

سەرەرای ئەوە شیعری جاهیلی کە نزیکەی دوو سەد ساڵ پێش سەرهەڵدانی ئیسلام پەیدابووە، زۆربەی هەرە زۆریان باسی یەکتاپەرستی دەکەن. و سەر بەر ڕێبازی دینی جیاجیا بووین، کە لەو دەمەدا لە دوورگەی عەرەبی، و ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و شام و ئیسرائیل هەبووین.

گشت ئەوانە بۆمان دەسەلمێنن، کە محمد ووشەی اللهی نەدۆزیوەتەوە، بەڵکوو خەڵکی ئەو ناوچەیە، زۆر زووتر بەکاریان هێناوە. باوکی محمد خۆی، کە پێش لەدایکبوونی کوڕەکەی مرد. ناوی عبدالله بوو (بەندەی خودا). تەنانەت کەعبە، لە مەککە بە ناوی (بیت الله) ماڵی خودا ناسراوە.

بەبێ تێکەڵاوبوونی هێزی داگیرکەری عەرەب، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەگەر تێکەڵی نەرێت و کولتووری یەهودی نەبوایە، شتێک بەناوی شارستانی ئیسلام بوونی نەدەبوو. بە هەمان شێوە هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر کەلەپووری چاخە کۆنەکانی میسۆپۆتامیا و شام، بەشێک بوو لەو نرخەی کە دەبوایە بیدا. بە تێکەڵاوبوونی هێزی داگیرکەر و باڵادەست، لەگەڵ نەرێت و کەلەپووری هەزاران ساڵەی جولەکە. هەڵومەجێکی هێنایە پێش کە لە مێژووی بڵاوبوونەوەی دینەکانیتر مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەیدیبوو.

لەلایەکەوە قوناخێک کولتوورێکی مەزنی نەتەوەکانی میسۆپۆتامیا و شام. و لەلایەکیتر کوشتن، تاڵان و سەبایا. بە واتایەکیتر چەتە و ڕێگری لە کردەوە، و شانازی بە کولتوورێکی پەرەسەندووی نەتەوەکانیتر. کە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ ئەو ناکۆکییە هەر بەردەوامە. و ڕاڤەکار - و مێژوونووسانی موسوڵمان لە بەردەم ئەو ناکۆکییە دۆش داماون.

قۆناخی سەرەتایی، چوونە ناو ئەو تێکەڵاوییەی، نەرێتی یەهودی و نەتەوەکانیتر، وەک شتێکی لاوەکی بوو، لە دواییدا هەنگاو بە هەنگاو بووە چەقی دینی نوێ. و شمشێریش لە کاری خۆی، بۆ خوێنڕشتن و داگیرکاری هەر بەردەوام بوو. [33]

بوونی کەلەپوورێکی تێکەڵاوی ئاڵۆز و ناکۆک، ڕەنگدانەوەی لەسەر دروستبوونی کولتووری سەرەتای ئیسلام، و چۆنیەتی دروستبوونی کەراکتەری موسوڵمانانی بەرایی دروستکرد. بە مانایەکیتر نەبی محمد و یاوەرانی، وەک سەرکردە و پێشڕەوی ئەو کولتوور و کەلەپوورە نوێیە. کە هەنگاو بە هەنگاو لەناو ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازی ئیسلام جێگیر دەبێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێ، ئەو کەلەپوورە پڕ ناکۆکییە، و بە درۆی هۆنراوە بکرێتە بنەما بۆ ماوەیەکی دووری مێژوویی.

ناکۆکی نیوان نووسەر و ئەوەی بۆی نووسراوە (باوەڕداران). لە ناو کەلەپووری ئیسلام بە درۆ و چیرۆکی پێشوەخت دروستکراو، بۆ مەبەستی سیاسی یان کۆمەڵایەتی دیارکراو بنیات نراوە. بۆیە تۆژینەوەی هاوچەرخ ناتوانێ متمانەی پێبکا. هەر ئەوەشە وادەکا بۆ بەدواداچوون و قووڵبوونەوە لە هەر کێشەیەک تاکە سەرچاوە، دەربارەی ئیسلام و

[33] Patricia Crone ،Michael Cook (1977) Hagarism .The making of the Islamic world. Cambridge University Press. Pp 130

ڕووداوەکان، ئایەتەکانی قورئانن، هەرچەندە ئەو ئایەتانەش دەبێ لەگەڵ مێژوو، دینەکانیتر بەراوردبکرێن تا بتوانرێ، جێگای متمانەبن..[34]

ئەگەر بمانەوێ باشتر لە پرۆسەی دروستکردنی دینە نوێکەی محمد تێبگەین، پێویستە لەگەڵ ئەو سەرچاوانە ئاشنابین، کە لەبەر دەستیدابوون. هەرچەند شارەزاییمان زیاتربێ، دەرفەتی باشترمان دەداتێ بۆ قووڵبوونەوە. و شرۆڤەکردنی بنەڕەتی ئیسلام وەک دین و قورئانیش وەک پەیامی پیرۆزی.

سەرچاوەکانی جولەکە و کریستیانی، بە پلەی یەکەم و کاریگەرترین سەرچاوانە دێن، کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕەستۆخۆیان لەسەر دەقەکانی قورئان و کولتووری ئیسلام هەبووە. لە دوای ئەو سەرچاوانەش، کەلەپووری کۆنی دوورگەی عەرەبی دێ، کە مۆرکی بەهێزی لەسەر گشت جۆمگەکانی کاروباری ڕۆژانە، و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان داناوە. کە ناکرێ بە ئاسانی چاوپۆشی لێبکرێ.

بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی ئەو سەرچاوانە دەرچووین، ئەو کاتە کارەکە سەختتر دەبێ. لەبەر ئەوەی محمد بازرگان بووە. و لە زۆر شوێنەکانی شام و دوورگەی عەرەبی تا دەگاتە یەمەن گەڕاوە. زانیاری باشی لەسەر کەلەپووری دینەکانی یەکتاپەرستی پەیداکردووە. هەروەها لەسەر ئاستی ناوچەییش، لە حیجاز بەتایبەتی مەککە، پەیوەندی زۆر نزیکی لەگەڵ گرووپ و کەسایەتیەکانی یەکتاپەرست هەبووە. کە بە جۆرێکی ڕاستەوخۆ هەستی پێدەکرێ. [35]

[34] نبیل فیاض (٢٠١٨) مقدمة كتاب مصحف علي
[35] Michael Cook (1940) Mohammed the prophet of Islam. Pp 109

بەڵام کێشەکە لەوە دروست دەبێ، کاتێ کە ناتوانرێ لە نێوان چەند سەرچاوەی جیاواز، سنووربەندییەک بکرێ.

بۆ نموونە توێژەر خۆزگە دەخوازێ، کام ڕێبازی جولەکە، کە لە ڕۆژئاوای دوورگەی عەرەبی لە پێش ئیسلام هەبووین و کاریگەرییان لەسەر محمد و دینەکەی هەبووە؟

هەر ئەوەش وادەکا، هەولی بەراوردێک، لە نێوان ئیسلام و ڕێبازە باوەکانی، ئەو سەردەمی جولەکە و کریستیانی دا بکرێ! بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێ، بزانێ کام شێوەی زانیاری، لەکام ڕێباز وەرگرتووە.

بۆ نموونە پەیمانی کۆن، کە تەوراتیش دەگرێتەوە، سەرچاوەی یەکەمی دینی جولوکەیە، سێ پەرتووکمان هەن. هەر یەک لەو پەرتووکانە مێژووێکی سەربەخۆی هەیە. و لە هەمان کاتدا هەم لە ژمارەی دەقەکان و هەم جیاوزی کەم یان زۆری ناوەرۆکیان هەیە.

ئەو سێ پەرتووکەش بەم شێوەیەن:
یەکەم دەقی عیبری: ئەو پەرتووکە لەلایەن جولەکەی بەنی ئیسڕائیل، و زانایانی پرۆتستانت پەسەندە. و بریتییە لە ٣٩ پەرتووک.
دووەم دەقی یۆنانی حەفتایی (Septuaginta): ئەو دەقە لەسەر متمانەی پێشڕەوانی سەرەتای دین، تا سەدەی پانزەم باوبوو. و باوەڕیان وابوو. کە دەقی عیبری دەستکاری کراوە. و دەقی یۆنانی ڕەسەنە. دواتر کارەکە پێچەوانە بووەوە. دەرکەوت دەقی حەفتایی دەستکاری کراوە. ئەو دەقەی یۆنانی حەفتایی بە ئەپۆکریف دادەنرێ. و ٤٤ پەرتووکە.

سێیەم دەقی سامەری: ئەو پەرتووکەش لەلای ئیسرائیلیە سامەریەکان پەیڕەو دەکرێ. تەنیا پێنج پەرتووکی ناو تەورات، لەگەڵ پەرتووکی یەشوع دەگرێتەوە. سامەریەکان بێجگە لەو شەش پەرتووکە باوەڕیان بە هیچ لەو ٣٩ پەرتووکەی تر نییە.

جیاوازی لە نێوان دەقە جیاوازەکان:

جیاوازی لە نێوان ئەو سێ پەرتووکە زۆرن بەڵام لێرەدا تەنیا ئاماژە بە دوو جیاوازی دەکرێ:

١ سەردەمی ئەفراندن تا لافاوی نوح بە پێی تەوراتی عیبری ١٦٥٦ ساڵە. کەچی بەپێی دەقی یۆنانی (حەفتایی) ٢٢٦٢ ساڵە. بە پێی تەوراتی سامەری ١٣٠٧ ساڵە.

٢ لە پەرتووکی دواووتار ٤: ٢٧ لە دەقی عیبری: لە ڕووباری ئوردن بۆی دەپەڕنەوە، هەتا دەستی بەسەر دابگرن.

هەمان بڕگە لە دەقی یۆنانی: لە ڕووباری ئوردن دەپەڕنەوە. لەناو ئەو بەردانە دەمێننەوە، تا ئەو ڕۆژەی من فەرمانتان پێدەدەم. لە چیای عیبال.

لە دەقی سامەری: لە جیاتی چیای عیبال، نووسراوە چیای گەزریم (هەردوو چیای عیبال و گەزریم بەرامبەر یەکن.)[36]

بە گەڕانەوە بۆ دەقەکانی ناو قورئان و بەراوردکردنی بە پەرتووکە پیرۆزەکان و کەلەپووری میللی، کارێکی زۆر و ماندووبوونێکی لە ڕادەبەدەری دەوێ، بەڵام دەتوانرێ، هەر ڕووداوێک یان دیاردەیەکی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی بدۆزرێتەوە.

---

[36] شحاتة، سمير سامي (٢٠٠٤) إختلافات في الكتاب المقدس

خۆشبەختانە کەلەپووری فراوانی ئەو دینانە، لەبەر دەست دان. و  بە ئاسانی دەتوانرێ سەرچاوەکان بدۆزرێنەوە، و دوای هەڵاواردن و بەراوردکردن، دەرئەنجامی ڕاییکەر دەدەنەدەست. بەڵام لەوە سەختتر ئەوەیە چۆن ئەو زانیاریانە گەیشتوونەتە نووسەری قورئان. و لە ڕێگای کێ پێی گەیشتوون. [37]

کە توێژەر نەتوانێ ڕێگا دوورەکە بگریتەبەر.  دەبێ لەو هەڵومەرجەدا، ڕێگایەکی کورتتر هەڵبژێرێ، لەو کاتەش قورئان خۆی دەبێتە تاکە کلیل، بۆ ئەو بەراوردکردن. و یەکلاکردنەوەی سەرچاوەکان. جا ئەو سەرچاوانە، چ پەرتووکی پیرۆزبن یان کەلەپووری دینەکانیتر یان پەرتووکی ڕاڤەکاران بن. یانیش پەرتووکی مێژوویی دەرەوی ئیسلام.

کێشەی دووم لەگەڵ قورئان خۆی دایە. بۆ ساخکردنەوە هەندێک ئاڵۆزی هەیە. کە دەبێ ڕەچاوبکرێن:

١ ڕەنگە هیچ شوێنەواریتر نەدۆزینەوە. کە لە شێوەی ناوەرۆکی قورئان بن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نووسەری قورئان هەمیشە لە ڕێگای لیتورگی یان ڕاڤە و تەرگوم (Targum)[38] زانیاری دینەکانی پێشتری وەرگرتووە. ئەوەش ڕێگای ساخکردنەوە، دوورتر دەکا. تا لەناو خەرمانی ئەو کەلەپوورە گەورە، و بێکۆتایی ئەدەبی دینی جولەکە و کریستیانی، ئەو دەقانە بدۆزرێنەوە.

٢ زۆر لە دەقەکانی قورئان، سەرەڕای لێکچوونیان بەڵام جیاوازیی لەگەڵ سەرچاوەکان هەیە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، نووسەری قورئان زانیارییەکانی لە کەلەپووری

---

[37] Michael Cook (1940) Mohammed the prophet of Islam. Pp 109-110

[38] تەگوم (Targum): واتە ڕوونکردنەوەی ئازد بە شێوەی سەرەڕۆیی.

گەلێری، بە شێوەی دەماو دەم وەرگرتووە. و خۆی بە شێوەی دەربڕینی کۆڕ، یان لە مزگەوت گێڕاونیەتەوە.

٣ ئەو شێوە بەراوردانەش دەمان گەیێننە کۆمەڵێک ئاراستەی تێکەڵاوی ئاڵۆز. کە ناتوانرێ بە نموونەی سادە دیاربکرێن. بەڵکوو پێویستی بە ڕوونکردنەوەی قووڵتر لەسەر مێتود و شێوەی وەرگرتنی هەیە[39] .

لە خوارەوە، هەوڵدەدرێ چەند نموونەیەک، وەک بەراورد لە نێوان ئایەتەکانی قورئان و سەرچاوەکانی یەهودی نەسارێ بخرێنە ڕوو. ئەوەش بە ڕەچاوکردنی ئەو دەقانە، کە نابێ وەک وەرگێڕانی هاوچەرخ سەیربکرێن. بوڵکوو وەرگرتنی ناوەرۆکی پەیامی دەقەکەیە. و بە زمانێکی تر گێڕدراوەتەوە. [40]

جێگای خۆیەتی باسێکی دەقەکانی، پەرتووکی سەردەمەکۆنەکان بکەین. کە بە شێوەی (تەرگوم) لە عیبریەوە، گواستراونەتەوە سەر زمانێکیتر. لە دەقە تەرگومەکان دەبینین، چۆن وەرگێڕ ئازادانە، و بە شێوەی زێدەڕۆیی لە دەربڕین و گێڕانەوەکاندا، بە ئارەزووی خۆی ناوەرۆک و چمکی نوێ دەخاتە ناو دەقەکان. تەنانەت بە ئارەزووی خۆی ناوەرۆکی دەقەکان دەگۆڕێ. بۆ نموونە لە قورئان سورەتی النمل ٢٧: ١٧ – ٤٥ بریتیە لە تەرگومی دووەمی پەرتووکی (ئەستیر) لە پەیمانی کۆن. ئەوەش کاتی بۆ جاری دووەم پەرتووکی ئەستیر لە عیبرییەوە بە شێوەی تەرگوم، کرایە ئارامی.[41] وەرگێر بە ئارەزووی خۆی ناوەرۆکێکی نوێی

[39] Ibid. Pp. 110
[40] Schühlein, Franz (1912). Targum. New York: Robert Appleton Company
[41] النعماني، شاكر فضل الله. نقد الكتابی للقرآن. ص ٢٣

دایە. بە بەراوردێک لەگەڵ دەقی عیبری پەرتووکی ئەستیر، و تەرگومی دووەم بۆ ئارامی زۆر لەیەک دوورن ناوەرۆکەکەیان زۆر جیاوازن.

بۆیە لەو پەڕی گرنگی دایە، کە دەقەکانی قورئان تا دەکرێ لەگەڵ دەقی پەرتووکەکانی تری دینی بەراوردبکرێن. ئەوسا دەردەکەوێ تا چ ئاستیک قورئان پەرتووکێکی ڕەسەنە.

سەرەڕای ئەوە لە بوارەکانی کولتوور و کەلەپووری ناوچەش بە دەیان ئایەت و دیمەنی سرووشت دەبینینەوە. هەر لە شیعری پێش ئیسلام (أدب الجاهلي) تا دەگاتە نەرێت و یاسا خێلەکیەکانی ناوچەکانی دوورگەی عەرەب.

هەرچەندە ئەگەر، توێژەر بەدوای سەرچاوەی هەر ئایەتێک یان چیڕۆکێکی قورئان دا، شۆڕبیتەوە ناو قووڵایی مێژووی چەند هەزار ساڵە، ئەوا چەندین پەرتووکی پێویستە. بەڵام لێردا هەوڵ دەدرێ، چەندین نموونە لەو چیرۆک و بەسەرهاتە مێژووییانەی چ لە پەرتووکی دینەکانیتر، یان ئەفسانەکانی میسۆپۆتامیا و یۆنان و شام و میسر، تا دەگاتە ئەدەب و کولتووری ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی ئیسلام بخرێنەڕوو.

# ئیسلام و قورئان

لە ڕێگای بەدوادچوونێکی وورد، دەردەکەوێ کە بنەڕەتی دروستبوون و ناوەرۆکی ئیسلام و قورئان، بە تواندنەوەی کەلەپووری نەتەوە و دینەکانی تر پڕکراونەتەوە. محەمەد وەک دامەزرێنەری ئەو دینە، بیرمەندێکی ڕەسەن نەبووە، و هیچ بنەمایەکی ڕەوشتی و کولتووری کۆمەڵایەتی نوێی دانەڕشتووە. بەڵکو ئەو تەنیا لە ژینگەی کولتووری باوی هاوسەردەمی خۆی قەرزی کردوون. و چمکەکانی پێشووتری، لەبارەی پەیوەندی مرۆڤ و خودا و دوارۆژ دووبارەدەکردنەوە. بە هیچ شێوەیەک مێژووی مرۆڤایەتی، بە بیرو باوەڕێکی نوێ و کاریگەر دەوڵەمەند نەکردووە.

محمد خۆی باش دەیزانی، کە ئیسلام دینێکی نوێ نییە. بەڵکوو ئەو پەیامانەی لە قورئاندا، بریتین لە دووبارە کردنەوەی پەرتووکە پیرۆزەکانی دینەکانی پێشترن. و زۆر بە ڕوونی پشتڕاستیکردوونەتەوە. بەگشتی پەیامی پەیامبەری عەرەب پێکهاتەیەکی تێکەڵاو بوو، لە بیرۆکە و ڕێسای شارستانەیە کۆنەکانی سۆمەری و بابلی و یۆنانی و میسری و ڕۆمانی، هەروەها دینە گەورەکانی وەک جولەکە، کریستیانی و زەردەشتی. بەو مانایەش بیرۆکەکانی تەنیا دەگواستنەوە. ئەوەش لە چەندین شوێن لە ناو دەقەکانی قورئان، خۆی دانی پێداناوە.[42]

---

[42] -Goldziher, Ignaz. Muslim Studies. vol II. Translated by C. R. Barber and S. M. Stern. London, 1967-71. Pp 4-5.
-Ibn Warraq (1995) Why I am not a Muslim. Published 1995 by Prometheus Books, Amherst, NewYork. P 34

# دووباره بوونەوە لە ناو دەقەکانی قورئان

بێجگە لەوەی بەشی هەرە زۆری دەقەکانی قورئان لە شارستانی کۆن و کەلەپووری دین و نەتەوەکانی پێشتر وەرگیراون. سەرەڕای ئەوە شتێکی تری سەرسوڕهێن لەناو دەقەکانی بەدیدەکرێ. ئەویش دووبارە کردنەوەی ناو، چمک و دەستەواژە، بە ئەندازەیەک کە ئاستی بەهای ڕەوانبێژی و پیرۆزی دەخاتە ژێر پرسیار.

جا بەر لەوەی دەست بە لێکدانەوەی ناوەرۆکی قورئان، کەلەپووری ئیسلام و بەراوردی لەگەڵ سەرچاوەکانی پێشتر بکرێ، دەبێ کێشەی دووبارە بوونەوەی ناو و دەستەواژە و چمک تاوتوێ بکرێن.

پەیامە بنەڕەتیەکانی قورئان، بەسەدان جار دووبارە بوونەتەوە. بەر لە هەموو شتێ، تۆقاندن لە ڕۆژی پەسڵان، دژایەتی کافر و بوتپەرستان، خودای تاک و تەنیا، و پاداشتی باوەڕداران بە (حور العين) و هتد. ئەوەندە دووبارەبوونەتەوە، ئەستەمە لاپەڕەیەکی قورئان هەڵدەیتەوە، ئەو بابەتانە دووبارە نەبووبنەوە. بۆیە دەتوانرێ قورئان ئەو پەرتووکەبێ، کە بە درێژایی مێژوو، زۆرترین دووبارەی تێدابێ. ئەگەر تەنیا سوورەتی البقرة بخوێنیتەوە. پێویستی خوێندنەوەی، هیچ لەو ١١٣ سوورەتەکەی تر نیە. چونکە ئەو پەیامەی قورئان دەیەوێ بیگەیێنێ. بە دڵنیاییەوە، لەو سوورەتەدا بە زیادەوە باسکراوە.

لەلایەکی تر قورئان پەرتووکێکی کەم ناوەرۆک و ڕووکەشە، زیاتر سەبارەت بە بابەتی ڕۆژانە، و زمانی خەڵکی مەککە، و ئاماژەکان بۆ ژینگەی دوورگەی عەرەبین، بەبێ گونجاندنی لۆژیک.
بۆ نموونە کاتی لە محمدیان پرسی، بۆ مانگ شێوەی جۆراوجۆری هەیە؟
بۆ وەڵام لە قورئان دەڵێ، بۆ ئەوەی ئێوە ژمارەی ساڵان و بیانژمێرن.

سورة يس ٣٦: ٣٧ – ٤٠

وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيۡلُ نَسۡلَخُ مِنۡهُ ٱلنَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظۡلِمُونَ (٣٧) وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ (٣٨) وَٱلۡقَمَرَ قَدَّرۡنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَٱلۡعُرۡجُونِ ٱلۡقَدِيمِ (٣٩) لَا ٱلشَّمۡسُ يَنۢبَغِي لَهَآ أَن تُدۡرِكَ ٱلۡقَمَرَ وَلَا ٱلَّيۡلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِۚ وَكُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ (٤٠)

بۆ ئەوانە شەویش، یەک لە نیشانانە، ئێمە ڕۆژی لێ دادەڕنین. و لە ناکاو تاریکیان بەسەر دادێ (٣٧) خۆریش بە بەرە و بنەی خۆی، لە گەڕاندایە. کە لە خاوەن دەستی زانایەوە، ئەو فەرمانەی پێی دراوە (٣٨) مانگیش ئێمە بۆمان دانا بە چەند قۆناخ تێپەڕێ. تا وای لێدێ، وەک پەلی کەونی ووشکەنی داری خورما دێتە بەرچاو (٣٩)

نموونەیەکیتر سەبارەت بە کەشتی چارۆکەدار، کە لە سەردەمی محمد باو بووە. لە قورئان بەو شێوەیە باسی دەکا:

سورة يونس ١٠: ٢٢

هُوَ ٱلَّذِي يُسَيِّرُكُمۡ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمۡ فِي ٱلۡفُلۡكِ وَجَرَيۡنَ بِهِم بِرِيحٖ طَيِّبَةٖ وَفَرِحُواْ بِهَا جَآءَتۡهَا رِيحٌ عَاصِفٞ وَجَآءَهُمُ ٱلۡمَوۡجُ مِن كُلِّ مَكَانٖ وَظَنُّوٓاْ

أَنَّهُمۡ أُحِيطَ بِهِمۡ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنۡ أَنجَيۡتَنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ (٢٢)

هەرخۆیەتی لەسەر ووشکایی و لەناو دەریا دەتانگێڕێ. ئەو کاتەی لە کەشتی دان، و بە شنەبای نەرم دەڕۆن، پێی دڵخۆشن. تا بای توند هەڵدەکا. و لە گشت لاوە، شەپۆلتان بۆ دێ. و باش دەزانن کە لە گشت لایەکەوە گەمارۆدراون. لە خودا دەپاڕێنەوە. و (دەڵێن) گەر تۆ لەمە ڕزگارمان کەی، لە سوپاسگوزاران دەبین (٢٢)

بە ووردبوونەوە لەو دوو ئایەتەی سەرەوە، بە ڕوونی ئاستی ڕووکەشی، زمان و بیرکردنەوەی، سادە و ڕۆژانەی قورئانمان بۆ دەردەکەوێ. لەبەر ئەوەی هەر دوو بابەتەکە بە هەزاران ساڵ پێشتر، مرۆڤ زۆر قووڵتر، و ووردتر زانیوونی و بەکاری هێناون و پەرەشی پێداون.

لەلایەکیتر بەشێکی زۆری ئایەتەکانی قورئان، وەڵامن بۆ ڕووداوی ڕۆژانەی ژینگەی کۆمەڵایەتی مەککە و مەدینە. بۆ نموونە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی یان کارەساتێکی سرووشتی ڕوویدابێ، دوای ئەوە محمد ئایەتێکی سەبارەت بەو ڕووداوە دەهێنا، کە زۆرجار، بە درێژایی مێژوو دەبووە کارەسات بۆ باوەڕداران. بۆ نموونە مارەبەجاش، کە تائێستاش، بۆ باوەڕداران کارەساتە. تا دەگاتە ئەوەی زۆر ئایەت ڕوونکردنەوەن بۆ ژیانی محمد و دەوروبەری، نموونەی ئەو ئایەتانەش، سەبارەت بە ئیفک و هاوسەرگیری لەگەڵ زەینەب.

سورة النور ٢٤: ١١ – ٢٦

إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلۡإِفۡكِ عُصۡبَةٞ مِّنكُمۡۚ لَا تَحۡسَبُوهُ شَرّٗا لَّكُمۖ بَلۡ هُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُم مَّا ٱكۡتَسَبَ مِنَ ٱلۡإِثۡمِۚ وَٱلَّذِي تَوَلَّىٰ كِبۡرَهُۥ مِنۡهُمۡ لَهُۥ عَذَابٌ عَظِيمٞ (١١) لَّوۡلَآ إِذۡ سَمِعۡتُمُوهُ ظَنَّ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمۡ خَيۡرٗا

وَقَالُواْ هَٰذَآ إِفۡكٞ مُّبِينٞ (١٢) لَّوۡلَا جَآءُو عَلَيۡهِ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَۚ فَإِذۡ لَمۡ يَأۡتُواْ بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُوْلَٰٓئِكَ عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ (١٣) وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ لَمَسَّكُمۡ فِي مَآ أَفَضۡتُمۡ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (١٤)

ئەوانەی ئەو بوختانەیان هەڵبەستووە، دەستەیەکبوون هەر لە خۆتان. پێتان وانەبێ، بۆ ئێوە خراپ دەبێ، بەڵکوو قازانجە بۆ ئێوە، و هەرکەسیش لەوان چەند لەو تاوانە بەشدارە، تاوانی لەسەر نووسراوە. ئەو کەسەش بەشی زۆری ئەو گوناهەی وە ئەستۆگرت. جەزرەبەی دژواری هەیە (١١) ژن و پیاوی خاوەن باوەڕ، بۆچی هەرجارەی ئەو دەنگۆیەی بەرگوێ کەوت، بە چاکیان لێک نەدایەوە. و بەخۆیان نەگوت، کە ئاشکرایە ئەوە درۆی هەڵبەستراوە (١٢) ئەدی بۆچی چوار شایەتیان بۆ نەهێنا؟ کە هەر شایەتیان نەهێنان، ئەوانە لەلای خودا درۆزنن (١٣) ئەگەر خودا بەزەیی پێتاندا نەهاتبا، و چاکەی بەرامبەر نەکردبان. ئێوە لە دونیا و قیامەت لەسەر ئەو درۆیەی دروستتان کرد، سوڕ بزانن، ئازارێکی گەورەتان تووش دەبێ (١٤)

نموونەی دووەم چیرۆکی زەینەبە:

سورة الأحزاب ٣٣: ٣٧

وَإِذۡ تَقُولُ لِلَّذِيٓ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَأَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِ أَمۡسِكۡ عَلَيۡكَ زَوۡجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخۡفِي فِي نَفۡسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبۡدِيهِ وَتَخۡشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَىٰهُۖ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيۡدٞ مِّنۡهَا وَطَرٗا زَوَّجۡنَٰكَهَا لِكَيۡ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ حَرَجٞ فِيٓ أَزۡوَٰجِ أَدۡعِيَآئِهِمۡ إِذَا قَضَوۡاْ مِنۡهُنَّ وَطَرٗاۚ وَكَانَ أَمۡرُ ٱللَّهِ مَفۡعُولٗا (٣٧)

ئەوسا ئەوی خودا چاکەی لەگەڵ کرد، و تۆش چاکەت لەگەڵ کردووە. تۆ پێت ئەوت، دەست لە ژنی خۆت بەرمەدە. و دەبێ لە خودا بترسی. شتێکیشت لە دڵی خۆت دەشاردەوە، کە خودا ئاشکرای هەر دەکرد. هەر

له مەردمیش دەترسای. کەچی باستربوو، له خودا بترسی. جا کاتی زەید له هاوجووتەکەی خۆی بە ئارەزووگەیشت. ئەومان کردە هاوجووتی تۆ. هەتا باوەڕداران له خواستنی ژنی زڕکوڕانی خۆیان، له دوای ئەوەی تەڵاقیان دان، لۆمە نەکرێن. هەر فەرمانێک خودا بیدا، دەبێ پێک بێ (۳۷)

## دووبارە بوونەوەی ناو

- ناوی الله ۲٦٥۹ جار، و الهم ٥ جار دووبارە بۆتەوە.

ناوی رب بە شێوە جیاوزەیەکانی رب، ربک، ربا، ربنا، ربکم و هتد ۹٥٦ جار دووبارە بۆتەوە.

ناوی خالق بە گشت شێوەکانی گەرداندنی ۲٥٦ جار دوبارە بۆتەوە.

ئەگەر هەموویان کۆبکەینەوە دەکاتە ۳۸۷۱ جار. ئەوە بێجگە لەوەی، له زۆر جێگا بە ناڕاستەوخۆ ناوی هاتووە.

- ناوی ئادەم ۲٥ جار هاتووە.

- ناوی نوح ٤۳ جار هاتووە.

- ناوی ئیبراهیم ۱۳٤ جار هاتووە.

ناوی لوط ۲۷ جار هاتووە.

ناوی ئیسماعیل ۱۲ جار هاتووە.

- ناوی موسا ۱۳٦ جار هاتووە.

چیرۆکی موسا بە شێوەی کورت و درێژ ۳٤ جار دووبارە بۆتەوە.

- چمکی (جنات تجري من تحتها الأنهار) ٤۰ جار دووبارە بۆتەوە.

- چمکی ( وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا) ۹ جار دووباره بۆتەوە. هەمان چمک بە گۆڕانێکی کەم ۱۳ جاریتر دووباره بۆتەوە.

## دووبارەبوونەوەی چمک

- چمکی( وَ يَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ ما لا يَضُرُّهُمْ وَ لا يَنْفَعُهُمْ )  جگە لە خودا شتێکیتر دەپەرستن، کە قازانج و زیانیان پێناگا. ۱۰ جار دووبارەبۆتەوە.
- چمکی (اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ) واته خودا ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروستکردووە. ۷ جار دووبارە بۆتەوە. [43]

دووباره بوونەوەی ئایەت

یان هەمان ئایەت، لە سووڕەتی جیاجیا، ڕاستەوخۆ بێگۆڕان یان بەکەمێ جیاوازی، دووبارە بۆتەوە. بۆ نموونە:

سورة لقمان ۳۱: ۲۹

أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى وَأَنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ (۲۹)

چما نابینی، کە خودا شەو دەڕۆژ هەڵدەکێشێ، و ڕۆژیش لە شەو هەڵدەکێشێ.خۆرو مانگیشی دەستەمۆکردوون. هەر یەکیان لە ماوەیەکی دیاریکراو دەڕۆن (۲۹)

---

[43] محمد فؤاد  عبدالباقي (۱۹۲۸) المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم، الطبعة السابعة، القاهرة، مطبعة دار الكتب المصرية.

سورة الفاطر ٣٥: ١٣

يُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمّٗىۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ (١٣)

شەو دە ڕۆژ هەڵدەکێشێ، و ڕۆژیش دە شەو هەڵدەکێشێ. خۆر و مانگی داستەمۆکردوون. هەرکامیان تا کاتی دیاریکراو دەڕۆن (١٣)

سورة الزمر ٣٩: ٥

خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ بِٱلۡحَقِّۖ يُكَوِّرُ ٱلَّيۡلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيۡلِۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلّٞ يَجۡرِي لِأَجَلٖ مُّسَمًّىۗ أَلَا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفَّٰرُ(٥)

ئاسمان و زەمینی بەڕاستی دروستکردوون. و شەوی دەڕۆژ دەپێچێ. ڕۆژیش دەشەو. خۆر و مانگیشی دەستەمۆکردوون، هەر کامیان تا کاتی دیریکراو دێن و دەڕۆن (٥)

سورة الرحمن ٥٥: ٥ – ٧

ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ بِحُسۡبَانٖ (٥) وَٱلنَّجۡمُ وَٱلشَّجَرُ يَسۡجُدَانِ (٦) وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ (٧) أَلَّا تَطۡغَوۡاْ فِي ٱلۡمِيزَانِ (٨)

خۆر و مانگ بە ئەندازە دێن و دەچن (٥) و ئەستێرە و درەخت کڕنۆش دەبەن (٦) ئاسمانی بەرزکردەوە. و تەرازووی دامەزران (٧) کە لە ئەندازە دەرنەچن (٨)

له گشت ئەو دووبارە بوونەوانە سەیرتر، سورەتی الرحمن کە لە کۆی ٧٨ ئایەت ٣١ جار ئایەتی (فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ) دووبارەبۆتەوە.

سورة الرحمن ٥٥

فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ.

دەسا ئێوە لەکامە چاکەی پەروەردگارتان نکۆڵی دەکەن.

واتە لە کۆی ٧٨ ئایەت، تەنیا ٤٦ ئایەت دەمێنێتەوە. ئەگەر ئەو دووبارە بوونەوەیە، لە هەر پەرتووکێکی ئێستا دابوایە. شایەنی خوێندنەوەش نەدەبوو. کەچی ڕاڤەکارانی دین، وەک پیشەی هەمیشەییان، بە پینە و پەڕۆ دەیانەوێ وەک پەرجوو (معجزة) بە خەڵکی بفرۆشنەوە.

ئەگەر سەرجەمی دووبارە و سێبارەی چمک و دەستەواژەکانی ناو قورئان ڕەچاوکەین، هەرچەندە دکتۆر سوها دەڵێ: دەتوانین بە لێبڕاوی بڵێین قورئان بەبێ دووبارە بوونەوە، تەنیا نزیکەی ٪٢٠ دەمێنێتەوە.[44] بەڵام بە دلنیاییەوە زۆر لەوە کەمتر دەمێنێتەوە. ڕەنگە تەنیا نامێلکەیەکی ٤٠ لاپەڕەیی بمێنێتەوە.

جا پەرتووکێک ئەوەندە دووبارە و سێبارەی تێدابێ، چ بەهایەکی ئەدەبی یان ڕەوانبێژی دەمێنێ. لەلایەکیتر ئەگەر گشت ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی کولتوورە کۆنەکان و دینەکانی جولەکە، کریستیانی و زەردەشتی و سابئی لێدەرکەین. تەنیا ئەدەبی جاهیلی و کولتووری عەربی پێش ئیسلام دەمێنێ.

[44] دکتۆر سوها (٢٠١٥) ڕەخنەگرتن لە قورئان، وەرگێڕانی سوراە محمد، ل ٢١

ئەوەش تەنانەت قورئان خۆی ئاماژەی پێدەکا، کە بەردەوام ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە. کە پەرتووکی پێشتر نووسیویانە. لەوەش زیاتر ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمان لە زۆر شوێن، خۆیان ئاماژەی پێدەکەن.

ئەو باسانەی لە دوو توێی ئەو پەرتووکە دەخرێنە ڕوو، بەدواچوون و ساخکردنەوەی ئەو چیرۆک و ئەفسانەن، کە لە شارستانیەکۆنەکانی میسۆپۆتامیا، میسر و یۆنان ڕوما، هەروەها کولتوور و دینەکانی تری ناوچەکەن. کە نووسەری قورئان ڕاستەوخۆ یان بە شێوەی لاوەکی وەریگرتوون. و بەناوی خودا لە ڕێگای جوبرائیل بانگهێژی پێکردوون.

# لە ئەفسانەوە بۆ پەیامی خودایی

سەبارەت بەو چیرۆکانەی ناو پەرتووکەکانی دینی، کە لە بنەڕەتدا لە ئەفسانەی گەلانی میسۆپۆتامیا هاتوون.

# ووتەیەک سەبارەت بەو بەشە

زۆر جار لە نووسین، یان گێڕانەوەی دەماودەم، گۆبیستی ئەوە بووین کە پەرتووکە دینییەکانی هەرسێ دینی جولەکە، کریستیان و ئیسلام بنەڕەتیان لە ئەفسانەکانی میسۆپۆتامیاوە هاتووە. بەمانایەکیتر گەلانی کۆنی میسۆپۆتامیا خاوەنی ئەو دەقانەن، کە ئێستا دینە ئیبراهیمیەکان بە هی خۆیان، وەک پەیامی خودایی تۆماریان کردوون. و مێژووی ڕاستەقینەی گەلانی میسۆپۆتامیا دەشێوێنن. و لەجیاتی ئەوە، مێژوویەکی دوور لە ڕاستی، و بە خەیاڵ بە ناوی خودا و دین دروستدەکەن.

بەدواداچوون و گەڕان بەدوای بنەڕەتی ئەو چیرۆکانە، بۆ ڕاستکردنەوەی مێژووی شێوێندراوی ئەو گەلانە کارێکی پیرۆزە. کە بەلانی کەم وەڵامێکی ڕاستمان دەداتە دەست. و هێزیش دەداتەبەر تۆێژەران، تا هەوڵدەن بۆ ساخکردنەوەی زیاتر و قووڵتری، مێژووی ناوچەکە.

لەو ڕۆژگارەدا سەرچاوەی شوێنەوارناسی و مێژوویی تر، ئەوەندە تۆمارکراون کە تەنیا پێویستیان بەویە، کە بە زمانی کوردی کاریان لەسەر بکرێ. ئەوەش دەبێتە بەشێک لە تێکۆشان، بۆ هوشیارکردنەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی تاکی کورد.

نووسینەکانی ئەو بەشە، بریتین، لەو چیرۆکانەی کە لە بنەڕەتدا لە ئەفسانەکانی میسۆپۆتامیا، و بەتایبەتی سۆمەری و بابلی، لەسەر تابلۆی قوڕین تۆمارکراون. و لەماوەی

ئەو دوو سەد ساڵەی دوایی، لەلایەن شوێنەوارناسان دۆزراونەتەوە. و هێنراونەتە سەر زمانی هاوچەرخ. و بوونوتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەدواداچوون و ساخکردنەوەی، ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی، بەناوی خودا لە پەرتووکەکانی دین تۆمارکراون. و ئێستاش دوای دۆزینەوەکانی شوێنەوارناسی، بوونەتە جێگای بدواداچوون و مشتومڕ.

## هزری دین و پاشخانی مێژوویی

هەرچەندە توێژەرانی موسوڵمان دەقەکانی قورئان وەک دەقی چەقبەستوو، بە شێوەی سینکرۆنی (Synchrony) و خۆ دووبارەکردنەوە ڕاڤەدەکەن. کە مەبەستیان هەوڵدانە بۆ خۆدەربازکردن، لە ئاوەڵاکردنی ڕاستی پرۆسەی ڕووداو، و هۆکارەکانی هاتنی ئایەت و چیرۆکەکانی. و وەک کەرەستەی خودایی دیخەنە ڕوو، کە تاکە پەیام، و دوا پەیامی خودایە بۆ مرۆڤ. لە دوای ئەوە هیچ پەیام یان پەرتووکیتر نایە.

بەڵام دەقەکانی قورئان و هزری دینی ئیسلام، بەرهەمی بیری مرۆڤن، و پرۆسەیەکی درێژخایەنی پەرەپێدانی هزری پێشترن. جارێکیتر بە پێی بەرژەوەندی، و گونجان لەگەڵ هەلومەرجی دینی دارژراونەتەوە. تا بخرێنە چوارچێوەی سەردەمێکی دیاریکراو. بۆیە دەبێ توێژینەوە لە دەقە دینیەکان، بەتایبەتی قورئان، بە شێوەی دیاکرۆنی (Diachrony) [45] بێ.

[45] دیاکرۆنی، گرنگی لەسەر گەشەکردنە بەدرێژایی هێلی پاشخانی کات، بۆ هەر شرۆڤەیەک، گرنگی بە پاشخانی چمک یان ڕووداو دەدا. ئەوەش بە پێچەوانەی سینکرۆنیە، کە تەنیا گرنگی بەو شتانە دەدات کە لە ڕاستیدا لە ساتێکی دیاریکراودا بوونی هەیە یان ڕوودەدەن.

و لەسەر بنچینەی پاشخانی کۆمەڵایەتی و جوگرافی. وەک بەرهەمی کەرەستەی مێژوویی لەبەر چاوبگیرێن. کە ڕەنگدانەوەی هزر و هەڵومەرجە کۆمەڵایەتیەکان لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیان بن.
بە باوەڕی دورکهێیم دین هزرێکی کۆمەڵایتیە، کە بەشدارانی پارێزگاری لە پیرۆزییەکانی دەکەن.

بەو پێیەش دین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. کاتێ مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵک بەشداری لە پەرستنی بوونەوەرێکی دیارکراو دەکا، بەو مانایەدێ، کە پەرستنی ئەو کۆمەڵگەیەی، ئەو تێیدا دەژی، پەرستنێکی هاوبەشە. هەر بەو پێیەش ئەندیشەی بوونی خودا، ئەندیشەیەکی کۆمەڵایەتییە، بۆ پارێزگاری لە پیرۆزی ئەو بوونەوەرە. ئەوەش بە ڕۆڵی خۆی ژیانی ماتریالی سەرەتاییە بۆ پەیدابوون و گەشەسەندنی دین. بەڵگەی کە ئەو گریمانەیەش دەسەلمێنێ، ئەوەیە کە دینی تاک بوونی نییە. هەروەها دەتوانین بڵێین بەدیارکەوتنی کۆمەڵگە، دینیش بەدیارکەوت.[46]

بەمانایەکیتر بۆ هەر دەقێکی پەرتووکە دینیەکان، پێویستی قووڵبوونەوە، لە پەیوەندیەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی شارستانی. و لەلایەکیتر لەگەڵ دەقەکانیتری دینی، پێشتری هاوشێوەی بەراوردبکرێن. بەوەش دەگەینە دەرئەنجامێکی لۆژیک و بەهادار. بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئەو دینانە و پەرتووکەکانیان بە تایبەتی (قورئان) ساخبکرێنەوە.

لەو نووسینەدا هەوڵ دەدرێ گوزەرێک بەناو چەند چیرۆکی قورئان و تەورات دابکرێ. و وەک پاشخانی مێژوویی بەدواداچوون بۆ بنەڕەت و دووبارە بوونەوەیان لە ناو نەرێت و

[46]Durkheim, Emile (1912)The Elementary forms of the Religous life. Pp.45

کەلەپووری کۆمەڵایەتی هاوسەردەم و پێشتردا بخرێنە ڕوو. دواتر بۆ هەر چیرۆکێک ئەنجامگیری دەکرێ.

بەر لە پەیدابوونی دینە ئیبراهیمیەکان لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و خاکی کەنعان، خەڵکەکانیانی ئەو ناوچانە خاوەن کولتوور و شارستانی پێشکەوتووبووین. و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەکانی هاوسەردەم و دوای خۆیان هەبووە. بە یەک قووڵبوونەوە چەندین نیشانە و چیرۆک دەبینرێنەوە، کە ئەنجامی ئەو کاریگەیانە هاتوونەتە یان هێنراونەتە ناو دەقی دینەکان. و وەک وەحی خودایی تۆمارکراونەتەوە. بۆیە بەر لەوەی بچینە ناو بابەتەکە باشترە باسێکی شارستانی میسۆپۆتامیای سەردەمی سۆمەریەکان و دواتر بکەین.

# شارستانی سۆمەری و کاریگەری لەسەر
# وولاتانی دەوروبەری

سۆمەریەکان یەکەم دانیشتوانی ڕەسەنی میسۆپۆتامیان. ڕەگوڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکانی باکووری میسۆپۆتامیا (کوردستان)[47] هەر ئەوانیش شارستانی میسۆپۆتامیان دامەزراند و پەرەیان پێدا. کە دواتر ئەکەدی و بابلیەکان، لەسەری بەردەوام بوون.

شارستانی میسۆپۆتامیا، کاریگەری قووڵی لەسەر چەندین ووڵاتی، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەبووە. ئەو کاریگەرییەش بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەی لەسەر باوەڕی ئەو نەتەوانە داناوە. بە تایبەتی عیبرانی. تا گەیشتووتە ئەوەی لەناو دەقەکانی تەورات، بەتایبەتی پەرتووکی ئەفراندن (Genesis) و دەرچوون (Exodus) دەدۆزرێنەوە. دەقەکانی تەورات دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمەکانی دوای سۆمەری، و سەرەتای ئەکەدی و بابلیەکان.[48]

گوازترانەوەی کاریگەری شارستانی لە ووڵاتێک بۆ ووڵاتێکیتر، لە سەردەمە کۆنەکان بەسترابووەوە، بە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای بازرگانی، یا پەیوەندی کولتووری یا هێرشی سوپا. ئەو سێ هۆکارەش شتێکی ئاشنا بووین، لە ناو گەلانی میسۆپۆتامیا.

---

[47] علي، د. فاضل عبدالواحد (١٩٩٦) من سومر إلى التوراة. الطبعة الثانية سيناء للنشر. ص ٩
[48] نفس المصدر ص ١٨٩

میسۆپۆتامیا بە بڕشتی خاک و بەرهەمی و ئاوی زۆری ناسرابوو. لەلایەکیتر نەبوونی کەرەستە سەرەتاییەکانی وەک کانزا و داری باش و بەرد بۆ بنیات نانی شارستانی زۆر پێویست بووین. ئەوەش وایکردبوو، لە ڕێگای جیاواز بۆ گەیشتنە وولاتانی تر، لە شوێنە سەخت و دوورەکان.

بەرەو ڕۆژئاوا، دوو ڕێگای سەرەکی بەرەو شام و دەریای ناوەڕاست هەبوون. یەکەمیان لە شاری سیار (أبو حبة) کە دەکەوێتە سەر ڕووباری فورات لە ناوچەی یوسفیة، کە نزیکی شاری (فەلوجە)یە. ئەو ڕیگایە بە شاری دێرینی ماری (Mari) ئیستا بە تل حریری ( Tell hariri) کە نزیکەی ١١ کم لە شاری البوکمال دوورە، تێدەپەڕێ. دواتر ئەو ڕێگایە بە ناو بیاباندا ڕەتدەبێ، تا دەگاتە شاری تەدمور (Palmyra) و لەوێوە بەرەو حومس ( Homs) و دواتر دەگاتە فینیتیەکان لە قەراخی دەریای ناوەڕاست.[49]

ئەو ڕێگایە نزیکەی ٥٠٠ کم بە بیاباندا ڕەتدەبێ، بۆیە بۆ کاروانەکانی بازرگانی و هێرشی سوپا ئاسان نەبوو. لەبەر ئەوەی ناتوانرا باری زۆر و ئالیک و خۆراک و ئاو لەگەڵ خۆیان هەڵگرن.

ڕێگای دووەم لە ڕێگای یەکەم دوورتر بوو، بەڵام ئارام و دڵنیابوو. لەبەر ئەوەی ڕێگاکە بە سەرچاوەی ئاوی زۆردا تێدەپەڕی. ئەو ڕێگایە لە پایتەختی ئاشووری، نەینەوا لەسەر ڕووباری دیجلە، بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوا و ناوچەی جەزیرەی باکوور، لە نێوان دیجلە و فوڕات دەبڕێ.

ئەو ڕێگایە بە گوزانە (Guzana) (ئێستا: تل حلف) لەسەر ڕووباری خاپوور دا ڕەتدەبێ. و دواتر شاری حاران کە دەکەوێتە سەر ڕووباری بەلیخ (Balikh River) دەبڕێ. دوای بڕینی

---

[49] Roux, G (1964) Ancient Iraq. Pp. 278

فورات دەگاتە شاری کارکامیش (Carchemish) شاری جرابلسی ئێستا. دواتر ڕێگاکە بەرەو حەلەب دادەبەزێ. لەوە بەدوا دەبێتە دوو لقی سەرەکی یەکیان بەرەو ناوەڕاستی سووریا دەڕوا ئەویتریش بە قەراخی دەریا دا تێدەپەڕێ.

ئەو ڕێگایە لە چەندین شوێن لقی لێدەبنەوە. لەوانە چەند لق بەرەو باکووری ڕۆژئاوا، تا دەگاتە شاری کلیکا (Cilicia or Kilikia) و وولاتی ئەناتۆل (ئەنادۆل)، لە وێشەوە دەتوانێ لە ڕێگای دياربەکر بە دۆڵەکانی چیای تۆرۆس دا، بگاتە بەشەکانی خۆرهەڵاتی ئەناتۆڵ و ئەرمینیا.

لەلایەکیتر لە ڕێگای سوریا، و ئیسرائیل بگاتە دۆڵی نیل. هەر ئەو ڕێگایەش بوو ئاشووریەکان، لەسەردەمی سەرحەدۆن و کوڕەکەی ئاشوربانیپاڵ لە سەدەی حەوتەمی پ.س.ب هێرشی سوپایان کردە سەر وولاتی ئیسرائیل. هەر لەو ڕێگایەشەوە کاریگەری کولتووری و باوەڕ و شارستانی لە میسۆپۆتامیاوە گەیشتە دۆڵی نیل.[50]

کەچی پەیوەندی میسۆپۆتامیا لەگەڵ وولاتانی ڕۆژهەڵات بە هۆی سەختی سرووشتی چیاکان، کە لە زنیجیرەی زاگرۆس درێژدەبێتەوە. و سەرەڕای ئەوەش دانیشتوانی ئەو ناوچانە شوانکارە بووین. و بەردەوام چاوەڕوانی دەرفەتیان دەکرد، بۆ هێرشکردنە سەر ناوچە دەشتاییەکان. لەگەڵ ئەوەش دا دەرفەتی پەیوەندی بازرگانی و سەربازی لە ڕێگای ئەو زنجیرە چیایە هەر هەبوو. چەند ڕێگایەکی ناسراو و سەرەکی هەبوون، کە مێژوو باش پێیان ئاشنایە و تۆماریکردوون:

---

[50] د. فاضل عبدالواحد علي (١٩٩٦) من سومر إلى التوراة. الطبعة الثانية سيناء للنشر. ص ١٤٠

١ ڕێگای ڕایات لە نزیک ڕەواندووز.

٢ ڕێگایەک لە هەڵەبجە، کە دەکەوێتە باشووری سلێمانی.

٣ ڕێگای خانەقین.

ئەوەی جێگای سەرنجە هەردوو ڕێگای یەکەم (ڕایات) و دووەم (هەڵەبجە) بەرەو ئازربایجان و قەراخەکانی دەریای ورمێ دەچن. کەچی ڕێگای خانەقین دەگاتە کەرماشان و هەمەدان و شارەکانی تری بانی ئێران.

هەروەها ڕێگای چوارەمیش هەیە، لە باشوور. کە بە قەراخی بناری زاگرۆز دا بە دیر، لە نزیک شاری بەدرەدا تێدەپەڕێ. تا دەگاتە شوش پایتەختی عیلامیەکان، نزیکی دیزفول. ئەو ڕێگایە، بە دەشتاییدا بەردەوام دەبێ. کە ڕووباری کەرخە (Kercha) و کارون (Karun) دەبڕێ. لە ڕاستیدا ئەو ڕێگایە دەشتاییە لە میسۆپۆتامیا بە ئاڕاستەی باشووریشەوە، میسۆپۆتامیا پەیوەندیەکی کۆنی، لەگەڵ وولاتانی کەنداو هەبووە. ئەوەش لە نووسینی مێخی بە دەریای نزم یا دەریای هەڵاتنی ڕۆژ ناوی براوە. (بە بەراورد لەگەڵ دەریای ناوەڕاست کە لە نووسینی مێخی بە دەریای ڕۆژئاوابوون) ئەو زانیاریانە بۆ پاشا لۆکاڵ زاکیزی کە فەرمانڕەوای وەرکابوو (٢٤٠٠ – ٢٣٧١ پ.س.ب) ناویان هاتووە. [51]

داهێنانی نووسین لە سۆمەر لە دەوروبەری ٣٢٠٠ – ٣٠٠٠ پ.س.ب بووە. کە بە بەرزترین داهێنانی شارستانی دادەنرێ لە میسۆپۆتامیا. کە دواتر بۆ چەندین وولاتانی دەوروبەر بڵاوبۆتەوە. هەروەها یەکێک لە گرنگترین کۆمەکی خەلکی میسۆپۆتامیا بووە، بۆ گەلانی ئەو

[51] هەمان سەرچاوە ل ١٤١

وولاٚتانه. که لەو ڕێگایەوە زۆر گوزارە و باوەڕی دینی، بەرهەمی ئەدەبی و شارستانی لە نێوانیان ئاڵوگۆڕکراوە.[52]

شوێنەوارناسی ئەوەی ئاشکراکردووە، کە نووسینی مێخی لە ناوچەیەکی جوگرافی بەرفاران بڵاوبۆتەوە. هەر لە ئێران لە ڕۆژهەڵاتەوە بگرە، تا دەگاتە دەریای ناوەڕاست لە ڕۆژئاوا. لە باشوورەوە، لە وولاٚتانی کەنداو تا دەگاتە ئەناتۆڵ لە باکوور. دوای دوو سەدە، لە نووسینی سۆمەری، لە سوسە (شووش) پایتەختی عیلام، نووسینی مێخی بە زمانی عیلامی دۆزراوەتەوە، کە دەگەڕێتەوە سەردەمی جەمدە نصر ٢٨٠٠ پ.س.ب. کە بریتی بوو لە دەقێک سەبارەت بە ئابووری. توێژەران لەو باوەڕەدان دەرکەوتنی ئەو نووسینە عیلامیە لە ژێر کاریگەری شارستانی سۆمەری بووە. کە پێش دوو سەدە داهێنرابوو.

ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، وولاٚتی عیلام، پێشتر نووسینی عیلامی کۆنیان بەکاردێنا. ئێستا وەلایان ناوە. و نووسینی مێخی بەکاردێنن، کە لە میسۆپۆتامیا داهێنراوە[53]

گشت ئەوانە بەڵگەن بۆ ئەوەی، زمان و کولتووری سۆمەری سەرچاوە و بزوێنەری شارستانی، نەک تەنیا میسۆپۆتامیا بووە، بەڵکوو کاریگەری گەورە و بنەڕەتی، لەسەر داهێنانی دینەکانی جولەکە و کریستیان و ئیسلامیش، بە ڕاشکاوی هەبووە.

---

[52] Laessoe, J (1963) People of Ancient Assyria. London. Pp. 60

[53] د. فاضل عبدالواحد علي (١٩٩٦) من سومر إلى التوراة. الطبعة الثانية سيناء للنشر. ص ١٤٢

# ئەفسانەی ئەفراندن

ئەفراندن یەک لە گەورەترین ئەوکێشانەیە، کە بە درێژایی مێژوو، مرۆڤ بە خۆیەوە خەریک کردووە. هەر لە ئەفسانەکانی گەلانی سەرەتایی و کەلەپووری پەرەسەندنی مرۆڤی پێش مێژوو. تا دەگاتە دەرکەوتنی دینەکان. دوای دەرکەوتنی دین ئەفراندنیش تارمایی، لە هزری مرۆڤی سەرەتایی، گۆڕا بۆ پەیامی خودایی و هێزێکی بێسنووری ئەفسانەی دینی.

لەلایەکیتر ئەفسانە لە مێژووی شارستانی مرۆڤایەتی، ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی هەبووە. و توانیەتی ببێتە پێوەرێکی لۆژیک، بۆ دیارکردنی ئاستی پێشکەوتنی شارستانی، و هزری مرۆڤ لە سەردەمێکی دیاری مێژووییدا.

هەر لەو دەمەی ڕەچەڵەکی مرۆڤ لە جیهانی گیانداران جیابووەوە. و مێشکی توانای بیرکردنەوەی تێدا بەدیهات. بەپێی هەڵکۆڵینی شوێنەوارناسی و لێکۆڵینەوەی ئەو ئامرازە بەردینانەی لە کوردستان، ئەشکەوتەکانی زەرزێ و هەزار مێرد لە ناوچەی سلێمانی و ئەشکەوتی شانادەر لە بەرزایی زێی سەرو، کە لە ساڵانی ١٩٥١ – ١٩٦٠ پ.س.ب دەریدەخەن، دەگەڕێنەوە بۆ نێوان ٦٠ هەزار تا ٧٠ هەزار ساڵ پ.س.ب. کە بە مۆستریان (Mousterian) ناسراون. هاوکات پەیکەری مرۆڤی نیاندرتاڵ (Neanderthal) دۆزراوەتەوە.[54] ئەوە بەڵگەیەکی ڕەهایە کە مرۆڤ هەر لەو دەمەدا توانای بیرکردنەوە، بۆ

[54] طه باقر (١٩٧٦) مقدمة في أدب العراق القديم. دار الحرية للطباعة. ص ١٢

گەڕان بە دوای ناسنامەی خۆیدا هەبووە. بۆ ئەوەش ئەفسانە یەکەم هەنگاوی بوو، بۆ گوزارەکردن لە دیاردەکانی دەوروبەری. و گەڕانی بە دوای نهێنیەکانی جیهان. لە سەرووی هەمووشیانەوە، دۆزینەوەی ناسنامەی خۆی.

دیوارەکانی ئەشکەوت باشترین بەڵگەن بۆ هەوڵدانی مرۆڤ و گەڕانی بۆ پێناسەیەک، کە بتوانێ بیکاتە ناسنامەیەک بۆ خۆ ناسینەوە. و بیکاتە پێگایەک بۆ دۆزینەوەی هێما شاراوەکانی جیهانی دەوروبەری، تا دەگاتە سەرتاسەری گەردوون. ئەو گەڕانەش بەپێی پەرەسندنی بیر و هوشیاری مرۆڤ، و ئاوێتەبوونی لەگەڵ دیاردە نزیک و دوورەکانی گەردوون، و گۆڕانەکان و پەیدابوونی دیاردەی نوێ. بەردەوام فۆرمی نوێی وەرگرتووە. مرۆڤ بەردەوام سەرقاڵبووە. و هەمیشە وەڵامی بەپێی تێگەیشتنی خۆی بۆ دروستکردوون. کە ڕەنگدانەوەی ژینگە و پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی سەرەتایی بووە. بۆیە هەر لە سەرەتاوە بە هێما چیرۆکی سادەی بنیات ناون. ئیمە چین؟ لەکوێ هاتووین؟ و بەرەو کوێ دەڕۆین؟ زانین دەربارەی زەوی و ئاسمان و ئەستێرەکان، چەقی بیرکردنەوەی مرۆڤ بووە. بۆیە ئەفسانەی ئەفراندن لە هەر کۆمەڵگایەکی سەراتایی گرنگییەکی گەورە، و چەقی گەڕان بووە، بە دوای وەڵامی پرسیارەکانی.

گەردوون و ئاسمان و زەوی چۆن ئەفرێندراون؟ مرۆڤ چۆن دروستبووە و لەسەر زەوی نیشتەجێ بووە؟ لە سەرەتادا ئەو چیرۆکانە دەماو دەم، وەک کولتووری گەلێری، نەوە دوای نەوە دەگوازرانەوە. و لە هەر گواستنەوەیەکیش بەردەوام گۆڕانیان بەسەر داهاتووە. شێوەیەکی درامی لۆژیکی باشتری دراوەتێ. و وەک وەڵامێکی ڕەها بۆ گشت مرۆڤایەتی بەکار دەهاتن.

هەر کۆمەڵگەیەک، بەپێی پەرەسەندن و هەڵکەوتەی جوگرافی و ژینگەی نزیکی، چیرۆکی ئەفراندنی خۆیان دارشتووە. ئەو چیرۆکانەش ماکی شوێن و کات و ئاستی شارستانی ناوچەکەی، بە ڕاشکاوی تێدا ڕەنگی داوەتەوە. کە گوزارەیان لە ئاستی بیرکردنەوەی ڕۆڵەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کردووە.

لە ڕێی ئەفسانەوە، گوزارە لە ڕووداوە گەورەکانی سەردەمەکانی هەرە سەرەتایی دەکرا. و تەنانەت شێوەیەکی پیرۆزی وەردەگرت. لەڕووی پەرەسەندنی مرۆڤ ئەو قۆناخە سەرەتاییە بە قۆناخی ئەفسانە ناو دەبردرێ. بە مانایەکیتر، ئەفسانە بنەڕەتی بیرکردنەوەی مرۆڤ بووە، لەسەردەمە هەرە سەرەتاییەکان.

ئەو کاتەی کۆمەڵگە زیاتر پەرەی سەند و مرۆڤ بیرکردنەوەکانی قووڵتر بوون. لەناو منداڵدانی ئەفسانە دین لە دایکبوو. هەر ئەوەشە کە دین بەبێ ئەفسانە ناتوانێ هیچ کاریگەری هەبێ. دینیش پیرۆزی و ئاستێکی بەرزتری بە ئەفسانە بەخشی. بەو مانایەش هەردوو ئەفسانە و دین تەواوکەری یەکترین و پێکەوە کۆمەڵگە سندم دەکەن.

ئەفسانەی ئەفراندن لە ناو نەتەوە جیاجیاکانی جیهان، ئەگەر تا ئاستێکی دیار جیاوازیشیان هەبێ، کەچی گشتیان پەنا بۆ دیاردەکانی سەرسرووشت و کاریگەرییە نادیارەکان دەبەن. کە تیایدا دەتوانن گوزارە لە تێگەیشتنی خۆیان بکەن، و وەڵامی ئەفراندنی گەردوون، مرۆڤ و پەرەسەندنی دەدەنەوە.

لەو نووسینەدا، باسی ئەفسانەی ئەفراندن لە شارستانی سومەری، بابلی و کەنعانی دەکرێ، کە هەرسێکیان کەم یا زۆر بوونەتە بنەڕەت بۆ ئەفسانەی ئەفراندنی دینەکانی ئیبراهیمی. و پیرۆزیان پێ داون.

# ئەفراندنی سۆمەری

هەر دینێک لە سرووشت و پەیامەکانی خۆی، بەو ژینگەیە بەستراوەتەوە کە دینی لێ دروستبووە. سرووشت و نەرێتەکانی کۆمەڵایەتی و ئاستی شارستانیی کۆمەڵگە. ڕەنگدانەوەیان لەسەر شێوە و ئاکارەکانی ئەو دینە دادەنێ، کە لە هەناوی لە دایک دەبێ. هەر بۆیەش لێکۆڵینەوە لەسەر سرووشت و ئاکارەکانی هەر شارستانییەک. دەتوانێ کلیلی بیروباوەڕ و پیرۆزییەکانی ئەو دینەبێ کە دانیشتوانی دیپەرستن. بە مانایەکیتر دینبەرهەمی ئەو شارستانیەیە، تێیدا لە دایک بووە، و پەرەی سەندووە. بۆ نموونە تێگەیشتن لە سرووشتی کولتوور و ئاکارەکانی سۆمەری دەتوانێ، بە باوەڕ و دینەکانی سۆمەریت ئاشنابکا. دینە ئیبراهیمیەکانیش، کە ئەنجامی پەرەسەندن و لەیەک کەوتنی شارستانیەتەکانی میسۆپۆتامیا لە دایکبووین، ناتوانن لە چوارچێوەی ئەو بیرکردنەوەیە دەربچن. چونکە ئەفسانەکانی سۆمەری، منداڵدانی هەموو ئەو داستانانەن کە دینەکان وەک پەیامی خۆیان بڵاویان دەکەنەوە[55].

بۆیە دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین: هیچ دینێک ناتوانێ، لە دەرەوەی هزری ئەو مرۆڤانەبێ کە بە پیرۆزی دەزانن. ئەوەش شێوەیەک لە تێگەیشتنی، مێژوویی مرۆڤ دروست دەکا.[56]

سۆمەریەکان چەندین ئەفسانە و چیرۆکیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، سەبارەت

---

[55] محجوب خالق، سومر – رحم الادیان السماویة.

[56] Michel Meslin (1973) Pour une Science de Religion. Pp.72

ئەفراندنی گەردوون و مرۆڤ داهێناون.

لەو ئەفسانانەدا هزری گرنگ هەن، کە گەلانی دواى ئەوان سووديان لێ وەرگرتوون. بۆ نموونە ئەفسانەی تايبەت بە گلگامێش و ئێنکيدۆی هاوڕێی، کە باسی چۆنيەتی جيابوونەوەی ئاسمان و زەوی بە هێزی ئانليل دەکا. کە تا ئەو دەمە يەک پارچەبووين. و ئانليل هێزی ئاسمان و زەوی لێک جياکردۆتەوە.[57] بە ئاسانی لە ئەفسانەکانی ئەفراندنی بابلی دەبينيەوە، کە دواتر شۆڕبۆتەوە ناو دين.

پەرەسەندنی شارستانی سۆمەری لە سەردەمی شانيشينی ئوری سێيەم (٢١١٢ – ٢٠٠٤ پ.س.ب) ، کە دەستەڵاتی گەيشتە چەند ووڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەو سەردەمەدا زۆربەی دەقەکانی ئەدەبی سۆمەری نووسراونەتەوە.[58] لە هەزارەی سێيەمی پ.س.ب تۆمارکراون.

ئەفسانەی ئەفراندنی سۆمەری، لای هەمووومان ناسراوە. و بە چيرۆکێکی ئەفسانەشی دەزانين. بەڵام ئەوەی جياوازی هەيە، وەک سەرچاوەيەک وايە بۆ لەدايکبوونی ئەفسانەی شارستانيەکانیتری، وەک بابلی و ئەکەدی و کەنعانی. دواتريش بووەتە بنەڕەتێک بۆ ئەفسانەی ئەفراندنی تەورات و قورئان.

لە ئەفسانەی سۆمەری گەردوون ئان – کی ( An - Ki) ئاسمان و زەوی بووە. کە بە باوەڕی سۆمەری، دواتر لەيەک جيابوونەوە. ئاسمان بە سۆمەری، بەمانای باڵا يا بەرز کە خودای ئاسمانی لێ دانيشتووە. ئەوەيتر زەوی کە بريتيە لە ڕووبەری زەوی و بە جيهانی ژێرەوە ناوبراوە. خودای ژێرەوەی لێ دانيشتووە، کە مردووەکانی لێن.

---

[57] Kramer (1961), Sumerian Mythology. Pp. 30-31

[58] طه باقر (١٩٧٦) مقدمة في أدب العراق القديم. دار الحرية للطباعة. ص ١٦

له ئەفسانەی سۆمەری سەبارەت بە ئەفراندنی گەردوون، پێنج خاڵی بنەڕەتی هەن:

١ لەسەرەتادا ئاوی دەریا، لە سۆمەری نامو (Nammu). سۆمەریەکان باوەڕیان وابوو ئاو هەتاهەتاییە. سەرچاوەی گشت ئەفراندنە. هیچ شتێک یا نیشانەیەک لە نووسینی مێخی ئاماژە بە سەرچاوەی هاتن و لەدایک بوونی ئاو ناکا.

٢ لە ئاوی دەریا، چیای گەردوون درووستبووە. کە ئاسمان و زەوی، یەک پارچە بووین. و هێشتا جیانەبوونەتەوە. ئاسمان لە سۆمەری ئان (An) ڕەگەزی نێرە. و زەوی کی (Ki) ڕەگەزی مێیە. پێکەوە نووسابوون.

٣ ئەنجامی پێکەوەنووسانی ئاسمان و زەوی، خودای ئێنلیل (Enlil) لە دایکبوو.

٤ خودای ئانلیل، بە تەوژمی خۆی ئاسمان و زەوی لەیەک جیاکردنەوە. ئانی باوکی بەرزکردەوە. و بووە ئاسمان. و کی دایکییشی دابەزاند. و بووە زەوی.

٥ دوای جیاوبوونەوەی ئاسمان و زەوی، ئەستێرە و هەسارەکانیش دروستبوون. و ژیان لەسەر زەوی بەدەرکەوت. [59]

دواتر ئێنلیل کوڕێکی بوو، بە ناوی (نانا) خودای مانگ، بۆ ئەوەی تاریکی لادا، لەدوای نانا، منداڵیکیتری بەناوی (ئاوتو)[60] بوو خودای ڕۆژ. بۆ ڕووناکی.

---

[59] علي، د. فاضل عبدالواحد (١٩٩٦) من سومر إلى توراة. سينا للنشر. ص ٩٤ - ٩٥

[60] ئاوتۆ: خودای ڕۆژ لە سۆمەری، هەمان خودای ئاتۆن لە میسری کۆن و پەرستنی لەلاین ئەخناتونەوە. بەپێی مێژوو، ئەخناتون ئاشنایەتی لەگەڵ ئاتۆن، لە ڕێگەی دایکیەوە بوو. کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوو، لە وولاتی میتانی کورد.

دوای ئەوە ئێنلیل لەگەڵ خوداکانیتر قۆناخ بە قۆناخ، دیمەنەکانی ژیانی تریان ئەفراند:

ئەو خودایە گشت شتێکی بەسوودی ئەفراند
ئەوە خودایە ووشەکانی ناگۆڕێن
ئێنلیل خۆشەویستی و لەوەڕگای گەشاندەوە
ئاسمانی لە زەوی جیاکردەوە
زەوی لە ئاسمان دوورخستەوە[61]

دوای ئەفراندن، خوداکان هەڵسان بە ڕێکخستنی گەردوون ، بەدیارکەوتنی مانگ و ڕۆژ ئەنجامی هێز و تەوژمی سێکسی خودای ئێنلیل بوو.

# ئەفراندنی بابلی

ئینۆما ئێلیش ( Enumma Elish)

ئینوما ئێلیش (هەروەها بە حەوت تابلۆی ئەفراندنیش ناسراوە) ئەفسانەی ئەفراندنی میزۆپۆتامیایە کە ناونیشانەکەی لە دێڕەکانی سەرەتای پارچەکە وەرگیراوە، کاتێک لە بەرزاییدایە. ئەو ئەفسانەیە، باس لە سەرکەوتنی خوداوەندی گەورە مەردۆخ دەکا، بەسەر هێزەکانی ئاژاوەگێڕ، و سەقامگیرکردنی زەمینەی ئەفراندنی جیهان.  هەموو ئەو تابلۆیانەی

[61] الفلسفة و علم الإجتماع، المثيولوجيا السورية. أساطير الخلق و التكوين، أسطورة التكوين السومرية

ئەفسانەکانی تێدان، لە ئاشور، کیش، کتێبخانەی ئاشوربانیپاڵ لە نەینەوا، سوڵتان تەپە و شوێنە هەڵکەندراوەکانی دیکە دۆزراونەتەوە، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزار و دووسەد ساڵ پ.س.ب. بەڵام مێژووی شوێنەوارناسی شارەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوانە هەموویان کۆپی ڤێرژەنێکی زۆر کۆنترن لە ئەفسانە مێژووییەکە. کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر پێش کەوتنی سومەر ساڵی ١٧٥٠ پ.س.ب.

چیرۆکی ئەفراندنی بابلی ئێنوما ئێلیش داستانێکە، لە هەزار دێر پێکدێ. و دابەشی حەوت تابلۆی قوڕی سوورکراوە. بە زمانی بابلی کۆن نووسراوە. لە هەر تابلۆیەک لە نێوان ١١٥ تا ١٧٠ دێری لەسەر نووسراوە.

ئەو داستانە یەک لە گرنگترین سەرچاوەیە بۆ جیهانی بابلی. و گرنگی مەردۆخ و ئەفراندنی مرۆڤایەتی بۆ خزمەتی خودا. بەڵام ئامانجی سەرەکی لەو داستانە دین نەبوو. بەڵکوو شکۆمەندی خودای بابلی سەرەکی مەردۆخ بوو، لەسەر خوداکانی تری میسۆپۆتامیا.
ئەگەر بە ووردی سەرنجی ئەفسانەی ئەفراندنی بابلی بدەین، سەرەڕای ووردەکاری زۆر پەرەسەندوویی، کەچی لەناوەرۆکدا جیاوازییەکی زۆری نییە، لەگەڵ ئەفراندنی سۆمەری.[62]

ئەفسانەکە بەوە دەستپێدەکا. لە سەرەوە هیچ ئاسمان نەبوو. لە خوارەوەش زەوی نەبوو. بێجگە لە ئاو هیچیتر نەبوو، کە لە سێ خودا پێکهاتبوو. ئاپسو، تیامات و مەمو.

لە سەرەتادا هەردوو خودای ئاپسو و تیامە هاوسەنگن و دووجەمسەری یەکسانن. ئەوەش سرووشتی گیانی هاوبەش لە بوون وەدیدێنێ. و گشت توخمەکانی بنەڕەتیان، بۆ ئەفراندنی

[62] علي، د. فاضل عبدالواحد (١٩٩٦) من سومر إلى توراة. سينا للنشر. ص ٩٤ - ٩٥

گەردوون تێدایە، و بەکاریان دێنن. کەچی دواتر بە سرووشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی باوکسالاری، خودای مێینە تیامە بووە نوێنەری هێزی خراپە. و ئاکارەکانی تاریکی، نەبوون، ئاژاوە و مردنی پێدەدرێ . کەچی ئاپسو وەک هیزی چاکە. ئاکارەکانی ڕووناکی، بوون و سیستەمی پێدەدرێ.

هەر لەو سیستەمەی باوکسالاری ئاپسو دەبێتە ئاوی سازگار و تیامە ئاوی سوێر (ئاوی دەریا) مەمو ئەنجامی شەپۆلەکانی تێکەڵبوونی ئاوی سازگار و ئاوی سوێر دروستبوو. لە بنەڕەتدا هێزی سیانەی ئاپسو، تیامات و مەمو، پێکەوە لە ناخیا ووزەی بەدیهێنانی خودای نوێ وەدیدێنێ.

دواتر لە قوڕ و لیتەی بەجێماو دوو خودا (لەخمۆ و لەخامۆ) دروست دەبن. کاتێ ئەوانە لە ئاو جیادەبنەوە. لە جەمسەری سەرەوە (ئینشار) و لە جەمسەری خوارەوەش (کیشار) دروست دەبێ. بە تێپەڕبوونی ساڵان ئاسمان (ئانو) و زەوی (ئایا) نەشونما دەکەن.

دوو خودای ئاپسو و تیامات. ئەو دوو خودایە، بەیەکەوە نووساون. بە تێکەڵبوونی ئاوی سازگار و سوێر خودای تر دەئەفرێنن. یەکەم جار هەردوو خودای لەخمۆ و لەخامۆیان بەرهەم هێنان. ئەوانیش ئەنشار و کیشاریان بەرهەم هێنان. ئانۆ و ئایا، (دیمۆ) یان بوو (کە بە ناوی ئایا ناسرا).

دوای لەیەکجیابوونەوەی ئاسمان (ئانو) و زەوی (ئایا) گەردوون فۆرمی وەرگرت. بە درێژایی ئەو ماوەیەی ئەفراندن و نەشونما بەردەوامە، ناکۆکی نێوان ئاپسو و تیامەش پەرە دەسێنێ. ئەوەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی دەستەڵاتی ئاژاوە. و ململانێ لەسەر دەستەڵاتی گەردوون. کە نەوە دوای نەوە وەک گرێکوێرەی ئۆدیب بەردەوام دەبێ.  لە ئەنجامی ململانێ لە نێوان

نەوەکان ئاپسو بەرامبەر ئایا دەدۆڕێنێ. و مەرگ میوانی دەبێ. بە مەرگی ئاپسو ئاوی سازگاریش دەبڕێ. و زەوی ووشک دەبێ. ئایای گەنج لەسەر ئاوی سازگار ماڵێک بۆخۆی دروست دەکا. مەرگی ئاپسو هەوڵی خۆ ڕزگارکردن بوو، لە دەستی خودای گەنج. سەرکەوتنی یەکەم بۆ ئەفراندنی خودا و گەردوون لە ڕێگەی دەستەڵاتی هارمۆنی، بەبێ توندوتیژی بوو، لە نێوان ئاپسو و تیاما، کەچی سەرکەوتنی دووەم دوو فاکتەری هەبوون.

یەکەم ململانێی تیامە بۆ سەلماندنی خۆی، و هاندانی ئایا.
دووەم شەڕی نێوان نەوەکانی یەک لەدوای یەک، کە یەکتری لەناو دەبەن و دیمەنەکانی ژیان و ڕێکخستن بەپێی پەرەسەندن دەگۆڕن. ئەوەش لە ڕێگای ململانێ و جێ پێچۆلکردن دەبێ.

مەزنی ئەو ئەفسانەیە لەوەدایە کە دوو فاکتەری گرنگ و کاریگەر یەکتری تەواودەکەن.

فاکتەری یەکەم: ناکۆکی و ململانێی دەروونی کۆن، کە تیامە گشت توانایەکی بەکاردێنێ بۆ دروستکردنی هاوسەنگی، کەچی لە ڕوانگەی ئاپسو تەنیا ئاژاوەیە.

فاکتەری دووەم: نەوەی نوێ، بۆ ودەستگرتنی بڕیار بۆ ئاینده، بەرەنگاری کۆن دەبێتەوە، و لەناوی دەبا. بەو شێوەیە ڕەوڕەوەی پەرەسەندن بە چەقبەستووی نامێنێتەوە، و بەردەوام دەبێ.[63]

[63] الباحثون السوريون. الفلسفة الميثولوجيا السورية. تحليل أسطورة التكوين البابلية. مبادرة الباحثون السوريون. تحقيق و تعديل عامر صالح

# ئەفراندنی کەنعانی

هەرچەندە کەنعانیەکان لە وولاتی شام بوون. و خاوەنی کولتوور و ئەفسانەی خۆیان بووین. بۆ ئەوەش شوێنەوارەکانی ئەگاریت و تەدمور و ناوچەکانی تری شام، مەیدانێکی گەورەی سەربەخۆی شوێنەوارناسین. بەڵام لەیەکچوونێکی یەکجار زۆر لە نێوان ئەفسانەی ئەفراندنی کەنعانی و میسۆپۆتامیادا هەیە. ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

١ کەنعانییەکان هەروەک ئەکەدی و بابلیەکان، یەکێکن لە ڕەچەڵەکەکانی سامی و لە باشوورەوە، کۆچیان بۆ ناوچانەکانی شام و ئیسرائیل کردووە.

٢ پەیوەندی بازرگانی و دەستەڵاتی سوپا، لە نێوان وولاتی کەنعان و میسۆپۆتامیا زۆر بەهێزبووە. بۆیە کاریگەری گەورەی کولتووری و کۆمەڵایەتیان لەسەر یەکتری هەبووە.

لە ئەفسانەی ئەفراندنی گەردوونی کەنعانی، خودای بڕشت بەعل (Baal)، هەمان ڕۆڵی مەردوخ لە ئینوما ئێلیش دەبینێ. دەستبەسەرداگرتنی ئاوە سەرەتاییەکان و دامەزراندنی سیستەم لە گەردوون. ئاوە سەرەتاییەکان لێرەدا لەلایەن یەم (Yam) کوڕی ئێل ەوە نیشان دەدرێن. ئەوەی جیاوازی هەیە لە ئەفسانەی کەنعانی بە شێوەی شیعری باس لە ناکۆکی نێوان بەعل و یەم دەکا.

یەم لە ڕێگەی دوو نێردەوە، نامەیەک بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی خوداکان دەنێرێ. و داوا دەکات بەعل وەک کۆیلەی خۆی ڕادەست بکرێ. بەڵام پێدەچێ بەعل، سەرەتا خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە، لەگەڵ یەم بەدوور گرتبێ، و پەنای بۆ ئەنجومەن بردبێ. کەچی ئەنجومەن ناتوانێ بەعل لە دەسەڵاتی سەرسەخت و ڕەهای یەم بپارێزێ. لە پرۆسەی ئەفراندنی کەنعانی هەروەک ئینوما ئێلیش، ناکۆکی و ئاژاوە، سەرچاوەی نوێبوونەوەن.

کاتێک تابلۆی گڵینەکە دەخوێنرێتەوە، خودای یەم دەبینین کە لەگەڵ بەعلدا ناکۆکە. و لە ڕێگەی دوو نێردراوەکەیەوە نامەیەک بۆ کۆبوونەوەی خوداکان دەخوێنێتەوە و داوای ئەوە دەکات بەعل وەک کۆیلەی خۆی تەسلیم بکرێت.

گەنجان بڕۆنە پێشەوە،
بڕۆنە پێشەوە و مترسن،
بەرەو کۆبوونەوەی خوداکان،
لە ناو شاخەکانی شەودا.
لە بەر پێکانی ئێل، کڕنۆش مەبەن
لەبەردەم کۆبوونەوەی خوداکاندا، کڕنۆش مەبەن، بەڵکو ئەوەی کە دەبێ بیڵێن،
ڕابگەیەنن،
وشەیەک بۆ (ثور) تور، وشەیەک بۆ ئێلی باوکم،
و لەبەردەم کۆبوونەوەی خوداکاندا ڕابگەیەنن.
پەیامی پەروەردگارتان یەم،
پەیامی پەروەردگار نەهر:
ئەو کەسەی کە داڵدەی دەدەن،
ڕادەستی من بکەن، ئەو کەسەی کە هەمووتان دەبنە پەناگەی،

بەعل و شوێنکەوتووانی ڕادەستی من بکەن،

کوڕی داگۆن، بۆ ئەوەی زێڕەکەی بە میرات بگرم.

بۆیە ئەو دوو گەنجە بەڕێکەوتن،

بێ دوودڵی،

ڕوویان کرد و ڕوویان دانا

بەرەو شاخەکانی شەو،

بەرەو کۆبوونەوەی خوداکان. پێش ئەوەی کۆبوونەوەی خوداکان کۆببنەوە.

پێش ئەوەی لەسەر مێزەکە دابنیشن،

بەعل لە نزیک ئێل وەستابوو.

کاتێک خوداکان ئەو دوو پێغەمبەرەیان بینی،

نێردراوانی پەروەردگار نەهر،

سەریان بۆ ئەژنۆیان دانا،

بەڵێ... لە کاتێکدا لەسەر تەختی شکۆمەندی خۆیان بوون.

ئینجا بەعل سەرزەنشتی کردن و گوتی:

واتە: ئەی خوداکان بۆچی سەرتان دادەنوێنن؟

- بۆچی سەرتان بۆ ئەژنۆکانتان دادەنێن؟

بەڵێ (بۆچی) لەکاتێکدا لەسەر تەختەکانی شکۆمەندی؟

با دوو خوداوەندە نزیکبووەکە بخوێننەوە، ٧

با تابلۆکانی یەم بخوێننەوە،

تابلۆکانی پەروەردگار نەهر[64]،

وە سەرتان بەرز بکەنەوە ئەی خوداکان،

(سەرتان بەرز بکەنەوە) لە کڕنۆشەکانتان،

---

[64] نەهر یەک لە ناوەکانی یەمە

بەڵێ (بەرزیان بکەرەوە) لە کاتێکدا لەسەر تەختەکانی شکۆمەندین،
وە منیش وەڵام دەدەمەوە
بۆ نێردەکانی یەم،
واتە: بۆ نێردەکانی پەروەردگار نەهر
بۆیە خوداکان سەریان بەرز کردەوە.

و کاتێک دوو خودای نێردە دەگەن، ڕاستەوخۆ بە پەیامەکەوە دەچنە ئەنجومەن، بەبێ پێشکەشکردنی، پابەندبوونەکانی گوێڕایەڵی و ڕێزگرتن لە هەر کەسێک، و داواکارییەکانی یەم دەخوێننەوە:
ئەو کەسەی کە پەنای دەدەن، ڕادەستی من بکەن.
ئەو کەسەی کە هەمووتان پەنای دەدەن،
بەعل و شوێنکەوتووانی ڕادەستی من بکەن.
کوڕی داگۆن، تا زێڕەکەی بە میرات بگرم.
ئینجا ئێل وەڵامی دایەوە، باوکی، گامێشەکە، گوتی:
با بەعل ببێتە کۆیلەت، ئەی شازادە یەم،
با بەعل بۆ هەمیشە کۆیلەت بێ،
کوڕی داگۆن دیلت بێ،
و وەک هەموو خوداکان، گوێڕایەڵت دەبێ،
بەڵێ، وەک کوڕی خوداکان بەڵاگێڕیتان بۆ دەکات.[65]

[65] John Gray, The Canaanites; Fredrick A. Praeger, New York 1964

# ئەفراندنی میسری کۆن

پرسی ئەفراندن گەردوون، هەمیشە پرسی سەرەکی بووە، لە بیری مرۆڤ. ئەوەش لەسەردەمە هەر کۆنەکانی پێش مێژوو، کۆمەڵگەی میسری وەک گشت کۆمەڵگەکانیتر بەخۆیەوە خەریککردووە. ئەفسانەش بەشێکی گرنگی کەلەپووری شارستانی نەتەوەکانە، بۆیە ئەو پرسە، بەشێکی سەرەکی ئەفسانەکانی گرتۆتەوە. هەر لە ئەفسانەکانی میسۆپۆتامیا، تا دەگاتە شام و یۆنان و هیندوستان، پرسی ئەفراندنی گەردوون، هەمیشە پلەی یەکەمی دراوەتێ.

ئەوەی گرنگە، ئەنجامی لەیەککەوتنی شارستانیەکان، لەیەکچوونێکی زۆر، لە نێوان چیرۆکە ئەفسانەکان دەبینرێ. لە دینی میسری کۆنیش چەند چیرۆکێک سەبارەت بە ئەفراندنی گەردوون هەن. هەر یەک لەوانە دیمەنێکی تایبەتی بۆ ئەفراندن و گەشەسەندنی گەردوون هەیە. لە پشت ئەو دیمەنانەش قوتابخانەی دینی جیاواز لە منیف، عین الشمس و الأشمونین و هتد هەن.

میسرییەکان ئەو ئاوەی سەرەتاییان، بە (نون) ناودەبرد[66]، قورئانیش دەڵێ: (نٓ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ ).

[66] Richard, Cavendish, Mythology, An Illustrated Encyclopedia of the Principal Myths and Religions of the World,

هەروەها لە وێنە داتاشراوەکانی سەردیوارەکانی پەرستگا، و کۆشکی پاشایەتی میسر، وێنەی خودای تەحوت، خودای نووسین لە دینی میسری، دەبینرێ کە پێنووسێکی بەدەستەوەیە. لە قورئانیش دا، ئاو هەموو شتێکی لێ دروسبووە.

سورة الأنبياء ٢١: ٣٠

أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَاۖ وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ (٣٠)

ئەی ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە، نەیانبینیووە کە ئاسمانەکان و زەوی یەکپارچەبوون، ئەوسا لێکمان جیاکردنەوە، و لە ئاو، هەموو شتێکی زیندوومان دروستکرد، ئەی باوەڕ ناهێنن؟ (٣٠)

لە دەقێکی میسری کۆندا هاتووە:

تۆ پەروەردگاری ئاسمان و پەروەردگاری زەوی، دروستکەری بوونەوەرەکانی ئاسمان و بوونەوەرەکانی زەوی، تۆ تاکە خودای کە بۆ یەکەمجار ئەفراندوونت، وڵاتەکانت دامەزراندوون، (نون)ت دروستکردووە و ڕووباری نیلت دروستکردووە، ئاوت دروستکردووە و هەموو ئەو شتانەی تێیدا دەژین زیندووکردوونەتەوە، چیاکانت دروستکردوون و مرۆڤ و ئاژەڵیشت دروستکردوون.

سورة القلم ٦٨: ١

نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ (١)

سوێند بە نوون و بە پێنووس و ئەوەی دەینووسن. (١)

هەرچەند دیارنییە، مەبەستی قورئان لە نوون ئاوی سەرەتاییە یان نا. بەڵام بەپێی لێکدانەوەی ئایەتەکە، نابێ پێنووسبێ، چونکە ڕاستەوخۆ دەڵێ (القلم) بۆیە، لۆژیکترە کە لە دینی میسری کۆن وەرگیرابێ.

بەپێی ئەفسانەی میسری کۆن، ئاوێکی زۆری بێ سنوور و قووڵ، کە ئاسمان و زەوی و هەموو بوونەوەرێکی لێ بووە. ڕەگ و ڕێشە و تۆوی بنەڕەتی هەموو شتێک لە ژیانە. لە سەرەتادا لەو ئاوەدا، هەموو شتێک بووە، و ژیانیش پەیدابووە. لە سروودێک بەو شێوەیە باسی خودا خۆر دەکا:

هەروەها لە ئەفسانەی میسریشدا باس لەوە کراوە کە خودا ئاسمانی ( نوت)ی لە زەوی (گێب) جیاکردەوە بە دانانی بەرگەهەوای (شو) لە نێوانیاندا[67].



ئاسمان (نوت) لە وێنەی مێینەیەکدا، بەسەر زەوی (گێب) بە وێنەی پیاوێک، بە سەری مار چەماوەتەوە. ئەوەش پێچەوانەی دینەکان زەوی نێرینەیە و ئاسمان مێینە.

لە تەوراتیش جیاوازی نییە لەگەڵ ئەفسانەکانی میسری، سەبارەت بە ئەفراندنی گەردوون.

[67] Ibid.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ١: ٦ - ٨

ڕۆژی دووەم: لێک جیاکردنەوەی ئاوەکان

(٦) خودا فەرمووی: با بۆشاییەک لەنێوان ئاوەکاندا ببێت، بۆ جیابوونەوەی ئاو لە ئاو. (٧) خودا بۆشاییەکەی دروستکرد و ئاوەکەی ژێر بۆشاییەکەی لە ئاوەکەی سەر بۆشاییە کراوەکە جیا کردەوە. جا ئاوا بوو .(٨) خودا بۆشاییەکەی ناونا «ئاسمان.» جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی دووەم بوو.

ڕۆژی سێیەم: وشکانی و سەوزایی

(٩) خودا فەرمووی: با ئاوەکانی ژێر ئاسمان لە یەک شوێن کۆببنەوە و وشکانی دەربکەوێت. جا ئاوا بوو .(١٠) خودا وشکانییەکەی ناونا (زەوی). ئاوە کۆبووەوەکەشی ناونا (دەریا). خوداش بینی کە ئەمە باش بوو.

(١١) ئینجا خودا فەرمووی: با زەوی سەوزایی بدا، ڕووەکی تۆودار و داری بەردار لەسەر زەوی، ئەوەی تۆوەکەی لەناو خۆیەتی، لە جۆری خۆی. جا ئاوا بوو .(١٢) زەوی سەوزایی دا: ڕووەکی تۆودار لە جۆری خۆی و دار کە بەر دروستبکات و تۆوەکەی تێدابێت لە جۆری خۆی. خوداش بینی کە ئەمە باش بوو .(١٣) جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی سێیەم بوو.

هەروەها سەبارەت بە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی، لێکچوونێکی گەورە لە نێوان ئەفسانەی میسری و قورئان دا، وێناکراوە، مرۆڤ ڕەنگە بپرسێ ئەرێ، دەبێ فیرعەونەکان قورئانیان خوێندبێتەوە؟ یان پێچەوانەیە!!

سورة النازعات ٧٩: ٢٧ – ٣٣

ءَأَنتُمۡ أَشَدُّ خَلۡقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُۚ بَنَىٰهَا (٢٧) رَفَعَ سَمۡكَهَا فَسَوَّىٰهَا (٢٨) وَأَغۡطَشَ لَيۡلَهَا وَأَخۡرَجَ ضُحَىٰهَا (٢٩) وَٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ (٣٠) أَخۡرَجَ مِنۡهَا مَآءَهَا وَمَرۡعَىٰهَا (٣١) وَٱلۡجِبَالَ أَرۡسَىٰهَا (٣٢) مَتَٰعًا لَّكُمۡ وَلِأَنۡعَٰمِكُمۡ (٣٣)

ئایا دروستکردنی ئێوە سەختترە، یا ئەو ئاسمانەی، دروستی کردووە؟ (٢٧) قەوارە بەرزکردەوە، و لەباریکرد. (٢٨) و شەوەکەشی تاریك کرد و چێشتەنگاویشی لێ وەدیهێنا (٢٩) لە دوای ئەوە زەوی تەخت و خۆش کرد (٣٠) ئاوی لێ دەرهێنا و لەوەڕگای لێ پیداکرد (٣١) وە چیاکانی بە پتەوی لێ دامەرزراند. (٣٢) بۆ خۆشی خۆتان و مەڕ و ماڵاتەکانتان (٣٣)

سورة "ألأنبياء ٢١: ٣٠

أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَاۖ وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ (٣٠)

ئاخۆ بێباوەڕان، ئەوە نازانن ، کە ئاسمانەکان و زەوی یەکپارچەبوون، جا لێکمان جیاکردنەوە، و هەر جانەوەرێکیش کە هەیە، لە ئاومان بەرهەم هێناوە؟ (٣٠)

## ئەفراندنی گەردوون لە دینە ئیبراهیمیەکان

لە هەرسێ دینە ئیبراهیمیەکان، بە پێچەوانەی ئەفسانەکانی شارستانیە کۆنەکانی میسۆپۆتامیا و دینەکانیتر، چیرۆکی ئەفراندن پاشخانێکی نییە، بەڵکوو لە هیچیەوە بووە.

## ئەفراندن لە پەیمانی کۆن

لە دینی جولەکە، وەک یەکەم دینی ئیبراهیمی، باسی ئەفراندنی گەردوون دەکا. بەڵام سەرەڕای ووردەکاری، نەیتوانیووە لە چوارچێوەی ئەفسانەکانی میسۆپۆتامیا دەربچێ.

لە پەیمانی کۆن - پەرتووکی ئەفراندن، خودا جیهانی لە شەش ڕۆژدا ئەفراندووە. لێرەدا سێ ڕۆژی یەکەم ئەفراندنی ئاسمان و زەویە:

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ١: ١ – ١٠

(١) لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەویی بەدیهێنا .(٢) زەویش بێ شێوە و بەتاڵ بوو، تاریکیش لەسەر ڕووی قووڵاییەکان بوو. ڕۆحی خوداش لەسەر ڕووی ئاوەکان دەجوڵایەوە.

ڕۆژی یەکەم: ڕووناکی

(٣) خودا فەرمووی: با ڕووناکی ببێت. ئینجا ڕووناکی بوو .(٤) خوداش بینی کە ڕووناکییەکە باش بوو. ئیتر خودا ڕووناکییەکەی لە تاریکی جیا کردەوە .(٥) خودا ڕووناکییەکەی ناونا (ڕۆژ) و تاریکییەکەی ناونا (شەو) ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی یەکەم بوو.

ڕۆژی دووەم: لێک جیاکردنەوەی ئاوەکان

(٦) خودا فەرمووی: با بۆشاییەک لەنێوان ئاوەکاندا ببێت، بۆ جیابوونەوەی ئاو لە ئاو. (٧) خودا بۆشاییەکەی دروستکرد و ئاوەکەی ژێر بۆشاییەکەی لە ئاوەکەی سەر بۆشاییە کراوەکە جیا کردەوە. جا ئاوا بوو .(٨) خودا بۆشاییەکەی ناونا (ئاسمان). جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی دووەم بوو.

ڕۆژی سێیەم: وشکانی و سەوزایی

(٩) خودا فەرمووی: با ئاوەکانی ژێر ئاسمان لە یەک شوێن کۆببنەوە و وشکانی دەربکەوێت. جا ئاوا بوو .(١٠) خودا وشکانییەکەی ناونا (زەوی). ئاوە کۆبووەوەکەشی ناونا (دەریا). خوداش بینی کە ئەمە باش بوو.

# ئەفراندن لە پەرتووکی سەناکردن

لە پەرتووکی سەناکردنی (Psalms) جولەکان بۆ خودا، کە پەرتووکێکە بەردەوام لە ڕۆژانی شەممە لە سیناگۆگەکانی جولەکە دەخوێندرێ. و وەک پەرتووکێکی پیرۆز باسی ئەفراندنی ئاسمان و زەوی دەکا. بە بەراوردلەگەڵ ئەفراندنی تەورات و جیاوازی، دەبێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێ. هەرچەندە لە تەورات، لە سەرەتادا دەڵێ:

پەیمانی کۆن ئەفراندن ١: ١ - ٢

> (١) لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەویی بەدیهێنا .(٢) زەویش بێ شێوە و بەتاڵ بوو، تاریکیش لەسەر ڕووی قووڵاییەکان بوو. گیانی خوداش لەسەر ڕووی ئاوەکان دەجوڵایەوە.

ئەوسا باسی ئەوە دەکا،  کە لە ماوەی شەش ڕۆژ ئاسمان و زەوی و گشت شتێک دروستبووە. کەچی بە پێی پەرتووکی سەناکردن، خودا دوو هەزار ساڵ پێش ئەفراندنی ئاسمان زەوی چەند شتی ئامادەکردوون:

> لە سەرەتادا دوو هەزار ساڵ بەر لە ئەفراندنی ئاسمان و زەوی. حەوت شتی ئەفراندن:
> تەورات بە ئاگری ڕەش، لەسەر ئاگری سپی نووسراو. و دانانی لە باوەشی پەروەردگار. تەختی خودا، و دانانی لە ئاسمان، کە دواتر کەوتە سەر بوونەوەرانی زیندوو (فریشتە).
> بەهەشت لەلای ڕاستی خودا. و دۆزەخ لەلای باکوور.
> پەرستگای ئاسمانی پیرۆز، ڕاستەوخۆ لەبەردەم خودا.

بەڵاگێڕگەی گەوهەری کەناوی کریستی چاوەڕوانکراوی لەسەر نووسرابوو. دەنگێک هاواری دەکرد. ئەی نەوەی مرۆڤ تۆبە بکەن.

## ئەفراندن لە قورئان

لەناو قورئان سەبارەت بە ئەفراندنی گەردوون، بەبێ کەم و زیادی، دووبارەکردنەوەی دەقەکانی تەوراتە. وەک پێشتر پیشاندرا، تەوراتیش لە ئەفسانە و چیرۆکەکانی شارستانیەکانی میسۆپۆتامیا وەریگرتووە. هەر بەو پێیەش قورئان داهێنانێکی نوێ و سەربەخۆی نەکردووە. بەڵکوو تەنیا دووبارەکردنەوەی، چیرۆکەکانی پێشترن، کە لە ناوچەکە بە هەزاران ساڵ بەر لە ئیسلام هەبووین. ئەوەش چەند ئایەتێکی ناو سوورەتەکانی قورئانن، هەرچەندە بەشێوەی پچڕپچڕ هاتوون. بەڵام دووبارەکردنەوەی، دەقەکانی تەوراتن:

سورة الأنبياء ٢١: ٣٠

أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَـٰهُمَاۖ وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ (٣٠)

ئەی ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە نەیانبینیووە کە ئاسمانەکان و زەوی یەکپارچەبوون، جا لێکمان جیاکردنەوە، وە لە ئاو هەموو شتێکی زیندوومان هێنایە ئاراوە، ئەی باوەڕ ناهێنن؟ (٣٠)

سورة الأعراف ٧: ٥٤

نَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۭ بِأَمۡرِهِۦٓۗ أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَـٰلَمِينَ (٥٤)

پەروەردگارتان ، ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژدا دروووستکرد، ئەوجا بۆ سەر تەختی فەرمانڕەوایی بەرزبۆوە و لەسەریدا دانیشت، شەو ڕۆژ دادەپۆشێ و بەدوای یەکەوە دێن، وە خۆر و مانگ و ئەستێرەکان، بە فەرمانی ئەو وەدیهاتوون. ئەی هەر بۆ ئەو نییە ئەفراندن و فەرمان، پیرۆزە خودای جیهانەکان. (٥٤)

سورة فصلت ٤١: ١١

ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ (١١)

ئەوسا ڕووی لە بەرزایی نا، ئەو دەمە هێشتا هەر هەڵم بوو، بەوان و بە زەویشی گوت، بە خۆشی یا ناخۆشی، دەبێ بێنە بەر فەرمانم، گوتیان وا بە خۆشی خۆمان هاتین. (١١)

# ئەفراندنی مرۆڤ لە شارستانیە کۆنەکان و ناو دینەکان

# ئەفراندنی مرۆڤ لای سۆمەریەکان

دوای کۆتایی ئەفراندنی گەردوون، دوای ئەوەی ژمارەی خوداکان لە زیادی دابوون دابوو، تووشی کارەساتی برسیەتی و ژیانی پڕ ئیش و بەبێ خۆشی، وەرس بووبوون. بۆیە سکاڵایان لەدەست ئەو ژیانە گەیاندە لای نمو (دایک کە گشت خوداکان لەوەوە بووبوون). نەمو (Nammu) بە ڕۆڵی خۆی سکاڵاکەی گەیاندە خودای ئینکی کوڕی. کە خودای ئاوەکانی گەردوون بوو. داوای لێکرد، بەندەیەک دروستبکا[68]، بۆ ئەوەی خزمەتی خوداکان بکا و خواردنیان بۆ ئامادە بکا. ئینکی بە دایکی گوت: کارەکە دەکرێ. ئەوەی لەسەر تۆیە تۆپەڵێ قوڕ لەناو ئاوی قووڵایی دەریا دەربێنێ، بۆ ئەوەی مرۆڤی لێ دروستبکرێ. دوای ئەوە ئێنکی بانگهێژی خوانێکی ناوازەی خوداکانی تری کرد، بۆ ئەوەی چۆن مرۆڤ دروستکەن. لەوکاتە خودای نینماخ (Ninimah) خانمی مەزن، پارچە قوڕەکە دێنێ، و شێوەی مرۆڤی دەداتێ. و ئێنکی بڕیاری چارەنووسی دەدا.[69]

یەکەم پیاوی سۆمەری ناوی (لولو) بوو. و ناوی یەکەم ژنیش (لولوە) بوو. ئەو ناوانە بەمانای با (هەوا) دێن. ناوی لولوە دواتر گۆڕا بۆ لیلیت.

---

[68] Kramer, Ibid. Pp. 68

[69] سهيل قاشا (٢٠٠٣) أثر الكتابات البابلية في مدونات التوراتية. الطبعة الأولى. بيسان للنشر و التوزيع. بيروت. ص ١٥٧، علي، د. فاضل عبدالواحد (١٩٩٦) من سومر إلى التوراة. الطبعة الثانية سيناء للنشر. ص ١٩٥

ئەفسانەی ئینکی و نەنخرساج لە بەهەشت، بنەڕەتی خودای سۆمەریە، بۆ ئادەم حەوا. خودای ئاو بلێمەتی لە ئەفسانەکانی سۆمەری ئێنکی[70]

مرۆڤی سەرەتایی، هێشتا نەیاندەزانی نان بخۆن
نەیاندەزانی جل لەبەرکەن
لەسەر دەست و پێ دەڕۆیشتن
هەروەک مەڕ گیایان دەخوارد
لە جۆگەش ئاویان دەخواردەوە.

شوێنەوارناسان لە شاری ئورک تابلۆیەکی قوڕیان دۆزیەوە، کە ناوی لیلیتی لەسەر بوو. ئەو تابلۆیە، دەگەڕایەوە بۆ ٢٠٠٠ ساڵ پ.س.ب. کەچی تا سەدەی حەوتەمی پ.س.ب، ئەو دیمەنەی گۆڕا. لە کەسایەتیەکی پیرۆز و سەرچاوەی ژیان، کرایە ژنێکی خراپەکار و تاریک و دژی ژیان [71].

[70] الماجدي، د. خزعل(٢٠١٨) أنبياء السومريون، كيف تحول عشرة ملوك سومريين إلى عشرة أنبياء توراتيين؟ ص ١٠٤
[71] هەمان سەرچاوە ل ١٧٦

# ئەفراندنی مرۆڤ لە ئەفسانەی بابلی

دوای دروستبوونی گەردوون و لە تابلۆی شەشەمی ئینوما ئێلیش خودای مەردۆخ بڕیاریدا مرۆڤ بئەفرێنن، تا خزمەتی خودا لە پەرستگا بکا. و خواردنیان لە لاشەی بەڵگێڕکراو بۆ دروستبکا. تا خوداکان تێر و حەساوەبن. ئایا پێشنیازی ئەوە دەکا، کە کنجۆ سەرکردەی لەشکری تیامات بوو. سەری ببڕن و خوێن و ئێسکی تێکەڵی قوڕ بکەن و مرۆڤی لێ دروستکەن.[72]

لە ئەفسانەی بابلی دا، هەندێ جیاوازی لە پڕۆسەی ئەفراندن دا هەیە. و هەرچەندە ناوەرۆکی پڕۆسەکە هەمان ناوەرۆکی پڕۆسەی ئەفراندنی سۆمەرییە، بەڵام لە ئەنجامی ماوەی پەرەسندنی مێژوویی، بیری مرۆڤیش گۆڕانی بەسەر داهاتووە. و توانیویەتی بە پێێ کولتووری سامی، پەرە بە هزری ئەفراندنی سۆمەری بدا. و لە ڕووی ووردەکارییەوە، پێشکەوتنێکی بەرچاوی تێدا بەدیبێنێ.

بەبێ ڕەچاوکردنی ووردەکاری لە داستانی ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی، دەتوانین لەیەکچوونی ئەفراندنی مرۆڤ لە سێ خاڵدا بدۆزینەوە:

١ مرۆڤ لە قوڕ دروستبووە (یان لە قوڕ و خوێن لە بابلی).

---

[72] Dhorme, Edouard (1949) The Religions of Babylonia and Assyria، ed ، PUF ،paris, Pp 306 - 307

٢ ئەفراندنی مرۆڤ مەبەست یا ئەنجام نەبووە، وەک تەواوکەری ئەفراندنی گەردوون. بەڵکوو ئەنجامی خەریکبوونی خودا بە کاروباری زەوی بوو. وەک پێویستیەک دیەویست خزمەتکارێک لەسەر زەوەی دروست بکا، کارە سەخت و کەمەرشکێنەکانی پێبکا.

٣ مرۆڤ بۆیە ئەفرێندرا تا ماندووبێ و پەرە بە بڕشت و خۆشیەکانی زەوی بدا. تا خودا لەبەریان بحەسێتەوە.[73]

ئەنجامی خوێندنەوەی پرۆسەی ئەفراندن لە ئەفسانەکانی بابل. بۆمان دەردەکەوێ کە دانیشتوانی میسۆپۆتامیا بەپێی مێژووی پەرەسەندن، ئەوانیش توانیویانە، پەرەسەندن لە ئایداکانی پێش خۆیان، بە ڕەچاوکردنی کولتووری نەتەوە، و ڕەگەز. ببێتە میراتێک بۆ نەوەکانی داهاتوو. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. و وەک گەواهییەکی حاشا هەڵنەگر، لە بیرکردنەوە و بەدیهێنانی شارستانیەتی دوارۆژیان.

ئەفسانەی لیلیت دواتر گۆڕانی بەسەرداهات. لەسەرەتادا ناوی لیلیت بە (هەوا) دەهات. دواتر لە زمانە سامییەکان ناوەکە، لە بنەڕەتدا ناوێکی نوێ بۆ داهێنرا، هەوا (حەوا). گشت ئاکارە چاکەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی گەلانی سامی درانە حەوا، وەک هاوسەری یەکەمی ئادەم بەپێی کولتووری سامی، بە نزمتر لە پیاو دانرا.

[73] علي، د. فاضل عبدالواحد (١٩٩٦) من سومر إلى توراة. سينا للنشر. ص ٩٧، الأستاذة سامية معوشي، دراسة مقارنة لأساطير خلق الكون والإنسان بين السومريين والبابليين. مجلة الحكمة للدراسات التاريخية، المجلد ١ ، العدد ١، جانفي ٢٠١٣ ص ٦٤ - ٧٤

به پێچەوانەوە لیلیتی سۆمەری، ناوەکەی لە مەزنی خودایەتی و دایکی مرۆڤایەتی با (هەوا) کرایە شەو (لیل). لەگەڵ ئەوەش گشت ئاکارە خراپەکانی پێ دران، هەر لە مۆتەکەی شەڕ، و نەخۆشی تا دەگاتە نەزۆککردن، و منداڵ کوشتن. بەو شێوەیە کەسایەتی بەرزی لیلیتی سۆمەری تێکشکێنرا. و دابەزێنرایە لەیلی سامی بە مانای تاریکی.[74]

ئینوما ئێلیش یان تیوری ئەفراندنی بابلی، دواتر سرووش دەداتە نووسەرە عیبرانیەکان، کە بتوانن ئەو دەقە دروستبکەن، کە ئێستا بە پەرتووکی ئەفراندن یا سەرەتای ژیان لە پەرتووکی پیرۆز (تەورات)دا ناسراوە.

بەر لە سەدەی نۆزدەهەمی س.ب، پەرتووکی پیرۆز بە کۆنترین پەرتووکی جیهان دادەنرا. و وا بیردەکرایەوە کە گێڕانەوەکانی بە تەواوی ڕەسەن بن. بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمی س.ب، مۆزەخانە ئەوروپییەکان و هەروەها دامەزراوە ئەکادیمی و دینیەکان، سپۆنسەری هەڵکۆڵینەکانیان لە میزۆپۆتامیا، بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی فیزیکی کرد. ئەوەش بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی چیرۆکەکانی ناو پەرتووکی پیرۆز بە پێی مێژوو. بەڵام ئەم هەڵکۆڵینانە، تەواو پێچەوانەکەیان دۆزیەوە، کاتی نووسینی میخی وەرگێڕدرا، تێگەیشتن کە ژمارەیەک گێڕانەوەی پەرتووکی پیرۆز لە بنەڕەتدا، هی ئەفسانەکانی میزۆپۆتامیا بوون.[75]

چیرۆکە بەناوبانگەکانی، وەک کەوتنی مرۆڤ و لافاوی گەورە، هەر لە سەرەتای کولتووری سۆمەری بیریان لێکرابووەوە، و نووسراونەتەوە، دوای ئەوانیش بابلیەکان وەریانگرتوون و

---

[74] دوای پەڕینەوەی چیرۆکی مرۆڤ، دەبینرێ چۆن کولتووری سامی لیلیتی گۆڕی لیل و ئاکاری خراپەو تاریکی دایە. و پیاوی بە بەرزتر و باشتر دانا. هەر ئەوەش دواتر شۆڕبووەوە، ناو پەرتووکە دینیەکان. و کۆتایی لە قورئان بە ناوی خودا، پیاو بە پلەیەک بەرزتر لە ژن دانرا. (ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ) النساء ٤: ٣٤

[75] Joshua J. Mark (2018) Enuma Elish - The Babylonian Epic of Creation

دەستکاریانکردوون. هەروەها لەلایەن ئاشوورییەکانەوە، دووبارە کاریان لەسەر کراوەتەوە. پێش ئەوەی لەلایەن نووسەرانی عیبری بۆ ئەو ڤێرژەنەی، کە لە پەرتووکی پیرۆزدا هاتووە بەکاربهێنرێن. هەرچەندە شێوەی بنەڕەتی گێڕانەوەی پەرتووکی پیرۆز و چیرۆکەکانی میزۆپۆتامیا لە نزیکەوە یەکدەگرنەوە، بەڵام هێشتا جیاوازییەکی بەرچاو هەیە. هەردوو سەرەتای ژیان و ئینوما ئێلیش دەقی دینین. کە وردەکارییەکانی سەرچاوە کولتوورییەکان دەخەنە ڕوو. و ئاهەنگیان بۆ دەگێڕن. سەرەتای ژیان باس لە سەرچاوە و دامەزراندنی گەلی جولەکە دەکات لە ژێر ڕێنمایی پەروەردگاردا. ئینوما ئێلیش سەرهەڵدان و دامەزراندنی بابل لە ژێر سەرکردایەتی خودا مەردوخ دەگێڕێتەوە.

لە هەر بەرهەمێکدا گێڕانەوەکە چیرۆکێکە، سەبارەت بە چۆنیەتی دروستبوونی گەردوون و مرۆڤ. هەر بەرهەمێک بە وێناکردنی گێژەنی ئاو، و تاریکیی سەرەتایی دەست پێدەکا. کە ڕۆژێک لە ڕۆژان گەردوونی پڕکردبوو. پاشان ڕووناکی دروست دەبێت بۆ ئەوەی جێگەی تاریکی بگرێتەوە .دواتر ئاسمانەکان دروست دەکرێن و تەنی ئاسمانی تێیاندا دادەنرێت.

لە کۆتاییدا مرۆڤ دروست دەبێت. سەرەڕای ئەم لێکچوونانە، ئەم دوو گێڕانەوانە، هێشتا جیاوازیان هەیە، کە بەستراوەتەوەب کولتووری کۆمەڵایەتی و مێژووی پەرەسەندنی. ناتوانرێ وەک دوو منداڵی جمک ببینرێن. باسی هەمان پرۆسە، بە شێوەی جیاواز دەکەن.

لە پێداچوونەوەی چیرۆکی ئەفراندنی میسۆپۆتامیا، نووسەرانی تەناخ لە گێڕانەوەی چیڕۆکەکانی ئەفراندن، بۆ ئامانجەکانی خۆیان، گۆڕەپانی چیڕۆکەکانیان تەسکترکردۆتەوە. و لە جیاتی هاوکاری و دژایەتی کۆمەڵێ خودا، یەک خودا هەیە، ئەویش (یەهوا)یە.

چەمکی خودا، بەهێزەکەی کاریگەر لەسەر ئەفراندن، (مەردوخ)ە، کە لە پەرتووکی (ئینۆما ئێلیش)دا، جیهان ڕێکدەخا و دەبێتە گەرەنتی بۆ بەردەوامی ژیان لەسەر زەوی.

مەردۆخ لە سەردەمی حامورابی (١٧٩٢-١٧٥٠ پ.س،ب) لە بابل ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا. و لە پەرستنیشدا جێگەی خودای بەناوبانگی ئینانا گرتەوە. ئەوەی ڕاستبێ لە سەردەمی حامورابی، کۆمەڵێک خودای مێینە، کە پێشتر بەناوبانگ بوون، خودا نێرەکان جێگەیان گرتنەوە. ئینۆما ئێلیشەکان کە ستایشی مەردوخیان دەکرد، وەک بەهێزترین خودا پیشانیان دەدا. بۆیە تا زیاتر بەناوبانگ دەبوو، گەشەکردنی دەسەڵاتی شارەکەشی (بابل) لە هەڵکشان دابوو. سەرهەڵدانی کولتوری مەردوخ، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سەرهەڵدانی سیاسی بابلەوە هەبوو. کە لە شار-دەوڵەتەوە بەرەو پایتەختی ئیمپراتۆریەتێکی مەزنی برد.

لە سەردەمی کاشیەکان، مەردوخ گرنگتر و مەزنتر بوو. لە داستانی ئەفراندنی بابلی دەتوانرێ بگوترێ، مەردوخ نەک هەر خودای هەموو خوداکان بوو، بگرە دواتریش زۆرێک لەوانەی دوای ئەو هاتن نەیان توانی، مەزنی ئەو ببەزێنن.

ئینۆما ئێلیش لە سەرانسەری میسۆپۆتامیا بە شێوەیەکی بەرفراوان دەخوێندرایەوە. بەڵام لە فێستیڤاڵی سەری ساڵ، لە بابل تایبەتیەکی گرنگی هەبوو .لەو فێستیڤاڵەدا، پەیکەری مەردوخ لە پەرستگا دەبردرا. و لە ناو ئاهەنگگێڕەکاندا، بە شەقامەکانی شاردا، لە دەروازەکانەوە، بۆ (پشوو) لە خانوویەکی بچووکدا، کە بۆ ئەم مەبەستە دروستکرابوو، پیشان دەدرا.

وا بیردەکرایەوە، ئینۆما ئێلیش، تایبەتە بە ستایشکردنی مەردۆخ، و دەقی تابلۆی حەوتەم، لەو ڕەوتی فێستیڤاڵەکە دەوترایەوە.

ئینۆما ئەلیش وەک بەرهەمێکی ئەفسانەیی نەمرە، بەڵام هەندێک لە زانایان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە لە سەردەمی خۆیدا، هەرچەندە بابل لەو مەزنیە دابوو، بەڵام هێشتا هەروەک شارێک دەبینرا. کە لەگەڵ نەریتەکانی ڕابردوودا دەکشێت، بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی نوێ و باشتر. بۆ نموونە دەبینین بابل لەگەڵ خاکی سۆمەری کۆن، و گشت شارە کۆنە بەهێز و بەناوبانگەکانیتر لە شەڕدابوو.

شەڕی لەگەڵ شارستانیەتی دایک و باوکی خۆیدا دەکرد. و ئەوەش پرسێکی زیندوو بوو، کە [بابل] بە ووردی ئاگاداری میراتگری خۆی و درێژەپێدەری شارستانیەتی سۆمەرییە.

بۆیە ڕەنگە بابل هەستی بە سەرکەوتنەکەی کردبێت - جا ئاگا یان نائاگا - بە جۆرێک لە جۆرەکان باوکی خۆکوژە. کەواتە چیرۆکەکە، تەنیا چیرۆکی گەورەیی، سەرکەوتنی بەسەر ئاژاوە و ڕووناکی، یا بەسەر تاریکیدا نییە. بەڵکو وەک مەتەڵێک لە سەرهەڵدانی بابل و کولتوری بابل بەسەر مۆدێلی شارستانی سۆمەری دابوو. بۆیە ئەگەر ناوەکانی چیرۆکی ئینوما ئێلیش جیاوازن لە ئەفراندنی سەرەتای گەردوون و ژیان. کەچی لە ناوەرۆکدا جیاوازییەکیان نییە.

لەوەش دەتوانرێت چیرۆکەکە، وێناکردنێک بێ. بۆ چمکی ژیان، وەک گۆڕانکارییەکی هەمیشەیی. خودا کۆنە ئیستاتیکەکانی ناو چیرۆکەکە لەناو دەچن. و خودا گەنجەکان و دینامیکە بەهێزەکان جێگەیان دەگرنەوە. کە دواتر لە ڕێگەی دروستکردنی بوونەوەرەکانی وەک مرۆڤ، کە ملکەچی مردنن، چمکی گۆڕانکاری بە گەردوون دەبەخشن.

ئەو بوونەوەرانە ئەرکیان ئەوەیە کە خزمەتی خوداکانیان بکەن. بۆ پاراستنی ئەفرێنەرەکانیان. و بۆیە هەرچەندە خۆیان هەتاهەتایی نین، بەڵام ڕۆڵێکی دانەبڕاو لە کاری نەمری خوداکان دەگێڕن.

## ئەفسانەی ئادەم و حەوا و شەیتان لای کەنعانیەکان

ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر کورتیش بێ باسی ئەفراندنی ئادەم و حەوا، لە ئەفسانەی کەنعانیەکانی کارێکی باشە. کە لەو ئەفسانەیە دا، حەوا وەک ئادەم لە قوڕ دروستکراوە.

خودای مەزنی کەنعانی ئێل لەگەڵ هاوسەرەکەی عەشیرا، لەسەر چیای ئارارات دەژیان. لە ناو باخێکی مێوی ترێدا. لەناوەڕاستی باخەکەدا، درەختی گەورەی ژیانی لێبوو.

خودای حۆروون، کە خودای خۆر (ڕۆژ) بوو، هیچ پەیوەندی بە بڕشت نەبوو. بەردەوام لە نێوان جیهانی سەرەوە، جیهانی گەرمی و ڕووناکی، و جیهانی خوارەوە وەک خودای مردن و دۆزەخ بوو. لەو کەتانەی لە جیهانی ژێرەوە بوو، پەیوەندی بە شەیتانەوە هەبوو. ئەو خودایە پلانی هەبوو بچێتە ناو باخەکانی ترێی ئێل و بەهەشتەکەی و سەخڵەتی بکا، بەوەی درەختی نەمری بگۆڕێ بۆ درەختی مردن. دوای ئەوەێ شێوەی خۆی گۆڕی بۆ مارێکی گەورە و دەیەویست بە دیوارەکانی باخ هەڵگەڕێ و بخزێتە ناو باخ، بەڵام ئێل لە پلانەکەی تێگەیشتبوو. و دەیگرێ و لەسەر شاخ فڕێی دەتا خوارەوە، بۆ سەر زەوی. لێرەوە حۆروون کە خودایەکی شکەستخواردوو بوو، خۆی گوڕی بۆ شەیتانێکی خراپەکار، لەسەر زەوی.

خودای ئێل خودای ئادەم دەنێرێ، بۆ ئەوەی شەیتان (حۆروون) بکوژێ، بەڵام حۆروون خۆی دەگوۆڕێتەوە سەر شێوەی مارێکی گەورە و بە ئادەم وەدەدا. و ژەهراوی دەکا.

خودای شەناش کە خودای خۆری کەنعانیە. و چارەسەری پێوەدانی ژەهری ماردەکا. و پەیوەندی بە خودای حۆروونەوە هەیە. ئەو خودایە ژنێک لە قوڕی باش دروست دەکا، بە ناوی حەوا. و بۆ لای ئادەمی ژەهرخواردووی دەنێرێ. لەبەر ئەوەی هەر خودایەک کە مار پێیەوە بدا ئیتر ناتوانێ نەمرێ. بۆ ئەوەی ئەو ژیانەی کە هەیەتی ئەگەر کورتیش بێ لە رێگای سێکس و زاوزێ ڕەچەڵەکی بەردەوام بێ. ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕەچەڵەکی ئادەم لە رێگای زاوزێوە بەردەوامە، نەک نەمری. [76]

## ئەفراندنی مرۆڤ لە تەورات

بەر لەوەی دەست بەم باسە بکرێ، دەبێ ئەوە بڵێین، لە کێشەی ئەفسانەی ئەفراندنی یەکەم مرۆڤ. لە قورئان و ئەدەبیاتی تری ئیسلام. تەنیا باسی ئادەم و حەوا کراوە. و بە هیچ شێوەیەک باسی هاوسەری یەکەمی ئادەم نەکراوە. هەر ئەوەشە کە دەگمەن لەناو خەڵکی وەک بەشێک لە ئەفسانەکانی دینی باسکراوە. ئەوکەسانەی کە دەشزانن لە رێگای ئەدەبی فێمینیزم، بەتایبەتی بزووتنەوەی ژنانی جولەکە باسکراوە.

بەپێی نووسراوەکانی ناو پەرتووکە دینیەکان، ئەوەی تائێستا سەبارەت بە دروستبوونی مرۆڤ نووسراە، سەرجەمی مرۆڤایەتی، لە ئادەم و حەوا زاوزێیان کردووە. سەرەڕای ئەوە دەبێ حەوا لە پەراسووی ئادەم دروستکرابێ. هەر ئەویش (حەوا) یەکەم جار لەلایەن

---

[76] الأستاذة سامية معوشي، دراسة مقارنة لأساطير خلق الكون والإنسان بين السومريين والبابليين. مجلة الحكمة للدراسات التاريخية، المجلد ١ ، العدد ١، جانفي ٢٠١٣ ص ٦٤ - ٧٤

شەیتان لە خشتەبراوە. و لە مێوەی درەختی ژیانی خواردووە. و دواتر دەرخواردی ئادەمیشی داوە. و دەبێتە هۆی وەدەرنانیان لە بەهەشت.

بەڵام ئەفسانەکە لێرە کۆتایی نایە. بەپێی سەرچاوەکانی جولەکە، دەبێ بەر لە حەوا ئادەم هاوسەری تری هەبووبێ. هەرچەندە ناوی هاوسەری یەکەم نەهێنراوە. و تەنیا ئاماژە بەوە دەکا. کە خودا هەردووکیانی لەسەر وێنەی خۆی دروستکردوون.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ١: ٢٦ - ٢٨

> (٢٧) خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی دروستکرد. لەسەر وێنەی خودی خۆی دروستی کرد. بە نێر و مێ دروستیکردن. (٢٨) خودا بڕشتی پێدان، و پێی فەرموون: بەبڕشت بن و زۆر بن و زەوی پڕکەن، و بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆتان. دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجوڵێتەوە.

هەرچەندە ناوی هاوسەری یەکەمی ئادەم، لەو دەقە ناهاتووە. بەڵام بە ڕوونی دیارە ئادەم و هاوسەری یەکەمی، وەک یەک و پێکەوە، لە هەمان تۆز و خۆڵ دروستکراون. و هەردووکیان یەکسانن، و هیچ کامیان، لەویتر بەرزتر نەبووە. بەڵام هەرگیز ئارامی و ئاشتی پێکەوەژیان لە نێوانیان دا نەبووە. لەبەر ئەوەی (لیلیت) بەوە ڕازی نەبوو، وەک ئادەم دەیویست، بکەوێتە ژێر ڕکێفی. و دەیگوت مادام ئێمە هەردووکمان، لە هەمان تۆز و خۆڵ دروستبووین. دەبێ لە ژیانیشدا یەکسان بین. [77] ئەو کارەش بۆ ئادەم سەخت بوو. بۆیە

[77] Rivlin, Lilly (Red) (1998) Wich Lilith? Feminist whriters re-create the world´s first woman. NJ, Janson Aranson.

پێکەوە بوونیان زۆر ناخایێنێ. و لیلیت وەک ژنێکی ئازاد و خاوەن کەسایەتی خۆی ئادەم بەجێدێڵێ.

دواتر ئەو باسە لەناو تەورات دووبارە نابێتەوە. لەجیاتی ئەوە لە دەقی دووەمی پەرتووکی ئەفراندن، چیرۆکێکی تر دەستپێدەکا. کە تا ئێستا وەک چیرۆکێکی دینی ناو دەقەکانی تەورات، ئینجیل و قورئان بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ٢: ٧

(٧) جا خودای پەروەردگار پیاوی لە خۆڵی زەوی دروستکرد. و بە فوو هەناسەی ژیانی کردە کونە لووتی. بەمەش پیاوەکە بووە گیانێکی زیندوو.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ٢: ٢١ - ٢٥

(٢١) لە ئەنجامدا خودای پەروەردگار پیاوەکەی خستە خەوێکی قووڵ. لەو کاتەی خەوتبوو، یەک لە پەراسووەکانی دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت پڕکردەوە .(٢٢) ئینجا خودای پەروەردگار ژنێکی لەو پەراسووە دروستکرد، کە لە پیاوەکەی وەرگرتبوو، جا بۆ پیاوەکەی هێنا.

(٢٣) پیاوەکە گوتی:

ئێستا ئەمە ئێسکێکە لە ئێسقانەکانم و گۆشتە لە گۆشتم. ئەمە بەحەوا (ئێڤا) ناودەبرێ. چونکە لە پیاوەوە وەرگیراوە.

بە بەراوردێکی نێوان دەقی یەکەم و دەقی دووەم بەڕوونی دەردەکەوێ کە ئادەم، بەر لە حەوا هاوسەری تری هەبووە. ئەو هاوسەرەی کێ بووە. چۆن بووە لە سەرجەمی پێنج پەرتووکەکانی تەورات باس نەکراوە. کەچی بۆ پرۆسەی ئەفراندن، چ لە ئەفسانەکانی کۆن یان لە ناو ئەفسانەکانی ناو دینە ئیبراهیمیەکان، دەبێ سەرچاوەی ئەو ئەفسانەیە

بدۆزرێتەوە. تا بتوانرێ سیما و ئاکارەکانی هاوسەری یەکەمی ئادەم، لە ناو پڕۆسەی پەرەسەندنی ئەفراندن لەگەڵ ئەفسانەکانی پێشتری ناوچەکە بەراورد بکرێ. و بەتایبەتی چارەسەرکردنی لە ڕوانگەی دینیەوە ساخ بکرێتەوە.

زۆر دواتر لە پەرتووکی نەبیەکان (الأنبياء) ناوی لیلیت دەدۆزینەوە.
لیلیت یەکەم جار، بە ناو لە ناو پەیمانی کۆن لە پەرتووکی ئیشایا بەدیارکەوتووە:

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئیشایا ٣٤: ١٤

(١٤) دڕندە بیابانییەکان و کەمتیار پێکدەگەن،
تەگە[78] بانگی هاوەڵەکانیان دەکەن،
لیلیت[79] لەوێ ئارام دەگرێ و
جێی حەوانەوە بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.

لە دەقەکانی تەورات هیچیتر باسی لیلیت ناکا، لە بەرامبەر ئەوە لەناو ئەدەبی لیتورگی جولەکە، لیلیت وەک ژنێکی یاخی ناوی دووبارە دەبێتەوە.

## ئەفراندنی مرۆڤ لە قورئان

لە قورئان لە چەند سورەتێکدا باسی ئەفراندنی مرۆڤ کراوە، بەڵام وەک بازنەیەک نەیتوانیووە لە سنووری تەورات دەربچێ. ئەویش بە شێوەی پچڕ پچڕ، کە سەری لە

---

[78] نێری، سابرێن
[79] لیلیت بە زمانی عیبری واتە کوندەپەپوی سپی، کە شەوانە لە گۆڕستان و شوێنی تاریک دەبینرێ.

ڕاڤەکاران شێواندووە. و ناچاریکردووەن، بۆ وەڵامە نادیارەکان، بگەڕێنەوە سەر دەقەکانی تەورات. تا  بتوانن کەلێنەکانی دەربڕینی قورئان پڕ بکەنەوە. ئەوەی کە دەکرێ ئەوەیە، کە ئایەتەکانی سەبارەت بە ئەفراندنی ئادەم و حەوا بکرێنە سێ هەنگاو:

- بەر لە ئەفراندنی ئادەم
- دوای ئەفراندنی ئادەم
- دروستکردنی حەوا

بەر لە ئەفراندنی ئادەم

سورة ص ٣٨: ٧١ - ٧٦

إِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقُۢ بَشَرٗا مِّن طِينٖ (٧١) فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ (٧٢) فَسَجَدَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمۡ أَجۡمَعُونَ (٧٣) إِلَّآ إِبۡلِيسَ ٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ (٧٤) قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ أَسۡتَكۡبَرۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡعَالِينَ (٧٥) قَالَ أَنَاْ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ (٧٦)

کە پەروەردگارت بە فریشتەکانی گوت، من مرۆڤ لە قوڕ دروستدەکەم (٧١). هەر کاتی ڕوخسارم پێیبەخشی و لە گیانی خۆم، فومپێداکرد، هەمووتان کرنۆشی بۆ بەرن.(٧٢) ئەوسا فریشتەکان گشتیان کرنۆشیان برد. (٧٣) تەنیا ئیبلیس نەبێ، خۆی بەگەورە زانی، و لە کافرەکان بوو .(٧٤) خودا گوتی ئەی ئیبلیس چی ڕێی لێگرتی، کە کرنۆش بەری بۆ ئەو شتەی خۆم درووستمکردووە، ئایا فیزت ڕێگەی نەداوی یان تۆ لە

پایەبەرزەکانی؟ (٧٥) گوتی من لە ئەو چاکترم، منت لە ئاگر دروووستکردووە، و ئەوت لە قورِ دروووستکردووە. (٧٦)

هەمان چمک سەبارەت بە بڕیاری خودا بۆ ئەفراندنی یەکەم مرۆڤ لە سورة البقرة ٢: ٣٠، سورة الحجر ١٥: ٢٨ – ٢٩، سورة ص ٣٨: ٧١ – ٧٢ دووبارە بۆتەوە. بەپێی ئەو ئایەتانە خودا دوای تەواوبوونی لە ئەفراندنی گەردوون و ئەفراندنی گیاندار و درەخت لەسەر زەوی، پلانی بۆ ئاوەدانکرنەوەی دانا، پلانەکەشی وەک هەواڵ بە فریشتان ڕاگەیاند.

دوای ئەفراندنی ئادەم

سورة الفرقان ٢٥: ٥٤

وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ مِنَ ٱلۡمَآءِ بَشَرٗا فَجَعَلَهُۥ نَسَبٗا وَصِهۡرٗاۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرٗا (٥٤)

هەر خۆیەتی لە تنۆکی ئاو، مرۆڤێکت ئەفراند. و کردیە ماکی تۆرەمە. و خزم پەیدابوون. پەروەردگارت هەموو کارێکی پێدەکرێ (٥٤)

سورة الحجر ١٥: ٢٦

وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ (٢٦)

ئێمە مرۆڤمان لە قوڕێکی ڕەشی بۆگەن دروستکرد. (٢٦)

چمکی دروستبوونی مرۆڤ لە سووڕەتەکانی، سورة الطارق ٨٦: ٥- ٧، سورة النحل ١٦: ٤، سورة مریم ١٩: ٦٧ ، سورة النساء ٤: ١ دووبارە بۆتەوە.

دواتر خودا ناوی شتەکان فێری ئادەم دەکا.

سورة البقرة ٢: ٣١ - ٣٢

وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمۡ عَلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِي بِأَسۡمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ (٣١) قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ (٣٢) قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئۡهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡۖ فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡ قَالَ أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ غَيۡبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَأَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا كُنتُمۡ تَكۡتُمُونَ (٣٣)

خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کرد. ئەوسا هەموو شتەکانی لەبەر فریشتەکان ڕانا و گوتی: ئەگەر ڕاست دەکەن ناوی ئەوانە هەڵدەن (٣١) گوتیان هەر تۆی لە کەموکووڕی بەدووری، ئێمە لەوەی تۆ فێربووین، زیاتر نازانین. هەر بۆخۆت زانا و کارزانی (٣٢) دەسا گوتی ئادەم: دەسا تۆ ناوی ئەو هەموو ئەوانەیان بۆ هەڵدە. کاتی ئادەم هەموو ناوێکی بۆ هەڵدان گوتی من بە ئێوەم گوت.. (٣٣)

## دروستکردنی حەوا لە جەستەی ئادەم

هەرچەندە لە کەلەپوور و ئەدەبیاتی میللی ئیسلام بەردەوام دەڵێن، حەوا لە پەراسووی ئادەم دروستکراوە، کەچی لە ئایەتەکانی قورئان، ناوی پەراسوو نابا، بەڵکوو تەنیا دەڵێ لە جەستەی ئادەم دروستکراوە.

القرآن الكريم – سورة الأعراف ٧: ١٨٩

هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَجَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا لِيَسۡكُنَ إِلَيۡهَاۖ فَلَمَّا تَغَشَّىٰهَا حَمَلَتۡ حَمۡلًا خَفِيفٗا فَمَرَّتۡ بِهِۦۖ فَلَمَّآ أَثۡقَلَت دَّعَوَا ٱللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنۡ ءَاتَيۡتَنَا صَٰلِحٗا لَّنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ (١٨٩)

هەر خۆی ئێوەی لە یەك کەس (ئادەم) وەدیهێناوە، ژنەکەشی هەر لە ماکی ئەو پێکهێنا، بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بژیێ، وەکاتی (ئادەم) لەگەڵ (حەوا) سەرجێیکرد، دووگیان بوو، بە بارێکی سووك، ماوەیەک پێیەوە گەڕا، کە هەستی بە باری گرانی کرد، هەردووکیان لە خودا پاڕانەوە: ئەگەر منداڵێکی باشمان پێ ببەخشی، ئەوا لە سوپاسگوزارەکان دەبین (١٨٩)

الطبرسي دەڵێ: ژنی لە ئەو ئەفراند، یا حەوای لە پەراسووێک لە پەراسووەکانی ئادەم دروستکرد.[80]

لە هیچ ئایەتێکی قورئان باسی ئەوە ناکا کە حەوا لە پەراسووی ئادەم دروستکرابێ. کەچی زۆربەی ڕاڤەکارانی ئیسلام لەو باوەڕەدان کە حەوا لە پەراسووی ئادەم دروستکراوە. و تێگەیشتنیان لەسەر پێگای ژن لە کۆمەڵدا لەسەر ناوەرۆکی سووڕەتەکانیتری قورئان داڕشتووە. لەلایەکیتر بۆ پشتڕاستکردنەوەی، کە حەوا لە پەراسووی ئادەم دروست بووبێ. پشتیان بە دەقی پەیمانی کۆن - پەرتووکی ئەفراندن بەستووە. بە واتایەکیتر هەمان شتیان دووبارەکردۆتەوە.[81]

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٢: ٢١ - ٢٢

(٢١) لە ئەنجامدا خودای پەروەردگار، پیاوەکەی خستە خەوێکی قووڵەوە. کاتێک خەوتبوو، یەکێک لە پەراسووەکانی دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت

---

[80] الطبرسي، أمين الدين، تفسير جوامع الجامع ١: ٣٣ تصحيح أبو قاسم گرجى ، الطبعة الثانية . جامعة طهران ١٩٨٨/١٣٦٧

[81] Korpel, Mario C.A and Tohmas de Moor (2014) Adam, Eve and the Devil. A new Geginning. Shettield Phenix Press.

بۆ پڕکردەوە. (٢٢) ئینجا خودای پەروەردگار ژنێکی لەو پەراسووە بەدیهێنا کە لە پیاوەکەی وەرگرتبوو، جا بۆ پیاوەکەی هێنا.

# له پاشاکانی سۆمەر، بۆ نەبیەکانی دینی ئیبراهیمی

ئەوەی بۆ لێتۆژینەوە، جێگای ەکی گرنگی هەیە، لە گۆڕەپانی پێشکەوتنی هەڵکۆڵین و ساخکردنەوەی میسۆپۆتامیا. ئاشکرابووە، کە نەبیەکانی دینە ئیبراهیمیەکان، لە بنەڕەتدا لە لیستی پاشاکانی سۆمەری وەرگیراون. لەو باسەدا هەوڵ دەدرێ، تا دەکرێ تاوتوێ بکرێ.

## دینەکانی ئیبراهیم لە ئادەمەوە تا نوح

لە پەیمانی کۆن - پەرتووکی ئەفراندن، نەبیەکانی دینە ئیبراهیمیەکان، لە ئادەمەوە تا دەگاتە هەڵسانی لافاو ٩ نەبین و دەیەم نەبی نوح نەتەوکەی لە لافاو ڕزگاردەکا.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ٥: ١- ٣١

لە ئادەمەوە هەتا نوح

(١) ئەمە تۆماری نەوەکانی ئادەمە.

ئەو ڕۆژەی خودا مرۆڤی بەدیهێنا، لەسەر شێوەی خودا دروستی کرد .

(٢) به نێر و مێ بەدیهێنان و بەرەکەتداری کردن. ئەو ڕۆژەی بەدیهێنان ناوی لێنان (مرۆڤ).

(٣) کاتێک ئادەم تەمەنی سەد و سی ساڵ بوو، کوڕێکی بوو لە وێنەی خۆی و لە خۆی دەچوو، ناوی لێنا شیت .

(٤) دوای لەدایکبوونی شیت، ئادەم هەشت سەد ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .

(٥) هەموو تەمەنی ئادەم نۆ سەد و سی ساڵ بوو، ئیتر مرد.

(٦) کاتێک شیت تەمەنی سەد و پێنج ساڵ بوو، ئەنۆش لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .

(٧) دوای لەدایکبوونی ئەنۆش، شیت هەشت سەد و حەوت ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .

(٨) هەموو تەمەنی شیت نۆ سەد و دوازدە ساڵ بوو، ئیتر مرد.

(٩) کاتێک ئەنۆش تەمەنی نەوەد ساڵ بوو، قێنان لە نەوەی ئەو لەدایکبوو.

(١٠) دوای لەدایکبوونی قێنان، ئەنۆش هەشت سەد و پازدە ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .

(١١) هەموو تەمەنی ئەنۆش نۆ سەد و پێنج ساڵ بوو، ئیتر مرد.

(١٢) کاتێک قێنان تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، مەهلەلئێل لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .

(١٣) دوای لەدایکبوونی مەهلەلئێل، قێنان هەشت سەد و چل ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .

(١٤) هەموو تەمەنی قێنان نۆ سەد و دە ساڵ بوو، ئیتر مرد.

(١٥) کاتێک مەهلەلئێل تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو، یارەد لە نەوەی ئەو لەدایکبوو.

(١٦) دوای لەدایکبوونی یارەد، مەهلەلئێل هەشت سەد و سی ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .

(١٧) هەموو تەمەنی مەهلەلئێل هەشت سەد و نەوەد و پێنج ساڵ بوو، ئیتر مرد.

(١٨) کاتێک یارەد تەمەنی سەد و شەست و دوو ساڵ بوو، حەنۆخ لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .

(١٩) دوای لەدایکبوونی حەنۆخ، یارەد هەشت سەد ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .

(٢٠) هەموو تەمەنی یارەد نۆ سەد و شەست و دوو ساڵ بوو، ئیتر مرد.

(٢١) کاتێک حەنۆخ تەمەنی شەست و پێنج ساڵ بوو، مەتوشالح لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .

(٢٢) دوای ئەوەی حەنۆخ مەتوشالحی بوو، سێ سەد ساڵ دۆستایەتی خودای کرد، هەروەها کوڕ و کچی دیکەشی بوو .

(٢٣) ئیتر هەموو ماوەی ژیانی حەنۆخ سێ سەد و شەست و پێنج ساڵ بوو.

(٢٤) حەنۆخ دۆستی خودا بوو، ئیتر کەس نەیبینییەوە، چونکە خودا بردییەوە لای خۆی.

(٢٥) کاتێک مەتوشالح تەمەنی سەد و هەشتا و حەوت ساڵ بوو، لامەخ لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .

(٢٦) دوای لەدایکبوونی لامەخ، مەتوشالح حەوت سەد و هەشتا و دوو ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

(٢٧) هەموو تەمەنی مەتوشالح نۆ سەد و شەست و نۆ ساڵ بوو، ئیتر مرد.
(٢٨) کاتێک لامەخ تەمەنی سەد و هەشتا و دوو ساڵ بوو، کوڕێکی بوو .
(٢٩) ناوی لێنا نوح، گوتی: ئەمە لە کار و ماندووبوونی دەستمان دڵنەواییمان دەکات، کە لەو زەوییە دەیچێژین یەزدان نەفرەتی لێ کردووە.
(٣٠) دوای لەدایکبوونی نوح، لامەخ پێنج سەد و نەوەد و پێنج ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو .
(٣١) هەموو تەمەنی لامەخ حەوت سەد و حەفتا و حەوت ساڵ بوو، ئیتر مرد.
(٣٢) دوای ئەوەی نوح تەمەنی پێنج سەد ساڵ بوو، سام و حام و یافەتی بوو.

ئەوە لیستی نەبیەکانی تەوراتن کە ئێستا هەرسێ دینە ئیبراهیمیەکان، وەک سەرچاوەی دین، و کلیلی گەیشتنە خودا دەیانبینن.  هەرچەندە لە ناو دەقەکانی قورئان، تەنیا باسی سێ نەبی دەکا. ئەوانیش ئادەم لە ٢٥ ئایەت ناوی هاتووە، ئیدریس (أخنوع) لە دوو ئایەت و نوحیش لە ٤٣ ئایەت ناوی هاتووە.

بەڵام با لێرە وازیان لێبێنین. و بۆ تاوێکیش بێ بە قووڵایی مێژووی گەلانی پێشین و ئەفسانەکانیان دا شۆڕبینەوە. و دواتر بەراوردێک بکەین.

# پاشاکانی سۆمەری بەپێی نووسینی مێخی

لە ئەفسانەی شارستانی سۆمەریش بەو شێوەیە دەست پێدەکا: لەو دەمەی تەختی پاشایەتی لە ئاسمان دابەزی و یەکەم پاشا (ئەلولیم) بووە پاشا، تا دەگاتە لافاوەگەورەکە دەبنە ٨ پاشا و نۆیەمیان (زیوسودرا)یە، کە نەتەوەکەی لە لافاو ڕزگاردەکا و تەختی پاشایەتی دەباتە کیش.

لیستی پاشاکانی سۆمەری بەڵگەنامەیەکی گرنگی کرۆنۆگرافییە، لە میزۆپۆتامیای کۆن. تۆماری ناوی یەک لە دوای یەکی، چەند شاری تێدایە. کە سومەریەکان بۆ ماوەی درێژخایەن فەرمانڕەواییان تێداکردوون. و ئەو پاشایانەی کە لەو شارانە بوونەتە فەرمانڕەوا، و لەگەڵ ماوەی دەسەڵاتیان. لیستەکە لە ڕابردووی ئەفسانەیی دوورەوە دەست پێدەکا، کە پاشایەتی لە ئاسمانەوە دابەزیووە. فەرمانڕەواکانی سەرەتاییترین بنەماڵەی خانەدانن، و فەرمانڕەوایی ماوەیەکی درێژخایەنی خەیاڵیان کردووە.

ئەو پاشایانە،کە لە پێکهاتە ئەدەبییە سۆمەریەکان و بابلییەکانیشەوە ناسراون، زۆریان کەسایەتی خەیاڵین. ئەو دەسەڵاتدارە مێژووییانە، بە نووسراوە شاهانەییەکانیان، گەواهی فەرمانڕەواییان دەسەلمێنرێ. لیستی پاشاکان، بە سەردەمی فەرمانڕەوایەکی میزۆپۆتامیا کۆتایی دێ. کە پێدەچێ سەردەمی نووسەر یان سەرنوسەری لیستەکەبن.

تا ئێستا دوو لێکدانەوە و ڕاڤەی، لیستی پاشایانی سۆمەریمان لەبەردەست دان. یەکەمیان لیستی یاکوبسێن و دووەمیان لیستی بلوندێل. ئەو دوو لیستە ئەگەر جیاوازی کەم لە شێوەی تۆمارکردنی ناوی پاشاکان و شارەکانیشدا هەن، کەچی جیاوازیەکانیان ئەوەندە نین. و بەڵگەی مێژووی گرنگن.

کاتی سەردەمی ئەفسانە تێدەپەڕێ، و لیستەکە دەست بە فەرمانڕەوا مێژووییەکان دەکا، درێژایی هەر فەرمانڕەواییەک شێوەیەکی ڕیالیسانەتر وەردەگرێ. ئەوەش لە پاشا سین ماگیر (King Sin-magir ) لە بنەماڵەی ئیسین (Isin dynasty) (نزیکەی ١٨٢٧-١٨١٧ پ.س.ب) درێژەی هەیە. بە مانایەکیتر لیستی پاشاکانی سۆمەری بە دوو قۆناخی ئەفسانەیی و مێژوویی دا تێدەپەڕی.

ئەو کاتەی فەرمانڕەوایی میسۆپۆتامیا، لەلایەن خوداکانەوە دیاری کراوە. تەنیا لە یەک شار، و لە کاتێکی دیاریکراو، و بۆ ماوەیەکی دیاریکراودا دەتوانرا ببێتە فەرمانڕەوا. بەم شێوەیە فەرمانڕەواکانی شاری ئیسین (the city of Isin) خۆیان وەک جێنشینی مافی شانشینی زلهێزی ڕابردوو ڕەوایی پێدا[82].

لەلایەکیتر سەبارەت بە درێژی لە ڕادەبەدەری، ماوەی فەرمانڕەوایی پاشاکانی سۆمەری. دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە زمانی سۆمەری ووشەی سار (Sar) بۆ ئەو مەبەستە بەکارهاتووە، کە گریمانەی زۆر بە هێز هەیە، مەبەست لە ووشەی سار، ڕۆژ بێ. کە تا سەردەمی یۆنانیەکانیش ساڵێک بە ٣٦٠ ڕۆژ دادەنرا. بۆیە دەکرێ ژمارەی تەمەنی پاشاکان دابەشی سەر ٣٦٠ یا ڕاستتر ٣٦٥ بکرێ. بەو کارەش تەمەنەکانیان لەگەڵ تەمەنی نەبیەکانی

[82] https://www.ashmolean.org/sumerian-king-list

تەورات لەیەک نزیک دەبنەوە، لەبەر ئەوەی نووسەرانی تەورات سوودێکی زۆریان، بۆ تۆمارکردنی ناو و تەمەنی نەبیەکانیان، لەو لیستە وەرگرتووە.[83]

## تابلۆی پاشاکانی سۆمەری

دەقی نووسینی سەر تابلۆی سۆمەری، سەبارەت بە لیستی پاشایانی پێش لافاو، بەپێی لێکدانەوەی تۆرکیلد یاکوبسێن (Torkild Jacobsen) (١٩٠٤ – ١٩٩٣)، بەم شێوەی خوارەوەیە:

١ کاتی پاشایەتیی لە ئاسمان دابەزی،

٢ پاشایەتی لە ئێریدو (Eridu) بوو.

٣ لە ئێریدو ئەلولیم (Alulim) بووە پاشا.

٤ بۆ ماوەی ٢٨٠٠٠ ساڵ پاشایەتیکرد.

٥ ئەلالگار (Alal´gar) ٣٦٠٠٠ ساڵ پاشایەتیکرد.

٦ دوو پاشا،

٧ ٦٤٨٠٠ ساڵ فەرمانڕەواییانکرد.

---

[83] Cook, Jno (2016) Recovering the lost world. Vol. 1, Sumerian press

.

٨ ئیریدو کەوت.

٩ پاشایەتی گواسترایەوە باد تیبیرا (Bad tibira).

١٠ گواسترایەوە

١١ لە باد تیبیرا, ئێن مێن لو ئاننا (en-men-lu-anna)

١٢ ٤٣٢٠٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد.

١٣ ئێن مێم گاڵ ئاننا (En-men-gal-anna)

١٤ ٢٨٨٠٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد.

١٥ دوموزی سیپا (Dumu-zi-sipa) ٣٦٠٠٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد.

١٦ سێ پاشا

١٧ ١٠٨٠٠٠ ساڵ فەرمانڕەواییانکرد.

١٨ باد تێبیرا کەوت.

١٩ پاشایەتی بۆ لاراک (Larak) [84]گواسترایەوە.

٢٠ لە لاراک، ئێن سیپا زید ئاننا (En-sipa-zid-anna)

٢١ ٢٨٨٠٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد.

٢٢ یەک پاشا

٢٣ ماوەی فەرمانڕەوایی ٢٨٨٠٠ ساڵ بوو.

٢٤ لاراک کەوت.

٢٥ پاشایەتی بۆ سیپار (Sippar) گواسترایەوە.

٢٦ گواسترایەوەیەک پاشا فەرمانڕەواییکرد

٢٧ لە سیپار، ئێن مێن دور ئاننا (En-men-dur-anna)،

٢٨ بووە پاشا و ٢١٠٠٠ ساڵ فەرمانڕەوابوو.

٢٩ یەک پاشا ٢١٠٠٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد.

---

[84] ناوی لاراک، دەبێ مەبەستی شاری لارسا بێ، کە لە دۆکومێنتەکانی تری سۆمەری هاتووە.

٣٠ سیپار کەوت.

٣١ پاشایەتی بۆ شوروپاک (Shuruppak) گواسترایەوە.

٣٢ لە شوروپاک ئوبەر توتو (Ubar-Tutu)

٣٣ بووە پاشا و ١٨٠٠٠ ساڵ فەرەمانڕەوابوو.

٣٤ یەک پاشا.

٣٥ ماوەی فەرمانڕەوایی ١٨٠٠٠ ساڵ بوو.

٣٦ پێنج شار.

٣٧ هەشت پاشا.

٣٨ فەرمانڕەواییان ٢٤١٢٠٠ ساڵ بوو.

٣٩ لافاو هات.

٤٠ دوای هاتنی لافاو.

٤١ پاشایەتی ئاسمان کەوت.

٤٢ پاشایەتی لە کیش (Kish) بوو.

٤٣ لە کیش گا - ئور (Ga-ur).

٤٣ بووە پاشا.

٤٥ بۆ ماوەی ١٢٠٠ ساڵ فەرمانڕەوابوو.[85]

[85] Jacobsen, Thorkild (1939) The sumerian king list. Pp. 69 - 75

لیستی پاشاکانی سۆمەر، بەپێی یاکوبسێن (لەسەرەوە) بە شێوەی ئەم خشتەی خوارەوەیە:

| ژمارە | ناوی پاشا | بە تیپی لاتینی | سار (sar) | ماوەی پاشایەتی |
|---|---|---|---|---|
| یەکەمین فەرمانڕەوای پاشایەتی لە شاری ئێردو دامەزرا | | | | |
| ١ | ئەلولیم | Alulim | ٨ سار | ٢٨٨٠٠ساڵ |
| ٢ | ئەلالگار | Alalgar[86] | ١٠سار | ٣٦٠٠٠ساڵ |
| ئێردو کەوت و فەرمانڕەوایی گواسترایەوە باد تیبرا | | | | |
| ٣ | ئێن مێن لو ئانا | Enmen lu ana | ١٢ سار | ٤٣٢٠٠ساڵ |
| ٤ | ئێن مێن گال ئانا | Enmen gal ana | ٨ سار | ٢٨٨٠٠ساڵ |
| ٥ | دوموزید شوان | Dumu zid The Shepherd | ١٠سار | ٣٦٠٠٠ساڵ |
| باد تیبرا کەوت و فەرمانڕەوایی گواسترایەوە بۆ لارسا | | | | |
| ٦ | ئێن سیپاد زید انا | En sipad zid ana | ٨سار | ٢٨٨٠٠ |
| لارسا کەوت و فەرمانڕەوایی گواسترایەوە بۆ سیپار | | | | |
| ٧ | ئێن مێن دور ئانا | En men dur ana[87] | ٥ سار ٥ نیر | ٢١٠٠٠ ساڵ |
| سیپار کەوت و فەرمانڕەوایی گواسترایەوە بۆ شوروپاک | | | | |
| ٨ | ئوبار توتو | Abara Tutu | ٥ سار ١ نیر | ١٨٦٠٠ ساڵ |
| ٩ | زیوسودرا | Zi u sud ra | | |

86 Langdon, S (1923) The Weld-Blundellcollection. Vol. II .Pp. 8 -21
87 Lambert, Wilfred G, Babylonian oracle questions. Pp. 4.

# لیستی پاشاکانی سۆمەر بەرامبەر نەبیەکانی تەورات

بەراوردێک لە نێوان لیستی یاکوبسێن لەگەڵ نەبیەکانی تەورات هەر لە ئادەمەوە تا دەگاتە نوح:

| | پاشای سۆمەری | تیپی لاتینی | نەبی تەورات | تیپی لاتینی | تەمەنی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەلولیم | Alulim | ئادەم | Adam | ٩٣٠ساڵ |
| ٢ | ئەلالگار | Alalgar | شیت | Seth | ٩١٢ساڵ |
| ٣ | ئێن مێن لو ئانا | En men lu anna | ئینوخ | Enos | ٩٠٥ساڵ |
| ٤ | ئێن مێن گال ئانا | En men gal ana | قێنان | Kenan | ٩١٠ساڵ |
| ٥ | دومو زی شوان | Dumu zi the shepherd | مهلالیل | Mahalalel | ٧٩٥ساڵ |
| ٦ | ئێن سیپاد زید ئانا | En sipad zid ana | ژارێد | Jared | ٩١٢ساڵ |
| ٧ | ئێن مێن دور ئانا | En men dur ana | ئێنوخ | Enoch | ٣٦٥ساڵ |
| ٨ | ئابارا توتو | Abara Tutu | میتوشالح | Methuselah | ٩٦٩ساڵ |
| ٩ | زیوسودرا | Zi u sud ra | لامک | Lamech | ٧٧٧ساڵ |
| | | | نوح | Noah | ٩٥٠ساڵ |

له لیستی پاشاکانی سۆمەر، دوای نیشتنەوەی لافاو، گا-ئور لە شاری کیش بووە پاشا. بە بەراورد لەگەڵ پاشاکانی بەر لە لافاو، تەمەنی فەرمانڕەوایی زۆر کورترە (١٢٠٠ ساڵ). ئەو دیاردەیەش بە ڕوونی لە تەمەنی نەبیەکانی تەوراتیش دیارە. بە هەمان شێوە لە ئادەمەوە تا دەگاتە نوح، تەمەنیا درێژە، کەچی دوای لافەوەکە و نەوەی دوای نوح، بە بەراورد تەمەنیان کورتتر دەبێتەوە. سام کوڕی نوح پێنج سەد ساڵ ژیا. هەرچەندە ئەو تەمەنەش لۆژیکی نییە!!

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ١١: ١٠ - ١١

(١٠) ئەمانەش نەوەکانی سامن.

دوو ساڵ لەدوای لافاوەکە، ئەوکاتە سام تەمەنی سەد ساڵ بوو، ئەرپەکشاد لە نەوەی ئەو لەدایکبوو .(١١) دوای لەدایکبوونی ئەرپەکشاد، سام پێنج سەد ساڵ ژیا، کوڕ و کچی دیکەشی بوو.

## لیستی پاشاکانی سۆمەری بلوندێل

لیستی دووەم، لیستی هێربێرت وێلد بلۆندێلە (Herbert Weld- Blundell).(١٨٥٢ - ١٩٣٥) ئەو لیستە ووردەکاری زیاتری تێدایە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پارچە گڵینەی پریسمی لیستەکەی لەسەرە، پڕ ووردەکاریترە.

ئەو پریسمە لە گەشتێکی شوێنەوارناسی، ساڵی ١٩٢٢دا لە لارسا میسۆپۆتامیا (ئێراقی مۆدێرن)، لەلایەن شوێنەوارنسێکی بەریتانی بە ناوی (هێربێرت وێلد بلوندێل) دۆزرایەوە. و

تا ئێستا لە مۆزەخانەی ئەشمۆلین لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بە ژمارەی (AN1923.444) هەڵگیراوە.

لیستی پاشاکانی سۆمەری دیمەنی سیاسی سەردەمی برۆنزی ناوەڕاست دەخاتە ڕوو. ئەو لیستە بریتییە لە تۆماری بنەماڵە خانەدانەکانی سۆمەری. هەرچەندە ئەو بەڵگەنامەیە، لەسەر درێژی ماوەی فەرمانڕەوایی پاشاکانی سۆمەر گومان دروستدەکا. بەڵگەنامەیەکی تێکەڵاوە لە نێوان ئەفسانە و زانیاری مێژوویی. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگە. لەبەر ئەوەی دینە ئیبراهیمیەکان سوودی زۆریان، بۆ تۆمارکردنی ڕەچەڵەکی ئادەم و نەوەکانی لێوەرگرتوو. جا ئەگەر ئەو دۆکومێنتە تەنیا جێی گومان بێ، ئەوە ناوەرۆکی پەرتووکە پیرۆزەکانی دینە ئیبراهیمییەکان. سەرتاپای کۆپییەکی دەسکاریکراوی ئەو لیستەیە.

ئەوەی ڕاستی بێ، لیستی وێلد بلوندێل دوو ڤێرژەنە. ڤێرژەنی یەکەم، بریتییە لە لیستێکی بنەڕەتی و سەرەتایی، کە ژمارەی پاشاکان بە هەندێک جیاوازی کەم لە نووسیەوەیان، لەگەڵ لیستی یاکوبسێن وەک یەکن. بەڵام لە ڤێرژەنی دووەم، بەدواداچوونی قووڵتری بۆکراوە. و ژمارەی پاشاکانی پێش لافاو بۆتە١٢ پاشا. هەرچەندە ناوی ئەو سێ پاشایەی کە تازە هاتوونەتە ناو لیستەکە، لە هیچ بەڵگەنامەیەکیتر دا نەهاتوون.

ڤێرژەنی یەکەم: لیستی بنەڕەتی وێلد - بلوندێل

| ژمارە | ناوی پاشا | بە لاتینی | ماوەی پاشایەتی | شار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئابۆلیم | Aboulim | ٦٧٢٠٠ | ئێریدو |
| ٢ | ئالاگار | Alagar | ٧٢٠٠٠ | ئێریدو |
| ٣ | ئێن مێن لو ئانا | En men lu anna | ٢١٧٠٠ | باد تیبیرا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | ئێن مێن گال ئاننا | En men gal anna | -------- | باد تیبیرا |
| ٥ | دوموز | Doumeuzi | -------- | باد تیبیرا |
| ٦ | ئێنسیپا زی ئاننا | Ensipa zi anna | ٣٦٠٠٠ | لاراک |
| ٧ | ئێن مێن دور ئاننا | En men dur anna | ٧٢٠٠٠ | سیپار |
| ٨ | ئوبار توتو | Ubar Tutu | ٢٨٨٠٠ | شوروپاک |
| ٩ | زیوسودرا | Zi u sud ra | ٣٦٠٠٠ | شوروپاک |

دواتر وێلد بلوندێل پێداچوونەوەی لەسەر پریسمی لیستی پاشاکانی سۆمەری کردەوە. لە ڤێرژەنی دووەم، ناوی سێ پاشای( لیدۆ ئن نو، ئەلیم مامو هەروەها سوکەر لام) زیاد کردووە. لێرەدا دەبێ ئاماژە بە دوو خاڵ بکرێ.

ڤێرژەنی دووەم: ئەو لیستە، پێداچوونەوەی لەسەرکراوە. و سێ پاشای لێ زیادبووە

| ژمارە | ناوی پاشا | ناوی بە لاتینی | ماوەی پاشایەتی | شار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئابۆلیم | Aboulim | ٦٧٢٠٠ ساڵ | ئێریدو |
| ٢ | ئالاگار | Alagar | ٧٢٠٠٠ ساڵ | ئێریدو |
| ٣ | کیدو  ئون نو | Ki du un nu | ٧٢٠٠٠ ساڵ | لارسا |
| ٤ | ئا لیم مامو | A Lim mamu | ٢١٠٠٠ ساڵ | لارسا |
| ٥ | ئێن مێن لو ئاننا | En men lu anna | ٢١٦٠٠ساڵ | باد تیبرا |
| ٦ | ئێن مێن گال ئاننا | En men gal anna | ------------- | باد تیبرا |
| ٧ | دوموزی | Doumuzi | ------------- | باد تیبرا |
| ٨ | ئیسپاز ئاننا | En sip zi anna | ٣٦٠٠٠ ساڵ | لاراک |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٩ | ئێن مێن دور ئاننا (ئێنکی) | En men dur anna | ٧٢٠٠٠ ساڵ | سیپار |
| ١٠ | ئوبار توتو | Ubar Tutu | ------------- | شوروپاک |
| ١١ | سوکەر لام | Su kar lam | ------------- | سوکەرلام[88] |
| ١٢ | زیو سودرا | Zi u sud ra | ------------ | نامکورو(Namkurru)[89] |

یەکەم ئەو سێ پاشایە ژمارە ١٠ تا ١٢ لە هیچ دۆکومێنتێکی تر نادۆزرێنەوە.

دووەم پاشای ژمارە ١١ سوکەر لام، هەم ناوی پاشایە و هەم ناوی شارە.

[88] ناوی شوروپاک بە (سوکەرلام)یش دەخوێندرێتەوە.

[89] نەمکورو نیشانەیە بۆ سیگوراتی (پەرستگای) دورئانکی.



ئەم پریسمە گڵینەیە یەکێکە لە تۆمارە گرنگەکانی میزۆپۆتامیای کۆن. هەریەک لە چوار لاکە بە دوو ستوونی ڕێنووسی مێخیی (وەک چەقۆ) نووسراوە کە زمانی سۆمەری تۆمار دەکات.

لە بەڵگەنامەکەدا لیستێکی یەک لە دوای یەک لە شارەکانی سۆمەر و ناوچەکانی دەوروبەری و فەرمانڕەواکانیان و درێژایی دەسەڵاتەکانیان خراوەتەڕوو. چەندین ڤێرژەنی لیستی پاشاکانی سۆمەری ماونەتەوە، بەڵام ئەم ڤێرژەنە دیمەنی فراوانترین و هەروەها تەواوترینیانە.

Herbert Weld- Blundell prism

لیستەکە مێژوو نییە، وەک ئەوەی لێی تێدەگەین، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە ئەفسانەی دێرین و زانیاری مێژوویی.

لیستی پاشاکان لە سەرەتادا وەک ئەفسانەی پاشایەتی بەوە دەست پێدەکا کە (پاشایەتی لە ئاسمانەوە دابەزیووە). لەو سەردەمەدا پاشاکان فەرمانڕەوایی درێژخایەنی خەیاڵیان کردووە. بەڵام دوای نیشتنەوەی لافاوەکە. ماوەی فەرمانڕەواییش کورتتر دەبێتەوە.

ئەوەش بابەتی بەرهەمە سەرەکییەکانی دیکەی ئەدەبیاتی مێسۆپۆتامیایە. کە بە هەمان شێوە لە پەیمانی کۆن دووبارە بۆتەوە. لەو چیرۆکەدا ئادەم لە بەهەشت دەرکراوە. و دوای ١٠ نەوە دەگاتە ئەفسانەی لافاوی نوح.[90]

لە قورئان تەنیا ناوی ئادەم، ئیدریس و نوح هاتووە:

ئادەم ٢٥ جار ناوی دووبارە بۆتەوە

ئیدریس ٢ جار

نوح ٤٣ جار

ئەوەش یەک مانای هەیە، کە نووسەری قورئان لە ڕێگای کەلەپووری فۆلکلۆری جولەکە و کریستیانی ئەو ناوانەی بیستوون. بۆیە ئەوانەی کەمتر باسکراون، لێیان بێ ئاگابووە.

---

[90] SUMERIAN KING LIST | Ashmolean Museum

# مەرگ و جیهانی ژێرەوە

لە دینەکاندا چارەنووسی مرۆڤ، بە ویستی خودا بەستراوەتەوە، ئەوەش لە هەردوو پەرتووکی تەورات و قورئان دەربڕاوە.

لە دینەکان دا، گشت ژیانی مرۆڤ هەر لە چرکەساتی لەدایکبوونەوە تا مردن، بەدەستی خودایە. ئەو دەربڕینەش، بە ڕاشکاوی لە تەورات و قورئان بەدیٔ دەکریٔ. چارەنووسی ژیان و دوارۆژی مرۆڤ، پێشوەخت بڕیاری خودای لەسەردراوە.

لە تەورات چاکە بەرامبەری خودا و گوێڕایەڵی، چارەنووسی مرۆڤ دیاردەکا.

پەیمانی کۆن – یەکەم پاشایان ١٤: ١١ – ١٣

(١١) هەرکەسێکی یارۆڤعام لەناو شار بمریٔ سەگ دەیخوا و هەرکەسێکیش لە دەشتودەر بمریٔ باڵندەی ئاسمان دەیخوا. ئەوە فەرمایشتی خودایە!
(١٢) تۆش هەستە و بگەڕێوە ماڵەکەت، کە پیٔ دەخەیتە ناو شار کوڕەکەت دەمریٔ. (١٣) هەموو ئیسرائیلیش شیوەنی بۆ دەگێڕن و دەینێژن، چونکە تەنیا ئەو لە نەوەی یارۆڤعام دەچێتە ناو گۆڕ، لەبەر ئەوەی خودای پەروەردگاری ئیسرائیل لە هەموو بنەماڵەی یارۆڤعام تەنیا لە ئەودا چاکەی بینی.

خەلکی کۆنی میسۆپۆتامیا باوەڕیان وابوو، مەرگ کۆتایی هەر مرۆڤێکە. نەمری تەنیا بۆ خوداکان بووە. مرۆڤ هەرچەندە هێز و دەستەڵاتی هەبێ، ئەمرۆ یان سبەی تەمەنی کۆتایی دێ. و ژیانی دووبارە نابێتەوە.

لە داستانی گلگامێش ئەو شتەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە، کە دانیشتوانی میسۆپۆتامیا باوەڕیان بەوە هەبووە کە مرۆڤ بونەوەرێکی نەمر نییە. پاڵەوانی داستانی گلگامێش، دوای ئەوەی نەیتوانی نەمری بەدەست بێنێ، لە کۆتاییدا خۆی دایە دەستی چارەنووس.[91]

لە باوەڕی سۆمەری، و دواتریش بابلی بە مانای گومبوونی مرۆڤ نایە. بەڵکوو بریتییە، لە جیابوونەوەی گیان لە جەستە. باوەڕیان وابوو، جەستە لە گۆڕ دەگیرسێتەوە، کەچی گیان دادەبەزێتە جیهانی ژێرەوە، جیهانی مردووان. کە سۆمەریەکان پێیان دەگوت کور (Kur) کە لەوێ هەتاهەتایە دەمایەوە. بەمانایەکیتر، باوەڕیان بە هەڵسانەوە نەبوو.

لە دینی جولەکە، مەرگی مرۆڤ بریتییە لە جیابوونەوەی گیان لە جەستە. بەو مانایەش جەستە دەمرێ بەڵام گیان، بە شێوەیەکیتر یان لە جەستەیەکتر بەردەوام دەبێ. هەروەک تەورات سەبارەت بە مردنی ڕاحێل، بنیامین بەردەوام دەبێ.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ٣٥: ١٦ – ١٨
مردنی ڕاحێل و ئیسحاق

> (١٦) ئینجا لە بێت‌ئێلەوە بەڕێکەوتن. کاتێک ماوەیەکی کەمیان مابوو بگەنە ئەفرات، ڕاحێل کەوتە سەر منداڵبوون، منداڵبوونێکی دژوار. (١٧) ئەوە بوو

---

[91] علي، د. فاضل عبدالواحد (١٩٩٦) من سومر إلى التوراة. الطبعة الثانية سيناء للنشر. ص ٢٦٦

له کاتی منداڵبوونەکەی، مامانەکە پێی گوت: مەترسە، چونکە ئەمەش کوڕێکی دیکەتە. (١٨) ئەوە بوو لەگەڵ دواهەناسەی، لەبەر ئەوەی دەمرد، کوڕەکەی ناونا بەنئۆنی. بەڵام باوکی ناوی لێنا بنیامین.

پێشینانی میسۆپۆتامیا باوەڕیان وابوو، کە پەیوەندی نێوان گیانی مردوو و لە جیهانی ژێرەوە (کور) و جەستەی لە ناو گۆڕ هەر بەردەوام دەبێ. مانەوەی جەستە بێ جولان، لە جیهانی خوارەوە، ئارامی بە گیان دەبەخشێ. بەڵام بە پێچەوانەوە، تێکدانی گۆڕ و شێواندنی ئێسک و پرووسکەکانی، گیان نائارام دەکەن، و ئازار دەکێشێ. بۆیە باوەڕیان وابوو کە پێویستە مردوو بشاردرێتەوە. هەروەها ئامادەبوونی خەڵکی نزیک، بە نەریتی پاڕانەوە و نزاکردن بۆگیانی مردوو کۆتایی بێن. کەچی بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو نەریتە پەیڕەو نەکەن، گیانی مردوو لە جیهانی ژێرەوە ئارام ناگرێ و ئازار دەچێژێ.[92]

ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییە، لە یاسای شەڕ و سووکایەتی بە گۆڕی مردووکردن، یەکێکە لە شێوەکانی تۆڵە سەندنەوە. و وایکردووە، ببێتە نەریتێکی باو هەر لە سەردەمە کۆنەکان، وەک تۆڵە، دژی دوژمن پەیڕەوبکرێ. بۆ نموونە، دەبینین ئاشوربانیپاڵ سەبارەت بە عیلامیە دوژمنەکانی دەڵێ:

تاڵانم کردن و چوومە دەرەوە کاتێک گۆڕی پاشا دێرین و کۆچکردووەکانیانم لەبەر خۆر داخست، کە لە ستەمی گەورەم، خودای ئاشوور و خودای ئیشتار نەترسان. و پاشاکانی باوکانمیان هەراسانکرد. و دڵەڕاوکێیان خستە گیانیان. و لە خەمی پێشکەشکردنی خواردن و وەرگرتنی ئاو[93]

[92] Heidel A The Gilgamesh Epic and old Testement parallels. Pp. 137 - 223.
[93] Heidel, The Gilgamesh Epic and old Testement parallels. Pp. 156 – 157;

لە تەوراتیش ئەو گۆتەیەی ئاشوور بانیپاڵ بەناوی خودا دووبارە دەبێتەوە.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی یەکەم پاشایان ١٤: ١٠

(١٠) لەبەر ئەوە، بنەماڵەی یارۆڤعام تووشی کارەسات دەکەم. و هەموو نێرینەیەکی کۆیلە یان ئازادی یارۆڤعام لە ئیسرائیل بنبڕ دەکەم، پاشماوەی بنەماڵەی یارۆڤعام دەسووتێنم، هەروەک چۆن تەپاڵە هەتا تەواو دەبێت دەسووتێنرێت.

لە هەمان کاتدا لە پەیمانی کۆن، داود نێردراوێک بۆ لای پیاوانی یاڤیش گعاد دەنێرێ کە چاکەیان لەگەڵ کردووە و شاولی باوکیان شاردۆتەوە.

پەیمانی کۆن - سامۆئیلی دووەم ٢: ٥

(٥) داودیش چەند نێردراوێکی بۆ لای پیاوانی یاڤێش گلعاد نارد بۆ ئەوەی پێیان بڵێن: با خودا بڕشتتان بداتێ، کە ئەم چاکەیەتان لەگەڵ گەورەتان، لەگەڵ شاولدا کردووە و ناشتووتانە.

شاردنەوەی مردوو لە کولتووری میسۆپۆتامیا، ئەرکێکی زۆر گرنگ و پیرۆز بووە. بە پێچەوانەوە، ئەگەر مردوو نەشاردرابایەوە، باوەڕ وابوو کە گیانی ئارام ناگرێ. و وەک تارمایی

---

Kramer, (1960) Death and Nether World. Acording to the Sumerian Liberary texts. Iraq. XXII. Pp. 59 + 68

دەگەڕێتەوە جیهانی زیندوان. و لە کۆڵانان دەسووڕێتەوە. قوڕ و پاشەڕۆکی خوراکی فڕێدراو دەخوا. و ئاوی پیس دەخواتەوە. و دەبێتە هۆی ئازار و نەخۆشی.[94]

هەروەها گەورەترین سزاش دەخرێتە سەر مرۆڤ، کاتی لاشەی مردوو لە دەشت، بەبێ شاردنەوە فڕێ دەدا. بۆ ئەوەش سەیری پەرەگرافی ٥٣ لە یاسای ئاشوری بکە. کە دەڵێ:

> ئەگەر ژنێک بەرهەمی منداڵدانی (رحم) فڕێدا. و ئەو تاوانەی لەسەر سەلمێندرا. ئەو ژنە فڕێدەدرێ و ناشاردرێتەوە. [95]

لە تەورات و ڕەفتاری نەبیەکانی تێدەگەین، کە خراپەکارانی دەرەوەی یاساکانی خودا (خودانەناس) ناشاردرێنەوە، لاشەیان فڕێ دەدرێ. وەک ئاماژەیەک بۆ تووڕەیی خودا، بەرامبەریان. بە پێچەوانەوە شاردنەوەی خوداناسان ئەرکێکی دینیە. ئەوەش نموونەیەک، سەبارەت بە نەبی یەشوع چۆن ڕەفتار لەگەڵ عای دەکا.

پەیمانی کۆن - پەرتووکی یەشوع ٨: ٢٨ - ٢٩

> (٢٨) ئینجا یەشوع، عایی سووتاند و کردییە گردێکی وێرانی هەتاهەتایی، هەتا ئەمڕۆش هەروا ماوەتەوە. (٢٩) هەروەها لاشەی پاشای عایی هەتا ئێوارە لەسەر دار هەڵواسی، لە کاتی ئاوابوونی خۆر، یەشوع فەرمانی دا و لاشەکەیان هێنا خوارەوە. و لەبەردەم دەروازەی شارەکە فڕێیان دا و کۆمەڵە بەردێکی گەورەیان لەسەر کەڵەکە کرد کە هەتا ئەمڕۆ ماوەتەوە.

---

[94] The Assyrian Dictionary. Vol. 4. Pp. 397 - 401
[95] Driver and Miles(1935) The Assyrian Laws. Pp. 42

قورئانیش، لە دوو ئایەت، بە ڕاشکاوی، ئاماژە بە شاردنەوەی مردوو دەکا. کە یەکەمیان سەبارەت بە چیرۆکی هابیل و قابیلە. کە چەند بەخەمی ئەوە بووە لاشەی براکەی گووم بکا، لەبەر گرنگی و پیرۆزی شاردنەوەی مردوو، خودا قەلەڕەشێکی ناردووە تا نیشانی بدا، چۆن لاشەی براکەی لە گۆڕنێ.

سورة المائدة ٥: ٣١

فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا يَبۡحَثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُرِيَهُۥ كَيۡفَ يُوَٰرِي سَوۡءَةَ أَخِيهِۚ قَالَ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِثۡلَ هَٰذَا ٱلۡغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوۡءَةَ أَخِيۖ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ (٣١)

جا خودا قەلەڕەشکێکی نارد کە زەوی هەڵدەکۆڵی بۆ ئەوەی پێی نیشاندا، چۆن ڵاشەی براکەی بشارێتەوە: گوتی: ئەی خۆمرۆ، ئایا من نەمتوانی وەکو ئەم قەلەڕەشە بکەم و لاشەی براکەم بشارمەوە. جا بوو بە یەکێك لە پەشیمانەکان (٣١)

لەو ئایەتەش دەبینین چۆن لە دروستبوون تا مردن، ئینجا بە لە گۆڕنان کۆتایی پێ هێناوە. بەو مانایەی چۆن دینەکان، ئەو پیرۆزییەی کولتووری میسۆپۆتامیان وەرگرتووە، بە ئەرکێکی خودایی لەسەری بەردەوام بووین. پەیمانی کۆن یەکەم، و دواتر بۆ قورئان شۆڕبۆتەوە.

سورة عبس ٨٠: ٢١

مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ (١٨) مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ (١٩) ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ (٢٠) ثُمَّ أَمَاتَهُۥ فَأَقۡبَرَهُۥ (٢١)

له چی دروستی کردووه (١٨) له دڵۆپێ ئاو وەدیهێناو، چارەنووسیشی دیاری کرد (١٩) پاشان ڕێگەشی بۆ خۆشکرد، پێدابڕوا (٢٠) ئەسا مراندی و له گۆڕی نا. (٢١)

قورئان هەروەک تەورات، ڕێچکەی نەریتەکانی بابلی و ئاشووری گرتووە. له گشت بوارەکانی ژیان و کۆمەڵایەتی، دووبارەی هەمان ڕێبازیان کردووە. و تەنیا نەریتە کۆنەکانی میسۆپۆتامیایامن کرۆونەتە، فەرمانێکی خودایی.

# باخەکانی بەهەشتی ونبوو

لە قورئان بە ئاشکرا باس لە عەدن دەکا. کە ڕەگی لە ئێدین (Edin) ی سۆمەرییەوە هاتووە.

سورة التوبة ٩: ٧٢

وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ (٧٢)

خودا بەڵێنی بە پیاوان و ژنانی باوەڕدار داوە، بە باخاتێك خەڵاتیان دەکا، کە جۆباریان بەبەردا دەڕۆن، و هەمیشە تیایدا دەمێننەوە، چەندین خانووی نایاب لە ناو باخەکانی عەدن دا بۆ داناون، و ڕەزای خوداش، کە لە هەمووی گەورەترە، ئەوەیە دەسکەوتنی مەزن. (٧٢)

لە قورئان باسی بەهەشت دەکا. کە جۆباری ئاوی سازگاریان بەبەر دادەڕۆن.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٢: ١٠ - ١٤

(١٠) ڕووبارێک لە ئێدەنەوە هەڵدەقوڵا و لەبەری دەڕۆیشت بۆ ئاودانی باخچەکە، لەوێوە جیا بووەوە و بووە چوار لق :(١١) ناوی یەکەمیان پیشۆنە کە بە هەر چوار لای هەموو زەوی حەڤیلادایە، کە زێڕی لێیە .(١٢) زێڕی ئەو زەوییە چاکە، هەروەها سرێشی داری بۆن خۆش و

بەردی عاشقبەندیشی لێیە .(١٣) ناوی ڕووباری دووەمیان گیحۆنە، کە بە شێوەی پێچاوپێچ بە هەموو خاکی کوشدا دەڕوا. (١٤) ناوی ڕووباری سێیەم دجلەیە، ئەمیش بە ڕۆژهەڵاتی شاری ئەشووردا دەڕوا. ڕووباری چوارەمیش فوراتە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە لە هەردوو تەورات و قورئان ناوی بەهەشت بە ئێدین دەبا، کە ڕیشەی لە ئەفسانەی سۆمەری هاتووە. بۆ نموونە ناوی ئێدن لە سۆمەری (Edin)، بە مانای (دەشت، و زەوی کشتوکاڵی بەرفراوان) دێ.

ئەو ووشەیە (Edin) لە ناو دەقەکانی سۆمەری لە سەردەمی پاشایانی سێیەم (دەوروبەری ٢٤٥٠ پ.س.ب) تۆمارکراوە. کە مەبەستی دەشتایی کە دەکەوێتە باشووری شاری ئەوما (جوخە) ڕۆژئاوای شاری لاگش.[96]

ئەو ناوچەیە هۆکاری ناکۆکی و ململانێی ئەو دوو شارە بووە. کە بە ڕاشکاوی لە بەڵگەنامەکانی سۆمەری هاتووە. کە یەک لە میرەکانی لاگش بوو. [97]

لە تەورات وا دادەنێ کە باخی ئێدن دەکەوێتە باشووری میسۆپۆتامیا. واتەووڵاتی سۆمەر. بەو مانایەی ڕووبارەکانی دیجلە، کە لە سۆمەری بە (Idigna) و بە عیبری بە (Hiddekel) حیدێکێل ناو دەبرا. و فورات دوو لەو چوار ڕووبارەن، کە بە باخچەی ئێدن دا ڕەتدەبن. دوو ڕووباری تریش پیشون (Pishon) و جیحون (Gihon) بەڵام نازانین کەوتوونتە کوێ. ئەوەی گرنگە دوا ڕووبار بە سەرتاسەری خاکی کوش (Kush) دا ڕەتدەبێ. ئەوە بەپێی

[96] Jacobson (1969) A survey of the Girsu Telloh Region, Sumer. XXV. Pp. 169
[97] Kramer (1959) History Begins at Sumer. Pp. 80 - 88

تەورات. ووشەی کوش ڕەنگە مەبەستی ووڵاتی کاشیەکان بێ (Kassites) کە بنەماڵەی سێیەمی بابلیان لە میسۆپۆتامیا دامەزراند.[98]

ناوی ئێدن کە لەناوی (Idigna)ی سۆمەری وەرگیراوە، دەیسەلمێنێ بیرۆکەی بەهەشت لای سۆمەریەکان نامۆ نەبووە.کە دەکەوێتە باشووری ووڵاتیان.

ئێمە تا ئاستێکی باش، بەدەق لافاوی سۆمەری ئاشناین، کە خودا گیانی نەمری دایە زیوسودرا (Ziusudra) بەرامبەر بەوەی ڕەچەڵەکی مرۆڤ لە نەمان ڕزگار بکا. لە شوێنێکی قەراخی دەریا، لە ڕۆژهەلاتی دیلمون (Dilmun) داینا. زۆربەی توێژەران لەسەر ئەو ڕایەن کە ئەو شوێنە، دیلمون، ووڵاتی (بەحرێن)ی ئێستایە.[99]

لە چیرۆکی ئێنکی و نینخرسال. گۆڕەپانی بەسەرهاتەکان لە (دیلمون)ە. کە سۆمەریەکان بە بەهەشتیان دادەنا. دیلمون خاکێکی پاک و ڕووناکە، و خودای ئێنکی خۆشیدەویست، و لە ژێر چاوەدێری خۆیدابوو. ئاوی سازگاری بۆ ڕاکێشابوو. لە بیرەکانی ئاوی شیرینی هەڵدێنجا. و لە قەراخی ئاوەکانی بەندەری بۆ شارستانی ووڵات دروستکردبوون. ووڵاتێک دانیشتوانی نەیاندەزانی نەخۆشی چییە؟

لە دیلمون کۆترەکە هیچ هاوارێکی نەدەکرد،
باڵندەی کۆتر گۆرانی باڵندەی کۆتری نەخوێند،

[98] Speiser (1962) Mesopotamian Motives in early chapters of Genesis. Expedition. VOL. 51/1. Pp. 18

[99] فاضل، عبدالواحد علي. الطوفان، في المراجع السمارية. طبع على نفقة رئاسة جامعة بغداد. ص ١٩، ٢٤

شێر ڕاوی کەس ناکا.
گورگ بەرخ ناڕفێنێ،
نەزانراوە سەگی دڕ منداڵ بکوژێ،
نەزانراوە بەراز دانەوێڵە وێرانکا،
ئەوەی چاوی دەردی هەبێ، ناڵێ: چاوم ژان دەکا.
کەسێ سەر یەشەی لێبێ ناڵێ: سەرم ژانەکا.
پیرەژنەکەی (دیڵمون) ناڵێ: من پیرەژنم،
پیرە مێردەکەش ناڵێ: من پیرە مێردم.[100]

بەپێی ئەو تابلۆیە، دیلمون خاکێکە، دانیشتوانی نازانن نەخۆشی چییە. بە دڵنیایەوە خاکی نەمریە. لەو خاکەدا خوداکان دەژین و زیوسودراش کە ژیانی هەتاهەتایی پێ بەخشرا. لەوێ نیشتەجێبوو. بۆ هەتاهەتایە ژیان لە دیلمون بەسەردەبا.

ئەو دیمەنەی بەهەشتی سۆمەری (دیلمۆن) ڕەنگدانەوەی لە دەقەکانی تەورات دەبینرێ. کە بەهەشت لە بەر ئاشتی و ئارامی تا بگرە گیاندار یش پارێزراون. و هەست بە دڵنیایی دەکەن. [101]

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئیشایا ٦١: ٨ - ١١
(٨) چونکە من کە پەروەردگارم، دادپەروەریم خۆشدەوێت،
ڕقم لە دزی و بەدکارییە پێکەوە.

[100] Kramer (1961) Sumerian mythology. Pp. 54
[101] علي، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الى التوراة. الطبعة الثانية سينا للنشر ص٢٠٢

به دڵسۆزییەوە پاداشتی خۆیان دەدەمێ و
پەیمانێکی هەتاهەتاییان لەگەڵدا دەبەستم.
(٩) توخمیان لەناو نەتەوەکان دەناسرێن و
وەچەشیان لەناو گەلاندا.
هەموو ئەوانەی دەیانبینن دانی پێدا دەنێن
کە ئەوان گەلێکن خودا بڕشتی پێداون.
(١٠) بە شادی دڵشاد دەبم بە خودا،
گیانم بە خودای خۆم شادمان دەبێت،
چونکە بەرگی ڕزگاری لەبەرکردم،
کەوای ڕاستودروستی بەسەر شانمدا دا،
وەک زاوایەک کە سەری خۆی لەسەر شێوەی کاهین بڕازێنێتەوە
یان بووکێک بە خشڵ خۆی جوان بکات.
(١١) چونکە وەک زەوی کە چەکەرەی ڕووەکی خۆی دەردەخا و
وەک باخچە کە چێنراوەکانی دەڕوێنێت، ئاواش خودای باڵادەست
ڕاستودروستی و ستایش لەبەردەم هەموو نەتەوەکان دەڕوێنێ.

پەیمانی کۆن - پەرتووکی ئەفراندن ٢: ٨ - ١٧

(٨) ئینجا خودای پەروەردگار باخچەیەکی لە ئەدەن، لە ڕۆژهەڵاتدا چاند. لەوێش پیاوەکەی دانا کە ئەفراندبووی (٩) خودای پەروەردگار هەموو ئەو جۆرە درەختانەی کە لەبەرچاو جوان بوون و بۆ خواردن خۆش بوون لە زەویدا گەشەی پێکرد. درەختی ژیانیش لەناوەڕاستی باخچەکەدا بوو، هەروەها درەختی زانینی چاکە و خراپە.

(١٠) ڕووبارێک لە ئێدەنەوە هەڵدەقوڵا و لەبەری دەڕۆیشت بۆ ئاودانی باخچەکە، لەوێوە جیا بووەوە و بووە چوار لق :(١١) ناوی یەکەمیان پیشۆنە کە بە هەر چوار لای هەموو زەوی حەڤیلادایە، کە زێڕی لێیە .(١٢) زێڕی ئەو زەوییە چاکە، هەروەها سرێشی داری بۆن خۆش و بەردی عاشقبەندیشی لێیە .(١٣) ناوی ڕووباری دووەمیان گیحۆنە، کە بە شێوەی پێچاوپێچ بە هەموو خاکی کوشدا دەڕوا. (١٤) ناوی ڕووباری سێیەم دجلەیە، ئەمیش بە ڕۆژهەڵاتی شاری ئەشووردا دەڕوا. ڕووباری چوارەمیش فوراتە.

(١٥) خودای پەروەردگار پیاوەکەی هێنا و لە باخی عەدەن[102] داینا، بۆ ئیشی جوتیاری و بایەخ پێدانی .(١٦) خودای پەروەردگار فەرمانی بە پیاوەکە دا و فەرمووی: تۆ ئازادی لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆی، (١٧) بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆی، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆی بێگومان دەمری.

بەرزترین دیاردەی، کە تەورات سەبارەت بە بەهەشت باسدەکا، بوونی ڕووبار و درەختی زانین و درەختی ژیانە. ئەگەر ڕەچاوی درەختی زانین بکەین، بە دڵنیاییەوە شتێکی وا لە خۆیەوە نییە. لە هونەری میسۆپۆتامیا، گرنگی ئاو، و درەختی ژیان، هێمان بۆ ژیان. زۆر پەیکەری سۆمەریمان لەبەر دەستە، کە خودا بەهەردوو دەستی گۆزەیەکی (إناء) گرتووە، کە بە خوڕ لە شێوەی جۆگە ئاوی لێدەڕژێ.[103] هەروەها تابلۆی هونەری بە شێوەی درەختی ژیان کە هێمای گەشانەوە و بڕشتە. ئەوەش لە پەرتووکە دینییەکانی ئیبراهیمی

[102] Garden of Eden
[103] Parrot, (1970) Sumerian Art. A Mentor – Unesco Art Book. fig 301, 339

ناڕاستەوخۆ دووبارە بوونەتەوە.[104] گرنگترین تابلۆی هونەری کە سەرنجی لێتۆژەرەوانی ڕاکێشابێ، تابلۆیەکە لە کۆشکی پاشا زمریکم لە شاری ماری، لە سەدەی هەژدەمی پ.س.ب. کە لە ناوەڕاستی تابلۆکە، لە چوارچێوەیەکی لاکێشە دوو کەسی پیرۆز نیشانەی، فەرمانڕەوایی لە خودای ئیشتار وەردەگرن. دوای ئەوە دیمەنی دوو خودای تر، کە لە دوای ئەوان وەستاون. و هەریەک جامێکیان بەدەستەوەیە، بەدەستەکە تریان ئاو دەپرژێنن.



لەلایەکی ناوەڕاستی دیمەنەکە درەختی ژیان بەرزبۆتەوە. ئەوانە لە پێش درەختی ژیان وەستاون، و پاسەوانی دەکەن.[105]

دیمەنی ئەو تابلۆیە و گیاندارە ئەفسانەییەکانی کە پاسەوانی لە درەختە بەرزەکان دەکەن، مرۆڤ دەزانێ مەبەستی باخی ئێدنە. و هەمان دیمەن لە پەرتووکە دینییەکان، بە ناوی خودا ڕەنگی داوەترەوە.

---

[104] Ibid Tree of life. Pp. 359

[105] Strommenger, Eva (1964) The Art of Mesopotamia. PI. XXIX. London Fig. 165

پرسیارەکە لەوەدایە، ئایا ئەو لەیەکچوونە شتێکی ڕێکەوتە؟ یان بەڵگەیە بۆ ئەوەی هێزو توانای ئەفسانەی سۆمەریەکان سەبارەت بە بەهەشت، کاریگەری لە سەر تەورات هەبێ.

ئێستا خاڵێکیتر، سەبارەت بە فیردەوسی ئیدن دێتە گۆڕێ. کە تا ئێستاش پێویستی بە لێکدانەوە هەیە. ئەویش پرسی حەوایە. کە بە پێی دەقی تەورات لە پەراسووی ئادەم دروستبووە.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ٢: ٢١ – ٢٣

(٢١) لە ئەنجامدا خودای پەروەردگار پیاوەکەی خستە خەوێکی قووڵەوە. کاتێک خەوتبوو، یەکێک لە پەراسووەکانی دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت بۆ پڕکردەوە .(٢٢) ئینجا خودای پەروەردگار ئافرەتێکی لەو پەراسووە بنیاد نا کە لە پیاوەکەی وەرگرتبوو، جا بۆ پیاوەکەی هێنا.

(٢٣)  پیاوەکە گوتی:

ئێستا ئەمە ئێسکێکە لە ئێسقانەکانم و

گۆشتە لە گۆشتم.

ئەمە ناودەبردرێت بە ژن

چونکە لە پیاوەوە وەرگیراوە.

باشە بۆ لە پەراسووی دروستکرد، نەک لە ئۆرگانێکیتری جەستەی؟ ئەگەر کەمکردنەوەی بەهای ژن نەبێ، لە دینە ئیبراهیمیەکان. لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ئەو ئەفسانەیە، چیرۆکێکە لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی سۆمەری. بەڵام لە دینە ئیبراهیمیەکان، دووبارە بە فۆرمێک داڕشتراوەتەوە،  کە لەگەڵ کولتووری جولەکە بگونجێ.

له ئەفسانەی سۆمەری، سەبارەت بە ئەفسانەی چیرۆکی ئێنکی و نینخورساگ ( Enki and Ninhursag).
نینخورساگ خودای دایک لە ناو کێڵگەی خۆی درەختی دەچاندن. [106]

خودای سۆمەری ئێنکی ئاوی سازگاری بۆ دیلمون ڕاکێشا، خودای دایک نیخورساگ لە کێڵگەی خۆی درەختی ڕواندن و گەشەیانکرد. (هەرچەندە لە دەقی سۆمەری دەڵێ خودای نینخورساگ ئەو ڕووەکانەی ئەفراندن) دوای ئەوەی سێ نەوە لە خودای مێینەی بوون، کەچی لە منداڵبووندا، هەستی بە هیچ ژان نەکرد.

ئەفسانە سۆمەریەکە دەڵێ: ڕووەکەکان سەرنجی خودای ئێنکیان ڕاکێشا. لەکاتی نینخورساگ ئاگای لێنەبوو. لە خاک دەریکێشان و یەک دوای یەک دەیخواردن.

ئەوکارەی ئێنکی، بووە هۆی تووڕەیی نینخورساگ. و داوای کرد جەستەی تووشی هەشت نەخۆشی بێ. بە هۆی ئەوە، برسیەتی بێ سنوور بڵاوبووەوە. لەوکاتەدا خودایەکی تر هات بۆ ڕزگارکردنی. دوای مشتومڕ خودای نینخورساگ بەوە ڕازیبوو. ئێنکی لەو نەخۆشیانە ڕزگاربێ. بۆ ئەوە هەشت خودای ئەفراندن، هەریەک چارەسەری نەخۆشیەکی بکا.[107]

با لێرەوە بووەستین. کاتی ئەفسانەی سۆمەری دەڵێ: خودای دایک نینخورساگ لە دیلمون منداڵی بەبێ ژان و ئازار دەبوون. ئەوەش بەرامبەر بەو نەفرەتەی خودایە، کە بۆ حەوای

---

[106] Michael, Jordan (2002) Encyclopedia of Gods. Kyle Cathie Limited.
[107] علي، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الى التوراة. الطبعة الثانية سينا للنشر ص٢٠٣

نارد. کاتی یاخی بوو. و لە درەختی ژیانی خوارد. بەو هۆیەوە برسیەتی و ماندووبوونی لە چارە نووسرا.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ٣: ١٦

(١٦)  بە ژنەکەشی فەرموو:
ئازاری سکپڕیت زۆر زیاتر دەکەم،
بە ژانەوە منداڵت دەبێت.
ئارەزووت بۆ پیاوەکەت دەبێت و
ئەویش بەسەرتدا زاڵ دەبێت.
لێرەدا لێکچوونێکی زۆر لە نێوان خواردنی ڕووەک لەلایەن ئێنکی و تووشی نەخۆشی بوونی. بە بەراوەرد لەگەڵ تەورات و خواردنی بەرهەمی قەدەخە.[108]

سەبارەت بە حەواش. لە زمانی عیبری، دوو بۆچوونی بنەڕەتی هەن. یەکەمیان ناوی حەوا لە زمانی عیبری (ئەوەی ژیان دەدا) و دووەمیان ئەوەی لە پەراسووی ئادەم دروستبووە. بە سەرنجێکی تۆزێ وورد بۆمان دەردەکەوێ ئەو دوو ئاکارەی حەوا لە تەورات، ئەنجامی کاریگەری ئاشکرا، لە ئەفسانەی ئێنکی و نینخورساگ سەرچاوەیان گرتووە.  نینخورساگ لە دیلمۆن و حەوا لە ئێدن، یەک چارەنووسی هاوبەشیان هەیە.

دواتر لە ئەفسانەی سۆمەری: پەراسوو بە سۆمەری (تی - Ti) یەک لە هەشت ئۆرگانەکانی لەشی ئینکییە، کە بە هۆی خواردنی ڕووەک تووشی ئازار بووە. بۆ چارەسەرکردنی تی کە

[108] علي، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الى التوراة. الطبعة الثانية سينا للنشر  ص٢٠٤

دەکاتە پەراسوو، خودای نینخورساگ خودایەکی تایبەتی ئەفراندووە، بەناوی نین – تی (Nin - Ti). ئەوە لەلایەک لەلایەکیتر ووشەی تی (Ti) لە سۆمەری مانای تریشی هەیە کە (ژیان) کە بە گوزارەی سۆمەری دەکاتە خانمی پەراسوو/ یان ئەو خانمەی دەژیێ. ئەو مانایەش بۆ خودای سۆمەری دوو لایەنەیە. ئەوەی لە فیردەوس ئەفرێندرا. و عیبرانیەکان لە ئەفسانەی سۆمەری گواستیانەوە. و ناویان نا یەکەم ژنی لە فیردەوسی ئێدن بە ناوی حەوا، کە دەژیێ. (Nin - Ti)، لە هەمان کات لە پەراسووی ئادەم دروستبوویێ، بەوەی کە چارەسەری کراوە. لە سۆمەری بە هەمان ناو دێ نین- تی.[109]

[109] Kramer, The sumerians Pp. 149

# سەرچاوەی بنەڕەتی حەوت ئاسمان

هەرچەندە ئەو باسە سەبارەت بە (حەوت ئاسمانە) کە لە قورئان، لە نۆ ئایەت دووبارە بۆتەوە، بەڵام ئەگەر سەرەتا، لە گرنگی ژمارەی حەوت تێنەگەین، ئەستەمە بەو ئاسانییە. لە هەڵەی قورئان، دەربارەی چمکی حەوت ئاسمان تێبگەین.

چیرۆکی ژمارەی حەوت، یان حەوت ئاسمان مێژووەکەی زۆر کۆنە. و بەشێوەیەکی بەر بڵاو، لەناو زۆربەی دەقەکانی شارستانیە کۆنەکانی، وەک سۆمەری، بابلی و یۆنانی دەبینرێ.

ژمارە حەوت، وەک ژمارەیەکی ناوێزە، بەر لە زیاتر لە پێنج هەزار ساڵ، سۆمەریەکان درکیان پێکردووە. و بە ژمارەیەکی پیرۆزیان داناوە. هەر ئەو پیرۆزیەشی بۆتە هۆی، شۆڕبۆنەوەی بۆ ناو دینەکان. و لە ناو ئەفسانەی دینەکانیش وەک پەرجوێکی خودایی، شوێنی خراوەتە ناو دەقی پەرتووکە دینیەکان.

# ژمارەی حەوت لە شارستانیەکانی کەونارا

بۆ گەڕان بەدوای مێژووی ژمارەی حەوت، دەبێ بۆ نزیکە (٥٠٠٠) پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر، بۆ مێژووی شارستانیەکانی کۆن بگەڕێنەوە. ئەو کاتەی شارستانیە سەرەتاییەکان،

دەستیان بە تۆمارکردنی دەستکەتەکانیان لە ڕووی ئابووری و کشتوکاڵ و ئاڵوگۆڕی بازرگانی هتد. کرد. شارستانی سۆمەری، نووسینی داهێنا، و بە ژمارە بنەڕەتیەکان ئاشنا بوون.

ئەوان سیستەمی ژمارەییان داهێنا، وەک (١، ٢، ٣ هتد) ئەوەش وەک سیستەمی دەیی، کە بنەڕەتی ژمارە دەیە (١٠)، و ئێستا لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری وەک چەق سیستەم بەکاردێ، هەروەها سیستەمی شەستی، کە تا ئێستا بۆ پێوانی کات بەکاردێ، کە دەڵێن کاتژمێرێک ٦٠ خۆلەکە و خولەکێک ٦٠ چرکەیە. ئەوەش هەنگاوێکی مەزنی مێژوویی بوو، بۆ کات پێوان و زانینی شەو و ڕۆژ. هەروەها بنەڕەتێکیش بوو، بۆ دامەزراندنی ئەستێرەناسی (Astronomy).

سۆمەریەکان بنەڕەتی زانستی ئەستێرەناسیان دانا. سەرەڕای هەڵەی ئەو سیستەمە، کە دەیەویست پەیوەندی ڕووداوەکانی جیهان، بە جووڵانەوەی هەسارەکان ببەستنەوە. کەچی لەخۆیدا شۆڕشێک بوو. ئەو سەردەم سەرەتای گەڕانی مرۆڤ بوو، بەدوای زانین. هەروەها دەستپێکردنی مێژوویێکی پێنج هەزار ساڵە بوو. کە تائێستاش هەر لە پەرەسەندن دایە.

سۆمەرییەکان، بۆ ئاسانکاری لە کارە ژمێرياريیەکانیان، گرنگی زۆریان، بە خشتەی ژمارەیی جۆراوجۆر دەدا. لەوانەش خشتەی ئاوەژوو، واتە دابەشکردنی ژمارە یەک، بەسەر ژمارەیەکی دیاریکراویتردا. دوایی تێبینیان کرد کە دابەشکردنی ژمارە یەک بەسەر ژمارەی حەوت، زۆرسەرنجڕاکێش و سەیربوو، وەک: ... 1/7 = 0.142857142857 ، بە پێچەوانەی ئاوەژووی ژمارەکانی تری، ناو کۆمەڵە ژمارە بنەڕەتییەکان، واتە لە نێوان ژمارە ١ تا ژمارە ١٠. بەشە ئاوەژووەکەی لە شەش ژمارە پێکهاتووە: - 7-5-8-2-4-1، ئەو زنجیرەیە، بێ سنوور دووبارە دەبێتەوە. ئەوەش سەرەتای بە پیرۆز زانینی ژمارە حەوت بوو.

به پێی گوتەی توێژەری ژاپۆن، کازۆ مێرۆی (Kazuo Muroi)، توێژەری بیرکاری سۆمەری، کە دەڵێ، سۆمەرییەکان حەزیان لە ژمارەی حەوت بووە، و بە تایبەتییان زانیوە، بەهۆی نامۆیی بەرامبەرەکەی تا ئەو ڕادەیەی بووە بە هێما بۆ زانینی ژمارەییەکەیان.[110]

## ئەنجومەنی حەوت خودا

سۆمەریەکان باوەڕیان وابوو، ئەنجومەنێک هەیە، لە حەوت خودا پێکدێ، ئەو ئەنجومەنە بڕیار لەسەر چارەنووسەکان دەدا. ئەوانەش:

١ ئان (AN) خودای ئاسمان. کە بە باوکی یەکەم دادەنرێ. و گەورەی هەر حەوت خودای بڕیاردەرە لەسەر چارەنووس. ئان هاوسەرگیری لەگەڵ (کی) خودای زەوی کردووە. ئان لەبەر ئەوەی خودای ئاسمان، لە هەموو لایەکەوە دەوری ژنەکەی داوە. و بارانی بەسەردا دەبارێنی، و ژیانی تێدا دەبووژێنێتەوە. و ئان بارەگای پەرستنی لەئورک (Ourok) بوو.

٢ کی (KI)خودای زەوی، و هاوسەری ئان (خودای ئاسمان)

٣ ئانلیل (AN - LIL) خودای هەوا، و کوڕی (ئان) و (کی) یە.

٤ ئانکی (AN-KI) خودای ئاو، و بە ئەکەدی ناوی (ئیا)یە.

٥ نانا (NANA) خودای مانگ، بە زمانی ئەکەدی (سین) لە ئوری حاران دەپەرسترێ. پەرستگای سەرەکی (ئور)ە.

---

[110] بۆ زیاتر دەربارەی لێتۆژیەوەکەی کازۆ مێرۆی، بڕوانە ئەو لینکە: https://arxiv.org/ftp/arxiv/papers/1407/1407.6246.pdf

٦ ئوتۆ (UTO) خودای ڕۆژ (خۆر)، لە نەتەوە سامیەکان ناوی (شماس)ە و کوڕی نانا یە خودای مانگ. پەرستگای لە (سیبار و لارسایە)

٧ ئێنانا (ENANA) خودای ئەستێرەی ناهی (Venus).

ئەو حەوت خودا مەزنە، ژمارەی حەوتیان دروستکردووە. کە بە بەهادارترین و گرنگترین جادووی، پیرۆزیەکانی مرۆڤی سەرەتایین.[111]

# ژمارەی حەوت لای بابلیەکان

هەروەها بابلیەکانیش لە ئەفسانەی ئەفراندنی خۆیان، بەناوی ئینۆما ئیلیش ( Enuma Elish)، گرنگی ئەو ژمارەیان پاراستووە.

چیرۆکی ئەفراندنی بابلی، درێژبوونەوەی ڕاستەوخۆی سۆمەریەکانە. کە لەسەر حەوت تابلۆی گڵین نووسراون. ڕەنگە مەبەستیش لەو حەوت تابلۆیە، پارێزگاری کردنێ ژمارە حەوت بووبێ.

بابلیەکان دوای سۆمەرییەکان، بەردەوامبوون لە گرنگی دان، بە زانستی ئەستێرەناسی. ئەوان زۆدیاک و کەلۆکانیان دانا. هەر ئەوانیش هێزی جادوویان، لە ژمارەی حەوت جێگیرکرد.

111 Max S. Shapiro and Rhoda A. Hendricks (1981), Dictionary of Mythologies, HarperCollins Distribution Services.

بێگومان ئەوان لەسەر بنەمای ئەستێرەناسی سۆمەری بەردەوام بوون، بەڵام خوداکانی خۆیان لەسەر زیادکرد.

لە ئەفسانەی گلگامێش (Gilgamesh)، سەبارەت بە چیرۆکی لافاو و کەشتییەکە، بە ڕاشکاوی دەبینرێ، ژمارەی حەوت بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. وەک لەو نموونەی خوارەوە دەبینرێ:

> دروستکردنی کەشتییەکە لە ڕۆژی حەوتەمدا تەواو بوو... ڕەشەباکانی خودا، ئاسمانەکانی هەژاند و هەموو ڕووناکییەکی کردە تاریکی. زەوی وەکو پەرداخێک شکا. ئاوەکان بەرزبوونەوە تا لوتکەی شاخەکانیان داپۆشی. خودای ئیشتار بە دەنگە ئاوازدارەکەیەوە گریا، بۆ چارەنووسی مرۆڤایەتی گریا: بەداخەوە ڕۆژە ئاژاوەکانی پێشوو گەڕاونەتەوە، و مرۆڤایەتی بۆتەوە گڵ. شەش ڕۆژ و حەوت شەو تێپەڕی و زریانەکانی لافاوەکە، لە تووڕەیی بەردەوام بوون. کە ڕۆژی حەوتەم هات، توندی زریانەکان لە کزی دا، دەریا ئارام بووەوە، و زریانەکان کەم بوونەوە. منیش سەرم بەرز کردەوە. و هەموو شوێنێک ئارام بوو. و هەموو مرۆڤایەتی، ببووەوە گڵ. (ئاوی پیرۆزم ڕشتە سەر لوتکەی شاخەکە و حەوت مەنجەڵم دانا بۆ پێشکەشکردن و کانی و دار سێدەر و میرترم لە ژێرەوە کەڵەکە کرد و خوداکان بۆنیان کرد. بۆنی خۆشی بۆنەکەیان کرد.(گلگامێش بابل)[112]

[112] البياتي، ثائر قصة العدد سبعة في الحضارات والأديان، الحوار المتمدن-العدد: 7161 - 2022 / 2 / 13

بابلیەکان پێیان وابوو، جیهان حەوت جار بەر لافاو کەوتووە. و حەوت خودای چارەنووسیش هەن. و دۆزەخیش حەوت دادوەر فەرمانڕەوایی دەکەن.

لە ئەفسانەی گیلگامێشدا باس لەوە کراوە کە درەختی ژیان حەوت لقی هەیە.

لە ئەفسانەی گلگامێشی بابلی دا، ئیشتار لەگەڵ ئەستێرەی ڤینووس یەکیگرتبوو، کە هێماکەی ئەستێرەیەکە حەوت تیشکی هەیە. و کچی (سین)ە. کە خودای مانگ بووە.[113]

سەرەڕای ئەوە، لە بابل خەڵک لە ڕۆژانی ٧ و ١٤ و ٢١ و ٢٨ ی هەر مانگێک کاریان نەدەکرد. وەک سەرچاوەیەک بۆ حەسانەوەی هەفتە دادەنرا.[114]

## ژمارەی حەوت لای یۆنانیەکان

بۆ یۆنانیەکان ژمارەی حەوت هێمای سەرسوڕهێنەری بوو. ئەو ژمارەیە بوو، کە بە شێوەی هێما، زەوی و ئاسمان، ژنانە و پیاوانە و زریانی تاریک و ڕووناکی یەکخست. ژمارەی ئەپۆلۆ (Apollo) بوو. ئەو خودایەی، لە ڕۆژی حەوتەمی مانگ لەدایک بووە. و لەلایەن ئەخیلێس (Achilles) بە ناوی (قەیسەر) لە ئاوی هەڵکێشا (تعمید)، (خودای حەوتەم، و خودای دەروازەی حەوتەم) بوو. ئاهەنگەکانی هەمیشە دەکەوتنە ڕۆژی حەوتەمی مانگ. و

113 هەمان سەرچاوە
114 هەمان سەرچاوە

گیتارەکەی حەوت تاری هەبوون. لە کاتی لەدایکبوونیدا، قازە پیرۆزەکان، بە سروود گوتنەوە، حەوت جار بە دەوری دوورگە، بە فڕین دەسوڕانەوە.[115]

ئایکۆنۆگرافیای یۆنانی سیبێل (Cybele)، خودای زەوییە. تاجی سەری، ئەستێرەیەکی حەوت نووکدارە. کە هێمای دەسەڵاتی ئەو بووە، بەسەر سووڕەکانی پەرەسەندنی بایۆلۆژی زەمینیدا[116].

ئەفسانەی چیرۆکی هالسیۆن (Halcyone) کچی ئیلوس و هاوسەری سیکس دەگێڕێتەوە. ئیلوس ڕێگری دەکات لە هەڵکردنی باکان. حەوت ڕۆژ پێش، و حەوت ڕۆژ دوای، وەرزی زستان، تا بتوانن زاوزێ بکەن و هەر بۆیە ڕۆژەکانی هالسیۆن ڕۆژانی ئارامین [117]

لە ئیلیادەی هۆمێرۆس دا، ئاگامێنۆن (Agamemnon)، سەرکردەی گەمارۆدانی ترۆیا، سوێندی خوارد کە ئەگەر سەرکەوتن، حەوت کچی ترۆی بداتە ئەخیلێس (Achilles) و حەوت شاری بەهێزیش بداتە ئارگۆس.

ئایکۆنۆگرافیای یۆنانی دیۆنیسۆسی (Dionysos) خودا، لە شێوەی گایەک وێنا دەکات، حەوت ئەستێرەی لە بان سەرن، کە ئاماژە بە ژمارەی پیرۆزی مانگ دەکەن.

ئەفسانەی کلاسیکی یۆنانی حەوت هێمای کچێنی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ پاڵاس (Palace). هیسیۆد (Hesiod) گوتی ڕۆژی حەوتەم پیرۆزە. فیساگۆرس ژمارەی حەوت

---

[115] Max S. Shapiro and Rhoda A. Hendricks (1981), Dictionary of Mythologies, HarperCollins Distribution Services. Pp. 37
[116] Ibid. Pp. 81
[117] Ibid

وەک ژمارەی بەهادار دەیبینی. فەلسەفەی یۆنانی نازناوی (حەوت)ی بە حەوت فەیلەسوفی گەورە بەخشی: سۆلۆن، تالێس، شیلۆ، پیتاکۆس، بیاس، کلیۆپیل و پیراندرێس.

لە چیرۆکی نیۆبێ (Niobe) کچی تەنتالوس و هاوسەری پاشای تیبە ئەمفیۆن، دا هاتووە، کە حەوت کوڕ و حەوت کچی بوون[118].

لە چیرۆکێکی تردا، باس لە مینۆتاور (Minotaur) دەکا، کە بوونەوەرێکی ئەفسوناوییە. مینۆتاور تەنیا گۆشتی مرۆڤی دەخوارد، بەتایبەت گۆشتی دیلەکانی جەنگ. هەروەها ژەمێکی ئاسایی لە خەڵکی ئەسینای خواردووە، کە مینۆس باجی حەوت کوڕ و حەوت کچیان بە سەپاندبوو، بۆ ئەوەی وەک خواردن پێشکەش بە مینۆتاور بکرێ[119].

لە ئەفسانەیەکدا، باس لە پلێیادەکان (Pleiades) دەکا، کچەکانی ئەتڵەس لە پلێیۆن، کە حەوت فریشتە بوون: ئەلسیۆن، سێلینۆ، ئێلکترا، مایا، مێرۆپی، ستێرۆپی و تایگێتی، کە زیوس لە ئاسمان دایانابوون. کاتێ ئۆریۆن کەوتە داوی ئەوینیان، و کەوتە سۆراخیان.

بە تێڕامانێک دەبینرێ ژمارەی حەوت هەم مێژووەکەی کۆنە .و هەمیش لە ئەفسانەکانی شارستانیە کۆنەکان، بە هەمان شێوە بەردەوام دووبارە بۆتەوە. و پیرۆزی ئەو ژمارەیەش هەر لەوێوە سەری هەڵداوە.[120]

---

[118] Ibid. Pp. 181
[119] Ibid. Pp. 169
[120] Ibid. Pp. 206

# ژمارەی حەوت لە پەرتووکی دینەکان

دینەکانیش هیچ دریغیان لە بەکارهێنانی ژمارە حەوت نەکردووە. لە بابەتی جۆراوجۆر بەکاریان هێناون. بەڵام لە هیچ جێگایەک ئاماژەیان، بەوە نەکردووە، کە بۆچی ئەو ژمارەیە، وا پیرۆز و گرنگە. بەڵکوو وەک ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەری خودایی، وێنایانکردووە.

لە تەورات ژمارەی حەوت نزیکەی حەوت سەد (٧٠٠) جار لە شوێن و بابەتی جیاجیا هاتووە. لە ئینجیلیش نزیکەی دووسەد جار (٢٠٠). و لە قورئانیش بیست و حەوت (٢٧) جار هاتووە. لە خوارەوە چەند نموونەیەک لە هەریەک لە پەیمانی کۆن، و پەیمانی نوێ و قورئان دەهێنرێنەوە.[121]

# ژمارەی حەوت لە پەیمانی کۆن

ژمارەی حەوت لە پەیمانی کۆن زۆر دووبارە بۆتەوە. لە هەموو بوارەکانی چالاکی یان ڕووداو، تا دەگاتە پەرستن و هتد..

---

[121] البياتي، ثائر، قصة العدد سبعة في الحضارات والأديان، الحوار المتمدن-العدد: 7161 - 13 / 2 / 2022

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٤: ١٥

(١٥) بەڵام خودا پێی فەرموو: ناکرێت وابێت، هەرکەسێک قایین بکوژێت ئەوا حەوت ئەوەندە تۆڵەی لێ دەستێنرێتەوە.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٧: ١ - ٤

(١) ئینجا خودا بە نوحی فەرموو: بە خۆت و خاووخێزانەکەتەوە بڕۆنە ناو کەشتییەکەوە، چونکە لەم نەوەیەدا تۆم بە ڕاستودروست بینیوە لەبەردەمم .(٢) لە هەموو جۆرێک لە ئاژەڵە پاکەکان، نێر و مێ، حەوت جووت لەگەڵ خۆت دەبەی، لەو ئاژەڵانەی پاک نین، نێرینەیەک و مێینەکەی، جووتێک دەبەی. (٣) لە باڵندەکانی ئاسمانیش حەوت جووت، لە نێر و مێیان، بۆ هێشتنەوەی ڕەگەزەکانیان لەسەرتاسەری ڕووی زەوی .(٤) دوای حەوت ڕۆژی دیکە، چل شەو و چل ڕۆژ باران بەسەر زەویدا دەبارێنم. هەموو ئەو بوونەوەرە زیندووانە لەسەر ڕووی زەوی دەسڕمەوە کە دروستم کردوون.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٨: ١٠- ١٢

(١٠) حەوت ڕۆژی دیکە چاوەڕێی کرد و دیسان کۆترەکەی لە کەشتییەکەوە ڕەوانە کرد. (١١) کۆترەکە ئێوارە گەڕایەوە بۆ لای، ئەم جارەیان گەڵایەکی تەڕ و تازەی زەیتوونی بە دەنووکەوە بوو. نوح زانی کە ئاو لەسەر ڕووی زەوی کەمی کردووە .(١٢) حەوت ڕۆژی دیکە چاوەڕێی کرد و جارێکی دیکە کۆترەکەی ناردەوە، بەڵام ئەم جارەیان کۆترەکە نەگەڕایەوە لای.

پەیمانی کۆن ژمێرە ٨: ١ - ٢

(١) خودا بە موسای فەرموو :(٢) لەگەڵ هارون بدوێ و پێی بڵێ: کاتێک چراکانت بەرزکردەوە، با ڕووناکی حەوت چراکە بۆ پێش چرادانەکە بێ.

پەیمانی کۆن ژمێرە ٢٣: ١

(١) بەلعام بە بالاق گوت: لێرە حەوت بەڵاگێڕگام بۆ دروستبکە و هەر لێرە حەوت گا و حەوت بەرانم بۆ ئامادە بکە.

پەیمانی کۆن یەشوع ٦: ٨

(٨) هەروەک چۆن یەشوع فەرمانی بە گەل کرد، حەوت کاهینەکەی هەڵگرانی حەوت کەڕەنا قۆچە بەرانەکان، لەبەردەم خودا بە کەڕەنا لێدانەوە بەرەو پێش چوون و سندوقی پەیمانیش لە دوایانەوە دەڕۆیشت.

## ژمارەی حەوت لە پەیمانی نوێ

پەیمانی نوێ مەتیاس ١٨: ٢١ - ٢٢

گەردن ئازادکردن

(٢١) ئینجا پەترۆس هات و پێی گوت: گەورەم، دەبێ چەند جار گەردنی براکەم ئازاد کەم، کە خراپەم لەگەڵ دەکات؟ تاکو حەوت جار؟

(٢٢) یەسوش پێی فەرموو: من پێت ناڵێم حەوت جار، بەڵکو حەفتا کەڕەت حەوت جار!

پەیمانی نویێ مەتی ١٥: ٣٢ – ٣٩

(٣٢) ئینجا یەسو قوتابییەکانی بانگکرد و فەرمووی: دڵم بەو خەڵکە دەسووتێ، ئەوە سێ ڕۆژە لەگەڵمدان و هیچیان نییە بیخۆن. ناشمەوێ بە برسێتی بیاننێرمەوە، نەوەک لە ڕێگا بڕ نەکەن.

(٣٣) قوتابییەکانی وەڵامیان دایەوە: لەم چۆڵەوانییە ئەو نانە زۆرەمان لەکوێ بوو، بۆ نانداني ئەم هەموو خەڵکە؟

(٣٤) یەسوش پێی فەرموون: چەند نانتان پێیە؟

گوتیان: حەوت، لەگەڵ چەند ماسییەکی بچکۆلە.

(٣٥) ئیتر فەرمانی دا خەڵکەکە لەسەر زەوی دانیشن. (٣٦) حەوت نان و ماسییەکانی برد، سوپاسی خودای کرد و لەتی کردن و دایە قوتابییەکان، قوتابییەکانیش دایانە خەڵکەکە .(٣٧) هەموو خواردیان و تێربوون، دوایی حەوت سەبەتەی پڕ پەلکەنانیان کۆکردەوە .(٣٨) نانخۆران چوار هەزار پیاو بوون، بێجگە لە ژن و منداڵ .(٣٩) ئینجا یەسو خەڵکەکەی بەڕێکرد و سواری بەلەم بوو و هاتە سنووری مەگەدان.

پەیمانی نویێ کردەوەی نیردەکان ٦: ٢

هەلبژاردنی حەوت خزمەتکار

(٢) خوشک و برایان، لەناو خۆتاندا حەوت پیاو هەڵبژێرن کە ناوبانگیان باش بێ، و پڕبن لە ڕۆحی پیرۆز و دانایی، تاکو لەسەر ئەم ئەرکە دایانبنێین.

پەیمانی نویێ ئاشکراکردن ١: ١٢

لە یۆحەناوە

(١٢) ئاوڕم دایەوە تاکو ئەو دەنگە ببینم، کە لەگەڵم دەدوا. کاتێک ئاوڕم دایەوە حەوت چرادانی زێڕینم بینی.

پەیمانی نوێ - بینین ٣: ١

نامەیەک بۆ کڵێسای ساردس

(١) هەروەها بۆ فریشتەی کڵێساکەی ساردس بنووسە:

ئەوەی حەوت گیانی خودا و حەوت ئەستێرەکەی هەیە دەفەرموێ: ئاگام لە کردارەکانتە، تۆ بە ناو زیندووی، ئەگینا مردووی.

## ژمارەی حەوت لە قورئان

حەوت گوڵە گەنم

سورة البقرة ٢: ٢٦١

مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمۡوَٰلَهُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتۡ سَبۡعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٖ مِّاْئَةُ حَبَّةٖۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ (٢٦١)

بەسەرهاتی ئەو کەسانەی سامانیان لە ڕای خودا دەبەخشن، وەك بەسەرهاتی دەنکە گەنمێکە، حەوت گوڵ دەدا، و هەر گوڵەی سەد دانەی تێدایە. خودا چەند ئەوەندە پاداش دەدا، بە هەرکەسێ بیەوێ. خودا دەستفراوان و زانایە (٢٦١)

حەوت مانگا

سورة یوسف ١٢:  ٤٣

وَقَالَ ٱلۡمَلِكُ إِنِّيٓ أَرَىٰ سَبۡعَ بَقَرَٰتٖ سِمَانٖ يَأۡكُلُهُنَّ سَبۡعٌ عِجَافٞ وَسَبۡعَ سُنۢبُلَٰتٍ خُضۡرٖ وَأُخَرَ يَابِسَٰتٖۖ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ أَفۡتُونِي فِي رُءۡيَٰيَ إِن كُنتُمۡ لِلرُّءۡيَا تَعۡبُرُونَ (٤٣)

پادشا گوتی له خه‌وما بینیم، حه‌وت مانگای لاواز، حه‌وت مانگای قه‌ڵه‌ویان ده‌خواردن. و حه‌وت گوڵه گه‌نمی سه‌وز و حه‌وت گوڵه گه‌نمی وشك هه‌ڵاتوو، ئه‌ی دیوه‌خان نیشینان!! ئه‌و خه‌ونه‌م بۆ لێكده‌نه‌وه. ئه‌گه‌ر له لێكده‌ره‌وه‌ی خه‌ونن. (٤٣)

حه‌وت ساڵ

سورة یوسف ١٢: ٤٧

قَالَ تَزۡرَعُونَ سَبۡعَ سِنِينَ دَأَبٗا فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تَأۡكُلُونَ (٤٧)

گوتی: حه‌وت ساڵ، كشتوكاڵ ووچان ناده‌ن، هه‌رچیه‌كی دروتانه‌وه، وازی لێبێنن، به گوڵه‌كه‌یه‌وه، ته‌نیا كه‌مێك نه‌بێ ده‌یخۆن. (٤٧)

حه‌وت ده‌ریا

سورة لقمان ٣١: ٢٧

وَلَوۡ أَنَّمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ مِن شَجَرَةٍ أَقۡلَٰمٞ وَٱلۡبَحۡرُ يَمُدُّهُۥ مِنۢ بَعۡدِهِۦ سَبۡعَةُ أَبۡحُرٖ مَّا نَفِدَتۡ كَلِمَٰتُ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ (٢٧)

هه‌رچی دره‌خت له زه‌ویدا ببنه پێنووس، وه مه‌ره‌كه‌بیان له ده‌ریابێ، حه‌وت ده‌ریای دیش بێنه پاڵێ، هێشتا وته‌كانی خودا دوایی نایێ، خودا باڵاده‌ست و له‌كارزانه. (٢٧)

حەوت دەرگا (مەبەست دەرگای دۆزەخە)

سورة الحجر ١٥: ٤٤

لَهَا سَبۡعَةُ أَبۡوَٰبٖ لِّكُلِّ بَابٖ مِّنۡهُمۡ جُزۡءٞ مَّقۡسُومٌ (٤٤)

و حەوت دەرگای هەن، وە بۆ هەر دەرگایەک پاژێکی، لێ دابەشکراو. (٤٤)

حەوت لە وێژراوەکان

سورة الحجر ١٥: ٨٧

وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَٰكَ سَبۡعٗا مِّنَ ٱلۡمَثَانِي وَٱلۡقُرۡءَانَ ٱلۡعَظِيمَ (٨٧)

ئێمە، حەوت لە وێژراوەکانمان بەتۆ داون، قورئانی گەورەش هەروەتر (٨٧)

حەوت شەو

سورة الحاقة ٦٩: ٧

سَخَّرَهَا عَلَيۡهِمۡ سَبۡعَ لَيَالٖ وَثَمَٰنِيَةَ أَيَّامٍ حُسُومٗاۖ فَتَرَى ٱلۡقَوۡمَ فِيهَا صَرۡعَىٰ كَأَنَّهُمۡ أَعۡجَازُ نَخۡلٍ خَاوِيَةٖ (٧)

ماوەی حەوت شەو و هەشت ڕۆژان، بەبێ وچان، بە سەریان دا هەڵیکرد. جا دەتبینی، خەڵکەکە چۆن تیادا کەوتوون، دەتگوت قەدی دارخورمای هەڵکێشراون (٧).

## ئەفراندنی زەوی و ئاسمانەکان لە حەوت ڕۆژدا

چەقی پیرۆزی ئەفسانەکانی گشت شارستانیەکۆنەکان، و دینەکان بە پەیدابوونی گەردوون دەستپێدەکا. لە دینە ئیبراهیمیەکانیش لە قورئان و تەورات گرنگیەکی تایبەتی، بە سەرەتای دروستبوونی گەردوون دراوە.

## ئەفراندنی گەردوون لە قورئان

بەپێی ئەفسانەی ئافراندنی ئیسلامی، الله (ناوی عەرەبیە بۆ خودای ئێل) کە لە ماوەی شەش ڕۆژدا زەوی و ئاسمانەکانی دروست کردوون، و لە ڕۆژی حەوتەمدا ڕاست لەسەر تەخت دانیشتووە.

سورة الأعراف ۷: ٥٤

إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۭ بِأَمۡرِهِۦٓۗ أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ (٥٤)

خودای پەروەردگارتان، ئاسمانەکان و زەوی، لە شەش ڕۆژدا درووستکرد، ئەوسا لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشت. ڕۆژی بە شەو داپۆشیٚ، و بەدوای یەکەوە دێن. و خۆر و مانگ و ئەستێرەی وەدیهێنان. هەر لە ژێر فەرمانی ئەو دان. ئەفراندن و پێڕاگەیشتن هەر بۆ ئەوە. فەرمان پیرۆزەی هەر بۆ خودا پەروەردگاری گشت جیهانەکانە (٥٤)

# ئەفراندنی گەردوون لە تەورات

لە تەورات بە شێوەیەکی پڕ ووردەکاری، باسی هەمان شەش ڕۆژ و پشووی ڕۆژی حەوتەم دەکا:

پەیمانی کۆن - ئەفراندن ١: ١ - ٣١

(١) لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەویی بەدیهێنا. (٢) زەویش بێ شێوە و بەتاڵ بوو، تاریکیش لەسەر ڕووی قووڵاییەکان بوو. ڕۆحی خوداش لەسەر ڕووی ئاوەکان دەجوڵایەوە.

ڕۆژی یەکەم: ڕووناکی

(٣) خودا فەرمووی: با ڕووناکی ببێت. ئینجا ڕووناکی بوو .(٤) خوداش بینی کە ڕووناکییەکە باش بوو. ئیتر خودا ڕووناکییەکەی لە تاریکی جیا کردەوە .(٥) خودا ڕووناکییەکەی ناونا (ڕۆژ) و تاریکییەکەی ناونا (شەو) ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی یەکەم بوو.

ڕۆژی دووەم: لێک جیاکردنەوەی ئاوەکان

(٦) خودا فەرمووی: با بۆشاییەک لەنێوان ئاوەکاندا ببێت، بۆ جیابوونەوەی ئاو لە ئاو. (٧) خودا بۆشاییەکەی دروستکرد و ئاوەکەی ژێر بۆشاییەکەی لە ئاوەکەی سەر بۆشاییە کراوەکە جیا کردەوە. جا ئاوا

بوو .(٨) خودا بۆشاییەکەی ناونا (ئاسمان) جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی دووەم بوو.

ڕۆژی سێیەم: وشکانی و سەوزایی

(٩) خودا فەرمووی: با ئاوەکانی ژێر ئاسمان لە یەک شوێن کۆببنەوە و وشکانی دەربکەوێت. جا ئاوا بوو .(١٠) خودا وشکانییەکەی ناونا (زەوی) ئاوە کۆبووەوەکەشی ناونا (دەریا) خوداش بینی کە ئەمە باش بوو.

(١١) ئینجا خودا فەرمووی: با زەوی سەوزایی بدات: ڕووەکی تۆودار و داری بەردار لەسەر زەوی، ئەوەی تۆوەکەی لەناو خۆیەتی، لە جۆری خۆی. جا ئاوا بوو .(١٢) زەوی سەوزایی دا: ڕووەکی تۆودار لە جۆری خۆی و دار کە بەر دروستبکات و تۆوەکەی تێدابێت لە جۆری خۆی. خوداش بینی کە ئەمە باش بوو .(١٣) جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی سێیەم بوو.

ڕۆژی چوارەم: مانگ و ڕۆژ

(١٤) ئینجا خودا فەرمووی: با لە بۆشایی ئاسماندا ڕووناکییەکان هەبێت بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژ لە شەو، هەروەها بۆ نیشانکردنی وەرز و ڕۆژ و ساڵ .(١٥) با ڕووناکییەکان لە بۆشایی ئاسماندا بن، تاکو سەر زەوی ڕووناک بکەنەوە. جا ئاوا بوو .(١٦) هەروەها خودا دوو ڕووناکییە مەزنەکەی دروستکرد، ڕووناکییە گەورەکەیان بۆ فەرمانڕەوایەتی ڕۆژ، ڕووناکییە بچووکەکەشیان بۆ فەرمانڕەوایەتی شەو، هەروەها ئەستێرەکانیش .(١٧) خودا لە بۆشایی ئاسماندا بۆ ڕووناککردنەوەی سەر زەوی دانیان، (١٨) بۆ فەرمانڕەوایەتی ڕۆژ و شەو و جیاکردنەوەی ڕووناکی

لە تاریکی. خوداش بینی کە ئەمە باش بوو .(١٩) جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی چوارەم بوو.

ڕۆژی پێنجەم: باڵندە و ماسی

(٢٠) ئینجا خودا فەرمووی: با ئاوەکان پڕ ببن لە ئاپۆرەی بوونەوەری زیندوو، با باڵندەش لە بۆشایی ئاسماندا بەسەر زەویدا بفڕێ. (٢١) ئیتر خودا بوونەوەرە مەزنەکانی دەریای بەدیهێنا، لەگەڵ هەموو زیندەوەرە جوڵاوەکانی ناو ئاوەکان کە لێی پڕبوون، بەپێی جۆرەکانیان، لەگەڵ هەموو باڵندەیەکی باڵداریش بەپێی جۆرەکانیان. خوداش بینی کە ئەمە باش بوو .(٢٢) خودا بەرەکەتداری کردن و فەرمووی: بەردار بن و زۆر بن و ئاوی دەریاکان پڕ بکەن، با باڵندەکانیش لەسەر زەوی زۆر ببن. (٢٣) جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی پێنجەم بوو.

ڕۆژی شەشەم: ئاژەڵ و مرۆڤ

(٢٤) خودا فەرمووی: با زەوی بوونەوەرە زیندووەکان لە جۆری خۆیان بەرهەم بهێنێت. ئاژەڵیماڵی و خشۆکی زەوی و ئاژەڵی کێوی، هەریەکەیان لە جۆری خۆی. جا ئاوا بوو .(٢٥) خودا ئاژەڵی کێوی بەپێی جۆری خۆیان دروستکرد، ئاژەڵی ماڵیش بەپێی جۆری خۆیان و هەموو خشۆکێکیش لەسەر زەوی بەپێی جۆری خۆیان. خوداش بینی کە ئەمە باش بوو.
(٢٦) ئینجا خودا فەرمووی: با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروستبکەین و لە خۆمان بچێت. با دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵی ماڵی و بەسەر هەموو زەویدا، هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی بەسەر زەویدا دەخشێن.

(٢٧) خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا،
لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا،
بە نێر و مێ بەدیهێنان.

(٢٨) خودا بەرەکەتداری کردن و پێی فەرموون: «بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن و بیخەنە ژێر ڕکێفتانەوە. دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و بەسەر هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا کە لەسەر زەوی دەجوڵێتەوە.

(٢٩) ئینجا خودا فەرمووی: هەموو ڕووەکی تۆودار کە لە سەرتاسەری ڕووی زەوییە داومە بە ئێوە، لەگەڵ هەموو دارێکیش کە بەری هەیە و تۆوی خۆی تێدایە. بۆ ئێوە دەبنە خۆراک .(٣٠) بۆ هەموو گیانلەبەرانی زەوی و هەموو باڵندەکانی ئاسمان و هەموو بوونەوەرێکی خشۆکی سەر زەوی، هەموو بوونەوەرێک کە هەناسەی ژیانی تێدایە، هەموو ڕووەکی سەوزم بۆ خۆراک پێداون. جا ئاوا بوو.

(٣١) خودا بینی هەموو ئەوەی کە دروستی کردبوو زۆر باش بوو. جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی شەشەم بوو.

پەیمانی کۆن - ئەفراندن ٢: ١ - ٣

ڕۆژی حەوتەم: پشوودان

(١) بەم شێوەیە ئاسمان و زەوی و هەرچی تێیاندا ڕێکخرابوو تەواو کران.

(٢) ئیتر خودا لە ڕۆژی حەوتەم لەو کارەی کە کردبووی تەواو ببوو، ئینجا لە ڕۆژی حەوتەمدا لە هەموو کارەکانی پشووی دا .(٣) خودا ڕۆژی حەوتەمی بە بەرشت و پیرۆز کرد، چونکە تێیدا لە هەموو کارەکانی پشووی دا، هەموو ئەوەی خودا بەدیهێنا و دروستی کرد.

خودا پێش ئەوەی لەسەر تەخت دابنیشێ، سەرقاڵی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی بوو. کاتی تەواو بوو، لەسەر تەخت دانیشت. سەرنج بدەنە ئەو شێوازە، کە ڕێک وەک مرۆڤی سەرەتایی بیردەکاتەوە. ژیانی ڕۆژانەی دوایی پشوو دەدا.

## سەرچاوەی بنەڕەتی حەوت ئاسمان

لە پەیمانی کۆن پەرتووکی پیرۆزی جولەکان، هەرچەندە ژمارەی حەوت زۆر جار دووبارە بۆتەوە، کەچی لە هیچ شوێنێک باس لە حەوت ئاسمان ناکا. بەڵکوو باسی ئاسمان بەگشتی دەکا. و وەک بۆشایی ناوی دەبا. کە ئاماژەیە بۆ بەرگەهەوا یان ئاسمانی بینراو.[122]

پەیمانی کۆن - ئەفراندن ١ : ١٤

> (١٤) ئینجا خودا فەرمووی: با لە بۆشایی ئاسماندا ڕووناکییەکان هەبێت بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژ لە شەو، هەروەها بۆ نیشانکردنی وەرز و ڕۆژ و ساڵ.

لە دەقی تەورات یەکەم پەرتووک (ئەفراندن) باسی بۆشایی ئاسمان دەکا. کە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ڕۆژ لە هیچ نهۆمێک یان ئاسمانێکی تایبەتی نییە. بەڵکوو بۆشاییەکە و بەس.

---

[122] Wikipedia

# دینی کریستیانی و ئاسمان

پەیمانی نوێ – مەتیاس ٥: ٣٤ – ٣٥

(٣٤) بەڵام من پێتان دەڵێم: هەرگیز سوێند مەخۆن، نە بە ئاسمان، لەبەر ئەوەی تەختی خودایە، (٣٥) نە بە زەوی، لەبەر ئەوەی تەختەپێیەتی.

یەسوی کریست باسی ئاسمان دەکا، کە تەختی خودایە. و هیچ ئاماژەیەک بەوە ناکا کە تەختی خودا، لە ئاسمانێکی تایبەتی بێ.

بەڵام پاولۆسی نێردە، لە نامەی بۆ کۆرنسۆس ١٢: ٢ – ٤ دا، باسی ئاسمانی سێیەم و بەهەشت دەکا. هەرچەندە پاولۆس لەوە زیاتر ناڕوا. کەچی لە سەرجەمی پەیمانی نوێ زاراوەی حەوت ئاسمان نەهاتووە.

پەیمانی نووێ - دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٢ - ٤

(٢) مرۆڤێک دەناسم کە لەگەڵ کریستدا ببووە یەک، پێش چواردە ساڵ خودا بردی بۆ ئاسمانی سێیەم، جا بە لەشەوە یاخود بێ لەش، نازانم، خودا دەزانێت. (٣) دەزانم ئەو مرۆڤە، بە لەشەوە یاخود بێ لەش، نازانم، خودا دەزانێت، (٤) بۆ بەهەشت بردرا، قسەیەکی بیست کە دەرنابڕدرێ، و مرۆڤ نابێ باسی بکات.

بەگشتی بێجگە لەو پەرەگرافەی، لە نامەی پاولۆسی نێردە بۆ کۆرنسۆس نێردراوە، لە هیچ جێگایەکیتر، لە هیچ کام لە ئینجیلە قانوونیەکان نابینرێ، سەرەڕای ئەوە لەو پەرەگرافە دیارنییە، ئاسمانی تر هەن. و بەهەشتیش لە هەمان ئاسمانی سێیەمە یان نا.

## حەوت ئاسمان لە قورئان

لە قورئان، پەرتووکی پیرۆزی ئیسلام لە نۆ ئایەت زاراوەی (حەوت ئاسمان) دووبارە بۆتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە نووسەری قورئان تەنیا دەڵێ (حەوت ئاسمان) بەبێ ئەوەی ووردەکاری، یا هۆکارێکی لۆژیک بخاتە ڕوو. بۆ بوونی حەوت ئاسمان. یان حەوت نهۆم (الطبقات).

سورة البقرة ٢: ٢٩

هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ (٢٩)

هەر خۆیەتی، هەرچی لە زەویدا هەیە، هەمووی بۆ ئێوە دروستکردووە، ئەوسا پەرژایە ئاسمان، و حەوت نهۆمی لێ دروستکرد. و هەر ئەویشە ئاگای لە هەموو شت هەیە (٢٩)

سورة الإسراء ١٧: ٤٤

تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا (٤٤)

حەوت ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لەناویاندایە ستایش بۆ ئەو دەکەن، و هیچ شتێك نییە، بە پەسندان، پاکانە بۆ شکۆی نەکا، بەڵام ئێوە لە ستایشیان تێناگەن، ئەو لەسەرخۆ و و لێبووردەیە. (٤٤)

سورة فصلت ٤١: ١٢

فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ (١٢)

ئەوسا کە حەوت ئاسمانی لە دوو ڕۆژدا، دروستکرد. و لە هەر ئاسمانێك فەرمانی کاری خۆی بۆ دەناردن، و نزیکترین ئاسمانیشمان چراخان ڕازاندەوە، وەك هۆکارێك بۆ پاراستنی، خاوەن دەستەڵاتی زانا بڕیاری ئەو کارەی داوە. (١٢)

بێجگە لەو ئایەتانەی سەرەوە، لە شەش ئایەتی تریش باسی حەوت ئاسمانکراوە. سورة المؤمنون ٢٣: ١٧، سورة المؤمنون ٢٣: ٨٦، سورة الطلاق ٦٥: ١٢، سورة الملك ٦٧: ٣، سورة نوح ٧١: ١٥، سورة النبأ ٧٨: ١٢

## سۆمەریەکان و ئەستێرەناسی

سۆمەریەکان چیرۆکی ئەفسانەیی و ئەستێرەناسیان دەستپێکرد. و دوای ئەوانیش بابلیەکان، و شارستانیەکانی تری میسۆپۆتامیا لەسەری بەردەوام بوون. ئەو ئەفسانانەش بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەناو شارستانیەکانی دەوروبەریش بڵاوبوونەوە.

وەک پێشتر باسکرا، هەر لە سەرەتادا سۆمەریەکان، گرنگییەکی زۆریان بە ژمارەی حەوت دەدا. دوای ئەوانیش بابلیەکان، ژمارەی حەوتیان لە دوای سۆمەریەکان بەکارهێناوە. بەتایبەتی لە بواری ئەستێرەناسی پەرەیان پێداوە.

یۆنانیە کۆنەکانیش گرنگییەکی زۆریان بە ژمارەی حەوت دەدا. و لە ژمارەی حەوتەوە دابەشکردنی کات هاتە ئارا، هەفتە. ژمارەیەکی دیکەی ئەفسوناوی کە ١٢ بوو، کە بووە بنەما، بۆ دابەشکردنی سەرەتایی مانگ و ساڵ.

سەبارەت بە دینەکان (مەبەست دینە ئیبراهیمیەکانە) بە گشتی لە هەناوی کولتوور و شارستانی سۆمەری لە دایکبووین. سەرەتای پەیوەندی جولەکان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتەی، لە بابل دیل بوون (لە نێوان ٥٨٦ تا ٥٣٨ پ.س.ب) کە دەکاتە ٤٨ ساڵ. لەو ماوەیەدا سوودێکی زۆریان لە ئەفسانە و چیرۆکەکانی میسۆپۆتامیا وەرگرت. بە تایبەتی سۆمەری و بابلی. دوای گەڕانەوەیان. دواتر حاخامەکان بەناوی خودا، لە پەرتووکی پیرۆزی خۆیان تۆماریانکردن. بۆیە لێتۆژینەوە گەیشتۆتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەفسانە و ئەستێرەناسی سۆمەری و بابلی، سەرچاوەی دروستبوون و پەرەسەندنی دینن. واتە هەر سێ دینی یەهودی و کریستیانی و ئیسلام.

## بابلیەکان و ژمارەی حەوت و ئەستێرەناسی

ئەفراندنی بابلی، بەردەوامییەکی ڕاستەوخۆی سۆمەریەکانە. و هەروەها لە چیرۆکی ئەفراندنی بابلی ئینوما ئێلیش لەسەر حەوت تابلۆی گڵین نووسراوە. بەو شێوەیە پارێزگاری لە ژمارەی حەوت کردووە.

له خودا مەزنەکانیدا، ڕەچاوی هەمان ژمارەی حەوتی کردووە. هەروەها یەکەم شارستانین بێجگە زانستی ئەستێرەناسی ( Astronomy)، گرنگی زۆریان بە سیستەمی ئەسترۆلۆگی داوە. و زۆدیاک و کەلۆکانیان دانا.

## سەرچاوەی بیرۆکەی حەوت ئاسمان

بابلیەکان یەکەم شارستانی بوون، گرنگیەکی زۆریانبە ئەستێرەناسی دەدا. ئەوان پێیان وابوو زەوی تەخت و فراوانە و چەقی گشت گەردوونە. هەروەها حەوت هەسارەی لە دەور دەخولێنەوە. هەر یەکەیان لە ئاسمانی خۆی، ئەوانەش: ڕۆژ (خۆر) و مانگ و پێنج هەسارەی ناسراو لەو سەردەمەدا (زاوا، ناهی، بارام، هورموز و کەیوان).

بابلییەکان تێبینیان کردبوو، کە ئەم تەنانە سەرەڕای جووڵەی بەردەوامیان، تەنانەت لە کاتی خۆرگیران و مانگ گیرانیشدا، هەرگیز بەر یەک نەکەوتوون. بۆیە وایان دەزانی کە هەر تەنێک لە ئاسمانی خۆیدا دەسووڕێتەوە، بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئەوانی تردا ململانێی هەبێ. لە ئاسمانی یەکەم، بە مانگ دەست پێدەکا و لە ئاسمانی حەوتەم، بە کەیوان کۆتایی دێ. ئەوەش بە چین دوای چین. بەم شێوەیە چەمکی حەوت ئاسمان دروست بوو، ئەوە یەکەم تیۆری بوو لە مێژوودا، سەبارەت بە ئەستێرەناسی.

خشتەی ئاسمانەکانی بابلی بەم شێوەیە

| ژمارەی ئاسمان | ناو بە ئینگیزی | ناوی بە کوردی |
| --- | --- | --- |
| چەقی گەردوون | Earth | زەوی |

| | | |
|---|---|---|
| ئاسمانی یەکەم | Moon | مانگ |
| ئاسمانی دووەم | Mercury | زاوا |
| ئاسمانی سێیەم | Venus | ناهی |
| ئاسمانی چوارەم | Sun | خۆر (ڕۆژ) |
| ئاسمانی پێنجەم | Mars | بارام |
| ئاسمانی شەشەم | Jupiter | هورموز |
| ئاسمانی حەوتەم | Saturn | کەیوان |

ئەم بۆچوونە لە ناوگەلانی دیکەی وەک یۆنانیەکان و سریانیەکانیشدا بڵاوبووەوە. و بووە تێگەیشتنێکی، ئاسایی لە ناو خەڵک.




ئەو وێنەیە مۆدێلی پتۆلیمۆسە، لەسەر ئاسمانەکان و هەسارەکان.

(Ptolemaic Model)

کاتی جولەکە لە بابل دیل بوون، و لە نزیکەوە ئاشنایەتیان لەگەڵ گرنگی ژمارەی حەوت و تیوری حەوت ئاسمان پەیداکرد. هەرچەندە لەناو دەقەکانی تەورات، ژمارەی حەوت زۆر جار دووبارە بۆتەوە، کەچی زاراوەی حەوت ئاسمان نادۆزرێتەوە.

بە پێچەوانەوە، چمکی حەوت چینی ئاسمان لە ژمارەیەک دەقی قورئاندا دووبارە بۆتەوە: ئەم بیرۆکەیە لەلایەن هەندێک شارستانییەت و دینی دیکەی وەک هیندۆسی و جوولەکە و ئیسلامەوە وەرگیراوە.

## ئەستێرەناسی (علم الفلک)

لە کۆتاییدا، نووسەری قورئان، بیرۆکەی حەوت ئاسمانی لە ئەفسانەکانی بابلی وەرگرتووە، کە لە باشووری میسۆپۆتامیاو باکووری دوورگەی عەرەبی، خەڵکی پێی ئاشنابوون، تەنانەت ووشەی (الفلک) کە لە قورئاندا هاتووە، ئەگەری زۆری هەیە، کە ئەو ووشەیە لە پولوکەی (Pulukka) بابلیەوە هاتبێ.[123] هەرچەندە نازانرێ عەرەب بیریان لە سرووشتی ئەو ئاسمانانە دەکردەوە یان نا. بەڵام بە پێی ئەو ئایەتە، (فلک) دەبێ مانای خولگە بێ، کە هەسارەیەک تێیدا بسووڕێتەوە.

سورة الأنبياء ٢١: ٣٣

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ (٣٣)

[123] إسماعيل مظهر (٢٠١٨) تأثر الثقافة العربية بالثقافة اليونانية. المؤسسة الهنداوى. ص ١٣

ئەو خۆیەتی، شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگی دروستکردوون. و هەریەکێکیان لە خولگویەکدا، مەلە دەکەن (٣٣)

ئەوەش دەزانین، کە لە سەدەی پێنجەم و شەشەمی س.ب، واتە سەردەمی حەنەفیەکانی دوورگەی عەرەب، هەندێ هۆزی عەرەبی دانیشتووی شام و عێراق، لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی بەیانی، بە ڕیتوالی پەرستن هەڵدەستان، و پێیان دەگوت (ألعوزة). [124] هەرچەند نازانین، ئەوانە مانگ پەرست بووین یان هەسارەیەکیتر. بەڵام بوون و خولانەوەی هەسارەکان، یارمەتی دەرێکی گرنگ بووین، بۆ بیابان نیشینەکان. ئەوەش لە قورئان ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدەکا. چونکە بەدەوییەکان بۆ ژیانی بیابان، و کۆچ و بەریان، زۆرترین پێویستیان بە زانینی هەسارە جێگیرە گەورەکان هەبوو. بە تایبەتی کاتەکانی هەڵکشان و ئاوابوونیان. چونکە زۆرجار بەناچاری شەوانە بیابانیان دەبڕی، پێویستیان بە ڕێنمایی بینینی ئەستێرەکان بوو. بەبێ زانینی جوولانی ئەستێرەکان، سوپاکانیان لەدەست دەچوون و کاروانەکانیان لە تەپۆڵکە و بیابانەکاندا، گومدەبوون و لەناو دەچوون.[125]

سورة الأنعام ٦: ٩٧

وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ النُّجُومَ لِتَهْتَدُوا بِهَا فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ (٩٧)

هەر ئەویشە ئەستێرەی بۆتان بەدیهێناوە، تا بەوانە لە تاریکایی وشکایی و دەریادا ڕێگا بدۆزنەوە.(٩٧)

دیمەنی ئەو ئایەتە، بە ڕوونی باسی ئەو هەڵومەرجە دەکا، کە نووسەری قورئان لەگەڵ

[124] Willhausen (2003) Prolegomena to the History of Israel.

[125] إسماعيل مظهر (٢٠١٨) تأثر الثقافة العربية بالثقافة اليونانية. المؤسسة الهنداوى. ص ١٤

بیابان نیشینەکان، چۆن بیریان لە ڕۆڵی ئەستێران کردۆتەوە. بۆیە جێگای باوەڕ نییە، ئەوە قسەی پەروەردگارێک بێ، کە ئاگای لە سەرجەمی گەردووبێ.

## پوختەی باس

ژمارەی حەوت، وەک ژمارەیەکی پیرۆز لە دەقی پەرتووکە دینیەکان لە بابەتی جیاجیا دووبارە بۆتەوە. بەڵام ئەو پیرۆزیە زۆر پێش بەدیارکەوتنی دینەکان، لە کولتووری شارستانی سۆمەری، و دوای ئەویش بابلی، لە ناو دەقەکانی نووسینی سەر تابلۆکان، چ لە بواری ئەفراندن یان ئەستێرەناسی دووبارە بۆتەوە. دوای داگیرکاریەکانی یۆنانی و تێکەڵاوی یۆنانیەکان لە میسۆپۆتامیا و شام و دوورگەی عەرەبی. پیرۆزی ژمارەی حەوت بە شێوەیەکی سرووشتی پەڕییەوە ناو کولتوور و دیاردە دینیەکانی یۆنانی.

بەسەرهەڵدانی دینە ئیبراهیمیەکان، و بە تایبەتی ماوەی دیلیان لە بابل، ئەو ژمارە پیرۆزە وەک زۆر دیمەنیتری کەلەپووری میسۆپۆتامیا خزێنرایە ناو دەقە دینیەکان. و تەنانەت تەنیا لە پەیمانی کۆن نزیکە حەوت سەد جار دووبارە بۆتەوە. و لە پەیمانی نوێ دەوروبەری دووسەد جار دووبارە بۆتەوە. لە قورئانیش بیست و حەوجار دووبارە بۆتەوە.

سۆمەریەکان یەکەم شارستانی بوون، بە ژمارەی حەوت ئاشنا بوون و هەر ئەوانیش ئەو دیمەنە پیرۆزەیان دایە، کە دواتر لەلایەن بابلیەکان نەک دووبارە کرایەوە، بەڵکوو زیاتریش پەرەی پێدرا. یۆنانیەکانیش ژمارەی حەوتیان وەک ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەر دەبینی.

له دینی جوله‌که و کریستیانی و ئیسلام سه‌ره‌ڕای ئه‌و هه‌موو دووباره‌کردنه‌وانه. ڕوونکردنه‌وه‌یه‌کی لۆژیکی سه‌باره‌ت به هۆکاری پیرۆزی ئه‌و ژماره‌یه، نه‌خراوه‌ته ڕوو. و ته‌نیا وه‌ک په‌رجووێکی خودایی بینراوه.

به پێچه‌وانه‌وه له کولتووری سۆمه‌ری ژماره‌ی حه‌وت ده‌رئه‌نجامی دابه‌شکردنی ئاوه‌ژووی، هه‌ر زوو سه‌نجی سۆمه‌ریه‌کانی ڕاکێشا. بۆ نموونه له دابه‌شکردنی ئاوه‌ژووی یه‌ک به‌سه‌ر ژماره‌ی حه‌وت، ده‌رئه‌نجامه‌که‌ی سه‌رنجی سۆمه‌ریه‌کانی ڕاکێشا

1/7 = 0.142857142857

ئه‌وی جێگای سه‌رنجه شه‌ش ژماره (١٤٢٨٥٧) به‌رده‌وام بێ کۆتایی دووباره ده‌بنه‌وه.

له‌لایه‌کیتر سۆمه‌ریه‌کان یه‌که‌م شارستانیبوون که گرنگیان به ئه‌ستێره‌ناسی و خولانه‌وه‌ی ئه‌ستێره‌کان ده‌دا. ئه‌وان زه‌ویان به چه‌قی گه‌ردوون داده‌نا. و دوای ئه‌وه، ڕۆژ (خۆر) و مانگ، زاوا (Merkury)، بارام (Mars)، هورموز (Jupiter) و ناهی (Venus). هه‌ریه‌که‌یان له ئاسمانی (خولگه‌ی) خۆی ده‌سووڕێته‌وه. به لێکدانه‌وه‌ی سۆمه‌ریه‌کان و دوای ئه‌وانیش بابلیه‌کان، هه‌ر هه‌ساره‌یه‌ک له ئاسمانی تایبه‌ت به‌خۆی ده‌سووڕێته‌وه. تا به‌ریه‌ک نه‌که‌ون، به‌و پێیه‌ش ده‌بێ حه‌وت ئاسمان یان حه‌وت نهۆمی ئاسمان هه‌بن.

ئه‌و تێگه‌یشتنه بێجگه له سۆمه‌ری و بابلی، له کولتووری یۆنانیش، هه‌مان تێگه‌یشتن هه‌بوو، بۆیه پتێلیموس له نه‌خشه‌ی گه‌ردوون هه‌ر هه‌ساره‌یه‌ک له نهۆمێکی ئاسمان داده‌نێ.

له هەردوو دینی جولەکە و کریستیانی، واتە پەیەمانی کۆن و پەیمانی نوێ، باسی حەوت ئاسمان ناکا. کەچی لە قورئان بە ئاشکرا لە نۆ ئایەتی جیا جیا دووبارە بۆتەوە.

سورة نوح ٧١: ١٥

أَلَمۡ تَرَوۡاْ كَيۡفَ خَلَقَ ٱللَّهُ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗا (١٥)

ئایا نەیانبینیووە کە خودا چۆن حەوت ئاسمانەکەی بە چین لەسەر چین دروستکردووە؟ (١٥)

نووسەری قورئان ئەو زانیارەیە هەڵەیەی، سەبارەت بە حەوت ئاسمان، لە کولتووری کۆنی بابلی وەرگرتووە. و دووبارە بەناوی خودا تۆماریکردۆتەوە.

# چیرۆکی قایین (قابیل) و هابیل

ئەو چیرۆکە لە قورئان دا هاتووە. و سەرچاوەکای لە پەیمانی کۆن، پەرتووکی ئەفراندنە. کەچی هەندێک لە ڕووداوەکانی لە پەرتووکەکانی فۆلکلۆری میللی یەهودی و تالمود و پیرکێ دە ڕابی ئێلییێزەر، هەروەها میشناه سەنهەدرین. هاتووە. هەرچەندە گێڕانەوەی قورئان بە بەراورد لەگەڵ ئەو دوو پەرتووکە ناتەواوە. بەڵام قورئان زیاتر شتەکانی لەو دوو پەرتووکە وەرگرتووە.

قرآن الكريم - سورة المائدة ٥: ٢٧ - ٣٢

وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ بِٱلۡحَقِّ إِذۡ قَرَّبَا قُرۡبَانٗا فَتُقُبِّلَ مِنۡ أَحَدِهِمَا وَلَمۡ يُتَقَبَّلۡ
مِنَ ٱلۡأٓخَرِ قَالَ لَأَقۡتُلَنَّكَۖ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ (٢٧) لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ
يَدَكَ لِتَقۡتُلَنِي مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيۡكَ لِأَقۡتُلَكَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ
ٱلۡعَٰلَمِينَ (٢٨) إِنِّيٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثۡمِي وَإِثۡمِكَ فَتَكُونَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِۚ وَذَٰلِكَ
جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّٰلِمِينَ (٢٩) فَطَوَّعَتۡ لَهُۥ نَفۡسُهُۥ قَتۡلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصۡبَحَ مِنَ
ٱلۡخَٰسِرِينَ (٣٠) فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابٗا يَبۡحَثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُرِيَهُۥ كَيۡفَ يُوَٰرِي سَوۡءَةَ
أَخِيهِۚ قَالَ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِثۡلَ هَٰذَا ٱلۡغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوۡءَةَ أَخِيۖ
فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ (٣١) مِنۡ أَجۡلِ ذَٰلِكَ كَتَبۡنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ
نَفۡسَۢا بِغَيۡرِ نَفۡسٍ أَوۡ فَسَادٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعٗا وَمَنۡ أَحۡيَاهَا

فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعٗاۚ وَلَقَدۡ جَآءَتۡهُمۡ رُسُلُنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرٗا مِّنۡهُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ فِي ٱلۡأَرۡضِ لَمُسۡرِفُونَ (٣٢)

هەواڵی دوو کوڕەکەی ئادەمیان بە ڕاستی بۆ بخوێنەوە: کە هەردووکیان بەڵاگێڕیان کرد، جا لە یەکێکیانی وەرگرت و لەوەی تریانی وەرنەگرت، گوتی: سوێند بێ دەتکوژم، گوتی: لە ڕاستیدا خودا بەڵاگێڕی، تەنیا لە خوداپەرستان وەردەگرێ. (٢٧) گوتی ئەگەر تۆش دەستم بۆ درێژ کەی و بمکوژی، ئەوە من دەستوەکەری ناکەم بتکوژم، چونکە من لە پەروەردگاری جیهانەکان دەترسم. (٢٨) من دەمەوێ تاوانی کوشتنی من و تاوانی خۆت بکەوێتە ئەستۆ، ئەوسا دەچیە دۆزەخ. و ئەوەیە پاداشتی ستەمکاران. (٢٩) ئەوسا خۆی بۆ کوشتنی براکەی، تەرخان کرد. و کوشتی، و کەوتە ڕیزی دۆڕاوان. (٣٠) خودا قەلەڕەشکەیەکی نارد، کە زەوی هەڵدەکۆڵی تا چۆن لاشەی براکەی بشارێتەوە، گوتی: ئەی خۆمرۆ چۆن نەمزانی، وەك ئەم قەلەڕەشکە بکەم و لاشەی براکەم بشارمەوە جا بوو بە یەکێك لە پەشیمانان (٣١) لەبەر ئەوە لەسەر نەوەکانی ئیسرائیل نووسیمان ، ئەگەر کەسێك کەسێکی بە نارەوا کوشت، یان بێ ئەوەی خراپەیەکی لە زەویدا کردبێ، وەك ئەوە وایە کە گشت خەڵکی کوشتبێ، وە هەر کەسێك بێتاوانێک ڕزگار بکا، وەك ئەوە وایە کە گشت خەڵکی ڕزگارکردبێ، وە سوێند بێ پێغەمبەرانی ئێمەتان بە بەڵگەکانەوە بۆ هات، ئەوسا زۆرێکیان لە دوای ئەوە لە زەویدا زێدەڕۆییان کرد. (٣٢)

## هابیل و قایین لە تەورات

پەیمانی کۆن - پەرتووکی ئەفراندن ٤: ١ – ١٧

(١) ئادەم لەگەڵ حەوای ژنی جووت بوو، ئەویش سکی پڕ بوو، قایینی بوو. گوتی: لەلایەن خوداوە پیاوێک بووە بەرهەمم (٢) پاشان هابیلی برای بوو. ئیتر هابیل بووە شوانی مێگەل و قایینیش جوتیار بوو. (٣) دوای ماوەیەک قایین هەندێک بەروبوومی زەوی پێشکەش بە خودا کرد. (٤) هەروەها هابیل لە چەوری باشترین نۆبەرەی مێگەلەکەی پێشکەش کرد. جا هابیل و قوربانییەکەی جێی ڕەزامەندی خودا بوون. (٥) بەڵام قایین و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی خودا نەبوون. جا قایین زۆر تووڕە بوو و ڕووی خۆی گرژ کرد.
(٦) خودا بە قایینی فەرموو: بۆ تووڕە بووی و ڕووی خۆت گرژ کردووە؟ (٧) ئایا ئەگەر ئەوەی چاکە ئەنجامی بدەی، قبوڵ ناکرێی؟ خۆ ئەگەر ئەوەی چاکە ئەنجامی نەدەی ئەوا گوناه لە بەردەرگا خۆی مات کردووە، و ئارەزووت دەکا. بەڵام تۆ دەبێ بەسەریدا زاڵ بی.
(٨) جا قایین بە هابیلی برای گوت: با بچینە ناو کێڵگە. واش ڕوویدا. کاتێک هەردووکیان لە کێڵگە بوون، قایین پەلاماری هابیلی برای دا و کوشتی.
(٩) خودا بە قایینی فەرموو: کوا هابیلی برات؟
ئەویش گوتی: نازانم، خۆ من پاسەوانی براکەم نیم؟
(١٠) جا خودا فەرمووی: چیت کردووە؟ گوێ بگرە! دەنگی خوێنی براکەت لە زەوییەوە هاوارم بۆ دەکات. (١١) ئێستاش تۆ نەفرەت لێکراوی، لەو زەوییەی کە دەمی بۆ وەرگرتنی خوێنی براکەت کردەوە لە دەستی تۆ. (١٢) کاتێک ئیش لە زەوییەکە بکەی، چیتر بەری خۆیت ناداتێ. لەسەر زەوی دەربەدەر و بێ ئۆقرە دەبی.
(١٣) قایین بە خودای گوت: سزاکەم لەوە گەورەترە کە بتوانم بەرگەی بگرم. (١٤) ئەمڕۆ لەسەر زەوی دەرتکردم، لەبەر ئامادەبوونی تۆ ون دەبم و

دەربەدەر و بێ ئۆقرە دەبم لەسەر زەوی. هەرکەسێکیش تووشم بێ، دەمکوژێ.
(١٦) بەڵام خودا پێی فەرموو: ناکرێ وابێ، هەرکەسێک قایین بکوژێ ئەوا حەوت ئەوەندە تۆڵەی لێ دەستێنرێتەوە. ئینجا خودا نیشانەیەکی بە قایینەوە کرد. تا ئەگەر هەرکەس تووشی بێ نەیکوژێ. (١٧) ئیتر قایین لەبەردەمی خودا چووە دەرەوە، و لە خاکی نۆد لە ڕۆژهەڵاتی عەدەن نیشتەجێ بوو.

## هابیل و قایین لە میدراش

دوژمنایەتی بەرامبەر هابیل چەندین هۆکاری هەبوون. بەڵام ئەو کاتە دەستی پێکرد، کە خودا قوربانیدانی هابیلی بە گرنگتر وەرگرت. بە ناردنی ئاگری ئاسمان بەڵگێڕیەکەی وەرگرت، لە هەمان کاتدا بەڵاگێڕی قایینی ڕەتکردەوە. بەڵاگێڕیەکەیان لە چواردەهەمین ڕۆژی نیساندا هێنران. ئەوەش لەبەردەم باوکیان، کە لەگەڵ دوو کوڕەکەی قسەی کرد: ئەمە ئەو ڕۆژەیە، کە پێشکەشکردنی بەڵاگێڕیەکانی ئیسرائیلی[126] تێدادەکرێ. کەواتە تۆش (قایین) لەو ڕۆژەدا دیاریەکەت ببە بۆ لای ئەفرێنەرەکەت، تا ئەو لێت ڕازی بێ. ئەو شوێنەی بۆ پێشکەشکردنەکە هەڵیانبژاردبوو ، ئەو شوێنە بوو کە دواتر بەڵاگێڕگای ئۆرشەلیمی لەسەر دروسترکرا. هابیل لە باشترینی مەڕەکانی بۆ بەڵاگێڕیەکە هەڵبژارد. بەڵام قایین سەرەتا، خۆی تا پێی خورا، لە ژەمە خواردنەکەی خوارد. و دوای تێربوونی ئارەزووی

[126] سەیری ئەو دەربڕینە لەوەدایە، کە لەوسەردەمە بەنی ئیسڕائیل، نە بووە. ووشەی ئیسڕائیل یەکەم جار بەپێی تەورات، خودا بە یاقوبی گوتووە.تۆ ناوت دەبێتە ئیسڕائیل.

خواردنی، ئەوەی کە مابووەوە پێشکەشی خودایکرد. کە بریتی بوو لە کەمێک تۆوی کەتان. چونکە تاوانەکەی زۆر بوو بە پێشکەشکردنی بەرهەمی ئەو زەوییەی کە لەلایەن خوداوە نەفرەتی لێکرابوو! بۆیە سەیر نییە، کە پێشکەشکردنەکەی پێشوازییەکی باشی لێ نەکرا! سزایەکی بەسەردا سەپێنرا. و ڕوخساری وەک دوکەڵ ڕەش بوو. سەرەڕای ئەوەش هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕوخساری نەگۆڕا. تەنانەت ئەو کاتەی پەروەردگاریش قسەی لەگەڵ کرد: ئەگەر ڕێگاکانت چاک بکەیتەوە، خودا لە گوناهەکەت خۆش دەبێ. ئەگینا ڕادەستی هێزی ئارەزووی خراپ دەبی. دڵت دەبینێ، جائەوە پەیوەندی بە خۆتەوەیە. یان تۆ دەبیتە گەورەی ئەو، یانیش ئەو دەبێتە گەورەی تۆ.[127]

قایین پێی وابوو ستەمی لێ کراوە، بۆیە ناکۆکی لە نێوان خۆی و هابیلدا دروست بوو، قایین وتی: من باوەڕم وایە جیهان لە ڕێگەی چاکە دروست بووە، بەڵام دەبینم کردەوەی چاک بەرهەم ناهێنێ. خودا بە دەسەڵاتی نارەوا جیهان بەڕێوەدابا، چۆن ڕووی کردە بەلاگێڕی تۆ. کەچی بەهەمان شێوە سەیری پێشکەشی منی نەکرد؟ هابیل دژی وەستایەوە، و گوتی خودا پاداشتی کارە باشەکان دەداتەوە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی کەسەکان بکا. جا دیاری هابیل لەلایەن خوداوە وەرگیرابێ، کەچی دیاری قایین وەرنەگیرا، ئەوا لەبەر ئەوەیە کە کردەوەکانی هابیل باشتر بوون، و کردەوەکانی براکەی خراپ بوون.

بەڵام ئەمە تاکە هۆکار نەبوو بۆ ڕق و کینەی قایین لە هابیل، بەشێک لە هۆکاری قینی لە هابیل، خۆشەویستی بوو، دڵگرانی لەسەر ئەوەی خوشکی ببێتە ژنی هابیل، ئەوەش سەرچاوەی تاوانەکە بوو. و دڵنیابوون لە زاوزێی ڕەگەزی مرۆڤ، کچێک کە لەگەڵ یەکێکیان لەدایک بووبێ، چارەنووس بوو ببێتە هاوسەری ئەویتریان.

[127] The Midrash, Pirḳe R. Eliezer, xxi.; Genesis. Rabbah. xxii. 7.

خوشکە دووانەکەی (جمک) هابیل لەڕادەبەدەر جوان بوو، قایینیش سووکایەتی پێدەکرد. بۆیە بەردەوام بیری لە ڕێگایەکدەکردەوە، تا بە پلانێک خۆی لە براکەی ڕزگار بکا.[128]

زۆری نەخایاند دەرفەتی بۆ ڕەخسا. ئەو ڕۆژەی هابیل خەریک بوو مەڕێکی جووت دەکرد، دوای ئەوە گەڕایەوە سەر کێڵگەی قایین. قایین بە توڕەیی هاواری لێکرد: چ مافێکت هەیە لەسەر زەوی من بێ. و دوای ئەوە مەڕەکانت بەجێبهێڵی، بۆ ئەوەی لێرە بلەوەڕێن؟ هابیل لە وەڵامدا گوتی: ئەی تۆ چ مافێکت هەیە بەرهەمی مەڕەکانم بەکاربهێنی، جل و بەرگ لە پەشمەکەیان دروست بکەی؟ ئەگەر نەیەڵم پەشمی مەڕەکانم لەبەر کەی، و پارەم بۆ گۆشتی مەڕەکانم بدەیتێ، کە خواردووتە، ئەوا زەویەکەت بە ئارەزووی خۆم بەجێدێڵم، و لە هەوادا دەفڕم. ئەگەر بتوانم وەک ئەوە بکەم باشە. پاشان قایین گوتی: ئەگەر لێر بتکوژم کێ داوای خوێنت، لە من دەکات؟ هابیل لە وەڵامدا گوتی: ئەو خودایەی ئێمەی هێناوەتە دونیا تۆڵەت لێدەکاتەوە. ئەگەر تۆ من سەربڕی، تۆڵەی خوێنی منت لێدەکاتەوە. خودا دادوەرە، بمکوژە. دڵنیابە خودا نهێنییەکەت دەزانێ و بە سزا مامەڵەت لەگەڵ دەکا.

ئەو قسانە تەنیا توڕەیی قایینی زیاتر کرد، خۆی فڕێدایە سەر براکەی[129]. بەڵام هابیل لەو بەهێزتر بوو. خەریک بوو بەهۆی ئەوکارەی تووشی تاوانێکی خراپ بێ. بەڵام لە کۆتاییدا خستیە بەر لێبووردەیی. و هابیل دەستی لێ بەردا. و هەندێ هەستی بە ئازادیکرد. بەڵام قایین، جارێکی تر پەلاماری هابیلی برای دا و کوشتی. جا ئەو وتەیە ڕاستە: چاکە لەگەڵ خراپەکار مەکە، چونکە خراپە بەسەرتدا دەکەوێ.

---

[128] Gen.Rabbah 22:2,&7, 61:4, Irenaeus 1:6.

[129] Gen.Rabbah 22:7, Yerushalmi Targumim on Genesis. 4:8

کوشتنی هابیل، بە درندانەترین شێوەبوو، کە خەیاڵ بڕی بکا. نازانرێ چ ناسۆرێک وای لە بکوژ کرد، کە دەستی بچێتە خوێنی برای خۆی. قایین هەموو ئەندامانی جەستەی هابیلی بەردباران کرد. تا یەکێک بەر ملی کەوت و کوشتی و بە مردوویی کەوتە خوار.

پاشان قایین، لە دەستی دایک و باوکی هەڵهات. و خودا سەرزەنشتی کرد. چونکە هابیل بەر بەزەیی خۆی کەوت. و ئەو کاتەی دەرفەتی بۆ هاتبوو، خۆی لە کوشتنی برای بەدوور گرت. [130]

ئەوەی جێگای هەڵوێستەکردنە لە هەمان سورەتی المائدة ٥: ٣٢ کە دەڵێ:

سورة المائدة ٥: ٣٢

> مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَنَّهُۥ مَن قَتَلَ نَفْسًۢا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي ٱلْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ ٱلنَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحْيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعًاۚ وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم بَعْدَ ذَٰلِكَ فِي ٱلْأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ (٣٢)
>
> لەبەر ئەوە لەسەر نەوەکانی ئیسرائیل نووسیمان، ئەگەر کەسێك کەسێکی بە ناڕەوا کوشت، یان بێ ئەوەی خراپەیەکی لە زەویدا کردبێ، وەك ئەوە وایە کە گشت خەڵکی کوشتبێ، وە هەر کەسێك بێتاوانێک ڕزگار بکا، وەك ئەوە وایە کە گشت خەڵکی ڕزگارکردبێ، وە سوێندبێ پێغەمبەرانی ئێمەتان بە بەڵگەکانەوە بۆ هات، ئەوسا زۆرێکیان لە دوای ئەوە لە زەویدا زێدەڕۆییان کرد. (٣٢)

لە میشناە سەنهەدرین بەشی ٤ بڕگەی ٥

[130] Genesis. Rabbah 22:8.

ئەو دەربڕێنە بە درێژی هەیە. کەچی لە قورئان ناتەواوە. حاخامی یەهودی پەیوەندی ئایەتی ٣٢ سورەتی المائدة، و کوشتنی هابیل، بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە:

چیت کرد؟ دەنگی خوێنی براکەت، لە زەوی هاواری بۆکردم (ووشەی خوێن، لە تەوراتی عیبری بە شێوەی کۆ دەردەبڕێ)
لەزەوی هاواری بۆکردم ( ئەفراندن ١٠ : ٤)

دیمان قایین  کە براکەی خۆی کوشت. گوتی: دەنگی خوێنی براکانت  بۆم هاواردەکەن. نالێ خوێنی برات. لەبەر ئەوەی مەبەستی خوێنی هابیل و وەچەکانی ئایندەین.

بەپێی تەورات، هەرچەندە ئادەم بە تەنیا دروستبووە، کەچی خوێنی لە وەچەکانی یەک لە دوای یەک دایە. کوشتنی کەسێک واتە بڕاندنەوەی ڕەچەڵەکی ئایندەی ئەو کەسە. هەر کەسێکیش کەسێک ڕزگاربکا. واتە جیهان ڕزگار دەکا. بۆیە ئایەتی ٣٢ لە سورەتی المائدة وەرگێڕانی دەقی یەهودیە.
دەقی ئەو چیرۆکەی قورئان دەیگێڕێتەوە، سەرچاوەکەی، لە پەرتووکی پێرکی ڕابی ئێلیێزار بەشی ٢١، دایە. [131]

[131] Pirke de Rabbi Eliezer, London 1916. chapter 21, Pp 150 - 157

# چیرۆکی هابیل و قابیل، و ئەفسانەی سۆمەری

شتێکی ئاشکرایە جوتیاری و ئاژەڵداری لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی کۆن، و هاوچەرخ ڕۆڵی بنەڕەتیان هەبووە. ئەو ڕۆڵە تائێستاش سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، لە هەموو شێوەکانی بەرهەمهێنان، هێشتا گرنگی لە سەقامگیری ژیانی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەدا هەیە. هەردوو پیشەی جوتیاری و شوانکارەیی بە درێژایی مێژووی پەرەسەندنی یەکەم شارستانی مرۆڤ کۆنن. هەردووکیان دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای پەرەسەندنی مێژووی شارستانیەتی و دروستبوونی گوندی کشتوکاڵ.

مرۆڤ هەر لە زووەوە، درکی بەوەکردووە، کە مانەوەی بە دوو شت بەستراوەتەوە. یەکەمیان بژێوی (خۆراک) و دووەم زاوزێ. بەبێ خۆراک خۆی دەمرێ، و بەبێ زاوزێ ڕەگەزی بەیکجاری لەناو دەچێ.[132]

جوتیاری پەیوەندی مرۆڤە بە زەوی. و هۆکاری دامەزراندن و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤ بووە. شوانکارەییش پەیوەندی بە پەروەردەکردنی ئاژەڵ و ماڵیکردن و گەڕان بووە بەدوای لەوەڕ، جا ئەو دەرفەتانە لە گوند بووبێ، یا بە شێوەی ڕەوەندی لە ناو دەشت و دۆڵان، بەگشتی خۆی لەگەڵ بارودۆخەکە گونجاندووە. و بەردەوامیش لەگەڵ جوتیاری

[132] علي، د. فاضل عبدالواحد (١٩٩٩) عشتار و مأساة تموز. الأهالي للتوزيع. ديمشق. ص ١٥

و کشتوکاڵ تەواوکەری یەکتری بووین. ئەوەش هەم خۆشی و تەیی، هەمیش ناخۆشی و ناتەبایی لەگەڵ خۆی داهێناوە.

لە ڕاستیدا زۆر سەختە بزانین، کەی ئەو دوو پێشەیە لە یەکتری جیا بوونەتەوە. بە تایبەتی لە میسۆپۆتامیا، مەڕومالاَت بەشێکی بنەڕەتی لە ژیانی جوتیاران پێکهێناوە. و ئەو دوو پیشەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی نەگۆڕ یەکتری تەواو دەکەن.

چیرۆکی هابیل و قابیل، وەک وانەیەکی گرنگ لە ناو دەقەکانی پەرتووکی دینە ئیبراهیمیەکان هاتووە. بە دیاریش لە قورئان و تەورات. بە درێژایی چەند هەزار ساڵە، کات و ناکات وەک نموونەیەک لە تۆڵەی خودا. دووبارە دەکرێتەوە. ئەوەی جێگای زۆر گرنگییە، ئەو چیرۆکە ڕەگوڕیشەی لە ئەفسانەکانی سۆمەری هاتووە. و نووسەرانی تەورات زۆر بە زیرەکی، وەک دەقێکی ڕەسەنی دینی، و تۆڵەی خودا تۆماریان کردووە.

کەچی لە ناو ئەدەبی سۆمەری، دوای ئەوانیش بابلیەکان، وەک ژانرێکی ئەدەبی ئەو بوارەیان پەرە پێداوە، بە ناوی گەنگەشە، یان دەربڕینی سەرفرازی. کە بە سۆمەری پێیان دەگوت ئەداماندوگە (Adamanduga) کە جوتیار و شونکارە ڕۆڵی بەرزی تێدا دەبینن.[133]

گەنگەشەی ئەدەبی سۆمەری بریتی بووە، لە گەنگەشەی نێوان دوو لایەنی ناحەز بەیەک. جا ئەوانە خودا بووبن یان مرۆڤ، گیاندار، ڕووەک تەنانەت بگرە دیاردە سرووشتیەکانیشی گرتۆتەوە.

---

[133]Kramer, Samuel Noah (1963) The Sumerian,Their history, Culture and Character, The university of Chicago press. Chicago & London. Pp 218; Lambert, babylonian wisdom Literature. Pp. 150

مەبەستی سەرەکی گەنگەشەکە ئەوەبووە، یەک لە لایەنەکان سەروەری و بەهای خۆی بەرامبەر لایەنەکەیتر نیشان بدا. ئەوەش لە ڕێگای سەرفرازی و زیاتر سوود و بەهای خۆی، هەروەها شکاندنی بەرامبەرەکەی بە خراپ و کەم بەهایی.

گەنگەشەی نێوان دوو لایەن، بەردەوام دەبێ، تا لە کۆتایی بە بڕیاری لایەنی سێیەم، یەکلا دەکرێتەوە. کە کامیان لەویتر باشتر بوون. گەنگەشەکە بەوە کۆتایی دێ، کە دژایەتی نامێنێ و ئارامی پەیگیر دەبێ.

چەندین نموونەمان لە ئەدەبی سۆمەری، سەبارەت بەو جۆرە گەنگەشانە هەن. بۆ نموونە گەنگەشەی نێوان هاوین و زستان، نێوان خودای ئاژەڵ و خودای دانەوێڵە، لە نێوان باڵندە و ماسی، درەخت و قامیش. لە نێوان زیو و مس، قولنگ و گاسن و هتد. هەروەها لە نێوان قوتابخانە و قوتابی و کۆپیکەر (ڕوونووسکار).

لە سەرەتادا دەبێ ئەوە بڵێین، کە بەیەکگەیشتنی گەنگەشەی سۆمەری و چیرۆکی هابیل و قابیلی تەورات.[134] ئەگەر خاڵەکانی بەیەکگەیشتنیان بە شێوەیەکی لاوەکییە، بەڵام ڕەهەندەکانی ئەفسانەی سۆمەری بە قووڵی ڕەگیان لەناو تەورات دا دەبینرێ. کە لەو تۆژینەوەیە دیاردەکەوێ.

تا ئێستا هەڵکۆڵینی شوێنەوارناسی چەندین نموونەی بەرزی ئەدەبی سۆمەری دۆزیونەتەوە. وەک لە نێوان هاوین و زستان، خودای مەرماڵات و خودای دانەوێڵە، باڵندە

134 لە کەلەپووری گەلێری ئیسلام، قاین ناوی (قابیل)ە

و ماسی، زیو و مس، قوڵنگ و ئاموور و درەخت و لق.[135]

ئەگەرچی زۆر گەنگەشە لە ئەدەبی سۆمەری هەن، بەڵام سێ لەو لەو گەنگەشانە، سەبارەت بەو باسە، گرنگن کە بخرێنە ڕوو.

## ئەفسانەی داموزی و ئێنکی ئیمدو

ئەفسانەی سۆمەری، گەنگەشەی نێوان داموزی (Dumuzid) جوتیار و ئێنکی – ئیمدو (Enki - Emdu)ی شوانکار. کە لەسەر چوار تابلۆی قوڕ، بە ١٥٠ دێر نووسراون. گەنگەشەکە دەکرێتە دوو بەش.[136]

خودای ئانانا (ئیشتار) و براکەی ئاوتو (خودای ڕۆژ) کە دەیەوێ، ئانانا ڕازی بکا شوو بە داموزی شوان بکا، کە داخوازی کردووە. ئانانا کە خودای جوانی و خۆشەویستیە، لەسەر ئەوە مکوڕە کە هاوسەرگیری لەگەڵ داموزی شوان ناکا. لەبەر ئەوەی دڵی بە جوتیارێکەوەیە بە ناوی ئێنکی – ئیمدو (Enki - Imdu) کە خاوەنی ئەمباری پڕ دانەوێڵە بوو.

---

[135] . Kramer, Samuel Noah (1963) The Sumerian,Their history, Culture and Character, The university of Chicago press. Chicago & London. Pp 218
[136] Ibid. Pp 218

گەنگەشەکە دابەشی دوو بەشی سەرەکی دەبێ: یەکەمیان چیرۆکی نێوان ئانانا (ئیشتار) و براکەی ئوتو (Utu) (خودای ڕۆژ)، کە دەیەوێ ئانانا بەوە ڕاپی بکا، هاوسەرگیری لەگەڵ داموزی شوانکار بکا، کە داوای هاوسەرگیری کردووە.

ئانانا (ئیشتار) دەڵێ:
من هاوسەرگیری لەگەڵ شوانکارێک ناکەم
و جلە زبرەکانیشی لەبەری ناکەم
خوری زبری قەبوڵ ناکەم
من پاکیزەم، لەگەڵ جوتیارێ هاوسەرگیری دەکەم،
جۆرەها ڕووەک و گیا دەچێنێ
جوتیار جۆرەها خۆشەویستی دەڕوێنێ.

بەشی دووەمی دیالۆگ دوێتێکە لە نێوان خودای ئەوتو و بۆ ڕازیکردنی ئانانای خوشکی. بۆ سەلماندنی کە شوانکار شتی باشتر لەوانیتری هەیە. کە بەڕۆن و ماستی باش، کە بە دەستەکانی خۆی بەرهەمیان دێنێ.

لە کۆتاییدا، داموزی شونکارە، بە دیالۆگێک شتە باشەکانی خۆی دەژمێرێ و لەگەڵ بەرهەمەکانی جوتیار بەراوردیان دەکا. داموزی شوانکارە دەڵێ:

جووتیار لە من زیاترە؟، جووتیار لە من زیاترە ؟
جووتیار لە من زیاترە؟ چی هەیە لەمن زیاتر بێ؟
ئێنکی – ئیمدو، جۆگە و بەندا و کێڵگەی هەن.
جووتیار لە من زیاترە؟ چی هەیە لە من زیاتربێ؟

که دانەوێڵەی ڕەشم دەداتێ!
من لە بەرامبەر مەڕی ڕەشی دەدەمێ.
ئەو ئاردی سپیم دەداتێ!
من لە جیاتی مەڕی سپێ دەدەمێ.
ئەو ئاوم پێدەدا بۆ خواردنەوە!
- لە بەرامبەردا، منیش ئەو (جوتیار) ئاو دەدەم - شیری مەڕەکانم بخواتەوە

وادیارە دەربڕینەکانی داموزی شوانکار بە دڵی ئانانا (ئیشتار) بووین. لەبەر ئەوەی لە ڕێگای گەنگەشە باشەکانی خۆی بەسەر بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی ئێنکی -ئیمدوی جوتیار بەرزکردەوە. و خۆی بە دڵفراوان و دەست واڵا لە پێناو خۆشەویستی نیشاندا.

کۆتایی دیالۆگەکە، دەگاتە ئەوەی ئانانا ڕای خۆی گۆڕی و بە هاوسەرگیری لەگەڵ داموزی شوان ڕازی بوو. کە بووە هۆی دڵخۆشی و هەستی بەختەوەری شوانکار.

دوای کۆتایی ووتەکانی داموزی دڵی ئانانا (ئیشتار) دەگۆڕێ، و هەست بە ئارەزووێکی تایبەتی بۆ داموزی دەکا. لە کۆتایی بە داخوازیەکەی ڕازی دەبێ.

بەشی کۆتایی
دوای ئەوەی دڵنیابوو کە ئانانا (ئیشتار) شووی پێدەکا، داموزی شوانکار بۆ ئاودانی مەڕەکانی دەچێتە قەراخی ڕووبار. لەوێ ئیکی – ئیمدو دەبینێ. و هێرشی دەکاتە سەرو لێی دەدا. بەڵام ئێنکی – ئیمدوی جوتیار هێمن و دڵ باشبوو. دوای لێدان، بە هێمنی داوای لە داموزی کرد، کە دەتوانێ مێگەلەکەی لە لەوەڕگەی ئەو بلەوەڕێنێ و لە جۆگەکان مەڕەکانی ئاو بدا.

# ئەفسانەی دوو خوشک

ئەو چیرۆکە بریتییە لە گەنگەشەیەک، لەنێوان  دوو خوشک. یەکەمیان خودای مەڕ و ماڵات لاهار (Lahar) و خوشکی خودای دانەوێڵە ئەشنان (Ashnan) روودەدا.

لە سەرەتادا هەردوو خودای مەڕوماڵات و خودای دانەوێڵە ئەفرێندران. بۆ ئەوەی خۆراک بۆ کوڕانی خودا دابین کەن. سەرەڕای ئەوەی، دوایی دەردەکەوێ، خودا ناتوانێ بەپێی پێویست نان و شیر دابین کا.

بۆ ئەو کارە مرۆڤ ئەفرێندرا، کە مەڕداری و جوتیاری بگرێتە ئەستۆ. بۆ یارمەتی مرۆڤ و سەرکەوتنیان لە کارەکانیان، خودای چاکە ئێنکی و خودای ئاسمان ئێنلیل بڕیاریاندا. هەردوو خودای مەڕوماڵات و دانەوێڵە بنێرن، بۆ بڵاوکردنەوەی پیت و بڕشت لە سەر زەوی. بۆ ئەوەی بتوانن خواردن و خواردنەوە پێشکەشی خوداکان بکەن. بە پێی سەرچاوەکانی سۆمەری، ئەوەش هۆکاری بنەڕەتی بووە کە مرۆڤی بۆ ئەفرێندراوە. ئەوەش دەقی ئەفسانەکەیە.

چیرۆکەکە بە پێشەکییەک دەستپێدەکا. و باس لە دروستبوونی خودای مەڕ وماڵات و خودای دانەوێڵە دەکا. کە هەردووکیان لە دوو لای جیاواز هەوڵدەدەن بژێوی بۆ کوڕانی خودا پەیدا بکەن.

خودای چاکە ئێنکی و خودای ئاسمان ئانلیل، هەردوو خودای مەڕومالاًت و خودای دانەوێڵەیان ناردنە سەر زەوی، تا پیت و بڕشت بڵاوبکەنەوە.

لەو ڕۆژانەدا ئێنکی بە ئێنلیلی گوت:
ئەی باوکە ئێنلیل، لاهار و ئەشنان
کە لەماڵی خودا ئەفرێندران
با لەماڵی خودا دایانبەزێنینە سەر زەوی.
لاهار و ئەشنانیان لە ماڵی خودا دابەزاندن.
بەپێی ووتەی ئێنکی و ئێنلیلی پیرۆز
پاشان ئێنکی و ئێنلیل فەرشێکیان ئامادەکرد
ڕووەک و گیانداریان بە دیاری لە ناودا چاند.
سەبارەت بە ئەشنانیش ماڵێکیان بۆکرد. و
ئامورر و نیری، بەدیاری درایە
بەڵام لەهار تەویلەیەکی گەرمی بۆ مەڕومالاًتی هەبوو
بەڕاستی شوانێک بوو پیت و بڕشتی دەدا
ئەشنانیش لەناو بەروبوومە کەڵەکە بووەکانی دا زبڵ خاشاک هەبوو.
سەرڕاست، بەسۆز و دڵفراوان بوو. [137]

بەو شێوەیە بەردەوام بوون. و جێی ڕەزامەندی هەردوو خودای ئێنکی و ئێنلیل بوون.

[137] Kramer, Samuel Noah (1963) The Sumerian,Their history, Culture and Character, The university of Chicago press. Chicago & London. Pp 218

پاش ماوەیەک، ناکۆکی کەوتە نێوانیان. و گەنگەشە لەسەر ئەوەبوو، کە کامیان باشتر و بەبەهاترن.
لە کۆتاییدا، بڕیار چووە لای خودای ئانوو و خودای ئێنلیل کەوتە نێوانیان دوو خوشکە و بڕیاریان دا، کە ئەشنان خودای دانەوێڵە، لە بەرامبەر لاهاری خوشکی براوەیە.[138]

دواتر چیرۆکی داموزی و ئێنکی – ئیمدو، کە سەرچاوەی چیرۆکی هابیل و قایینە لە تەورات و لەوێشەوە هاتووتە ناو قورئان.

دژایەتی نێوان جوتیار و شوان، لە ئەدەبی سۆمەری. کە لەیەکچوونێکی زۆری لەگەڵ چیرۆکی هابیل و قایین لە تەورات هەیە. و کاریگەری گەورەی لەسەر ڕەهەندەکانی داناوە.

چیرۆکی سێیەمی ئەفسانەی سۆمەری، پەیوەندی بە هێزی سرووشتە لە پیت و بڕشتدا، و گەشەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. ئەو چیرۆکە بریتییە لە گەنگەشەیەک لە نێوان هاوین (Emesh) و زستان (Enten). ئەفسانەکە دەڵێ خودای ئانلیل گشت دانەوێڵە و ڕووەک و درەختی لەسەر زەوی ئامادەکرد. و دوو برای ئیمیش (هاوین) و ئێنتین (زستان)ی ئەفراندن. بە هەمان شێوەی چیرۆکی جووتە خوشک لەهار و ئەشنان، خودای مەڕوماڵات و خوشکی ئەشنان خودای دانەوێڵە. لێرەدا ڕۆڵی دووبرا زیاتر لە هابیل و قابیل لە تەورات دەگونجێ.

ئەو دوو برایە توانیان بڕشت و خۆشگوزەرانی، لەسەر ڕووی زەوی وەدی بێنن. تا دەهات بەرهەمی درەخت، کێڵگە زیاد دەبوو، کۆگای دانەوێڵە ئامادە دەکران. تا زیاتر دەبوون، لە

[138] علي، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الى التوراة. الطبعة الثانية سينا للنشر ص٢٢٤

سەرتاسەری وولات خانوو دروست دەکران، گۆمەزی پەرستگاکانیش وەک ترۆپکی چیا بەرز دەبوونەوە.

کاتی ئەرکەکانیان کۆتایی هات، دوو برا بڕیاریاندا بچنە نەیپوور (Nippur) بۆ ماڵی ژیان (Enam-til-la) تا دیاری لە گیاندار و باڵندە و ڕووەک بۆ ئێنلیلی باوکیان ببەن.

ئێنتین کانزا و بەردی دانسقە، و درەخت و ماسی هەڵبژارد. بەڵام هەر لە دەرگای پەرستگا، ئیرەیی ئێنتین بەرامبەر براکەی ئێمیش پەیدابوو. ئیرەییەکەشی لەوەوە بوو. بەرهەمەکانی ئێمیش ئەنجامی سەرچاوەکانی ئاوی زستان بوون.

ئێمیش بەرامبەر گلەییەکانی وەستایەوە. پێی وابوو، وەک جوتیارێک بەرهەمی کێڵگەکانی، بە هێزی بازووی بەرهەم هێناوە. دەمەقاڵیان گەیشتە ئەو ئاستەی، سکاڵاکەیان بۆ ناوبژی کردن، بردە پەرستگای مەزن، لای ئێنلیل. ئێنتین ناڕەزایی ڕاگەیاند، و گوتی باوکە:

ئێنتین زستانی داهێنا! مەڕەکان بەرخیان بوون
و بزنەکانیش، کارژۆلەیان بوون
ژمارەی مانگا و گوێدرێژ لە زیادی دابوو و شیر زیادی کرد
و شادی لە دەشتی بەپیتدا، بۆ دڵی بزنی کێوی هاتەدی
وە مەڕ و کەر
باڵندەکانی ئاسمانیش لە زەوییە پان و بەرینەکاندا هێلانەکانیان کرد
وە ماسییەکانی دەریا - لە خاکی فراوان و کاکی بەکاکیدا - وایلێهات هێلانە دروستبکەن
(بەڵێ) ماسییەکانی دەریا، کە بووە هۆی ئەوەی لە کانیاوی دارستانەکانی زاوزێ بکەن

له باخەکانی دارخورما و ترێشدا هەنگوین زۆربێ. [139]

باوکە ئێنلیل، تۆ بەرپرسیارێتی کەناڵەکانت پێدام
من ئاوی زۆرم هێنا
کێڵگە بە کێڵگەم پاراوکرد، دانەوێڵەکانی لەسەر یەک کەڵەکە بوون
زیادبوونی دانەوێڵەی دروستکراو لە کێڵگەکان،
بەڵام ئەشنان جوتیاری میهرەبان، وام لێکرد بە بەهێزی دەربچێت،
ئێستا ئیمەش، ئەو ....، کە هیچ تێگەیشتنێکی بۆ کێڵگەکان نییە،
بە....قۆڵ و ...شانەوە کێلاویە،

ئیمێشس ڤێرژەنی شەڕەکە، کە بە دەستەواژەی چەپڵە لێدەرانە دەست پێدەکات کە بە فێڵبازانە ئاراستە دەکرێن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێنلیل، کورتە بەڵام هێشتا تێنەگەیشتوون. پاشان ڕەگ و شەراب و بیرەی هێنایە ناو ماڵەکەی،
خۆیان بە ڕەگی دڵخۆشکەر و شەراب و بیرە تێر دەکەن،
ئیمێش بە زێڕ و زیو و لاپیس لازولی پێشکەش بە ئینتن دەکات،
لە برایەتی و هاوڕێیەتیدا خواردنەوەی خۆشی دەڕێژن...
لە ناکۆکی نێوان ئێمێش و ئینتێن،
ئینتێن جووتیاری دڵسۆزی خوداکان، دوای ئەوەی خۆی سەلماند کە سەرکەوتووە بەسەر ئیمێشدا .... باوکە ئێنلیل پیرۆزبایی لێکرد.[140]

---

[139] Kramer, Samuel Noah (1963) The Sumerian,Their history, Culture and Character, The university of Chicago press. Chicago & London. Pp 218
[140] علي، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الى التوراة. الطبعة الثانية سينا للنشر ص ٢٢١

# بەراوردکردنی ئەفسانەکانی سۆمەری و چیرۆکی تەورات

بە بەراوردکردنێکی سەرپێی لەو سێ چیرۆکە، دەردەکەوێ، چیرۆکی هابیل و قابیین لەیەکچوونێکی لە ڕادەبەدەری لەگەڵ ئەفسانەکانی سۆمەری دا هەیە. هەوڵدەدرێ بە چەند خاڵێک بەراوردی چیرۆکەکان بکەین.

١ لەیەکچوونی پیشەکانیان
لە هەر سێ ئەفسانەکانی سۆمەری و چیرۆکی هابیل و قابیین هەمان پیشەیان هەیە. یەکیان شوانکارە و ئەویتریان جوتیارە. لە چیرۆکی دوو خوشک لەهار و ئەشنان یەکەمیان خودای مەڕوماڵاتە و دووەمیان خودا دانەوێڵە و ڕووەک و بەرهەمی کشتوکاڵییە. لە چیرۆکی هاوین (ئێمیش) و براکەی زستان (ئێنتێن). ئێمیش و ئێنتێن. بە هەمان شێوە لە چیرۆکی تەورات هابیل شوانکارە و قابیین جوتیارە.

٢ پەیوەندی کەراکتەرەکان
بێجگە لە ئەفسانەی داموز و ئێنکی – ئیمدو، ئەوانیتر لەهار و ئەشنان دوو خوشکن، هەروەها ئینتێن و ئێمیش دوو بران، وەک هابیل و قابیین.

٣ پێشکەشکردنی دیاری
لە ئەفسانەکانی سۆمەریدا، تایبەتە بە گەنگەشەی هاوین و زستان، کە دوو بران ئێنتین و ئێمیش، دیاریان بۆ خودابردووە. هەروەها لە چیرۆکی تەوراتیش هابیل و قابیین دیاریان بۆ خودا هێناوە.

٤ ناکۆکی

لە گەنگەشەی سۆمەری دەمەقاڵێ لە نێوان شوانکار و جوتیار داموز و ئێنکی- ئێمدو، لەهار و ئەشنان هەروەها ئێنتین و ئێمیش دروستدەبێ. لە چیرۆکی تەورات دەمەقاڵێ لە نێوان هابیل و قایین دورستدەبێ.

٥ هەڵبژاردن (خودا بڕیاردەدا کام باشترە)

لە ئەفسانەکانی سۆمەری، سەرجەمی ناکۆکییەکانی نێوان شوانکار و جوتیار لەسەر ئەوەیە، کامیان بەرهەمی باشترە، مەڕوماڵات یان بەرهەمی کشتوکاڵێ. و خودا کامیان هەڵدەبژێرێ. لە چیرۆکی داموزی و ئێنکی- ئێمدو، ئانانا (ئیشتار)، لە کۆتایی داموزی شوانکار هەڵدەبژێرێ. لە ئەفسانەی لەهار و ئەشنان خوداکان ئانو و ئێنلیل خودای دانەوێڵە هەڵدەبژێرن. بەهەمان شێوە لە ئەفسانەی هاوین و زستان، خودای ئێنلیل ئێنتینی کوڕی لەسەر ئێمیش هەڵدەبژێرێ، لە چیرۆکی تەورات، هابیل بە نرختر دانرا لە قابیل و خودا دیاری ئەوی بە باشتر زانی.

٦ دەرئەنجامی دەمەقاڵێ

لە دەمەقاڵێ هابیل و قایین، دەگاتە ئەو ئاستەی یەکیان ئەویتر بکوژێ، کەچی بە پێچەوانەی ناکۆکی دەمەقاڵێ ئەفسانەکانی سۆمەری، لە کۆتایی ئەفسانەی سۆمەی جوتیار تەنیا لێی دراوە و دڵفراوانە و ڕێگای شوانە دەدا، مەڕوماڵاتی لە لەوەڕگەی بلەوەڕێنێ، و لە ئاوی سازگاری بخواتەوە. هەردووکیان پێکدێنەوە، شوانکارەکەش پەشیمان دەبێتەوە. لە کۆتایی خۆشەویستی و هاوخەمی یەکتر دەبن.

کەچی لە چیرۆکی تەورات و قورئان جوتیار شوان دەکوژێ و خۆشی لای خودا نەفرەتی لێدەکرێ.

بەو خاڵانەی سەرەوە، دەردەکەوێ، کە سەرچاوەی بنەڕەتی ئەو چیرۆکی تەورات و قورئان، لە ئەفسانەی سۆمەرییەوە هاتووە.

لە قورئان ئاماژە بە ڕووداوەکە دەکا، کە دوو کوڕی ئادەم بەروبوومی خۆیان بە دیاری بۆ خودا هێناوە.  و یەکیان ئەویتری کوشتووە. بەڵام ناوی هیچیان ناهێنێ. ئەوەش دیارە چیرۆکەکەی تەورات بە کورتی و بێ ئاماژە بە ناو و وردەکاری ڕووداوەکە وەرگیراوە. دەر ئەنجامەکەی ئەوەیە کە سەرچاوەی بنەڕەتی ئەو چیرۆکە نە وەحی بووە بۆ موسا. و نە جوبرائیلیش ئەو هەواڵەی داوەتە محمد. بەڵکوو تەورات لە ئەفسانەی سۆمەری وەریگرتووە. و حاخامەکان بە چەند دەسکاریەک کە لەگەڵ پەیامی دینی بگونجی، تۆماریان کردووە. نووسەری قورئانیش بە کورتی و سەرپێی کۆپیکردووە.

# لافاو لە نێوان ئەفسانە و پەیامی خودا

چیرۆکی لافاوی تاوان و کەشتی نوح. ڕووداوێکە بە زۆر ناوی جیاواز باسکراوە، ئەمڕۆ کەس نیە، لە جیهان بە شێویەک لە شێوەکان نەیبیستبێ. ئەو چیرۆکە، یا ئەو کارەساتە، بەپێی دین قورئان و تەورات، خودا بەسەر مرۆڤ دا هێناوە. مەبەستی سەرکیش تەمبێ کردنییەتی. لە سایەی لیتورگی و تۆقاندنی مینبەرەکانی ئیسلام، کاریگەرییەکی ترسناکی لای باوەڕداران دروستکردەووە، کە ڕۆژانە وەک نموونە و وەبیرهێنانەوە بەکاریدێنن.

بەڵام ئەو چیرۆکە مێژووەکەی، زۆر لە مێژووی دینەکان کۆنترە. وەک ئەفسانەیەکی کۆن لە شارستانیەکانی سۆمەری و ئەکەدی و بابلی هاتووە. بۆیە بەراوردکردنێک دەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕەی کە لافاوی تاوان و نوح بوونیان نەبووە، بەڵکوو ئەو چیرۆکانەی ناو دەقەکانی قورئان و تەورات تەنیا کۆپیەکی، شارساتانیە کۆنەکانی میسۆپۆتامیان. و بریتین لە ئەندیشەی مرۆڤ بەرامبەر سرووشت. دواتر دینەکان بەناوی خوداوە تۆماریان کردوون. لەو شوێنانەی ناو پەرتووکە دینییەکانی تر یان شارستانییە دێرینەکان هاتوون. و وەک چەکێکی کاریگەر، بۆ تۆقاندن و بە کۆیلەکردنی دینداران بەردەوام بەکاری دێنن.

# لافاوی تاوان لە ئەفسانەی سۆمەری

بەپێی ئەو تابلۆیانەی شوێنەوارناسان، لە شوێنەواری سۆمەرییەکان دوای گەڕانێکی مەیدانی زۆر، توانیویانە تەختەیەکی قوڕی سوورکراوەی سۆمەری بدۆزنەوە.[141] ئەو تابلۆیە زۆر کۆنترە لە داستانی گلگامش. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٥٠٠ ساڵ پ.س.ب.

لەو تابلۆیەدا باسی لافاوێکی ناوچەیی دەکا. پاڵەوانی داستانی لافاو و کەشتی ڕزگارکەر ناوی زیۆسوودرایە[142] . ئەفسانەکە وا دەست پێدەکا. دوای ئەوەی خودا مرۆڤی دروستکرد، بینی زۆر زوو لە زیاد بووندایە، و دەنگ و هەرایان، خودایانیان بێزارکردووە. خوداکان هەر زوو وەدەستهاتن، تا چارەیەک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە. هەر زوو (نامتار خودای مەرگ کە بەرپرس بوو لە نەخۆش یەکان) ڕاسپێردرا کە نەخۆشییەکان بەڕەڵلا بکاتە گیانی هەموو خەڵک بە ژن و پیاوەوە. ئێنکی خودای ئاو و ژیان. ئەو خودایەی کە ڕەگەزی مرۆڤی دروستکردبوو، توانی ڕزگارییان بکا. دوای ئەوە خوداکان کارەساتی تریان یەک لە دوای یەک دەنارد، بەڵام ئێنکی هەر جارە یارمەتی مرۆڤی بە ژن و پیاوەوە دەدا، و ڕزگاری دەکردن. ئێنلیل خودای ڕەشەبا، زۆر ئیرەیی بە پەیوەندی ئێنکی و مرۆڤ دەبرد. بڕیاری دا لافاوێکی سەرتاسەری هەڵستێنی و تەواوی مرۆڤایەتی نقووم کا. جا ئێنکی هاتە خەونی زیۆسوودرا و

---

[141] Kramer, Samuel Noah (2000) The Sumerians, their history, Culter and Character.
[142] Seppo, Nurmi (2007-2010) Mytt möter fakta. kosmiska

ڕێنمایی کرد و نەخشەی دروستکردنی کەشتی دایە. زیۆسوودرا کەشتییەکی دروست کرد، و خۆی و بنەماڵەکەی چوونە ناو کەشتی.

دوای ئەوەی بارانێکی بەخوورِ باری تا حەوت ڕۆژ و حەوت شەو لافاو هەڵستا. دوای نیشتنەوەی لافاو زیۆسوودرا و بنەماڵەکەی لە کەشتی دابەزین و دیاریان پێشکەشی خوداکان کرد، کە برسی بوون. ئێنلیل زۆر تووڕەبوو، ئۆقرەی لێبڕابوو. دانی بەوە دانا کە مرۆڤایەتی لە ناو نەچووە. و لە لافاو ڕزگاری بووە. ئیتر بەدوای چارەیەکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک بێ خوداکان چیتر لەدەستی مرۆڤ هەراسان نەبن. ئەوە دەرفەتی دایە ئێنکی بۆ ڕازیکردنی ئێنلیل و لە هەمانکاتدا بەردەوام بوونی ڕەچەڵەکی مرۆڤ.

ئێنکی پێشنیازێکی مام ناوەندی بۆ ئێنلیل کرد. پێشنیازەکە بریتی بوو، لەوەی کە لەمەودوا نەیەڵن مرۆڤ وا بەخێرایی زیاد بکەن، هەمیشە نەخۆشی یەک لەسەر سێیان دابڕێ (بە نەخۆشی بمرن) ئیتر لەو ڕۆژەوە نەخۆشی یەخەی مرۆڤایەتی گرتووە، و هەر ساڵە بەشی خۆی قوربانی دەوێ.

هەمان چیرۆک بە شێوەیەکی تر سەبارەت بە لافاو و کەشتی ڕزگارکەر دەگێڕدرێتەوە. کە دەبێ دوای ئێنکی، زیۆسوودرا کە میری شار بوو، لە لافاو ئاگادار دەکاتەوە. زیۆسوودراش کەشتییەکی ئاژەڵ گواستنەوە پەیدا دەکات. بە کەشتییەکە خۆی و ماڵ و خێزانی و مە ڕوماڵاتی پێ ڕزگار دەکا، و خەڵکیتر بەجێ دێڵێ. خەڵکی شار لە ناکەسبەچەیی تووڕەدەبن. ئیتر زیوسوودرا بە کەشتی بەرەو باکووری ڕۆژئاوا خۆی دەربازدەکا. هەمان چیرۆک بە زۆر شێوەی تر گێڕدراوەتەوە. لە هەندێکیان وەک قارەمانی مرۆڤایەتی ڕزگار دەکا، جێگای ڕەزامەندی خودایانە. لە هەندێکی تر کەراکتەر لە پێناوی خودا و خۆپەرستی گەلەکەی بەجێ دێڵێ.

به هەر حاڵ لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە، بێجگە لە ناوی کەراکتەری سەرەکی، وەک دەقی ئەو داستانە وایە کە دواتر لە داستانی گلگامش هات.

لە لاوژەی گلگامشی سۆمەری، چیرۆکی لافاو هاتووە و کەراکتەری سەرەکی ناوی زیۆگیدۆ یە. زیۆگیدۆ کەسێکی نەمرە (خاوەنی ژیانی هەتا هەتاییە لە ئاستی خودا دایە) ئەو نەمرییەشی لەلایەن ئێنلیلەوە پێ بەخشراوە.

پاشان زیۆگیدۆ لەوە ئاگادارەدەکرێتەوە کە خودا لە مرۆڤ بەقین داچووە. لەبەر ئەوەی فەرمانەکانی ئەویان فەرامۆش کردووە، و دەستیان بە خراپەکاری و گومڕایی کردووە. بۆیە خوداش دەیەوێ سزایان بدا. بۆ ئەو مەبەستەش بەتەمایە لافاوێکی گەورە بنێرێ، تا جیهان لە گشت بوونەوەران پاککاتەوە و ژیانی تێدا نەیەڵێ.

زیۆگیدۆش وەک ڕزگارکەرێک دێتە مەیدان و بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی و ژیان بەتەواوی لەسەر زەوی، کەشتییەک دروست دەکا. لەو کەشتییەدا بنەماڵەی خۆی و لە هەر بوونەوەرێک جووتێک (یەک نێر و یەک مێ) لەگەڵ خۆی سواری کەشتییەکەی دەکا. لە ناو کەشتی چاوەڕوان دەکەن، تا لافاوی تاوان هەڵدەستێ. کەشتییەکە دووای سەرئاوکەوتن ماوەی حەوت ڕۆژ و حەوت شەو، لەسەر ئاو دەسووڕێتەوە. لە کۆتاییدا ئاوی لافاوەکە دەنیشێتەوە و کەشتییەکەش لەسەر کێوێک لەنگەر دەگرێ و، ئیتر ژیان لە سەرەتاوە دەست پێ دەکاتەوە و زیۆگیدۆش وەک ڕزگارکەر و پاشای ئەو خەڵکە هەوڵدەدا بەپێی فەرمانەکانی خودا، گوێڕایەڵی خەڵکی بۆ مەیسەر بکا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، دەبێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێ ئەوەیە، لە چیرۆکە کۆنەکانی سەردەمی سۆمەری، تەنیا باسی لافاوێکی ناوچەیی بچووکی ڕووبارەکانی میسۆپۆتامیا دەکا.

که دەبێ ئاو شاری داپۆشیبن، و تا دۆندی چیا هەڵکشابێ. کەچی لە ڤیرژەنەکانی دواتر، ئەنجامی گێڕانەوەی دەماو دەم، لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر، لافاو تا دێ فۆرمێکی گەورەتر وەردەگرێ، و ووردە ووردە دەگۆڕێ بۆ دەریا. ڕەنگە هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ نزیک شارستانییەتی سۆمەری لە ڕووداوی لافاوێکی گەورە. ئەوەش جێگای باوەڕە، لەبەر ئەوەی ڕوودانی لافاو لە ناوچەکانی باکووری میسۆپۆتامیا ئاساییە. و زۆر جار شاریشی لەگەڵ خۆیدا ڕاداوە.[143] لە جێی خۆیەتی هەر لێرە ڕووداوێکی تر بەسەربکرێتەوە. خۆ ڕەنگە داستانی گلگامش هەر لەو ڕووداوەوە هاتبێ.

سۆمەرییەکان لە ٢٩٠٠ ساڵ پ.س.ب لە بەشی خوارووی میسۆپۆتامیا شارستانیەکی گەشەسەندوویان هەبوو. پایتەختی شارستانییەتەکەیان باد- پیترا بوو. کە بە نزیکەی ٣٠ کیلۆمەتر دەکەوتە خوارووی شاری شوروپاک. لەو سەردەمەدا لافاوێک هەلسا، و ئەو دەڤەرەی داپۆشی. خەڵکەکەی تووشی کۆچ و ڕەو دەبن، بەرەو باکوور هەڵدێن. لەو دەمەدا ئەکەدییەکان، نیشتەجێیی باکووری سۆمەرییەکان بوون. و بەو کۆچکردنە شێوەی جوگرافیای دانیشتوان دەگۆڕی. و پایتەختی سۆمەرییەکان گواسترایەوە، بۆ کیش کە دەکەوێتە سەرەوەتر. ئەوەش ڕێی تێدەچێ، بە پێی مێژووی جیهان، سۆمەریەکان لە ٣ هەزار ساڵ پ.س.ب لە شاری کیش بۆ پارێزگاری لە شارستانی خۆیان، دەستیان کردووە بە دروستکردنی سوپایەکی بەهێز. ئەوەش بۆ بەگریکردن بەرامبەر هێرشی عیلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە (ئێرانی ئێستا) کە ئیپراتۆرییەتێکی بە هێزیان هەبوو.[144]

لە دەوروبەری سالآنی ٢٥٠٠ پ.س.ب دەوڵەتی شارەکانی سۆمەری، کەوتنە شەڕ و ناکۆکی لەگەڵ یەکتری. بەهۆی کوشتن و تالآن و برۆی ناوخۆ، زۆر بێهێز بووبوون و توانای

[143] Nurmi, Seppo (2007-2010) Myt möter Fakta. Kosmiska

[144] گوڵالە کەمانگەر ( ٢٧١٢) قورئان لە نێوان ئوستوورە و جادوو دا. ل ١٥٢

بەرەنگارییان بەرامبەر هێرشی دەرەوە نەمابوو. سەرجۆنی ئەکەدی ئەو بێ هێزییەی سۆمەریەکانی قۆستەوە. و لە دەوروبەری ساڵانی ٢٣٠٠ پ.س.ب هێرشی توندی کردە سەر سەرزەمینی سۆمەری و داگیریکرد. بەو سەرکەوتنە، ئەکەدییەکان کۆتاییان بە دەوڵەتی شار هێنا. و یەکەمین ئیپراتۆرییەتی لە جیهاندا دروستکرد.

## لافاوی تاوان لە شارستانی ئەکەدی

لە دەستپێکی هەزارەی سێیەم پ.س.ب، شەپۆلێکی گەورەی مرۆڤ بە کۆچ و ڕەوی جیاجیا، زۆر بەخێرایی بە دەشتاییەکانی میسۆپۆتامیا و شام دا بڵاوبوونەوە. ئەو شەپۆلەی کۆچبەران ناوی لێنرا (کۆچ گەلانی سامی). پە پێی بۆچوونی زۆربەی توێژەران، دەبێ ئەو کۆچ و ڕەوە لە نیچە دوورگەی عەرەبییەوە، بۆ ئەو ناوچانە بە دوای ئاو و بژێوی دا دەگەڕان. و چارەنووسیان هاتە ئە وولاتە بە پیتە.[145]هەرچەندە دەزانین ئەوانە لە نیچە دوورگەی عەرەبییەوە بۆ ئەو ناوچانە هاتوون، کەچی مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆک نین، ئایا نیشتمانی ڕەسەنی ئەو گەلە سامییانە نیمچە دوورگەی عەرەبی بووە، یان لە بنەڕەتدا لە ئەفریقاوە کۆچیان بۆ ئەوێ کردووە. و دوایی بۆ ناو چەکانی میسۆپۆتامیا و شام هاتوون.[146]

ئەکەدییەکان یەک لەو گەلە سامییانەن کە لە ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا گیرساونەتەوە. و دواتر لە دەوروبەری ٢٣٠٠ – ٢١٠٠ پ.س.ب لە باکووری سنووری سۆمەرییەکان دەژیان. و شارستانی ئەکەدییان دامەزراند.

---

[145] د. سید القمنی. قصة الخلق آآو سفر التکوین. ل ٦

[146] هەمان سەرچاوە.

بەناوبانگترین پاشا و بنیاتنەری ئیپراتۆری ئەکەدی ناوی (سەرگۆن) بوو، کە تووانی لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆی سۆمەرییەکان و بێهێزبوونیان سوود وەربگرێ. هێرشیان بکاتە سەر و سەرزەمینی سۆمەری داگیربکا. بەو داگیرکردنەش کۆتایی یەکجاری بە دەوڵەتی شار بێنێ. و ئیپراتۆرییەتێکی فراوانتری، بەهێز دروست بکا. کە زیاتر لە ١٠٠ ساڵ تاکە فەرمانڕەوابێ. ئیپراتۆری ئەکەدی لە دوای نارامسین ٢٢٠٠ پ.س.ب. هەنگاو بە هەنگاو لە شکەست دابوو. ئەوەندە لاواز بوو بوو، لە کۆتایی دا دووبارە کەوتنەوە ژێر دەستەڵاتی سۆمەرییەکان.[147] چیرۆکی لافاو و کەراکتەری رزگارکەر، لای ئەکەدییەکان هەروەک سۆمەرییەکان وایە. ئەوەی جیای دەکاتەوە ناوی ڕزگارکەرەکەیە، لای سۆمەرییەکان ناوی زیۆسوودرا یان زیۆگیدۆیە، کەچی لای ئەکەدییەکان ناوی ئەتراهاسیس و کوڕی ئوبەر-تاتوو پاشای شووروپاک بووە. ئەگینا چیرۆکەکە کتومت وەک یەک وان. ئەگەرچی چیرۆکەکان زیاتر ماوەی نێوانیان لە چەند سەدە زیاترە، کەچی دەبینین بێجگە لە ناوەکان و پەیوەندی ڕزگارکەر لەگەڵ سەرەوەدا، و شێوەی گونجاندنی کولتووری گێڕانەوە، گۆڕانی بەسەر داهاتووە. ئەگینا ئەوەندە لەیەک نزیکن، وەکوو دوو کۆپیێ یەکترین. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەریەک لەو شارستانییەتانە داستانی گلگامشی خۆی هەبووە. و وەک سەرچاوەیەکی کولتووری خۆی دەیبینێ. هەرچەندە، چ گلگامش خۆی و چ داستانەکەی، لە بنەڕەتدا سۆمەرین. کەچی هەمان داستان لە ناو هەر شارستانییەک، بە ناوی جیا جیا دووبارە بۆتەوە. ئەوەش وایکردووە گێڕانەوەکان وەک یەک وابن، هەر شارستانییەکیش بە ماڵی خۆی بزانێ. لە هەر تابلۆیەکدا لاوژەکە ماک و دیمەنی شارستانیی خۆی تێدا بەدی دەکرێ، کە لەوانی تر جیا دەکاتەوە[148].

[147] Nurmi, Seppo (2007-2010) Myt möter Fakta. Kosmiska

[148] Världshistoria del 1 av 16 pp.140

# لافاوی تاوان لە شارستانی بابلی

بابلییەکان ١٧٥٠ - ٥٣٩ پ.س.ب گەلێکی سامین و لە دەوروبەری ڕووباری فوڕات لە خوارووی میسۆپۆتامیا دەژیان. دوای کزبوونی سۆمەری نوێ، دەوڵەتێکی ئاشووریان لە بابل دامەزراند. ئەو دەوڵەتە لە هەردوو ئیمپراتۆری سۆمەری و ئەکەدی توکمەتر، و خاوەن پلانتربوو. بەناوبانگترین پاشایان حامووڕابی بوو.

سەرەتا ئاشوورییەکان لەسەر کاولگەی سۆمەرییەکان ئیپراتۆریەکی ناوچەییان دروستکرد. دوای خۆ بەهێزکردن و دروستکردنی سوپایەکی بەهێز پەلاماری هەموو لایەکیان دا. لە ڕۆژهەڵاتەوە ئیپراتۆری عیلامیەکان و ڕۆژئاواش تا گەیشتە پاشایەتی میسر.

ئیپراتۆرییەتی ئاشووری لە بابل بەو سنوورەی سۆمەری و ئەکەدییەکان نەوەستا. بەڵکوو دەستەڵاتی خۆی، هەم لە ڕۆژهەڵات تا ناوەندی ئیپراتۆری عیلام، لە ڕۆژئاواش تا خوارووی میسر درێژ کردبووەوە. چیرۆکی لافاو و کەشتی ڕزگارکەر لە شارستانی بابلی، دەق وەک هەمان چیرۆکی سۆمەری و ئەکەدی وایە. کە لەسەر بەردی بە مێخ نووسراو و بەتایبەتی لە داستانی گلگامشی بابلی داهاتووە، بێجگە لەوەی لە گێڕانەوەی بابلی زێدەڕۆیی لە گەورەیی لافاوەکەدا کراوە. لافاوی بابلی لە گێڕانەوەیدا دەبێ تەواوی جیهانی گرتبێتەوە. و تا دۆندی چیای بۆ ماوەی چەند مانگ داپۆشیێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شارستانی بابلی، یەکەم ماوەکەی دوورتر کەوتۆتەوە لە ڕوودانی لافاوەکە،[149] و دوای گێڕانەوەی پشتاو

[149] کەمانگەر، گولالە (٢٧١٢) قورئان لە نێوانئوستورە و جادوودا. ل ١٥٣

پشت، شتی لەسەر زیاد کرابێ. دوای ئەوەش شتێکی سەیر نییە. فراوان بوونی قەڵەمڕەوی دەستەڵاتی ئمپراتۆری ئاشووری و دەرچوونی لە ناوچەیەکی دیاریکراو، بۆ جیهانێکی بەرفراوانتر. کاریگەری لەسەر چیرۆکی لافاویش هەبووە. بە درێژایی تێپەڕبوونی ئەو کاتە دوورودرێژە و دووبارە گێڕانەوە، و تۆمارکردنەوەی لەگەڵ هەڵومەرجەکاندا گونجێندراوە. بۆیە سەیر نییە لافاو لە لاوژەی گلگامش لە سەردەمی بابلییەکان لە ناوچەیەکی بچووک، ببێتە لافاوێکی سەرتاسەری و تەواوی گۆی زەوی گرتبێتەوە. لە چیرۆکی لافاوی بابلی، کەسێک بەناوی ئۆتنەپیستیم کەرەکتەری سەرکییەو کەسێکە وەک زیۆگیدۆ نەمرە و دەبێتە رزگارکەری ژیان لەسەر زەوی. ئۆتنەپیستم لەلایەن خودای ئاو و زانین (ئێیا)[150] ئاگادار دەکرێتەوە، کە خودا لەبەر خراپی و گوناهکاری مرۆڤ لەسەر زەوی. نیازی وایە ژیان لەسەر زەوی بنبڕکا.

سەرەڕای ئەوەش ئێیا، پەیمان بە ئۆتنەپیستیم دەدا. کە فێری کەشتی دروستکردنی بکا. ئۆنەپیستیم دوای دروستکردنی کەشتی، ئامادە بوو بۆ رزگارکردنی ژیان لەسەر زەوی. جا کاتی کەشتییەکەی دروست کرد، لە هەر بوونەوەرێک جووتێک واتە یەک نێر و یەک[151] مێی سواری کەشتی کرد. لێرەشدا هەروەک کەشتی زیۆگیدۆی سۆمەری، کەشتی سەر ئاو دەکەێ. بەڵام لێرەدا لافاو بۆ ماوەی چەند مانگێک هەڵدەستێ. دوای وەستانی لافاو، تاماوەی حەوت شەو و حەوت رۆژ، کەشتی بێ چارەنووس دەسوورێتەوە. تا لافاو دەوەستێ و ئاو دەنیشێتەوە. ئەوسا کەشتی لەسەر کێوێک لەنگەر دەگرێ. و ژیان لەوانەوە لەسەر زەوی دەست پێدەکاتەوە. مرۆڤەکانیش بەوە تەمبێ دەکرێن کە ئەگەر بە فەرمانی خودا نەکەن، ئەوا خودا هەر رۆژێک دەتوانێ ژیان لەسەر زەوی قڕکات.[152]

---

[150] Nurmi, Seppo (2007-2010) Myt möter Fakta. Kosmiska

[151] ئەوەی جێی سەرنجە بۆ یەکەمجار لەسەردەمی بابلییەکان، ڕزگارکەر لە هەر بوونەوەرێک جووتێکی (نێر و مێ ) بۆ ڕزگارکردن هەڵدەبژێرێ.

[152] Nurmi, Seppo (2007-2010) Myt möter Fakta. Kosmiska

# لافاوی تاوان لە دینەکانی ئیبراهیمی

هەر دینێک لە سرووشت و پەیامەکانی بەستراوەتەوە، بەو ژینگەیەی لێی لەدایکبووە. کولتوور و نەرێتەکانی کۆمەڵایەتی و ئاستی شارستانی کۆمەڵگە. ڕەنگدانەوەیان لە سەر دینەکە هەیە. هەر بۆیەش تۆژینەوە لەسەر دین، دەبێ تۆژینەوە لەسەر سرووشت و ئاکارەکانی کۆمەڵایەتی ئەو شارستانیەبێ، کە دەبێتە کلیلی بیروباوەڕ و پیرۆزینەکانی ئەو دینە.

دینی جوولەکە یەکەمین دینە، لە سێ دینە ئیبراهییەکان. و پەیدابوونی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ٤ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا. پەیدابوونی ئەو دینە یەکەم هەنگاوی مرۆڤە لە ناوچەی میسۆپۆتامیا و شام، کە باوەڕی بە تاکپەرستی هێنابێ.[153] ئەو دینە لە هەناوی شارستانیەکانی میسری، سۆمەری، ئەکەدی و بابلی دروست بووە. هەر بۆیەش ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی ئەو شارستانیانەی پێوە دیارە.

لە پەرتووکی ئەفراندن، لە تەورات (یەکەم پەرتووکی تاناخ[154]) لە دەقی ٦ تا ٨ بریتییە لە پرۆسەی ڕوودانی لافاوی تاوان و کەشتی نوح. هەڵبەتە دووبارە کردنەوەیەکی کتومتی ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلیی و ئەکەدییە، کە پێشتر باسکران. لێرەدا کەراکتەری سەرەکی نەبی نوحە، کە ڕۆڵی ڕزگارکەری ژیان لەسەر زەوی دەبینێ. نوح مرۆڤێکی ئاساییە، و پلەی پەیامبەرایەتی هەیە. بەپێی تەورات نوح تەمەنی شەش سەد ساڵ بوو، کە لافاو هەڵستاوە

---

[153] Encyclopedia of Judaism (2006) pp. xiv

[154] تەناخ گشت پەرتووکەکانی جولەکە دەگرێتەوە، کە لە دینی کریستیانی ناوی (پەیمانی کۆن)ە

و خوداش ئەوی هەڵبژاردووە، بۆ ڕزگارکردنی هەموو جۆرەکانی بوونەوەران و جارێکی تر بنیاتنانەوەی ژیان لەسەر زەوی.

پەیمانی کۆن - ئەفراندن ٦: ٥ – ٢٢

(٥) خودا بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیروبۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە .(٦) خودا خەفەتبار بوو، کە مرۆڤی لەسەر زەوی دروستکردبوو، هەروەها دڵگرانیش بوو .(٧) ئیتر خودا فەرمووی: مرۆڤ دەسڕمەوە، ئەوەی لەسەر ڕووی زەوی دروستم کرد، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەری خشۆک و باڵندەی ئاسمان، چونکە خەفەت دەخۆم لەوانەی کە دروستم کردوون. (٨) بەڵام نوح لەبەرچاوی خودا ڕەزامەندی بەدەستهێنابوو.
(٩) ئەمانەش نەوەکانی نوحن.
نوح پیاوچاک و بێ کەموکوڕی ناو خەڵکانی سەردەمی خۆی بوو، دۆستی خودا بوو .(١٠) نوح سێ کوڕی بوو: سام و حام و یافەت.
(١١) زەویش لەبەردەم خودا گەندەڵ بوو و پڕیش بوو لە توندوتیژی .(١٢) خودا بینی زەوی چەند گەندەڵ بووە، چونکە هەموو مرۆڤێک ژیانی خۆی لەسەر زەوی گەندەڵ کردبوو .(١٣) ئیتر خودا بە نوحی فەرموو: من کۆتایی بە بوونی هەموو مرۆڤ دەهێنم، چونکە بەهۆی ئەوانەوە زەوی پڕ بووە لە توندوتیژی. وا لەگەڵ زەوی لەناویان دەبەم .(١٤) کەشتییەک بۆ خۆت لە تەختەی دار سەروو دروستبکە، کەشتییەکە بکە لانە و بە قیر دیوی ناوەوە و دەرەوەی سواخ بدە .(١٥) ئاواش دروستی دەکەیت: سێ سەد باڵ درێژی کەشتییەکە بێت، پەنجا باڵ پانی بێت، سی باڵیش بەرزی بێت. (١٦) بە ئەندازەی باڵێک

بۆشایی لەسەر کەشتییەکە بانێکی بۆ دروستدەکەیت، کەشتییەکە تەواو دەکەیت. دەرگای کەشتییەکەش لەتەنیشتەوە دادەنێیت. کەشتییەکە دەکەیتە سێ نهۆم، خوارەوە و ناوەڕاست و سەرەوە .(١٧) من وا ئاوی لافاو بەسەر زەویدا دەهێنم، بۆ لەناوبردنی هەموو ژیانێک لەژێر ئاسمان، هەروەها هەموو زیندەوەرێک کە هەناسەی ژیانی تێدایە. هەرچییەک لەسەر زەوییە لەناودەچێ .(١٨) بەڵام من پەیمانی خۆم لەگەڵ تۆ دەبەستم. تۆ دەچیتە ناو کەشتییەکە، خۆت و کوڕەکانت و ژنەکەت و بووکەکانیشت لەگەڵت .(١٩) لە هەموو بوونەوەرێکی زیندوو، نێر و مێ، جووتێک لەگەڵ خۆت دەهێنیتە ناو کەشتییەکە، بۆ هێشتنەوەیان بە زیندوویێتی .(٢٠) جووتێک لە هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی باڵندە و لە جۆرەکانی ئاژەڵ و لە جۆرەکانی بوونەوەرە خشۆکەکانی زەوی دێنە لات، بۆ هێشتنەوەیان بە زیندوویێتی .(٢١) تۆش بۆ خۆت هەر خۆراکێک کە دەبێت بخورێت ببە و لەلای خۆت کۆی بکەرەوە، تاکو بۆ خۆت و بۆ ئەوان ببێتە خواردەمەنی

(٢٢) جا نوح هەموو ئەوەی خودا فەرمانی پێ کردبوو، ئەنجامی دا.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٧: ١ - ٢٤

(١) ئینجا خودا بە نوحی فەرموو: بە خۆت و خاووخێزانەکەتەوە بڕۆنە ناو کەشتییەکە، چونکە لەم نەوەیەدا تۆم بە ڕاستودروست بینیوە لەبەردەمم .(٢) لە هەموو جۆرێک لە ئاژەڵە پاکەکان، نێر و مێ، حەوت جووت لەگەڵ خۆت دەبەیت، لەو ئاژەڵانەی پاک نین، نێرینەیەک و مێینەکەی، جووتێک دەبەیت .(٣) لە باڵندەکانی ئاسمانیش حەوت جووت، لە نێر و مێیان، بۆ هێشتنەوەی ڕەگەزەکانیان لەسەرتاسەری ڕووی

زەوی .(٤) دوای حەوت ڕۆژی دیکە، چل شەو و چل ڕۆژ باران بەسەر زەویدا دەبارێنم. هەموو ئەو بوونەوەرە زیندووانە لەسەر ڕووی زەوی دەسڕمەوە کە دروستم کردوون.

(٥) نوح هەموو شتێکی ئەنجام دا، بەپێی ئەوەی خودا فەرمانی پێدا.

(٦) نوح تەمەنی شەش سەد ساڵ بوو کە ئاوی لافاو لەسەر زەوی هەستا .(٧) نوح خۆی و کوڕەکانی و ژنەکەی و بووکەکانی پێش ئاوی لافاوەکە چوونە ناو کەشتییەکە .(٨) لە ئاژەڵە پاک و ئاژەڵە ناپاکەکان، لە باڵندە و هەموو ئەو بوونەوەرانەی لەسەر زەوی دەخشێن، (٩) جووت جووت لە نێر و مێ، هاتنە لای نوح و چوونە ناو کەشتییەکە، هەروەک چۆن خودا فەرمانی بە نوح دابوو .(١٠) دوای حەوت ڕۆژەکە ئاوی لافاوەکە هاتە سەر زەوی.

(١١) کاتێک نوح تەمەنی شەش سەد ساڵ بوو، لە حەڤدەمین ڕۆژی مانگی دووەم، لەو ڕۆژەدا هەموو سەرچاوەکانی دەریا گەورەکەی ژێر زەوی تەقینەوە و دەروازەکانی ئاسمانیش کرانەوە .(١٢) چل شەو و چل ڕۆژیش لەسەر زەوی باران باری.

(١٣) هەر لە هەمان ڕۆژدا نوح و کوڕەکانی، سام و حام و یافەت، پێکەوە لەگەڵ ژنەکەی و هەر سێ بووکەکەی چوونە ناو کەشتیی .(١٤) لەگەڵیان هەموو ئاژەڵە کێوییەکان بەپێی جۆریان و هەموو ئاژەڵەماڵییەکان بەپێی جۆریان و هەموو بوونەوەرە خشۆکەکانی لەسەر زەوی دەخشێن بەپێی جۆریان و هەموو باڵندەیەک بەپێی جۆریان و هەموو باڵدارێک .(١٥) جووت جووت لە هەموو بوونەوەرێک کە هەناسەی ژیانیان تێدابوو چوونە ناو کەشتییەکە، بۆ لای نوح .(١٦) ئەوانەی دەهاتنە ناوەوە لە نێر و مێی هەموو گیاندارێکی زیندوو بوون، وەک چۆن خودا

فەرمانی بە نوح دابوو. ئینجا خودا لەدوایەوە دەرگای کەشتییەکەی داخست.

(١٧) لافاوەکە بۆ ماوەی چل ڕۆژ لەسەر زەوی بەردەوام بوو. کاتێک ئاو زۆر بوو کەشتییەکەی هەڵگرت، ئیتر کەشتییەکە لە زەوی بەرزبووەوە .(١٨) ئاو لەسەر زەوی بەرزبووەوە و گەلێک زۆر بوو، کەشتییەکەش لەسەر ڕووی ئاوەکە دەڕۆیشت .(١٩) ئاو لەسەر زەوی زۆر بەرزبووەوە هەتا هەموو شاخە بەرزەکانی ژێر هەموو ئاسمان داپۆشران .(٢٠) بە بەرزی پازدە باڵ ئاو لەسەر شاخەکان بەرزبووەوە، شاخەکانیش داپۆشران .(٢١) ئیتر هەموو شتێکی زیندوو کە لەسەر زەوی دەجوڵایەوە لەناوچوو، لە باڵندە و ئاژەڵیماڵی و ئاژەڵی کێوی و هەموو ئەو کۆمەڵە زیندەوەرانەی لەسەر زەوی دەجوڵانەوە، هەموو ئادەمیزادیش .(٢٢) هەر شتێک لەسەر وشکانی کە هەناسەی ژیان لە لووتیدا بوو، مرد .(٢٣) هەموو شتێکی زیندوو لەسەر ڕووی زەوی سڕایەوە، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەرە خشۆکەکان و هەموو باڵندەکانی ئاسمانیش، لەسەر زەوی سڕانەوە. تەنیا نوح و ئەوانە مانەوە کە لە کەشتییەکە لەگەڵی بوون. (٢٤) ئاوی لافاویش سەد و پەنجا ڕۆژ لەسەر زەوی بوو.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٨: ١ – ٢٢

(١) ئینجا خودا نوحی هاتەوە یاد، لەگەڵ هەموو ئاژەڵە کێوییەکان و هەموو ئاژەڵە ماڵییەکان کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵی بوون. ئیتر خودا بایەکی بەسەر زەویدا هەڵکرد و ئاو کەم بووەوە .(٢) سەرچاوەکانی قووڵایی و دەروازەکانی ئاسمان داخران. بارانیش لە ئاسمانەوە وەستا .(٣) ئاو بەرەبەرە لە زەوی بەرەو دواوە گەڕایەوە. دوای سەد و پەنجا ڕۆژ ئاو کەم بووەوە .(٤) لە

حەڤدەمین ڕۆژی مانگی حەوتەم کەشتییەکە لەسەر چیاکانی ئارارات گیرسایەوە .(٥) هەتا مانگی دەیەم هەتا دەهات ئاو کەمی دەکرد. لە یەکەم ڕۆژی مانگی دەیەم لووتکەی شاخەکان دەرکەوتن.

(٦) دوای چل ڕۆژ، نوح ئەو پەنجەرە بچووکەی کردەوە کە لە کەشتییەکە کردبووی .(٧) ئینجا قەلەڕەشێکی نارد. ئەویش دەهات و دەچوو هەتا ئاو لەسەر ڕووی زەوی وشک بووەوە .(٨) پاشان کۆترێکی نارد بۆ ئەوەی ببینێ، ئایا ئاوەکە لەسەر ڕووی زەوی کەمی کردووە .(٩) بەڵام کۆترەکە شوێن پێیەکی بۆ خۆی نەدۆزییەوە، چونکە ئاو لەسەر هەموو ڕووی زەوی بوو، ئیتر گەڕایەوە لای نوح بۆ کەشتییەکە. ئەویش دەستی بۆ ڕاگرت و گرتی، بردییەوە لای خۆی، بۆ ناو کەشتییەکە. (١٠) حەوت ڕۆژی دیکە چاوەڕێی کرد و دیسان کۆترەکەی لە کەشتییەکەوە ڕەوانە کرد .(١١) کۆترەکە ئێوارە گەڕایەوە بۆ لای، ئەم جارەیان گەڵایەکی تەڕ و تازەی زەیتوونی بە دەنووکەوە بوو. نوح زانی کە ئاو لەسەر ڕووی زەوی کەمی کردووە .(١٢) حەوت ڕۆژی دیکە چاوەڕێی کرد و جارێکی دیکە کۆترەکەی ناردەوە، بەڵام ئەم جارەیان کۆترەکە نەگەڕایەوە لای.

(١٣) نوح لە یەکی مانگی یەکەمی شەش سەد و یەکەمینساڵیدا بوو، کە ئاو لە زەوی وشک بووەوە. نوح پۆشاکی سەر کەشتییەکەی لابرد و بینی وا ڕووی زەوی وشک بووەتەوە .(١٤) لە بیست و حەوتی مانگی دووەم زەوی بە تەواوی وشک بووەوە.

(١٥) ئینجا خودا بە نوحی فەرموو :(١٦) لە کەشتییەکە وەرە دەرەوە، خۆت و ژنەکەت و کوڕەکانت و بووکەکانت. (١٧) هەموو ئەو گیاندارانەی لەگەڵتن، لە باڵندە و ئاژەڵ و هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی لەسەر زەوی

دەخشێن. لەگەڵ خۆت بیانهێنە دەرەوە، با زەوی پڕ بکەنەوە و بەردار بن و لەسەر زەوی زۆر بن.

(١٨) جا نوح خۆی و کوڕەکانی و ژنەکەی و بووکەکانی لەگەڵی هاتنە دەرەوە .(١٩) هەموو گیاندارەکانیش بە هەموو بوونەوەرە خشۆکەکان و هەموو باڵندەکان و هەموو ئەوانەی لەسەر زەوی دەبزوێن، بەپێی جۆرەکانیان لە کەشتییەکە هاتنە دەرەوە.

(٢٠) نوح بەڵاگێڕگایەکی بۆ خودا دروستکرد، لە هەموو ئاژەڵە پاکەکان و لە هەموو باڵندە پاکەکانی هێنا و لەسەر بەڵاگێڕگاکە، کردنیە بەڵاگێڕ و سووتاندنی. (٢١) جا خودا بۆنەکەی لا پەسەندبوو، لە دڵی خۆی فەرمووی: جارێکی دیکە بەهۆی مرۆڤەوە نەفرەت لە زەوی ناکەم، چونکە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە دڵی مەیلی خراپەکاری هەیە. جارێکی دیکە نایەم هەرچی بوونەوەری زیندوو هەیە لەناوی ببەم، وەک چۆن کردم.

(٢٢) هەتا زەوی بمێنێت،

چاندن و دروێنە،

ساردی و گەرمی،

هاوین و زستان،

شەو و ڕۆژ،

هەرگیز وەستانی نابێ.




وێنەکە لە گۆڤاری ( Allt om vetenskap) وەرگیراوە

هەرچەندە چیرۆکی نووح و لافاوی تاوان، کۆپییەکی لافاوی سۆمەری و ئەکەدی و بابلییە، بەڵام جیاوازیەک لە ووردەکاریدا هەیە.

.

١ خودا خۆی ئەندازەی کەشتی دیار دەکا.
پەیمانی کۆن ئەفراندن ٦: ١٥ – ١٦

(١٥) ئاواش دروستی دەکەیت: سێ سەد باڵ درێژی کەشتییەکە بێت، پەنجا باڵ پانی بێت، سی باڵیش بەرزی بێت. (١٦) بە ئەندازەی باڵێک بۆشایی لەسەر کەشتییەکە بانێکی بۆ دروستدەکەیت، کەشتییەکە تەواو دەکەیت. دەرگای کەشتییەکەش لەتەنیشتەوە دادەنێیت. کەشتییەکە دەکەیتە سێ نهۆم، خوارەوە و ناوەڕاست و سەرەوە .

بە پێی لێکدانەوەی پسپۆڕانی لێتۆژینەوەی تەورات لە بنکەی جێنێسیس و گۆڕینی لە باسک بۆ مەتر دەبێ کەشتی نووح، بەم شێوەیە بێ . قەبارەی

درێژی ١٣١ مەتر

پانی ٢٢ مەتر

بەرزی ١٣ مەتر

٢ خودا گشت بوونەوەرەکانی سەر زەوی، نەک تەنیا باشەکان. بەڵکوو ئەوانەی خراپیشن. بەوەش ژیان لەسەر زەوی تەنیا پێویستی بە گیانداری باش نییە، بەڵکوو گیانداری خراپیش تا دڕندەش پێویستە بۆ دروستکردنی هاوسەنگیی. بۆ ژینگە و بەردەوامی گەشەسەندن.

٣ دوای چەقینی کەشتی، پێدەچێ ئیتر لێرە بەدواوە، چارەنووسی نوح کەوتۆتە دەستی دوو باڵندە و پەیوەندیش بە جیهانی دەرەوە، هەر بە هۆی ئەو دوو باڵندەوەیە، کە هێمان بۆ دوو شتی جیاواز. تاکە شت کە نووح هەستی پێ دەکا، ئەوەیە کەشتییەکەی چەقییوە. یەکەم جار نووح داڵێک دەنێرێ. داڵ دەفڕێ و ناگەڕێتەوە ونووح هیچی هەواڵ لێ دەست ناکەوێ. دوای ئەوە دوو جار کۆتر دەنێری. جاری یەکەم بە بێ هیوایی دەگەڕێتەوە و جاری

دووەم بەلقێک دار زەیتوون دەگەڕێتەوە لای نووح. ڕەنگە لێرەدا ئاکارە سرووشتییەکانی ئەو دوو باڵندەیە وای کردبێ، دوو هەڵسوکەوتی جیاوازیان هەبێ. داڵ دەفڕێ نایەتەوە. کەچی کۆتر سەرەڕای ئەوەی بێ هیواش بووە، هەر دەگەڕێتەوە. جاری دووەم مزگێنی دێنێ و بە لقە زەیتوونێک دەگەڕێتەوە. کۆتر و زەیتوون بە مانای ئاشتی و ژیان دێن تا ئێستاش لە هەرد وو دینی جوولەکە و کرستیان دا بۆ هەمان هێما بەکاردێن.

ئەو سێ خالە نیشانەن، بۆ پەرەسەندنی مرۆڤ وبیرکردنەوەی فراوانتر، و درککردنی بە ژینگە و دەوروبەر. ئەوەش هەنگاوێکە بۆ لێکدانەوەی قووڵتر. وکەشتی پێویستی بە ئەندازەگیری هەیە، زاوزێ پێویستی بە جووت ڕەگەز هەیە.

## چیرۆکی نووح و لافاو لە قورئاندا

چیرۆکی توووفان و کەشتی نوح لە قورئاندا، وەک پەرتووکی پیرۆزی ئیسلام، دەبێ لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیر بکرێ، و هەلبسەنگێندرێ.

گۆشەنیگای یەکەم: چۆنییەتی هەلسوکەوتی قورئان لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکانی هاوسەردەمی خۆی. وەک گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی شەڕی بەدر و ئوحود و خەندەق....هتد. یان ناکۆکی لەگەڵ جوولەکان لە یەثرب و قورەیشییەکان لە مەککە. لەم ڕووەوە قورئان وەک هەواڵنامەیەک سەبارەت بە ڕووداوەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەبینرێ.

گۆشەنیگای دووەم: میتۆلۆژی و ئەفسانەکانی ناو قورئان، ئەو بەشەیان، لەلایەک ئەو زێدەڕۆییانەی نووسەری قورئان لەسەر گێرانەوەی شەڕ و پێدانی دیمەنی ئەفسانەیی، بە یاوەرانی محمد کە چۆن شەڕیان دژی کافران کردووە. بۆیە دوژمنانی ئیسلام دۆڕاندیان. هتد.

لەلایەکی تر ئەفسانە کۆنەکان، بریتین لەو ئەفسانانەی لە شێوەی چیرۆکی خەیاڵی، لە تەورات و کولتووره کۆنەکانی تر وەرگیراون و تێکەڵ بە تێکستەکانی جۆراو جۆری قورئان کراون.[155]

یەک لەو ئەفسانە کۆنانە لافاوی نوحە. لە قورئاندا نوح بە یەک لەو پێنج پەیامبەرانە دەژمێردرێ کە لە دینی ئیسلام پلەی هەرە بەرزیان هەیە. ئەوانەش ئادەم، نوح، ئیبراهیم، موسا و یەسو (عیسا). بۆیە لە قورئان زۆر سورەت هەن، وەک پەیامبەر یانیش وەک ڕزگارکەر بە ناوی نوح هاتوون و دووپاتەی گەورەیی ئەو دەکەنەوە.

چیرۆکی لافاو (توفان) و کەشتی نوح لە قورئان، وەک پەرتووکەکانیتر چیرۆکێکی سەربەخۆ نییە. بەڵکوو بە شێوەی پچڕ پچڕ لە چەندین سوورەتی ناو قورئان دا هاتووە. ئەگەر سەرجەم ئەو بەشە پچڕپچڕانە گردکەینەوە، ئەوا دیمەن و پرۆسەی تەواوی چیرۆکەکەمان دەداتە دەست.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە سوورەتێکی تایبەتی بەناوی سوورەتی نوح هەیە و لە ٢٨ ئایەت پێک هاتووە. هەروەها لە سوورەتەکانی هود، اعراف، الأنبياء، موءمنون و چەندانی تر

[155] قمني. د.سيد. قصة الخلق و منابع سفر تكوين.

بەشێوەی جیاواز هاتووە .. بەڵام هەموویان زیاتر پەنجە ڕاوەشاندن، و هێنانەوەی لافاو وەک نموونە بۆ تۆقاندنن بەکار دەهێندرێن.

الأعراف ٧: ٥٩

لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ فَقَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ (٥٩)

ئێمە نوحمان ناردە لای نەتەوەکەی، پێی گووتن گەلۆ ئێوە دەبێ خودا بپەرستن. بێجگە لەو خودایەکی ترتان نییە. من لەو ڕۆژە دەترسم کە ئازاری بەسۆی تێدایە (٥٩)

لە قورئان هەروەک تەورات نوح نێردراوە، کە خەڵک لە تووڕەیی خودا ئاگادارکاتەوە. و پەنجەی هەڕەشە هەڵوەشێنێ. جوان وەبیر خەلکی دێنێتەوەوە، کە خودا هیچی لەبیر ناچێ. ئیتر تاوانی خۆتان لە ملی خۆتان.

ئەوەی لە قورئان سەبارەت بە چیرۆکی نوح و کەشتییەکەی هاتووە، دەقاودەق کۆپییەکی لافاوی تاوانی ناو تەوراتە. و هەر بەو شێوەیەش لە قورئان دووبارە بۆتەوە . تەنیا یەک شت لێرەدا جیاوازی هەیە کە لە تەورات دا نییە، لە قورئان لەسەر چیرۆکەکەی زیادکراوە. جیاوازییەکەش، بە پێی گێڕانەوەی قورئان نوح کوڕێکی سەرەڕۆی هەیە، لەناو کەشتی ناتوانی بسەڵمێتەوە و لە شوێنێک بە ئارام دانیشێ. و گوێناداتە ئامۆژگارییەکانی باوکی. لە ئەنجامدا، ئەویش وەک ئەوانی تر لەناو دەچێ. بێجگە لەوە پرۆسەی ڕووداوی چیرۆکەکە هەمان چیرۆکی تەوراتە و هیچ تر.

سورة هود ١١: ٤٤ - ٤٨

وَنَادَىٰ نُوحٌ رَّبَّهُۥ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ٱبْنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ ٱلْحَقُّ وَأَنتَ أَحْكَمُ ٱلْحَٰكِمِينَ (٤٥) قَالَ يَٰنُوحُ إِنَّهُۥ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ ۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيْرُ صَٰلِحٍ ۖ فَلَا تَسْـَٔلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۖ إِنِّيٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ (٤٦) قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْـَٔلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِۦ عِلْمٌ ۖ وَإِلَّا تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِيٓ أَكُن مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ (٤٧) قِيلَ يَٰنُوحُ ٱهْبِطْ بِسَلَٰمٍ مِّنَّا وَبَرَكَٰتٍ عَلَيْكَ وَعَلَىٰٓ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ ۚ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ (٤٨)

نووح لە پەوروەردگار پاڕایەوە، گوتی ئەی پەروەردگار، من کوڕم کەس و کارمە، بەڵێنی تۆش هەر دێتەجێ تۆ لەگشت فەرمانڕەوایەک لێزانتری (٤٥) گوتی ئەی نووح ئەو کوڕەت کەسوکاری تۆ نییە. ئاکاری ناپەسندی هەن . لە شتیک مەپرسە کە لێی نازانی. ئامۆژگاریت دەکەم کە نەچییە ڕێزی نەزانان (٤٦) گوتی ئەی پەروەردگارم! پەنام هەر تۆی، داوای شتێکت لێ بکەم کە نایزانم، ئەگەر بەزەییت پێم دانایەتەوە، و لیم نەبووری، یەکێکم لە زیان لێکەوتووان (٤٧) گوترا ئەی نووح بە سەلامەتی، بەو پێپیلەکەیەدا، کە داومانە بە تۆو هاوسەفەرانت، دابەزە. چین و بەرەکانی دواتریش تا ماەویەک مەودای ژیانیان دەدەینێ. و پاشان تووشی ئازاری بە ژانیان دەکەین (٤٨)

نووح لە خودا دەپاڕێتەوە، تا لە کوڕەکەی خۆشبێ و لەگەڵ ئەوان ڕزگاری بێ. بەڵام خودا بڕیاری داوە کە ئەو کوڕە ناپەسندە، و شایەنی ژیان نییە. داواش لە نوح دەکا، کە خۆی لە شتێک هەڵنەقورتێنێ کە زانیاری لەسەر نییە. ئەوەش بەڵگەیە کە خوداپەرستی، دەبێ کوێرانە فەرمانەکانی پەروەردگار بەجێ بێنێ. و لێگەرێ کوڕەکەی بمرێ.

دواتر هەر وەک چۆن لە تەورات دا هاتووە بە فەرمانی خودا ئاو لە سەرچاوەکانی زەوی هەڵدەقوڵێن و ئاسمانیش ڕەژنەی باران دادەکا، بەڵام کەشتی لە جیاتی ئارارات لە چیای جودی لەنگەر دەگرێ.

به بەراوردێک لە نێوان تەورات و قورئاندا دەردەکەوێ، بێجگە لە ڕستەسازی لە ووردەکاری دارشتنەوەی لافاو، هیچ جیاوازی لە نێوان چیرۆکی لافاوی نوح لە تەورات و قورئان بەدی ناکرێ. ئەو ئایەتەی سەرەوە بەراورد بکە لەگەڵ: لەو ڕۆژەدا لە قووڵایی گەورەی دەریا سەرچاوەکان هەڵقوڵین و پەنجەرەکانی ئاسمانیش ئاوەڵابوون

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٧: ١١

(١١) کاتێک نوح تەمەنی شەش سەد ساڵ بوو، لە حەڤدەمین ڕۆژی مانگی دووەم، لەو ڕۆژەدا هەموو سەرچاوەکانی دەریا گەورەکەی ژێر زەوی تەقینەوە و دەروازەکانی ئاسمانیش کرانەوە.

ئەوەی بە ئاشکرا دەبینرێ. لە قورئان نوح هەڕەشە و گەف دەکا. و بەرمەیدان دەڵێ: من بە ئاشکرا بۆ ئێوە ترسێنەرم. ئەوەش پەرەپێدانێکە کە لە تەورات خودا گوناهی مرۆڤەکان دەبینێ و لە ئەفراندنیان پەشیمانە و دەیەوێ قڕیانکا. هەرچەندە لە قورئان نوح نێردەی خودایە، کەچی تەنیا وەک تۆقێنەرێک خۆمان پێدەناسێنێ.

سورة هود ١١: ٢٥ – ٢٦

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦٓ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ (٢٥) أَن لَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٖ (٢٦)

ئێمە نووحمان نارده لای نەتەوەکەی (هۆزەکەی)، کە من بە ئاشکرا بۆ ئێوە ترسێنەرم (٢٥) جگە لە خودا هیچ تر مەپەرستن. من لەوە نیگەرانم، نەوەک ڕۆژێ ئازاری بە سۆتان تووش بێ (٢٦)

لە قورئان بە ئاشکرا، دان بەوەدادەنێ، کە نوح بە ترساندن و هەڕەشی تۆقێنەر لەگەڵ خەڵکی دواوە، لە کۆتایی لێی هاتوونەتە دەنگ.

سورة هود ١١: ٣٢

قَالُواْ يَٰنُوحُ قَدۡ جَٰدَلۡتَنَا فَأَكۡثَرۡتَ جِدَٰلَنَا فَأۡتِنَا بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ (٣٢)

گوتیان ئەی نووح تۆ زۆر لەگەڵ ئێمەدا گفتوگۆی توندو درێژدادڕتکرد، ئەگەر ڕاست دەکەی، وەرە ئەوەی بەبیرتادێ پیشانماندە (٣٢)

سورة هود ١١: ٣٦

وَأُوحِيَ إِلَىٰ نُوحٍ أَنَّهُۥ لَن يُؤۡمِنَ مِن قَوۡمِكَ إِلَّا مَن قَدۡ ءَامَنَ فَلَا تَبۡتَئِسۡ بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ (٣٦)

سرووش بۆ نووح هات کە لەناو نەتەوەکەتدا جگە لەوانەی تا ئێستا باوەڕیان هێناوە کەسی ر باوەڕ ناهێنێ، لەو ڕەفتارەش سەخڵەت مەبە (٣٦)

ئەو بابەتە، سەبارەت چیرۆکەکانی دینە ئیبڕاهیمیەکانە. بۆ دیارکردنی ماوەی نێوان ئەفراندنی یەکەم مرۆڤ، تا دەگاتە لافاوە گەورەکە. هەرچەندە نازانین نە شوێنی لافاوەکە کام گۆشەی سەر زەوی بووە. لەبەر ئەوەی لە تەورات بە چیای ئارارات ناوی دەبا. کەچی لە قورئان چیای جودی.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ٨: ٤ - ٥

(٤) لە حەڤدەمین ڕۆژی مانگی حەوتەم کەشتییەکە لەسەر چیاکانی ئارارات گیرسایەوە .(٥) هەتا مانگی دەیەم هەتا دەهات ئاو کەمی دەکرد. لە یەکەم ڕۆژی مانگی دەیەم لووتکەی شاخەکان دەرکەوتن.

سەبارەت بە شوێنەواری کەشتی نووح لە بناری چیای ئارارات، هەرچەندە لەلایەن ڕێخراوەکانی کریستیانی هەوڵی زۆر دراوە. کەچی تا ئێستاشی لەگەڵدابێ، هیچ شوێنەوارێک سەبارەت بە پاشماوەی کەشتی نووح نەدۆزراوەتەوە. [156]

کەچی بە پێی دەقی قورئان، کەشتی نوح، دوای سووڕانەویەکی زۆر، لەسەر چیای جودی دەوەستێ.

سورة هود ١١: ٤٤

قِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِيِّۖ وَقِيلَ بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ (٤٤)

جا گوترا ئەی زەوی ئاوەکەت قوت بدە، و ئەی ئاسمان بیوەستێنە، و ئاوەکە کەم بۆوە، پرسەکە تەواو بوو، و کەشتیەکە لەسەر چیای جوودی وەستا، وە گوترا: دووری لە خەڵکانێکی ستەمکار. (٤٤)

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە هەریەک لە ڕاڤەکارانی ئیسلام باسی شوێنێک دەکا، کە شوێنی چیای جودی بێ. السيوطي[157]، إبن كثير[158] دەڵێن چیای جودی لە خاکی جەزیرەیە. کەچی طبري دەڵی لا ناوچەی موصل و جەزیرەیە[159]. سەرچاوەیەکیتر دەڵێ: چیایەکە دەکەوێتە سەر سنووری شام و باکووری عیراق نزیک شاری ئامەد.[160]

---

156 ڕێبوار، سەلاح (٢٠١٧) لە سۆراخی لافاوی نووحدا، هەر لە دۆندی ئاراراتەوە تا قووڵاییەکانیی دەریای ڕەش

157 سيوطي (٢٠١١) الدر المنثور في التفسير المأثور.جزء الرابع، ص ٤٣٧

158 إبن كثير (٢٠٠٠) تفسير القرآن العظيم، المجلد السابع، ص ٤٤٠

159 تفسير طبري (٢٠٠١) جامع البيان عن تأويل القرآن. جزء الثاني عشر، ص ٤١٩

160 تفسير مجمع البحرين المجلد الحادي عشر، ص ٤٢٤، مادة (الجود).

ئەوەی هەرە جیاوازە، ڕاڤەی محمد باقر المجلسی لە بحر الأنوار بۆ چیای جودی. کەدەڵێ: هەرچیایەکی ڕەق و خاکەکەی پتەوبێ پێی دەڵێن (جود)[161]

بەپێی گووگڵ، چیای جودی دەکەوێتە ویلایەتی شەرناق لە ناو خاکی تورکیای ئێستا. کەواتە زۆر لە موسڵ و جەزیرە دوورە.

چ لە قورئان یان نووسراوە سەرەتاییەکانی تری ئیسلام بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوە ناکات کە کەشتی نووح چۆن بووە یان چ ئەندازەیەکی هەبووە، یان ئەو کەشتییە چەند نهۆم بووە، و چۆن تەرخانکراوە. ئەوەی کە دەیخوێنیتەوە تەنیا هێمادانێکە بۆ ڕوودانی کارەساتێکی وا، لە ئەنجام توورەبوونی خودا، هەروەک تەورات، هەڵبەتە بەبێ ووردەکاری، زەوی نقوومی ئاو دەکرێ و تەواوی ژیان لە سەر زەوی لەناو دەبردرێ. ئەوەش وەک ستێریۆتایپ دووبارەکردنەوەی تەوراتە.

ئەگەر جیاوازییەک لە ووردەکاری پرۆسەی ڕو وداوەکاندا هەبێ، ئەوە بۆ هەڵومەرجی کات و شوێن لەلایەک و ئاکاری ئەو دینە، و کۆمەڵگەی تێیدا هاتووە دەگەڕێتەوە. هەر کۆمەڵگەیەک کاریگەری ڕاستەوخۆی توندی لەسەر شێوە و ناورۆکی ناوەوەی پرۆسەکە هەیە. هەر ئەوەش وایکردووە کە دینەکان ئەگەر هەمان داستان دووبارە وەک کۆپییەک وەردەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا نابنە ئاوێنەی یەکتری، بەڵکوو کۆپیکردنەکە فۆرمی کولتوور و ئاستی شارستانیی ئەو کۆمەڵگەیە بەخۆیەوە دەگرێ.

---

[161] محمد باقر المجلسي (٢٠١٧) بحر الأنوار تفسير مجمع البيان. المجلد ١١، ص ٣٣٩.

لە تەورات نوح و منداڵەکانی و ژنەکانیان بەختەوەرن. هیچیان مەرگ میوانیان نابێ، و لەوان بترازێ سەرجەم مرۆڤایەتی بە مەرگ شاد دەبێ. کەچی لە قورئان نوح ناتوانێ پارێزگاری لە خێزانەکەی خۆشی بکات. تەنیا لەبەر سەرەڕۆیی کوڕەکەی، خۆی بە قسەی خودا بە مردن دەسپێرێ، کەچی بە هیچ شێوەیەک دیار ناکا. خراپەکار کێن و ئەو فەرمانانەش چین کە ملکەچ نابن. دەبێ بە شێوەیەکی کوێرانە گوێڕایەڵبن.

بێجگە لەوانە کەم یان زۆر جیاوازی لە نێوان پەرتووکە دینییەکان نییە. ئەوەش ڕەنگە:

یەکەم: بگەڕێتەوە بۆ سرووشت و تێڕوانینی دین و کاریگەری لەسەر تۆمارکردنەوەی ئەو چیرۆکانە.

دووەم: وەک هەر ئەفسانەیەکی تر، بە پێی کات و سەردەم گۆڕانی بەسەر داهاتبێ. یان بە کارەساتی ترەوە بەسترابێتەوە. کە ڕوخسارێکی تری وەرگرتبێ. خۆ لەگەڵ ئەوەشدا دیمەن و ئاکارە سەرەکییەکانی، چیرۆکەکە هەر هەمانن. پەیامەکەش هەمان پەیامە بۆ مرۆڤایەتی. کە دەرئەنجام سەرەڕۆیی هۆکارێکە، بۆ نەفرەت و قینی خۆدا. کە دەبێتە هۆی کارەساتێک نەک تەنیا بۆ مرۆڤ خۆی، بەڵکو بۆ تەواوی ژینگەی سەر ئەم زەوییە.

# چیرۆکی یوسف و بنەڕەتی مێژوویی

چیرۆکی یوسف یەک لە بەربڵاوترین، ئەو چیرۆکانەیە کە لە قورئان و ناو کەلەپووری ئیسلامی، بۆ پاکی و خوداپەرستی باسی دەکرێ. بنەڕەتی ئەو چیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەرچاوەی زۆر کۆنی میسۆپۆتامیا (ئەفسانەی ئیشتار و گلگامێش) هەروەها ئەفسانەی میسری زۆر کۆنی سەردەمی فیرعەون، بەناوی چیرۆکی دوو برا[162]. نووسەرانی تەورات، زۆر بەباشی ئاگاداری هەردوو چیرۆکەکان بووین. و توانیویانە چیرۆکی یوسفی لێ دروستبکەن.

لێرەدا چیرۆکی یوسف لە تەورات و قورئان تۆمارنەکراوە. لەبەر دوو هۆ:

یەکەم، ئەفسانەی چیرۆکی یوسف، بەپێی قورئان و تەورات زۆر بەناوبانگن و هەمووکەس ئەگەر سەرجەمی چیرۆکەکە بە تەوای نەشزانێ، لەگەڵ بەشە گرنگەکانی ئاشنایە.

دووەم چیرۆکەکە لە هەردوو تەورات قورئان زۆر درێژە، خوێنەر بێزاردەکا. بۆ هەر کەسێک، کە ئارەزووی خوێندنەوەی هەبێ :

دینی جولەکە

پەیمانی کۆن، پەرتووکی ئەفراندن (تکوین) لە دەقی ٣٧ تا دەقێ ٤٦ دەگرێتەوە.

دینی ئیسلام

لە قورئان سورەتی یوسف ١٢: لە ئایەتی ٣ تا ئایەتی ١١١.

[162] Tale of Two Brothers

# ئەفسانەی سۆمەری: چیرۆکی ئیشتار و گلگامێش

سەرچاوەی بنەڕەتی چیرۆکی یوسف، لە ئەفسانەی سۆمەرییەوە هاتووە. بۆیە با لە پێشدا پوختەی، ئەفسانەی چیرۆکی خودای ئیشتار و گلگامش لە داستانی گلگامێشی سۆمەری تابلۆی شەشەم بخەینەڕوو.

ڕەنگە داستانی گیلگامێش کۆنترین چیرۆکی نووسراو بێت لەسەر زەوی. کە لە سۆمەرییە کۆنەکانەوە، بۆمان مابێتەوە. ئەو نووسینە لە بنەڕەتدا لەسەر ١٢ تابلۆی گڵین، بە ڕێنووسی مێخی نووسراوە. باس لە سەرەڕۆییەکانی پاشای ئوروک گلگامێش دەکا (کە سەرزەمینی میسۆپۆتامیا لە نێوان ساڵانی ٢٧٥٠ بۆ ٢٥٠٠ پ.س.ب)

لەدەقی تابلۆی شەشەمی داستانی گلگامێش باسی چۆنیەتی هەوڵدانی ئیشتار دەکا، بۆ فریودانی گلگامێش. هەروەها بەرپەچدانەوەی گلگامێش. بۆ بەراوردکردنی، لەگەڵ دەقی تەورات و قورئان. پوختەیەکی دەقەکە هەڵێنجرێ.[163]

تابلۆی شەشەم

(گلگامێش) قژی تێکچووی خۆی شۆرد و ئامرازەکانی پاککردەوە، قفڵەکان بەسەر پشتیدا دەزرنگانەوە. و جلە پیسەکانی فڕێدا و جلە پاکەکانی لەبەر کرد .خۆی بە جل و بەرگی شاهانە

[163] Kovacs, Maureen Gallery (1989) *The Epic of Gilgamesh* (Stanford University Press; 1 edition

پێچایەوە و پەنجەرەی داخست. کاتێک گیلگامێش تاجەکەی لەسەر سەری دانا، شازادە ئیشتار سەری لە جوانی گیلگامێش سوڕما. و پێیگوت وەرە گیلگامێش، تۆ ببە هاوسەرم، تام و چێژت بە من ببەخشە. تۆ ببە هاوسەرم، و منیش دەبمە هاوسەرت. من گالیسکەیەکم بۆت دروستکردووە، کە تایەیکانی لە زێڕن. کە لەگەڵ گەورە زریانی شاخان هەڵکا. وەرە ناو ماڵەکەمان، بە بۆنی سێدەرەوە. و کاتێک دێیتە ناو ماڵەکەمان پەنجەرە و دەرگا و تەختی پێت ماچ دەکەن. لە بەر دەمتدا، پاشا و میر و شازادەکان کڕنۆش دەبەن. خەڵکی لولوبو (The Lullubu people) بەرهەمی شاخ و لادێکانتان بۆ دێنن. وەک ڕێزلێنان. بزنە مێیەکانت سێ کارژۆڵەیان دەبێ، مەڕەکانت دوانە دەبن، کەرەکەت لە ژێر بارگرانیدا ئێستر دەبەزێنێ، ئەسپەکەت لە گالیسکەکەدا تەکاندەدا. بۆ ئەوەی بتوانێ پەلە بکا، تەقەمەنی تۆ لە لای یۆکەوە هیچ هاوتایەکی نابێ.

گیلگامێش بە شازادە ئیشتاری گوت: ئەگەر من هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم، چیت پێ ببەخشم! ئایا پێویستت بە ڕۆن یان جلوبەرگ هەیە بۆ جەستەت !ئایا هیچت بۆ خواردن یان خواردنەوە کەم نییە! من بەخۆشحاڵیەوە خواردنێکتان پێدەدەم کە بۆ خودایەک گونجاو بێ، بە خۆشحاڵیەوە شەرابی گونجاو بۆ پاشایەکت پێدەدەم. نیوە دەرگایەک کە نە هەوا و نە تەقینەوە لە دەرەوە دەهێڵێتەوە

.

کۆشکێک کە جەنگاوەرە ئازاکان دەچەوسێنێتەوە. بەرخێکی لێدەرکە، خاکی دوژمن ڕادەکێشێ، پێڵاوێک کە پێی خاوەنەکەی دەشێلێ.

کوان هاوسەرەکانت، کە بۆ هەمیشە دەیانهێڵیتەوە. کوا باڵندەی (شوانە بچووکەکەت) کە بەسەرتدا بەرزدەبووەوە. ئێستا لێرە ببینە، لیستی خۆشەویستەکانت دەخوێنمەوە!

داموز، عاشقی سەرەتایی گەنجیت، ساڵ دوای ساڵ ماتەمینی بۆ دادەنێی. باڵندەی ڕەنگاوڕەنگی (شوانی بچووک)ت خۆشدەویست و دواتر لێتدا، باڵەکەیت شکاند، بۆیە ئێستا لە دارستانەکەدا کەوتووە، و هاواردەکا (باڵی من!).

تۆ شێرە بەهێزەکەت خۆشدەویست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەوت چاڵت بۆ هەڵکەند. و دیسانەوە حەوت چاڵت بۆ هەڵکەند.

تۆ ئەسپەکەت خۆشدەویست، کە لە شەڕدا بەناوبانگ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قامچی و چەقۆت بۆ دیار کرد. بۆ ماوەی حەوت کاتژمێر بە پەلە بڕوا، و بۆت دیاری کردبوو، کە لە ئاوە شلوێکاندا بخواتەوە.

تۆ شوانەکەت خۆشدەویست، مەڕدارەکە، کە بەردەوام نانی کولاوی لە گەرماودا پێشکەش دەکردی، و ڕۆژانە منداڵێکی بۆ سەردەبڕی. بەڵام تۆ لێتدا، و کردت بە گورگ، بۆیە شوانەکانی خۆی ئێستا بەدوایدا دەگەڕێن. و سەگەکانی خۆی، بە شوێنیەوەن.

تۆ ئیشولانو، باخەوانی خورماکەی باوکت خۆشدەویست، کە بەردەوام سەبەتەی خورمای بۆ دەهێنای، و ڕۆژانە مێزەکەتی گەشاوەتر دەکرد. چاوەکانت بەرز کردەوە بۆی، و چوویتە لای: ئەی ئیشولانوەکەم، با تامی هێزت بکەین، دەستت درێژ بکەم و دەست لە کۆئەندامی زاوزێمان بدەین. ئیشولانو پێی گوتی: چیت لە من دەتەوێ؟ ئایا دایکم نانەوایی نەکردووە و نەمخواردووە، کە ئێستا لە ژێر سووکایەتی، و نەفرەتدا خواردن بخۆم. و چیمەنی ئەلفەلفا تاکە پۆشاکی من بێت بەرامبەر سەرما. لەکاتێکدا گوێت لەم قسەکانی بوو لێتدا، و کوێرتکرد، و وات لێکرد لە ناوەڕاستی (باخەکەی) لەگەڵ ئازارەکانیدا بژی، کە مێوەکان ناچنە سەرەوە، نە سەبەتەی خوراما دێتەخوارەوە.

ئێستا من! ئەوە منم کە خۆشت دەوێم، و بۆ منیش وەک ئەوان دیار دەکەی. کاتی ئیشتار ئەمەی بیست، بە تووڕەییەوە بەرەو ئاسمانەکان ڕۆیشت و چووە لای (ئانو)ی باوکی و بە گریانەوە دەچوو بۆ لای (ئەنروم)ی دایکی و دەگریا: باوکە گیلگامێش دووبارە و سێبارە سووکایەتی پێکردووم، گیلگامێش شتێکی نەفرەتی دەربارەی من گێڕاوەتەوە. کردەوەی نەفرەت لێکراو و نەفرەت! ئانو ڕووی لە شازادە ئیشتار کرد و گوتی: کێشەکە چییە؟ ئایا تۆ نەبووی کە پاشا گلگامێشت وروژاند؟ بۆیە گیلگامێش کردەوەی نەفرەتی لەبارەی تۆوە گێڕایەوە! ئیشتار لەگەڵ ئانوی باوکی کەوتە قسە و گوتی: باوکە گامێشی بەهەشتم پێ بدە، تا بتوانێ گلگامێش لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیدا بکوژێ. ئەگەر گامێشی بەهەشتم پێ نەدەیت، دەروازەکانی جیهانی ژێرزەوی دەڕووخێنم، ستوونی دەرگاکان دەشکێنم. و دەرگاکان بە کراوەیی بەجێدێڵم. و مردووەکان بەرەو سەرەوە بۆ خواردنی زیندووەکان بەڕەڵڵا دەکەم. و مردووەکان لە زیندووەکان زیاتر دەبن! ئانو بە شازادە ئیشتاری گوت: ئەگەر داوای گامێشی بەهەشتم لێ بکەی، حەوت ساڵ لە خاکی ئوروک، ڕووەک توێکڵی پووچەڵ دەکا. ئایا دانەوێڵەت بۆ خەڵک کۆکردۆتەوە! ئایا چیمەنت بۆ ئاژەڵەکان گەشەی کردووە؟ ئیشتار ڕووی لە ئانوی باوکی کرد و گوتی: دانەوێڵەم لە دانەوێڵەخانەکاندا بۆ خەڵک کەڵەکە کردووە، چیمەنم بۆ ئاژەڵەکان گەشە پێکردووە. بۆ ئەوەی لە حەوت ساڵی توێکڵی بەتاڵدا بخۆن .دانەوێڵەم بۆ خەڵک کۆکردۆتەوە، چیمەنم بۆ ئاژەڵەکان گەشە پێکردووە. کاتێک ئانو گوێی لە قسەکانی ئیشتار بوو، پەتی لوتی گامێشی بەهەشتی خستە دەستی. ئیشتار گامێشی ئاسمانی بردە خوارەوە بۆ سەر زەوی.

کاتێک گەیشتە ئوروک دابەزیە خوارەوە بۆ فورات. بە خرۆشانی گامێشی ئاسمان چاڵێکی گەورە کرایەوە، و ١٠٠ گەنجی ئوروک کەوتنە ناویەوە، لە دووەم خرۆشانیدا چاڵێکی گەورە کرایەوە، و ٢٠٠ گەنجی ئوروک لە سێیەم خۆتەکاندانی چاڵێکی گەورە کرایەوە و ئێنکیدو تا کەمەرەکەی کەوت و ڕۆچوو. پاشان ئێنکیدو بازێکی دا و بە قۆچەکانی گامێشی بەهەشتی ڕاگیرکرد. گامێشەکە تفێکی لەبەردەمیدا ڕشت، بە کلکە ئەستوورەکەی پیساییەکەی لە

پشتیەوە فڕێدا. ئێنکیدو ڕووی لە گیلگامێش کرد و وتی: هاوڕێکەم، دەتوانین ئازا بین؟ چۆن وەڵام بدەینەوە... هاوڕێکەم، بینیم... و هێزم... دەیدڕێنم... من و تۆ، دەبێت هاوکاری بکەین. من گامێشەکە دەگرم، و پێشەوە جێ دەستەکانم خۆشدەکەم. جا تۆ لە نێوان پاشەڵ و قۆچەکان و... شمشێرەکەتی تێچەقێنە. ئێنکیدو چەقۆی لێدا و ڕاوی گامێشی بەهەشتی دەکرد. بە ئەستووری کلکەکەی گرت و بە هەردوو دەستی گرتی، لەو کاتەدا گیلگامێش وەک قەسابێکی شارەزا، بوێرانە، و بە دڵنیاییەوە لە گامێشی بەهەشت نزیک بووەوە. بە شمشێرەکەی لە نێوان کۆتایی و قۆچی گامێشەکەیدا. دوای ئەوەی گامێشی بەهەشتیان کوشت، دڵیان دڕاند و پێشکەشی شەماشیان کرد. بە خۆبەزلزانینەوە کرنۆشیان لەبەردەم شەماش برد و کشانەوە. پاشان هەردوو برا(ئێنکیدۆ و گلگامێش) پێکەوە دانیشتن.

ئیشتار چووە سەر لوتکەی دیواری ئوروک-هەڤن، و ماتەمینی دایگرت. نەفرەتی خەمناکەکەی فڕێدا: ئاخ بۆ گیلگامێش کە بوختانی پێکردم و گامێشی بەهەشتی کوشت! کاتێک ئێنکیدو ئەم ڕاگەیاندنەی ئیشتاری بیست، بەشی دواوەی کلکی گامێشەکەی لێکردەوە و بە دەموچاویدادا، و گوتی: ئەگەر تەنیا بتوانم و دەستم بەسەرتدا بشکێ، هەمان شتم لەگەڵ تۆشدا دەکرد! ناوەوەی ئەوم بەسەر قۆڵەکانتدا دەپۆشی! ئیشتار (ژنانی کولتیک)ی گرێی خۆشەویستی و کچە هەوەسباز و لەشفرۆشەکانی کۆکردەوە. و لەسەر بەشی دواوەی گامێشەکە، ماتەمینیان گرت.[164]

[164] Kovacs, Maureen Gallery (1989) *The Epic of Gilgamesh* (Stanford University Press; 1 edition

# ئەفسانەی میسری کۆن: چیرۆکی دوو برا

Tale of Two Brothers

چیرۆکی دووبرا، چیرۆکێکی میسری کۆنە، به ڕێنووسی هیرۆگلیفی نووسراوە. کە تا ئێستا لە سەر ١٠ لاپەڕەی پەپیرۆز پارێزراوە. دەستنووسەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بنەماڵەی نۆزدەمی میسر (١٢١٥ – ١٢٨٥ پ.س.ب) لە ماوەی فەرمانڕەوایی سێتی ئیلس.

چیرۆکەکە بەو شێوەیە دەست پێدەکا:

لە سەردەمێکدا، دوو برا هەبوون ، برای دایک و باوکی بوون. گەورەکەیان ناوی ئەنپو، بچووکەکەیان ناوی باتا بوو. ئێستا سەبارەت بە ئەنپو، خاوەنی ژن و ماڵی خۆی بوو. بەڵام برا بچووکەکەی، وەک کوڕی خۆی سەیردەکرد، ئەو جل و بەرگی بۆ دروست دەکرد، ئەو بوو کە بۆ کێڵگە بەدوای گاکانیدا دەڕویشت، ئەو بوو زەوی دەکێڵا، ئەو بوو خۆشەویستی بەرهەم دێنا، هەر ئەویش بوو، هەموو شتێکی لە کێڵگەکەدا بۆ دەکرد. برا بچووکەکەی گەورە بووبوو. و بووبووە کرێکارێکی لێهاتوو، کەسێکی بێ وێنەوبوو، لە هەموو زەویدا، وەک ئەوەی، گیانی خودایەکی تێدابێ وابوو.

ئێستا، دوای ئەمە، برا بچووکەکە وەک داب و نەریتی ڕۆژانەی خۆی، بە دوای گاکانیدا دەگەڕا. و هەموو ئێوارەیەک جارێکی دیکە دەگەڕایەوە ماڵەوە، بارێک لە گیا و گۆڵی کێڵگەکەی دەهێنایەوە. و لەگەڵ شیر و دار و هەموو شتەکانی کێڵگە. و لەبەردەم برا

گەورەکەی دادەنا. کە لەگەڵ ژنەکەی دانیشتبوو، پاشان نانی دەخوارد و  و شلەیەکی خواردەوە. و لەگەڵ مەڕوماڵاتەکەیدا لە تەویلە پاڵدەکەوت. بەرەبەیان نانی ئامادە دەکرد، و لەبەردەم برا گەورەکەی دادەنا. و نانی خۆشی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ کێڵگە، و مەڕوماڵاتەکانی بۆ لەوەڕاندن لە کێڵگەکان دەئاژووت. لەو کاتەی بە دوای ئاژەڵەکانیدا دەڕۆیشت، گوێی لێبوو، ئاژەڵێک بە ئەوی تری گوت: چیمەنی ئەو شوێنە باشە، ئەویش گوێی لە هەموو قسەکانیان دەگرت، و دەیبردنە شوێنێکی باشی کە ئارەزوویان لێبوو. ئاژەڵەکانیشی زۆر دڵخۆش بوون و لە زیادی دابوون.

ئێستا کاتی دروێنەکردنە، و براکەی پێی گوت: با نیرێکی باش بۆ گاجووتەکانمان بۆ کێڵان پەیداکەین، چونکە خاکەکە لە ئاو دەرچووە و بۆ کێڵان شیاوە، هەروەها با دانەوێڵە بێنینە کێڵگە، چونکە بەیانی زوو دەست بە کێڵان دەکەین.

بەو شێوەیە پێی گوت و برا بچووکەکەی هەموو کارەکانی ئەنجامدا. وەک چۆن برا گەورەکەی پێی گوتبوو. کە بەیانی هات، بە کەلوپەلەکانیانەوە دەچوونە سەر کێڵگە، لە سەرەتادا، دڵیان بە ئەرکەکەیان زۆر خۆش بوو.

دوای ئەوەی، لە ناو کێڵگە کارەکەیان وەستا، پێویستیان بە دانەوێڵە بوو. برا بچووکەکەی نارد و گوتی: بە پەلە بڕۆ، دانەوێڵە بێنە. برا بچووکەکە هاوسەری برا گەورەکەی دۆزیەوە. لەو کاتەدا دانیشتبوو، قژی بەستبوو، پێی گوت: هەستە، پەلەمە دانەوێڵەم بدەیێ بۆ کێڵگە، چونکە برا گەورەکەم پەلەی لێکردووم و گوتی درەنگ نەکەوی. ژنە پێی گوت: بڕۆ ئەمباری دانەوێڵە بکەوە، و چەندی ئارەزوو دەکەی بیبە. لەبەر ئەوەی خەریکی ڕێکخستنی قژمم با تێکنەچێ. کوڕەگەنجەکە چووە ئەمباری دانەوێڵە، لەگەنێکی گەورەی برد، چونکە دەیویست دانەوێڵەی زۆر ببا، گەنم و جۆی تێکرد، و هەلیگرت بچێتە دەرەوە. پێی گوت:

چەند دانەوێڵەتان پێویستە بۆ ئەم لەگەنەی سەر شانت هەڵیدەگری؟ پێی گوت: سێ جۆ، دوو گەنم، بە گشتی پێنج، ئەمەیە لەسەر شانم، پێی گوت، تۆ زۆر بەهێزی، چونکە من هەموو ڕۆژێک مەزنی هێزت دەبینم. لەدڵەوە ئارەزووی کردبوو. هەستا و هاتە لای و قسەی لەگەڵ کرد و گوتی: وەرە لەگەڵم بمێنەوە، منیش لەگەڵت باش دەبم و جل و بەرگی جوانت بۆ دروست دەکەم. بەڵام گەنجە وەک پڵنگی باشوور، بەو قسە خراپانەی کە پێی گوتبووی تووڕە بوو، و زۆر ترسی لێ نیشت. و گوتی: سەیرکە، تۆ بۆ من وەک دایکم، مێردەکەت بۆ من وەک باوکم، چونکە ئەو لە من گەورەتر بووە، منی پەروەردە کردووە، ئەم قسە بێمانایە چییە کە پێم دەڵێی؟ نەکەی جارێکی تر ئەو قسانەم پێ بڵێی، بە کەس ناڵێم، ڕێگەی ئەوەش نادەم شتی وا ، لە دەمی هیچ مرۆڤێک دەربچێ. پاشان بارەگرانەکەی هەڵگرت و چووە کێڵگە. و هاتە لای برا گەورەکەی و دەستیان بە ڕاپەڕاندنی کارەکانیان کرد.

دوای ئەوە و ئێوارە داهات، برا گەورەکەی دەگەڕایەوە ماڵەوە. و برا بچووکەکەش بە دوای گاڕانەکەیدا ڕۆیشت، و هەموو شتەکانی کێڵگەی بارکرد، و گاکانی هێنایە بەردەمی. ژنی برا گەورەکەی لەو قسانە دەترسا، کە کردبوونی. بۆیە قوتووێک هەتوانی هێنا، وای لەخۆیکرد، ڕەنگی کەسێک وەربگرێ، کە زۆر بە خراپە لێی درابێ. ئارەزووی دەکرد بە مێردەکەی بڵێ: ئەوە برا بچووکەکەتە، ئەو کەتنەی کردووە. بۆ ئێوارە هاوسەرەکەی دەگەڕێتەوە، وەک نەریتی ڕۆژانەی، هاتە ماڵەوە و بینی ژنەکەی بە قوڕسی نەخۆش کەوتبوو، ژنەکەی نە ئاوی بۆ پێیەکانی ئامادەکردووە، کە ڕاهاتبوو، نە چرای لەبەردەمیدا داگیرساندووە، و ماڵەکە تاریک بوو. ژنەکەشی لەوێ پاڵکەوتبوو، و زۆر نەخۆش بوو. مێردەکەی پێی گوت: کێ قسەی لەگەڵ کردووی؟ گوتی: سەیرکە جگە لە برا بچووکەکەت کەس قسەی لەگەڵ نەکردم، کاتێک هات دانەوێڵە ببا، بینی من بە تەنیا دانیشتووم، پێی گوتم: قژت ڕێکخە و وەرە با پێکەوە بین. بەو شێوەیە قسەی لەگەڵ کردم، منیش گوێم لێ نەگرت. و پێم گوت: سەیرکە من وەک دایکی تۆم، و برا گەورەکەشت وەک باوکت وایە؟ ترسا، و لێیدام بۆ

ئەوەی نەتوانم ئاگادارت بکەمەوە، ئەگەر لێگەڕێی بژێ، ئەوە من دەمرم. ئێستا سەیرکە کە ئێوارە دێ، من گلەیی لەو قسە خراپانەی دەکەم. چونکە لەوانەیە ئەوکارە بە ڕۆژی ڕووناکدا بکا. برا گەورەکە وەک پڵنگی باشوور هەڵسا، و چەقۆکەی تیژ کرد، و بە دەستی گرت و لە پشت دەرگای تەویلە ڕاوەستا بۆ ئەوەی، کاتی ئێوارە دادێ براکەی مانگاکان دێنێتەوە تەویلە سەرییبڕێ.

کاتی، خۆر ئاوابوو، وەک خووی ڕۆژانەی خۆی بە باری گیاوە گەڕایەوە. پاشان هات، لە تەویلەی گەورە مانگاکانی داکردن. و مانگایەک بە شوانەی گوت. - سەیرکە براکەت بە چەقۆوە لەبەردەمت وەستاوە، بۆ ئەوەی سەرتبڕێ، لەدەستی ڕاکە. گوێی لە مانگای یەکەمی بوو و مانگای دووەمیش هەمان قسەی کرد. سەیریکە، لە پشت دەرگای تەویلە ڕاوەستاوە. و پێی برا گەورەکەی بینی، لە پشت دەرگاکە وەستابوو، چەقۆکەشی بەدەستەوە بوو. بۆیە بارەکەی فڕێدایە سەر زەوی، و شەقێکی لێدا تا بە سووکی ڕزگاربێ. و برا گەورەکەی بەدوایدا ڕایکرد، چەقۆی بەدەستەوە بوو. پاشان برا بچووکەکە هاوارێکی بۆ ڕا هەرەختی (رە هارَختي) (Re-Hor-achti) کرد و گوتی: ئەی پەروەردگاری چاکە! تۆ کە خراپە لە چاکە جیا دەکەیەوە. ڕا وەستا و گوێی لە هەموو هاوارەکانی بوو. ڕا ئاوێکی فراوانی لە نێوان خۆی و برا گەورەکەیدا دروست کرد و پڕی تیمساح بوو. و یەکێک لە براکان لە کەنارێکی ئاوەکە بوو، برایەکەی تریش لە کەنارەکەی تر، بۆیە دوو جار دەستی لە دەستی برا گەورەکەی دا، تا سەری نەبڕێ. جا برا بچووکەکە بانگی برا گەورەکەی کرد، کە لەسەر کەناری ئەوبەر بوو، گوتی: تا بەیانی لەو شوێنە بمێنەوە، کە (ڕا) گزنگی دا، من لەگەڵ تۆ داوای دادوەری لێدەکەم. ئەو چاکە لە خراپە جیا دەکاتەوە. چونکە لێرە بەدواوە، و بۆ هەمیشە لەگەڵت نامێنمەوە، لەو شوێنە نامێنمەوە کە تۆ تێیدای، دەچمە دۆڵی سنت (Valley of Elah).
بۆ بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر، زەوی ڕووناک بووەوە، و (ڕە هەرەختی) هەڵسا و سەیری یەکتریان کرد. گەنجەکە قسەی لەگەڵ برا گەورەکەی کرد و گوتی: بۆچی بە فێڵبازانە

هەڕەشەی سەربڕینم لێدەکەی، لە کاتێکدا گوێت لەو قسانە نییە، کە لە دەممەوە دێنە دەرەوە، بەڕاستی من برای تۆم، تۆش بۆ من وەک باوکی، تەنانەت ژنەکەت بۆ من وەک دایکمە، وانییە؟ ڕاستییەکە ئەوەیە، کاتی منت نارد دانەوێڵە بێنم، ژنەکەت گوتی: وەرە لەگەڵم بمێنەوە، چونکە، دەبینی، بەڵام تۆ باسی ئەوەی لە نێوان ژنەکەت و من ڕوویداوە، بە پێچەوانە پێتگوتراوە. سوێند بە ڕا هەرئەختی دەخۆم: هاتنی تۆ بە فێڵ و چەقۆکەت سەری من ببڕی، تەنیا دڕندەیی بوو.

پاشان گەنجەکە چەقۆیەکی وەرگرت و چووکی خۆی بڕی و فڕێیدایە ناو ئاو، و ئاوەکە قوتی دا. کەوتە خوارەوە، و کاڵ بووەوە، بۆیە نەفرەتی لە برا گەورەکەی کرد، ڕووی خۆی وەرگێڕا. لە دوورەوە وەستا و دەستی بە گریان کرد. لەبەر تیمساحەکان، نەیدەزانی چۆن بپەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی براکەی لێیە. برا بچووکە بانگی کرد و گوتی: مادام تۆ کارێکی خراپت کرد، دە کارێکی باشیش بکە، تەنانەت ئەگەر وەک ئەو کارە بێ، کە من لەگەڵت دەکەم، کاتێک دەچیتەوە ماڵ، دەبێت چاوەدێری ئاژەڵەکانت بکەی، چونکە من لەو شوێنەی تۆ لێی نامێنمەوە، دەڕۆم بۆ دۆڵی سنت. سەبارەت بەوەی چیشم بۆ دەکەی، تەنیا دادپەروەرانە کە تۆ بێی، بەدوامدا بگەڕێی. ئەگەر هەست بە شتێک بکەم، ئەویش ئەوەیە،کە شتەکانی بەسەرمدا دێن. و لەوێ شتانێک ڕوودەدەن: کە گیانم دەخەمە سەر ترۆپکی گوڵی ئەکاسیا (سنت)، و کاتی درەختی ئەکاسیا دەبڕدرێ، و دەکەوێتە سەر زەوی، و تۆ بێی و بەدوایدا بگەڕێی، ڕێگە مەدە دڵت ماندوو بێ، تەنانەت ئەگەر حەوت ساڵیش، لە گەڕان بەردەوام بی، چونکە دەیدۆزیتەوە و دەبێ بیخەیتە ناو کوپێک ئاوی سارد و چاوەڕێی ئەوە بکەی، کە من بژیمەوە، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو شتە بدەمەوە، کە هەڵە بووە. و تۆ لەوەوە دەزانی. مەبەستم ئەوەیە، ئەو شتانەی بەسەرم دێن، کاتێک کەسێک گۆزەیەکت دەداتە دەست، و بڕیارە لێت بدرێ، ئەوا تۆ نامێنی، چونکە... ئەوە بەڕاستی بەسەرتدا دێ.

گەنجەکە ڕووی لە دۆڵی ئەکاسیا کرد، و برا گەورەکەشی بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت. و دەستی لەسەر سەری دانا و تۆزی سەری داوەشاند. هاتە ماڵەوە و ژنەکەی سەربڕی، و بۆ سەگانی فڕێیدا. و دانیشت و چاوی لە برا بچووکەکەی بوو. ئێستا دوای چەندین ڕۆژ لەم شتانە، برا بچووکەکە گەیشتۆتە دۆڵی ئەکاسیا. و کەسی لەگەڵ نییە. بۆیە کاتی بە ڕاوکردنی درندەکانی بیابان بەسەر دەبرد. و ئێواران دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی لە ژێر ئەو دارە ئەکاسیایەدا پاڵ بکەوێت کە گیانی لە ترۆپکی، لەسەر گوڵەکەی هەڵگرتبوو. دوای ئەوە بە دەستی خۆی تاوەرێکی (برج) بۆ خۆی دروست کرد، چونکە لە دۆڵی ئەکاسیادا هەموو ئەو شتە باشانە هەبوون کە دەیتوانی ماڵێکی بۆ خۆی دابین بکا.

لە تاوەرەکەی دەرچوو، و چاوی بە نۆ خوداکان کەوت، کە دەگەڕان بۆ ئەوەی هەموو وڵات بپشکنن. نۆ خوداکە قسەیان لەگەڵ یەکتر کرد و پێیان گوت: ئەی باتا! ئەی گامێشی نۆ خودا، تۆ بەتەنیا ماویتەوە، تۆ بەهۆی ژنەکەی ئەنپوی برا گەورەت، گوندەکەت بەجێهێشتووە، سەیرکە سەری ژنەکەی بڕی. تۆ وەڵامی هەموو ئەو هێرشانەت داوەتەوە، کە دژی تۆی کردوون. و بەو هۆیەوە دڵیان زۆر بە قینە. ڕا-هەرختی بە خنموی گوت: سەیرکە ژنێک بۆ باتا دروستکە، با بە چیتر بە تەنیا نەژی. ئەوسا خنەمو هاوەڵێکی بۆ دروستکرد، بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بژی. لە هەموو ڕوویێکەوە جوانترین ژن بوو لە سەرتاسەری وڵاتدا. جوانترین جەستەی هەبوو. بۆنی بخورەکەی هەموو خوداکانی تێدابوون. حەوت هاتۆرا هاتن بۆ ئەوەی ببینن. هەموو بەیەک زمان گوتیان: مردنێکی ترسناک دەمری.

باتا زۆری خۆشدەویست، ئەویش لە ماڵەکەیدا دەژیا، ئەویش کاتەکانی بە ڕاوکردنی درندەی بیابان و هێنانی و دانانی لە بەردەمیدا بەسەر دەبرد. دەیگوت: مەچۆ دەرەوە، نەوەک دەریا دەستت بەسەردا بگرێ، چونکە ناتوانم لێی ڕزگارت کەم، لەبەرئەوەی بۆ ژنێکی وەک تۆ،

گیانم لەسەر لوتکەی گوێی ئەکاسیا دانراوە، ئەگەر کەسێکی تر بیدۆزێتەوە، ئەوە دەبێ لەگەڵیدا بکەومە شەڕ. بە هەموو سروشتی خۆی دڵی بۆ کردبووەوە.

ئێستا دوای ئەم شتانە باتا وەک خووی ڕۆژانەی دەچێتە ماسیگرتن. کیژۆڵە بچووکەکەش چووە ژێر درەختی ئەکاسیای تەنیشتماڵەکەیان. پاشان دەریا بینی و شەپۆلێکی بە دوایدا نارد. کیژە لە دەستی ڕایکرد. چووەوە ناو ماڵی خۆی. دەریا هاواری بۆ درەختی ئەکاسیا کرد و گوتی: ئاە، ئەگەر بتوانم بیگرم! بۆیە دار ئەکاسیا تاڵێکی لە قژی هێنا. و دەریاش بردییە میسر، و فرێیدایە شوێنی کەتانەکانی فیرعەون. بۆنی تاڵی قژەکە چووە ناو جل و بەرگی فیرعەون. و لە خزمەتکارەکانی فیرعەون تورە بوون. و گوتیان: بۆنی هەتوانەکە، لە جلی فیرعەوندایە. من هەموو ڕۆژێ قسەی ناشرین بە خەڵک دەڵێم، نازانن چی بکەن. سەرۆکی دەرباری فیرعەون لە کەناری ڕووبارەکەدا دەڕۆیشت و دوای شەڕی ڕۆژانەی لەگەڵیدا دڵی پڕ بوو لە خراپە. لە شوێنی خۆی وەستابوو، لەسەر خۆڵەکە وەستابوو بەرامبەر تاڵە قژ، کە لەناو ئاوەکەدا بوو، بۆیە وایکرد کەسێک بچێتە ناو ئاوەکە، و بۆی بێنێ، و بۆنێکی زۆر خۆشی هەبوو. بردییە لای فیرعەون، بۆیە زانایان هێنا و دانایان هێنا و بە فیرعەونیان گوت: ئەو قژە، قژی کچی ڕا هەرەختییە، بۆنی هەموو خودایەکی تێدایە، و دیارییە بۆ تۆ لە خاکێکی ترەوە هاتووە. با نێردە بچنە هەموو وڵاتانی بێگانە، و بەدوایدا بگەڕێن. ئەو نێردەیەی دەچێتە دۆڵی ئەکاسیا، پیاوێکی زۆری لەگەڵیدابوون. پاشان خاوەنشکۆ فەرمووی: ئەوەی پێمان وتراوە زۆر نایاب و ناوازەیە. بۆیە ئەوانی نارد.

دوای چەند ڕۆژێ بەسەر ئەو شتانە تێپەڕین، ئەو خەڵکەی کە ڕەوانەی خاکی بێگانە کرابوون، هاتن بۆ ئاگادارکردنەوەی پاشا لە ڕووداوەکە، بەڵام ئەوانەی کە ڕەوانەی دۆڵی ئەکاسیا کرابوون نەگەڕانەوە، چونکە باتا سەربڕیبوون، بەڵام ڕێگەی بە یەکێکیان دا بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پاشا لەو ڕووداوە ئاگادار بکاتەوە. خاوەنشکۆ پیاو و سەربازی زۆری

نارد بۆ ئەوەی بیهێننەوە. لە نێویاندا ژنێک هەبوو، چەند بازنی زێڕی جوانی ژنانی لە دەستدا بوون. ژنەکەی هێنایەوە و سەرتاسەری وولات شاد بوون. خاوەنشکۆ زۆر خۆشی دەویست، بەرزی کردەوە بۆ پلەیەکی بەرز و قسەی لەگەڵ کرد. و گوتی کە دەبێ باسی کاروباری هاوسەرەکەی بۆ بکا. گوتی: با درەختی ئەکاسیا ببڕدرێ، ئەو دەکەوێ، با کەسێک بیبڕێ. بۆیە پیاو و سەربازی چەکداریان ناردن، بۆ ئەوەی درەختی ئەکاسیا ببڕن، کە هاتنە لای درەختی ئەکاسیا و ئەو گوڵەیان بڕی کە گیانی باتای لەسەر بوو، لەناکاو بە مردوویی کەوتە خوارەوە.

کە ڕۆژی دواتر هات و زەوی ڕووناک بووەوە، درەختی ئەکاسیا بڕدرا. بۆیە ئەنپوی برای باتا چووە ناو ماڵەکەی، و دەستەکانی شووشتن، یەکێکیان کوپێک لە بیرەی پێدا، تێکچوو، یەکێکیان کوپێکی تری شەرابی پێدا، بۆنی ناخۆشی لێهات. پاشان ڕمەکەی و سەرپییەکەی (نعل) و جلەکانی لەگەڵ کەرەستەی شەڕی برد و بەرەو دۆڵی ئەکاسیا بەڕێکەوت. چووە ناو تاوەری (بورج) برا بچووکەکەی، بینی لەسەر بەڕەیەک پاڵکەوتووە، بەڵام مردووە. کاتی بینی برا بچووکەکەی بەڕاستی مردووە گریا. چووە ژێر درەختی ئەکاسیا کە برا بچووکەکەی لە ژێرەوە پاڵکەوتبوو، بە دوای گیانی برا بچووکەکەیدا دەگەڕا، سێ ساڵی ڕەبەق گەڕا، بەڵام نەیدۆزیەوە .کاتی ساڵی سێیەمی دەستی پێکرد، لە دڵیدا ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ میسری دەکرد، گوتی: سبەی بەیانی دەچم، بەم شێوەیە لە دڵی خۆیدا قسەی کرد.

ئێستا کە زەوی ڕووناک بووەوە، و بەیانی ڕۆژی دواتر، ئەنپو بە ژێر درەختی ئەکاسیادا دەڕۆیشت، و کاتەکانی بە گەڕان بەدوای (گیان) دەبردە بەسەر. ئێوارە گەڕایەوە و بڕیاریدا جارێکی تر بەدوایدا بگەڕێتەوە. تۆوێکی دۆزیەوە، و هێنایەوە. سەیرە! ئەوە گیانی برا بچووکەکەیەتی .کوپێک ئاوی ساردی هێنا، و تۆوەکەی فڕێدایە ناو و هەروەک راهاتبوو دانیشت.

دوای ئەوەی شەو داهات، گیانی ئاوەکەی هەڵمژی و ئەنپو بە هەموو ئەندامەکانیەوە دەلەرزی و سەیری برا بچووکەکەی دەکرد، گیانی لەناو جامەکەدا بوو. پاشان ئەنپو کۆپە ئاوە ساردەکەی، کە گیانی برا بچووکەکەی تێدا بوو، برد و بە تەواوی خواردیەوە. و گیانی لە شوێنی خۆی وەستا، و وەک خۆی لێهاتەوە. یەکتریان لە باوەش گرت، و لەگەڵ یەکتری دەستیان بە قسەکرد.  باتا بە برا گەورەکەی گوت: سەیرکە من وەک گاجووتێک، بە هەموو نیشانەیەکی باشەوە گەورە دەبم، کەسیش ڕابردووی خۆی نازانێ، تۆ دەبێت لەسەر پشتم دابنیشی. کاتی ڕۆژ هەڵدێ، من لەو شوێنە دەبم، کە ژنەکەمی لێیە. بۆ ئەوەی وەڵامەکەمی بدەمەوە، تۆش دەبێ بمبەی بۆ ئەو شوێنەی کە پاشا تێیدایە، چونکە هەموو ئەوەی باش بێ هی تۆ دەبێ، لەبەر ئەوەی کەسێک زیو و زێڕت بەسەر دادەبارێنێ. چونکە دەمگەیێنێتە لای فیرعەون، ئەوسا دەبمە سەرسوڕهێنەرێکی گەورە و لە هەموو خاکەکاندا بە من شاد دەبن، تۆش دەچیتە گوندەکەی خۆت.

ئەو کاتەی زەوی ڕووناک بووەوە، و بەیانی ڕۆژی دواتر، باتا ئەو شێوەیەی وەرگرت، کە برا گەورەکەی پێی گوتبوو .بۆیە ئەنپو تا بەیانی سواری پشتی بوو. هاتە ئەو شوێنەی کە پاشای لێ بوو، پاشا کە بینی ناسیەوە. و بە بینینی زۆر دڵخۆش بوو. چەندین دیاریی پێبەخشی و گوتی: ئەمە پەڕجووێکی گەورەیە کراوە. لە سەرانسەری وڵاتدا خەڵکی خۆشحاڵی هەبوون. زیو و زێڕیان بە دیاری دایە برا گەورەکەی. ئەویش چوو و لە گوندەکەی خۆی مایەوە. زۆر پیاو و زۆر شتیان بە گاکە بەخشی و فیرعەونیش لە هەموو شتێک لە وڵاتەکەیدا زۆر خۆشی دەویست.

دوای چەندین ڕۆژ لەو شتانە، گامێشەکە چووە ناو شوێنی پاککراوە، و لەو شوێنە وەستا کە شازادەی لێ بوو. دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵیدا و گوتی: ببینە، بەڕاستی زیندووم،

ئەویش پێی گوت: و تکایە تۆ کێی؟ پێی گوت: من باتام، تێگەیشتم کە تۆ وات لێکردوون کە پیاوەکانی فیرعەون، شوێنی نیشتەجێبوونم لەناوببەن، بۆ ئەوەی ڕێگەم پێنەدرێ بژیم. بزانە بەڕاستی زیندووم، وەک گایەک دەرکەوتم .پاشان شازادە زۆر لەو قسانەی هاوسەرەکەی پێی دەگوت ترسێکی زۆری لێنیشت.  شوێنی پاککراوەکەی بەجێهێشت و چووە لای خاوەن شکۆ دانیشت، و ڕۆژێکی خۆشی لەگەڵدا بەسەر برد، ئەویش لەسەر مێزی شکۆداری بوو، پاشاش زۆر دڵخۆش بوو لەگەڵیدا. ئەو بە خاوەن شکۆی گوت: سوێند بە خودا بڵێ: هەرچی بڵێی، لە پێناو تۆدا گوێڕایەڵی دەبم. پاشا گوتی، بەسەرچاو، و گوێی لە هەموو قسەکانی گرت، گوتی: لێگەڕێ با جگەری گاش بخۆم، چونکە هیچ سوودێکی نییە! کە شاژن ئەو قسەی کرد. پادشا زۆر دڵتەنگ بوو بە قسەکانی، دڵی فیرعەون زۆر دڵتەنگ بوو.

دوای ئەوەی وڵات ڕووناک بووەوە، نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، جەژنێکی گەورەیان ڕاگەیاند، بە پێشکەشکردنی بەڵاگێڕی بۆ گاکە. پاشا یەکێک لە سەرۆک قەسابەکانی خاوەنشکۆی نارد، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ئەوەی کە گاکە وەک بەڵاگێڕی پێشکەش بکرێ. کاتی بەڵاگێڕی کرا، و لەسەر شانی خەڵک بوو، سەری لەقاند و دوو دڵۆپ خوێنی فڕێدایە سەر دوو دەرگای خاوەنشکۆ. یەکێکیان لە لایەک کەوتە خوارەوە، لەسەر دەرگای گەورەی فیرعەون، ئەوی تریان کەوتە سەر دەرگاکەی تر. وەک دوو درەختی گەورەی پەرسیا گەشەیان کرد و هەریەکەیان گەورە بوون.

یەکێک چووە بۆ ئەوەی بە خاوەن شکۆ بڵێ: دوو درەختی گەورەی پەرسیا گەشەیان کردووە، وەک سەرسوڕهێنەرێک بۆ خاوەنشکۆ، لە شەودا لە تەنیشت دەروازە گەورەکەی جەنابی شا. لە سەرانسەری وڵاتدا شادی و خۆشیان بەسەردا هات. و دیاریان پێشکەش دەکرا .دوای چەند ڕۆژ ئەو شتانە تێپەڕین، پاشا تاجێکی شین و تاجە گوڵینەی لە ملیدا ڕازاوە، و لەسەر گالیسکەیەکی زێڕینی کاڵ بوو، لە کۆشکەوە بۆ بینینی، دوو درەختی پارسیا

ڕۆیشت. شازادە بە ئەسپەوە لە پشت خاوەنشکۆ دەڕۆیشت. وە خاوەنشکۆ لە ژێر یەکێک لە درەختەکانی پەرسیا دانیشت. و بەو شێوەیە قسەی لەگەڵ ژنەکەی کرد: ئەی فریودەر، من باتام، من لە ژیاندام، هەرچەندە بە خراپە مامەڵەم لەگەڵ کراوە، دەزانم کێ بووە هۆی بڕینی دار ئەکاسیا لە لای فیرعەون لە شوێنی نیشتەجێبوونم، پاشان بووم بە گا، تۆ وات لێکردم بکتوژم. دوای ئەم شتانە، بۆ چەندین ڕۆژ، شازادە لەسەر سفرەی فیرعەون وەستا، پاشاش پێی دڵخۆش بوو. بە خاوەنشکۆی گوت: سوێند بە خودا بڵێ: شازادە هەرچیم پێ بڵێت، گوێڕایەڵی دەبم. ئەویش گوێی لە هەموو قسەکانی گرت .فەرمانی دا: با ئەم دوو درەختە پەرسیایە ببڕدرێن. و بکرێنە تەختەی ڕێک و پێک لە دار .گوێی لە هەموو قسەکانی بوو. دوای ئەمە خاوەنشکۆ شایستە پیشەگەرە لێهاتووەکانی نارد و دوو درەختی پەرسای فیرعەونیان بڕییەوە، لە کاتێکدا شازادەی ژنە شاهانە وەستابوو، و سەیری دەکرد، هەرچی لە دڵیدا بوو بەو دوو درەختەیان کرد. بەڵام پارچەیەک فڕی و چووە ناو دەمی شازادە، بۆیە قوتی دا و دوای چەند ڕۆژێک کوڕێکی لەدایک بوو .یەکێک چوو بە خاوەنشکۆ بڵێ: کوڕێکت بووە. ئینجا هێنایان و پەرستار و خزمەتکاریان پێدا، و دیمەنی شادی لە هەموو خاکەکاندا هەبوو، پاشا دانیشت و ڕۆژێکی ئاهەنگگێڕانیان بۆ سازکرد، لە کاتێکدا سەرقاڵی ناونانی بوون و شکۆمەندیەکەی زۆر خۆشی دەویست لەو ساتەدا، و پاشا ئامۆژگاری دەکرد، کە پەروەردە بکرێ، بۆ ئەوەی ببێتە کوڕی شاهانەی (کوش) ئێستا دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک دوای ئەم شتانە، خاوەنشکۆ کردیە شازادە، و تاجی سەر هەموو خاکەکان. دوای چەندین ڕۆژ لەم کارە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ، وەک شازادەی جێنشین خزمەت دەکات، خاوەنشکۆ بەرزبووەوە بۆ بەهەشت. شازادەی جێنشین گوتی: با پیاوماقولە گەورەکانی خاوەنشکۆ، بێنە بەردەمم، تا بزانن چیم بەسەر هاتووە. هەروەها ژنەکەیان هێنایە بەردەمی، ئەویش لەبەرچاوی هەمووان لەگەڵی کەوتە دەمەقاڵێ. جا ئەوانیش بەو شتە ڕازی بوون کە بەسەری هاتبوو. برا گەورەکەیان بۆ هێنا، ئەویش کردی

به شازادە و میراتگر لە هەموو خاکەکەیدا. سی ساڵ پاشای میسر بوو، مرد و برا گەورەکەی لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی جێگەی گرتەوە.

بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و ئارام کۆتایی هات، لە پێناو "کا" (گیانی)ی نووسەری خەزێنەی کاگاپۆ، و نووسەری خەزێنەی فیرعەون و لە پێناو نووسەری هورا و نووسەری مێرامپێت. لە نووسینی نووسەر ئانینا خاوەنی ئەم پەرتووکە .هەرکەسێک دژی ئەم پەرتووکە قسە بکات، با تەحوتی (Djehutynakht) لێی بدا

# چیرۆکی یوسف لە لە پەیمانی کۆن

لە پەیمانی کۆن دیمەنێکی پیرۆز دەداتە چیرۆکی یوسف. هەرچەندە تووشی زۆر کۆسپ لەگەڵ براکانی، و دواتر براکانی دەیفرۆشنە مێدیانەکان. و بوونی بەخزمەتکاری ماڵی پۆتیفەر (العزیز) و تا تۆمەتبارکردنی لەلایەن ژنی پۆتیفەڕ. وکەوتنە زیندان. لەسەرجەمی پرۆسەی چیرۆکەکە خودا ئاگای لە یوسفە و بە هانایەوە دێ. لە کۆتایی تەنیا ژنی پۆتیفەر (العزیز) تاوانبارە.

لە بەر درێژی چیرۆکی یوسف لە پەیمانی کۆن. کە بریتییە لە ١٤ بەش، هەر دەقی ٣٧ تا ٥٠ی پەرتووکی ئەفراندن. جا بۆ ئەوکەسانەی، ئارەزوویان لێیە بیخوێننەوە، وەک پاشکۆی ژمارە ١ لەو بەرگە دانراوە.

لە سەرەتا بە گشتی باسی ئەوە دەکا، چۆن یاقوب، یوسفی لە گشت براکانی خۆشتر دەوێ. و براکانی هەست بەو خۆشەویستیە دەکەن، و ڕقیان لێی دەبێتەوە. هەر لەو بەشەدا یوسف دوو جار خەون دەبینێ و کە بۆتە گەورەی براکانی و کڕنۆشیان بۆی بردووە. ئەوەش دەبێتە هۆی ئیرەیی براکانی.

براکانی یوسف هەوڵدەدەن بیکوژن. دواتر کاروانێکی بازرگانی میدیانەکان دێ، و بەرەو میسر دەڕوا، براکانی بە دەرفەتی دەزانن و یوسف دەفرۆشنە مێدیانەکان.

دوایی کەواکەی یوسف، بە خوێنی گیسکێک کە سەری دەبڕن لە خوێن هەڵدەکێشن. و بە پەلە دەگەڕێنەوە لای یاقوب، و دەڵێن یوسف گوم بووە. و تەنیا ئەوەمان دۆزیوەتەوە، لێی ووردەبەوە بزانە کەوای یوسفە. یاقوب کەوای یوسفی ناسیەوە. و لە خەفەتان دەستی بەشێوەنکرد بۆ مەرگی کوڕەکەی.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٣٧: ٣٤ - ٣٦

(٣٤) ئیتر یاقوب جلەکانی بەری خۆی دادڕی و جلوبەرگی گوشی پۆشی، ماوەیەکی درێژ شیوەنی بۆ کوڕەکەی گێڕا .(٣٥) ئینجا هەموو کوڕ و کچەکانی هەستان چوونە لای بۆ دڵدانەوەی، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە دڵی بدرێتەوە، گوتی: بە لاواندنەوە دادەبەزمە لای کوڕەکەم بۆ ناو جیهانی مردووان. ئیتر باوکی دایە پرمەی گریان.

یوسف و ژنی پۆتیفەر

لەو بەشەدا مێدیانەکان یوسف بەرەو خوار بۆ میسر دەبەن، و لە میسر دەیفرۆشنە سەرۆکی پاسەوانەکانی فیرعەون بە ناوی پۆتیفەر. پۆتیفەر بینی یوسف کەسێکی پەسەند بوولە بەرچاوی پۆتیفەڕ، بۆیە بە باشی زانی بیکاتە گەورە لێپرسراوی ماڵەکەی.

یوسف ڕوخسار جوان و بەژن ڕێک بوو. دوای ماوەیەک ژنی پۆتیفەر چاوی بڕییە یوسف و پێی گوتت وەرە لەگەڵم بنوو. بەڵام یوسف ڕەتی کردەوە. و پێی گوت: گەورەم منی کردۆتە گەورەی ماڵ و هەموو شتێکی بەمن سپاردووە. ئازادی گشت شتێکی داومەتێ، بێجگە لە تۆ. تۆ ژنی ئەوی، و چۆن دەتوانم بەدکاری ئاوا گەورەی بەرامبەر بکەم. و گوناە بەرامبەر خوداکەم بکەم. کەچی ژنە هەر وازی لێ نایەنێ و هەر ڕۆژە، هەمان شتی بە یوسف دەگوتەوە.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٣٩: ١١ - ٢٠
(١١) ئەوە بوو ڕۆژێکیان بۆ ئەنجامدانی کارەکەی هاتە ناو ماڵەکە، هیچ کەسێکی ماڵەکەش لە ماڵەوە نەبوو .(١٢) ژنەکە کەواکەی گرت و گوتی: لەگەڵم بنوو! بەڵام ئەو کەواکەی لە دەستی ئەو بەجێهێشت و هەڵات، چووە دەرەوە. (١٣) کە بینی وا کەواکەی لە دەستی ئەم بەجێهێشت و هەڵاتە دەرەوە، (١٤) بانگی کەسانی ماڵەکەی کرد و پێی گوتن: سەیر بکەن، پیاوێکی عیبرانی بۆ هێناوین دەستبازیمان لەگەڵ بکات. بۆم هاتووەتە ژوورەوە هەتا لاقەم بکات، بەڵام من بە دەنگی بەرز قیژاندم .(١٥) ئیتر کە گوێی لێبوو دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم، کەواکەی لەلام بەجێهێشت و هەڵات، چووە دەرەوە.
(١٦) کەواکەی ئەوی لەلای خۆی دانا هەتا گەورەکەی گەڕایەوە ماڵەوە .(١٧) ئیتر هەمان قسەی بۆ ئەو گێڕایەوە، پێی گوت: خزمەتکارە عیبرانییەکەی تۆ بۆت هێناوین، بۆم هاتە ژوورەوە هەتا دەستبازیم لەگەڵ بکات .(١٨) بەڵام کە دەنگم هەڵبڕی و قیژاندم، کەواکەی لەلام بەجێهێشت و هەڵاتە دەرەوە«.
(١٩) کە گەورەکەی ئەو قسەیەی ژنەکەی خۆی بیست کە بۆی کرد و پێی گوت، خزمەتکارەکەت ئاوای پێکردم. تووڕەیی جۆشا. (٢٠) ئینجا گەورەکەی یوسفی هێنا و خستییە زیندانەوە، ئەو شوێنەی زیندانییەکانی پاشای لێ بەند کرابوون. ئیتر لەوێ لە زیندان مایەوە.

یوسف بە تاوانی دەستدرێژی بۆ سەر ژنی پۆتیفەر دەخرێتە زیندان. دوای ماوەیەک مەیگێڕ و نانەوای پاشای میسر لەسەر هەڵەکردن، ڕەوانەی زیندان دەکرێن، لەوێ، لەگەڵ یوسف

دەبنە هاوژوور. لەوێ هەردوو نانەوا و مەیگێڕ خەودەبینن و یوسف خەونەکانیان بۆ لێکدەداتەوە.

دوای دووساڵ لە دەرچوونی مەیگێڕ فیرعەون خەونی بینی، هیچ جادووگەی میسری نەیتوانی لێکدانەوەی دروستی بۆ بکا. دوای ئەوە سەرۆکی مەیگێڕان هەواڵی یوسفی دایە فیرعەون. و چیرۆکی خەونەکانی خۆیان مەیگێڕ و نانەوا، و لێکدانەوەی یوسفی بۆ گێڕایەوە. کە لێکدانەوەکان ڕاست دەرچوون.

فیرعەون یەکسەر بەدوای یوسف دادەنێرێ. و خەونی خۆی بۆ گێڕایەوە. یوسفیش خەونەکانی بۆ لێکدایەوە. فیرعەون لێکدانەوە و قسەکانی یوسفی بە دڵبوو. بۆیە کردیە فەرمانڕەوای میسر

پەیمانی کۆن - ئەفراندن ٤١: ٣٩ - ٤٠

> (٣٩) ئینجا فیرعەون بە یوسفی گوت: لەدوای ئەوەی خودا هەموو ئەمانەی بۆت ئاشکرا کرد، ئیتر کوا لە تۆ وردبینتر و داناتر .(٤٠) تۆ لەسەر ماڵەکەی من دەبی، هەموو گەلەکەشم لە دەمی تۆوە ڕاسپاردە وەردەگرن، تەنیا لە تەختی پاشایەتی لە تۆ گەورەتر دەبم.

لەوە بەدوا یوسف دەبێتە بەرپرسیاری خاکی میسر. تەنانەت فیرعەون بەبێ قسەی ئەو هیچی نەدەکرد. ئیتر یوسفیش کەرەستە و خۆراکی لە سەرتاسەری میسر، ئەمبارکرد، تا لە قاتوقڕێ ڕزگاریان کا.

دوای ئەوەی قاتوقڕی لە سەرتاسەری خاکی کەنعان دەست پێدەکا، میسر تاکە وڵاتە کە تووشی قاتوقڕی نەبووە. و یاقوب زانی لە میسر گەنم هەیە، کوڕەکانی خۆی ڕاسپارد کە گەشتێکی میسر بکەن و گەنم بکڕن. لەوانە دە برای یوسفی ناردن، بێجگە لە بنیامین. کوڕەکانی دێنە میسر، کە یوسف خۆی دەستەڵاتدار بوو. بەڵام نایناسەنەوە. یوسف بە سیخوڕ تۆمەتباریان دەکا، سێ ڕۆژ دەیانخاتە زیندان، بەڵام دوای سێ ڕۆژەکە لە زیندان دەریاندەکا. گەنم و ئازووخەی تەواویان دەداتێ، و گشت ئەو زیوانەی پێیان بوو بۆی لەناو هەگبەکانیان دانان. و ڕەوانیان دەکاتەوە بۆ خاکی کەنعان.

بەو شێوەیە چیرۆکەکە بەردەوام دەبێ. تا یاقوب و یوسف بەیەکتری شاد دەبنەوە. و براکانی پەشیمانی خۆیان پیشان دەدەن.

چیرۆکی یوسف لە قوڕئان، هەمان چیرۆکی پەیمانی کۆنە. و لەبەر درێژی چیرۆکەکە وەک پاشکۆی ژمارە ٢ لەو بەرگە، دانراوە.

# چیرۆکی یوسف لە قوڕئان

لە قوڕئان، سورەتێکی سەربەخۆ، سەبارەت بە یوسف هەیە، کەچی لە گێڕانەوەی، جیاوازی لەگەڵ چیرۆکی پەیمانی کۆندا نییە، و هەمان چیرۆکە لە سەد ئایەت گێڕدراوەتەوە. بە واتایەکیتر دەتوانرێ بە ڤێرژنێکی کورتی چیرۆکی یوسف لە تەورات دابنرێ. بەڵام گشت خاڵە گرنگەکانی تێدان.

چەند نموونەیەکی بەراورد لە نێوان قوڕئان و تەورات.

سورة يوسف ١٢: ١٥- ١٧

فَلَمَّا ذَهَبُواْ بِهِۦ وَأَجۡمَعُوٓاْ أَن يَجۡعَلُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمۡرِهِمۡ هَٰذَا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ (١٥) وَجَآءُوٓ أَبَاهُمۡ عِشَآءٗ يَبۡكُونَ (١٦) قَالُواْ يَٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبۡنَا نَسۡتَبِقُ وَتَرَكۡنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُۖ وَمَآ أَنتَ بِمُؤۡمِنٖ لَّنَا وَلَوۡ كُنَّا صَٰدِقِينَ (١٧)

کاتی لەگەڵ خۆیان بردیانەدەرێ، و بە گەلەکۆمەکێ ویستیان بیخەنە بیرێک، وە ئەومان تێگەیاند، کە تۆ لەو کارە ئاگاداریان دەکەیتەوە، کە خۆیان هەستی پێناکەن (١٥) شەو بە گریانەوە هاتنە لای باوکیان. (١٦) گوتیان: باوکە ئێمە ڕۆیشتین پێشبڕکێمان دەکرد، و یوسفمان لای کەلوپەلەکانمان بەجێهێشت، گورگ خواردی، هەرچەندە ڕاستیش دەڵێین ، تۆ باوەڕمان پێ ناکەی. (١٧)

لە پەیمانی کۆن هەمان دیمەن، بەڵام ئەو دێتە لایان نەک لەگەڵ خۆیان بردبێتیان.

پەیمانی کۆن ٣٧: ٢٣ - ٢٤

(٢٣) ئیتر کە یوسف هاتە لای براکانی، کەواکەیان لەبەری دادڕاند، کەوا درێژە ڕەنگینەکەی لەبەری بوو، (٢٤) ئینجا بردیان و فڕێیاندایە ناو ئەمباراوەکە، ئەمباراوەکەش بەتاڵ بوو، ئاوی تێدا نەبوو.

(٢٥) دوای ئەوە دانیشتن بۆ نانخواردن، کە چاویان هەڵبڕی بینییان، وا کاروانی ئیسماعیلییەکان لە گلعادەوە دێت، وشترەکانیان بارکراون بە بەهارات و هەتووان و مو، بەرەو میسر دەڕۆن.

لە قورئان براکانی یوسف، بە نرخێکی کەم دەفرۆشن.

سورة يوسف ١٢: ٢٠ – ٢١

وَشَرَوۡهُ بِثَمَنِۭ بَخۡسٖ دَرَٰهِمَ مَعۡدُودَةٖ وَكَانُواْ فِيهِ مِنَ ٱلزَّٰهِدِينَ (٢٠) وَقَالَ ٱلَّذِي ٱشۡتَرَىٰهُ مِن مِّصۡرَ لِٱمۡرَأَتِهِۦٓ أَكۡرِمِي مَثۡوَىٰهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗاۚ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِۚ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ (٢١)

به نرخێکی کەم، بە چەند درهەم فرۆشتیان، و بێباك بوون. (٢٠) ئەوەی کە لە میسر- یوسفی - بۆ ژنەکەی کڕی گوتی: ڕێزی لێ بگرە، ڕەنگبێ قازانجی لێبکەین یا بیکەینە کوڕی خۆمان، بەو شێوەیە یوسفمان لەو خاکە جێگیرکرد.، و بۆ ئەوەی فێری لێکدانەوەی ڕووداوەکانی بکەین، خودا لەسەر کاروبارەکان زاڵە. بەڵام زۆربەی خەڵك لێی نەزانن. (٢١)

لە پەیمانی کۆن یەهودا پێشنیار دەکا لەجیاتی بیکوژن با بیفرۆشن.

پەیمانی کۆن یوسف ٣٧: ٢٦ - ٢٨

(٢٦) ئینجا یەهودا بە براکانی گوت: چ سوودێکی هەیە براکەی خۆمان بکوژین و خوێنەکەی بشارینەوە؟ (٢٧) وەرن با بە ئیسماعیلییەکانی بفرۆشین و دەستی خۆمانی بۆ درێژ نەکەین، چونکە برامانە و لە گۆشت و خوێنمانە. براکانیشی بە قسەیان کرد.

(٢٨) کاتێک بازرگانە میدیانییەکان گەیشتن، براکانی یوسفیان لە ئەمبارەوەکە ڕاکێشا، بە بیست شاقل زیو بە ئیسماعیلییەکانیان فرۆشت، ئەوانیش یوسفیان هێنایە میسر.

کاتی ژنی العزیز دەیەوێ، لەگیل یوسف جووتبێ.

سورة يوسف ١٢: ٢٣

وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ (٢٣)

ئەو ژنەی کە ئەو (یوسف) لەماڵی بوو، بانگی کرد بۆ سەرخۆی و دەرگاکانی کلۆمکردن، و گوتی خۆم بۆت ئامادە کردووە، گوتی: ئەی پەنا بە خودا، لە ڕئەو گەورەمە لەگەڵمدا چاك بووە، (بێ ئەمەگ و داوێن پیس) ستەمکارن، سەرکەوتوو نابن. (٢٣)

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٣٩: ١١ - ١٢

(١١) ئەوە بوو ڕۆژێکیان بۆ ئەنجامدانی کارەکەی هاتە ناو ماڵەکە، هیچ کەسێکی ماڵەکەش لە ماڵەوە نەبوو .(١٢) ژنەکە کەواکەی گرت و گوتی: لەگەڵم بنوو! بەڵام ئەو کەواکەی لە دەستی ئەو بەجێهێشت و هەڵات، چووە دەرەوە.

لە قورئان یوسف بەرگری لەخۆی دەکا، بەرامبەر زولەیخا.

سورة یوسف ١٢ : ٢٦ - ٢٧

قَالَ هِيَ رَٰوَدَتۡنِي عَن نَّفۡسِيۚ وَشَهِدَ شَاهِدٞ مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن قُبُلٖ فَصَدَقَتۡ وَهُوَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ (٢٦) وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٖ فَكَذَبَتۡ وَهُوَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ (٢٧)

گوتی ئەو-زولەیخا- بانگی کردم بۆ سەر خۆی، وە شایەتێك لە خودی خانەوادەی ژنەکە شایەتی دا، ئەگەر کراسەکەی-یوسف- لە پێشەوە دڕابێت ئەوا ژنەکە-زولەیخا- ڕاست دەکا، وە ئەو-یوسف- لە درۆزنەکانە.

(٢٦) و ئەگەر کراسەکەی لە دواوە دڕابێ، ئەوا زولەیخا درۆ دەکا، و یوسف ڕاست دەکا. (٢٧)

لە پەیمانی کۆنیوسف بێدەنگە، و پۆتیفەڕ (العزیز) بە گێرانەوەی قسەی ژنەکەی یەکسەر دەجۆشی، و یوسف دەخاتە زیندان
پەیمانی کۆن ٣٩: ١٩ - ٢٠

(١٩) کە گەورەکەی ئەو قسەیەی ژنەکەی خۆی بیست کە بۆی کرد و پێی گوت، خزمەتکارەکەت ئاوای پێکردم،» تووڕەیی جۆشا .(٢٠) ئینجا گەورەکەی یوسفی هێنا و خستییە زیندانەوە، ئەو شوێنەی زیندانییەکانی پاشای لێ بەند کرابوون. ئیتر لەوێ لە زیندان مایەوە.

لە قورئان دوو گەنج دەخرێنە بەندیخانە لەگەڵ یوسف، بەڵام نازانرێ چ کارەن. کەچی لە تەورات ئەو دوو کەسە مەیگێڕ و نانەوای، دەرباری فیرعەونن.
سورة یوسف ١٢: ٣٦

وَدَخَلَ مَعَهُ ٱلسِّجۡنَ فَتَيَانِۖ قَالَ أَحَدُهُمَآ إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَعۡصِرُ خَمۡرٗاۖ وَقَالَ ٱلۡأٓخَرُ إِنِّيٓ أَرَىٰنِيٓ أَحۡمِلُ فَوۡقَ رَأۡسِي خُبۡزٗا تَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِنۡهُۖ نَبِّئۡنَا بِتَأۡوِيلِهِۦٓۖ إِنَّا نَرَىٰكَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ (٣٦)

دوو گەنج لەگەڵ یوسف چوونە بەندینخانە، (خەونیان بینی) یەکیان گوتی من خەونم دی ترێ دەگوشم بۆ ئارەق دروستکردن. و ئەوەی تریان گوتی من لە خەوما نانم لە سەرسەر بوو، باڵندە لێیان دەخوارد، (یوسف) ئەگەر بۆم لێکدەیتەوە، لە ڕاستیدا ئێمە لە تۆ ڕادبینین، لە چاکەکەران بی (٣٦)

پەیمانی کۆن ٤٠: ١ - ٣

(١) دوای ماوەیەک مەیگێڕی پاشای میسر و نانەواکەی هەڵەیان بەرامبەر بە گەورەکەیان پاشای میسر کرد .(٢) جا فیرعەون لە دوو کاربەدەستەکەی تووڕە بوو، سەرۆکی مەیگێڕەکان و سەرۆکی نانەواکان .(٣) ئیتر هەردووکیانی خستە زیندانەکەی، ناو ماڵی سەرۆکی پاسەوانان. ئەو شوێنەی کە یوسفی تێدا زیندانی کرابوو.

یوسف لە خەون لێکدانەوەی بۆ یەکیان دەڵێ دەبیە مەیگێڕ، ئەویتریشیان لەسەری دەدرێ و باڵندە کەلەی سەری دەکۆڵن.

سورة یوسف ١٢: ٤١

يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ أَمَّآ أَحَدُكُمَا فَيَسۡقِي رَبَّهُۥ خَمۡرٗاۖ وَأَمَّا ٱلۡأٓخَرُ فَيُصۡلَبُ فَتَأۡكُلُ ٱلطَّيۡرُ مِن رَّأۡسِهِۦۚ قُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ ٱلَّذِي فِيهِ تَسۡتَفۡتِيَانِ (٤١)

ئەی دوو هاوڕێی بەندیخانەم، یەک لە ئێوە دەبێتە مەیگێڕی گەورەکەی، ئەوەی ترتان لە سەری دەدرێ، جا باڵندە لە کەلەی سەری دەخوا. سەبارەت بەوەی پرسیارم لێدەکەن، بڕیارەکە دراوە. (٤١)

لە تەورات مەیگێر دەگەڕێتەوە سەر کاری خۆی و مەی بۆ فیرعەون دەگێڕێ، بەڵام نانەوا لەسەری دەدرێ.

پەیمانی کۆن ٤٠: ٦ - ١٩

(٦) بۆ سبەی بەیانی یوسف هاتە لایان، سەیری کردن هەردووکیان ماتو مەلوولن .(٧) ئەویش پرسیاری لە هەردوو کاربەدەستەکەی فیرعەون کرد کە لەگەڵ خۆی لە زیندانی ماڵی گەورەکەیدان، گوتی: بۆچی ئەمڕۆ ڕووتان خەمگینە؟

(٨) وەڵامیان دایەوە: خەونمان بینیوە، بەڵام کەسێک نییە لێکیان بداتەوە.
یوسفیش پێی گوتن: ئایا لێکدانەوە هی خودا نییە؟ خەونەکانتانم بۆ بگێڕنەوە.
(٩) سەرۆکی مەیگێڕەکان خەونەکەی بۆ یوسف گێڕایەوە و گوتی: لە خەونمدا دار مێوێکم لەبەردەم بوو .(١٠) سێ چڵ، بە دار مێوەکەوە بوو، هەر کە چرۆیان کرد، گوڵیان گرت و هێشووەکانیان پێگەیشتن و بوونە ترێ .(١١) جامەکەی فیرعەونیشم بەدەستەوە بوو، ترێیەکەم هێنا و گوشیمە ناو جامەکەی فیرعەون، جامەکەم دایە دەستی فیرعەون.
(١٢) یوسفیش پێی گوت: ئەمە لێکدانەوەکەیەتی: سێ چڵەکە سێ ڕۆژن .(١٣) لە ماوەی سێ ڕۆژدا فیرعەون سەرت بەرز دەکات و دەتگەڕێنێتەوە شوێنەکەی خۆت. جامەکەی فیرعەونیش دەدەیتەوە دەست خۆی، هەروەک جاری جاران کە مەیگێڕی بووی. (١٤) کاتێک ژیانت باش دەبێت منت بێتەوە یاد، چاکەیەکم لەگەڵ بکەیت و لەلای فیرعەون ناوم بهێنیت و لەم ماڵە دەرمبهێنیت، (١٥) چونکە لە خاکی عیبرانییەکانەوە دزراوم، لێرەش بێ ئەوەی هیچم کردبێت خراومەتە زیندانەوە.
(١٦) کە سەرۆکی نانەواکان بینی باشی لێکدایەوە، بە یوسفی گوت: منیش لە خەونمدا سێ سەبەتە نانی سپی لەسەر سەرم بوو .(١٧) سەبەتەکەی سەرەوەیان هەموو جۆرە خواردنێکی فیرعەونی تێدابوو لەوانەی نانەوا دروستیان دەکات، بەڵام باڵندەکان لەسەر سەبەتەکەی سەر سەرمەوە دەیانخوارد.

(١٨) یوسفیش وەڵامی دایەوە: ئەمە لێکدانەوەکەیەتی، سێ سەبەتەکە سێ ڕۆژن .(١٩) لە ماوەی سێ ڕۆژیشدا، فیرعەون سەرت پەلدەدات و جەستەکەت لەسەر دارێک دەچەقێنێت، باڵندەش گۆشتەکەت دەخۆن.

دوای ئەو چەند بڕگەیە دەردەکەوێ، کە یەکەم نووسەری تەورات بە ووردەکارییەکی جوان ئەفسانەکەی داڕشتووە، کەچی نووسەری قورئان، ئەگەر هێڵە سەرەکییەکەی هی تەوراتە، بەڵام لە ووردەکاری و شێوەی گێڕانەوەی گۆڕانی تێدا کردووە.

## بەراوردێک لە نێوان ئەو چەند چیرۆکە

لە گشت چیرۆکەکانی کولتووره جیاوازەکان، شتێکی هاوبەش هەیە. ئەویش تاوانبار ژنە، هۆکاری تێکدان ودەستخەرۆکردنی پیاوە. لە چیرۆکی ئیشتار و گلگامێش. بە ئاشکرا گلگامێش ئیشتار تاوانبار دەکا کەچەند کەسیتری بۆ ئارەزووی خۆی گرتوون، و دواتر فڕێی داون. ژنی پۆتیفەر لە پەیمانی کۆن  و ژنی عەزیز لە قورئان بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووی خۆی یوسف تووشی زیندان و بەدبەختی دەکا. لە چیرۆکی دووبرای کۆنی میسری بە هەمان شێوە ژنی برا گەورە دەیەوێ دەسخەرۆی برا بچووک بدا.

ئەو هاوبەشییە شتێکی وا لەخۆوە نییە، بەڵکوو مێژوو باسی ئەوە دەکا پیاوسالاری پێوانەیەکی هەڵسەنگاندنی کولتووره کۆنەکانی ناوچەکەیە. هەر بۆیەش ژن هەرچییێ و هەر کارێکی باشیش بکا هەر تاوانبارە. و دەبێ سەری ببڕدرێ  و شەرمەزاربکرێ و تا ماویشە لە ژێر ڕکێفی پیاودابێ.

هەردوو دینی ئیسلام و دینی جولەکە هاوبەشن لە کەلەپووری، چیرۆکی یوسفی کوڕی یاقوب. کە چیرۆکەکەی لە پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن (٣٧ – ٥٠) هاتووە. هەروەها لە قورئانیش سورەتێکی تەواوی بۆ تەرخانکراوە. کە بریتییە لە سەد ئایەت.

یەکەم هەردوو چیرۆکی پەیمانی کۆن و قورئان، لە سەرجەمی، خاڵە سەرەکییەکان وەک یەک وان:

١ براکانی یوسف ئیرەیی بە برا بچووکیان دەبەن و پیلانی دەرکردنی لە ناو خۆیاندا بۆ دادەڕێژن.

٢ کۆیلەکردن و بەکارهێنانی لە میسر لەلایەن العزیز (پۆتیفەڕ)

٣ ئارەزووی ژنی العزیز بۆ یوسف، و بەرەنگاربوونەوەی یوسف لە ئارەزوەکانی.

٤ بەنارەوایی دەخرێتە زیندان، لێکدانەوەکەشی خەونی دوو زیندانییە، کە یەکێکیان ئازاد دەکرێ. و ئەوی تریان لەسێدارە دەدرێ.

٥ داواکردن لەو کەسانەی کە دەچنە دەرەوە باسی یوسف بکەن.

٦ خەونێک کە پاشا بینیبووی، یەکێک لە زیندانیەکانی لەگەڵ یوسف و توانای لێکدانەوەی خەونەکان ئاگادارکردەوە.

٧ لێکدانەوەی یوسف بۆ خەونی پاشا (نزیکەی حەوت مانگا و حەوت گوێچکە گەنمەشامی)، پاشا پلەی یوسف بەرزدەکاتەوە.

٨ خەونی پاشا کە یوسف لێکدانەوەی بۆ کرد، هاتە دی و بۆ ماوەی حەوت ساڵ بڕشتی زۆر بوو، دواتر بۆ ماوەی حەوت ساڵی تر برسێتی و قاتوقڕی وولاتی داگرت.

٩ براکانی یوسف بەرەو میسر بەڕێکەوتن بۆ ئەوەی بەدوای پێداویستیدا بگەڕێن، یوسفیش یاری بە دەمارەکانیان کرد

١٠ یوسف ڕاستی خۆی بۆ براکانی ئاشکرا کرد و لە پیلانەکەیان خۆش بوو، داوای لێکردن لەگەڵ باوکیان بێنە میسر.

دووەم: سەبارەت بە هێڵە گشتیەکانی چیرۆکی دوو برا، لەگەڵ چیرۆکی تەورات و قورئان.

| چیرۆکی یوسف لە تەورات و قورئان | چیرۆکی دوو برا |
|---|---|
| ڕووداوەکان لە میسر بووین | ڕووداوەکان لە میسر بووین. |
| براکانی ئیرەیی بە یوسف دەبەن و دووری دەخەنەوە. | برای گەورە لە برا بچووکەکەی تووڕەدەبێ، دوای ئەوە برای بچووک خۆی بۆ بیابان دووردەخاتەوە. |
| یوسف لە خزمەتی العزیز ( پوتیفەر) کاردەکا. | برای بچووک لە لای براگەورەکەی لە کێڵگە کاردەکا، و ئاژەلەکانیشی بەخێودەکا. |
| چیرۆکەکە بە درێژی و ووردەکاری باسدەکا. | چیرۆکەکە بە درێژی و ووردەکاری باسدەکا. |
| یوسف لەسەر شتێک سزادەدرێ کە نەیکردووە. | برا بچووکە خەریکبوو بکوژرێ، لەسەر شتێک کە نەیکردووە. دوایی چووکی خۆی دەبڕێ، و بۆ بیابان دوور دەکەوێتەوە. |
| خودا یارمەتی یوسف دەدا و لە زیندان دەردەچێ | خودا بە دادپەروەر رع هرختي خۆی، دادوەری لە نێوان دوو براکان دەکا. دوای ئەوە خودا ژنێکی پێ دەبەخشێ کە لە هەموو جیهان شێوەی ئەوەندە جوان نییە. |

| | |
|---|---|
| بەپێی قورئان ژنی عزیز دان بەوە دادەنێ کە تاوانبارە. یوسف دەبێتە کەسی دووەم دوای فیرعەون. | برای بچووک دەبێتە جێنیشینی پاشا. و دوای ئەوە دەبێتە پاشا دوای فیرعەون. |
| یوسف دوای چەندین ساڵ، بە براکانی شاد دەبێتەوە. | برای بچووک دوای چەندین ساڵ بە برا گەورەی شاد دەبێتەوە. |
| یوسف لەگەڵ براکانی ئاشتبوونەوە، و براکانی دان بە پەشیمانی خۆیان دادەنێن، لەسەر ئەو کارە خراپەی کردبوویان. | برای گەورە لەو مەزەندە خراپەی بەرامبەر برای بچووکی کردبووی پەشیمانی خۆی دەردەبڕێ. |
| براکانی یوسف بانگهێژی میسر دەکرێن. ئیتر دێنە میسر بۆ ژیان. | برای گەورە بانگهێژی کۆشک دەکرێ و دەبێتە جێنیشینی تەختی دەستەڵات. |

# ئارامی ئەیوب (صبر أیوب)

Job's Patience

مرۆڤ بە درێژایی مێژوو، لە ڕێگای ڕێتوالەکانی دین و سەرمۆنیا پیرۆزەکان، تا دەگاتە بەڵاگێڕکردن، ملکەچی باوەڕ و خوداپەرستی کراوە. تا ئەو ئاستەی ئەرکە دینییەکانیان ئەوەندە بە گرنگ وەرگرتوون. بەیەک سەرنج لە پەرستگای شارەکانی میسۆپۆتامیای کۆن، و ئەوەی لەدوای خۆیان، لە ڕووی دینییەوە جێیان هێشتوون. لە گۆرانی و نزا و پاڕانەوەی ئەفسانەکانی دینی، لە ژیان و شارستانییەتی میسۆپۆتامیا، بە ئاشکرا دەردەکەوێ چ ڕۆڵێکی کاریگەریان بینیووە.

ئەوەی جێگای سەرنجە بەپێی تابلۆکانی شوێنەوارناسی، پەیوەندی نێوان تاکی سۆمەری و بابلی و خودا، هەمیشە شێوەی تەنیایی، لە خوداپەرستی تەنیا بە ڕوخسار نییە. بەڵکوو زۆر جار بە هەستی قووڵ و سۆزی گەرم و ڕاستگۆیانە بووە. ئەوەش لە نزا و پاڕانەوە و ڕێتوالە دینییەکانیان، بەباشی دەردەکەوێ.[165]

باوەڕی دینی، لای سۆمەری و بابلییەکان سەبارەت بە پەیوەندی تاک بە خوداوە، بە پاداشت و سزا هاوسەنگ کراوە. وا دانراوە خوداپەرستی بەرامبەر ژیانێکی بەختەوەرانەیە.

[165] علي، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الى التوراة. الطبعة الثانية سينا للنشر ص ١٩٣

هەرچەندە ئەو هاوکێشەیە، ئەوەندە ئاڵۆزە، کە وا بە ئاسانی نییە، و پێویستی بە توانەوەی قووڵی دەروونیە، لەگەڵ هزری دین.

تاکی سۆمەری و بابلی وەک هەر تاکێکی کۆن، یان هاوچەرخی ئەو سەردەمە، بەرەوڕووی چارەنووسی خەم و پەژارە، و هەژاری و نەخۆشی و جۆرەکانی کارەساتی سرووشتی بۆتەوە. ئەوەش مرۆڤی بەرەوڕووی پرسیارێکی گرنگ کردۆتەوە.

ئەگەر ئەو خودایە، ئەو گەردوونەی ئەفراندبێ، چۆن ڕێگا دەدا شتی وا ڕووبدا. خراپە بکاتە بەشی ژیانی خەڵکی خودا ناس و ملکەچ و چاکەکار؟

بەرامبەر ئەو پرسیارە، وەڵامی کاهین و ڕێبەرانی دین ئەوەبووە: خوداش لە کاری خراپە بەدەر نییە. بەتایبەتی لە کاتی سەرەتای ئەفراندن. ڕێگای توند و تیژ و فڕکوفێڵی گرتووە. لەبەر ئەوەی بیریان دەکردەوە، کە هەر لە سەرەتادا گەردوون بەپێی یاساکانی خودا (بە سۆمەری دەکاتە ME) بەڕێوەدەچێ. ئەوانیش تەنیا توخمی باشیان تێدا نییە، وەک ڕاستی و دادپەروەری و ئاشتی. بەڵکوو توخمی درۆ و فڕک و فێڵ و دووڕوویی و ئاژاوەنانەوەشیان تێدابووە.

بەو مانایەش توخمی خراپ لە خودا دا هەیە، بە هەمان شێوە لە مرۆڤیش دا هەیە. هەر ئەو باوەڕە بۆتە هۆی باوەڕ بوون بە خراپی ڕەگەزی مرۆڤ. پەندێکی سۆمەری هەیە دەڵێ: (هەرگیز ژن منداڵی بێتاوانی نەبووە).[166]

[166] Kramer (1963) The Sumerians, Theire history, Culture and character. University of Chicago. Pp. 125.

بۆیە لەلای مرۆڤی میسۆپۆتامیا ئەو لێکدانەوەیە دێتەدی. و پرسیاردەکا:

بۆ خراپە بەبەر خراپەکاران نەکەوێ، باشەش بەبەر چاکەکاران؟

هەژاری و بێدەرەتانی، و نەخۆشی تووشی کەسێکی باش بن، لە کاتێکدا کەسێکیتر خراپەی کردبێ. و ساماندار و بەختەوەر لە ژیانێکی خۆشدا بژیێ؟

هەرچەندە کاهینەکانی سۆمەری و بابلی وەڵامی دەستخەرۆیان دەدایەوە، وەك:

١ خودا زۆر چارەسەری بەرفراوانی لە بڕیاری ئەشکەنجە و یا بەختەوەری بۆ ژیانی مرۆڤ هەیە، بەڵام لە توانای مرۆڤ دانییە درکیان پێ بکا.

٢ زۆردار و تاوانبار، هەرچەندە بۆ ماوەیەک سەردەکەون. بەڵام کۆتاییان بە کارەسات کۆتایی دێ.

٣ پەرستن ڕێگای سەرکەوتن و بەختەوەرییە. بۆیە مرۆڤ دەبێ هەردەم لەخودا بپاڕێتەوە. جا لە هەر بار و دۆخێکدابێ. لە کۆتایی زوو یا درەنگ دەستی یارمەتی خودای هەر دەگاتێ.[167] بە مانایەکیتر، لای سۆمەری و بابلیەکان، خراپە هەرچەند بەردەوام بێ، لە کۆتاییدا باشە سەردەکەوێ. بۆیە مرۆڤی باش دەبێ پشووی درێژبێ. و لەو جیهانە، دەبێ بەهێز و ئارامگربێ. لە سۆز و دڵۆڤانی خودا بێهیوا نەبێ.

ئەو تێگەیشتنەی خەڵکی میسۆپۆتامیای کۆن، هاوتەریبە لەگەڵ پەرتووکی ئەیوب لە

---

[167] Lambert, Wilfred G (1996) Babylonian wisdom Literature. Eisenbrauns. Pp. 64

پەیمانی کۆن. لە ڕاستیدا ئەوەندە نموونەمان لە ئەدەبی سۆمەری و بابلی، سەبارەت بەو شێوە بیرکردنەوەی دینی لەبەر دەستدان. کە دەیسەلمێنێ، بنەڕەتی ناوەڕۆکی پەرتووکی ئەیوب و ئازارەکانی، لە ژێر تارمایی ئەدەبی ئازار و بێهیوایی سۆمەری و بابلی سەرچاوەی گرتبێ.[168]

لەلایەکیتر گومان لەوەدانییە، کە ئەو جۆرە دەقانەی سەبارەت بە (مرۆڤی بە ئازار) کە لە بنەڕەتدا سەرچاوەی لە سۆمەری کۆنەوەیە، بەڵگەی هاوبەش لەگەڵ پەرتووکی ئەیوب کە کریمەر بڵاوی کردەوە، چەند ساڵ پێشتر لەلایەن ستانلی کووک پشتڕاستکراوەتەوە.[169]

بە شێوەیەکی گشتی پەرتووکی کریمەر سەبارەت بەو چیرۆکەی سۆمەریەکان دەبێتە چوار بەشی سەرەکی:

١ پێشەکی، بریتییە لە ئامۆژگاری دینی، کە خوداپەرستان پێویستە خوداپەرستی بکەن. و پابەندبن بە کاری باش، تا دەگاتە ئازارکێشانیش.
٢ چیرۆکەکە لەسەر زمانی کەسێکی بەئازارەوەیە. چۆن خودا بە تەنیا بەجێیهێشتووە. چۆن دۆست و کەسانی نزیکی نکۆڵی لێدەکەن. لەو جیهانەدا بێجگە لەسەتەم و ئازاری بەردەوام هیچ شتێکیتر نییە.
٣ ئەو کەسە بەدەستی چەندین نەخۆشی دەتلێتەوە و دەناڵێنێ. سەرەڕای ئەوەش بەهێز و بە ئارامە.

---

[168] Kramer (1963) The Sumerians, Theire history, Culture and character. University of Chicago. Pp. 127 – 129.
[169] Cook, Stanley (1956) An Intoduction to the Bible (A Pelican Book). Pp.113

٤ لە کۆتایی لەدەستی ئەو نەخۆشی و نەهامەتیانە ڕزگاری دەبێ و خودا دێتە هانای.[170]

ئەوە لای سۆمەریەکان، بەڵام لای بابلییەکان ناڵە و گلەیی کردنی بەئازارەکە شێوەیەکی دیالۆگی هەیە. هەروەک لە پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەیوب دەبینرێ!!

ئەو دیالۆگە لە نێوان کەسێکی بەئازار و هاوڕێیەکی لێزان (حکیم)، کە هەوڵدەدا دڵنەوایی بکا، ئازارەکەشی کەمترکاتەوە. یان بە واتایەکیتر لە بێهیوایی دەربازیکا. و باوەڕی بە بەزەیی خودا بەهێزکا، کە توانای ڕزگارکردنی لەو ئازارە هەیە.[171]

لێرەدا ئاماژە بە چیرۆکی بابلی دەکرێ. کە پسپۆرانی نووسینی مێخی بە (دادوەری خودا) ناوی دەبەن. کە بریتییە لە ٢٧ بەش، و هەر بەشێک لە یانزە بەیت پێکدێ. بەپێی مەزەندە نووسینی ئەو چیرۆکە شیعریە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەردەمی کاشیەکان. (دەوروبەری سالانی هەزاری پ.س.ب)[172]

دیالۆگی ئازارەکە بەوە دەستپێدەکا، کەسی بە ئازار چۆن جیهانی لەبەرچاو ڕەشبووە. هیوایەک بۆ ڕزگاربوون لەو نەهامەتییە نابینێ. ئەو کە لەو جیهانە لەدایکبوو، بەبیری نایە کەی باوکی مردووە. بەبێ چاودێری و سەرپەرشتیار بەجێی هێشتووە. لە بەدبەختی ئەو دوا منداڵی خێزانە. لەبەر سەختی ئازاری بێبەشی، گشت هیوای لەدەست داوە. بەهۆی براگەورەکەی، کە زیاتر گرنگی، پێدەدرێ، کەس ئەوی بەبیر نییە. سەرەڕای ئەوەی هەر لە منداڵیەوە خودا دەپەرستێ، و بەڵاگێڕ دەکا، و پەیڕەوی باشی و خوداناسی بەردەوام دەکا.

---

[170] علي، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الى التوراة. الطبعة الثانية سينا للنشر ص ١٩٤

[171] هەمان سەرچاوە.

[172] I, Saggil-Kinam. Ubbib. The incantation Priest an adorant of the God and the King.

کەچی خودا پشتی تێکردووە. و تابگرە خۆشەویسترین برادەری نکۆڵی لێدەکا. ئێستا کەمترین خێزان لەو بەهادارترن. باشە بۆ خودا، ئەوانە ناپارێزێ، کە ناتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن؟

هاورێ لێزانەکەی (حکیم) وەڵامی دەداتەوە: مردنی باوک تەنیا بەشدار چارەنووسی گشت مرۆڤایەتییە! بە دڵنیاییەوە ژیانی خۆش، هەمیشە بەرهەمی هەوڵدانە بۆ خوداپەرستی. و خودا پاسەوانی لە خوداناسان دەکا.

لێزان دەڵێ:
نارو (Naru) خودای پاشا مرۆڤایەتی ئەفراند.
پاشای مەزنی زولومار (Zulummar) [173]

بەڵام بەناوبانگترین چیرۆکی شیعری بابلی، کە بۆ ئەو باسە لە گشتیان گرنگترە. بە چیرۆکی (بۆ شکۆمەندی پەروەردگاری زانا) (Ludlul bel Nemeqi) ناسراوە.

ئەو چیرۆکە شیعریە لە بنەڕەتدا چوار تابلۆ بووە، سەرجەمی بریتی بووە لە نزیکەی ٤٥٠ بەیتی شیعری. بەڵام لەبەر شکانی تابلۆکان هەندێکی لەدەست چووە. بەیتە شیعریەکان سەبارەت بە پیاوەێکن، بەناوی شبشی - مشری – شکان.[174]

کەسێکی لە خوداترسە، و ئەرکەکانی دینی بە جوانی ڕادەپەڕێنێ. کەسێکی پایەبەرزبووە لە دەوڵەت. سامانێکی زۆری لە کێڵگەی کشتوکاڵی و مەڕومالات وەدەستکەوتووە. کۆیلەی هەبووین. بە کورتی خوداپێداو بووە، و لە هیچی کەم نەبووە.

[173] Lambert, OP- Cit. PP. 89
[174] علي، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الى التوراة. الطبعة الثانية سينا للنشر  ص ١٩٦

بەراوردی ئەو چەندە دێرە شیعریە لەگەڵ چیرۆکی ئەیوب لە تەوراتدا بکە

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەیوب ١: ١ - ٤

سەرەتا: ژیانی ئەیوب پێش تاقیکردنەوە

(١) پیاوێک هەبوو لە خاکی عوچ ناوی ئەیوب بوو، کەسێکی ڕاست و بێ کەموکوڕی بوو، لەخواترس بوو، خۆی لە خراپە لا دەدا .(٢) حەوت کوڕ و سێ کچی هەبوو .(٣) مەڕوماڵاتەکەشی، حەوت هەزار مەڕ و سێ هەزار وشتر و پێنج سەد جووت مانگا و پێنج سەد ماکەر بوو، خزمەتکارەکانیشی زۆر زۆر بوون، ئەیوب لەناو هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا مەزنترین کەس بوو.

(٤) کوڕەکانیشی بە نۆرە هەر جارەی لە ماڵی یەکێکیان خوانیان ساز دەکرد، سێ خوشکەکەیان بانگهێشت دەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵیان بخۆن و بخۆنەوە

شبشی - مشری – شکان لە داستانی شیعری بابل، چارەنووس لە بەختی ئەو نەبووە. و کاروباری بەرەو خراپی چووە. چارەنووس پشتی تێکردووە. و تووشی بێهیوایی بووە. خودا وازی لێهێناوە. تووڕەیی و قین گرتوویەتی خزمەتکارەکانی، بۆ جێگا گرتنەوەی، دژی دەستیان بە پیلانگێڕان کردووە. لە کۆتاییدا گشت کاروبارەکانی لەدەست دەدا. و هاوڕێکانی نکۆڵی لێدەکەن و لێی دوور دەکەونەوە. دۆستانی، ڕقیان لێیەتی، و بێزی لێدەکەنەوە. خزم و کەسانی وەک بیانی لەگەڵی دەجوولێنەوە. تا گەیشتە ئەو ئاستەی حاڵی بەدەستی کۆیلەکانیشی، خراپ بوو.

خودا وازی لێهێنام و بزربوو.

خودا پەیوەندی لەگەڵ بڕیم و لێم دوورکەوتەوە.

فریشتەی باش، کە هەمیشە لە تەکم بوو،
لێم دوورکەوتەوە  و گیانی پاسەوانیم بوو، هەڵات و بەجێی هێشتم.
ترس لە گشت لایەکەوە، گەمارۆی داوم [175]

بەپێی دەقی تەورات ئەیوب، کارەساتی خراپی بە دەستی شەیتان بۆهات. لە ناکاو ئەوەی هەیبوو لە مەڕومالاَت، ووشتر، مانگا تەنانەت خزم و کەسیش.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەیوب ١: ١٤ – ٢١

(١٤) نێردراوێک بۆ لای ئەیوب هات و گوتی: مانگاکان جووتیان دەکرد و ماکەرەکانیش لەلایانەوە دەلەوەڕان، (١٥) سەبئییەکان بەسەریاندا دان و بردیانن، خزمەتکارەکانیان دایە بەر شمشێر، تەنیا من دەرباز بووم هەتا هەواڵت بدەمێ!

(١٦) هێشتا ئەم قسەی دەکرد، یەکێکی دیکە هات و گوتی: ئاگری خودا لە ئاسمانەوە هاتە خوار، و مەڕەکان و خزمەتکارەکانی سووتاند، تەنیا من دەرباز بووم هەتا هەواڵت بدەمێ!

(١٧) هێشتا ئەم قسەی دەکرد، یەکێکی دیکە هات و گوتی: کلدانییەکان بە سێ کۆمەڵەوە پەلاماری وشترەکانیان دا و بردیانن، خزمەتکارەکانیان دایە بەر شمشێر، تەنیا من دەرباز بووم هەتا هەواڵت بدەمێ!

(١٨) هێشتا ئەم قسەی دەکرد، یەکێکی دیکە هات و گوتی:

کوڕ و کچەکانت لە ماڵی برا گەورەکەیان دەیانخوارد و شەرابیان دەخواردەوە، (١٩) لەناکاو بایەکی بەهێز لە چۆڵەوانییەوە هات. و لە هەر

[175] Lambert,

چوار گۆشەی ماڵەکەی دا، و ماڵەکە بەسەر خزمەتکارەکاندا دارما و مردن،
تەنیا من دەرباز بووم هەتا هەواڵت بدەمێ!
(٢٠) جا ئەیوب هەستا و کەواکەی دادڕی و سەری خۆی ڕنییەوە و کەوتە
سەر زەوی و کڕنۆشی برد، (٢١) گوتی:
بە ڕووتی لە سکی دایکمەوە هاتووم و
بە ڕووتیش دەگەڕێمەوە ئەوێ.
خودا دای و خوداش بردییەوە،
ستایش بۆ ناوی خودا.

بەراوردی دیمەنی ژیانی شبشی – مشری – مشکان لە چیرۆکە شیعری بابلی، لەگەڵ چیرۆکی ئەیوب لە تەورات، لەیەکچوونێکی یەکجار نزیکیان هەیە. هەردووکیان لە خودا پەرستی و لە خراپە دوور دەکەونەوە. و ژیانیان لە خزمەتی خودا و فەرمانەکانی دادەنێن.

ئەیوب بەهەمان شێوەی شبشی – مشری – مشکان، خزم و ناسیاو نکۆڵی لێدەکەن، تەنانەت کۆیلەکانی ئەیوب وەک کۆیلەکانی شبشی – مشری – مشکان لەگەڵی خراپ دەبن. هەندێ کۆپەڵە لە زمانی ئەیوبەوە:

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەیوب ١٩: ٧ – ١٦
(٧) هەرچەندە لەبەر ستەم هاوار دەکەم، بەڵام وەڵامم نادرێتەوە،
هاوار دێنم، بەڵام دادپەروەری نییە.
(٨) ڕێی لێ گرتم و ناپەڕمەوە،
تاریکی خستووەتە سەر ڕێگام.
(٩) شکۆمەندی لێ داماڵیم و

تاجی لە سەرم کردەوە. (تاجی لەسەرم داماڵی)
(١٠) لە هەموو لایەکەوە منی ڕووخاند، تاوەکو نەمێنم و
هیوای منی وەک دار هەڵکەند.
(١١) تووڕەیی خۆی بەسەرمدا داگیرساند و
بە دوژمنی خۆی دانام.
(١٢) پەلاماردەرەکانی پێکەوە هاتن و
سەنگەریان لە دژی من لێدا و
لە دەوری چادرەکەم خۆیان دامەزراند.
(١٣) کەسوکاری خۆمی لێ دوورخستمەوە و
ناسیاوەکانم لێم بوون بە بێگانە.
(١٤) خزمەکانم وازیان لێ هێنام و
ئەوانەی منیان ناسی لەبیریان کردم.
(١٥) میوان و کارەکەرەکانم وەک بیانی دایاننام،
وەک نامۆیەک مامەڵەم لەگەڵ دەکەن.
(١٦) بانگی خزمەتکارەکەی خۆمم کرد. بەڵام وەڵامی نەدایەوە،
هەرچەندە بە دەمی خۆم لێی پاڕامەوە.

ئەو ئازارە دەروونی و جەستەییەی لە ئەیوب، لەگەڵ ئازارەکانی شبشی – مشری – مشکان وەک یەک وان. لە تابلۆی دووەمی بابلی دێری ٤٩ - ٥٤

٤٩ من ئەو پیاوە ماندووەم، زریانێک دەمبا !
٥٠ نەخۆشی لاوازکەرم بەسەردا داباریێن!
٥١ بایەکی خراپە لە ئاسۆوە هەلیکرد .
٥٢ سەرئێشە لە جیهانی ژێرزەویەوە، بەرەو ئێرە هات،

٥٣ کۆکەیەکی خراپەکار ئەپسۆی خۆی بەجێهێشتووە،
٥٤ (جنۆکە)ی بەهێز و بێبەربەست، ئێکوری بەجێهێشت.[176]

لە دینی ئیسلام ئەیوب نەبیە، لای باوەڕدارانی موسوڵمان کەسایەتییەکی پیرۆزە، و بە یەکێ لە نەبیە هەرە پیرۆزەکان دەژمێردرێ، لە سورەتی النساء، لەگەڵ نەبیەکانی تر ناوی هاتووە.

سورة النساء ٤: ١٦٣

إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَعِيسَىٰ وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَٰرُونَ وَسُلَيۡمَٰنَۚ وَءَاتَيۡنَا دَاوُۥدَ زَبُورٗا (١٦٣)

ئێمە وەحیمان دایە تۆ، هەروەك چۆن وەحیمان بە نوح و پەیامبەرانی دوای ئەو دا، و وەحیمان بە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یعقوب و کوڕەکا ی ن یعقوب و عیسا و ئەیوب و یونس و هاروون و سلێمان دا، و زەبوورمان بە داود دا. (١٦٣)

لە قورئان، هەروەک تەورات، ئەیوب نموونەی ئارام و خۆڕاگریە. بەڵام بە شێوەی پچڕپچڕ لە چوار ئایەت هاتووە، بەبێ ئەوەی باسی ووردەکاری ئازارەکانی بکا. تەنیا لە دوو ئایەت، باسی ئازارەکانی دەکا و لە خودا دەپاڕێتەوە.

سورة الأنبياء ٢١:  ٨٣ - ٨٤

وَأَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرۡحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ (٨٣) فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ فَكَشَفۡنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرّٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنۡ عِندِنَا وَذِكۡرَىٰ لِلۡعَٰبِدِينَ (٨٤)

[176] Lambert, Op. Cit. Pp. 41, L 49 - 54

و ئەیوب کە بانگی خوداکەی کرد، گوتی: من تووشی مەینەتی هاتووم، و هەر خۆت لە هەموو دڵسۆزان بەزەییتری (٨٣) نزاکانمان وەرگرت، و ئەو زیانەی بەریکەوتبوو، لەسەرمان لابرد. خێزانەکەیشمان بۆ گێڕایەوە. و هێندەی تریش وێڕای ئەوان. وەک بڕشتێک لای خۆمانەوە. پەندێکیش بۆ خوداپەرستان. (٨٤)

سورة ص ٣٨: ٤١ - ٤٤

وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَآ أَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِنُصۡبٖ وَعَذَابٍ (٤١) ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ (٤٢) وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنَّا وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ (٤٣) وَخُذۡ بِيَدِكَ ضِغۡثٗا فَٱضۡرِب بِّهِۦ وَلَا تَحۡنَثۡۗ إِنَّا وَجَدۡنَٰهُ صَابِرٗاۚ نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٞ (٤٤)

بیر لە ئەیوبی بەندەشمان بکەرەوە، کە هاواری بۆ پەروەردگاری خۆی کرد. و گوتی، ئەوە شەیتان منی تووشی مەینەت و ئازاری کردووە (٤١). بە قاچت لە زەوی بکوتە، ئەوە سەرچاوەیەکە بۆ مەلەکردن دەست دەدا، دەکرێ لێشی بخۆیەوە. (٤٢) لە بەزەیی خۆمانەوە، وورد و درشتی خێزانی و هێندەی تریشمان پێ بەخشی. تا ببێتە بیرەوەری بۆ هەموو ژیر و هوشیارەکان (٤٣) قۆڵێک تووڵی وورد و زراو بگرە دەست، و پێی لێدە. با سوێندەکەت لێنەکەوێ. ئێمە ئەومان بە پیاوێکی ئارام هاتە بەرچاو، بەندەی چاک بوو، و گوێڕایەڵی خودابوو (٤٤)

هەرچەندە لە قورئان باسی کرمێبوونی لەشی و دوورکەوتنەوەی خەڵک ناکا، کەچی هەندێ لە موسڵمانان، ئازارەکانی ئەیوب لە تەورات ڕەتدەکەنەوە، و دەڵێن: هەموو ئەوانەی دەوروبەر و نزیکی ئەیوب خۆیان لێ دووردەخستەوە، چونکە کرم لە جەستەی دەرچووە و

پێستی دارڕزاوە. دەڵێن پەیامبەران پارێزراون، لە هەر نەخۆشییەک کە ببێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لێیان دوورکەونەوە، جا چ جەستەیی بێت یان دەروونی. بۆیە ئەو دەربڕینەی تەورات نادروستە.[177]

چیرۆکی ئەیوب و ئارامگرتنی، لەقورئان، تەنیا ڕەنگدانەوەی چیرۆکی ئەیوبە، لە پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەیوب. کە بە چیرۆکێکی پڕ ووردەکاری درێژی هاتووە. و سەرەڕای ئازاری برینەکانی لەشی، هەر لە خودا دەپاڕێتەوە. ئەو چیرۆکە لەبەر دوورو درێژی لێرە دووبارەی ناکەینەوە. بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ لە پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەیوب دەتوانن بیخوێننەوە.

ئازارەکانی ئەیوب، لە بنەڕەتدا لە ئەفسانەکانی دینی سۆمەری و دوای ئەویش بابلی هاتووە، کە دواتر حاخامەکانی جولەکە، بە هەندێ دەستکاری کەم، دووبارە دایانڕشتۆتەوە. و بەناوی خودا لە تەورات تۆماریان کردووە. و نووسەری قورئانیش وەک نموونە لە چەند ئایەتێک، وەک پەندێک بۆ خۆڕاگری و تاقیکردنەوەی مرۆڤ لەلایەن خوداوە هێناویەتەوە.

لە کۆتایی دەقێکی تەورات دیمەنی دیالۆگێکی ئەیوب لەگەڵ خودا. کە جێی سەرنجە، کە چۆن دڕدۆنگی و بێ ئۆقرەیی خۆی، لە دەست ئازارەکانی نیشاندەدا. بە بەراورد لەگەڵ ئایەتێکی قورئان، چۆن نووسەر قورئان ئازارەکانی مرۆڤ دەبینێ.

پەیمانی کۆن ئەیوب ١٠: ١٨ – ٢٢

(١٨) ئیتر بۆچی لە سکی دایکمەوە دەرتهێنام؟

خۆزگە بفەوتبامایە و ئەو کاتە هیچ چاوێکیش نەیدەبینیم.

---

[177] قصة نبي الله ايوب عليه السلام كامله .المرسال .مؤرشف من الأصل في 2020-09-23 .اطلع عليه بتاريخ .24-12-2020

(١٩) وەک ئەوەی نەبووبم، وا دەبوو،
لە سکی دایکمەوە بۆ گۆڕ دەبردرام.
(٢٠) ئایا ڕۆژگارم کەم نییە؟
بەرمدە! وازم لێ بێنە! با تاوێک زەردەخەنە بێتە سەر لێوم،
(٢١) پێش ئەوەی بڕۆم و ئیتر نەگەڕێمەوە،
بۆ خاکی تەمومژ و سێبەری مەرگ،
(٢٢) خاکی تاریکی، وەک شەوەزەنگ،
سێبەری مەرگ و ناڕێکی،
خۆرهەڵاتنیشی وەک شەوەزەنگە.

ئەو دیمەنە ڕەنگە لە دەروونی هەر کەسێکی بە ئازاردابێ، و پرسیارە چارەنووسسازەکان گەرمتر بکا. چونکە مرۆڤ ئەوەندەی لە نەزانی شتە نادیارەکان دەترسێ، ئەوەندە لە نەبوونیان ناترسێ. لە سەردەمە هەرە کۆنەکان، دوای پەرەسەندنی هۆشیاری مرۆڤ لە ئەنجامی گەشەکردنی مێشک، مرۆڤ پرسیاری ئەوەی کرد: ژیان لە پێناوی چی؟ ئازار بۆچی بچێژین؟ و ژیان کەی کۆتایی دێ؟ دەبینین نووسەری قورئانیش بە پێی نەرێتی بیابان، دەیەوێ، ئەو دیمەنە گرنگە، بە ئایەتێکی تەمژاوی و ناڕوون، وەڵامی ئەو پرسە گەورەیە دەداتەوە.

سورة الجاثية ٤٥: ٢٤
وَقَالُواْ مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا نَمُوتُ وَنَحۡيَا وَمَا يُهۡلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهۡرُۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِنۡ هُمۡ إِلَّا يَظُنُّونَ (٢٤)
هەروەها گوتیان، بێجگە لە ژیانی دونیا چیترمان نییە. هەر دەمرین و دەژینەوە، و هیچ شتێ نامانکوژێ، تەنیا ڕۆژگار نەبێ. ئەوانە هیچ شتێ لەوە نازانن. هەر لەخۆیانەوە گومان دەکەن. (٢٤)

# یاسای تاوان و سزا لە قورئاندا

سەرچاوەی یاساکانی، لەمەڕ تاوان لە قورئان، و تەورات بنەڕەتی لە شارستانی میسۆپۆتامیاوە هاتووە. و بەتایبەتی  یاسای حامورابی، کە بە یاسای بنەمای تۆڵە

بنەمای تالیۆن (Talionprincip) تالیۆن  ووشەیەکی لاتینیە بەمانای تۆڵە دێ. یان بەمانایەکیتر بە (یاسای تۆڵەسەندنەوە) دێ. بنەمایەکی یاسایی کۆنە. کە دەبێ سزای تاوانکار، بەرامبەر ئەو تاوانەبێ کە کردوویەتی. پرەنسیپەکە ئەوەیە کە پێشێلکردنی مافی کەسێکیتر، دەبێ بە سزایەک بەرەوڕووببێتەوە کە ئەوەندەی زیانی گەیاندووە، زیانی پێ بگاتەوە.  وەک چاو بە چاو، یان ددان بەددان.

لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، کە هێشتا کاردانەوە بەرامبەر بە پێشێلکردنی مافی تاکەکان، شێوەی تۆڵەسەندنەوەی هەبوو، لە ئاستی تاک. وەک یاسای دارستان بەهێز بێهێزی دەخوارد. دەرکەوتنی ئەم پرەنسیپە پێشکەوتنێکی گرنگی لە کۆمەڵگەی سەرەتایی بەدی هێنا، چونکە لە ڕێگای ئەو یاسایەوە، ڕادەی تۆڵەسەندنەوە سنووردار کرا.

دوای هاتنی یاسای تۆڵەسەندنەوە، توانرا کۆمەڵگە لەڕێگای دادوەری، بەقەد ئەو تاوانەی کراوە تۆڵە لە تاوانبار بکرێتەوە. ئەوەش لەکاتی مێژوویی خۆی، لە ڕووی دادوەری کۆمەڵایەتی تەکانێکی گەورەبوو. لەبەر ئەوەی پێشتر تاوانەکان بەپێی ئاستی دەستەڵاتی بنەماڵە لە کۆمەڵگە، وە ک یاسای جەنگەڵ، بەبێ هەبوونی دادوەر. بە ئارەزوو بڕیاردەدرا.

زۆربەی جار سەرجەمی بنەماڵەیەک بە کوشتن و تاڵان سزادەدرا. کەچێ ئێستا لە ڕێگەی یاسای تۆڵە، دەتوانرێ، تاوان و سزاکەی، لە تاکە کەسێکدادا سنووردداربکرێ. ئەوەش پەرەسەندنێکی گەورەیە لە مێژووی شارستانی، لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا.

هەرچەندە دانانی یاسا بۆ کاروباری کۆمەڵایەیتی مێژووێکی کۆنی هەیە. بەڵام تائێستا یاساکانی حامورابی لە ڕووبەرێکی فراوانی شارستانی داناسراوە. کەچی بە لێتۆژینەوەیەکی مێژوویی، دەردەکەوێ،کە زۆر زووتر، مرۆڤ هەستی بە پێویستی یاسایەک بۆ کاروبارەکانی کۆمەڵایەتی کردووە. و هەوڵ دراوە بە یاسایەک کاروبار و ناکۆکیەکانی کۆمەڵایەتی چارەسەربکەن. ئەو هەوڵانەش لە ڕێگای شوێنەوارناسی، و هەڵکۆڵین دۆزراونەتەوە. لێرەدا چەند یاسایەک بەپێی مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە میسۆپۆتامیا دەخرێنە ڕوو.

## یاسای ئورو کا گینا

Code of Uru ka gina



ڕەنگە ئەو یاسایە کۆنترین یاسایێ لە مێژوودا، کە بە فەرمانی پاشا ئوروکاگینا (٢٣٥١ - ٢٣٤٠ پ.س.ب) نووسرابێ. ئەو پاشایە دوا پاشای یەکەم بنەماڵەی سۆمەری بووە، لە دەوڵەتی شاری لاگاش (Lagash) و گیرسو (Girsu). کە یەکەم بنەماڵەی لاگاش بووین. تابلۆی یاسای ئوروکاگینا لە سەدەی ٢٤ پ.س.ب لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس پارێزراوە.

## یاسای ئور- نەمو

Code of Ur-Nammu




King Ur-Nammu Law Code

یاسای ئور - نەمو، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢١٠٠ – ٢٠٥٠ پ.س.ب. ئەوەش دەکاتە نزیکەی سێ سەدە پێش سەردەمی فەرمانڕەوایی حامورابی. پاشا نەمو دامەزرێنەری سێیەم بنەماڵەی پاشایەتی ئور بوو. هەرچەندە یاساکە بە ناوی ئور نەمو ناسراوە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە لەلایەن شولگی ئور (Shulgi of Ur)ی کوڕی ٢٠٢٩ – ١٩٨٢ پ.س.ب دوای ئور نەمو بڵاوکرابێتەوە. ئەو یاسایە لە ڕووی فۆرم دیدی بنەڕەتی پەرەگرافەکانی ڕێخۆشکەربووە، و کاریگەری لەسەر یاساکانی دواتر هەبووە [178]

[178] World History Encyclopedia, Code of Ur-Nammu

ماوەیەک دواتر چەند پارچە تابلۆی تر لە شاری سیپار دۆزراونەتەوە. بە گشتی توانرا ٣٠ پەرەگراف، لە کۆی ٥٧ پەرەگراف ساخبکرێنەوە. دواتر کۆپیەکیتر لە شاری سیپار دۆزرایەوە بە هەندێک جیاوازی لەگەڵ ئەوانیتر.[179]

ئورنامو خۆی وەک باوکی گەلەکەی دەناساند، هانی گەلەکەی دەدا، کە خۆیان وەک یەک خێزان و یاساکانی وەک ڕێساکانی ماڵێک بیربکەنەوە.

سزاکان جگە لە تاوانەکانی لەسێدارەدان، لە شێوەی قەرەبووی سامان بوون. بە هەمان شێوەی ئەوەی کە منداڵێک لە کات بەسەربردنێکی دڵخواز یان یارییەکی دڵخواز بێبەش بێ، بەهۆی خراپ ڕەفتارەکانی.

## یاسای ئێشنونە

### Law of Eshnunna

ئەشنۆنا (دەوروبەری ١٩٣٠ پ.س.ب) و ئەو یاسایانەی کە لە سەردەمی لیپیت-ئیشتاردا بڕیاردرابوون (دەوروبەری ١٨٧٠ تا ١٨٦٠ پ.س.ب). ئەو یاسایانە، بۆ یاسای حامورابی وەک مۆدێلێک بوون. کە کاریگەرییان لەسەر یاساکانی شارستانیەتەکانی تر دانا، بەتایبەتی لە یاسای موسا لە پەرتووکی پیرۆزدا.

---

179 Kramer, Samuel Noah (1959) History begins at Sumer. Inc Garden city. New York. Pp. 52 – 55.

یاسای ئەشنونە، یان یاسای بەلالاما، کە لە دەوروبەری ١٩٣٠ پ.س.ب بە ڕێنووسی مێخی نووسراوە. ئەو یاسایەش زۆر پێش یاسای حامورابی هاتووە. و بە ڕێنووسی مێخی لە (تەل حەرمەل) لە ڕۆژهەڵاتی شاری بەغدا دۆزراوەتەوە. ئەو تابلۆیە لەسەردەمی وولاتی ئەشنونە بووە.[180]



یاسای ئەشنونە لە موزەخانەی نیشتمانی عێراق لە بەغدا

The 18th century BCE clay tablet representing the Laws of Eshnunna at the National Museum of Iraq, Baghdad.

یاساکانی ئەشنونا لە ٦١ پەرەگراف پێکهاتووە، سەبارەت بە بابەتی جۆراوجۆری وەک کوشتن، دەستدرێژی، دزی، سامان، گرێبەست، خێزان، کۆیلایەتی، برینداركردنی کەسی دەگرێتەوە .هەروەها ڕێسای بەڕێوەبردنی دادپەروەریش لەخۆدەگرێ، وەک دانانی دادوەر، و ڕۆڵی گەواهیدەر، و سزای تۆمەتی درۆ .یاساکان گوزارشت لە کۆمەڵگایەکی ئاڵۆز و ئاست

[180] Albrecht, Goetce (1948) The law of Eshnunna, Sumer.Vol.4, no.2. pp.63

بەرز دەکەن. کە بەسەر چین و پێگەی جیاوازدا دابەشبووبن. وەک هاوڵاتی ئازاد، سەر بەخۆ، کۆیلە و بیانییەکان .هەروەها یاساکان کاریگەری کولتوری بابلی و سۆمەری لەسەر سیستەمی یاسایی ئەشنوننا نیشان دەدەن.

یاساکە بریتی بووە لە ٦١ پەرەگراف. و سەبارەت بە سزای زۆرداری، دزی، وام (الديون) و کاروباری کەسایەتی بۆ کرێ، و نرخی کڕین و فرۆشتن.[181]

## یاسای لیپیت ئیشتار

### The Code of Lipit-Ishtar

لیپیت ئیشتار (١٩٣٤ – ١٩٢٤ پ.س.ب) پێجەم پاشای بنەماڵەی ئیسن بووە، ئەو یاسایە یاسایەکی سۆمەری بووە. ناوەرۆکی بریتییە لە مافی تاک، و هاوسەرگیری، میرات، سزا،



[181] مصطفى جواد و د. أحمد سوسة. دليل خارطة بغداد المفصل ص ٣٧ - ٣٨

تابلۆی یاسای لیپ ئیشتار له موزەخانەی لۆڤەر (Louvre) له پاریس به ژماره (AO 5473)

ساماندارى و گرێبەست. ئەو یاسایه له شێوەی داڕشتنی هاوشێوەی یاسای ئور- نەمو بووه.

## یاسای حامورابی



یاسای پاشا حامورابی لە دەوروبەری ساڵی ١٧٥٠ پ.س.ب نووسراون. ئەو یاسایە لە ٢٨٢ پەرەگراف پێکدێ. لەڕووی پێکهاتەی و ووردەکاری لە پەرەگرافەکانی هەنگاوێکی مەزنی پەرەسەندنی شارستانی تێدا بەدیدەکرێ. پەلی بۆ ناو زۆر کێشەکانی کۆمەڵایەتی هاویشتووە. هەرچەندە زیاتر لە سێ سەدە پێشتر مرۆڤ خەریکی نووسینەوە و ڕێکخستنی یاساکانی کۆمەڵایەتی بووە. و حامورابی سوودی لە گشت ئەو ئەزموونانە وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ، لە ڕووی شارستانی، بەیەکەمین یاسا دابنرێ.

ئەوەی لەو یاسایە بۆ ئێرە گرنگە پەرەگرافەکانی:

١٩٦ کەسێک چاوی کەسێکیتری دەرهێنا (کویری کرد)، دەبێ چاوی دەربێنرێتەوە.

١٩٧ کەسێک ئێسکی کەسێکیتر بشکێنێ، دەبێ ئێسکی بشکێندرێتەوە.

٢٠٠ کەسێک ددانی کەسێکیتری دەرهێنا، دەبێ ددانی دەربهێنرێتەوە.

# یاسا لە ڕوانگەی دینە ئیبراهیمیەکان

تاوان و سزا لە تەورات

لەماوەی دیلی گەلی جولەکە لە بابل، حاخامەکان سوودیان لە زۆر ڕەهەندی دینی و کۆمەڵایەتی وەرگرتووە. یەک لەو ڕەهەندانە، چونیەتی چارەسەری و بەرگرتن لەتاوان بووە. ئەوەش لە ناو دەقەکانی تەورات هەمان بیرۆکەی کۆنی میسۆپۆتامیا دووبارە بۆتەوە. لە پەیمانی کۆن، لە سێ شوێنی جیاواز، دووبارە بوونەتەوە.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی دەرچوون ٢١: ٢٤

(٢٤) چاو بە چاو، ددان بە ددان، دەست بە دەست، پێ بە پێ (٢٥) سووتان لە جێی سووتان، برین لە جێی برین و لێدان لە جێی لێدان.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی لێڤیەکان ٢٤: ٢٠

(٢٠) شکان بە شکان و چاو بە چاو و ددان بە ددان، چی لەو کەسە کردووە ئاوای لێ دەکرێتەوە.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی دواووتار ١٩: ٢١

(٢١) بەزەییتان نەبێت، گیان بە گیان، چاو بە چاو، ددان بە ددان، دەست بە دەست، پێ بە پێ[182].

## سزا لە قورئاندا

لە قورئاندا دوای نزیکەی دوو هەزار ساڵ، وەک کۆمەڵگە هەنگاوێکی بەرەو پێش نەهاویشتبێ. شارستانی دەمێکبێ چەقیبێ. لای نووسەری قورئان هەزاران ساڵە کات وەستاوە. و لە ئایەتی قورئان هەمان چمکی یاسای حامورابی و تەورات دووبارەکردۆتەوە.

لە قورئان سورەتی المائدة ٥: ٤٥

[182] شريعة حمورابي ترجمة: محمود الأمين (٢٠٠٧) الوراق للنشر المحدودة، لندن. ص ٥٧

وَكَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفۡسَ بِٱلنَّفۡسِ وَٱلۡعَيۡنَ بِٱلۡعَيۡنِ وَٱلۡأَنفَ بِٱلۡأَنفِ وَٱلۡأُذُنَ بِٱلۡأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلۡجُرُوحَ قِصَاصٞۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٞ لَّهُۥۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ (٤٥)

لەسەرمان نووسیوون، گیان بەرامبەر گیان، و چاو بە چاو، و لووت بە لووت، وە گوێچکە بەرامبەر گوێچکە، وە ددان لەباتی ددان، وە بۆ زامەکانیش دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە، هەرکێ کردیە چاکە ئەوە گوناهی پێ هەڵدەوەرێن. ئەو کەسانەی پێچەوانەی ئەو فەرمانەی خودا بکەن، ئەوە ئەوانە ستەمکارن. (٤٥)

# زیگورات، پەرستگای سۆمەری و بابلی

## Ziggurat

هەرکاتی باسی شارەکانی میسۆپۆتامیا لە سەردەمی سۆمەری و بابلی بکرێ، ناکرێ لایەک بەلای پەرستگاکانی ئەو سەردەمە (زیگورات) نەکرێتەوە.

ئەوەش لەبەر دوو هۆ:

- یەکەمیان بەڵگەیە بۆ ئەوەی، هزری دینداری و خودا پەرستی، هەر لەو سەردەمەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو هەبووە.

- دووەم زیگورات نابانگی ناڕاستەوخۆ لە تەورات و قورئان ڕەنگی داوەتەوە.

مێژووی زیگورات، وەک دیاردەیەکی بیناسازی کۆن، بۆ کۆتاییەکانی قۆناخی عبید (دەوروبەری ٤٠٠٠ ساڵ پ.س.ب) دەگەڕێتەوە. [183]

- نهۆمی سەرەوە (زیگورات) تایبەت بوو بە پەرستنی خودای شار (خودای سین) مانگ. ئەو نهۆمە بە تەنیا کاهینەکان سەردانیان دەکرد. و بۆ خەڵکی ئاسایی قەدەغەبوو.

---

[183] Oppenheim. The texts from the Beginnings to the first Dynasty of Babylon. In ANET. Third edition. Pp. 265 -266; Speiser. The Legend of Sargon. In ANET. Pp. 119

- نهۆمی خوارەوەی پەرستگا (نهۆمی زەوی) دیوارەکانی بەتایبەتی ڕووی دەرەوەی ڕازێندرابوونەوە. جێگای ڕیتوالەکانی ئاسایی دیندارانی شار بووە.[184]

کۆنترین زیگورات کە تائێستا مابێ، لە شاری ئور لەلایەن پاشای سۆمەری ئور نەمو کە لە بنەماڵەی ئوری سێیەم بوو، لە ساڵی ٢١٠٠ پ.س.ب. شاری ئور (Ziggurat of Ur) کە نزیکە ٤٠کم لە ڕۆژئاوای شاری ناسریەی ئێستا دروستکراوە. دواتر ڕووخاوە. پاش ئەوە، لە سەدەی شەشەمی پ.س.ب لەلایەن بابلییەکان دووبارە دروستکراوەتەوە.

ڕووبەری ئەو زیگوراتە درێژی ٢٠٠م و پانی ١٥٠م بووە. و بەرزیشی ٤٥ پێ بووە. لە بنەڕەتدا ئەو زیگورتا سێ نهۆم بووە.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ٢٨: ١٠ – ١٣

(١٠) یاقوب بیری شابەعی بەجێهێشت و بەرەو حەڕان ڕۆیشت .(١١) ئیتر ڕێی کەوتە شوێنێک و لەوێ مایەوە، چونکە خۆر ئاواببوو. بەردێکیشی لە بەردەکانی ئەو شوێنە هێنا و خستییە ژێر سەری، لەو شوێنەدا ڕاکشا .(١٢) خەونێکی بینی، لەم خەونە پێپلیکانەیەک لەسەر زەوی ڕاگیراوە و سەریشی لە ئاسمان دەدات. بینی فریشتەکانی خوداش پێیدا سەردەکەون و دێنە خوارەوە .(١٣) وا خودا وەستاوە و دەفەرموێ: من خودام، خودای ئیبراهیمی باوکت و خودای ئیسحاق. ئەو زەوییەی لەسەری ڕاکشاوی دەیدەمە خۆت و نەوەکەت.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەفراندن ١١: ١ - ٩

---

184 Sharon La (1994) International Dictionary Of historical Places.

(١) هەموو جیهان یەک زمان و یەک جۆر قسەکردنیان هەبوو .(٢) ئینجا کاتێک بۆ ڕۆژهەڵات کۆچیان کرد، دەشتاییەکیان لە خاکی شینعار[185] دۆزییەوە و لەوێ نیشتەجێ بوون .(٣) ئینجا بە یەکتریان گوت: وەرن، با خشت دروستبکەین و تەواو سووری بکەینەوە. ئیتر لە جیاتی بەرد خشتیان بەکارهێنا، قیریش لە جیاتی قوڕ .(٤) هەروەها گوتیان: وەرن، با شارێک بۆ خۆمان دروستبکەین لەگەڵ قولەیەک کە سەری لە ئاسمان بدات. ناوێکیش بۆ خۆمان دروستدەکەین، تاکو بەسەر هەموو ڕووی زەویدا پەرت نەبین. (٥) بەڵام خودا بۆ بینینی ئەو شار و قولەیەی کە مرۆڤ دروستی دەکرد هاتە خوارەوە .(٦) خودا فەرمووی: ئەگەر هەموویان یەک گەل و یەک زمان بن، ئەوە سەرەتای دەستپێکردنیانە، هیچ شتێک لەلایان مەحاڵ نابێ، لەوەی مەبەستیانە بیکەن .(٧) وەرن با بچینە خوارەوە و لەوێ زمانیان بشێوێنین، بۆ ئەوەی کەسیان لە زمانی ئەوی دیکەیان نەگا. (٨) ئینجا خودا لەوێوە بەسەر هەموو زەویدا پەرتی کردن. ئیتر وازیان لە بنیادنانی شارەکە هێنا .(٩) لەبەر ئەمە ناونرا بابل، چونکە لەوێدا خودا زمانی هەموو زەوی شێواند. هەر لەوێشەوە خودا بەسەر هەموو ڕووی زەویدا پەرتی کردن.

لە قورئانیش بە هەمان شێوەی تەورات ناوی تەلار (زیگورات) دێنێ، هەرچەندە، هەڵەیەکی گەورەی تێدایە، چونکە تەلاری کە فیرعەون باسی دەکا لە خاکی میسر بوونی نییە. لەبەرئەوەی ئەو شێوە تەلارە، تایبەتە بە میسۆپۆتامیا. ڕەنگە نووسەری قورئان لە فۆلکلۆری گەلێری ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و شام بیستوویەتی.

---

[185] شینعار: ناوچەیەکە لەتەوەرات ناوی هاتووە. کە دەکەوێتە میسۆپۆتامیا. بەڵام لە بواری شوێنەوارناسییەوە نادیارە.

القرآن الكريم - سورة القصص ٢٨: ٣٨

وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي فَأَوۡقِدۡ لِي يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجۡعَل لِّي صَرۡحٗا لَّعَلِّيٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ (٣٨)

فیرعەون گوتی ئەی دیوخان نیشینان، نەمزانیووە بێجگە لەمن خودایەکتان هەبێ، دەی هامان، تۆ خشتی کاڵم لە ئاگردا بۆ خۆشکە، ئەوسا تەلارێکم بۆ دروست کە، تا لەوێڕا، بڕوانمە خودای موسا، و من پێم وایە موسا لە درۆزنانە. (٣٨)

# مێژووی توندوتیژی و کوشتن بەناوی خودا

سەرەتای ململانێی نێوان هێزی چاکە و خراپە، کە کارەساتی کوشتن و یەکتری لەناوبردنی لێ پەیدابووبێ، لە ناو چیرۆکی ئەفراندنی سۆمەری نادۆزیتەوە. بێجگە لە ڕووداوی بچووکی وەک بەرابرکێی نێوان داموزی و ئێنکی - نمۆ، یان خوداکانی لاهار (Lahar) و ئەشنانی (Ashnan) خوشکی. گشت ئەو ڕووداوانەش لەڕێگای گەنگەشەن. کە بەبڕیاری خوداکانی بەرزتر یەکلایی دەکرێنەوە. بە ئارامی دەژیێن.

کەچی بە هاتنی شەپۆلی گەلانی سامی بۆ ناوچەکە. و داگیرکاری و کوشتن و یەکتر سڕینەوەیان، ئەو توند وتیژی و کوشتارە، بە ڕاشکاوی لە ناو ئەفسانەکانیان ڕەنگی داوەتەوە. دوای داڕشتنەوەی ئەفسانەکانیان. شەڕو کارەساتی کوشتنیش دەبێتە بەشێکی گەورە و دانەبڕاو، لە دەروونی ناکۆکەیەکانیان.

یەکەمین تۆماری ململانێی نێوان خوداکان، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەکەدیەکان، لەسەر لوولەیەک تۆمارکراوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٢٣٧١ – ٢٢٣٠ پ.س.ب. لە تابلۆی سەر لوولەکە، دیمەنی کۆمەڵێ شەڕکەر پیشان دەدا، کە سەری دڕوندەی حەوت سەر دەهاڕن (پاندەکەن)[186]

---

[186] Heidel, Alexander (1963), The Babylonian Genesis. Pp. 141 - 143

بەڵام دیمەنی ململانێکە لەسەردەمی بابلیەکان و چیرۆکی ئینوما ئێلیش. دەگاتە ئاستێکی توند و دڕووندانەی خوداکان بەرامبەر یەکتری.

لە چیرۆکی ئەفراندنی بابلی (ئینوما ئێلیش) گەردوون وا بە ئارامی و ئاشتی نە ئەفرێندراوە. بەڵکوو ئەنجامی ئاژاوە و شەڕی یەکتری هاڕین، کە هێزی خودایانی گەنج دژی خودایانی کۆن، دەگاتە ئاستی یەکتری سڕینەوە. بە پێی باوەڕیان ئەو شەڕانە بەر لە ئەفراندنی مرۆڤ ڕوویان داوە. تەمەنیان لەگەڵ تەمەنی خوداکان دابووە.

چیرۆکی ئەفراندنی بابلی دیمەنی ڕوونمان، لەسەر ئەو شەڕانە و چۆنیەتیان دەداتێ. کە بە زۆری لەو شەڕانەدا، چەکی ئەفسانەییان بەکار هێناوە. وەک گیانداری ئەفسانەیی زەبەلاح و تۆقێنەر وەک ئەژدیهای پیس و ژەهراوی، و بوونەوەری تری زەبەلاح و گێژەنی بای وێرانکەر.

ئەفسانەی ئەفراندنی بابلی لە حەوت تابلۆ پێکدێ و مێژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ١٨٠٠ ساڵ پ.س.ب.

چیرۆکەکە بەوە دەستپێدەکا کە لەسەرەتادا هیچ شتێک نەبووە و جیهان لە گێژەنێک دابووە. و تەنیا دوو توخم هەبووین توخمی نێر (ئاپسو) نوێنەری ئاوی سازگار بووە، و توخمی مێ (تیاما) نوێنەری ئاوی سوێر بووە. ئەنجامی تێکەڵبوونی ئەو دوو ئاوە دوو خودا لە وەدیهاتن. ئەوانیش لەهمو (Lahmu) و لهامو (Lahamu) بوون. دوای ئەوانیش ئەنشار (Anshar) و کیشار (Kishar) بوون.  لەوانیشەوە خودای ئانو (Anu) بوو. کە بووە خودای ئاسمان. [187]

---

[187] Geza, Komorczy (1973) The the separation of sky and Earth. Acta Antiqua XXXI. Pp. 21 - 45

بەو شێوەیە هەنگاو بە هەنگاو نەوەکانیان زیادیکرد. لە باپیرە گەورەیان (ئاپسو) وەڕس بووبوون.
ئەو خودا گەنجانە، ڕەفتاریان بە دڵی ئاپسو نەبوو. لەبەر ئەوەی دەیانەویست بە ئارەزووی خۆیان خۆیان گەردوون ڕێکخەن. کەچی خودایانی پیر، بەتایبەتی (ئاپسو)، پێی باشتربوو گردوون بە ئارامی لەسەرخۆ بەڕێوەبچێ و پەرەپسێنێ.

لەبەر ئەوە ئاپسوو بە پڵانێک بەربەستیان بۆ دروستبکا. تا بتوانێ بەسەریاندا زاڵبێ. بۆ ئەو مەبەستەش ڕاوێژی بە وەزیر مومو (Mummu) کرد. خوداکانی گەنج، ئەو پلانەیان ئاشکراکرد، کە لە دژیان دانرابوو. و پەنایان بردە بەر خودای هۆزان (الحکمة) بۆ ئەوەی لەو دۆخە ترسناکەی بۆیان هاتبوو ڕزگاریان بکا.

چیرۆکەکە بەردەوام دەبێ و دەڵێ خودای ئێیا، کە ئاپسو گرتبووی و خستبوویە دۆخی سڕی. لەو کاتە هەڵساوە، و ئاپسوی کوشت. کاتێ خودای تیاما کە هاوسەری ئاپسو بوو، بە کوشتنی هاوسەرەکەی زانی، زۆر تووڕەبوو. هەڕەشەی تۆڵەی کوشتنەوەی دەکردەوە.

هەندێک لە خودا گەنجەکان، لە گرووپی خودایانی گەنج دابڕان. و کەوتنە ڕیزی، بەگژداچوونەوەی گرووپی خۆیان. لەو کاتەدا خودایانی گەنج خۆیان بۆ شەڕکردن، بە چەکی کوشەندە ئامادە دەکرد.

لە چیرۆکی ئەفراندن بەردەوام دەبێ. و باسی چەکەکانی خودایانی پیر، دژی خودایانی گەنج دەکا. لەو کاتەوەی تووڕەیی دایگرتبوون، شەو و ڕۆژ بەبێ پشوو خەریکی پلان دانان بوون.

تووڕەییان لێدەباری و شەڕیان هەڵبژاردبوو. بۆ پڵاندانان، لە کۆبوونەوەی نێوان خۆیان. بۆ پلانی شەڕ دایکیان، خودای خوبر، کە هەموو شتێکی دەئەفراند.

بە چەکێک هات کە نموونەی نەبوو، ئەژدیهای تۆقێنەری ئەفراند. کە ددانی تیژی هەبوو، هەمووشتی دەبڕی، جەستەی بە ژەهری کوشندە، لەجیاتی خوێن پڕکردبوو.  هتد.

لەو دەمەوە سەرەتای شەڕێکی کوشندە دەستی پێکرد، کە نەک تەنیا لە داگیرکارییەکانی بابل ڕەنگی داوەتەوە، بەڵکوو پەڕیووەتەوە ناو پەرتووک و باوەڕی دینە ئیبراهیمیەکانیش.

خودا گەنجەکانیش بەدوای ڕێگاچارەیەک دادەگەڕان. خودای مەردۆخ کە گشت ئاکارەکانی پاڵەوانێکی ڕزگارکەری تێدابوو. بووبووە جێگای متمانەیان، کە سەرکردایەتی بەرامبەر تیامە و خودا پیرەکان بکا. تاکە هێز بوو ببێتە ڕزگارکەری گەردوون لەدەستی خراپەکار و کارەساتی تیامە.

دوای ئەوەی خودا گەنجەکان متمانەیان دایە، مەردۆخ وەک سەرکردەیەکی پاڵەوان هاتە مەیدان. لە تابلۆی چوارەمی چیرۆکی ئەفراندنی بابلی، باسی ئەو شەڕە دەکا، کە مەردۆخ سەرکردایەتی دەکرد.  تابلۆکە باسی شێوەی ئەو چەکە وێرانکەرانە دەکا کە مەردۆخ بەکاری دێنان.

هەر چوار ڕەشەبا، هەریەک لە ئاڕاستەی خۆیەوە، تا هیچ کەس دەرنەچێ.
بای باشوور، بای باکوور، بای ڕۆژهەڵات و بای ڕۆژئاوا.
کە بەرامبەر ئەژدیهای ژەهراوی تیاما و خودا پیرەکان بوون.
مەردۆخ ڕوو دەکاتە تیاما، و پێی دەڵێ:

چەند خائینێکی لەخۆبایی؟
تۆ خووت بەوەگرتووە، شەڕ هەڵگیرسێنی.
منداڵانت والێکرد، ڕقیان لە باوکیان ببێتەوە.
نکۆڵیت لە سۆزت کرد، بۆ ئەوانەی کە لەخۆت بووین.[188]

لە کۆتاییدا چیرۆکی ئەفراندن، سەبارەت بەئەنجامی، شەڕەکە دەداتە دەست.
١ تیامە و لەشکرەکەی نوێنەری بەرەی خراپەکارین. لە هەمان کاتدا مەردۆخ نوێنەری چاکەیە و پاڵەوانی ڕزگارکەرە.
٢ چەکی تیاما ئەژدیهای ژەهرداره. و مەردۆخیش ڕەشەبا و باران بەکاردێنێ.

لەو شەڕی نێوان چاکە و خراپە، هێزی چاکە نوێنەری خودای ئاناتە و هێزی خراپەش نوێنەری خودای لۆتان (Lotan) کە لە چیرۆکی کەنعانی بە ئەژدیهای حەوت سەر ناودەبرێ. هەروەها ئەژدیهای لەڤیاتان (Leviathan) کە تەورات بە ئەژدیهای هەڵاتوو ناوی دەبا (Fleeing serpent)[189]

دوای ئەوە مەردۆخ جەستەی تیامەی شەقکرد (کردە دوو لەت) و ئاسمان و زەوی لێ ئەفراندن. و گشت ئەو خودایانەی لەگەڵیشی بوون دەستگیرکردن.

[188] Speiser, Ephraim. Enuma Elish, The Creation Epik. Third edition. Pp. 72.
[189] Hamilton, Edit. Mythology (Amentor Book) pp. 164

ئەوسا مەردۆخ وەک پاڵەوانێک بووە خودای شاری بابل. و بەسەر تیامەی خودای دایک و لەشکرەکەی دا زاڵبوو، و خودا گەنجەکانیش لەدەست خراپە و توندوتیژیان ڕزگاریان بوو.[190]

## تەورات و ئاستێکی بەرزتری توندوتیژی

خوداپەرستی، و خۆ بەختکردن و بەڵاگێڕی بۆ خودا. و ڕێز بۆ پیرۆزی پەرستگاکان، لەلای دانیشتوانی میسۆپۆتامیا باوەڕێکی قووڵبوو. نووسینە مێخیەکان، بە تایبەتی دین و ئەدەبیاتی، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە. کە تاکی سۆمەری و بابلی و ئاشووری لەسەر ئەوە سووربوون، کە دەبێ خودا لێیان ڕازیبێ. لەبەر ئەوەی باوەڕیان وابوو، تووڕەیی دەبێتە هۆی برسیەتی، نەخۆشی و قینی لە خەڵک.

هەروەها وڵات تووشی کارەسات و نەهامەتی دەکا. زۆر نەهامەتی کۆمەڵگە وەک تووڕەیی خودا لێکدەدرانەوە. بۆ نموونە لافاوی گەورە، کە لە نووسینە مێخیەکان باسکراوە، ئەنجامی تووڕەیی خودای ئێنلیل بووە، لە خەڵکی سەر زەوی.

لە تەوراتیش کارەساتی لافاو دووبارە بۆتەوە. کە لە ئەنجامی گەندەڵی و خراپەکاری مرۆڤ بووە لەسەر زەوی. و خودایان تووڕەکردووە.

[190] Geza, Komorczy (1973) The the separation of sky and Earth. Acta Antiqua XXXI. Pp. 21 – 45

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ٦: ٥ - ٨

(٥) خودا بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیروبۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنیا لەلای خراپەیە. (٦) خودا خەفەتبار بوو کە مرۆڤی لەسەر زەوی دروستکردبوو، هەروەها دڵگرانیش بوو .(٧) ئیتر خودا فەرمووی: مرۆڤ دەسڕمەوە، ئەوەی لەسەر ڕووی زەوی دروستم کرد، مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەری خشۆک و باڵندەی ئاسمان، چونکە خەفەت دەخۆم لەوانەی کە دروستم کردوون. (٨) بەڵام نوح لەبەرچاوی خودا ڕەزامەندی بەدەستهێنابوو.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ١٩: ٢٣ - ٢٥

وێرانکردنی سەدوم

(٢٣) کاتێک خۆر بەسەر زەویدا هەڵات، لوت گەیشتە ناو زۆعەر. (٢٤) ئینجا خودا گۆگرد و ئاگری بەسەر سەدۆم و عەمۆرادا باراند، لەلایەن خوداوە، لە ئاسمانەوە .(٢٥) هەموو ئەو شارانە، دەوروبەرەکەیان و هەموو دانیشتووانی شارۆچکەکان و ڕووەکی زەوییەکەشی لەگەڵدا سەرەوژێر کرد.

دیمەنێک لە شەڕی تەنیا خوداکان لە ئەفسانەکانی ئەکەدی و بابلی، بۆ وێرانکردنی شار و لادێ. خودا لەمەودوا تاکە هێزە دژی گشت گەردوون. هەمیشە شمشێرەکەی بۆ وێرانکاری ئامادەیە.

پەیمانی کۆن - پەرتووکی ئیشایا ٢٧: ١

ڕزگاریی ئیسرائیل

(١) لەو ڕۆژەدا، خودا بە شمشێرە ڕەق و گەورە و بەهێزەکەی،
سزای لەڤیاتان دەدا، کە مارە هەڵاتووەکەیە،
لەڤیاتان کە مارە پێچ خواردووەکەیە،
ئەژدیهاکەی ناو دەریاش دەکوژێ.

پەیمانی کۆن - پەرتووکی ئیشایا ٣٤: ١٤
دادوەری لە دژی نەتەوەکان
(١) ئەی نەتەوەکان نزیک بنەوە هەتا گوێ بگرن،
ئەی نەتەوەکان گوێ شل کەن!
با زەوی و هەرچی تێیدایە گوێ بگرێ،
جیهان و هەموو بەرهەمەکانی،
(٢) چونکە تووڕەیی خودا لەسەر هەموو نەتەوەکانە،
هەڵچوونی لەسەر هەموو سوپاکانیانە.
بە تەواوی قڕی کردوون،
بەدەستەوەی داون بۆ سەربڕین.
(٣) کوژراوەکانیان فڕێدەدرێن،
تەرمەکانیان بۆنی بۆگەن دەردەکات و
چیاکان لەناو خوێنی ئەوان دەتوێنەوە.
(٤) خۆر و مانگ و ئەستێرەکان دەتوێنەوە،
ئاسمان وەک تۆمارێک دەپێچرێتەوە.
هەموو ئەستێرەکان هەڵدەوەرن،
وەک هەڵوەرینی گەڵای مێو،
وەک وەرینی هەنجیر لە دارەکەی.

(٥) شمشێری من لە ئاسمان تێر ئاو بووە،
وا دادەبەزێتە سەر ئەدۆم و
بەسەر گەلێک بە نەفرەتم کردووە، بۆ فەرمان بەسەردادان.
(٦) خودا شمشێرێکی هەیە خوێنی لێ دەتکێ،
قەڵەو بووە و بەزی گرتووە،
بە خوێنی بەرخ و تەگە،
بە پیوی گورچیلەی بەرانەکان،
چونکە خودا قوربانی سەربڕاوی هەیە لە بۆزرا و
سەربڕینێکی گەورەی هەیە لە خاکی ئەدۆم.

لە دوای مردنی موسا، خودا لە خاکی کەنعان توورەدەبێ، فەرمان بە یەشوع دەدا، گشت دانیشتوانی عای قڕکەن و تالان و بڕۆی شاریش ببەن. ئەوەش نیشانەیەکە، کە بۆ ئیسلام لە داگیرکاری ماوەتەوە.

پەیمانی کۆن – یەشوع ٨: ٢٤ - ٢٧

(٢٤) پاش ئەوەی ئیسرائیل لە کوشتنی هەموو پیاوەکانی عای بوونەوە کە لە کێڵگە و چۆڵەوانیدا دوایان کەوتبوون هەتا قڕیان بکەن، هەموو ئیسرائیلییەکان گەڕانەوە ناو شار و هەموو ئەو دانیشتووانانەیان بە شمشێر کوشت کە لەوێ مابوونەوە .(٢٥) سەرجەم دانیشتووانی عای، هەموو ئەوانەی لەو ڕۆژەدا کەوتن لە پیاو و لە ژن، دوازدە هەزار کەس بوون .(٢٦) یەشوعیش ئەو دەستەی کە ڕمەکەی پێ درێژکردبوو نەیگەڕاندەوە دواوە هەتا سەرجەم دانیشتووانی عای قڕ بوون. (٢٧) بەڵام

نەوەی ئیسرائیل ئاژەڵی ماڵی و دەستکەوتی ئەو شارەیان بۆ خۆیان تاڵان کرد، بەگوێرەی فەرمایشتی خودا، کە فەرمانی بە یەشوع کردبوو.

پەیمانی کۆن - زەبوورەکان ٧٤: ١٢ – ١٥

(١٢) بەڵام خودایە، تۆ هەر لە ئەزەلەوە پاشای منی،
دروستکەری ڕزگاریت لەناوەڕاستی زەوی.
(١٣) تۆ بە هێزی خۆت دەریات شەقکرد،
سەری ئەژدیهاکانی دەریات لەسەر ئاو پانکردەوە.
(١٤) تۆ سەرەکانی لەڤیاتانت[191] وردوخاش کرد،
کردت بە خۆراکی دڕندە بیابانییەکان.
(١٥) تۆ کانی و جۆگەکانت تەقاندەوە،
تۆ ڕووبارە هەمیشە ڕۆیشتووەکانت وشککرد.
(١٦) ڕۆژ هی تۆیە و شەویش هی تۆیە،
تۆ ڕووناکی و خۆرت دامەزراند.
(١٧) هەموو سنوورەکانی زەوی تۆ دیارت کردوون،
تۆ هاوین و زستانت داهێناوە.

[191] لەڤیاتان: جۆرە ئەژدیهایەکی کوشندەیە

# قورئان سەرمەشقی توندوتیژی و کوشتنە

قورئان بەگشتی دەبێتە دوو بەش. بەشی یەکەم سەردەمی مەککە واتە لە دەستپێکی وەحی تا کۆچ بۆ یەتروب. لەو ماوەیەدا دینی ئیسلام مێژووەکەی لێڵە و تەنیا دەتوانین لە چاوێلکەی دەقەکانی قورئان بیخوێنینەوە. و زۆربەی سوورەتەکانی قورئان (٨٧ سورەت لە کۆی ١١٤ سورەت) لەو قۆناخەدا هاتوون. و لە هیچ جێگایەک باسی کوشتن و تاڵان و بە دیلگرتن ناکا. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئیسلام لە هەناوی یەهودی نەساڕی لە دایکبووە. یەهودیە نەساڕیەکان ئەو جولەکە فەریسیانە بوون، کە باوەڕیان بە یەسو هێنا، بەڵام هەر پەیرەوی موساشیان دەکرد. لەسەر ڕێبازی ئەبیونی بوون، باوەڕیان بە ئاشتی و ئارامی هەبوو. پەرتووکی پیرۆزیان ناوی ئینجیلی مەتی عیبرانی بوو. بە واتایەکیتر قورئان کۆپییەکی ئەو ئینجیلەیە.

ئۆسابیوسی قەیسەرری (٣٤٠ س.ب مردووە) مردووە، دەڵێ:[192]

> لە ڕوانگەی ئەو عیبریانەی باوەڕیان بە یەسو هێنا، ئینجیلی عیبری ڕاسترین ئینجیل بوو. ئەوانە سەرجەم نەرێتەکانی جولەکەیان دەپاراست، پەیرەوی یاساکانی تەوراتیان دەکرد. باوەڕیان وابوو، دەربازبوون تەنیا بە کریست نابێ، بەڵکوو هەروەها دەبێ بەپێی یاساکانی موساش بێ.[193]

---

[192] الأناجيل المنحولة (٢٠٠٤)، الكنيسة الشرق (٨) ترجمة اسكندر شديد. ص ٩٧
[193] هەمان سەرچاوە

هەروەها هیلاری بێلوچ، سەبارەت بە پەیدابوونی دینی ئیسلام، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە. و دەڵێ:

ئیسلام وەک لاڕێ (گومڕا) دەستی پێکرد. پارێزگاری لە سیمای یەهودی بە باوەڕۆکێکی نوێ و یەکتاپەرستی و ڕەها دەکرد. کە بەگشت شێوەیەک کریستیانی بەرجەستەکردنی خودا و کریستی (یەسو) ڕەتدەکردەوە، و تەنیا بە مرۆڤی دادەنا.[194]

ئەو بۆ چوونەش لە سەردەمی مەککە، لە ئاستی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی، لە ئایەتی الکافرون دەردەکەوێ. ئەو ئایەتە بە پێی ئەزهەر دەبێ سوڕەتی ژمارە ١٨ بێ، واتە سەرەتای قۆناغی مەککەیە.

سورة الکافرون ١٠٩: ٦

قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ (١) لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ (٢) وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ (٣) وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ (٥) وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ (٥) لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ (٦)

بڵێ ئەی بێ باوەڕان (١) ئەوەی ئێوە دەیپەرستن، من نایپەرستم، (٢) ئێوەش ئەوی دەپەرستم، نایپەرستن (٣) ئەوەش پەرستووتانە، من نایپەرستم (٤) ئێوەش ئەوەی من دەیپەرستم، نایپەرستن (٥) دینی خوتان بۆخۆتان، و منیش دینی خۆم بۆ خۆم (٦)

تەنانەت لە قۆناخی مەککە محمد وەک موژدەدەرێک ناو دەبا، نەک پەیامبەر و نێردە.

[194] Belloc, Hilaire, What kind of Religion is Islam

القرأان الكريم – سورة هود ١١: ١- ٢

الٓرۚ كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ (١) أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۚ إِنَّنِي لَكُم مِّنۡهُ نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ.(٢)

الر، پەرتووکێکە ئایەتەکانی بە پتەوی دارێژراون. دواتر لەلایەن کارزانی کارامە ڕوونکراونەتەوە (١) بێجگە لە خودا هیچی تر مەپەرستن. منیش بۆتان ئاگادارکەرەوە و موژدە دەرم (٢)

لەو ئایەتە دەردەکەوێ محمد تەنیا موژدەدەرێکی یەهودی نەسارپە، و بە ڕاشکاوی دەڵێ: محمد هیچی لەسەر نییە. تەنیا ئەرک و ئاسانکاری، لە پەیامی پێشتر کە بۆی مانەتەوە بڵاو دەکاتەوە.[195]

دینی ئیسلام وا دەستی پێکرد، و نزیکەی ١٣ ساڵ، لەسەر ئەو ڕەوتە بەردەوام بوو. بەڵام لە کۆتایی قۆناغی مەککە، بەتایبەتی دوای مردنی قەشە وەرەقە بن نۆفل، و أبی تالیب و خەدیجە. پەیتا پەیتا ڕوخساری دین، بەرەو گۆڕان چوو.

هەر بۆیە دەبێ ئیسلام لەسەر سوڕەتەکانی مەدینە هەڵسەنگێندرێ، و ئەو ٢٧ سوڕەتانە بکرێنە بنەما بۆ چۆنیەتی ئیسلام بەرامبەر باوەڕی جیاواز. هەر لە پێکەوەژیان و ئاشتی و ئارامی، تادەگەتە توندوتیژی و کوشتن تاڵان و بەدیلگرتن.

دوای کۆچ بۆ یەتروب، شێوەی ووتاری ئیسلامیش لەو لێبووردەییەی مەککە، هەنگاو بە هەنگاو، بەرەو توند و تیژی و کوشتن جێگای دەگرێتەوە. لە سەرەتادا وەک فەرمان بۆ تۆڵەکردنەوە دەستپێدەکا.

---

[195] الحریری، أبو موسی، قس و نبی ص ١١٩

سورة البقرة ٢: ١٩١

وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ ثَقِفۡتُمُوهُمۡ وَأَخۡرِجُوهُم مِّنۡ حَيۡثُ أَخۡرَجُوكُمۡۚ وَٱلۡفِتۡنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۚ وَلَا تُقَٰتِلُوهُمۡ عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِيهِۖ فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ (١٩١)

له هەر شوێنێ تووشیان بوون بیانکوژن، لەو شوێنانەش دەریان کەن، کە ئێوەیان وەدەرنا، و سۆدەرییش لە کوشتن خراپترە، لە دەوروبەری مسجد الحرام نابێ شەڕیان لەگەڵ بکەن. مەگەر ئەوان، لەوێ شەڕتان پێبفرۆشن. ئەگەر لەوێ شەڕیان بە ئێوە فرۆشت، لە کوشتنیان ڕامەوەستن. پاداشتی خودانەناسان هەر ئەوەیە. (١٩١).

سوڕەتی البقرة، کە یەکەم سوڕەتە لە مەدینە هاتووە. دەبینرێ چۆن نووسەری قوڕئان فەرمان بە کوشتنی باوەڕی جیاواز دەدا، لە ئایەتە دەردەکەوێ، قۆناخی سەرتایە و فەرمان بە تۆڵە دەدا، کە دەڵێ: لەو شوێنانەش دەریان کەن، کە ئێوەیان وەدەرنا. دواتر باوەڕدار بەناوی خودا، ناچاردەکرێ شەڕ بکا، جا پێی ناخۆش بێ یانا.

سورة البقرة ٢: ٢١٦

كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ وَهُوَ كُرۡهٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ (٢١٦)

شەڕکردنتان لەسەر نووسراوە، هەرچەندە خۆشتان لێی نایە. ڕەنگە لە شتێ حەزنەکەن، بەڵام بۆتان چاك بێ، ڕەنگیش هەیە ئاوات بۆ شتێ بخوازن، بەڵام ئاکامی خراپ بێ، خودا دەزانێ و ئێوە سەری لێدەرناکەن (٢١٦)

کەچی دواتر، هەر لە سورەتی البقرة، هەنگاوێکیتر دەڕوا، و دەڵێ شەڕ و کوشتارتان لەسەر نووسراوە. بەو ئایەتە ئیسلام بە یەکجاری قۆناخی پێکەوە ژیان و ئاشتی جێ دێڵێ و دەبێتە دینی شەڕ و کوشتن.

دوای سورەتی البقرة، ئیسلام، هەنگاوێکیتر دەچێتە پێش، و لە سورەتی الأنفال کوشتن دەخاتە ئەستۆی خودا.

سورة الأنفال ٨: ١٧

فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُمْ ۚ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ وَلِيُبْلِيَ ٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْهُ بَلَآءً حَسَنًا ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (١٧)

و نەبێ ئێوە ئەوانتان کوشتبێ، بەڵکو خودا ئەوانی کوشت، وە تۆ نەتهاویشت کە هاویشتت، بەڵکو خودا هاویشتی، و بۆ ئەوەی باوەڕداران تاقیبکاتەوە بە تاقیکردنەوەیەکی چاك، لە ڕاستیدا خودا بیستەر و زانایە. (١٧)

یان قورئانبە ڕاشکاوی، داواله پەیامبەر دەکا هانی باوەڕداران بدا بۆ کوشتن.

سورة الأنفال ٨: ٦٥

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَى ٱلْقِتَالِ ۚ إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَـٰبِرُونَ يَغْلِبُوا۟ مِا۟ئَتَيْنِ ۚ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّا۟ئَةٌ يَغْلِبُوٓا۟ أَلْفًا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ٦٥

ئەی پەیامبەر هانی باوەڕداران بدە بۆ شەڕ و کوشتار، ئەگەر بیست دانەی خۆڕاگرتان تێدابێ، ئەوە بەسەر دووسەد دانە زاڵ دەبێ، وە ئەگەر سەد

دانەتان تێدابێ، ئەوە بەسەر هەزار دانە لەوانە زاڵ دەبێ کە بێباوەڕن، چونکە ئەوانە خەڵکانێکن تێناگەن. (٦٥)

لە ساڵی دووەم کاتی محمد بڕیاریدا، جولەکەکانی مەدینە لەناو ببا، پیاوەکانیان بکوژێ و ماڵ و ژنەکانیان وەک تاڵان ببا. و دەست بەسەر زەوی و زار و خانووەکانیان دابگرێ.

سورة الأحزاب ٣٣: ٢٦ - ٢٧

وَأَنزَلَ ٱلَّذِينَ ظَٰهَرُوهُم مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مِن صَيَاصِيهِمۡ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعۡبَ فَرِيقٗا تَقۡتُلُونَ وَتَأۡسِرُونَ فَرِيقٗا (٢٦) وَأَوۡرَثَكُمۡ أَرۡضَهُمۡ وَدِيَٰرَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُمۡ وَأَرۡضٗا لَّمۡ تَطَـُٔوهَاۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٗا (٢٧)

و خەڵکی خاوەن پەرتووك، ئەوانەی پشتیوانی ئەوانیان کرد، لە قەڵاکانیان هێنانیە خوارەوە و تۆقاندنی خستە دڵەکانیانەوە، دەستەیەکیانتان دەکوشت و دەستەیەکیانتان بە دیل گرت. (٢٦) زەوییەکانیان و ماڵەکانیان و سامانەکانیان و خاکێك کە قاچتان نەخستبووە سەریەوە ،بە میرات بە ئێوەی بەخشی، وە خودا توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت.(٢٧)

ئەو دوو ئایەتە بە ووردی باسی ڕەشەکوژی لە ساڵی ٢ کۆچی هێرشی کردە سەر بنو قینەقاع، ساڵی ٤ کۆچی هێرشی کردە سەر بەنی نضیر و ساڵی ٥ ک هێرشی کردە سەر بني قريظة و لە ساڵی ٧ ک خەیبەر دەکا. لێرەوە ئیسلام دەبێتە سەرمەشقی توندوتیژی و گشت سنوورەکانی بێ ویژدانی تێدەپەڕێنێ.

تەورات وەک سەرچاوەی یەکەم. و کاریگەری قووڵی کۆمەڵایەتی و دینی لەسەر ئیسلام هەبووە. نووسەری قورئانیش، دوای کۆچ بۆ مەدینە، ئەو کاریگەرییەی لەگەڵ یاساکانی

بیابان کردە پاکێتێک، و هەنگاوێکی گەورەتری لە توندوتیژی و کوشتن و داگیرکاری و تاڵان نا. تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی. ترس و تۆقاندن، ببنە پەیامی سەرەکی دینی ئیسلام. ئەوەش بە دەیان ئایەت لە ناو قورئان سەبارەت بە کوشتن و توندو تیژی و تالان و سەبایا دەدۆزرێنەوە.

سورة الرعد١٣: ١٢ - ١٣

هُوَ ٱلَّذِي يُرِيكُمُ ٱلۡبَرۡقَ خَوۡفٗا وَطَمَعٗا وَيُنشِئُ ٱلسَّحَابَ ٱلثِّقَالَ (١٢) وَيُسَبِّحُ ٱلرَّعۡدُ بِحَمۡدِهِۦ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ مِنۡ خِيفَتِهِۦ وَيُرۡسِلُ ٱلصَّوَٰعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَن يَشَآءُ وَهُمۡ يُجَٰدِلُونَ فِي ٱللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ ٱلۡمِحَالِ (١٣)

ئەوە، کە برووسکەتان وەك ترس و ویست پیشان دەدا، و هەوری قورس دروست دەکا. (١٢) هەورەتریشقە بە شکۆی ئەو هەڵدەدا، و فریشتەکانیش لە ترسی ئەو، وە برووسکە دەنێرێ. جا پێیەوە لە کەسێك دەدا کە خۆی بیەوێ، و ئەوان مشتومڕ دەکەن دەربارەی خودا، لە کاتێکدا ئەو زۆر توندوتیژە لە تۆڵەدا. (١٣)

سورة آل عمران ٣: ١٥١

سَنُلۡقِي فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلرُّعۡبَ بِمَآ أَشۡرَكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ سُلۡطَٰنٗاۖ وَمَأۡوَىٰهُمُ ٱلنَّارُۖ وَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلظَّٰلِمِينَ (١٥١)

تۆقان دەخەینە دڵی ئەوانەی کافر بوون، بەهۆی ئەو شرکەی بە خوداکەیان کردووە، کە هیچ دەستەڵاتێکی بۆی دانەبەزاندووە، و جێگایان ئاگرە، و خراپترین مۆڵگەیە بۆ ستەمکاران. (١٥١)

سورة التوبة ٩: ١١١

إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ وَيُقۡتَلُونَۖ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ وَٱلۡقُرۡءَانِۚ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ فَٱسۡتَبۡشِرُواْ بِبَيۡعِكُمُ ٱلَّذِي بَايَعۡتُم بِهِۦۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ (١١١)

خودا، گیان و سامانی  له باوەڕداران کڕیوە. له باتی دەیانێرێته بەهەشت، باوەڕدارانیش شەڕ له پێناو خودا دەکەن، و دەکوژن و دەکوژرێن، بەڵێنی وەها، له تەورات و ئینجیل و قورئانیش دراوە، سا کێ هەیه له خودا بۆ هێنانەدی بەڵێنی دروستر بێ، دەسا ئێوە بەو سەودایه مزگێنی بەیەکتر بدەن. که دەستکەوتێکی زۆر گەورەتان دەست کەوتووە (١١١)

سورة البقرة ٢: ٢١٦

كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ وَهُوَ كُرۡهٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ (٢١٦)

شەڕکردنتان لەسەر نووسراوە، هەرچەنده خۆشتان لێی نایه. ڕەنگه له شتێ حەزنەکەن،  بەڵام بۆتان چاك بێ،  ڕەنگیش هەیه ئاوات بۆ شتێ بخوازن، بەڵام ئاکامی خراپ بێ، خودا دەزانێ و ئێوە سەری لێدەرناکەن (٢١٦).

نووسەری قورئان هەنگاو به هەنگاو سنوورەکانی توندوتیژی دەبەزێنێ، و به باوەڕدارانی دەڵێ هیچ سڵ مەکەنەوە، و له ملیاندەن.

سورة محمد ٤٧: ٤

فَإِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَضَرۡبَ ٱلرِّقَابِ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَثۡخَنتُمُوهُمۡ فَشُدُّواْ ٱلۡوَثَاقَ فَإِمَّا مَنَّۢا بَعۡدُ وَإِمَّا فِدَآءً حَتَّىٰ تَضَعَ ٱلۡحَرۡبُ أَوۡزَارَهَاۚ ذَٰلِكَۖ وَلَوۡ يَشَآءُ ٱللَّهُ لَٱنتَصَرَ

مِنۡهُمۡ وَلَٰكِن لِّيَبۡلُوَاْ بَعۡضَكُم بِبَعۡضٖۗ وَٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعۡمَٰلَهُمۡ (٤)

جا ئەگەر ڕووبەڕووی بێباوەڕان بوونەوە، ئەوە لە ملیان بدەن، تا کاتێك خەڵتانی خوێنیان دەکەن، ئەوە بە توندی کۆتبەندیان بکەن، جا دوای ئەوە یان بە منەت یان بە بارمتە ئازادیان بکەن تاوەکو جەنگ کۆتایی دێت، ئەوە ئەگەر خودا بیویستایە بە دڵنیاییەوە بەسەریاندا زاڵ دەبوو، بەڵام (شەڕ و جەنگ) بۆ ئەوەیە کە هەندێکتان بە هەندێکتان تاقی بکاتەوە، وە ئەوانەی کوژران لە پێناو خودا هەرگیز کارەکانیان ون نابێ. (٤)

قورئان خۆی بە ڕاشکاوی ئەنفال ڕووندەکاتەوە. کە ئەوە تاڵانە و

سورة الأنفال ٨: ١

يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡأَنفَالِۖ قُلِ ٱلۡأَنفَالُ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِۖ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَصۡلِحُواْ ذَاتَ بَيۡنِكُمۡۖ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ (١)

سەبارەت بە دەسکەوتی جەنگ، لێت دەپرسن، بڵێ: تاڵانی دوژمنان بۆ خودا و بۆ پەیامبەرە. ئەگەر بڕواتان هێناوە، ئێوە ترستان لە خودا هەبێ، و لە ناو خۆتاندا ڕێککەون، و بەرفەرمانی خودا و پەیامبەرەکەی بن (١)

ناو ئایەتەکانی قورئاندا بە دەیان ئایەتی، کوشتن و توندوتیژی و تاڵان دەدۆزینتەوە. و کە بە درێژایی مێژووی ١٤٠٠ ساڵ بوونەتە هاندەر بۆ باوەڕدارانی موسوڵمان کە بێباکانە، خەڵکانی باوەڕ جیاواز بەبێ هیچ هۆکارێک بکوژن،ماڵیان تاڵان کەن و ژن و کچانیان بکەنە کۆیلە و لە بازاڕی نەخاسە بیانفرۆشن.

ئەگەر وەک هێلێکی مێژووی، بەراوردێک لە نێوان قۆناغەکانی کولتووری دینەکانی میسۆپۆتامیا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ، هەر دوای سۆمەریەکان و هاتنی ئەکەدیەکان، بە کۆچ و ڕەوی گەلانی سامی، توندوتیژی دەستی پێکرد. هەر لە ژیانی جەردەیی و شەڕ و کوشتار. یەکەم جار لەناو ئەفسانەکان، و ناکۆکیەکان بەرە بەرە دژوارتربوون. و دیاردەی توند و تیژی وەک بەشێکی سەرەکی لە ململانێکان دەردەکەوتن. ئەو دیاردەیەش شتێک نییە داهێنرابێ. بەڵکوو بەشێکە لە کولتوور و کەلەپووری ئەو گەلانە. کە لە بنەڕەتەوە لەگەڵ خۆیان هێناویانن. بەهاتنی دینی جولەکە، توندوتیژییەش هەنگاوێکی گەورەتری هاویشت، کوشتن و کاولکاری و کۆیلەکردن، بووە فەرمانی خودایی.

لە کۆتاییدا هاتنی قورئان و دینی ئیسلام توندوتیژی و داگیرکاری و تاڵان و بەکۆیلەکردن بووە فەرمانی خودا. کردە یاسا، کە بەدرێژایی مێژوو مرۆڤایەتی بەدەستیەوە دەناڵێنێ.

# پەیمانی نێوانی خودا و بەندەی

لە نووسینەکانی مێخی سەبارەت بەدین، تاک لە وولاتی سۆمەر و بابلی گرنگی زۆری بە ڕەزامەندی خوداداوە. باوەڕی وابووە ڕەزامەندی و سۆزی خودا، مایەی بەختەوەری و تەمەن درێژییە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر خودا ڕووی لەبەندەی وەرگێڕا و لێی دورکەوتەوە. ئەوە مانای تووڕەبوونیەتی. بەندە بەر سۆز و بەزەیی ناکەوێ. و دەبێتە هۆی کارەسات و بەدبەختی بۆ دەنێرێ. بۆیە لە باوەڕی سۆمەری و بابلیەکان زۆر پێویست بو، پەیوەندیەکی بەهێز و گەرم لەگەڵ خودا هەبێ. یان بەڵای کەمی لەگەڵ یەک لە خوداکان کە بە خودای کەسی (Personal God) دادەنرا.[196]

ئەو پەیوەندیەی نێوان خودا و بەندە چۆن دەبەسترێ. یا بە گوزارەیەکیتر خودا چۆن بەندەی خۆی لە ناو ئەو خەڵکە حەشاماتە هەلدەبژێرێ؟ باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی خودا کەسێک هەڵبژێرێ سرووش، خەون و بینینیەتی.

دەقە مێخیەکان چەندین ئاماژەیان بۆ خودای کەسی هەیە. کە ناوەکانیان بە بنەماڵەیەک، یان کەسێکی تایبەت بەستراوەتەوە.

[196] علي، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الى التوراة. الطبعة الثانية سينا للنشر ص ٢٦٢

بۆ نموونە وەک خودای سنولوتولا (Snulutulla) کە خودای بنەماڵەی لاگەشی یەکەم بوو. هەروەها نینشوبور (Ninshubur) کە خودای تایبەتی ئاوروا نەمکینا دوا پاشای بنەماڵەی لاگشی یەکەم بوو. نموونەیەکیتر خودای نیساب (Nisab) کە خودای پاشا لوکال زاکیزی بوو.

توێژەران دەقی مێخیان دۆزیوەتەوە، کە بە ڕوونی ئاماژەی لەسەر قووڵی پەیوەندی نێوان خودا و بەندەی کردووە.

لە دەقی سۆمەری سەبارەت بە پاشای ئاوروا نمیکا (دەوروبەری ٢٤٥٠ پ.س.ب) دەخوێندرێتەوە. کە خودای نەنکرسو ئەوی لە ناو ٢٦٠٠٠ کەس هەڵبژاردووە. و پاشایەتی لاگەشی داوەتێ.[197]

هەروەها سەرگۆنی ئەکەدی (٢٣٧١ – ٢٣١٦ پ.س.ب) ئەوکاتەی لای ئاکی باخەوان کاری دەکرد، خودای ئیشتار خۆشی ویستووە. و دەستەڵاتی پاشایەتی داوەتێ[198]

کۆدیای فەرمانڕەوای بنەماڵەی لاگەش (لە دەوروبەری ٢١٥٠ پ.س.ب) دەڵێ خودای نەنکرسو هاتە خەونم، و فەرمانی پێکردم پەرستگای بەناوبانگی (پەرستگای پەنجا) دروستکەم.

---

[197] Solberger, Edmond (1956) Corpus des Inscriptions Royales presargonique. University of Michigan. Pp. 51

[198] Speiser, The legend of sargon. Pp. 119

پاشای ئاشووری سەنحاریب دەڵێ: ئەوکاتەی لە سکی دایکم بووم، خودای ئیشتار هەڵیبژاردم. زۆر نموونەی تر لەسەر بنەماڵە و تاکە کەس هەن. بەڵام بەوەندە کۆتایی پێ دێنین.

بەگشتی باوەڕی میسۆپۆتامیا وابوو، کە پەیوەندییەکی پتەو و گەرم لە نێوان خودا و بەندەکانی هەبووە. هەروەک لە دەقە مێخیەکان تۆمارکراون. ئەو باوەڕە بە ئاشکرا، ڕەنگدانەوەی لە پەیمانی کۆن داهەیە. لە پەرتووکی ئەفراندن ئەو پەیمانە زۆر جار لە نێوان خودا و هەندێ کەسی هەڵبژاردە، دووبارە بۆتەوە. کە خودا پەیمانی پێداون، لە پاداشتی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و گەیاندنی پەیامی، خۆیان نەوەکانیان سەرکەوتوو و بەختەوەر دەبن.

چەند نموونەیەک لە پەیمانی خودا بە بەندەکانی، بەرامبەر پاداشتی دوایی.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ١٥: ٧ – ٨

(١) خودا بە ئەبرامی فەرموو: خاک و کەسوکار و ماڵی باوکت بەجێبێڵە و
برۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم.
(٢) جا دەتکەمە نەتەوەیەکی مەزن،
بڕشتت دەدەمێ،
ناوت مەزن دەکەم،
دەبیتە بەرەکەت.
(٣) ئەوانەی داوای بڕشتت بۆ دەکەن بڕشتیان دەدەمێ،
نەفرەتیش لە نەفرەتکارانت دەکەم.

هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش
لە ڕێگەی تۆوە بڕشتدار دەبن.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ٦: ١٧ - ٢١

(١٧) من وا ئاوی لافاو بەسەر زەویدا دەهێنم، بۆ لەناوبردنی هەموو ژیانێک لەژێر ئاسمان، هەروەها هەموو زیندەوەرێک کە هەناسەی ژیانی تێدایە. هەرچییەک لەسەر زەوییە لەناودەچێت .(١٨) بەڵام من پەیمانی خۆم لەگەڵ تۆ دەچەسپێنم. تۆ دەچیتە ناو کەشتییەکەوە، خۆت و کوڕەکانت و ژنەکەت و بووکەکانیشت لەگەڵت .(١٩) لە هەموو بوونەوەرێکی زیندوو، نێر و مێ، جووتێک لەگەڵ خۆت دەهێنیتە ناو کەشتییەکەوە، بۆ هێشتنەوەیان بە زیندوویێتی .(٢٠) جووتێک لە هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی باڵندە و لە جۆرەکانی ئاژەڵ و لە جۆرەکانی بوونەوەرە خشۆکەکانی زەوی دێنە لات، بۆ هێشتنەوەیان بە زیندوویێتی .(٢١) تۆش بۆ خۆت هەر خۆراکێک کە دەبێت بخورێت بیبە و لەلای خۆت کۆی بکەرەوە، تاکو بۆ خۆت و بۆ ئەوان ببێتە خواردەمەنی.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی دەرچوون ١٩: ٣ – ٦

(٣) موساش سەرکەوت بۆ لای خودا، خودا لە کێوەکەوە بانگی کرد و فەرمووی: ئاوا بە بنەماڵەی یاقوب دەڵێی، و ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل ڕادەگەیەنی: (٤) خۆتان ئەوەتان بینی کە بە میسرییەکانم کرد، ئێوەشم لەسەر باڵی هەڵۆکان هەڵگرت و ئێوەم بۆ لای خۆم هێنا .(٥) ئێستاش ئەگەر ئێوە بە تەواوی گوێم لێ بگرن و پەیمانەکەم بپارێزن، ئەوا گەنجینەیەکی تایبەت دەبن بۆ من لەناو هەموو گەلان. هەرچەندە هەموو

زەوی هی منە، (٦) بەڵام ئێوە بۆم دەبنە پاشایەتی کاهینان و نەتەوەیەکی پیرۆز. ئەمانە ئەو وشانەن کە بە نەوەی ئیسرائیلی دەڵێی.

پەیمانی کۆن – دواووتار ١١: ١١ - ١٥

(١١) بەڵکو ئەو خاکەی ئێوە لە ڕووباری ئوردونەوە بۆی دەپەڕنەوە هەتا دەستی بەسەردا بگرن، خاکی چیا و دۆڵە، لە بارانی ئاسمان ئاو دەخواتەوە .(١٢) خاکێک خودای پەروەردگارتان بایەخی پێدەدا؛ چاوەکانی خودای پەروەردگارتان لە سەرەتای ساڵ هەتا کۆتایی بە بەردەوامی لەسەریەتی .(١٣) جا ئەگەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانم بوون کە من ئەمڕۆ فەرمانتان پێ دەکەم هەتا خودای پەروەردگارتان خۆشبوێ، پڕ بە دڵ و لە ناخەوە بیپەرستن، (١٤) ئەوا بارانی زەوییەکەتان، پاییزە باران و بەهارە باران لە کاتی وەرزی خۆیدا دەدەم، تۆش دانەوێڵە و شەرابی نوێ و زەیتەکەت کۆدەکەیتەوە .(١٥) گیا دەدەمە ئاژەڵەکانت لە کێڵگەکەت، تۆش دەیخۆی و تێر دەبی.

پەیمانی کۆن ئیرمیا ٣١: ٣١ – ٣٤

(٣١) خودا دەفەرموێت: ئەوەتا سەردەمێک دێت،
پەیمانێکی نوێ لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیل و
بنەماڵەی یەهودا دەبەستم.
(٣٢) نەک وەکو ئەو پەیمانەی
لەگەڵ باوباپیرانیاندا بەستم،
ئەو ڕۆژەی دەستی ئەوانم گرت
بۆ ئەوەی لە خاکی میسر دەریانبهێنم،

چونکە ئەوان پەیمانەکەی منیان شکاند،
هەرچەندە من مێردی ئەوان بووم.
ئەوە فەرمایشتی خودایە.
(٣٣) خودا دەفەرموێت: ئەمە ئەو پەیمانەیە کە لەدوای ئەو ڕۆژانە
لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیلدا دەیبەستم،
فێرکردنەکەم دەخەمە ناو بیرکردنەوەیان و
لەسەر دڵیان دەینووسم.
من دەبم بە خودای ئەوان و
ئەوانیش دەبن بە گەلی من.
(٣٤) لەمەودوا کەس هاوڕێکەی خۆی
یان براکەی خۆی فێرناکات و بڵێت: خودا بناسە،
چونکە هەموویان دەمناسن،
لە بچووکیانەوە هەتا گەورەیان،
چونکە لە تاوانەکانیان خۆشدەبم،
چیتر گوناهەکانیان بەبیری خۆم ناهێنمەوە.
ئەوە فەرمایشتی خودایە.

لە پەیمانی نوی (ئینجیل)، بە هەمان شێوەی پەیمانی کۆن خودا هەر بەردەوامە گرێبەست لەگەڵ بەندەکانی ببەستێ.

نامەی عیبرانیەکان ١٠: ١٦ – ١٧
(١٦) خودا دەفەرموێ، ئەمە ئەو پەیمانەیە کە
لەدوای ئەو ڕۆژانە لەگەڵیان دەیبەستم،

فێرکردنەکانم دەخەمە ناو دڵیان و
لەناو مێشکیان دەینووسم.
(١٧) پاشان دەفەرموێت:
لەمەودوا گوناه و تاوانەکانیان بەبیری خۆم ناهێنمەوە.
(١٨) لەکوێ لێخۆشبوونی ئەم گوناهانە هەبێ، ئیتر پێویست ناکا قوربانی بۆ گوناه بکرێ.

پەیمانی نوێ - نامەی عیبرانیەکان ٩: ١ - ٢

(١) ئیتر پەیمانی یەکەم، نەریتی خزمەت و پیرۆزگای زەمینییە. (٢) چادری پەرستن هەڵدرا، لە ژووری یەکەم چرادان و مێز و نانی تەرخانکراوی تێدابوو کە پێی دەگوترا شوێنی پیرۆز.

پەیمانی نوێ – نامەی عیبرانیەکان ٨: ١٠

(١٠) خودا دەفەرموێ: ئەمە ئەو پەیمانەیە کە لەدوای ئەو ڕۆژانە لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیلدا دەیبەستم، فێرکردنەکانم دەخەمە ناو بیرکردنەوەیان و لەسەر دڵیان دەینووسم، من دەبم بە خودای ئەوان و ئەوانیش دەبن بە گەلی من.

پەیمانی نوێ - نامەی کۆرتنیسی یەک ٣: ٢١ – ٢٣

(٢١) کەواتە، با کەس شانازی بە مرۆڤ نەکا! چونکە هەموو شتێک هی ئێوەیە، (٢٢) پۆڵس یان ئەپۆلۆس یاخود پەترۆس، جیهان یان ژیان یانیش مردن، شتەکانی ئێستا یا داهاتوو، هەموو شتێک هی ئێوەیە، (٢٣) ئێوەش هی کریستن، کریستیش هی خودایە.

له قورئانیش بەردەوام، خودا پەیمانی خۆی لەگەڵ باوەڕداران دوویات دەکاتەوە. کە تەنیا ئەو بپەرستن. هەم بەڵێنی بەهەشتیان پێدەدا و هەم بە وەبیرهێنانەوە و تۆقاندن.

سورة التوبة ۹: ۷۲

وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ (۷۲)

خودا بەڵێنی بە پیاو و ژنانی باوەڕدار داوە. باخاتێکیان خەڵات دەکا، کە جۆباری بەبەردا دەڕوا. و هەر لەوێشدا دەمێننەوە. چەندین خانووبەرەی نایابیشی لە باخەکانی ئەدن بۆ داناون. و ڕەزامەندی خوداش کە هەمووی هێژاترە. ئەوەیە دەستکەوتی مەزن (۷۲)

سورة یس ۳٦: ٦۰

أَلَمۡ أَعۡهَدۡ إِلَيۡكُمۡ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعۡبُدُواْ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ (٦۰)

ئەی نەوەکانی ئادەم ئەی پەیمانم لێتان وەرنەگرت، کە شەیتان نەپەرستن؟ ئەو بە ئاشکرا دوژمنتانە. (۳٦)

سورة التوبة ۹: ۱۱۱

إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ وَيُقۡتَلُونَۖ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ وَٱلۡقُرۡءَانِۚ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ فَٱسۡتَبۡشِرُواْ بِبَيۡعِكُمُ ٱلَّذِي بَايَعۡتُم بِهِۦۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ (۱۱۱)

خودا گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە و لە جیاتی دەیانباتە بەهەشت. باوەڕدارانیش ئەوانەن لە ڕێی خودا شەڕدەکەن. و دەکوژن و دەکوژرێن. لە تەورات و ئینجیل و قورئان دا وەها دراوە. سا کێ لە خودا بۆ ئەنجامدانی بەڵێن دروستترە؟ دەسا ئێوە بەو سەودایە و مزگێنی بە یەکتری بدەن. کە دەسکەوتێکی زۆر گەورەتان دەستکەوتووە (١١١)

ئەو پەیمانە لە سورة البقرة ٢: ٤٠، سورة الأعراف ٧: ١٣٤، سورة النحل ١٦: ٩١، سورة طه ٢٠: ١١٥ هیتریش بەردەوام دووپاتە دەبێتەوە.

# ئازارەکانی داموز و کریست و کریشنا

یەسوی کوڕی مریەم، وەک مرۆڤێکی مێژوویی، بەپێی بەڵگەی مێژوونووسانی ڕۆمانی و حاخامەکانی یەهودی تۆمارکراوە، و نکۆڵی لێناکرێ. کە هەبووە و لە ناسیرە لەدایک بووە و لە ئۆرشەلیم لە خاچ دراوە. بەڵام ئایا ژیان و کەسایەتی هەمان یەسو بووە، کە ئێمە لە ئینجیلەکان، و ووتاری دینی کریستیان، و ئایەتەکانی قورئان و ئیسلام دەخوێنینەوە؟

ئەو باسە بەراوەردێکە پشت بە دەقەکانی ئینجیل بە بەراورد بە ئەفسانەکانی دێرینی هیندستان و میسۆپۆتامیا دەبەستێ.

لەخاچدانی یەسوی کریست لە دینی کریستیانی، دەتوانرێ بەراوردی لە گەڵ دوو خودای سەردەمی کۆندا بکرێ. یەکەمیان کریشنا لە دینی هیندۆسی و دووەمیش خودای بڕشت و بەرهەمی سۆمەری داموزی. ژیانی ئەفسانەیی یەسو، بەپێی دەقەکانی ئینجیلەکان، بۆ باشتر تێگەیشتن، دەبێ بکرێتە دوو قۆناخ.

یەکەم قۆناخ: لەدایکبوون و منداڵی و گەنجی، لەگەڵ کریشنای هیندۆسی ڕەنگی داوەتەوە.

دووەم قۆناخ: دوای ئاشکرابوون و لەخاچدانی لەگەڵ خودای بڕشت و بەرهەمی سۆمەری داموزی.

## قۆناخی یەکەم: لە دایکبوونی کریشنا

کریشنا (هەندێکجار بە Kṛṣṇa دەنووسرێت)  بەپێی نەریتی هیندۆسی، کریشنا سەر بە یاداڤا، کە ڕەگەزێکی شوانکاری بووە- لەدایکبوونی خودایی بووە.

لە داستانی بەناوبانگی هیندۆسی مەهاباراتا، لەدایکبوون و ژیانی کریشنا، بە دیمەنی وێنە ئاسا ڕوونکراوەتەوە. لە داستانەکەدا گوایە ڕۆژێک ڤیشنو، خودای گەورەی هیندۆسی، دوو مووی لە سەری خۆی هەڵکێشاوە. یەکێکیان سپی و ئەویتریان ڕەش بووە. تاڵە ڕەشەکە لە سکی دیڤاکی، کە شازادەیەکی شاری ماتورا بوو، چێندرا. و بەم شێوەیە کریشنا لە بنەماڵەی پانداڤا لەدایک بوو. بە گوێرەی ئەو ئەفسانەیە کریشنا لە ڕەچەڵەکی خودایانبووە. لە سەرچاوەکانی هیندۆسی، باس لەوە دەکەن کە کریشنا ئاڤاتاری ڤیشنۆ بووە، و هەندێکیتر پێیان وایە کە نەخێر کریشنا یەک لە خودایانی هیندۆسی بووە.[199]

بەڵام کریشنای مرۆڤ، لە هۆزی یاداڤا (Yadava) بووە. کە ئێستا ئەو ناوچەیە ناوی ئوتەر پرادەش (Uttar Pradesh)ە. کە هۆزێکی شوانکارە بووە. و دایکی ناوی دیڤاکی (Devaki) و باوکی ڤاسۆدیڤا (Vasudeva) بووە.[200]

کامسای برای دایکی (خاڵۆ) کریشنا، ئاگادارکرابووەوە. کە منداڵی هەشتەمی دیڤاکی دەیکوژێ. بۆیە کامسا بڕیاریدا منداڵی هەشتەم، کە کریشنا بوو بکوژێ. ئەو تاوانەشی

---

[199] MYTOLOGI.NU
[200] Encyclopaedia Britannica

حەوت جاریتر، پێش لەدایکبوونی کریشنا ئەنجامدابوو. خۆشبەختانە ڤاسودێڤا ڕێوشوێنی دەربازبوونی گرتەبەر، بۆ شاردنەوەی کریشنا لە گوندێکی دوورەدەستی ڤریندااڤانا. لەوێ کوڕەکە وەک شوانکارەیەکی سادە پەروەردە کرا. لەو دەشتە تەمەنی منداڵی زۆر بەختەوەرانەبوو.[201]

دواتر پاشا فەرمانی دا هەموو منداڵە تازە لەدایکبووەکان بکوژرێن .ئەم چیرۆکە لێکچوونێکی ڕوون لە نێوان ژیانی کریشنا و کریست[202] نیشان دەدات .بەڵام کاتێک هەندێک جنۆکە بە دوای کریشنا دەنێردرێت، بە پێچەوانەی کریست، بە شێوەیەکی سەرسروشتی توانی بە تاکە دەست بیانکوژێ. لە کاتێکدا تەنیا منداڵێکی بچووک بووە (ئەمەش زیاتر هاوشێوەی ئەوەیە کە منداڵی هێراکلیس لە ئەفسانەی یۆنانیدا ئەو مارانەی لەلایەن هێرا نێردرابوون بکوژێ. کریشنا لە گەنجی سەرگەرمیدا بەشداری لە زۆرێک لە ڕاکردن و دەربەدەری کردووە. کریشنا چەندین جنۆکە و پاشای جنۆکەی کوشتووە.[203]

چیرۆکی کریشنا، دوو هێمای شاردراوەی تێدایە - یەکەم کریشنا هەم خودایە، خۆی لە مرۆڤێکی فانیدا پۆشیوە. و دووەم شازادەیەکە لە دیمەنی کەسێکی ئاسایی دا.

---

201 MYTOLOGI.NU

202 کوشتنی منداڵانی تازە لەدایکبوو، زیاتر لە لەدایکبوونی موسا دەچی، کاتێ فیرعەون دەیەوێ هەموو منداڵی تازە لەدایکبووی عیبرانی بکوژرێ. ئەوە لە بابەتی موسا باسدەکرێ.

203 World History Encyclopedia

# قۆناخی دووەم: لە دایکبوون و منداڵی یەسوی کریست

پەیمانی نوێ – ئینجیلی لۆقا ٢: ١ - ١٥

(١) لەو ڕۆژانەدا لە ئۆگستۆس قەیسەرەوە فەرمانێک دەرچوو، کە هەموو دانیشتووانی ئیمپڕاتۆریەتیەکەی ناونووس بکرێ. (٢) ئەوە یەکەم ناونووسین بوو، کاتێک کیرینیۆس فەرمانڕەوای سوریا بوو. (٣) ئیتر هەرکەس بۆ ناونووسین دەچووە شاری خۆی.

(٤) یوسفیش لە جەلیل لە شاری ناسیرەوە بەرەو یەهودا سەرکەوت بۆ شارەکەی داود کە پێی دەگوترێ بێت‌لەحم، چونکە لە بنەماڵە و تیرەی داود بوو، (٥) تاکو لەگەڵ مریەم ناونووس بکرێن کە مارەبڕی بوو و سکی هەبوو .(٦) کە لەوێ بوون، کاتی منداڵبوونی هات. (٧) جا کوڕە نۆبەرەکەی بوو، قۆنداخی کرد و لە ئاخوڕێکدا داینا، چونکە هیچ ژوورێکیان بۆ نوستن دەست نەکەوت.

شوانەکان و فریشتەکان

(٨) لەو ناوچەیە شوان هەبوون لە دەشت دەمانەوە. و شەوان ئێشکیان لە مێگەلەکەیان دەگرت. (٩) فریشتەیەکی خودا بۆیان دەرکەوت. و شکۆی خودایان لە دەور درەوشایەوە، ئەوەش ترسێکی زۆری خستە دڵیان (١٠) فریشتەکە پێی گوتن: مەترسن، ئەوا مژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە .(١١) ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێکتان بۆ لەدایک بوو. ئەویش کریستی خاوەن شکۆیە (١٢) ئەوەش نیشانەیە بۆتان، مەلۆتکەیەک دەبینن لەناو ئاخوڕێک دانراوە.

(١٣) لەناکاو لەگەڵ فریشتەکە لەشکرێکی گەورەی ئاسمانی دەرکەوت و ستایشی خودایان دەکرد و دەیانگوت:
(١٤) شکۆ بۆ خودا لە ئاسمان، لەسەر زەویش ئاشتی بۆ ئەوانەی جێی ڕەزامەندی ئەون.
(١٥) کاتێک فریشتەکان بەرەو ئاسمان بەجێیان هێشتن، شوانەکان بە یەکتریان گوت: دەی با بڕۆینە بێتلەحم و ئەم شتەی ڕوویداوە ببینین کە خودا پێی ڕاگەیاندین.

## لەخاچدانی یەسوی کریست و شیوەن بۆ داموز

شیوەن بۆ داموز (تموز)

دانیشتوانی میسۆپۆتامیا، هەر ساڵە، بە هاتنی بەهار و سەوزبوونەوەی دەشت و دەر، ئاهەنگیان دەگێڕا. خودای سەوزایی داموز لە جیهانی ژێرەوە ( جیهانی مردووان) دەهاتەوە. بە ژنە خۆشەویستەکەی خودای بڕشت ئانانا ( ئیشتار) شاد دەبووەوە.

ئەو ئاهەنگانە بە شێوەیەکی ئاسایی لە مانگی ٤ (ئەپریل) لە هەر ساڵێ دەگێڕدران. بەهار بەوە ناسراوە، کە بە خێرایی دەڕوا و هاوین بە ڕۆژی قرچێنەر و بای گەرمی پڕوکێن شوێنی دەگرێتەوە. لەو کاتەدا سەوزایی نامێنێ و گشت دیاردەکانی نوێبوونەوە و بەخشندەیی لەناو دەچن. ئەوەش لە باوەڕی دانیشتوانی میسۆپۆتامیا بە مەرگی خودای بەهار و بڕشت، داموز ناودەبەن. کە دووبارە شۆڕدەبێتەوە ناو جیهانی مردووان. لەوێ دوو وەرز، واتە هەردوو وەرزی پایز و زستان دەمێنێتەوە.

لای سۆمەری و بابلیەکان باوەڕی دینی زۆر شێوە و ئاکاری جیاوازیان هەبوون. بەڵام دوو شێوە باوەڕ لە هەموویان گرنگتربوون. و توانیبوویان ببنە بنەڕەت بو بنیاتی بیرکردنەوە. و دینداری، لەناو خەڵک و دەستەڵاتی شارستانی، ئەو دوو باوەڕەش ئەنیمیزم (Animism)[204] و باوەڕی ئەنترۆپۆمۆرفیزم (Anthropomorphism) بوون[205]. ئەو دوو باوەڕە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمانی زۆر زووی پێش مێژوو. مرۆڤ لەو سەردەمەدا زۆر لە ژێر کاریگەری سرووشت دابوو. ئەوەش بەهۆی شێوەی ژیانی سەرەتایی، و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ سرووشت.

بێگومان لە چوارچێوەی بیرکردنەوە و ململانێی لەگەڵ دیاردەکانی سرووشت دا. کە لێکەوتەی نزیکی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیدا هەبوو. باوەڕی وابوو کە هێزی گیان (روح) هۆکارە بۆ هەڵکردنی با و گێژەلووک، هەورەتریشقە، باران بارین و لافاو هەڵسان. بە هەمان شێوە ئەو دیاردانە دەبنە هۆکاری نوێبوونەوە، و بڕشت. دەرکەوتنی گژوگیا، و گەشەکردن و زاوزێکردنی گیاندار. بەرهەمی زۆر لە وەرزی بەهاران.[206]

ئەنجامی ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سرووشت لە پێناوی بەردەوامی ژیان و مانەوەی. ئاساییە ئەو هێزانە لە شێوەی مرۆڤ وێنا بکا. و ڕەنگ و ڕوویان بداتێ. جەستە و ئاکارەکانیشیان

---

[204] Animism باوەڕبوون بەوەی کە ئەوانتری لە هەمان جۆری نامتاریالی گیانی (روح).

[205] ئەنترۆپۆمۆرفیزم (Antropomorfism) ئاماژەیە بۆ بینینی ڕۆڵی کەسایەتی کارەکتەری مرۆڤ لەسەر بوونەوەرانی نا مرۆڤ، وەک ئاژەڵ، خوداوەند یان شتیتر. وشەکە لە زمانی یۆنانی (anthrōpos)ەوە هاتووە کە بە واتای مرۆڤ و (morphē) کە بە واتای فۆرم دێت .کاتێک بوونەوەرێک فۆرمێکی هاوشێوەی مرۆڤی هەبێت پێی دەوترێت ئەنترۆپۆمۆرفیزمی فیزیکی و کاتێک بوونەوەرەکە ژیانی ڕەوانی نافیزیکی هاوشێوەی مرۆڤی هەبێت پێی دەوترێت ئەنترۆپۆمۆرفیزمی دەروونی.

[206] علی، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الی التورات. الطبعة الثانیة. سینا للنشر. ص ٢٨١

خودایی بن. هەر لەبەر ئەوەیە خودا لە میسۆپۆتامیا، بە گشت ئاکار و دیاردەکانی ڕۆژانەی، شێوەی مرۆڤی هەیە. هەروەها ڕەفتار و پێویستی و ئارەزووەکانیشی هەروەک مرۆڤ وان.

خودا دەخوا، دەخواتەوە و هاوسەرگیری دەکا. تووشی نەکۆرتە دەبێ و هەڵەش دەکا. فەرمانڕەوایی دەکا و ئەنجومەنی هەیە، کە تێیدا بڕیار لەسەر چارەنووسی گەردوون و مرۆڤ دەدا. تاکە جیاوازی لە نێوان خودا و مرۆڤ ئەوەیە، کە مرۆڤ دەمرێ، بەڵام خودا بوونەوەرێکی هەتاهەتاییە و نامرێ.[207]

لە ڕێگای تابلۆکانی سۆمەری و بابلی زۆر دەقی شاعیرانەمان لەسەر شێوەن و گریان، بۆ خودای داmووز بۆ ماونەتەوە. ئەوەش لە کەژاوەی پرسەی شارە جیاجیاکانی ئەو سەردەمە. ئەوەی جێگای سەرنجە زۆرترینی ئەو شێوەنانە لەسەر زمانی ئانانا (ئیشتار)ی ژنی دەگێڕنەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئانانا خۆی هۆکاری ئەو کارەساتە بووە. کە ڕادەستی چەند شەیتانی جیهانی ژێرەوە (جیهانی مردووان) کرد، تا لەوێ شوێنی بگرێتەوە.

هەروەک گەوڕانەوەی داmووز، بۆ ژیان و هاوسەرگیری لەگەڵ ئانانا ( ئیشتار)، لەو وەرزەدا لە هەر ساڵ مانەوەی لە ماوەی هاوسەرگیری پیرۆز.[208] بەڵام بە مەرگی لە هاوین کەژاوەی پرسە و خەمی بە کۆمەڵی گشت دانیشتوان.[209]

لە نووسینە مێخیەکانی سۆمەری ئاماژە بە گریان و خەم بۆ داmووز کراوە. لە داستانی گلگامێش دا هاتووە. لە هەر سالێکدا، گریانی ئیشتار بۆ داmووزی مێردی، دووبارە دەبێتەوە.

[207] نفس المصدر.
[208] علي، د.فاضل عبدالواحد(بلا) عشتار و مأساة تموز. مطبعة الأهالي، ص ١٢٩ – ١٦٣
[209] Gumey (1962) Tammuz Reconsidered. Journal of semetic studies. Vol. 7. Pp. 155.

هەروەها لە ساڵنامەی بابلی باسی خەم و گریان بۆ خودا کراوە. کە لە ڕۆژی دووەمی مانگی (Duúzu) یانی دامووز (تەمووز)، ئاگر لە کەژاوەی پرسە دادەنرێ. هەروەها ڕۆژی نۆیەم و شانزەم و حەڤدەمی هەمان مانگ. لەو سێ ڕۆژەی کۆتایی مانگ، ئاهەنگێک بە ناوی تەکلیوتو (Takliutu) دەگێڕن. لەو ئاهەنگەدا بە لەگۆڕنانی بووکەلەیەک کە خودای دامووز دەنوێنێ، شێوەن دەگێڕن.[210]

ئەوان باوەڕیان وابوو، هاوسەرگیری خودا گەنجەکە لەگەڵ خودای جوان ئانانا. سەرچاوەیە بۆ گشت دیاردەکانی بەرهەم و بڕشت بۆ ژیان لەسەر زەوی. دانیشتوانی میسۆپۆتامیا تەنیا باوەڕیان پێ نەبوو، بەڵکوو بە توندی پەیڕەویشیان دەکرد. [211] و بەردەوام ئاهەنگ و ڕیتوالی دینیان بۆ دەکردن. بەپێی ئەو کولتوورەی دروستیان کردبوو،

هاوسەرگیری پیرۆز، و چەندین ڕیتوالی تر، کۆتاییان بەوەداهات، زاوا دەچووە لای بووک. و هەردوو خودای بڕشت و بەرهەم پێک شاددەبوون.[212]

[210] Ibid. Vol. 7. Pp. 157
[211] Mirea, Eliade (1963) Myth and Reality. HARPER & ROW, PUBLISHERS Pp. 12 – 13

[212] هەمان سەرچاوە ل ٢٨٢

# شێوەن بۆ دامووز لە پەیمانی کۆن

بەباوەڕی ئەرسەدۆکسیەکان ئەو گۆرانیانە، مانای قووڵیان هەیە. ئەو گەنجە ئەویندارە لە گۆرانیەکان هێمایە بۆ خودای عیبرانیەکان (یەهۆڤا). ئەو کچەی یەهوا وەک ئەویندار گۆرانی بۆ دەڵێ هێمایە بۆ زەوی، کە عیبرانیەکان یەکەم جار لێی دابەزین.

بێجگە لەو لێکدانەوەیە ڕاڤەی تریش سەبارەت بەو گۆرانیانە هەن. کە بە شێوەی جیاواز هەڵیان دەسەنگێنن. لێرەدا یەک بۆچوونی قووڵ و لۆژیک هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێ. میک (Theophile James, Meek) بەر لە زیاتر لە سەد ساڵ (بەدیاریش لە ساڵی ١٩٢٣) سەبارەت بە گۆرانی گۆرانیەکانی سلێمان گوتی:

> هەرچەندە عیبرانیەکان یادی دەکەنەوە، بەوەی هاوسەرگیری خودای ڕۆژ لەگەڵ خودای دایکە. کەچی ئەو یادکردنەوەیە، عیبرانیەکان لە کەنعانیەکان وەریانگرتووە. کە ئەوانیش لە دانیشتوانی میسۆپۆتامیا وەریانگرتووە. میک بەو چەند خاڵە گریمانەکەی دەخاتە ڕوو:
>
> ١ گەنجە ئەویندارەکە، لە گۆرانی گۆرانیەکان، جارێک بە پاشا و جارێک بە شوان ناوی هاتووە. ئەوەش ئاماژەیە بۆ خودای بڕشت داموزی (تموز) لە میسۆپۆتامیا.[213]
>
> ٢ کچە لە گۆرانیەکان، جارێک هاوسەرە (ژن) و جارێکیش بە خوشک ناوی هاتووە. کە هەردووکیان ئاکاری خودای ئانانا (ئیشتار)ن.

---

[213] American Journal of semetic Language and Literature. Vol. 39. Pp. 1 - 14

٣ بابەتی گۆرانیەکە بریتییە لە دیالۆگێکی سۆز و خۆشەویستی. و بە نۆرە جارێ لەسەر زمانی کوڕە گەنجەکە و جارێکیش لەسەر زمانی کچە خۆشەویستەکەی. ئەوەش بە ئاسانی دیمەنی دیالۆگی سۆمەرییە لە نێوان خودای داموزی و ئانانای خۆشەویستیەتی.

بێگومان پاڕانەوە و پەرستن بۆ بەرهەم و بڕشت، لای عیبرانیەکان شتێکی نامۆ نییە. ئەوەش بەتایبەتی لە وێناکردنی خودای (یەهۆڤا) و زەوی کە ئەوان لێی دابەزیون. کە لە نێوان یەهۆڤا و زەوی، وەک پەیوەندی دوو هاوسەر وایە. بەڵام شێوەی خۆشەویستی خودایی لای دینە ئیبراهیمیەکان شێوەیەکی تایبەتی هەیە. کە لەگەڵ دەقی گۆرانی گۆرانیەکان یەک ناگرنەوە.

هەرچەندە ئەوکاتەی میک بەوگریمانەیە، گومانی خستە سەر ڕاڤەکردنی عیبرانیەکان، بۆ گورانی گۆرانیەکان. ئەوەندە بەڵگە لەسەر دەقەکانی سۆمەری، بەتایبەتی هاوسەرگیری پیرۆز لە بەر دەست دانەبوون. سەرەڕای ئەوەش لۆژیکترین گریمانەییە، بتوانێ ڕاستی تێدا بدۆزرێتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٢ دوای تێپەربوونی چل ساڵ، بەسەر نووسینەکەی میک، سەبارەت بە گۆرانی گۆرانیەکانی سلێمان، و دۆزینەوەی تابلۆ و زانیاری تری شوێنەوارناسی بە هەراو، لەسەر ئەو بابەتە. کریمەر (Kramer Noah, Samuel) نووسینێکی لەسەر گۆرانی گۆرانیەکانی سلێمان و گۆرانیەکانی ئەوینی سۆمەری بڵاوکردەوە.[214]

[214] Kramer, The Biblical song of songs and Sumerian love songs. Bulletin of the University of Pennsylvania. Vol. 5. No.1. 1962. Pp. 25 - 31

کریمەر لە پێشەکی نووسینەکەی، بە کورتی ڕا و بۆچوونی سەبارەت بە پەرتووکی (گۆرانی گۆرانیەکانی سلێمان) نووسی. کە پەیوەندی بە پیرۆزی بڕشت لای سۆمەریەکانەوە هەیە. دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەو دۆزینەوانەی دەقەکانی سۆمەری. دەڵێ پەرتووکی گۆرانی گۆرانیەکان بۆ سلێمان، لە پەیمانی کۆن. دوا گۆرانی دینیە بۆ ڕیتوالی پەرستنی بڕشت و هاوسەرگیری پیرۆز.

شێوەنەکە باسی ئەوە دەکا، کاتێ داملووز لە تەویلەی مەڕان خۆی شاردبووەوە. کە لە دەستی شەیتانەکانی جیهانی مردووان هەڵاتبوو، کە دەیدۆزنەوە و لە جیاتی ئانانا (ئیشتار)ی خۆشەویستی دەیبەن. لەبەر ئەوەی ئیشتار لە جیهانی مردووان دەرچووبوو. کاتێ شەیتانەکان شوێنی خۆشارنەوەی داملووزیان دۆزیەوە. بە نێزە و تەور کەوتنە سەری و تەویلەکەیان کردە خاک و خۆڵ کە بەبا ڕۆیشت.

شێوەنی ئانانا (ئیشتار) بۆ داملووز

زاوا، ئازیزی دڵم،
خۆشی تۆیە، خۆشەویست – شیرین؛
شێر، ئازیزی دڵم،
خۆشە چێژتانە، هەنگوین – شیرین.

تۆ منت دیلکردووە، من بە لەرزەوە لەبەردەمتدا وەستاوم.
زاوا، من دەبوایە، لەلایەن تۆوە بردرابامە ژووری نووستن؛
تۆ منت دیلکردووە، من بە لەرزەوە لەبەردەمتدا وەستاوم.
شێر، من دەبوایە لەلایەن تۆوە بردرابام بۆ ژووری نووستن.

زاوا، با نازەکانمت پێ بدەم،
شیرینە بەنرخەکەم، من دەبوایە بە هەنگوین فێنک بکرێمەوە (؟)،
لە ژووری نووستنی پڕ لە هەنگوین،
با چێژ لە شۆخیە جوانەکەت وەربگرین؛
شێر با لە نازەکانمت پێب دەم، پێشبینی منی شیرین،
من دەبوایە فێنک ببمەوە (؟) بە هەنگوین.

زاوا، تۆ چێژت لێ وەرگرتووم،
پێم بڵێ دایە ئەو خواردنە خۆشەکانت پێدەبەخشێت (؟)
بە باوکم بڵێ، ئەو دیاریت پێدەدات.

گیانی تۆ – دەزانم لە کوێ گیانت هان بدەم،
زاوا تا بەیانی لە ماڵەکەمان بخەوە،
دڵت – دەزانم لە کوێ دڵت دڵخۆش بکەم،
شێر تا بەیانی لە ماڵەکەمان بخەو.

تۆ لەبەر ئەوەی منت خۆشدەوێت،
شێر، دوعای نازەکانتم پێ بدە،
پەروەردگار خوداوەندەکەم، پەروەردگار جنۆکە باشەکەم،
شو-سینەکەم کە دڵی ئێنلیل دڵخۆش دەکات،
نزای نازەکانتم پێ ببەخشە.

شوێنەکەت وەک هەنگوین شیرینە، بە نزا دەستی لەسەر دابنێ،

وەک جل و بەرگی گیشبان دەستت بەسەریدا بهێنە،
وەک جلێکی گیشبان-سیکین، دەستت بەسەریدا بێنە،[215]

باوەڕ بە مردنی خودای damووز، لە کۆمەڵگەی کۆنی میسۆپۆتامیا نەوەستاوە، ئێستا نەریتەکە شێوەیەکی تری فۆلکلۆری گەلێری وەرگرتووە. خەم و پەژارە، وەک لە پەرستگا نەماوە. بەڵکوو هاوسەرگیری پیرۆز، و بەشداربوون لە نەریتێکی گەلێری جێگای گرتۆتەوە.[216]

بە خوێندنەوەی سێ دەق لە گۆرانی گۆرانیەکان لە پەیمانی کۆن. و دواتر لەگەڵ گۆرانییەکانی ئەوینی داmووز بۆ ئانانا (ئیشتار) بەراوردکردنیان دەردەکەوێ دوو دیمەنن، وەک ئاوێنەی یەکتری، بەلای کەمی کاریگەری بەهێزی ئەفسانەی میسۆپۆتامیا، بۆتە بەرهەمی گۆرانی گۆرانییەکان بۆ سلێمان.

ئەو شێوەنانە شێوەیەکی ناسۆری قووڵ و سۆزی بەهێزیان تێدایە. ئەوەش لەسەرەتای بەیت و کۆتایی یان دووبارە دەبێتەوە. دواتر دوای چەند بەیتی دیاریکراو دووبارە دەبنەوە. بۆ نموونە سێ بەیت.

ئاهەنگی بڕشت و هاوسەرگیری پیرۆز بۆ خودای داmووز. کە لە پەیمانی کۆن پەرتووکی (گۆرانی گۆرانیەکان)ی بۆ سلێمان، دووبارە دەبێتەوە، دەبینرێ چۆن لەناو جولەکان، شێوەن و گریان لەسەر داmووز دووبارە دەبێتەوە.

---

[215] Kramer, The sacred Marriage Rite. Pp. 92 - 93

[216] علی، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الى التورات. الطبعة الثانية. سينا للنشر. ص ٢٧٧

پەیمانی کۆن - گۆرانی گۆرانیەکان ١: ٥ – ٨

بەڕاستی تۆیان خۆشدەوێ.

(٥) ئەی کچانی ئۆرشەلیم،

من ئەسمەرێکی جوانم،

وەک ڕەشماڵەکانی قێدار،

وەک نێوبەندی ڕەشماڵەکانی سلێمان.

(٦) تەماشام مەکەن کە من ئەسمەرم،

ئەوە خۆر لێیداوم.

کوڕانی دایکم لە من تووڕە بوون،

منیان کردە چاودێری ڕەزەمێو،

لەبەر ئەوەی ناچار کرام، چاودێری ڕەزەمێوەکەم نەکرد.

(٧) ئەی خۆشەویستی گیانم، پێم بڵێ،

لەکوێ مێگەلی خۆت دەلەوەڕێنیت،

کاتی نیوەڕۆش پشتیری مەڕەکانت لەکوێیە؟

بۆچی وەک پەچەکراوێک بم،

لەلای مێگەلی هاوڕێیەکانت؟

دەستەخوشکەکان

(٨) ئەی جوانترینی نێو ژنان، ئەگەر نازانیت

بە شوێن پێی مەڕاندا بڕۆ و

کاریلەکانت بلەوەڕێنە

لەلای نشینگەی شوانەکان.

پەیمانی کۆن - گۆرانی گۆرانیەکان ٦: ٢ – ٣

ئەویندار

(٢) دڵدارەکەم دابەزییە ناو باخچەکەی،

بۆ ناو باخچەی بۆندار،

هەتا مێگەلی خۆی لەناو باخچەکاندا بلەوەڕێنێت و

سەوسەن کۆبکاتەوە.

(٣) من بۆ دڵدارەکەمم و دڵدارەکەم بۆ منە،

لەناو گوڵە سەوسەنەکان دەلەوەڕێت.

پەیمانی کۆن - گۆرانی گۆرانیەکان ٢: ٨ – ٩

(٨) گوێ بگرە! ئەوە دەنگی دڵدارەکەمە!

تەماشا کە! وا دێت،

لەسەر چیاکان هەڵدەبەزێتەوە،

بەسەر گردەکاندا باز دەدات.

(٩) دڵدارەکەم وەک ئاسک یان وەک کارمامزە،

وا لە پشت دیوارەکەمان ڕاوەستاوە،

لە دەلاقەوە سەیر دەکات،

لە کڵاوڕۆژنەوە تەماشا دەکات.

هەروەها لە پەیمانی کۆن پەرتووکی حێزقیال، کاتی دەچێتە پەرستگای خودا، بە ڕووی باکووردا، دەبینێ ژن لەوێ دانیشتوون و بۆ دامووز دەگرین:

پەیمانی کۆن – پەرتووکی حێزقیال ٨: ١٤ - ١٦

(١٤) پاشان منی هێنایە دالآنی دەروازەی ماڵی خودا، ئەوەی ڕووەو باکوورە، ئەوەتا ژنان دانیشتوون و بۆ دامووز[217] دەگریێن .(١٥) پێی فەرمووم: ئەی کوڕی مرۆڤ، ئەمەت بینی؟ هێشتا دەگەڕێیتەوە و کاری قێزەونتریش دەبینی. (١٦) ئینجا منی هێنایە حەوشەکەی ناوەوەی ماڵی خودا، ئەوەتا لەلای دالآنی پیرۆزگای خودا لەنێوان هەیوان و بەڵاگێڕگادا، نزیکەی بیست و پێنج پیاو پشتیان لە پەرستگای خودایە، و ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتە، ڕووەو ڕۆژهەڵات کڕنۆشیان بۆ خۆر بردووە.

ئەفسانەی دامووز لە بنەڕەتدا، دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ٥٩٠٠ پ.س.ب. کەچی سەردەمی نەبی حێزقیال لە سەدەی شەشەمی پ.س.ب لە پەیمانی کۆن دووبارە بۆتەوە. سەرەڕای ئەو ماوە دوورە، بەڵگەیەکی ئاشکرایە، بۆ ئەوەی ناوی دامووز و هەندێ پیرۆزیتر. و باوەڕی لەو شێوەیە لە وولآتی ئیسڕائیل نامۆ نەبووین.

دووری سەردەمی نەبی حێزقیال تا لە دایکبوونی کریست، نزیکەی شەش سەدە بووە. ئەوەش دەزانین ئەفسانەی کەنعانی باوەڕی بە خودای بەعل بووە. کە بەدەستی (خودای مردن) دەکوژرێ. شاری بیبلۆس (Byblos) جبیل، لە سەر قەراخی دەریای ناوەڕاست، لە لوبنان چەقی پەرستنی ئەدۆنیس بووە. کە دوای بەعل و دامووز بە هەمان شێوە دوای مردن و زیندوو بووەنەوە دێ.

[217] دامووز: خودای زاوزێ و خودای جیهانی خوارەوە، واتە جیهانی مردووان.

به مانایەکیتر خاکی ئیسرائیل، بەردەوام پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە باوەڕی خودای سەوزە، و ڕووەک هەبووە. هەروەها باوەڕی بە مردن و زیندووبوونەوە هەبووە.[218] دەمێکە توێژەران پەیان بە نهێنییەکیتر بردووە. ئەویش کاریگەری ئاکارەکانی دامووزی سۆمەری و بابلی، دراونەتە پاڵ یەسوی کریست، و ئاوا گونجێنراون کە تا ئێستاش هەر بەردەوامن[219].

لە نووسینە مێخیەکانی سۆمەری دەخوێندرێتەوە، چۆن خودای دامووز ئازاری ئەو ئەشکەنجەیە دەچێژێ. لەلایەن شەیتانەکانی جیهانی مردووانی خواردووە. کە بە هەموو چەکێک ڕم و تەور و ... هتد لێیان داوە.

ئەو دیمەنە کاردانەوەی لەسەر دەقەکانی پەیمانی نوێ (ئینجیل) هەیە. کاتی جودا لەگەڵ کۆمەڵێک شمشێر و کوتەک بەدەست هاتنە سەر یەسوی کریست. و دوایی بردیانە لای حاخامەکانی یەهودی. بۆ ئەوەی خراپترین ئازار بکێشێ. و لە خاچ بدرێ.[220]

گرتنی دامووز لە تەویلە لەلایەن شەیتانەکان کە لە سۆمەری پێی دەڵێن گالا (Gala) و ژمارەیان حەوت بووە. لەو کاتەی لەخەو دابووە، بەسەریان داداوە. شەش لەوانە بە نۆرە چوونەتە ژوور و تەویلەکەیان وێران کردووە. تا لە کۆتایی بۆتە تەپۆلکەیەک لە تۆز و خۆڵ. جا حەوتەمیان دێ و دامووز لەخەو هەڵدەستێنێ. و بەپێی گوزارەی سۆمەری پێی ڕادەگەیێنێ کە دەبێ لەگەڵیان بچێ. جا هەریەک لەلایەک گەمارۆی دەدەن، و دامووز هەڵدەستی لەگەڵیان بچێ. بەڵام بەپێی چیرۆکەکە، لەدەستی شەیتانەکان ڕادەکا. و پەنا بۆ

---

[218] علی، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الی التورات. سینا للنشر. ص٢٧٨

[219] Kramer, The sacret Marriege Rite. Pp. 133

[220] نفس المصدر ص ٢٧٩

خودای ئاوتو دەبا. دواتر شەیتانەکان دیگرن. و بە دیلی دەیبەنە جیهانی ژێرەوە (جیهانی مردووان). [221]

پەیمانی نویێ ئینجیلی مارکوس ١٤: ٤٣
گرتنی یەسو (عیسا)

(٤٣) دەستبەجێ، کاتێک هێشتا قسەی دەکرد، یەهودا یەکێک بوو لە دوازدە قوتابییەکان گەیشت. کۆمەڵە خەڵکێکی لەگەڵ بوو لەلایەن کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات و پیرانەوە نێردرابوون، شمشێر و داریان پێبوو.

پەیمانی نویێ – ئینجیلی مارکوس ١٥: ١٦ - ٢٠
سەربازەکان گاڵتە بە یەسو دەکەن

(١٦) سەربازەکان یەسویان بردە کۆشکەکە، کۆشکی فەرمانڕەوا و هەموو تیپەکەیان کۆکردەوە .(١٧) کەوایەکی ئەرخەوانییان لەبەرکرد، تاجێکیان لە دڕک هۆنییەوە و لەسەریان نا .(١٨) دەستیان بە سڵاو لێکردنی کرد، دەیانگوت: سڵاو، ئەی پاشای جولەکە! (١٩) بە قامیش لەسەریان دەدا و تفیان لێ دەکرد، چۆکیان دادەدا و لەبەردەمی کڕنۆشیان دەبرد.(٢٠) کاتێک گاڵتەیان پێ کرد، کراسە ئەرخەوانییەکەیان لەبەردا داکەند و جلی خۆیان لەبەرکردەوە و بۆ لەخاچدان بردییانە دەرەوە.

پەیمانی نویێ – ئینجیلی لوکاس ٢٢: ٦٣ - ٦٥

---

[221] Kramer, The sacred Marriage Rite. Pp. 128

(٦٣) ئەوانەی یەسویان گرتبوو، دەستیان بە گاڵتە پێکردن و لێدانی کرد .(٦٤) چاویان بەستبوو و لێیان دەپرسی: ئەگەر پەیامبەری، بزانە! کێ بوو لێیدای؟ (٦٥) زۆر کفری دیکەشیان لە دژی دەکرد.

هەرچەندە ئێمە نازانین، ئەوە ڕێکەوتەی لە ئینجیل دا هاتووە. ئەو بڕە پارە زیوەی دراوەتە یەهودا (جودا)، لە پاداشتی خیانەتی لە کریست وەردەگرێ، بە سی دادەنرێ. یان ژمارەیەکە گوزارە لە زاراوەی سۆمەری دەکا. کە دەڵێ سی شەقڵ (Shekel)* لە سۆمەری نزیکەی ٢،٥ کگم دەبێ. کە نیشانەیە بۆ کەمکردنەوەی بەهای شتێ. بۆ نموونە گلگامێش جارێکیان زرێپۆشێکی لەبەرکرد، قورسی ٥٠ مەنا (Mana) بوو. (یان زیاتر لە ٢٥ کگم)[222]. بەڵام ئەو زرێپۆشە بۆ پاڵەوانێک بوو.[223] هەروەها یەهودا بەرامبەر خیانەتی لە کریست سی دراوی زیویان دایە.

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتیاس ٢٦: ١٤ – ١٦

(١٤) ئینجا یەکێک لە دوازدە قوتابییەکە کە ناوی یەهودای ئەسخەریوتی بوو، چوو بۆ لای کاهینانی باڵا، (١٥) گوتی: چیم دەدەنێ تاکو بیدەمە دەستتان؟ ئەوانیش سی دراوی زیویان بۆ کێشا .(١٦) ئیتر بۆ هەلێک دەگەڕا تاکو بە گرتنی بدات.

لە کۆتاییدا پێشەی داموز شوان بوو. ئەوەش بەهەمان شێوە بۆ کریست وەک ئاکارێکی ناسراو، چەندین جار بەناوی خۆی یان وەک پەیامبەرێک لە ئینجیل دووبارە دەبێتەوە. [224]

---

[222] شەقل () دەکاتە ٨ ،٤، گرام. مەنا (Mana) دەکاتە ٦٠ شەقڵ یان ٥٠٤ گرام.

[223] Kramer, The Sacred. Pp. 133

[224] علی، دکتۆر فاضل عبدالواحد (١٩٩٩) عشتار و مأساة تموز ص ٨٦ - ٩٦

# قورئان و ئازارەکانی کریست

هەرچەندە دەقەکانی قورئان، بە شێوەیەکیتر هەمان دیمەنی ئازار و ئەشکەنجەی ئینجیل دووبارە دەکاتەوە. بەڵام نکۆڵی لەوە دەکا کە کریست مردبێ

سورة آل عمران ٣: ٥٥

إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوكَ فَوۡقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَـٰمَةِۖ ثُمَّ إِلَيَّ مَرۡجِعُكُمۡ فَأَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ (٥٥)

کە خودا گوتی ئەی یەسو ! من دەتمرێنم و بۆ لای خۆم هەڵتدەکێشم. لای خۆم و پاکت دەکەمەوە، لەوانەی بێ باوەڕبوون، و ئەوانەی کە پەیرەوی تۆن، تا ڕۆژی پەسڵان زاڵیان دەکەم، بەسەر ئەوانەی بێباوەڕن. ئینجا گەڕانەوەتان بۆ لای خۆم، ئەوسا خۆم بڕیاردەدەم لە نێوانتان سەبارەت بەوەی لەسەری ناکۆك بوون. (٥٥)

النساء ٤: ١٥٧- ١٥٨

وَقَوۡلِهِمۡ إِنَّا قَتَلۡنَا ٱلۡمَسِيحَ عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ رَسُولَ ٱللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَـٰكِن شُبِّهَ لَهُمۡۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنۡهُۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٍ إِلَّا

ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا (١٥٧) بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيۡهِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا (١٥٨)

وه بە هۆی ئەوەی کە دەیانگوت: ئێمە یەسوی کوڕی، مەریەممان کە پەیامبەری خودابوو کوشت، کەچی نە ئەوان کوشتیان، و نە توانیان لە خاچی بدەن. بەڵکو سەریان لێ شێوا، و وایانزا نی ئەو بوو، ئەوانەی دەربارەی ناکۆکن، لە ڕایەکەیان بە گومانن. و هیچ زانیاریەکیان لەسەر نییە جگە لە شوێنکەوتنی گومان نەبێ، و بە دڵنیاییەوە نەیانکوشت. (١٥٧) بەڵکو خودا بۆ لای خۆی هەڵیکێشا، وە خودا بە دەستەڵات و لەکارزانە. (١٥٨)

لە کۆتاییدا ئەفسانەکانی کۆنی هیندۆزی و سۆمەری، و ڕەنگدانەوەیان لە چیرۆکی ژیان و مردنی یەسوی کریست، بەڵگەیەکە، کە دینەکان تەنیا بەردەوامی و پەرە پێدەری ئەفسانە کۆنەکانن. و هەمان گیانی داستانەکان بە دەستکاری دووبارە دەکەنەوە.

# دینەکانی میسری کۆن و قورئان

# سەرەتا

لە گەڕان بە دوای سۆراخی ئەو سەرچاوانەی، کە کاریگەریان لەسەر قورئان و ڕەوتی پەیدابوونی ئیسلام دا هەبووە، کاتی لێتۆژەر دەگاتە، ناو خەرمانی کولتوور و دینەکانی میسری کۆن، بەرەو ڕووی جیهانێکی بێ کۆتایی دەبێتەوە. لەبەر فراوانی ئەو شارستانیەتە. و کاریگەگەری لەسەر هەر سێ دینە ئیبراهیمیەکان، کە ئەوەندە بە هێزە، ناتوانرێ تەنیا بە بەراوردێکی سەرپێی، لەگەڵ دەقەکانی قورئان بەسەریدا تێپەڕی. بەڵکوو دەبێ بە قووڵی لەچەند ڕەهەندی جیاواز لێی ووردبێتەوە. ئەوسا دەتوانێ، درک بە گەورەیی و قووڵی، ئەو شارستانیە مەزنە بکا. کە چۆن شۆڕبووتەوە، ناو دەروونی هەرسێ دینە ئیتبراهیمیەکان، بەتایبەتیش ماکی کاریگەریەکانی لەسەر ئیسلام و قورئانەکەی ببینرێ.

لە ناو دەقەکانی قورئان بە زۆر شێوە، باسی کۆمەڵگە و شارستانی میسری کراوە. هەر لە کۆچی ئیبراهیم، یاقوب و یوسف، تا دەگاتە چیرۆکی موسا. لە دواتریش دەگاتە کۆچی یەسو لەگەڵ دایکی بۆ میسر. ئەو چ

یرۆکانەی لە تەوراتەوە دەگێڕدرێنەوە، و لە قورئانیش بە شێوەی کۆپی یان هەندێ گۆڕنکاری دووبارە بوونەتەوە. دەکرێ ئەو گێڕانەوانەی تەورات، بکرێنە کلیل، بۆ ئەوەی درک بە چۆنیەتی ڕۆچوونی کاریگەری شارستانی، و دینەکانی کۆنی میسری لەسەر قورئان ببینرێن. هەر لەسەردەمی فراخودایی، تا دەگاتە سەردەمی یەکتاپەرستی. دیمەنەکانی شارستانی و باوەڕی دینە میسرەیەکان، لە قورئان ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ دووبارە بوونەتەوە. بۆیە

لەو باسەدا، هەوڵدەدرێ هەنگاو بە هەنگاو، کاریگەری کولتووری دینی میسری، لەسەر قورئان و دینی ئیسلام تاو وتوێ بکرێ.

## لێپرسینەوەی دوای مردن

باوەڕ بە ڕۆژی پەسڵان

هیچ نەتەوەیەک لە مێژووی کۆندا، ئەوەندی میسرییە کۆنەکان، باوەڕیان بە لێپرسینەوەی دوای مردن، و زیندووبوونەوە و نەمری، لە ژیانی دوای مردندا نەبووە. شارستانیەتی میسری کۆن لەسەر بنەمای باوەڕ بنیات نراوە. باوەڕی تەواویان بەوە هەبووە، کە دوای مردن کردەوەکانی ژیانت بەرامبەرت دەکرێنەوە، دەبنە ڕێگای چارەنووس و ژیانی هەتاهەتایی.

کاریگەری بیروباوەڕی میسری کۆن، و لایەنە جیاوازەکانی شارستانی دیارن، کە چۆن هەموو لایەنەکانی ژیانی هەردوو خەڵکی ئاسایی و پاشاکانی گرتۆتەوە. ئەوەش بۆتە پاڵنەر و ڕێنمای سەرەکی، بۆ بیرکردنەوە و ڕەفتاریان. لە سایەی ئەو بیروباوەڕە، دەستکەوتی شارستانی زۆر بەدیهات. باڵاخانە و پەرستگای گەورە و مەزنیان بەدرێژایی دۆڵی نیل، وەک پەرستگاکانی کەرنەک و لۆکسور دروستکرد. و گۆڕی شایستە و بەهاداریان دروستکردن، کە بوونە سەرچاوەی مێژوویی بۆ شارستانیەکانی تری گەلان.

ئەوان پێیان وابوو کە لە ژیانی دوای مردندا، ئەو گۆرانە دەبنە ماڵی هەتاهەتاییان. بۆیە زیاتر گرنگییان بە ڕازاندنەوەیان دەدا. و بە دەق دینی و دیمەنە زانستیەکان دەیان نەخشاندن، هەر لەو دەمەوە، وەک گرنگیەکی سەرەکی ئەوەبێ، ماڵی خۆیان ڕیکبخەن.[225]

میسریەکان، باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن هەبوو. و تەنانەت هیچ گەلێکی سەر ڕووی زەوی ئەوەندەی میسریەکان، خۆیان بە ژیانی دوای مردن خەریک نەکردووە[226]

ئەوان پێیان وابوو لافاوی نیل لە هاوین، یەک لە جۆرەکانی گەڕانەوەی ژیانە. باوەڕیان وابوو لەدایکبوون و مردنی ڕووەک و ژیانەوەیان دوای لافاو[227] بەڵگەیە بۆ بەردەوامی ژیان دوای مردن (ووشکبوون). هەروەها خۆ دووبارەکردنەوەی خۆر، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، لە نێوان ئاوابوون و هەڵاتنەوەی سەر لە نوێ.

بە هەمان شێوە، مرۆڤیش دەتوانێ، دووبارە بژیێتەوە. بەوەش باوەڕیان وابوو، لە دوای مردن ژیانێک هەیە. بە یەکگرتنەوە لەگەڵ ئۆزێریس، کە هیوای سەرەکی نەمری بووە.[228] وەک لە پەرتووکی مردووان، مرۆڤ لە سێ شت پێکهاتووە، ناو، ئەرک و دەرئەنجام. بۆیە میسریە کۆنەکان نهێنی بوونی مرۆڤیان لەسەر شێوەی هەرەم دروستکردووە. کە لە سێ پلە، ئاست پێکهاتووە.

---

[225] جداريات، عدد:١٢٥٦، الإثنين ١١ يناير ٢٠٢١ شعبان، د.شريف، الفراعنة والقرآن الكريم.

[226] مجلة دراسات التاريخية. مجلد ٢٢، العدد ١، ٢٠٢١، أوكيل، د. صبيحة. الديانة المصرية بين التعدد و التجسيد. ص ٦٢

[227] مكاوي، فوزي (١٩٩٥) الناس في مصر القديمة، المجلس الأعلى للآثار، مصر،

[228] النشار مصطفى (١٩٩٨) الخطاب السياس ي في مصر القديمة، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

یەکەم: بەرزەکەیانە، بە ناوی با (Ba) واتە گیان، کە لە ژیری و باوەڕ و ویژدان خۆی دەنوێنێ.

دووەم: کا (Ka) ئامرازی نێوان گیان و جەستەیە، کە لە هەستی دیار و نادیار، هەروەها ماک (غریزە) هەڵچوون و کاردانەوە [229]، کە زۆر جار بە کەسایەتی و ئاکارەکانی ناو دەبرێ.

سێیەم: کە پلەی هەرە خوارەوەیە بە لەشی مردووی ماتریال دەنوێنێ. [230]

دوای مردن، هەر یەک لەو ئاستانە، ڕۆڵی خۆی دەبینێ. بۆ نموونە (با) دوای لێپرسینەوە، دەگەڕێتەوە جەستە و وەک باڵندەی قەقنەس[231] (Phoenix)[232] بە سەری مرۆڤ، کە جەستەی مرۆڤ بە مۆمیا دەپارێزن. پەیکەری هاوشێوە، بۆ کەسی مردوو دروستدەکەن. لاشەی مردووەکە، وا حەشاردەدرێ، کە دووربێ و گیانداری دڕوندە نەیگاتێ.[233] گشت کات و توانا و داراییان لە دروستکردنی ئەو گوڕانە داوە.

دوای ئەوە ڕۆڵی کا (Ka) دێ، بۆ گەڕانەوەی بۆ جەستە، و مردووەکە بە ژیانێکی تا هەتایی دوای مردن بژی[234]

---

[229] مجلة دراسات التاريخية. مجلد ٢٢، العدد ١، ٢٠٢١، أوكيل، د. صبيحة. الديانة المصرية بين التعدد و التجسيد. ص ٥٥ - ٧٤

[230] مظهر سليمان، قصة الديانات، ط 2 ، مكتبة مدبولي للطباعة والنشر، القاهرة، 2002.

[231] قەقنەس باڵندەیەکی ئەفسانەییە، کە لە ئەفسانەی کولتووره جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، و لە میسری کۆن پیرۆزبووە. بەپێی ئەفسانەی میسری، باڵندەی قەقنەس دەسووتێ و دوایی لە خۆڵەمێشی سووتاوی خۆی، دووبارە بەهێزتر لەدایک دەبێتەوە. لە کولتووری میسری کۆن بەو باڵندە دەگوترا بەنو (Benu)

[232] Herodotus, The Histories, Roman Roads Media, 739 S Hayes St, Moscow.

[233] E,A, Willis Budge (1904) The Gods of Egyptians or Studies in Egyptian Mythology. Chicago, The open Court Publishing Company & CO.

[234] Arthur Weigall, (2022) Treasury of Ancient Egypt. Miscellaneous Chapters on Ancient Egyptian History and Archaeology

له قورئانیش به هەمان شێوه، هەمان دیمەن وێنادەکا. زیندوو له مردوو دەردێنێ و مردووش له زیندوو دەردێنێ.

سورة الروم ٣٠: ١٩

يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَيُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ وَكَذَٰلِكَ تُخۡرَجُونَ (١٩)

زیندوو له مردوو دەردێنێ، و مردوو له زیندوو دەردێنێ، و زەوی دەژیێنێتەوه له دوای ئەوەی مردوو بوو، و ئێوه به هەمان شێوه دەردەهێنرێن. (١٩)

هەرەوها له قورئان هێنانەوەی مردن و زیندووبوونەوەی زەوی، و چاندنی دانەوێڵه هەمان هزری میسری کۆنه، له قورئان دووباره بۆتەوه.

سورة يس ٣٦:  ٣٣

وَءَايَةٞ لَّهُمُ ٱلۡأَرۡضُ ٱلۡمَيۡتَةُ أَحۡيَيۡنَٰهَا وَأَخۡرَجۡنَا مِنۡهَا حَبّٗا فَمِنۡهُ يَأۡكُلُونَ (٣٣)

و نیشانەیەك بۆیان، زەوی مردبوو، بووژاندمانەوه، ئەوسا دانەوێڵەمان لێ دەرکرد، که لێی دەخۆن (٣٣)

له سەردەمه کۆنەکانی فرەخودایی، باوەڕ به هەڵسانەوه و لێپرسینەوەی مرۆڤ لەسەر کردەوەکانی هەبوو.

هەڵسانەوەی دوای مردن، وەک پایەیەکی بنچینەیی باوەڕ به ڕۆژی دوایی، ئەوەنده گرنگ بووه، که بۆ ڕاڤەکردن و باوەڕداری، دوو قوتابخانەی جیاواز هەبوون. که لێکدانەوەیان لەسەر یەک بنچینه، بەڵام به ڕاڤەی جیاواز بووه.

قوتابخانەی یەکەم: پەیڕەوکارانی باوەڕی خۆر، و گیانی خودای ڕەع ( Ra). ئەوانە پەیوەندی نێوان هەڵاتن و ئاوابوونی خۆریان بە گرنگ دەزانی. ئەو هەڵاتن و ئاوابوونەش، بەشێوەی سیستەماتیک دووبارە دەبووەو. ئەو دووبارە بوونەوەیان لەگەڵ ژیانی مرۆڤ بەراورد دەکر. کە لەدایک دەبێ دوایی دەمرێ و جارێکیتر دەژیێتەوە.

قوتابخانەی دووەم: پەیڕەوکارانی باوەڕی ئۆزێریس بوون.  وایان لێکدەدایەوە، کە ژیان بەردەوام نوێ دەبێتەوە. باوەڕیان وابوو، لافاوی نیل، ژیان دەداتەوە بەر زەوی مردوو. ژیانی لێ دووبارەداکاتەوە. و دەبێتە هۆی گەشانەوە و سەوزایی. هەروەک لە سیمبۆلەکانی میسری کۆن. ئۆزێریس بە و دانەوێلە دەچوێندرێ، کە لە خاک دەنرێ و لە تاریکی دەحەسێتەوە. کاتی ڕووناکی دادێتەوە، دەژیێتەوە و تۆوی نوێ (ژیانەوە) دەدا. ئەوەش پەیوەندی بە ئاو و خودای ژیانبەخشەوە هەیە. واتە ئۆزێریس بەرجەستەی لافاو دەکا، کە ژیان نوێدەکاتەوە.

لە قورئان بە هەمان شێوە، هەڵاتنی خۆر، بە ڕووناکی خۆی، زەوی مردوو دەبوژێنێتەوە، و دانەوێڵەی لێدەچێنێ، و بە خواردنی بەرهەمی دانەوێڵە ژیان بەردەوام دەبێ.

سورة يس ٣٦: ٣٣

وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلْأَرْضُ ٱلْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَـٰهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ (٣٣)

وە نیشانەیەك بۆیان، زەوی مردبوو، بووژاندمانەوە، ئینجا دانەوێڵەمان لێ دەرکرد کە لێیەوە دەخۆن. (٣٧)

بە لێکدانەوەی ڕیالیستانە، قورئان ناتوانێ لە هزری ئۆزێریس دەربچی. و تەنیا بە گوزارەی تر دووبارەیان دەکاتەوە. دینی فرەخودایی، و بەتایبەتی ئۆزێریس کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی لەسەر قورئان و دینی ئیسلام هەبووە، نەیتوانیووە، لە سێبەری دەربچێ.

# لێپرسینەوەی ئۆزێریسی

میسریەکان باوەڕیان بە لێپرسینەوە، بە پێی باوەڕی ئۆزێریس هەبوو، لەو دادگایەدا، ئۆزێریس وەک دادوەر، بۆ دادگایی کردنی مردووان دەردەکەوێ.

تەحوت و ئانۆبیس دوو وەزیری خودای مەزنن. لە جیهانی زیندووان تەحوت وەزیری خودای ڕەع، و ئانۆبیس لە جیهانی مردووان وەزیری ئەوزێریس. لەگەڵ ئەوەشدا تەحوت دەچێتە جیهانی ئەوزێریس (مردووان) و دەبێتە هاوکاری ئانۆبیس، لە دادگاییکردنی مردووان.[235]

ئانوبیس لەگەڵ ٤٢ دادوەر، کە هەر یەکەیان نوێنەری ناوچەیەکن. ئانوبیس کە بە سەری ڕێوی (چەقەڵ) دەردەکەوێ. و دڵی مردووەکە دەکێشێ. لە پشت ئەویش تەحوت، وەک سکرتێری خودا، بۆ کۆنترۆڵی تەرازوو وەستاوە، و دۆسیەیەکی بە دەستەوەیە. لە دوای ئەوانیش گیاندارێکی ڕووگرژ و نامۆ (ئامیت) (Ammit) وەستاوە، و چاوەڕوانی ئەنجامی کێشانی دڵی تاوانبار دەکا.[236]

---

[235] Cérny, Jaroslav (1951) Ancient Egyptian Religion. Hustchingons Univercity Library. London.W.I. Pp. 61 - 66

[236] مجلة دراسات التاريخية. مجلد ٢٢، العدد ١، ٢٠٢١، أوكيل، د. صبيحة. الديانة المصرية بين التعدد و التجسيد. ص ٦٥

لە هۆڵی دادگا، خودای مەزن ئۆزێریس لەسەر تەخت دانیشتووە. مردووێکی تاوانباریش، لەبەردەمی نکۆڵی لە چل و دوو تاوان دەکا. کە لە ژیانیدا نەیکردوون.

دادگا بەوە دەست پێدەکا، مردوو، بە ناوی خۆی سڵاو لە خودا (ئۆزێریس) دەکا. دواتر قسەکانی دەست پێدەکا:

> من دزیم نەکردووە، من کەسم نەکوشتووە، ئازاری کەسم نەداوە، هەرگیز درۆم نەکردووە، هۆکاری ئازار نەبوویم، زینام نەکردووە، هۆکاری تۆقاندنی کەس نەبوویم، هەرگیز ئاوم پیس نەکردووە، کەسم تووڕە نەکردووە، و لەگەڵ خزمەتکارەکانم خراپ نەبوویم، نە لە پێوان فێڵم کردووە، نە لە تەرازوو فێڵم کردووە. نە شیرم لە دەمی کۆرپەڵە کردۆتەوە و نە مێگەلم لە لەوەڕگەکانیان دەرکردووە. نە ئاوی ئاودێریم لە وەرزەکانیدا گۆڕیوە، نە کەناڵەکانی ئاوەڕۆکانم تێکداوە.

لە ناوەڕاستی هۆڵی دادگا، تەرازووی ڕاستی (ماعت) دانراوە. لەسەر لایەکی شانەکانی تەرازوو، پەڕێک دادەنرێ، کە نوینەری ڕاستی، و دادوەری و سیستەمە. کە نموونەی بنەڕەتین بۆ لێپرسینەوەی مردوو، لە جیهانی دواتر.

بەپێی بیروباوەڕی میسری کۆن، ئامیت لە ماڵی خودای مردن، چاوەڕێی هاتنی مردووان دەبوو. ئەگەر لە دادگا تاوانبار دەرچوون، ئەوا دڵی دەخواردن. بۆ ئەوەی تا هەتاهەتایە هیچ شتێکیان بەبیر نەیەتەوە، چونکە دڵ لای میسریە کۆنەکان، بنەڕەتی ژیانەوە و

لەبیرنەچوونەوەیە.[237]



ئامیت (Ammit) خودای ژێرزەوی (خودای مردووخۆر) بوونەوەرێکە، لە ئەفسانەی میسری کۆن. لە جەستەی مێینەیەکی دڕونده دابووە، تێکەڵەیەک بوو، سەری تیمساح و جەستەی شێر و ئەسپی دەریا.

ئەو دیمەنە لە ناو ئایەتەکانی قورئان بە هەمان مەبەست دووبارە دەبنەوە. کەچی لە ڕووی زانستیەوە، دڵ ئۆرگانێکی ماسوولکەییە، لە مرۆڤ و ئاژەڵدا، کە خوێن لە ڕێگەی خوێنبەرانەوە، بۆ سەرتاسەری جەستە دەگوازێتەوە، ئەو خوێنەبەرانەش بەشێکن لە سیستەمی سووڕانەوەی خوێنی لەش.[238] خوێن ئۆکسجین و مادده خۆراکیەکان بۆ جەستە دابین دەکا، لە هەمان کاتدا بەشداری دەکات لە لابردنی پاشماوەی میتابۆلیکی جەستە (Metabolism).[239] دڵ لە بەشی سەرەوەی سنگ دایە. و هیچ کاری بە بیرکردنەوە و بڕیاردان و سۆز نییە.[240]

---

[237] Hart, George (2005). The Routledge Dictionary of Egyptian Gods and Goddesses, Second Edition. Routledge.

[238] Taber, Clarence Wilbur; Venes, Donald (2009). *Taber's cyclopedic medical dictionary*. F a Davis Co. Pp. 1018–23

[239] Hall, John (2011). *Guyton and Hall textbook of medical physiology* (12th ed.). Philadelphia, Pa.: Saunders/Elsevier. pp. 157.

[240] Keith L. Moore; Arthur F. Dalley; Anne M. R. Agur. ”1”. *Clinically Oriented Anatomy*. Wolters Kluwer Health/Lippincott Williams & Wilkins. pp. 127–173.

لێکۆڵینەوەی زانستی ئەوەی بە دەیان جار پشتڕاستکردۆتەوە. و بە سەدان ساڵیش دەبێ لە بواری پزیشکی توانراوە، پێشکەوتن لەو بوارە، بۆ باشتر کردنی تەندروستی مرۆڤ. تا دەگاتە نەشتەرگەری دڵ بە ئاستی جیاواز تادەگاتە گۆڕینی دڵ.

کەچی نووسەری  قورئان، نەیتوانیووە لە بازنەی دادگای ئۆزێریس دەربچێ، دوای هەزاران ساڵ، هێشتا دڵ بیردەکاتەوە. و بەرپرسیارە لە هەڵەکانی مرۆڤ لە ژیاندا. بۆیە دڵ تەنیا ئۆرگانێکی لەش نییە، بەڵکوو چەقی تێگەیشتن، و بیرکردنەوە، و باوەڕە. تەنانەت بڕیاریش دەدا. لە هەندێ ئایەتدا، دڵ هەست و سۆزی هەیە، کە دەبنە سەرچاوە بۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ.

لە قورئاندا بە گشتی، دڵ بە سێ ووشەی جیاواز هاتووە: (قلب)، (فؤاد) و (صدر)، ئەو سێ ووشەیە، لە سەرجەمی سورەتەکانی قورئان بە گشتی ١٩٢ جار دووبارە بوونەتەوە. لەوانە ووشەی قلب ١٣٠ جار ،  فؤاد ١٦ جار ، صدر ٤٦ جار دووبارە بۆتەوە.

چەند نموونە لە ئایەتەکانی قورئان، لەسەر هەریەک لەو سێ  ووشەیە، یارمەتیدەر دەبێ بۆ باشتر تێگەیشتن، کە نووسەری قورئان چۆن بیری کردۆتەوە.

یەکەم: القلب
لە هەندێ ئایەت بە سەرسەختی دێ بۆ نموونە:

سورة الصافات ٣٧: ٨٣ - ٨٤
إِذْ جَاءَ رَبَّهُ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ (٨٤)
ئەوسا بە دڵی پاک، هاتە لای پەروەردگاری (٨٤)

لەو ئایەتە بە مانای (عقل سلیم) دێ، واتە بە مێشک و بیرکردنەوەیەکی پاک و بێگەرد. بەڵام نووسەری قورئان، لە دڵێکی پاک، بیر و باوەڕێکی پاک.

خودا دڵنیای و ئارامی دەداتە دڵی دایکی موسا

سورة القصص ٢٨: ١٠

وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَارِغًاۖ إِنْ كَادَتْ لَتُبْدِي بِهِ لَوْلَا أَنْ رَبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا لِتَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (١٠)

ئیتر دایکی موسا، هیچ هۆشی لە دڵدا نەما، و خەریک بوو بەدیاری بخا، کە ئێمە دڵی ئەومان وا پتەوکرد، تا لە باوەڕداران بێ (١٠)

ئیبڕاهیم دیەوێ دڵنیابێ

سورة البقرة ٢: ٢٦٠

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَىٰۖ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِنْۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَـٰكِنْ لِيَطْمَئِنَّ قَلْبِي (٢٦٠)

کە ئیبراهیم گوتی پەروەردگارم، پێم نیشان بدە کە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە. گوتی: ئاخر هێشتا باوەڕت نییە؟ گوتی: بەڵێ، بەڵام گەرەکمە تەواو دڵنیابم (٢٦٠)

مرۆڤ ناتوانی، لە یەک کاتدا بیر لە دووشت بکاتەوە

سورة الأحزاب ٣٣: ٤

مَا جَعَلَ اللَّهُ لِرَجُلٍ مِنْ قَلْبَيْنِ فِي جَوْفِهِ (٤)

خودا دوو دڵی لە هەناوی هیچ پیاوێ دانەناوە. (٤)

واتە مرۆڤ ناتوانێت لە یەک کاتدا بیر لە دوو شتی جیاواز بکاتەوە (دوو دڵ)، بەو پێیەی چەقی هۆشیاری، و تەنیا دەتوانێ هاوکات بیر لە شتێک بکاتەوە.  .

لێرەوە تێدەگەین، قورئان دڵ بە چەقی بیرکردنەوە دادەنێ، نەک ئۆرگانێکی ئەبستراکت بێ لە ناو جەستەی مرۆڤ دا. ئەوەش پێچەوانەی زانستە. چمک و بیرۆکەکانی پەیوەست بە هەست و هەستەکان دەگرێتەوە کە کاریگەرییان لەسەر ڕەفتار هەیە.

دووەم: فؤاد
لە زمانی عەرەبی الفؤاد هاومانای دڵ، کەچی لە قورئان بە مانای درکپێکردن، بیرلێکردنەوە و باوەڕهێنان دێ. بۆیە بەرپرسیارە لە دەرئەنجامی ڕەفتارەکانی مۆرۆڤ.

سورة الإسراء ١٧: ٣٦
وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا (٣٦)
لە شتێك مەدوێ کە هیچی لێنازانی، چونکە بیستن و بینین و دڵ، هەموویان لێی بەرپرس دەبن.  (٣٦)

دڵ توانای بینینی هەیە
سورة النجم ٥٣: ١١
مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى (١١)
دڵ نکۆڵی لەوە نەکرد کە بینی (١١)

لەو ئایەتە دەڵێ ئەی محمد، لەوەی کە دەیبینی بە بیرکردنەوەی نکۆڵی ناکرێ، بەڵکو بە شێوەیەکی لۆژیکی باوەڕی بە ڕاستی دەکا. لە و سورەتەدا، پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە، دڵ شوێنی چاو دەگرێتەوە. کە دەتوانێ ببینی.

سورة هود ١١: ١٢٠

وَكُلًّا نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءَكَ فِي هَذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ (١٢٠)

ئەو هەموو هەواڵی پەیامبەرانت بۆ دەکەین، تا دڵت بدەینەوە. هەرچی لەمەودوا بۆت هات، ڕاستی و ڕاسپاردە و وەبیرهێنانەوەیە بۆ باوەڕداران (١٢٠)

واتە ئێمە لە هەواڵی پەیامبەرانەوە، پێتان دەبەستینەوە ئەوەی پشتگیری، بە لۆژیک باوەڕی پێبکەی. لە ناخەوە بەهێزترتان بکا.

سێیەم: سینگ (سینە) (الصدر)

ئەو ئایەتانەی بە (سنیگ) هاتوون، دوو مانا هەڵیدەگرن: کۆگای نهێنی و مەبەست، و باری دەروونی.

کۆگای نهێنی (ڕاز) و مەبەست

سورة غافر ٤٠: ١٩

يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ (١٩)

خودا دەزانێ، کێ چاوی خاینی هەیە. و چیان لە دڵدا شاردۆتەوە (١٩)

سورة آل عمران ٣: ٢٩

قُلْ إِنْ تُخْفُوا مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللَّهُ ۗ وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ۗ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٢٩)

بڵێ ئەگەر ئەوەی لە سنگتان دایە بیشارنەوە، یان دەریخەن، خودا دەیزانێ. و دەشزانێ لە هەرجێگایەک، لە ئاسمانان و لە زەویدا، و خودا توانای بەسەر هەموو شتێ دادەشکێ (٢٩)

ئەو ئایەتانەی کە ئاماژە بەوە دەکەن کە سینگ گوزارە لە باری دەروونی دەکات:

سورة هود ١١: ١٢

فَلَعَلَّكَ تَارِكٌ بَعْضَ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ وَضَائِقٌ بِهِ صَدْرُكَ أَنْ يَقُولُوا لَوْلَا أُنْزِلَ عَلَيْهِ كَنْزٌ أَوْ جَاءَ مَعَهُ مَلَكٌ ۚ إِنَّمَا أَنْتَ نَذِيرٌ ۚ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ (١٢)

خۆ ڕەنگە، لە هەندێ لەو وەحیانەی کە بۆی دێ خۆی ببوێرێ، و ببێتە مایەی دەڵتەنگیت. چونکە دەڵێن ئەگەر گەنجینەیەکی لە سەرەوە بۆ دانەبەزییوە. یان لانی کەم فریشتەیەك لەگەڵ نەهات، تۆ تەنیا ئاگادارکەرەوەیەکی، و هەر خودایە، کە چاودێری هەموو شتێکە. (١٢)

سورة یونس ١٠: ٥٧

يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ (٥٧)

ئەی خەڵکینە لە لەلایەن پەروەردیگار، ئامۆژگاریەکتان بۆ هاتووە، چارەی دەردی دڵانیشە، و ڕێشاندەرە و بەزەییە بۆ باوەڕداران. (٥٧)

ئەگەر بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو ئایەتانەی کە ماونەتەوە، سەبارەت بە قلب، فؤاد و سینگ، بۆت دەردەکەوێ، لە هەر هەموویان، دڵ بیردەکاتەوە، سۆزی هەیە، ڕاز و نهێنی و مەبەستی خۆی هەیە، دوای هەموو ئەوانەش توانای بڕیاردان و ڕەفتاری بۆ مرۆڤ هەیە.

ئەو دیمەنە تەنیا لە دادگای ئۆزێریس دا هەیە، کە ئامیت بۆ سڕینەوەی گشت پاشخان و بیرکردنەوەی مردووی تاوانبار، دڵی دەردێنێ.

ئۆزێریس، لە جیهانی ژێرزەوی دوات (Duat). لەوێدا دادگاییان دەکا. و دوای دادگا، بڕیاریان لەسەر دەدرا، و دڵیان لە سینگ دەردەهێنرا. ئەگەر دڵ پاک بوو، واتا سوکتر بوو لە پەڕی دادپەروەری و ڕێک و پێکی (ماعت)، کەسەکە بە ئارامی تێدەپەڕی و سەرپۆشیکی سپی جوانی پێدەدرا، و باخچەیەکیشی پێدەدرا، لەگەڵ ژنەکەی تێیدا بژی، کە لە میوەکەی دەخوارد. ئەگەر دڵی مرۆڤ قورس بوو بە گوناە و کردەوەی خراپ، دڵەکە فڕێ دەدرێتە (ئامیت) تا بیخوا. بەو کارەش خاوەن دەڵ، بە تەواوی لە دونیا دەسڕێتەوە و نامێنێ.

لە قورئانیش ، بە هەمان شێوەی دادگای ئۆزێریس، هەرکەس دەچێ، بۆ ئەوەی دۆسیەی کارەکانیان ببینن. بارتەقای یەک تەنۆچکەش کاری باش یان خراپ بزرنابێ.

سورة الزلزلة ٩٩: ٤ - ٨

يَوۡمَئِذٖ تُحَدِّثُ أَخۡبَارَهَا (٤) بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا (٥) يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتٗا لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ (٦) فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ (٧) وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ (٨)

ئەو ڕۆژەی بەسەرهاتەکەی باس دەکا (٤) کە پەروەردگارت، وەحی بۆ نارد (٥) ئەورۆژە خەڵك دەستە دەستە بە پەرشوبڵاوی دەچن بۆ ئەوەی

کارەکانیان ببینن (٦) جا هەر کەسێك بە بارتەقای تەنۆچکەیەك کاری چاك بکا، ئەوە دەیبینێ. (٧) و هەر کەسێ بارتەقای تەنۆچکەیەك کاری خراپی کردبێ، ئەوە دەیبینێ. (٨)

سورة الأنبياء ٢١: ٤٧

وَنَضَعُ ٱلۡمَوَٰزِينَ ٱلۡقِسۡطَ لِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَلَا تُظۡلَمُ نَفۡسٞ شَيۡـٔٗاۖ وَإِن كَانَ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٍ أَتَيۡنَا بِهَاۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ (٤٧)

و پێوەرەکانی (تەرازووی) ڕەوایی بۆ ڕۆژی قیامەت دادەنێین، جا هیچ کەسێك بە هیچ شتێك ستەمی لێ ناکرێ، و تەنانەت ئەگەر بە قەد تۆزقاڵێك خەردەل بێ، ئەوە دەیهێنین، وە بەسە کە ئێمە لێ تسیار بین. (٤٧)

سورة القارعة ١٠١: ٤ - ٩

يَوۡمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلۡفَرَاشِ ٱلۡمَبۡثُوثِ (٤) وَتَكُونُ ٱلۡجِبَالُ كَٱلۡعِهۡنِ ٱلۡمَنفُوشِ (٥) فَأَمَّا مَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ (٦) فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ (٧) وَأَمَّا مَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ (٨) فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٞ (٩)

لەم ڕۆژەدا خەڵك وەك پەپوولەی پەرشوبڵاون (٤) وە چیاکان وەك خوریی شیکراویان لێدێ. (٥) بەڵام ئەوەی پارسەنگی تەرازووەکەی قورسە (٦) ئەوە ئەویان لە ژیانێکیدا دەبێ کە لێی ڕازیە (٧) بەڵام ئەوەی پارسەنگی تەرازووەکەی سووک بوو (٨) ئەوە دایکی دۆزەخ دەبێ. (٩)

بە بەراوردێک، دەردەکەوێ دادگای سەردەمی فرخودایی میسری ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر قورئان و لێپرسینەوە هەیە، بە شێوەی تۆقاندن و کردنە کۆیلەی مرۆڤ.

هەر لێرەدا، دەبێ شتێکیتریش ڕەچاوبکرێ. لە هیچ شوێنێکی تەورات (پەیمانی کۆن)دا، سەرڕاست  بە ئاشکرا، باسی لە دۆزەخ (جهنم) وەک شوێنی ئازاردانی هەمیشەیی بۆ گیان لە دوای مردن نەکراوە.

## بەهەشت لە باوەڕی میسری کۆن

لە باوەڕی میسریە کۆنەکان بەهەشت (بارەگایەک بوو بۆ پیاوچاکان و شوێنی ئارامی خێرخوازان، ژیانی کۆتایی بەردەوامیەک بوو، بۆ ژیانی ئەو جیهانە، بەهەشتیش لە شێوەی نیشتمانی یەکەم بوو. کێڵگەکان بە لافاو ئاودێردەبن، و بەرهەمەکان گەشە دەکەن. کێڵگە و لەوەڕگەی فراوان، بە بڕشتی زۆر و ڕۆزووی بێ کۆتایی.

هەرچەندە میسریەکان ناوی هیچ شوێنێکی دیاریکراو بۆ بەهەشت نابەن، بەڵکوو تەنیا دەڵێن لە سەرووی ئاسمانە. میسریەکان بۆ ڕۆژی دوایی یان جیهانی دوای مردن بە (کۆتایی: الآخرة) ناو دەبەن. ئەو ناوەش تائێستاش لە زمانی عەرەبی بەکاردێ. میسریەکان ناوی بەهەشت بە (ئارو) (Aaru) کێڵگەی قامیش[241] ناودەبرد. کە لەو شوێنە خۆر هەڵدێ و ژیان دەستپێدەکا.

[241] Ancient Egypt, Experience The History And Magic, The Wonders of Ancient Egypt. Egyptian Afterlife in the field of Reeds.

تەنیا بیرکردنەوەیەک، لە بەهەشتێک کە ڕووەکی گەشاوەی تێدا زۆرە، و کێڵگەی قامیشەشەکر، لە دوورگە ئارامەکاندا گەشە دەکا و خوداکان و مرۆڤەکان بە هاوئاهەنگی پێکەوە دەژین. ئەوە ئەفسانەی میسری کۆنە، بۆ ئارو. لە وولاتێک، کە کشتوکاڵ تێیدا گەشە دەکا، و ژینگەیەکی ئەفسانە ئاسا دەئەفرێنێ، کە دەبێتە خۆشی هەمیشەیی. بەڵام لە بیری بەهەشتی میسری، پێویستی بەرهەمهێنان، لێرەشدا هەر بەردەوامە، بە زیرەکی بە بەکارهێنانی فیگەری ئەفسوناوی ئوشابتی (Ushabti figurines) زاڵ بووە[242]. ئەوەندە ئارامە خودا و مرۆڤ لەو بەهەشتە پێکەوە دەژین. بۆیە پێی دەڵێن کێڵگەی ئاشتی.

بەهەشتی میسری کۆن، وێنەی لە ئەفراندنی بەهەشتی تەورات دووبارە بۆتەوە.

پەیمانی کۆن - ئەفراندن ٢: ٥ - ١٤

(٥) هێشتا هیچ دەوەنێکی کێڵگە لەسەر زەوی نەبوو، هەروەها هیچ ڕووەکێکی کێڵگەش هێشتا سەری دەرنەکردبوو، چونکە هێشتا خودای پەروەردگار بارانی بەسەر زەویدا نەباراندبوو. هیچ مرۆڤێکیش نەبوو ئیشی جوتیاری بکات .(٦) بەڵام تەم لە زەوییەوە سەردەکەوت و هەموو ڕووی زەوی ئاو دەدا .(٧) جا خودای پەروەردگار پیاوی لە خۆڵی زەوی پێکهێنا و هەناسەی ژیانی فووکردە کونە لووتی. بەمەش پیاوەکە بووە گیانێکی زیندوو. (٨) ئینجا خودای پەروەردگار باخچەیەکی لە عەدەن، لە ڕۆژهەڵاتدا چاند. لەوێش پیاوەکەی دانا کە پێکی هێنابوو .(٩) خودای پەروەردگار هەموو ئەو جۆرە درەختانەی کە لەبەرچاو جوان بوون و بۆ خواردن خۆش بوون لە زەویدا گەشەی پێکرد. درەختی ژیانیش لەناوەڕاستی باخچەکەدا بوو، هەروەها درەختی زانینی چاکە و خراپە.

---
[242] Ibid.

(١٠) ڕووبارێک لە عەدەنەوە هەڵدەقوڵا و لەبەری دەڕۆیشت بۆ ئاودانی باخچەکە، لەوێوە جیا بووەوە و بووە چوار لق :(١١) ناوی یەکەمیان پیشۆنە کە بە هەر چوار لای هەموو زەوی حەڤیلادایە، کە زێڕی لێیە .(١٢) زێڕی ئەو زەوییە چاکە، هەروەها سرێشی داری بۆن خۆش و بەردی ئاشقبەندیشی لێیە .(١٣) ناوی ڕووباری دووەمیان گیحۆنە، کە بە شێوەی پێچاوپێچ بە هەموو خاکی کوشدا دەڕوا. (١٤) ناوی ڕووباری سێیەم دجلەیە، ئەمیش بە ڕۆژهەڵاتی شاری ئەشوورد دەڕوا. ڕووباری چوارەمیش فوراتە.

ئەو دیمەنانەی بەهەشت، هەرچەندە بە شێوەی پچڕ پچڕ، لە قورئانیشدا دووبارە بۆتەوە:

سورة المؤمنون ٢٣: ١٩

فَأَنشَأۡنَا لَكُم بِهِۦ جَنَّٰتٖ مِّن نَّخِيلٖ وَأَعۡنَٰبٖ لَّكُمۡ فِيهَا فَوَٰكِهُ كَثِيرَةٞ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ (١٩)

جا پێیەوە باخەکانمان بۆ ئێوە دروستکرد، لە دارخورما و ڕەزی ترێ، کە تیایدا بۆ ئێوە میوەیەکی زۆر هەیە، وە لێیەوە دەخۆن (١٩)

سورة التين ٩٥: ١-٣

وَٱلتِّينِ وَٱلزَّيۡتُونِ (١) وَطُورِ سِينِينَ (٢) وَهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ٱلۡأَمِينِ(٣)

سوێند بە هەنجیر و زەیتوون (١) و سوێند بە کێوی سینا[243] (٢) سوێند بەم وڵاتە ئارامە (٣)

[243] طور سينين : کێوی سینا، خاکێکی پیرۆزی میسری کۆنە.

سورة الأنعام ٦: ١٢٧

لَهُمۡ دَارُ ٱلسَّلَٰمِ عِندَ رَبِّهِمۡۖ وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ (١٢٧)

ماڵی ئاشتیان بۆ دەبێ، لای پەروەردگاریان، و ئەو پشتیوانیانە، بە هۆی ئەو کارانەی دەیانکرد (١٢٧).

لە کێڵگەکانی میسری (بەهەشتی میسری) لافاوی ڕووبارەکان هەڵدەستی، تا درەختەکان زۆربن. لە نووسینەکانی میسری دا، ناوی هەندێ درەخت هاتووە، دەڵێ ئەوانە درەختی ترێ و خورمان، ئەوە بە هەمان شێوە لە قورئانیشدا هاتووە:

## دۆزەخ لە باوەڕی میسری کۆن

ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین و دەوڵەمەندترین بابەت لە مێژووی هونەردا چمکی دۆزەخ بێ. ڕەنگە ئەو بیرۆکەیە بێ، کە ڕێبەرە دینیەکان بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو، لە سەرجەمی هەموو دینییەکان، بۆ کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوەی خەڵک، پشتیان پێ بەستبن. و لە ڕێگەی تۆقاندن، ملکەچیان کردوون. لە ئەنجامدا دیمەنی دۆزەخ، ئامرازی بڵاوکردنەوە و تۆقاندنی خەڵکی بووە. بەڵام ئایا ئەو دۆزەخەی کە لە گۆڕەکانی فیرعەونەکاندا وێنا کراوە، لەو دۆزەخە دەچێ، کە لە دینەکانی دیکەدا، وەک چەکێک بۆ تۆقاندن بەکاردێ؟

چمکی دۆزەخ و ژیانی دوای مردن، هەروەک چۆن لە دینە یەکتاپەرستەکاندا دەیدۆزرێنەوە. بە هەمان شێوە، لە شارستانیەتی میسری کۆنیش وێناکردنیان هەیە. بە درێژایی مێژووی

بنەماڵەکانی پاشایەتی و دینەکانی کۆنی میسری کۆن، خەمی ژیانی دوای مردن، و چارەنووسی مرۆڤ بووە. و سزای تاوانەکانیان لەلایەن خوداکانەوە.

میسرییە کۆنەکان، ئەوەندە خەمی چارەنووسی خۆیان بوو، لە دوای مردن. و ئەو ترسەی کە ڕەنگە ڕووبەڕوویان ببنەوە. وایکردبوو، هونەرمەندانی میسری کۆن، بە شێوەی هونەری بەرز کێبڕکێیان، لەسەر وێناکردنی دەکرد. ئەو چمکە لە ڕێگەی دیمەنی دۆزەخ، لە پەرتووکە دینیە جۆراوجۆرەکانیان، کە باس لە ژیانی دوای مردن دەکەن. و لەسەر دیواری گۆڕەکانی، پاشاکانی شانشینی نوێ لە دۆڵی پاشایان. دیمەنەکانی ئەشکەنجەدراوان و ئاگر، لە ناو وردەکارییەکانی پەرتووکی ئەشکەوت و دەروازەکاندا، لەسەر دیواری گۆڕی پاشاکانی شانشینی نوێ، وەک سێتی یەکەم، ڕامسێسی شەشەم، تحتمۆسی سێیەم، تاوسێرت، سێتناخت و هۆرمهێب دەردەکەون.[244]

ڕەنگە ناونیشانی بابەتەکە بۆ هەندێ کەس شۆک بێ، بەڵام شۆکەکە زیاتر دەبێ، کاتی لەسەر دیواری گۆڕی فیرعەونەکان، نووسین هەن وەک ئەوە وایە ئایەتەکانی قورئان کۆپی کرابن. بە تایبەتی لەسەر دیوارەکانی گۆڕی پاشا ڕامسیسی شەشەم، ئەشکەنجەدراوەکان دەبینین، کە فڕێدراونەتە ناو کورەی ئاگری زەبەلاح، کە هاوتەریین لەگەڵ، ئایەتی قورئان.

سورة الهمزة ١٠٤: ٦ - ٩

نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ (٦) ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ (٧) إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ (٨) فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ (٩)

ئاگری هەڵگیرساوی خودا (٦) بەسەر پەڕەی دڵان دێ (٧) بەسەریان دا داگیرساوە (٨) لە سەر ئەستووندەی بەرز و بڵند (٩)

---

[244]شعبان، د.شريف، الفراعنة والقرآن الكريم. جداريات عدد: ١٢٥٦، الإثنين 11 يناير ٢٠٢١

لێکچوونێکی گەورە، لە نێوان ئەو ئایەتە و گۆڕی سێتی یەکەمدا (Seti I) دەبینین، کە دیمەنی دەریاچەیەیەکی ئاگرە، وەک دوا هەواری گوناهباران. کاتی باڵندە، ئاگر و ئاوە خوێناوییەکە دەبینن لێیەوە هەڵدێن و بۆنی بۆگەنیان لێدەکەن. دەریاچەی ئاگر بە کۆمەڵێک مەیموونەوە وێنا کراوە، کە پاسەوانی لە کەنارەکانی دەکەن، نوێنەرایەتی ئەو دادوەرانە دەکەن، و بڕیار دەدەن کێ دەچێتە ناو شوێنە پیرۆزەکانی ڕۆژئاوا. و کێ دەخرێتە ناو کڵپەی ئاگری دۆزەخ.[245] ئەمەش ڕێک دیمەنی ئایەتەکانی قورئانە دەربارەی دۆزەخ:

سورة الكهف ١٨: ٢٩

إنا اعتدنا للظالمين نارًا أحاط بهم سرادقها (٢٩)

ئێمە ئاگرێکمان بۆ ستەمکاران هەڵگیرساندووە، کە بڵێسەی هەروەکوو کۆن، دەوری گرتوون. (٢٩)

ئەو لەیەکچوونە، هەرچەندە ڕەنگە وا دەرکەوێ، دەرگایەکی فراوان بکاتەوە، بۆ تێگەیشتن لە ئاستی، باوەڕی میسریە کۆنەکان، بۆ پەیامی خودایی، کە لەیەکچوونی لەگەڵ دینە ئاسمانیەکان. و باوەڕیان بە نەبی و پەیامبەرکان، کە یەک لە دوای یەک سەردانی، خاکی میسریان دەکرت. بەڵام ئەوە دیمەنی زۆر پێشتری جیهانی فرخوداییە. کە دواتر دینە ئاسمانییەکان کۆپیانکردوون. و باوەڕدارانی پێ دەترسێنن.

---

[245] هەمان سەرچاوە

# دینی میسری کۆن و کریستیانی و ئیسلام

یەکێک لەو بنەمایانەی کە باوەڕی کریستیانی لەسەری بنیات نراوە، باوەڕبوونە بە سیانە (Trinus) یان سیانەی پیرۆز، کە لە سێ ئایکۆن پێکهاتووە: باوک و کوڕ و گیانی پیرۆز. ئەم پرەنسیپە لە ساڵی ۳۲۵ی س.ب لە لایەن ئەنجوومەنی نیقاوە بڕیاری لەسەر دراوە. و تا ئێستاش لە جیهانی دینی کریستیانی جێگای هەرە سەرەکی هەیە.

دەقی بەیاننامەی ئەنجومەنی نیقیا، ئەمەی خوارەوەیە:

> ئێمە باوەڕمان بە یەک خودا هەیە، باوکە، خاوەنی هەموو شتێکە، هەروەها باوەڕمان بە یەسوی کریستی کوڕی خودا هەیە، کە لە مەریەمی پاکیزە لەدایک بووە. و لە ماوەی دەستەڵاتی پیلاتۆس دا، لە خاچ دراوە. و نێژراوە، لە ڕۆژی سێیەم هەستایەوە، بەرەو ئاسمان بەرزبووەوە و لە دەستی ڕاستی باوک دادەنیشێت.

کەچی ئەو باوەڕە زۆر کۆنترە لە دینی کریستیانی. لە باوەڕی میسری کۆن، سیانە لە چەند جێگایەک هەیە، لە تیبە سیانەی ئامون و ژنەکەی مۆن و کوڕەکەیان خەنسۆ هەبوو. بەڵام سیانەی کە زۆر ناوبانگی لە دینی میسری کۆن دەرکرد، سیانەی ئەوزێریس و ئێزیسی ژنی و کوڕەکەیان حۆروس بوو.

لە دینی جولەکە باسی سیانەی پیرۆز ناکا، بەڵکوو خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی دروست کرد. و کردیە دەستەڵاتدار بەسەر گشت بوونەوەرێکیتری سەر زەوی.

پەیمانی کۆن - ئەفراندن ۱: ۲٦- ۲۷

(٢٦) ئینجا خودا فەرمووی: با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروستبکەین و لە خۆمان بچێ. با دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵی ماڵی و بەسەر هەموو زەویدا، هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی بەسەر زەویدا دەخشێن.
(٢٧) خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا،
لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا،
بە نێر و مێ بەدیهێنان.

لە دینی ئیسلام، سیانە ڕەتدەکاتەوە. کەچی دان بەوە دادەنێ، کە خودا خۆی، سکی مریەمی پڕکردووە. ئەو چمکەش چەند جارێک لە ئایەتەکانی قورئان، دووبارە بۆتەوە. و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بەوە دادەنێ کە مریەم لە خودا سکی پڕ بووە.

سورة التحريم ٦٦: ١٢
وَمَرۡيَمَ ٱبۡنَتَ عِمۡرَٰنَ ٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتۡ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتۡ مِنَ ٱلۡقَٰنِتِينَ (١٢)
و مریەمی کچی عیمران، ئەوەی کە پارێزگاری لە ناو گەڵی خۆی دەکرد، سا ئێمەش لە گیانی خۆمان فوومان تێکرد، و باوەڕی بە پەرتووکەکانی خودای هەبوو، و لە گوێڕایەڵان بوو (١٢)

سورة السجدة ٣٢: ٩
ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ(٩)

ئینجا ڕێکوپێکی کردوو، و له گیانی خۆی فووکرده ناو. و گوێچکه و چاوه‌کان و دڵیشیی داوه‌ته ئێوه. ته‌نیا که‌مێک سوپاس بکه‌ن (٩)

آل عمران ٣: ٤٥

إِذْ قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ وَجِيهًا فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ (٤٥)

کاتێ فریشته‌کان گوتیان: ئه‌ی مریه‌م، خودا مژده‌ت ده‌داتێ، به وشه‌یه‌ك له خۆی که به کریست یه‌سو کوڕی مریه‌م ناو ده‌رده‌کا، له جیهان و قیامه‌تیش له نزیکه‌کانی خودایه. (٤٥)

سورة النساء ٤: ١٥٧

وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَـٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا اتِّبَاعَ الظَّنِّ ۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا (١٥٧)

له‌به‌ر ئه‌وه‌ش ده‌یانگوت: له ڕاستیدا ئێمه یه‌سوی کوڕی مریه‌م په‌یامبه‌ری خودامان کوشت. که‌چی نه ئه‌وان کوشتیان، و نه توانیان له خاچی بده‌ن، سه‌ریان لێتێکچووبوو. نه‌یانناسی، و ئه‌و که‌سانه، له ناو خۆیاندا، له‌سه‌ر ئه‌وه ناکۆکن. له سه‌ر ڕایه‌که‌یان به گومانن، نه‌یانکوشتووه (١٥٧)

سورة المائدة ٥: ٧٣

لَّقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَـٰثَةٍۘ وَمَا مِنْ إِلَـٰهٍ إِلَّآ إِلَـٰهٌ وَٰحِدٌۚ وَإِن لَّمْ يَنتَهُوا۟ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٧٣)

ئەوانەی گوتیان: خودا سێیەمینە، لە سێیەکان بێگومان لەدین لایان داوە. بێجگە لە خودای تاک و تەنیا، هیچ بۆ پەرستن ناشێ. ئەگەر بێتوو واز لەو قسانە نەهێنن، ئەوانە لەدین لایانداوە، گرفتاری ئازارێکی بەژان دەبن (٧٣)

## مەرگ و زیندوبوونەوە لە نێوان ئۆزێریس و کریست

باوەڕی کریستیانی، لەسەر پایەیەکی بنەڕەتی بنیات نراوە: بەپێی باوەڕی کریستیان، خودا یەسوی کریستی ناردووە، بۆ سەر زەوی بۆ ئەوەی ئەشکەنجە بدرێ و دواتر لە خاچ بدرێ. ئەوەش بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی پێویست بوو. هەروەها دوایی زیندوو دەبێتەوە.

ئۆزێریس، لە پرسی مردن و زیندووبوونەوە، بۆ میسریەکان نموونەی سەرەکی بوو. بەو پێیەی کە دەبوو سەرەتا بمرێ، بۆ ئەوەی زیندوو بێتەوە. ئەو تاکە خودا بوو، مرد بۆ ئەوەی بژی. یەکەم کەس بوو، کە مرد و هەروەها یەکەم کەس بوو کە زیندوو بووەوە. هەروەها یەکەم کەس بووە لە خەڵکی ڕۆژئاوا، واتە مردووەکان، کە لە ڕۆژئاوای ڕووباری نیل، یان لەو شوێنەی خۆر ئاوا دەبێت، نێژراون.

ئینجیل سەبارەت بە کریست دەڵێ:

پەیمانی نوێ - ئاشکراکردن ٣: ١

(١) ئەوەی حەوت ڕۆحی خودا و حەوت ئەستێرەکەی هەیە دەفەرموێ: ئاگام لە کردارەکانتە، تۆ بە ناو زیندووی، بەڵام مردووی.

ئۆزێریس دەڵێ:

من بژیم یان بمرم، من ئۆزێریس دەچمە ناو تۆ، و سەرلەنوێ زیندوودەبمەوە. من لە تۆدا گوم دەبم. و یەکێکی ترم لەتەکە. وە لە مندا خوداکان دەژین، چونکە من لە گەنمدا دەژیم، و تێیدا گەشە دەکەم. و شکۆدارەکان لەسەری دەژین. زەوی دادەپۆشم، بژیم یان بمرم؛ من جۆم، لەناو ناچم.[246]

کریست دەڵێ:

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ٦: ٥١ - ٥٨

(٥١) منم ئەو نانە زیندووەی کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە. ئەگەر یەکێک لەم نانە بخوا بۆ هەتاهەتایە دەژیێ. ئەو نانەش کە بۆ ژیانی جیهان دەیبەخشم، جەستەمە.

(٥٣) لەبەر ئەوە یەسو پێی فەرموون: ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەگەر جەستەی کوڕی مرۆڤ نەخۆن و خوێنی نەخۆنەوە، ژیان لە ناختاندا نابێت . (٥٤) ئەوەی جەستەم بخوات و خوێنم بخواتەوە ژیانی هەتاهەتایی هەیە، منیش لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکەمەوە، (٥٥) چونکە جەستەم خۆراکی ڕاستەقینەیە و خوێنیشم خواردنەوەی ڕاستەقینە .(٥٦) ئەوەی جەستەم بخوات و خوێنم بخواتەوە بە منەوە پەیوەست دەبێت و منیش

---

[246] برت إم هرو، كتاب الموتى الفرعوني، عن البردية أني بالمتحف البريطاني. ترجمة من الهيروغليفية السير: والس بدج، ترجمة و التعليق د. فيليب عطية. مكتبة المدبولى.

بەوەوە .(٥٧) وەک باوکی زیندوو ناردوومی، منیش بەو باوکە زیندووم، ئاواش ئەوەی لە جەستەی من بخوات بەهۆی منەوە دەژیێت .(٥٨) ئەمە ئەو نانەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، نەک وەکو ئەوەی باوباپیران خواردیان و مردن. ئەوەی لەم نانە بخوات هەتاهەتایە دەژیێت.

# لە ئێزیسەوە بۆ مەریەمی پاکیزە

ئەفسانەی سیانەی میسری ئێزیس و ئۆزێریس و هۆروس (Isis, Osiris and Horus) هەوڵدەدا، دیاردەی بەخێوکردن لە ئەنجامی هەڵسانی لافاوی ڕووباری نیل و لێشاوەکانی ڕوون بکاتەوە- سیانەی مردن و لەدایکبوونەوە و ئەفراندن، یان چاکە و خراپە و تۆڵەسەندنەوە. یەکگرتنی ڕووباری نیل لەگەڵ زەوی و دواتر دەستپێکردنی پرۆسەی گەشانەوە، ڕێک وەک یەکگرتنی ئێزیس و ئۆسیریس و لەدایکبوونی هۆروس وایە.

لە یەکێک لە ئەفسانەکانی میسری کۆن دا، هۆروس بە هێمای چاکە و دادپەروەری دادەنرا. و کوڕی ئۆزێریس بوو کە خودای زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە بوو. بەگوێرەی ئەفسانەی دینی، مامی هۆروس، سێت خودای خراپە بوو، و ئۆزێریسی باوکی کوشتبوو، دوای ئەوە پارچە پارچەی کردبوو. و پارچەکانی لەشی لە سەرتاسەری میسر بڵاوکردووەتەوە. ئێزیسی دایکی، ئەندامەکانی لەشی باوکی کۆکردۆتەوە، لە شوێنێکدا کە بە یەکەم مۆمیاکردنی مردووەکان دادەنرێ، دوای ئەوە، لەگەڵ لاشەی ئۆزێریس جووت دەبێ. لێی دووگیان دەبێ. دواتر هۆروس لەدایک دەبێ. بەو پێیە ئێزیس ئەو ئالقەیە بوو کە خودای ئۆرێزیسی بە جیهانی زیندوو و پاشایەتی هۆروس گرێدا. هۆروس دەیەویست تۆڵەی باوکی لە مامی

بکاتەوە، هەر بۆیەش، هەندێ جار بە (پارێزەری باوکی) ناودەبرێ. لە شەڕی دژی سێت، هۆروس چاوی چەپی لەدەستدا. و سەرکەوتە سەر تەختی میسر.

بە بەراوردکردنی پاکیزەیی ئێزیس، لەگەڵ پاکیزەیی مریەم، و هۆرۆس دەبێتە پاشا بەسەر مامی سێت دا سەردەکەوێ، و دەبێتە پاشا و یاسا جێگیر دەکا. یەسوی کریستیش داوای پاشایەتی ئیسرائیل دەکا. بەڵام سەرناکەوێ و لە خاچ دەدرێ.

لە قورئانیش سەبارەت بە سکپڕبوونی مریەم، چیرۆکێکی ئەفسانەی، هەمان شێوە دووبارە دەبێتەوە.

سورة التحريم ٦٦: ١٢
وَمَرۡيَمَ ٱبۡنَتَ عِمۡرَٰنَ ٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتۡ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتۡ مِنَ ٱلۡقَٰنِتِينَ (١٢)
و مریەمی کچی عیمران، ئەوەی کە پارێزگاری لە ناو گەڵی خۆی دەکرد، سا ئێمەش لە گیانی خۆمان فوومان تێکرد، و باوەڕی بە پەرتووکەکانی خودای هەبوو، و لە گوێڕایەڵان بوو (١٢)

بەو شێوەیە ئێزیس مافی ئەوەی هەبوو، کوڕەکەی بە ناوی خۆی بناسرێ، (هۆروسی کوڕی ئێزیس). هەروەک چۆن کریست بە یەسوی کوڕی مەریەم ناسرا.

بارودۆخی ئەو دووگیانییە نائاساییە بۆ هەردوو مەریەمی پاکیزە و ئێزیس هاوشێوە بوو - بۆیە دەتوانین ئێزیس بە پاکیزە بژمێرین - پاشان هەریەکەیان منداڵێکیان بوو، لە ئەفسانەی دین، پێگەیەکی جیاواز لە هەموو کەسێکی تریان وەرگرت. وەک چۆن مەریەمی پاکیزە لە ترسی ستەمی، پاشا لەگەڵ منداڵەکەی بەرەو میسر هەڵهات، بە هەمان شێوە ئێزیسیش لەگەڵ

هۆرۆسی کوڕی، بەرەو جەنگەڵەکانی دێڵتا هەڵهات. لە ترسی ستەمی مامی، پاشا سێت. وێنەی مەریەمی پاکیزە، کە یەسوی کوڕی هەڵگرتووە بەناوبانگ بووە. و هەمان وێنەی ئیزیسە لەگەڵ هۆرۆسی کوڕی، لە پەرستگاکانی میسردا. بەو مانایەش ڕێزگرتن لە مەریەمی پاکیزە، و وێنەکەی لەگەڵ کریستی کوڕی، بە منداڵی لە باوەشیدا، بە دڵنیاییەوە کاریگەری خودای ئیزیسی ئەفسانەی لەسەر بووە. کە هۆروسی منداڵی، لە باوەش کردووە.

## جادووگەری لە دینی میسری کۆن

لە دینەکانی میسری کۆن جادووگەری ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە، و چ لەلایەن کاهینەکانی دین و چ لەلای پاشاکان بەکار هێنراون. ئەوەی لێرەدا باس دەکرێ چۆن تەورات کۆپی ئەفسانەیەکی کردووە، کە باسی جادووگەریەک دەکا، کە لە حەوشەی فیرعەن ڕوویداوە، و دواتر بە ناوی موسا لە تەورات تۆمارکراوەتەوە.

ئەو ئەفسانەیە باس لە هاتنی جادووگەرێکی کوشی دەکات بۆ میسر، و چۆتە لای فیرعەون و لەبەردەمی وەستاوە و گوتویەتی: ئایا لێرە کەسێک هەیە بتوانێ ئەم نامەیە بخوێنێتەوە بەبێ ئەوەی بیکاتەوە؟ ئۆزێریس (Osiris)، کە نەوەی پاشای میسربووە، دێتە سەرڕێ، و ئەلەنگاری جادووگەرە کوشیەکەی قبوڵ کردووە. ئەم ئەفسانەیە تا ڕادەیەک هاوشێوەی ئەوەیە کە تەورات باسی ئەو پەڕجووانە دەکات کە موسا ئەنجامی داون. ئەلەنگاریەکە، بە هەمان شێوەی، جادووەکانی موسا، لە دەرباری فیرعەون بووین. ئەلەنگاری جادووگەری کوشی لە جەژنێکدا بووە، وەک ئەوەی لە چیرۆکی موسادا ڕوویداوە.

ئۆزێریس توانی نامە داخراوەکە بخوێنێتەوە، کە بریتی بوو لە چیرۆکێک، کە ١٥٠٠ ساڵ بەر لەو سەردەمە ڕوویدابوو.

پاشان جادووگەرە کوشیەکە ئەلەنگاری میسرییەکانی کرد بە دروستکردنی هەوری ڕەشی ئەستوور بەسەر کۆشکی پاشادا کۆببنەوە. لەناکاو تاریک داهات و کەس نەیدەتوانی هیچ شتێک لە دەوروبەریان ببینێ. بەرامبەر بەوە سی ئۆزێرریس جادووێکی خوێندەوە، کە بووە هۆی ئەوەی هەورە ڕەشەکان بڕەوێنەوە و ڕووناکی گەڕایەوە بۆ میسر.

پاشان جادووگەرە کوشیەکە ئەلەنگاری میسرییەکانی کرد، بە فڕێدانی کۆمەڵە دارێک بۆ سەر زەوی، و گۆڕان بۆ مار. سی ئۆزێریس پشتێنەکەی فڕێدایە سەر زەوی و جادووێکی ئەفسوناوی خوێندەوە، گۆڕی بۆ مارێکی زەبەلاح کە مارەکانی جادووگەرە کوشیەکی خواردن. [247]

پەیمانی کۆن – دەرچوون ٧: ٨ - ١٣

(٨)خودا بە موسا و هارونی فەرموو :(٩) کاتێک فیرعەون لەگەڵتان دەدوێت و دەڵێت: پەرجوو بکەن، تۆ بە هارون دەڵێیت: گۆچانەکەت لە دەستت بگرە و فڕێیبدە پێش فیرعەون، ئیتر دەبێتە مارێکی شاخدار.

(١٠) ئیتر موسا و هارون هاتنە لای فیرعەون، چۆن خودا فەرمانی پێ کردبوون ئاوایان کرد، هارون گۆچانەکەی فڕێدایە بەردەم فیرعەون و خزمەتکاران، بووە مارێکی شاخدار .(١) فیرعەونیش بانگی دانایان و جادووگەرانی کرد، ئیتر جادووگەرانی میسریش بە ئەفسونەکانیان هەمان

[247] Christian, Jacq (1998) Magic and Mystery in Ancient Egypt. Pp. 130 - 133

شتیان کرد .(١٢) هەریەکە گۆچانی خۆی فڕێدا و گۆچانەکانیان بوونە ماری شاخدار، بەڵام گۆچانەکەی هارون گۆچانەکانی ئەوانی هەڵلووشی .(١٣) ئیتر فیرعەون دڵی ڕەق بوو و گوێی لێ نەگرتن، هەروەک خودا فەرمووی.

جادووگەری دووەم گوتی: دەتوانم بە جادووێک وابکەم، سەرتا سەری خاکی میسر، بۆ ماوەی سێ ساڵ بێ بەرهەم بێ . [248]

پەیمانی کۆن - پەرتووکی دەرچوون ١٠: ٢١ – ٢٩

(٢١) ئینجا خودا بە موسای فەرموو: دەستت بۆ ئاسمان درێژ کە با تاریکی باڵ بەسەر خاکی میسردا بکێشێت، کە چاو چاو نەبینێ. (٢٢) ئیتر موسا دەستی بۆ ئاسمان درێژکرد و تاریکاییەکی سەخت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ باڵی بەسەر خاکی میسردا کێشا .(٢٣) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کەس کەسی نەبینی. و کەس لە شوێنی خۆی هەڵنەستا، بەڵام هەموو نەوەی ئیسرائیل لە نشینگەکانیان ڕووناکییان هەبوو.

پەیمانی کۆن - دەرچوون ١٠: ١٢ - ١٥

(١٢) خودا بە موسای فەرموو: دەستت بۆ سەر خاکی میسر درێژ بکە بۆ کوللە، بۆ ئەوەی بێتە سەر خاکی میسر و هەموو سەوزایی زەوییەکە بخوات، ئەوەی لە تەرزەکە ماوەتەوە.
(١٣) ئیتر موسا گۆچانەکەی بەسەر خاکی میسردا درێژکرد، بە درێژایی ئەو ڕۆژ و شەوە یەزدان بایەکی ڕۆژهەڵاتی هێنا، کاتێک بووە بەیانی بایەکەی

[248] Ibid.

ڕۆژهەڵات کوللەی هەڵگرت .(١٤) کوللە هاتە سەر هەموو خاکی میسر و لەسەر هەموو سنوورەکانی میسر نیشتەوە، ئەوەندە گران بوو کە لەوەوپێش کوللەی وا نەبووە و ناشبێت .(١٥) ڕووی هەموو خاکەکەی داپۆشی و خاکەکە تاریک بوو، هەموو سەوزاییەکی زەوی و هەموو بەروبوومی دارەکان کە تەرزە لێی نەدابوو خواردی، هیچ سەوزایی لە خاکی میسر نەهێشتەوە، بە دار و ڕووەکی کێڵگەوە.

جادووگەری کوشی: (دەتوانێ فیرعەونی پاشای میسر زەلیل بکا). شەڕێکی جادووگەری گەورە، لە دەرباری فیرعەون ڕوویدا (ئەمەش بەسەر موسادا هات لە یارییەکی جادووگەریدا لە گۆڕەپانی فیرعەون).[249]

جادووگەری کوشی، ئەلەنگاری جادووگەرە میسریەکانی کرد، کە ئاگر لە کۆشکی پاشا بەردەدا. سی ئۆزێریس بە خوێندنەوەی کۆدی ئەفسوناوی بووە هۆی بارینی باران و بڵێسەی ئاگرەکەی کوژاندەوە.[250]

پەیمانی کۆن - دەرچوون ٩: ٢٢ - ٢٦

(٢٢) ئینجا خودا بە موسای فەرموو: دەستت بەرەو ئاسمان درێژ بکە و لە هەموو خاکی میسر تەرزە بەسەر خەڵک و ئاژەڵ و هەموو شتێکدا دەبارێ کە لە کێڵگەکانی خاکی میسر گەشە دەکات. (٢٣) ئیتر موسا گۆچانەکەی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە، و خوداش هەورەتریشقەی لێدا و ئاگر بەرەو زەوی هات، خودا تەرزەی باراندە سەر خاکی

[249] Ibid
[250] Ibid.

میسر .(٢٤) بووە تەرزە و ئاگریش لەناو تەرزەکە بریسکەی دەدایەوە. تەرزەکە ئەوەندە مەزن بوو، کە لە هەموو خاکی میسر وەک ئەوە نەبووە، لەو کاتەوەی بوونەتە نەتەوە .(٢٥)  تەرزە لە هەموو خاکی میسری دا، لە هەموو ئەوەی لە کێڵگەدا بوو لە مرۆڤەوە هەتا ئاژەڵ، تەرزە هەموو سەوزایی و ڕووەکی کێڵگەی کوتایەوە. و هەموو داری کێڵگەکانیشی شکاند .(٢٦) تەنیا لە خاکی گۆشەن، کە نەوەی ئیسرائیلی لێبوو، تەرزە نەبوو.

لە قورئان چیرۆکی پەرجووەکانی موسا، لە چوار سورەت دا پشتڕاست دەکاتەوە، سورة الأعراف ٧: ١٠٤ – ١٢٦، یونس ١٠: ٧٩ – ٨٣، طه ٢٠: ٧١ – ٧٣ ، الشعراء ٢٦: ٣٢ - ٥١

ئەوەش بەڵگەیە کە نووسەری قورئان تەنیا، دەقەکانی تەوراتی دووبارەکردۆتەوە، ئەوەش، بە دەستکاریەوە. بۆ نموونە هارون گۆجانەکەی فڕێ دەدا، نەک موسا!!

سورة الأعراف ٧: ١٠٤ – ١٢٦

وَقَالَ مُوسَىٰ يَـٰفِرۡعَوۡنُ إِنِّي رَسُولٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَـٰلَمِينَ (١٠٤) حَقِيقٌ عَلَىٰٓ أَن لَّآ أَقُولَ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ قَدۡ جِئۡتُكُم بِبَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ فَأَرۡسِلۡ مَعِيَ بَنِيٓ إِسۡرَـٰٓءِيلَ (١٠٥) قَالَ إِن كُنتَ جِئۡتَ بِـَٔايَةٖ فَأۡتِ بِهَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّـٰدِقِينَ (١٠٦) فَأَلۡقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعۡبَانٞ مُّبِينٞ(١٠٧) وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِيَ بَيۡضَآءُ لِلنَّـٰظِرِينَ  (١٠٨) قَالَ ٱلۡمَلَأُ مِن قَوۡمِ فِرۡعَوۡنَ إِنَّ هَـٰذَا لَسَـٰحِرٌ عَلِيمٞ (١٠٩) يُرِيدُ أَن يُخۡرِجَكُم مِّنۡ أَرۡضِكُمۡۖ فَمَاذَا تَأۡمُرُونَ (١١٠) قَالُوٓاْ أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ وَأَرۡسِلۡ فِي ٱلۡمَدَآئِنِ حَـٰشِرِينَ (١١١) يَأۡتُوكَ بِكُلِّ سَـٰحِرٍ عَلِيمٖ (١١٢) وَجَآءَ ٱلسَّحَرَةُ فِرۡعَوۡنَ قَالُوٓاْ إِنَّ لَنَا لَأَجۡرًا إِن كُنَّا نَحۡنُ ٱلۡغَـٰلِبِينَ (١١٣) قَالَ نَعَمۡ وَإِنَّكُمۡ لَمِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ ١١٤ قَالُواْ يَـٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلۡقِيَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ نَحۡنُ

ٱلۡمُلۡقِينَ(١١٥) قَالَ أَلۡقُواْۖ فَلَمَّآ أَلۡقَوۡاْ سَحَرُوٓاْ أَعۡيُنَ ٱلنَّاسِ وَٱسۡتَرۡهَبُوهُمۡ وَجَآءُو
بِسِحۡرٍ عَظِيمٖ (١١٦) وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَلۡقِ عَصَاكَۖ فَإِذَا هِيَ تَلۡقَفُ مَا
يَأۡفِكُونَ (١١٧) فَوَقَعَ ٱلۡحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ(١١٨) فَغُلِبُواْ هُنَالِكَ
وَٱنقَلَبُواْ صَٰغِرِينَ(١١٩) وَأُلۡقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ(١٢٠) قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ
ٱلۡعَٰلَمِينَ (١٢١) رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ (١٢٢) قَالَ فِرۡعَوۡنُ ءَامَنتُم بِهِۦ قَبۡلَ أَنۡ
ءَاذَنَ لَكُمۡۖ إِنَّ هَٰذَا لَمَكۡرٞ مَّكَرۡتُمُوهُ فِي ٱلۡمَدِينَةِ لِتُخۡرِجُواْ مِنۡهَآ أَهۡلَهَاۖ فَسَوۡفَ
تَعۡلَمُونَ (١٢٣) لَأُقَطِّعَنَّ أَيۡدِيَكُمۡ وَأَرۡجُلَكُم مِّنۡ خِلَٰفٖ ثُمَّ لَأُصَلِّبَنَّكُمۡ أَجۡمَعِينَ
(١٢٤) قَالُوٓاْ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ(١٢٥) وَمَا تَنقِمُ مِنَّآ إِلَّآ أَنۡ ءَامَنَّا بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا
لَمَّا جَآءَتۡنَاۚ رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا وَتَوَفَّنَا مُسۡلِمِينَ (١٢٦)

وە موسا گوتی ئەی فیرعەون لە ڕاستیدا من نێردراوم لە لایەن خودای جیهانەکان. (١٠٤) و پێداگرم لەسەر ئەوەی هیچ شتێك نەڵێم لەسەر خودا تەنیا ڕاستی نەبێ، بە پەڕجووەوە لە لایەن خوداکەتانە هاتووم، دەکەواتە نەوەی ئیسڕائیلم لەگەڵ بنێرە. (١٠٥) گوتی ئەگەر بە بەڵگەوە هاتوویت بیخەرە ڕوو ئەگەر تۆ لە راستگۆکانی (١٠٦). گۆپاڵەکەی فڕێدا، ئەوەبوو یەکسەر بوو بە مارێکی گەورەی ئاشکرا. (١٠٧) و دەستی دەرهێنا کە سپی بوو بۆ تەماشاکەران. (١٠٨) یەکێ لە پیاوەکانی فیرعەون، گوتی ئەوە جادووگەرێکی لێزانە (١٠٩) دەیەوێ لە خاکەکەتان وەدەرتان بنێ، دەسا فەرمان بەچی دەکەن؟ (١١٠) گوتیان خۆی و براکەی دەستبەسەر بکە و ئەو پیاوانەت کە خەڵك کۆدەکەنەوە بۆ شارەکان بنێرە (١١١) بۆ ئەوەی هەموو جادووگەرێکی لێزانت بۆ بێنن. (١١٢) جادووگەرەکانی فیرعەون هاتن و گوتیان ئایا پاداشتمان دەبێ، ئەگەر هاتوو ئێمە براوەبین؟ (١١٣) گوتی بەڵێ و لە ڕاستیدا ئێوە دەبن بە نزیکەکانم. (١١٤) گوتیان

ئەی موسا یان تۆ فڕێبدە، یان ئێمە لەوانە دەبین کە فڕێبدەین. (١١٥) گوتی فڕێبدەن، و کاتی فڕێیان دا، جادوویان لە چاوی خەڵکیکرد و تۆقاندنیان، و جادووێکی مەزنیان ئەنجام دا. (١١٦) ئەوەبوو ئێمەش وەحیمان بە موسادا، گۆپاڵەکەی فڕێ بدا، هەرکە فڕێیدا، یەکسەر درۆ و جادووەکانی هەڵلوشی. (١١٧) هەق زاڵبوو، و ئەوە پووچەڵبووەوە کە دەیانکرد (١١٨) هەر لەوێ دۆڕان و ڕیسوابوون (١١٩) جادووگەرەکان کڕنۆشیان برد. (١٢٠) گوتیان باوەڕمان بە خودای جیهانەکان هێنا. (١٢١) خودای موسا و هارون. (١٢٢) فیرعەون گوتی، بەر لەوەی مۆڵەتتان بدەم باوەڕتان هێنا، ئەوە فڕکوفێڵێکە لەناو شارەکەدا کردووتانە، بۆ ئەوەی خەڵکەکە تیادا دەربکەن، ئینجا هەر دەزانن. (١٢٣) سوێند بێ، دەبێ دەست و پێکانتان ڕاست و چەپ ببڕم، ئینجا سوێند بێ لە خاچتان بدەم. (١٢٤) گوتیان (ئەگەر وابکەی) ئەوا ئێمە بۆ لای خوداکەمان دەگەڕێینەوە. (١٢٥) و تۆڵەمان لێناکاتەوە، تەنیا لەبەر ئەوە نەبێ، کە ئێمە باوەڕمان هێنا بەو بەڵگە و پەرجووانەی خوداکەمان بۆ ئێمەی هێنا، خۆڕاگریت بەسەرماندا بڕێژە، و وەک موسوڵمان بمانمرێنە. (١٢٦)

# خودای ئاتۆن و سەرەتای یەکتاپەرستی

بەر لە قووڵبوونەوە، لە پەیوەندی قورئان و دینەکانی میسری کۆن، دەبێ باسی ئەوە بکرێ، کە ناوی ئاتۆن (Aton) لە سەردەمە هەرە کۆنەکانی مێژووی میسر ناسراوبوو. ئەوەش دەگەڕایەوە، بۆ پەیوەندی با ئاسمانەوە. ئاتون بە مانای (دیسکی خۆر) دێ. لە باوەڕی کۆنی میسریدا، ئاتۆن بەرجەستەکردنی خودای ڕا (رع) بووە. میسریە کۆنەکان باوەڕیان وابوو، کە ئاتۆن جەستەی ڕا (رع) ە. بەڵام ئاتون وەک خودا نەدەپەرسترا، تا هاتنی پاشایانی بنەماڵەی هەژدەم (١٥٥٠ – ١٢٩٥ پ.س.ب)، بە دیاریش لە سەردەمی ئەمێنحوتەپی چوارەم (Amenhotep IV) یا ئەخناتون.[251]

# پەیوەندی دینی ئاتۆن لەگەڵ شانیشینی میتانی

بەدیارکەوتنی هزری یەکتاپەرستی، کە دینە ئیبراهیمیەکان شانازی پێوەدەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ باکووری میسۆپۆتامیا، بە دیاریش شانیشینی میتانی، کە زێدی دێرینی کوردە. لەوێ دینی ئەدۆنای دەپەرسترا. کە دینێکی یەکتاپەرستی بوو[252].

[251] الحسيني. د. عباس علي عباس (٢٠١٢) مجمع الإله في ديانة المصر القديمة. ص ٣٠
[252] عباس العقاد (١٩٥٤) الله، كتاب الهلال، عدد ٤٢، القاهرة سپتيمبر ١٩٥٤م ص ٥٦، ٥٧

ئەوەش لە کۆتایی سەدەی شانزەم پ.س.ب دەوڵەتی میتانی حوری، وەک هێزێکی سیاسی کاریگەری ناوچەیی، لە ڕۆژهەڵاتی نزیک دەرکەوت. لە بەرامبەر ئەوەش پاشاکانی بنەماڵەی هەژدەم لە میسر، ئەنجامی بەرژەوەندی جیۆسیاسی، لەسەر دەستەڵات لە سوریا، کەوتنە ململانێیەکی درێژخایەن لەگەڵ دەوڵەتی میتانی.

شانشینی میتانی کەوتبووە، دڵی ڕۆژهەڵاتی نزیک، ئەوەش وایکرد ببێتە گۆڕەپانی شارستانییەتە گەورەکانی وەک میسر و میزۆپۆتامیا و هیتیەکان. ئەم شوێنە ستراتیژییە گرنگییەکی سیاسی بەرچاوی پێبەخشی، و ڕێگەی پێدا کاریگەری لەسەر هاوسەنگی هێز، لە ناوچەکەدا هەبێ.

بەپێی مێژوو، میتانی شانیشینی خۆریەکان، لە ناوچەی خاپور دەوڵەتێکی کوردی بووین، لە ناوچەکانی باکووری سوریای ئێستا و باکووری کوردستانی باشوور.[253] کەواتە (تیا)ی دایکی ئەخناتون، کورد بووە. و بنەڕەتی دینی ئاتۆنی، بە ناوەرۆک و ڕێساکانی، دینی ئاتۆنی میتانی، لە ڕێگای ئەوەوە گەیشتۆنەتە ئەخناتون و میسر. لە هەمان کاتدا، ئەوە نیشانەیەکە، کە پەیوەندی میسر و فیرعەونەکان، دەبێ پاشخانێکی لەمێژینەی هەبێ. زۆر زووتریش، کاریگەری دینی هیند و ئاری، لە ئیمپراتۆریەکانی میسۆپۆتامیا، گەیشتبنە میسر.

دەوڵەتی میتانی زلهێزێکی کۆنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیکی بوو، کە لە باکووری عێراق تا سوریا و تورکیای ئێستا درێژ دەبووەوە. ئەو دەوڵەتە لە نێوان ١٦٠٠ تا ١٣٥٠ پ.س.ب فەرمانڕەوایی کرد، و ڕقابەرێکی بەهێزی میسر بوو.

بەڵام دوای ئەوەی ئەمێنحوتێپی سێیەم (١٤٠٥ – ١٣٦٧ پ.س.ب) تێگەیشت، کە بەجەنگ ناتوانێ بەسەر میتانی دا زالبێ، بە تایبەتی بە هۆکاری دووری لە میسر و سەختی گەیاندنی یارمەتی و

[253] رشید، د. جمال و رشید .د. فوزی (١٩٩٠) تاریخ الکرد القدیم. وزارة التعلیم العالي و البحث العلمي ، جامعة صلاح الدین- کلیة الأداب ص ٧٢ - ٧٨

خاکی بیابانی ووشک. پەیمانێکی دۆستانەی لەگەڵ دەوڵەتی میتانی بەست، بە سەرۆکایەتی پاشای میتانی ئەو سەردەم، کە ناوی (ساوشاتار) بوو. و  بە دەستەڵاتی بەهێزی لەسەر سوریا ناسرابوو. پەیمانەکە بەرامبەر بە دڵنیای پاراستنی دەستەڵاتی میسر لەسەر ڕووباری فورات. و لە دەشتایی وولاتی کەنعان تا ڕووباری عاصي. بە مانایەکیتر سووریا لە نێوان میتانی و میسر نیوە بە نیوە دابەشکرا. کە نیوەی باشوور، دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی میسر و نیوەی باکوور لە ژێر دەستەڵاتی میتانی دەبێ.[254]

لەو سەردەمەدا دەستەڵاتەکان، نەریتی خزمایەتی لەڕێگای هاوسەرگیری، وەک ئامرازێکی سیاسی بەکاردەهێنا، بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ زلهێزەکانی دراوسێ. نموونەی هەرە بەناوبانگی ئەمەش هاوسەرگیری شازادەکانی میتانی لەگەڵ فیرعەونەکانی میسری، کە بووە هۆی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە.

ئەمێنحوتبی سێیەم هاوسەرگیری لەگەڵ شازادە تادو – خیبا، کە بە (تیا) ناسراوە، و خوشکی توشاراتای پاشای میتانی کرد، هەروەها شوتارنای دووەم، هاوسەرگیری لەگەڵ کچی فیرعەون ئەمێنحوتبی سێیەم کرد.

ئەمێنحوتبی سێیەم و تیای میتانی هاوسەری، کوڕێکیان بوو، بە ناوی ئەمێنحوتەپی چوارەم (ئەخناتون) (١٣٦٩ یان ١٣٦٢ تا ١٣٣٤ پ.س.ب). دوای مردنی ئەمێنحوتەپی سێیەم (Amenhotep III)، کوڕەکەی دەستەڵاتی گرتە دەست. ئەوکاتە شتێکی سرووشتی بوو پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ ماڵە خاڵوانی بەهێزتر بێ.

لەوکاتەدا بیروباوەڕی دینی هیندۆ-ئاریایی لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا بڵاوبووبووەوە، دینی ئەدۆنای میتانی لە ژێر کاریگەری بە هێزی دینی هیندۆ-ئاریاییدا بوو، بەو پێیەی خوداکانی هیندۆ-ئاری، وەک

[254] الخليل، د. أحمد محمود (٢٠١٣) تاريخ مملكة الميتاني الحورية. دار الموكرياني للبحوث و النشر .أربيل. ص ١١١

ئیندرا و میترا و ڤارونایان دەپەرست. بەتایبەتی میترا وەک پارێزەری پەیمان لە نەخش و نیگاری میتانی، ناوی هاتووە.[255] ئەو بیروباوەڕە یان دینە لە لەڕێگای (شازادە تیا) کاریگەری لەسەر کوڕەکەی دادەنێ، و بە هەمان شێوە، دینێکی یەکتاپەرستی بەناوی دینی ئاتۆن لە میسر دەستپێدەکا.[256] فرەخودایی پەرستنی ئامون رەع ڕەتدەکاتەوە.

العقاد دەنووسێ، کە ئەخناتون، بیروباوەڕەی ئاتۆنی لە (تیا)ی دایکی وەرگرتبوو، کە لە بنەڕەتدا، لە بنەماڵەیەکی ئاسیایی، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا دەژیان. مەبەست دەوڵەتی (میتانی) یەکانە، کە دەکەوتە باکووری فوڕات، و خودای (ئەدۆنای یا ئاتۆن) یان دەپەرست.[257]

کاتی ئەمێنحوتەپی چوارەم، دەستەڵاتی گرتە دەست، ڕیتواڵە دینیەکانی لە باوکانیەوە بە میرات بۆ مابووەوە، تا ئەوکاتەش، هەر بەردەوام بوون. بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە ئامون-را، خودای فەرمی دەوڵەت هەبوو. و لە هەمان کاتدا، هەنگاو بە هەنگاو دەستیان کرد، بە ڕاگەیاندنی بیرۆکەی دینێکی نوێ، کە پەیتا پیتا، لەسەرخۆ پەرەی پێ دەدرا. تا گۆڕا بۆ داهێنانێکی نوێ. و لە نەریتی کۆنی باوەکانیان دووردەکەوتنەوە. لە ساڵی شەشەمی فەرمانڕەوایی، پاشا ئەمێنحوتەپی چوارەم شۆڕشێکی دینی دەستپێکرد، و بنەماکانی دینیەکانی نوێی ڕاگەیاند. کە داوای پەرستنی یەک خودای دەکرد، ئاتۆن (Aton))، و دیمەنی بازنەی خۆری باڵداری دایە. ناوی "ئەخناتون"ی بۆ خۆی هەڵبژارد، بە واتای (گیانی زیندووی ئاتون) یان (گیانی خودای ئاتون). کاهینی-پاشا لە بانگەوازە نوێیەکەیدا ڕایدەگەیاند: کە بڕشتی ئاتون تەنیا لە میسر و گەلەکەیدا سنووردار نییە، بەڵکو بۆ گشت بوونەوەرانی، لە هەموو شوێنێکدا هەن، لە مرۆڤەوە تا ئاژەڵ. ئاتون لە کاتی سەرهەڵدانیدا هێز بە بوونەوەرەکان دەبەخشێ و زیندوویان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بڕشتی ژیان بەردەوام بێ. لەگەڵ

---

[255] MacDonell, Arthur (1917) A Vedic Reader. Oxford University Press.

[256] الخليل، د. أحمد محمود (٢٠١٣) تاريخ مملكة الميتاني الحورية. دار الموكرياني للبحوث و النشر .أربيل. ص ١١٣

[257] عباس العقاد (١٩٥٤) الله، كتاب الهلال، عدد ٤٢، القاهرة سپتيمبر ١٩٥٤م ص ٥٦، ٥٧

ئاوابوونی خۆر، ژیان لە هەموو شتێکدا کاڵدەبێتەوە، و جیهان هەناسەی ژیان لەدەست دەدا، ئەم جیهانە دەچێتە دۆخێکی چەقبەستوو. تا ئەو کاتەی خۆر هەڵدێتەوە. و وزەی نوێ بڕ بە تاریکی دەدا، و ژیان وەک پێشتری لێدێتەوە.

داهێنانی دینی ئاتۆن لەلاین ئەخناتون، دژایەتییەکی توندی کاهینەکانی خودای ئامونی لێکەوتەوە. دەیانەویست، بە پادشایەکی تر بیگۆڕن. بەڵام کەسایەتی بەهێزی و سەر بە ڕەچەڵەکی بەناوبانگی فەرمانڕەواکانی خاوەن دەسەڵاتێکی وا، وەلانان و دوورخستنەوەی کارێکی ئەستەم بوو. پەرستگایەکی بۆ ئاتون لە کەرنەک دروستکرد. و پایتەختەکەی لە تیبەوە، کە خاکی ئامون بوو، گواستەوە بۆ شاری "ئەخت ئاتون" کە بە واتای "کورسی ئاتون" دێ، کە ئێستا بە (تل العمرانة) ناسراوە، ٣٧٥ کم لە باکووری (طیبە)وە دوورە. ئەخناتون لەگەڵ هاوسەرەکەی و خەزوورەکانی و شەش بەرپرسی باڵا و شەش کچەکەی کە لە نەفەرتیتی بوون، چوونەتە شارە نوێیەکە. وا دیارە بنەماڵەی شاهانە لە پایتەختی نوێدا ژیانێکی خۆشیان بەسەر بردووە.

ئەخناتون(Akhenaton) یەکێک لە فیرعەونە ناوازەکانی میسر بووە، لە شانشینی بنەماڵەی هەژدەهەم. کوڕی ئەمینحۆتێپی سێیەم و شاژنە تییە (Tiye) بوو. ناویان ناوە ئەمینحۆتێپی چوارەم (Amenhotep IV). هەر لە سەرەتاوە ئەم منداڵە ئامادەکرابوو، بۆ ئەوەی ببێتە فیرعەونی داهاتوو. و لەڕاستیدا لە ساڵی ١٣٥٣ پ.س.ب یان ١٣٥١ پ.س.ب دەسەڵاتی گرتە دەست و فەرمانڕەواییەکەی، نزیکەی ١٧ ساڵ بەردەوام بوو. هێشتا تەمەنی شانزە ساڵ بوو، دەسەڵاتی گرتە دەست، بەبێ ئەزموون و شارەزایی.

شاژنە تییە و نەفرەتیتی هاوسەری و کاهینی (ئای) بە ڕاوێژکاری خۆی دانان. و سەرقاڵی فەلسەفە و چاکسازییە دینەیەکانی بوو. لە سیاسەتی دەرەوەی وڵات، و بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەت، کە لە باکوورەوە، لە فورات دەستی پێدەکرد، و لە باشوور تا نوبە.

ئەخناتون لە پاراستنی هاوپەیمانە ئاسیاییەکانی شکەستی هێنا، لە بەر مەترسی پەرەسەندنی هیتیەکان، خۆی لە هاوپەیمانەکانی دوورخستەوە. کە بووە هۆی جیابوونەوەی بەشی ئاسیا. دوای ئەخناتون، کوڕەکەی (سمنخ کا رە)، هاتە سەر تەختی فەرمارەوایی. پاشایەکی نادیار و لە مێژوودا نەناسراو بوو، بۆ ماوەیەکی کورتیش فەرمانڕەوایی کرد. لە دوای ئەویش توت ئەنخ ئامون، کە تەمەنی تەنیا نۆ ساڵ بوو، لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت. بەهۆی تەمەنی بچووکی، ڕاوێژکارەکەی (ئای) و کاهینەکانی پەرستگاکانی ئامون کۆنترۆڵیان کردبوو. لە ژێر کاریگەری کاهینەکانی ئامۆن ڕایگەیاند، دەگەڕێتەوە، سەر باوەڕی پەرستگای ئامۆن. هەر لە ژێر ئەو کاریگەرییە توندەی کاهینەکانی ئامۆن، ناوی خۆی لە (توت ئەنخ ئاتۆن)ەوە گۆڕی بۆ (توت ئەنخ ئامون).

کاریگەری ئەخناتون و شاری ئەخت ئاتون بوو، کە ناوی لەسەر تابلۆکان و نەخش ونیگارەکانی پەرستگاکان سڕایەوە. و خەڵک وازی لێهێنا، و گەڕانەوە بۆ سەر دینەکۆنەکە. کاریگەری و دەسەڵات و پێگەی کاهینەکانی ئامۆن، جارێکی تر گەڕێنرایەوە. توت ئەنخ ئامون لە بارودۆخێکی نهێنیدا مرد. دوای ئەو (هۆر محێب)، فەرماندەی سوپا، هاتە سەر تەختی پاشایەتی، و هۆر محێب، توانی دینی ئەخناتون و شوێنکەوتووانی لەناو ببا.

جگە لەوەش کاهینە کۆنەکان و بازرگان و کۆنەپارێزان، گشت دیاردەکانی ئەو دینەیان، بە تەواوی سڕیەوە. و (تل العمرانە)یان ڕووخاند. ئەوەش بۆ مەبەستی ئەوەی، ناوی ئەخناتون

له تۆماره مێژووییەکان بسڕنەوە. و گشت شوێنەوارەکانی خۆی و نەفەرەتیتی هاوسەری لەناو ببرێ.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە خودای ئامۆن، یەکێک بووە لە گرنگترین خوداکان، کە میسرییە کۆنەکان دەیانپەرست. و ڕێزیان لێدەگرت، کەچی ئاتون هێمای یەک خودایی بوو (یەکتاپەرستی)، کە یەکەمین جاربوو، لەسەرزەمینی میسری کۆندا هزری یەکتاپەرستی، نەک تەنیا بڵاوبکرێتەوە، بەڵکوو وەک دینی فەرمی پاشایەتی ڕابگەیێندرێ.

لە سەردەمی ئەمینحۆتێپی سێیەم تابلۆیەک دۆزرایەوە لەسەری نووسرابوو:

تاکە مەزنی، کە هەر ڕۆژ سەرجەمی زەوی بەسەر دەکاتەوە. ئەو سەروەرە، لەسەر خوداکان و مرۆڤ. ئەو دروستکەرێکی بە ئەزموونە. [258]

دەرکەوتنی ناوی خودای ئاتۆن، لە سرووودێکدا، کە بۆ خودای ئامۆن نووسراوە، بەشێوەیەکی ڕوون دیارە ئامادەکاری بۆ دینێکی نوێ دەکرێ. کە دامەزراینەرەکەی، بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو دەیخاتە روو. [259]

هەروەها تابلۆیەکیتر دۆزرایەوە، کە مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی ئەمینحۆتێپی سێیەم، تێیدا خودای خۆر وەک باڵای هۆروسی شەهێن کێشراوە. تێدا نووسراوە:
هۆروسی ئاسۆ، دڵخۆش، ئاسۆی ناوی شۆ، کە لەناو ئاتۆن دایە.

---

[258] الحسيني. د. عباس علي عباس (٢٠١٢) مجمع الإله في ديانة المصر القديمة. ص ٣١
Redford, D (1980) The Sun-disc in Akhnatens program, Its worship and Antecendents in JARC. VOL. 17. Pp. 22.

[259] الحسيني. د. عباس علي عباس (٢٠١٢) مجمع الإله في ديانة المصر القديمة. ص ٣١

دوای ئەوە ناوی ئاتۆن هەنگاو بە هەنگاو هاتە ناو هەندێ دروشم، و نازناو. لەوانە کەژاوەی پاشایەتی ئەمینحۆتێپی سێیەم، بە (تیشکی ئاتۆن) هاتووە.[260]

لەڕاستیدا ئەخناتون ئەرکی فەرمانڕەوایی وەرگرت، و شانبەشانی باوکی پیر و نەخۆشی، هێشتا بنەمای دینی هەر لەسەر ڕێبازی باوەڕی (ئامۆن ڕەع) بوو. تا ئەو کاتەش هیچ ئاکارێک یا نیشانەیەک، یان دیاردەیەک لەسەر دینی یەکتاپەرستی بەدی نەدەکرا.

پاش کۆچی دوایی باوکی، پاشا ئەمینحۆتێپی چوارەم (١٣٥٢ – ١٣٣٦ پ.س.ب) هاتە سەرتەخت، بە پرۆسەیەکی سیستەماتیک، دەستیکرد بە داهێنانی دینێکی نوێ، دینی ئاتۆن. وەک خودای تاک. لە سەرەتادا بانگهێژی کرد، کە ئاتۆن ناوێکی خودای ڕەعە. بەڵام هەنگاو بە هەنگاو، تا[261] لە ساڵی شەشەمی دەستەڵاتی، هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر پەیکەرەکانی ئامۆن، و ناوی لە هەرشوێنێک بوو، لابرد، بە بیانۆی ئامۆن شوێنی خودای ئاتۆنی زەوتکردووە. و ناوی خۆی لە ئەمنەحوتب (ئامۆنی ڕازی) بۆ ئەخناتون گۆڕی. و پایتەختی بۆ شارێکی نوێ گواستەوە. و ناوی لێنا (ئەخت ئاتۆن)* واتە ئاسۆی ئاتۆن.[262]

* ئەخت ئاتۆن دەکەوێتە لای ڕۆژهەڵاتی ڕووباری نیل، کە ئێستا سێ شارۆچکەیە، تل العمرانة، الحاج قنديل لە پارێزگای مینای ئێستا، هەروەها تل الحوطة لە پارێزگای ئەسیوت (أسيوط)[263]

---

[260]Gunn, BC (1923) Notes on the aten and his namein JEA, VOL. 9. Pp. 174

[261] أبوبكر، عبدالمنعم (١٩٦١) أخناتون ص ٣٩

Gunn, B, Ibid. Pp. 172.

[262] حسن، سليم، مصر القديمة ج ٥، ص ٢٦٩

[263] Alfred, C (1966) The Egyptians. London. Pp. 40

ئەخناتون دەستی بە ڕیتوال و پاڕانەوە بۆ خودای نوێ کرد. کە بەو شێوەیە بوو:

هەرەختەی دوو ئاسۆ، کە بە ناوی خۆیەوە لە شۆ دا شاد دەبێ، کە ئاتۆنە.
Harakhte of the two horizons, who rejoices in the horizon in his name of Show, who is the Aton[264]

ئەخناتون بەوەندە نەوەستا، بەڵکوو لەگەڵ لەناوبردنی شوێنەواری ئامۆن، لە پەرستگای پتاح (Temple of Ptah) لە کەرنەک، ناوی خوداکانی پتاح، ئاتۆم، حەتحور و گشت ناوی خوداکانی لە سەر تابلۆکان، لە ناوبردن. هەروەها لە پەرستگای ئەمینحۆتێپی سێیەم، لە کەرنەک، بە هەمان چارەنووسی خودا ئەوزیریس و ئەیزیس و حۆروس و ئاتۆم و مەنتۆ و ...هتد گەیشت[265] ئەوەش بە مەبەستی گۆڕینی بنەڕەتی لە دینی میسری بوو. لەبەر ئەوەی تا ئەو دەمە، لە ناو کاهینەکان و خەڵکی غەوارە، ناکۆکی لە سەر فرە خودایی و تاک خودایی هەبوو. بەتایبەتی بانگهێژی یەکتاپەرستی و خودای تاک لەو دەمەدا شتێکی نامۆبوو. دەیانگوت ئەو خودایەی کە دەبێ بپەرسترێ هێزی نادیارە، کە لە خۆرەوە سەرچاوە دەگرێ، نەک خۆر (ئاتۆن) خۆی خودابێ.[266]

هەندێ توێژەر پێیان وایە، شۆڕشی ئەخناتون لە ئەنجامی گەشەسەندنی سرووشتی دینی خۆری کۆن بووە. سەرەڕای ئارەزووی لابردنی ناروونی و لێڵی لەسەر دینی ئەوسای باو خەڵکی لە ژیانی پێشتر بێزاربوون. و وەک درۆیەک دەیانبینی. بەڵام بۆ خەڵکی خۆشگوزەران و خاوەن بەرژەوەندی، ناچاربوون خودایەک بپەرستن، کە هیچ پەیوەندییەکی پێیانەوە

---

[264] Cérny, Jaroslav (1951) Ancient Egyptian Religion. Hustchingons Univercity Library. London.W.I.Pp. 62

[265] أرمان، أدولف. و هرمان رانكة، مصر و الحياة المصرية في عصور القديمة. القاهرة. ص١٦٩

[266] إبراهيم، نجيب ميخائيل (١٩٦٦) مصر و الشرق القديم. القاهرة. ص ٢٤٢

نەبوو. بەڵام خەڵکی ئاسایی، ئارەزوویان ئەوەبوو، خودایەک بپەرستن کە دەیبینن، و هەست بە چاکەی دەکەن (واتە خۆر) ئەو نەوەیە زیاتر بەرەو ڕاستی دەڕۆیشتن[267] ئەگەر بەراوردی ئەو ڕایە لەگەڵ خودای ئامۆن بکرێ، زیاتر لۆژیکی تێدایە. لەبەر ئەوەی خودای ئامۆن واتە بزر، یان پەنهان، و هێمای ئاژەڵی پیرۆزی هەیە کە (بەران)ە. شوێنی پەیکەرەکەشی لە دواوەی پەرستگا و تاریکایی دابووە. و بینین تەنیا بۆ چەند کەسێک بووە.کە دوای ڕیتوالی پەرستن دەیانبینی. ئەوانەش پاشا و گەورە کاهین بوون.

لە ئاهەنگی گشتیدا، لە کەژاوەیەکدا بە دەپۆشراوی دادەنرا، تا کەس نەیبینێ. ئەو ڕەفتارانە و پەنهانی خودا، لەگەڵ گیانی سەردەم نەدەهاتەوە، کە میسر لەسەردەمێکی نوێ دابوو. و بەڕووی وڵاتان و گەلانی تری هاوسێ دا کرابووەوە. ئیتر نە خودا و نە باوەڕ شتێکی دیاریکراو نەبوو. بەڵکوو گشت وڵاتانی دەگرتەوە[268] بەرامبەر بەوە، لەو سەردەمە پێویستیان بە خودایەک بوو، بیبینن و هەست بە ڕۆڵی لە ژیانی خەڵکی بکەن. بۆیە خودای ئاتۆن هەم دەبینرێ، و هەمیش هۆی بووژانەوەی زەوی و ژیانی خەڵکە. ئاسانترە مرۆڤ هەست بە ڕۆڵی خودا بکەن، تێبگەن و بیبینن، زیاتر لۆژیکی خودایەتی دەسەلمێنێ.

ماتریالی باوەڕی ئەخناتون، تەنیا لە دوو سروود، کە لە تابلۆی نەخشێنراو، لەسەر دیواری گۆڕەکانی تل العمرانة دۆزراونەتەوە. یەکەم کورتترە لە دووەم، کە تێیدا جیهانی ئاتۆنی تێدانیە. کەچی تابلۆی دووەم، سروودێکی درێژ و پڕ ووردەکاری جیهانی ئاتۆنی تێدایە[269]

---

[267] أرمان، أدولف. و هرمان رانكة، مصر و الحياة المصرية في عصور القديمة. القاهرة. ص ١٦١
[268] Breasted, James Henry (1933) The Dawn of Conscience. Pp. 338
[269] إبراهيم، نجيب ميخائيل ١٩٦٦) مصر و الشرق القديم. القاهرة ص ٢٤٦

ئەو چاکسازیانەی کە لەلایەن پاشای میسری ئەخناتونەوە ئەنجامدران. لێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ دینی جوولەکە دا هەیە. ئەو دوو دینە پێداگری لەسەر یەک خودا دەکەن. واتە یەکتاپەرستی خودا، هەروەها هەر جۆرە نیگارکێشان و پەیکەرسازییەک بۆ خودای یەکتا، قەدەغە دەکەن. هەروەها حەرامکردنی گۆشتی بەراز و خەتەنەکردن.

لەو کاتەوە ئەخناتون، گشت پەیکەر و وێنەی خودای (ئاتون)ی تاک و تەنیای قەدەغەکرد. هەروەها لە سەردەمی ئەودا، گشت پەیکەر و وێنەی سەردیوارەکانی پەرستگاکانی خودای کۆنی (ئامون) لەناوبردران. لە جیاتی گشت ئەوانە ئەخناتون ڕێگەی دا، تیشکی خۆر، وەک هێمای خودای تاک، لەسەر دیوار دابتاشن. لەبەر ئەوەی باوەڕی وابوو (ئاتون) تەنیا تابلۆیەکی خۆرنییە، بەڵکوو ئەفرێنەری تیشکەکەیەتی. ئەوەی جێگای سەرنجە، لە تەوراتیش هەمان ڕاسپێری دووبارە بۆتەوە.

پەیمانی کۆن - دواووتار ٥: ٨

> (٨) پەیکەر بۆ خۆتان دروستمەکەن، نە لە هیچ شێوەیەکی ئەوانەی لە ئاسمانن لە سەرەوە، نە ئەوانەی لەسەر زەوین لە خوارەوە، نە ئەوانەی لەناو ئاون لەژێر زەوی.

ئەخناتون، لە دینە نوێکەی (ئاتون) بیرۆکەی زیندووبوونەوە، و لێپرسینەوەی، ژیانی دوای مردنی ڕەتدەکردەوە. خودای ئۆزیریس، کە لە دینی میسری کۆن، خودای مردووان و زیندووبوونەوە بوو. بۆ ئەو مەبەستەش ئەخناتون ویستی ئەم خودایە بسڕێتەوە. لەبەر ئەوەی نکۆڵی لەوە دەکرد، کە زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە هەبێ. دینی جولەکەش بە هەمان شێوە دارێژراوە، وەک چۆن دەقی ڕوونی تێدا نادۆزینەوە سەبارەت بە ژیانی دوای مردن.

هەر کە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت، لە دینی ئامون یاخیبوو، کە دینی باپیرانی بوو، هەروەها ئەو شێوازانەی کە کاهینەکان پەیڕەویان دەکرد. لە پەرستگای گەورەی کەرنەک گرووپێکی گەورەی ژن هەبوون. لە ڕواڵەتدا، وەک خزمەتکاری ئامون دەبینران. کەچی لە ڕاستیدا، بۆ ئەوەبوون کاهینەکان چێژیان لێ وەربگرن. یەکەم کاری ئەخناتون پەرتوبڵاوکردنی ئەو گرووپە بوو.

بە پێی بەدواداچوونی مێژوویی ئەخناتون، شەڕی جادوو و جادووگەرانی (ژنی) دەکرد. لە پەرتووکی تەوراتیش، بە هەمان شێوە:

پەیمانی کۆن - دەرچوون ٢٢: ١٨

(١٨) ناهێڵی جادووگەری ژن بژێ.

لەقورئانی ئیسلامیشدا لە ١٤ ئایەت باسی جادوو کراوە، و تەورات زۆر شتی، لە دینی ئاتون وەرگرتووە. دوای ئەوە قورئانیش دووبارەی کردۆتەوە.

# سروود بۆ ئاتۆن

ئەخناتون، وەک پاشایەکی کەمێ خەڵوەت نیشین و بێباکانە و ناپێگەیشتوو باسکراوە. چونکە ئەوەندە سەرنجی لەسەر جێبەجێکردنی دینە نوێکەی بووە، کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی دینی پێشووی پشتگوێ خستووە. و سڵی لە ئەلەنگاری بازرگان و دەوڵەمەند و کاهینەکانە کۆنەکان نەدەکردەوە، کە بە توندی پەیوەست بوون بە دینی ئامۆن. ئەوەش کێشەی گەورەی بۆ شانیشینی بە گشتی و بنەماڵەکەی بە تایبەتی نایەوە.

ئەخناتون، پاشای گەنجی شاعیر، و هەست ناسک، کە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا، وەک خەڵوت نیشینێکی گۆشەگیر، و نموونەی پاکی و ڕاستگۆیی بوو. لە دڵەوە ڕقی، لەو لەشفرۆشییە پیرۆزە بوو، بازرگانیی کاهینانی بە جادوو دادەنا. بۆیە زۆر بە توندی، بەرەنگاری هەموو ئەو بازرگانە بێ ڕەوشتانە بووەوە. و نەفرەتی لە پارەی خراپ بەدەست هێنراو، و ئەو ڕیتواڵە گرانبەهایانە دەکرد. کە پەرستگاکانیان پێ پڕکردبوو.

ئەو باوەڕەی وایکرد، بە بوێریەوە ڕاگەیێنێ، کە ئەو خودایانە و ئەو هەموو ڕیتواڵە دینیانە، هەموویان بوتپەرستییەکی خراپن. و جیهان تەنیا یەک خودای هەیە، و ئەویش (ئاتۆن)ە. لە هزری ئەخناتوندا، خودا لە خۆردایە. خودای خۆر گەورەترین، سەرچاوەی ڕووناکیە. بۆیە سروودی پڕ خرۆش و گەرمی بۆ ستایشکردنی ئاتۆن ئامادە کرد، باشترین و درێژترینیان ئەو سروودەیە(و لە خوارەوە هەندێک لە دەستەواژە خۆرپەرستییەکانی ئەخناتون دەهێنینەوە):

هەڵاتنت لە بەرەبەیان، لە ئاسۆی ئاسماندا جوانە،
ئەی، ئاتۆنی زیندوو، بنەمای ژیان.
کاتێک لە ئاسۆی ڕۆژهەڵات هەڵدێی،
هەموو زەوی لە جوانی خۆت پڕ دەکەی.
تۆ جوانی، گەورەی، درەوشاوەی، بەرزی بە سەر هەموو خاکێک،
تیشکەکانت، هەموو زەوی دەگرنەوە، تەنانەت هەموو ئەو شتانەی کە تۆ دروستت کردوون.
تۆ هونەری ڕای و هەموویان بە دیل دەبەی؛
تۆ بە خۆشەویستی خۆت دەیانبەستیتەوە.
هەرچەندە دووری، بەڵام تیشکەکانت دەگەنە زەوی؛
هەرچەندە تۆ لە بەرزاییدای، بەڵام شوێن پێکانت ڕۆژن.
کاتێک لە ئاسۆی ڕۆژئاوای ئاسماندا ئاوا دەبێ،
زەوی لە تاریکیدا وەک وەک مردووە؛
ئەوان لە ژوورەکانیاندا دەخەون،
سەریان پێچراوەتەوە،
کونەکانی لووتیان وەستاوە،
و کەس ئەوی تر نابینێ.
هەموو شتەکانیان دزراوە
کە لە ژێر سەریاندایە،
وە ئەوان نازانن.
و کاتی ڕۆژ لە ئاسۆی ڕۆژئاوای ئاسماندا ئاوا دەبێ...
تاریکی وەک مردن، زەوی دادەپۆشێ...
مرۆڤەکان لە ژوورەکانیاندا دەخەون.

هەر شێرێک لە کۆشکەکەیەوە دێتە دەر،
مارەکان گازیان لێدەگرن
جیهان لە بێدەنگیدایە،
ئەوەی دروستی کردوون، لە ئاسۆی خۆیدا پشوو دەدا.
زەوی گەشاوە -کاتێک لە ئاسۆدا هەڵدەستی.
کاتێک بە ڕۆژ وەک ئاتۆن دەدرەوشێنیتەوە
تاریکی دوور دەخەیتەوە.
کاتێک تیشکەکانت دەنێری،
دوو خاکەکە لە ئاهەنگێکی ڕۆژانەدان،
بەئاگا بوون و لەسەر پێ وەستاون
کاتێک زیندووتان کردۆتەوە.
درەخت و ڕووەکەکان گەشە دەکەن،
باڵندەکان لە هێلانەکانیاندا دەفڕن
هەموو بوونەوەرێکی باڵدار دەفڕێ،
ئەوان کاتێک دەژین کە تۆ بەسەریاندا درەوشێیتەوە.
هەموو ڕێگایەکی خێرا کراوەیە چونکە تۆ بەیانی دەبی.
ماسییەکانی ناو ڕووباریش لە پێشدا باز هەڵدەدەن.
تیشکەکانت لە ناوەڕاستی دەریای سەوزی گەورەدان.
دروستکەری بەکتریای لە ژندا
دروستکەری تۆو لە مرۆڤدا،
لە جەستەی دایکدا، ژیان بە کوڕ دەبەخشی،
ئارامی دەکەیتەوە، بۆ ئەوەی نەگری،
تەنانەت لە سکی دایکیشیدا، چاوەدێری،

هەناسەی دەدەیتێ، بۆ زیندووبوونی هەر کەسێ، کە دروستی دەکەی!

(بەشی هەشتەم).
کاتێک لە جەستە دێتە دەر ... لە ڕۆژی لەدایک بوونی،
تۆ دەمی لە قسەکردندا دەکەیتەوە،
تۆ پێداویستییەکانی دابین دەکەی.
کاتێ پەپوولەی ناو هێلکە، لە ناو هێلکەدا چرپە دەکات،
تۆ هەناسەی تێدا دەدەی، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بپارێزی.
کۆت کردۆتەوە
تا ڕادەی تەقینەوەی هێلکەکە،
لە هێلکەوە دێتە دەرەوە،
بۆ ئەوەی بە هەموو هێزی خۆیەوە چرپە بکات.
بە دوو پێی خۆیدا دەسوڕێتەوە
کاتێک لەوێ دەرچووە.
کارەکانت چەندە فرەچەشنن!
لە پێش ئێمە شاراوەن،
ئەی تاکە خودا، کە هیچ کەسێکی تر خاوەنی دەسەڵاتەکانی نییە.
تۆ زەویت بە گوێرەی دڵت دروست کردووە
لە کاتێکدا تۆ تەنیا بوویت.
پیاوان، هەموویان گیانداری گەورە و بچووک،
هەموو ئەوانەی لەسەر زەوین،
کە لەسەر پێیەکانیان دەوەستن؛
هەموو ئەوانەی لەسەر بەرزایین،

بە باڵەکانیان دەفڕن.

وڵاتانی بیانی، سوریا و کوش،

خاکی میسر؛

تۆ هەر کەسێک لە شوێنی خۆی دادەنێی،

پێداویستییەکانیان دابین دەکەی.

تۆ نیل لە جیهانی خواروو دروست دەکەی،

تۆ بەو شێوەیەی کە دەتەوێ، دەیهێنی.

بۆ ئەوەی گەل بە زیندووی بپارێزێت.

چەندە نایاب و ناوازەن، دیزاینەکانت.

ئەی پەروەردگاری هەتاهەتایە!

نیل بۆ بیانیان لە ئاسمانە.

وە بۆ ئاژەڵەکانی هەر وڵاتێک کە لەسەر پێی خۆیان دەڕۆن.

تیشکەکانت بژێوی بە هەموو باخچویەک دەدەن؛

کاتێک هەڵدێی، ئەوان دەژین،

ئەوان بە تۆ گەشە دەکەن.

تۆ وەرزەکان دروست دەکەی

بۆ ئەوەی هەموو کارەکانت دروست بکەی:

زستان بۆ ئەوەی فێنکاییان بۆ بهێنێ،

وە گەرمی بکەرەوە تا تامی تۆ بکەن.

تۆ ڕێگە بە ئاسمانی دوور دەدەی تێیدا بەرزبێتەوە،

بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانە ببینن، کە دروستت کردوون،

تۆ تەنیا، لە فۆرمدا وەک ئاتۆنی زیندوو دەدرەوشێنیتەوە،

بەیانی، درەوشاوەیی، دووردەکەویتەوە، و دەگەڕێیتەوە.

تۆ ملیۆنان فۆرم دروست دەکەی.
تەنیا لە ڕێگەی خۆتەوە؛
شار و شارۆچکە و هۆزەکان،
ڕێگاوبان و ڕووبارەکان.
هەموو چاوەکان پێش خۆیان دەتبینن،
چونکە تۆ ئاتۆنی ڕۆژی بەسەر زەویدا.
تۆ لە دڵمدای،
هیچ کەسێکی تر نییە تۆ بناسێ
کوڕەکەت ڕزگار بکە٠ ئەخناتون.
تۆ بە پلان و دەستەڵاتی خۆت، کردۆتە لێزان.
لە پلانەکانت و لە هێزی خۆتدا.
دونیا لە دەستی تۆدایە،
هەروەک چۆن تۆ دروستت کردوون.
کاتێک تۆ هەستایتەوە ئەوان دەژین،
کە تۆ ئاوادەبی ئەوان دەمرن؛
چونکە تۆ درێژی تەمەنی خۆتی،
پیاوان بە هۆی تۆوە دەژین،
لە کاتێکدا چاویان لەسەر جوانی تۆیە
تا تۆ ئاوا دەبی.
هەموو کارێک دەخرێتە دەرەوە
کاتێک لە ڕۆژئاوا ئاوادەبی.
تۆ جیهانت ئەفراندووە،
هەموو شتێکت بۆ کوڕەکەت ئامادەکردەوە.

ئەخناتونی تەمەن درێژ... و بۆ ژنە شاهانە گەورە،
و خۆشەویستەکەی، خاتوونی دوو خاکەکە،
نێفەر-نێفرو-ئاتۆن، نۆفرەتیتی،
ژیان و گەشەکردن بۆ هەتاهەتایە.[270]

پالنەری ئەو بڕیارە و شوێنە لەلاین پاشاوە بە دڵنیاییەوە، بەرهەڵستی کاهینەکانی خودای ئامۆن بوو. دژی خودا نوێکە. کە وایکرد کاردانەوەی پاشا ئەوەندە توندبێ، گشت ناو و یادەوەری ئەو خودایەی لە پەرستگاکان هەڵگرت، شوێنەواری نەهێشتن، لە هەمانکاتدا بە توندی بەرەنگاری کاهینەکانی ئامۆن ببێتەوە، تا ئاستی چەوساندنەوەیان. پاشان لەوەش زیاتر ڕۆیشت تا بگرە ناوی خۆیشی لە ئەمنەحوتب (ئامۆن ڕازیە) گۆڕی بۆ ئەخناتون. تەنیا لە سنووری ئامۆن باوەڕی نەوەستا، بەڵکوو خوداکانی تریشی ڕەتکردنەوە. [271]

لە سەرتاسەری سەرزەمینی میسر، پەیکەری ئاتۆنی دانا. بەو شێوەیە پێگایەکی زۆر بەرزی دایە خودای ئاتۆن، وەک خودای تاک و تەنیا. و خوداکانی تری ڕەتکردنەوە. بەوەش فۆڕمی فرەخودایی نەما. و سەردەمی یەک خودای تاک و تەنیا هاتە ئارا. لەوە بەدوا سەرەتای یەکتاپەرستی لە مێژووی دین دەستی پێکرد. هەروەها نەفرەتیتی هاوسەری ئەخناتون، ناوی خۆی گۆڕی، بۆ (نەفرە – نەفرو- ئاتۆن) واتە (جوانە شکۆمەندی ئاتۆن). هەروەها کچانی شازادەش، بە ناوی خودای نوێ، ناویان بۆ خۆیان هەڵبژارد. [272]

---

[270] Will Durant. The Story of Civilations. I, Pp 205 - 209
[271] Ibid.
[272] Cérny, Jaroslav (1951) Ancient Egyptian Religion. Hustchingons Univercity Library. London.W.I.Pp. 65

نەمانی ئەخناتون، دوای حەڤدە ساڵ لە سەر تەختی پاشایەتی، سەرەتای کۆتایی دینەکەی بوو. سەبارەت بە چارەنووسی ئەخناتون زۆر تیۆری هەن. بەڵام هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە نییە، لەسەر ئەوەی کە لە ساڵانی کۆتایی دەسەڵاتیدا چی بەسەر هاتووە. ئایا بە مردنی ئاسایی مردووە، یان کوژراوە؟ ئەوەی دەزانرێ، لە کتوپڕ خۆی و ناوی گومبوون.

گەڕان بەدوای گۆڕی پاشا ئەخناتون، لە دوای دۆزینەوەی یەکەم گۆڕ لە دۆڵی پاشایان، لە سەدەی نۆزدەهەم و لە سەدەی بیستەمدا بەردەوام بوو. بەبێ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە، تا ئەو کاتەی لێکۆڵینەوەکانی، ئەنجومەنی باڵای شوێنەوارناسی و زانکۆی قاهیرە، لەسەر مۆمیاکان دەستپێکرد. لە فێبرواری ٢٠١٠ ڕاگەیەندرا، کە تیمەکە لە ڕێگەی شیکاری DNA و شیکاری جینەکانەوە بۆیان دەرکەوتووە کە مۆمیایەک لە گۆڕی ژمارە ٥٥ لە دۆڵی پاشایان مۆمیای باوکی پاشای زێڕین، (توت ئەنخ ئامون)ە. پێدەچێت ئەو مۆمیایە هی پیاوێک بێت کە لە تەمەنی ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردبێ، بەڵام لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە، کە لە تەمەنی ٤٥ بۆ ٥٠ ساڵیدا گیانی لەدەستداوە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەخناتون بێ. هەروەها پشکنینەکان دەریانخست، کە ئەگەری ئەوە هەیە، کە ئەو توت ئەنخ ئامون بووبێ. کوڕی ئەخناتون، لە ژنی دووەمی کە ناوی (کیا) بووە. ئەنجومەنی باڵای شوێنەوارناسی، لە مانگی ئەپریلی ساڵی ٢٠١٠، بە پشتبەستن بە پشکنینی DNA، دەرکەوتووە کە توت ئەنخ ئامون کوڕی پاشا ئەخناتۆنە.

# مردنی ئەخناتون و کۆتایی دینی ئاتۆن

لە ڕێگای بەڵگەنامە و نامەکانی ئەو سەردەمە دەزانین، کە گەلانی دیکەیناوچەکە، کە هاوپەیمانی پێشوو میسر بوون، چەندین جار نامەیان بۆ ئەخناتون نووسیوە، و داوای هاوکاری میسریان کردووە. لە بابەتی جۆراوجۆردا و زۆربەی ئەو داواکاریانە لەلایەن پاشای کەمتەرخەم، پشتگوێ خراون.

میسر لەو سەردەمەدا، وڵاتێکی دەوڵەمەند و ئاوەدان بوو. و دەسەڵاتەکەی لە پێش سەردەمی شاژن هاتشێپسوت (١٤٧٩-١٤٥٨ پ.س.ب) بە شێوەیەکی بەردەوام لە زیادبووندا بوو. هاتشێپسوت و جێنشینەکانی وەک توتمۆسی سێیەم (١٤٥٨-١٤٢٥ پ.س.ب)، لە مامەڵەکردن لەگەڵ گەلانی بیانیدا، ڕێبازێکی هاوسەنگیان لە نێوان دیپلۆماسی و کردەوەی سەربازیدا بەکاردەهێنا. بەڵام ئەخناتون، وەک کەسێکی خەڵوەتنیشین، ڕێگایەکی تری لە سیاسەتی دەرەوە گرتەبەر، ئەویش تا ڕادەیەکی زۆر چاوپۆشی لە کاروباری دیپلۆماسی دەرەوەی سنوورەکانی میسر دەکرد، و تەنانەت لە دەرەوەی سنووری کۆشکەکەی خۆیشیدا، گرنگی بە ژیانی ئەو جیهانە نەدەدا، ئەوەش لەلایەک تا دەهات، لە خەڵکی دوور دەخستەوە. بە تایبەتی کاهینەکانی ئامون، ئەخناتونیان بە تاوانبار و دژی دین دادەنا، و بەردەوام خەڵکیان دژی هاندەدا.[273]

[273] World History Encyclopedia

لەلایەکیتر دوژمنەکانی دەرەوەی میسر، وەک هێکسۆسەکان چاویان بڕیبووە داگیرکردنی ئەو نەتەوانەی کە لەژێر پارێزگاری میسر دابوون. و ئێستا پشت گوێخراون.

هەندێ لێکۆڵینەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاژاوە و قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، خزابووە ناو بنەماڵەی شاهانە. و شاژن نەفرتیتی لە دەوروبەری ساڵی چواردەهەمی دەسەڵاتی هاوسەرەکەیدا، لە بەرچاو وونبوو. ئەوەش دوای ئەوەی، بینی قەیرانی ئابووری و سیاسی وڵاتەکەی گەیاندۆتە ئاستی هەر نزم، کە هیچ جێگای هیوا نەمابوو. بۆیە لە کۆشکەکەی خۆیدا خۆی جیاکردەوە. هەروەها لێتۆژەرەوان وای بۆ دەچن، کە پیلانی کاهینەکانی پەرستگای ئامون و بازرگانە گەورەکان و سەرکردەکانی سوپا، جگە لە ڕاپەڕینە بچووکە بەردەوامەکان، کە پاشا نەیتوانی سەرکوتیان کا. هۆکارێکی سەرەکی بوون، بۆ قەیرانی باری دارایی و سیاسی وولات.

بێجگە لەوانە هۆکاریتریش هەبوون، بۆ نموونە هیتی و ئەموریەکان (سوریا و فەلەستین) چاویان بڕیبووە، داگیرکردنی وڵاتانی ژێردەستی میسر، ئەوەش کاریگەری زۆری، لە سەر ناسەقامگیری وولات دانابوو. کەلە کۆتاییدا میسری گەیاندە دۆخی ئاژاوە، و کۆتایی سەردەمی ئەخناتون.

تا ئێستاش قۆناخی کۆتایی هاتنی سەردەمی ئەخناتون، لێڵ و ناڕوونە. پێدەچێ لە تەمەنی سییەکانیدا، لە ساڵی حەڤدەهەمی فەرمانڕەواییدا، بە هۆکارێکی نادیار کۆچی دوایی کردبێ. گۆڕی شاهانەی کە لە (تل عمرانة) تایبەتە بە ئەخناتون، وەک نەرێتی میسری کۆن، لە تابووتێکی شاهانەدا دانەنراوە. بەڵکوو  ئێسکەپەیکەرێک کە لە(KV55) دۆزرایەوە، کە زۆر کەس پێیان وایە هی ئەخناتون بێ. ئەمەش بەڵگەی زیاترە لەسەر دۆخی ئاژاوە، کە خزابووە ناو شانشینی و ئەگەری گواستنەوە و پیسکردنی گۆڕی ئەخناتون.

# کۆتایی ئەخناتون و پەیدابوونی دینی جولەکان

سەردەمی ئەخناتون نموونەی شۆڕشێکی دژ بە دۆخی گەندەڵ و نالەباری ئەوسا بوو. بەڵام ئەو سەردەمە بە خێرایی کۆتایی هات. و دۆخەکە گەڕایەوە بۆ سەردەمی بارودۆخی جاران. جەیمس هێنری برێستد (James Henry Breasted)دەڵێ:

ڕووخانی دەستەڵاتی پاشا (ئەخناتون)، بە تەمومژێکی تەواو دەورە دراوە. لە ئەنجامی کەوتنی دەستەڵاتی پاشایەتی و نەمانی دینی ئاتۆن، و جارێکیتر گەڕانەوەی پەرستنی ئامون، لەلایەن کاهینەکانی ئامۆنەوە، بەسەر (توت عنخ ئامون)، گەنجە لاوازەکە، هاوسەری کچەکەی ئەخناتون دا سەپێندرا. بەوجۆرە، گشت یادگاری و شوێنەواری، دین و دەستەڵاتی ئەو پیاوە، بوونە جێگای نەفرەت. لە بەڵگەنامە فەرمیەکانی، دوای سەردەمی ئەخناتون، لە هەر جێگایەک، ئاماژە بە ناوەکەی بکرابوایە، پێی دەگوترا (ئەخناتونی تاوانبار) (و لە سرووودێکی خۆشی گەڕانەوەی دینی ئامون)دا هاتووە:[274]

تۆ دەگەیتە ئەو کەسانەی کە شایەنی تۆن.  
و ئاخ بۆ ئەوانەی هێرش دەکەنە سەرت.  
شارەکەت هەر دەمێنێتەوە.  
بەڵام ئەوانەی هێرش دەکەنە سەرت، دەکەون.

---

[274] Breasted, James Henry (1933) The Dawn of Conscience. Pp. 330 - 331

و خۆری ئەوانەی تۆ ناناسن ئاوا دەبێ. ئەی ئامون!
بەڵام ئەوانەی دەتناسن دەدرەوشێنەوە.
و پەرستگای ئەوانەی هێرشیان کردە سەرت لە تاریکیدا.
لە کاتێکدا هەموو زەوی لە ڕووناکیدایە. [275]

بریستێد دەڵێ:

دوای ڕووخانی ئەخناتون، دوژمنەکانی بەردیان بەسەریەکەوە نەهێشت، بۆ لابردنی هەر شوێنەواری کە مابووەوە، و ئاماژەبێ بۆ فەرمانڕەوایی ئەو، کە بە دوژمنی خوداکان و قێزەوەنیان دەزانی. بە شێوەیەکی سرووشتی گشت دەستنووسەکانی پاشا ئەخناتونیان لەناوبرد، کە لەسەر پاپیرۆس نووسرابوون.[276]

پرسێکیتری گرنگ لەلای ئەخناتون ئەوەبوو، هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی هزری یەکتاپەرستی ئاتۆنی، هزری لێپرسینەوەی لە ژیانی دوای مردنی ڕەتکردەوە. ئەوەش ئاتۆنیزم لە گشت دینەکانیتری یەکتاپەرستی جیادەکاتەوە.

برێستد دەڵێ:

ئەگەر گوێمان لە لێپرسینەوە، لە ژیانی دوای مردن، لە گۆڕەکانی تەل عەمرانە نەبێ، ئەوە ڕوونە کە ئەوە بەهۆی ڕەتکردنەوەی هەوری خوداکان، و نیوە خوداکانەوەیە، کە ئۆزیریس سەرۆکایەتی دەکرد، و پێشتر دەستەی دادوەری لە لێپرسینەوەی ژیانی دوای مردنی پێکدەهێنا. وەک لە پەرتووکی مردوواندا

275 Ibid.
276 Ibid. Pp. 321

باسکراوە. ئەو خودایانە ئێستا لەناوچوون، و دیمەنی بڕیاری نوێنەرایەتی بە ڕواڵەت لەگەڵ نەمانیان، کۆتایی هات[277].

هەرچەندە لە تەوراتیش ڕاستەوخۆ، چەمکی زیندوبوونەوە (پەسڵان) ڕەتناکاتەوە. بەڵام دەقەکانی خاڵین، لە باسی پەسڵان، بۆیە سەبارەت بە جیهانی مردووان و ژیانی دوای مردن، لە ناو دەقەکانی تەورات، هیچ باسێکی ڕوون نابینرێ. بە سەیرکردنی، ئەو پەرەگرافانەی خوارەوە، بەسە تا تێبگەین، کە گرنگیەک لەسەر ژیانی دوای مردن لە تەورات نابینرێ. ئەو دوو پەرەگرافەی خوارەوە ناڕاستەوخۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەنەوە.

١ - کاتی یاقوب بیری لەوە کردەوە کە یوسفی کوڕی، لەلایەن دڕندەیەکی خراپەوە کوژراوە، ڕەتیکردەوە دڵنەوایی بکرێ و گوتی: بە ماتەمینی دەچمە شێعل بۆ کوڕەکەم.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٣٧: ٣٥

(٣٥) ئینجا هەموو کوڕ و کچەکانی، هەستان چوونە لای بۆ دڵدانەوەی، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە دڵی بدرێتەوە، گوتی: بە لاواندنەوە دادەبەزمە لای کوڕەکەم بۆ ناو جیهانی مردووان. ئیتر باوکی دایە پڕمەی گریان بۆی.

٢- کاتێک کوڕەکانی یاقوب داوایان لە بنیامین کرد، لەگەڵیان بچێتە میسر، یاقوب ڕێگری کرد و گوتی:

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٤٢: ٣٨

---

[277] Ibid. Pp. 324 - 325

(٣٨) بەڵام یاقوب گوتی: کوڕی من لەگەڵ ئێوە نایە، چونکە براکەی مردووە. و ئەویش بە تەنیا ماوەتەوە. ئەگەر لەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆن تووشی شتێک بێ، ئەوا سەری سپیم بە خەمەوە دەنێنە ناو جیهانی مردووان.

لە هەردوو وەڵامی یاقوب باسێک لە ژیانی دوای مردن، و جیهانی هەتاهەتایە نادۆزرێتەوە. ئەوەش وامان لێدەکا، کە بکەوینە گەڕان بە دوای ئەو ئەلقانەی دینی جوولەکە بە دینی ئەخناتون یا ئاتۆن دەبەستنەوە.

# ناکۆکی تەورات لەسەر یاقوب و بنەماڵەکەی

لە جێگای خۆیەتی سەرنجێکی ئەگەر خێراش، بدەینە سەر هەندێ ناکۆکی، نالۆژیک لە ناو دەقەکانی تەورات.

یەکەم دەڵێ سەرجەمی ئەوانەی لەگەڵ یاقوب هاتنە میسر حەفتا کەس بوون.

پەیمانی کۆن - ئەفراندن ٤٦: ٢٦ - ٢٧

(٢٦) هەموو ئەوانەی لەگەڵ یاقوب هاتنە میسر و لە پشتی ئەوەوە دەرچووبوون، جگە لە ژنانی کوڕەکانی، شەست و شەش کەس بوون. (٢٧) بە هەردوو کوڕەکەی یوسفەوە کە لە میسر لەدایک ببوون، سەرجەمی کەسانی ماڵی یاقوب کە هاتنە میسر، حەفتا کەس بوون.

کەچی لە پەیمانی نوێ دەڵێ، حەفتا و پێنج کەس بوون.

پەیمانی نوێ - کردەی نێردان ٧: ١٤

(١٤) ئیتر یوسف ناردی، یاقوبی باوکی بە هەموو کەسوکاریەوە، بۆ میسر بانگکرد. کە حەفتا و پێنج کەس بوون.

بەپێێ ئەو بڕگەیە، تەنیا ئەوانەی لەگەڵ یاقوب هاتبوونە میسر ٧٥ کەس بوون، کەچی یوسف و هەردوو کوڕەکەشی کە لە میسر لە دایکبووین دەکەنە ٧٨ کەس.

میسرییەکان لە کاتی برسیبووندا خۆراکیان پێدەدان و لە کاتی ترسدا دڵنیایان دەکردنەوە. ئەوان زاوزێیانکرد و زۆر بوون. و هەر لە هاتنیان بۆ میسر تا دەرچوونیان سێ پشت بوون، بەوەش لە ٦٠ تا ٧٠ ساڵ زیاتری نەدەویست، ژمارەیان لە ٧٠ کەسەوە، بۆ ٦٠٠ هەزار پیاو، بێجگە لە ژن و منداڵ زیادی کرد، بە قەد ئەو ژمارەیەش مەڕومالاًت. [278]

پەیمانی کۆن - دەرچوون ١٢: ٣٧ – ٣٨

(٣٧) نەوەی ئیسرائیل لە ڕەعمسێسەوە، بەرەو سوکۆت کۆچیان کرد، نزیکەی شەش سەد هەزار پیادەی پیاو، بێجگە لە ژن و منداڵ .(٣٨) هەروەها کۆمەڵێکی تری زۆر، لەگەڵیان چوون، بە ئاژەڵێکی زۆریش، مەڕومالاًت و گاوگۆتاڵ.

پەیمانی کۆن - دووەم سامۆئیل ٢٤: ١٥

(١٥) لەبەر ئەوە خودا لە بەیانییەوە هەتا کاتی دیاریکراو دەردی خستە ناو ئیسرائیلەوە، ئیتر لە دانەوە هەتا بیری شابەع حەفتا هەزار پیاو مردن.

گشت گەنجانی نێرینە، لە تەمەنی یەک مانگ بەسەرە، دوای ژماردن، گەیشتە ٢٢٢٧٣ کەس.

پەیمانی کۆن ژمێرە ٣: ٤٢ - ٤٣

---

[278] عصام الدين حفني ناسيف (١٩٧٥) موسى و فيرعون، بين الإسطورية و التاريخية. ص ٨

(٤٢) جا موسا وەک خودا فەرمانی پێ کرد هەموو نۆبەرەیەکی لە نەوەی ئیسرائیل تۆمار کرد، (٤٣) هەموو کۆرپەیەکی نۆبەرەی نێرینە، لە تەمەنی یەک مانگ بەرەو سەرەوە، لە لیستی ناوەکان تۆمارکران. کە بیست و دوو هەزار و دوو سەد و حەفتا و سێ کەس بوون.

هەندێ لە باوەڕداران، پێیان وایە چیرۆکەکانی تەورات، و ڕووداوەکانی مێژوو، بە هۆی قەیرانی ئەو سەردەمە ڕوویدا. ئەو سەردەمە کە ئیسرائیل و کوڕەکانی چوونە میسر. و لەلایەن دەوڵەتەوە بە ڕێزەوە وەرگیران. ئەو سەردەمە کاتی داگیرکاری پاشاکانی شوانکارەی هێکسۆس بوو، لەسەر میسر. فیرعەونی میسر کە پەیمانی بە ئیسرائیلیکاندا، کە خانوو لە خشت دروست بکەن، ڕامسیسی دووەم بوو (١٢٩٢ – ١٢٢٥ پ.س.ب). بەڵام دەرچوونیان لە میسر، بە پێی تەورات، تا دەوروبەری ١٢٢٤ پ.س.ب خایاند.[279]

پەیمانی کۆن دەرچوون ٥: ١ – ٢

(١) دواتر موسا و هارون هاتن و بە فیرعەونیان گوت: خودای پەروەردگاری ئیسرائیل وا دەفەرموێت: بهێڵە گەلەکەم بڕۆن، بۆ ئەوەی لە چۆڵەوانی جەژنم بۆ بگێڕن.

(٢) فیرعەونیش گوتی: خودا کێیە هەتا گوێ لە قسەی بگرم، و بهێڵم ئیسرائیل بڕۆن؟ خودا ناناسم و هەروەها ناهێڵم نەوەی ئیسرائیل بڕۆن.

پەیمانی کۆن - ئیستەر ٩: ١٦ - ١٧

[279] عصام الدين حفني ناسيف (١٩٧٥) موسى و فيرعون، بين الإسطورية و التاريخية. ص ١٢

(١٦) هەروەها جولەکەکانی دیکەش کە لە هەرێمەکانی پاشادا بوون، کۆبوونەوە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و ڕزگاربوونیان لە دوژمنەکانیان. حەفتا و پێنج هەزار کەسیان لە ناحەزەکانیان کوشت، بەڵام دەستیان بۆ تاڵانی درێژ نەکرد .(١٧) ئەمە لە سێزدەی ئادار ڕوویدا، لە چواردەی مانگ پشوویان دا. وکردیانە ئاهەنگگێڕان و خۆشی.

دەبینرێ کە چۆن فیرعەون گیانی خودا لە یوسف دادەبینێ.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٤١: ٣٨

(٣٧) ئەم قسانە لەبەرچاوی فیرعەون باش بوو، هەروەها لەبەرچاوی هەموو دەستوپێوەندەکەی .(٣٨) فیرعەون بە دەستوپێوەندەکەی گوت: ئایا کەسێکی وەک ئەم پیاوەمان دەست دەکەوێت کە ڕۆحی خودای تێدابێت؟

(٣٩) ئینجا فیرعەون بە یوسفی گوت: لەدوای ئەوەی خودا هەموو ئەمانەی بۆت ئاشکرا کرد، ئیتر کوا لە تۆ وردبینتر و داناتر .(٤٠) تۆ لەسەر ماڵەکەی من دەبیت، هەموو گەلەکەشم لە دەمی تۆوە ڕاسپاردە وەردەگرن، تەنها لە تەختی پاشایەتی لە تۆ گەورەتر دەبم.

پەیمانی کۆن - دەرچوون ١٣: ١٨

(١٨) ئیتر خودا گەلی سووڕاندەوە بۆ ڕێگای چۆڵەوانی دەریای سوور. نەوەی ئیسرائیل بە ڕیز چەکداربوون بۆ جەنگ، و لە خاکی میسرەوە سەرکەوتن.

ج- موسا سەبارەت بە داتان و ئەبیرام گوتی:

پەیمانی کۆن سەرژمێر ١٦: ٣٠

(٣٠) بەڵام ئەگەر خودا شتێکی نوێی داهێنا، و زەوی دەمی کردەوە، و قووتی دان. لەگەڵ هەموو ئەوەی هەیانە، و بە زیندوویی چوونە خوارەوە. بۆ ناو جیهانی مردووان، ئەوا دەزانن کە ئەو کۆمەڵە سووکایەتییان بە خودا کردووە.

د- بەلعام گوتی:

پەیمانی کۆن - ژمێرە ٢٣: ١٠

(١٠) با بە مردنی چاکەکاران بمرم، کۆتاییشم وەک کۆتایی ئەوان بێ.

هـ- خودا وەڵامی ئەوانەی داوە کە تووڕەیان کردبوو:

پەیمانی کۆن - دواووتار ٣٢: ٢٢

(٢٢) چونکە بە تووڕەییم ئاگرێک داگیرساوە،
گڕ دەگرێت هەتا جیهانی مردووانی ژێرەوە،
زەوی و خەرمانەکەی دەخوات،
بناغەکانی چیاکان دەسووتێنێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، کە پێنج پەرتووکی موسا، لە پەرتووکەکانیتری پەیمانی کۆن جیاناکرێنەوە. بەڵکوو سەرجەمی پەرتووکی پیرۆز، کە بریتییە لە ٣٩ پەرتووک. تەنانەت ئەگەر تەورات وردەکاری ژیانی دوای مردنی نەخستبێتەڕوو، بۆمان دەردەکەوێت کە پەرتووکەکانی تر، ئاوڕیان لەو بابەتە داوەتەوە. بۆ نموونە پەرتووکی ئێستەر بە هیچ شێوەیەک ناوی خودا بە شێوەی زارەکی نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا پەرتووکێکی قانوونیە،

کە باس لە سرووشی، دینی موسا دەکا. تەنانەت ئەگەر ناوی خودا بە زارەکیش نەهێنرێ، گەلی جولەکە، لە خودا دەپاڕانەوە. و بەڕۆژوو دەبوون، و داوای بەزەیی ئەویان دەکرد. و باوەڕیان وابوو، خودا کاری گەورە بۆ گەلەکەی دەکا.[280]

## ناکۆکیەکانی قورئان لەسەر فیرعەون

لە قورئاندا سەبارەت بە ژیانی جولەکان لە میسر ناکۆکی هەیە. لە چیرۆکی یوسف لە قورئاندا، دەردەکەوێ کە فیرعەون چاکەی زۆری لەگەڵ یوسف و بنەماڵەکەیداکردووە. و ژیانێکی بە سەرفرازی و ئارامی بۆ دابینکردوون.

سورة یوسف ١٢: ٩٩ - ١٠٠

فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَىٰ يُوسُفَ ءَاوَىٰٓ إِلَيۡهِ أَبَوَيۡهِ وَقَالَ ٱدۡخُلُواْ مِصۡرَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ (٩٩) وَرَفَعَ أَبَوَيۡهِ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ وَخَرُّواْ لَهُۥ سُجَّدٗاۖ وَقَالَ يَٰٓأَبَتِ هَٰذَا تَأۡوِيلُ رُءۡيَٰيَ مِن قَبۡلُ قَدۡ جَعَلَهَا رَبِّي حَقّٗاۖ وَقَدۡ أَحۡسَنَ بِيٓ إِذۡ أَخۡرَجَنِي مِنَ ٱلسِّجۡنِ وَجَآءَ بِكُم مِّنَ ٱلۡبَدۡوِ مِنۢ بَعۡدِ أَن نَّزَغَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بَيۡنِي وَبَيۡنَ إِخۡوَتِيٓۚ إِنَّ رَبِّي لَطِيفٞ لِّمَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ (١٠٠)

[280] Breasted, Henry Jame (1933)The Dawn of Conscience. Pp. 330 – 331

کاتی لە یوسف وەژوورکەوتن، باوک و دایکی هێنایە لای خۆی، و گوتی بڕۆنە ناو میسر، ئەگەر خودا ئارەزووی لێبێ، ئاسوودە دەبن (٩٩) دایک و باوکی لەسەر تەخت بەرزکردەوە، و (براکانی) کڕنۆشیان بۆی برد. گوتی ئەی باوکە، ئەوە لێکدانەوەی خەونەکەی پێشوومە، و پەروەردگارم هێنایەدی. و خودا لەگەڵم باشبوو، کە منی لە بەندیخانە هێنایەدەر، و ئێوەی لە کۆچەریەوە هێنا، دوای ئەوەی شەیتان نێوان من وبراکانمی کرد. پەروەردگارم نایابە بۆ هەر شتێ کە دەیەوێ، لە ڕاستیدا ئەو زانا و دانایە (١٠٠)

یوسف باسی هاتنە ناو خاکی میسر. و گۆڕانی لە کەسێکی کۆیلەی فرۆشراو بۆ یەک لە نزیکترین کەسانی ڕاوێژکاری فیرعەون دەکا.(ئەو چیرۆکە لە تەورات و لە قورئانیش بە درێژی باسکراوە).

فیرعەون نەک تەنیا ڕێز لە یوسف دەگرێ، بەڵکوو داوای لێدەکا، سەرچەمی بنەماڵەکەیان بێنە میسر و ژیانێک خۆش و ئارامیان بۆ دابین دەکا، وەک یوسف دەڵێ منی لە بەندیخانە هێنایەدەر و ئێوەشی لە کۆچەری هێنا.

بەڵام بە پێچەوانەوە، لە سورەتی تردا قورئان بە زۆردار و دژی دینی خودا، و بەنی ئیسرائیل ناوی دەبا. کە خودا چۆن باسی ئەوە دەکا، بنی ئیسرائیلی لە دەستی فیرعەون ڕزگارکردووە.

سورة البقرة ٢: ٤٩

وَإِذۡ نَجَّيۡنَٰكُم مِّنۡ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ يَسُومُونَكُمۡ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبۡنَآءَكُمۡ وَيَسۡتَحۡيُونَ نِسَآءَكُمۡۚ وَفِي ذَٰلِكُم بَلَآءٞ مِّن رَّبِّكُمۡ عَظِيمٞ (٤٩)

که ئێوەم لە بنەماڵەی فیرعەون ڕزگارکرد، کە بە خراپترین شێوە ئازاری دەدان، کوڕەکانیان لێ سەردەبڕین و ژنەکانیان دەهێشتنەوە، و لەوەدا ئەزموونێکی مەزن لە لایەن پەروەردگارتان هەبوو. (٤٩)

لەلایەکیتر فیرعەون دەڵێ من خودای هەرە بەرزتانم.

سورة النازعات ٧٩: ٢٤

فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ (٢٤)

گوتی من بەروەردگاری هەرە بەرزتانم. (٢٤)

لێرەدا قورئان هەم لەگەڵ خۆی ناکۆکە، لەبەر ئەوەی تەورات وەک سەرچاوەی یەکەم و نزیک، باسی باشی فیرعەون و خەڵکی میسر دەکا، کەچی قورئان هێرشیان دەکاتە سەر، کە چەوسێنەر و بکوژ و خۆی بە خودا دەزانێ.

ئەو دەربڕینە پێچەوانەی مێژووی شارستانی میسر و ژیانی بەنی ئیسرائیلە، هەرگیز فیرعەون خۆی بە خودا نەزانیوە، بەڵکوو خودای میسر ڕەع یان ئامون ڕەع بووە، و فیرعەون نوێنەری خودای ئامون ڕەع بووە لەسەر زەوی. واتە نوێنەری خودا بووە، نەک خودا. ئەوەش لەو بەشە، لە چەند جێگای جیاواز باسکراوە.

لە پەرتووکی تاریخ بني إسرائیل، باسی نەخشونیگارە کۆنەکانی میسری، سەردەمی فیرعەون توتمیس ٣ (١٤٧٩ - ١٤٢٥ پ.س.ب) دەکا، کە ئەو نەخشونیگارانە ئاماژە بە (عابیرو) دەکەن. مەبەست لە عیبرانیەکانە، بە تایبەتی دوو فەرمانبەری باڵای دەوڵەت بەناوی (بیومەر و ئانتیف) کە لە بنەماڵەی عابرون بووین.

هەروەها ڕامسیس ٣ نۆکەری هەبووین لە بنەماڵەی عابیرو، بۆ خزمەتی پەرستگای ئامۆن لە عەین شەمس. ڕامسیسی چوارەم، ئاماژە بەوە دەکا کە لە سوپاکەیدا ٨٠٠ تیرهاوێژی هەبوون کە عابرو بوون. کە دەبێ لە سوپای بەکرێگیراو بووبن.
ئەو نەخشونیگارەکانە، باسی مێژووی بەنی ئیسرائیل دەکەن. کە دەبێ ژیانی عیبرانیەکان تەواو پێچەوانەی ئەوەبێ، کە قورئان باس دەکا.[281]

گشت ئەو بەڵگانە، ئەوە دەسەلمێنن کە عیبرانیەکان لە میسر ژیانیان، پێچەوانەی ئەوە بوو، کە قورئان باسیکردووە. چونکە عیبرانیەکان، فەمانبەری پلە بەرزبووین، کارەکەر و خزمەتکار بووین تا دەگاتە تیرهاوێژ لە سوپای میسری فیرعەونی.

281 البرموسي، الراهب أولوجيوس (٢٠١٨) تاريخ بنى إسرائيل، الجزء الأول. ص ٣٤

# بنەڕەتی پێنج کۆڵەگەی دین لە ئیسلام

میسریە کۆنەکان باوەڕی یەکتاپەرستیان هەبوو، کە لەسەر بنچینەی پینج کۆڵەگە پێکهاتبوو. ئەوەش بە میسری کۆن لە ووشەی (دي) دەردەبڕدرێ، کە دەکاتە پێنج. ئەو باوەڕە پێنجیە، ووشەیەکی میسری کۆنە هەر لە سەردەمی مینا پاشا، وەک چەقی باوەڕ چەسپی بوو. و دروشمی دەوڵەتیش، بە هەمان شێوە پێنج ئەستێرە بوو. کە بە نیوە مانگ دەوردرابوو. و وەک هێمای باوەڕی پێنجی و ڕیتوالەکانی دینی بوو.کە بریتی بوون لە:[282]

١ یەکتاپەرستی.

٢ نوێژ، دوای دەستنوێژگرتن.

٣ ڕۆژوو

٤ زەکات ( الماعون بە میسری کۆن)

٥ حەج

## ١ یەکتاپەرستی

میسرییە کۆنەکان باوەڕداربوون. و باوەڕیان بە خودا هەبوو. بەتایبەتی لە سەردەمی ئەخناتوندا، یەکتاپەرستی هاتە ئارا، و دەیانگوت:

---

282 أنطون ذكري (بلا تاريخ) الأدب و الدين. ص ١٢٨

ناوی خودا ناتوانرێ بزانرێ، چونکە لە سەرووی تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە.

ئەوان بە ئاکارەکانی وەک (ئامون)، بە واتای شاراوە، یان (رەع) بە واتای دەرکەوتوو، یان "پتاح"، بە واتای ئەفرێنەر ڕووندەکرانەوە. بەو مانیەش ناوەکانی خودای دینەکانی ئیبراهیمی، سەرەتا لای میسریەکان دەستی پێکردووە. و دوایی پەڕیوتەوە ناو دینەکانی جولەکە، کریستیانی و ئیسلام

ئەو شتانە دەهێنێتەوە کە لە پەرستگای ئێسنادا نووسراوە کە (پتاح) خۆی ئەفرێنەری خۆی بووە: میسریە کۆنەکان، دەیانگوت (نتر واع واعو نن سنو إف)، واتە (خودا یەکە و تایبەتە، هیچ شتێک وەک ئەو نییە)

لە پەرتووکی مردووان، بە دیاریکراویش بەشی ١٧، رەع خۆی ئاوزیرە، و ئاوزیریش رەع)ە. ئاوزیر خودای مردووانە، دەڵێ:

> ئەوەی دەست پاکێ و دڵی بێ گەردبێ، دەرگاکانی (یارۆ) واتە بەهەشتی بۆ دەکرێنەوە. کە ڕووباری هەنگوین و ئاوی زولالی لێیە. ئەوەی خراپەکاریش بێ دڕوندەیەک بەناوی (عم موت) عم واتە دەخوا، و موت واتە مردوو. بەو مانایەش دەبێتە مردووخۆر دەیبا.[283]

هەرچەندە دیمەنی (یارۆ) یا بەهەشتی میسری کۆن، بریتییە لە باخەکانی قەراخی ڕووباری نیل، دوای دەرچوونی لە دادگای ماعت، بەردەوامی ژیانی دەبێ. ئەگەر بەراوردێکی لەگەڵ بەهەشتی قورئان پێبکەی، جیاوازی بەدی ناکەی. بەڵگەش بۆ ئەوە، بە ووردبوونەوە لەو

---

[283] كتاب الموتى الفرعوني. السير والس بدج، ترجمة د. فيليب عطية، (١٩٨٨) مكتبة مدبولى. قسم السابع عشر.

چەند ئایەتە دەردەکەوێ، کە بەهەشتی قورئان لە ژێر کاریگەری ئەدەبی دینی میسری کۆن دەرنەچووە.

سورة التوبة ٩: ٧٢

وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ (٧٢)

خودا بەڵێنی بە پیاوان و ژنانی باوەڕدار داوە، بە بەهەشتێ کە ڕووبارەکان لە ژێریانەوە دەڕۆن، هەمیشە تیایدا دەمێننەوە، وە بە خانووبەرەی نایاب لە باخەکانی عەدن، وە ڕەزامەندیەك لە لایەن خوداوە لە هەمووی گەورەترە، ئەوەیە سەرکەوتنی مەزن. (٧٢)

سورة الرعد ١٣: ٣٥

مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ أُكُلُهَا دَآئِمٞ وَظِلُّهَاۚ تِلۡكَ عُقۡبَى ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْۚ وَّعُقۡبَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ٱلنَّارُ (٣٥)

نموونەی ئەو بەهەشتەی کە خوداپەرستان بەڵێنیان پێدراوە، لە ژێریەوە ڕووبارەکان دەڕۆن، خواردنەکەی و سێبەرەکەی بەردەوامە، ئەوە ئاکامی ئەو انەیە خۆپارێز بوون و ئاکامی کافرەکان ئاگرە(٣٥).

سورة الكهف ١٨: ٣١

أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُ يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَيَلۡبَسُونَ ثِيَابًا خُضۡرٗا مِّن سُندُسٖ وَإِسۡتَبۡرَقٖ مُّتَّكِـِٔينَ فِيهَا عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِۚ نِعۡمَ ٱلثَّوَابُ وَحَسُنَتۡ مُرۡتَفَقٗا (٣١)

ئەوانە بەهەشتەکانی عەدنیان بۆ هەیە، چەندین ڕووباریان لە ژێر دەڕوا، تیایدا خۆیان بە بازنەی زێڕ دەڕازێننەوە، و پۆشاکی سەوز دەپۆشن لە ئاوریشمی تەنك و ئەستوور، تیایدا لەسەر قەنەفە پاڵیان داوەتەوە، چاکترین پاداشت، و نایابترین شوێن (٣١).

ئەو سێ ئایەتەی سەرەوە، بە بەراورد لەگەڵ دەق (کتاب موتی الفرعوني)، دەری دەخا، کە هێڵێکی هاوتەریب لە نێوان ئەفسانەی بەهەشت هەیە.

# ٢ نوێژ

نوێژ و پاڕانەوەی شارستانیە کۆنەکان

دین جێگەیەکی بەرچاوی لە ژیانی گەلانی میزۆپۆتامیا و میسری کۆن گرتبوو، ئەوەش بەڵگەی زۆری دەق و نووسراوی دینی، لەلایەن خەڵکی ئەم شارستانیە دێرینانە، بۆ ئێمە بەجێماون. ئەو دەقانە لە ڕیزی جوانترین بەرهەمە ئەدەبییەکان دادەنرێن، کە تا ئێستا مابن. کۆمەڵێک ڕیتوالی دینی، وەک نوێژ و بەڵاگێڕکردن و ئاهەنگگێڕان، لە بۆنە دینیەکان و جادووگەری و دەرکردنی جنۆکە خراپەکان لە جەستە و ماڵ دەگرتەوە.[284]

[284] قاشا، الأب سهيل (بلا تاريخ) تاريخ الفكر في العراق القديم. مكتبة السائح. ص ١٩٩- ٢١١

# نوێژی سۆمەریەکان

نوێژ لای سۆمەریەکان، بە شێوەیەکی ڕۆژانە و ڕێکوپێک ئەنجام نەدەدران. هەروەها دەقێکی دیاریکراویان نەبوو، ڕیتوالی جێگیریش نەبوون. بەڵکو جۆرێک لە دەقی دینی پاڕانەوە بوون، کە پێشکەش بە خودایەکی دیارکراو دەکران. نوێژخوێن هەرکاتێ دەچووە پەرستگا، لەبەردەم پەیکەری خودایەکدا ئەو نزا و پاڕانەوەی دەیخوێندن.

ئەو ڕیتواڵە لە ماڵ و کۆشک و هەر شوێنێکی تردا پەیڕەودەکرا. نوێژکردن دەتوانرا بە هەردوو شێوەی، بە هاوڕێیەتی کاهینێک، یان بە تەنیا ئەنجام بدرێ.

نوێژەکان جیاوازن بوون، سروودەکان بریتیبوون لە نزاو پاڕانەوە، و بە ڕیتم و مۆسیقا ئەنجام نەدەدران، کەچی سروودەکانی بۆ ستایش و شکۆمەندی خودا، کە زۆربەیان بە ئامێری مۆسیقا ئەنجام دەدران. نوێژ بە گرنگترین ڕیتوالی دینی دادەنرا، کە باوەڕدار دەبێ لەبەردەم خودا، لە پەرستگا یان لە ماڵ ئەنجامی بدا. بەزۆری نزاو پارانەوە بە سڵاوێک دەستی پێدەکرد. کە تێیدا بە زنجیرەیەک ئاکاری بەرز باسی خودا دەکرا، کە وا هەڵدەبژێردران، تا جەخت لەسەر ئاکارە خوداییەکان بکەنەوە. و وەڵامی پێداویستییەکانی نزاکار بدەنەوە. پێکهاتەی نوێژە بە گلەیی و پێداویستی تایبەتمەندبوو. لەگەڵ داوای یارمەتی لە ئاسمانەوە، باسکردنی بەخشندەیی و لێبووردەیی خودا، و شایستەی تەوبەکار، لەگەڵ بەڵێنی گۆرانی و ستایشکردن ئەگەر دوعای تەوبەکار وەڵام بدرێتەوە. وەک فۆرمولەیەکی پەردەپۆش وایە کە داوای وەڵامێکی خێرا بۆ پەیامە ئاساییەکان بکا، یان فۆرمولەیەکی نوێ بۆ داواکردن لە

خودا دڵی نەرم بکاتەوە.[285]

یەکێک لە وەستانەکانی نوێژکردن لە ناو سۆمەرییەکان، بریتی بوو لە دانانی دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ، لەسەر بەشی سەرەوەی کەمەر. ئەم وەستانە دوای دەستنوێژ بە ئاو، کە بە ڕیتوالی سەرەکی لە نوێژ دادەنرا، دەستی پێدەکرد. سۆمەری لە بەرەبەیان ڕۆژەکەی دەست پێدەکرد، و دەستنوێژی دەگرت و لە خوداکان دەپاڕانەوە. و هەر خواردنێک کە لەبەردەستدا بوو دەیانخوارد و دواتر دەستیان بە کارەکانیان دەکرد.[286]

دوو تەوەری سەرەکی لە نوێژی سۆمەریەکاندا هەبوو. ئەوانەش داواکاری و سوپاسگوزاری بوو. کە بە وشەی خوداپەرستی دەربڕدران و ئەزموونی بابەتی باوەڕدار، وایدەکرد بە شێوازێکی ئەفسانەیی پێشکەش بکرێن.[287]

سۆمەریەکان، نوێژیان بەبێ دەستنوێژ نەدەکرد. دەستنوێژ ڕیتواڵێکی پیرۆزبوو، بۆ هەر ئەرکێکی دینی. و هەمیشە بە خوێندنەوەی پاڕانەوەیەک دەستی پێدەکرد. دەستنوێژ بریتی بوو لە شوشتنی دەست بە ئاو، گۆزە یان مەرکانەی (گۆمیلکەی پیرۆز)، پێی دەگوترا (ئاپسو). کە لە گشت پەرستگاکانی سۆمەری، وەک ئەریدۆ، لاگەش دا هەبوو. ئەو کانیە ئاوە بەسترابووەوە، بە جۆگەی ئاوی پاک، لە دەرەوەی پەرستگا.[288]

---

285 Hallow, w.w Lamentations and Prayers in Sumer and Akkad, in Civilization of the Ancient Near East, by Jaek, Mason, vol III, New York. 1995, p. 1876 – 1877.

286 باقر، د. طه(٢٠١٢) مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة. الطبعة الثانية. لشركة دار الوراق للنشر المحدودة.

287 قاشا. سهيل (بلا تاريخ) تاريخ الفكر في العراق القديم ص ٢٠١ إلى ص ٢٠٩

288 Burrows, Eric (1932) Problmems of the ABZU.




وێنەی چەند کاهین سۆمەری دەبینرێن (کۆمەڵێک پەیکەری نوێژکەرن) لە کاتی نوێژکردندا، دەست یان بازوویان لەسەریەک دادەنێن.

نوێژ دوو جۆر بوو: تاک یان کۆمەڵ. نوێژی بە تاک دەتوانرا لەماڵ یا پەرستگا یا هەر شوێنێکیتر بکرێ، بەڵام نوێژی بە کۆمەڵ لە پەرستگا دەکرا، کە کاهینێک پێشنوێژی دەکرد.[289]

زاراوەی سۆمەری شو. ئیل.لا (SU-IL.LA) نوێژی دەستبەرزکردنەوە. بریتیە لە نوێژێک، کە تەنیا لە پەرستگا دەکرا. مەبەست لەو نوێژە، پاڕانەوە و قسەکردن بوو لەگەڵ خودا. بۆ ئارامکردنەوەی لە تووڕەیی. ئێمە سال (Eme- Sal) شێوەیەکی ئەدەبی تایبەتە بە پەرستن.[290]

---

[289] الأحمد، د. سامي سعيد (٢٠١٣) المعتقدات الدينية في العراق القديم، ص ٥٤

[290] Black J.A.Eme-Sal cult and Prayer (Ao) vol. IX. 1991

# نوێژ لای میسرییە کۆنەکان

نوێژی ئیسلام، کۆپی نوێژی میسریە کۆنە، و تا ئاستێکی بەرز لاساییکردنەوەیە. بۆیە باشتر وایە هەنگاو بە هەنگاو ڕوونبکرێتەوە.

نوێژ لە میسری کۆن، هەمیشە بە دەستنوێژگرتن دەستی پێدەکرد. لەو وێنەیەدا دەبینین مینا پاشا دەچێتە (بر ضوا) شوێنی دەستنوێژ، لە دوای ئەو کەسانی مەسینەی ئاویان بەدەستە (مەسینەهەلگر). [291]



مینا پاشا دەستنوێژ دەشوا

[291] Walter, B, Emeri (2000) Archaic Egypt. Pp. 233

# پێگەکانی نوێژ

دەستنوێژ بە دەربڕینی مەبەست دەستی پێدەکرد. میسرییە کۆنەکان دەیانگوت: بەنیازم نوێژ بکەم. پاشان بە شۆردنی دەموچاو و سڕینەوەی نێوچەوان و گوێ و لووت دەستی پێدەکرد، دواتر دەستەکانی تا ئەژنۆ دەشووشتن، لە کۆتاییدا پێی ڕاستی، ئەوسا پێی چەپی، لە ئاوەکەدا نوقم دەکرد. [292]

داپۆشینی ناوگەڵ: ئەمە مەرجێک بوو، کە دەبوایە تا ئەژنۆکان داپۆشرێ.

ڕووگە (قیبلە): ئاراستەی باشوور بوو، بە تایبەتی بەرەو گۆڕی ئۆزیریس لە ئەبیدۆس.

کۆڵەگەکانی نوێژ: لەوانە تەکبیر هاواردەکا (خودا گەورەترە) وەستان (دەستی ڕاست لەسەر چەپ)، چەمانەوە، کڕنۆش بردن و دانیشتن.

لە میسری کۆن پێنج جۆر نوێژ هەبوو ، و هەمیشە بە دەستنوێژگرتن دەستی پێدەکر. سێ نوێژی هەر ڕۆژە و بە شێوەیەکی سیستەماتیک بوون:

١ نوێژی بەیانی (کاتی ڕۆژهەڵاتن) سڵاو لە خودای ئەفرێنەر وەک ڕەع و ئاتۆم، داوای ڕووناکیکردن بۆ پارێزگاری ڕۆژێکی نوێ.

٢ نوێژی نیوەڕۆ (لە ناوەڕاستی ڕۆژ) داوای هێز و ژیان، نوێژ بۆ خودا لە هێز و بڕشتی

٣ نوێژی ئێوارە (کاتی ڕۆژئاوا) سوپاسی خوداکردن بۆ کۆتایی ڕۆژ، داوای پارێزگاری لە ترسەکانی شەو دەکرد، و چوونە ناو جیهانێکی تری تاریک.

---

[292] نديم السيار - المصريون القدماء.. أول الحنفاء ٣١٧

نوێژی چوارەم و پێنجەم وەک ڕیتوالی تایبەتی بوون:
٤ نوێژێ (حتب دي نسي) نوێژی مردووان ( بۆ مردوو پاڕانەوە) لەو نوێژەدا، داوای ئارامی و خوراک لە جیهانی تر دەکرد.
٥ نوێژی پاشا: ڕیتوالێکی تایبەتە بۆ پاشا، کە تێیدا داوای هاوکاری لە خوداکان دەکا، بۆ پاراستنی میسر و دەستەبەرکردنی فەرمانڕەواییەکەی.

بە شێوەیەکی گشتی شێوەی نوێژی میسری وەک شێوەی نوێژی ئیسلام وایە، تەنانەت بە وەستان و چەمانەوە و کڕنۆش بردن و هتد.. تا دەگاتە ئەو شتانەی دەستنوێژ دەشکێنن، هەمان ئەو شتانەن کە ئەمڕۆ ناسراون.

سەبارەت بە داپۆشینی ناوگەڵ، مەرجێک هەبوو، بۆ ڕەوایەتی نوێژ، و بەتایبەتی جلەکان، دەبوو تا ئەژنۆ داپپۆشن.[293]

## جوولانەکانی نوێژکردن، بریتی بوون لە پێنج

١ دۆخی بانگدان.

---

[293] کتاب الموتی الفرعونی. السیر والس بدج، ترجمة د. فیلیب عطیة، (١٩٨٨) مکتبة مدبولی، ص ٢٧، ٣١، ٥٣، ٦٩



٢ لای چەپ لەسەر چۆک دانیشتن، لای ڕاست نوێژخوێن بە وەستانەوە، دانانی دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ، دادەنا.





٣ دۆخی چەمانەوە: کاتی دۆخی وەستان نزاخوێندنی کۆتایی دەهات، خوی وەک گۆشەی ٩٠٪ دەنووشتاندەوە. و هەردوو دەستەکان لە پشت چۆکی گیردەکرد.



٤ دۆخی کڕنۆشبردن (سجدة): نوێژخوێن بۆ کڕنۆشبردن ئەوەندە خۆی نزم دەکرد، کە دەم و چاوی لە زەوی دەدا، و هەردوو دەستەکانی دەخاتە سەر زەوی.



٥ دۆخی دانیشتن و سەلام دانەوە

لە کۆتایی نوێژدا نوێژخوێن، بە نزا و پاڕانەوە، کۆتایی بە نوێژ دێنێ.



بەگشتی نوێژی میسری بریتی بوو لە چەند جوولەیەک وەک لەو وێنەیە، یەکە یەکە نیشانیان دەدا، کە بە ئاسانی نوژی ئیسلامی تێدا دەنaسرێتەوە.[294]



[294] هەمان سەرچاوە ل ٣٧٤

میسریە کۆنەکان لە نوێژکردن، بەو شێوەیە دەپاڕانەوە:

ئەی تاک و تەنیا، کە هەمیشەی، و خۆت خۆتت دروست کردووە، و ملیۆنان کەست، بۆ ڕێگاکان ڕێنمایی کردووە، کە واتکردووە کۆرپەلە لە سکی دایکیدا گەشە بکا. من نە زیانم بە مرۆڤێک گەیاندووە، نە بوومەتە هۆی نەهامەتی بە ئاژەڵێک، نە ڕووەکێکم ئازار داوە، بە لەبیرکردنی ئاودانی، بەڵکو چاوێک بووم بۆ نابیناکان، دەستێک بووم بۆ پەککەوتووەکان، قاچێک بۆ ئەوانەی کەوتوون، و باوکێک بۆ هەتیو. دڵم پاکە، دەستەکانم پاکن.[295]

نوێژکردن لە میسری کۆن، بە پێچەوانەی دینە یەکتاپەرستەکان، وەک یەک نەبوون، بەڵکوو چەقی لەسەر خودا سەرەکیەکانی (ڕەع، ئەوزێریس، ئیزیس و حورس) بوو. ئەوانەش جیاوازبوون، بەپێی پەرستگا و کات.

چەقی ڕیتوالەکان ( بەخشین، ڕیتوال، سوروود) بوون زیاتر لە تەنیا جوولانی جەستە. ئەوەش لە پەرستگا بە شێوەیەکی سەرەکی دەکران.

ئەو شێوە نوێژکردنە، بەر لە هەزاران ساڵ بەر لە پەیدابوونی دینە یەکتاپەرستەکان هەبووین، و هەر لە سەرەتای لە سەردەمی شارستانەکۆنەکانی وەک میسری کۆن میسۆپۆتامیا داهێنراون. کەچی دینەکان تەنیا لاساییان کردوونەتەوە. و تەنانەت داهێنانێکیان تێدا نەکردووە.

---

[295] کتاب الموتی الفرعونی. السیر والس بدج، ترجمة د. فیلیب عطیة، (١٩٨٨) مکتبة مدبولی، ص ٢٧، ٣١، ٥٣، ٦٩

# چۆن نوێژی میسریەکان گەیشتە ئیسلام؟

شتێکی شاراوە نییە، ویژدانی میسری، کاریگرەییەکی بەهێزی لەسەر دینی جولەکە و ئیسلام داناوە. نوێژی میسری کۆن زۆر لەیەکچوونی، لەگەڵ نوێژی جولەکەدا هەیە. ئیسلامیش درێژبوونەوەی دینی جولەکەیە، بۆیە پەڕینەوەی ئەو کولتوورە دینیە، شتێکی سرووشتیە، ئەگەر هێڵی هاوتەریبی زۆر نزیک لە نێوان نوێژی میسری کۆن، و نوێژی ئیسلام هەبێ.

## نوێژی جولەکە

شتێکی ئاشکرایە جولەکە لە میسری کۆن، و لەگەڵ خەڵکی ژیاون، بە درێژایی سەدان ساڵ لە ژێر کاریگەری کۆمەڵایەتی و دینیان دابووین. چیرۆکە ئەفسانەییە دینیەکان دەگێڕنەوە کە ئیبراهیم، لەگەڵ سارای ژنی سەردانی میسری کردووە و لەگەڵ فیرعەونی میسری و خەڵکی میسری بۆ ماوەیەک ژیاون. ئەوەش بەر لە هاتنیان بۆ خاکی کەنعان و نیشتەجێ بوون لێی. بەو شێوەیە نەبی ئیبراهیم تێکەڵاوی ویژدانی میسری بوو، بە پێی پەیمانی کۆن دوای ئیبراهیم، یوسف و دواتر یاقوب و تادەگاتە موسا. ئەوانە گشتیان لەناو هەناوی کۆمەڵگەی میسری ویژدانی دینیان دادەژیان. و کاریگەری لەسەریان هەبوو.
میسریە کۆنەکان هەرچەندە چەندین خودایان هەبوون، بەڵام خودای هەرە مەزنیان ڕەع بوو. پەرستنەکانیشیان بۆ ئامۆن ڕەع بوو. کاتی جولەکە، تێکەڵاویان لەگەڵ میسریەکان و ئاشنابوونیان لەگەڵ شێوازی نوێژکردنیان پەیداکرد، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیرو

باوەڕیان دانا. بۆیە دەبینین هەندێ لە دیمەنەکانی فیرعەونی لە ڕێگای نوێژی میسری دەگەنە ناو دینە ئیبراهیمیەکان.

شێوەی نوێژی جولەکە لە چەند وێنەی جیاواز، نیشانی دەدا، چەند لە ژێرکاریگەری نوێژی میسری دایە.



لە ڕاستەوە بۆ چەپ وەستان و چەمانەوە هتد ...



دانیشتن و کڕنۆش بردن (السجود)

# نوێژی ئیسلام لە قورئاندا

هەرچەندە موسوڵمان، بەردەوام دەیەوێ، لە باسی سەرچاوی نوێژی ئیسلام خۆی بدزێتەوە. و بە بیانووی نەگونجاو، باسی سوننەتی نەبەوی دەکەن، کە وەک تەواوکەی ئایەتەکانی قورئان، وەک پەرجوو (معجزة).

باوەڕداران دەڵێن: چۆن نوێژ گەیشتە ئێمە، ئەگەر پەرجووی (معجزة) سوننەتی نەبەوی نەبێ، و تەواوکەری قورئانی پیرۆزە نەبێ؟ و دەڵێن: ئەگەر قورئان تاکە وەحی بێ و پێغەمبەر وەحی نەهێنابێ بۆ ڕوونکردنەوەی.

وەک لەدەرەوەی مێژوو خەوتبن، ئاگایان لە دەقەکانی قورئان نەبووبێ، چۆن دووبارەی نوێژی جولەکە و میسری کۆن دەکاتەوە. هەرچەندە ،لە ئایەتەکانی قورئان بە شێوەی پچڕپچڕ، و لە سوڕەتی جیاواز دا هاتووە، بەڵام ئەگەر سەرجەمیان کۆبکرێنەوە، دەردەکەوێ هەموو شێوازەکانی نوێژ، هەنگاو بە هەنگاو، لە ناو دەق ئایەتەکان دەدۆزرێنەوە. دواتر دەتوانرێ بەراوردێکی لەگەڵ نوێژی میسری کۆن، و جولەکە پێبکرێ. دەکرێ بە سەیرکردنی ئەو چەند ئایەتە، روونبکرێتەوە:

دەربارەی دەستنوێژگرتن:

سورة المائدة ٥: ٦

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ ۚ وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا ۚ وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَىٰ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ مِنْهُ ۚ مَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ حَرَجٍ وَلَٰكِنْ يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (٦)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، کاتی هەڵسان بۆ نوێژکردن، ڕوخسارتان و دەستەکانتان تاوەکو ئەنیشکتان بشۆن، وە بە دەست بەسەرتان و پێکانتان تاوەکو گۆزینگەکانتاندا بسرنەوە، و ئەگەر گانتان کردبوو ئەوە خۆتان پاککەنەوە، وە ئەگەر نەخۆش بوون، یان لەسەر سەفەر بوون، یان یەکێکتان لە گوکردن گەڕایەوە، یان دەستتان لە ژنان دا و ئاوتان بەدی نەکرد، ئەوە تەیەمووم بە خۆڵێکی پاك بکەن، پێیەوە ڕوخسارتان و دەستەکانتان بسڕنەوە، خودا نایەوێ تەنگژەیەکتان بۆ بهێنێتە ئارا، بەڵام دەیەوێ پاکتان کاتەوە، و چاکەکەی خۆی بەسەرتاندا تەواوبکا. بەڵکوو سوپس دەکەن (٦)

کاتی نوێژکردن

سورة الإسراء ١٧: ٧٨

أَقِمِ الصَّلَاةَ لِدُلُوكِ الشَّمْسِ إِلَىٰ غَسَقِ اللَّيْلِ وَقُرْآنَ الْفَجْرِ ۖ إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا. (٧٨)

نوێژ بکە، لە خۆرهەڵاتن تاکو تاریکایی شەو. و قورئانی بەرەبەیانیش. چونکە قورئان خوێندنی بەرەبەیانیان دەبینرێ (٧٨)

بەو پێیە لە سەرتا، تەنیا  نوێژی بەیانی ئێوارە بووە.

سورة  البقرة ٢: ٢٣٨

حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلَاةِ الْوُسْطَىٰ وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ. (٢٣٨)

وە پارێزگاری لە نوێژەکان، وە بە تایبەتی نوێژی ناوەڕاست بکەن، وە بە ملکەچکردن بۆ خودا بوەستن. (٢٣٨)

لێرە بەدواوە، واتە دوای کۆچ بۆ مەدینە، نوێژی ناوەڕست زیاد دەبێ، واتە ڕۆژانە دەبێتە سێ نوێژ، بەیانی و ناوڕاست و ئێوارە.

سورة هود ١١: ١١٤

وَأَقِمِ الصَّلَاةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ ۚ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ۚ ذَٰلِكَ ذِكْرَىٰ لِلذَّاكِرِينَ. (١١٤)

و نوێژ بکە لە هەردوو جەمسەری ڕۆژ، و بەشێك لە شەو، لە ڕاستیدا چاکەکان، خراپەکان دەبەن، ئەوە وەبیرهێنانەوەیە بۆ ئەوانەی یاددەکەنەوە. (١١٤)

سورة النور ٢٤: ٥٨

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنْكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنْكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ۚ مِنْ قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُمْ مِنَ الظَّهِيرَةِ وَمِنْ بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ۚ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَكُمْ ۚ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ ۚ طَوَّافُونَ عَلَيْكُمْ بَعْضُكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ. (٥٨)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، با ئەوانەتان کە کۆیلەتانن و ئەوانەی هێشتا تەمەنیان نەگەیشتۆتە تەمەنی خەونبینین مۆڵەت وەربگرن (بۆ هاتنە ژوورەوە)، سێ جار بەر لە نوێژی بەیانیان، وە نیوەڕۆ، کاتی جلەکانتان دادەنێن. و لە دوای نوێژی شەوان، ئەوە سێ کاتی شەرمەندەیین بۆ ئێوە، وە گوناهی ئێوە و ئەوان ناگات ئەگەر لە دەرەوەی ئەوکاتانە هەندێکتان بە سەر هەندێکتان دا بگەڕێن، بەو جۆرە خودا بۆ ئێوە ئایەتەکانی ڕوون دەکاتەوە، وە خودا زانا و دانای (٥٨)

ڕوونکردنەوەی نوێژی تایبەتی هەینی:

سورة الجمعة ٦٢: ٩

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ (٩)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێك بۆ نوێژکردن بانگ دەدرێ، لە ڕۆژی هەینی ئەوە بڕۆن بۆ یادکردنەوەی خودا و دەستبەرداری کڕین و فرۆشتن بن، ئەوەیان چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن. (٩)

دیاریکردنی ڕووگە (قبلة)

سورة البقرة ٢: ١٤٤

قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا ۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ ۗ وَإِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّهِمْ ۗ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ (١٤٤)

دەبینین کە ڕووت لە ئاسماندا دەگەڕێ، جا سوێند بێت وەردەگێڕین بۆ قیبلەیەك کە ڕازیت دەکا، دەسا ڕووت وەرگێڕە بە ئاڕاستەی شوێنی

کرنۆشبردنی حەرام، و ئەو شوێنەی لێی بوون. دەسا ڕووتان بە ئاڕاستەی ئەوێ وەرگێڕن. و ئەوانەی خاوەن پەرتووکن دەزانن، کە ڕاستە لەلایەن خوداکەیانەوە، و خودا بێ ئاگانییە لەوەی دەیکەن (١٤٤)

لە کۆتاییدا سەبارەت بە نوێژی کورتکراوە:

سورة النساء ٤: ١٠١

وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنَ الصَّلَاةِ إِنْ خِفْتُمْ أَنْ يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا ۚ إِنَّ الْكَافِرِينَ كَانُوا لَكُمْ عَدُوًّا مُبِينًا (١٠١)

و کاتێك بە خاکەکدا ڕۆیشتن، ئەوە گوناهێکتان ناگات کە نوێژتان کورت بکەنەوە، ئەگەر ترسان کە ئەوانەی بێباوەڕ بوون دەستوبردتان لێ بکەن، لەڕاستیدا کافرەکان بۆ ئێوە دوژمنێکی ئاشکرابوونە. (١٠١)

بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ئەو حەوت ئایەتەی قورئان، دەتوانرێ دیمەنی نوێژی ئیسلام بەرجەستەبکرێ. و لەلایەکیتر هەر ئەو حەوت ئایەتە، بە بەراورد لەگەڵ نوێژی میسری، دەریدەخا نوێژی ئیسلام بێجگە لە کۆپیەکی وەرگیراو زیاتر نییە.

# ٣ ڕۆژوو

ڕۆژوو لای سۆمەریەکان

سۆمەریەکان بەهۆکاری دینی، هەندێ جۆری خواردەمەنیان قەدەخە دەکرد، کاهینەکانیان فەرمانیان دەدا، کە هەندێ جۆری گۆشت، مێوە و سەوزە بۆ ماەیەکی دیاریکراو نەخۆن.[296]

ڕۆژوو بریتییە لە ٣٠ ڕۆژ کە لەو ماوەیەدا، قەدەغەیە ڕۆژووگر خواردن و خواردنەوە تا دەگاتە قسەی خراپی وەک بوختان و درۆ بکا. بێجگە لە شتی باش و سوودبەخش.

ڕۆژوو لە قورئان ئەرکە، کەچی هیچ ڕوونکردنەوە، سەبارەت بە هۆکاری ئەو ئەرکە چییە، تەنیا دەڵێ هەروەک لەسەر پێشینەکانتان نووسراوە.

سورة البقرة ٢: ١٨٣

> يا أيها الذين آمنوا كتب عليكم الصيام كما كتب على الذين من قبلكم. (١٨٣)
>
> ئەی گەلی باوەڕداران، لەسەرتان نووسراوە ڕۆژووبگرن، هەروەك لەسەر پێشینەکانیشتان نووسرا، بەڵکوو لە خودا بترسن. (١٨٣)

[296] ماجدي، د. خزعل (بلا تاريخ) متون سومر ص ٣١٣

دوای خوێندنەوەی ئەو ئایەتە، پرسیارێک دێتە پێش: ئەوانە پێشین کێن؟ بۆیە دەکرێ، گوزەرێک بە لاپەڕەکانی مێژووی ڕۆژووگرتن دا بکرێ، تا بزانرێ نووسەری قورئان مەبەستی کێیە!

مێژوونووس و گەڕیدەی یۆنانی هێرۆدۆت دەگێڕێتەوە دەڵێ: میسرییەکان بەڕۆژوو دەبن. بەڵام باسی چۆنیەتی ڕۆژووگرتنیان ناکا.[297]

هەروەها مێژوونووس ئەحمەد شلبی دەڵێ: میسرییە کۆنەکان ڕۆژوویان دەگرت. و ڕوونی دەکاتەوە کە وشەی (الصوم) وشەیەکی میسری کۆنە کە لە دوو بەش پێکدێ: "صو"، بە واتای خۆڕاگرتن، خۆقەتیسکردن، یان ڕێگریکردن و بەشی دووەمیش پیتی (م)، بە واتای (لە). بەو شێوەیە وشەکە بە واتای (خۆ قەدەغەکردن لە خواردن، خواردنەوە، یان تەنانەت قسەکردنیش دێ. میسریەکان لەگەڵ گزنگی بەرەبەیان تا ڕۆژئاوابوون، بۆ ماوەی سی (٣٠) ڕۆژ بە ڕۆژوودەبوون.[298]

ئامانجی بەڕۆژووبوون داپۆشینی (الكفارة)، یان خۆشبوون لە تاوان و هەڵە.

سورة المائدة ٥: ٨٩
فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ ثَلَـٰثَةِ أَيَّامٖۚ ذَٰلِكَ كَفَّـٰرَةُ أَيۡمَـٰنِكُمۡ إِذَا حَلَفۡتُمۡۚ (٨٩)
جا ئەوەی نەیبوو، ئەوە سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بوون، ئەوە کەفارەتی ئەو سوێندەیە کە خواردووتانە (٨٩)

---

[297] Herodotus. The histories.

[298] شلبي، د. أحمد (١٩٨٨) مقارنة الأديان.

ووشەی كفارة ووشەیەكی میسری كۆنە، بە مانای داپۆشین یان سڕینەوە دێ. ئەو ووشە میسریە هاتە ناو عیبری و دواتریش عەرەبی. بە ئینگلیزی دەبێتە (Cover). بەو مانایەش كەفارەت، دەبێتە داپۆشین یا سڕینەوەی تاوان.[299]

لە دینی جولەكە ڕۆژوو تەنیا یەک ڕۆژە، ئەویش دادوەر سمۆئیل كردیە ئەرک، بۆ (كەفارەت) سڕینەوەی تاوانی سەردەمی پەرستنی فرەخودایی.

لە دینی كریستیانی، ڕۆژوو ئەرک نییە. و تەنیا یەک ڕۆژ بەڕۆژوودەبوون.ئەو ڕۆژووەش، بۆ هەستكردنە، بە یەسوی كریست، كە چل ڕۆژ بەڕۆژوو بوو.

سابیئیە مەندائیەكان كە دینیان لە نەبی ئیدریس وەرگرتووە، سی ڕۆژ بەڕۆژوودەبوون، (مانگی رەمەزان).[300]
مانگی ڕەمەزان لە دەركەوتنی مانگ دەستپێدەكا، بە گۆرانی (وحوی یا وحوی) وەک بەخێرهاتنی مانگی ڕۆژووگرتن.[301]

# ٤ حەج

لە میسری كۆن، حەجكردن بۆ ئەبیدۆس (ئەمڕۆ پارێزگاری سوهاج) پەیوەست بوو بە پەرستنی خودای ئۆزێریس، چونكە پێیان وابوو سەردانی شوێنە پیرۆزەكان ڕێگەیەكی دڵنیا

---

[299] السيسي، د. وسيم (٢٠١٥) هذه هي مصر، دار المصرية اللبنانية . ص ١٢٨ - ١٢٩
[300] ابن حزم، الملل والنحل. الجزء الأول، صفحة ٣٤، لەژێر ناوی(والصابئة يصومون شهر رمضان)
[301] شلبي، د. أحمد (١٩٨٨)مقارنة الأديان.

بۆ ژیانی دوای مردن مسۆگەر دەکات. ڕێتوالەکان بریتی بوون لە کاروانی پرسە و پێشکەشکردنی بەڵاگیری. بۆ شاری ئەبیدۆس، ئامانجی سەرەکی بوو، بۆ حاجیانی میسری کە بە هیوای ئەوەی لە نزیک گۆڕی ئۆزیریس لە ئەبیدۆس بنێژرێن. تەنانەت ئەوانەی توانای ناشتنیان لە ئەبیدۆس نەبوو، تابلۆیەکیان، بە ناو و نازناو و پاڕانەوە بۆ خودا دادەنا.

ئەبیدۆس وەک شارێکی پیرۆز، بۆ سەردانی بۆ فیرعەونەکان (World Heritage Sites) ناودەبا، هەروەها لە لیستی تاقیکاری میسردایە بۆ ئەوەی ئەگەری هەیە بخرێتە لیستی میراتی جیهانییەوە. لە سەرەتای شانشینی یەکەمەوە شارێکی پیرۆز بووە. کۆمپلێکسی شوێنەوارناسیەکە پاشماوەی شارێک و هەرەمی شاژنە تێتیشێری و پەرستگایەکی گۆڕستان و تابوت و پەرستگایەکی بە باخچەی هەڵواسراو (Temple of terraces) لەخۆدەگرێت. هەروەها گۆڕی شاهانە لەوێ لە ئوم ئەلقاعب دۆزراونەتەوە.[302]

## حەج بۆ ئەبیدۆس

ئەبیدۆس کە ئێستا بە (العرابة المدفونة) ناسراوە، دەکەوێتە میسری باکوور، لە نزیک شاری (البلینا) لە پارێزگای سوهاج. ئەم شارە دێرینە کە بە هیرۆگلیفی بە (أبدجو) ناسراوە، ناوەندێکی دینی گەورە بووە. کە تایبەت بووە بە ئۆزێریس، خودای ژیانی دوای مردن.

[302] ولید، بدران، بي بي سي نيوز عربي ١٤ يونيو/ حزيران ٢٠٢٤

بنەڕەتی ئەبیدۆس، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش شانیشینەکان. ئەوکاتە ناوەندێکی دینی ناوخۆیی بوو. بە یەکگرتنی میسر و دامەزراندنی شانشینی یەکەم، ئەبیدۆس بووە شوێنێکی گرنگ بۆ فیرعەونەکان، گۆڕەکانی (أم العقاب)ی تێدایە. کە گۆڕی پاشاکانی شانشینی یەکەم و دووەمە.

حەج بۆ ئەبیدۆس، لە شانشینی کۆنەوە دەستی پێکرد، و بەدرێژایی چەندین سەدە، گرنگییەکەی گەشەی سەند. بەتایبەتی لە سەردەمی شانشینی ناوەڕاست (نزیکەی ٢٠٥٥-١٦٥٠ پ.س.ب) و شانشینی نوێ (نزیکەی ١٥٥٠- ١٠٦٩ پ.س.ب). ئەو حەجە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکانی بیروباوەڕی دینی و زیادبوونی ناوبانگی پەرستگای ئۆزێریس بوو، کە وردە وردە بووە خودای سەرەکی ژیانی دوای مردن و زیندووبوونەوە.

سەردانی حەج، گەشتێکی ڕۆحی پیرۆز بوو، دەوڵەمەند بوو بە ریتواڵی دینی و مانای سیمبۆلیک. سەردانیکەران لە هەموو میسرەوە دەهاتن، بە پێ یان بە بەلەم بە درێژایی ڕووباری نیل دەچوونە ئەبیدۆس. وەرزی سەرەکی سەردان بەروارێکی دیاریکراوی هەبوو، لە هەشت تا بیست و شەشەمی مانگی یەکەمی وەرزی لافاو.



گەشتی حەج بۆ ئەبیدۆ، وەک گەشتێکی ڕوحی پیرۆز، و پڕ لە ڕیتوالی دینی. تەنانەت جلی حاجیانیش هەروەک ئێستای حاجیانی موسوڵمان وایە.

حاجیان بەشدارییان لە، شانۆگەریی کاروانی پرسە هێمادارەکاندا دەکرد. کە مردن و زیندووبوونەوەی ئۆزێریسیان پیشان دەدا. ئەم کاروانانە لە پەرستگای کەرنەک لە طیبة دەستیان پێکرد. و لە ئەبیدۆس کۆتاییان دەهات. لەگەڵ گەیشتنیان بە ئەبیدۆس، حاجییەکان بەڵاگێریان پێشکەش بە ئۆزێریس دەکرد. ئەم قوربانیانە بریتی بوون لە خواردن و خواردنەوە و پێشکەشکردنی ئاژەڵ. مەبەست لەم پێشکەشکردنانە بەدەستهێنانی بڕشتی خودا و دەستەبەرکردنی ژیانی هەتاهەتایی بوو، لە دوای مردن. حاجیەکان ناو و دوعاکانیان لەسەر تەختەی بەرد دەنووسی یان لە پەرستگاکەدا بەجێیان دەهێشت.



حاجی بەڵاگێڕی پێشکەشی خوداکان لە أدوبیس دەکەن



تابلۆیەکی دیاری سیتی یەکەم، کاتی بخور لە ئەبیدۆس دەسووتێنێ

ڕێتوالەکان بریتی بوون لە دووبارە پیشاندانی ئەفسانەی ئۆزێریس، کە سەردانیکەران بەشدارییان لە دیمەنەکاندا دەکرد، هەر مردنی بە دەستی سێتی برای و زیندووبوونەوەی لەلایەن ئێزیسەوە نیشان دەدا، کە هێمای خولی ژیان و مردن و لەدایکبوونەوە بوو. لە گرنگترین ئەو شوێنانەی کە سەردانیکەران، لە ئەبیدۆس سەردانیان دەکرد، ئۆزێریۆن و پەرستگای سێتی یەکەم بوون.

## دەروازەی جیهانی ئەودیو

میسرییە کۆنەکان پێیان وابوو، ئەبیدۆس دەروازەیەکە بۆ ژیانی دوای مردن و ئۆزێریس. باوەڕیان وابوو ئۆزێریس لەوێ نێژراوە، دەتوانێ لە ژیانی هەتاهەتایی دڵنیایان بکا. ڕێتوالی پرسە بۆ دڵخۆشکردنی ئۆزێریس و بەخشینی هیوا بۆ ژیانی دوای مردن بوو.

ئەگەر حەجکردن بۆ ئەبیدۆس، بۆ میسرییە کۆنەکان نوێنەرایەتی دووپاتکردنەوەی باوەڕەکانیان لە ژیانی دوای مردن بوو، ئەوا بۆ فیرعەونەکان دروستکردنی پەرستگاکان

ڕێگەیەک بوو، بۆ ڕەوایەتیدان بە فەرمانڕەواییان و پشتڕاستکردنەوەی پێگەی خۆیان وەک کوڕی خوداکان.[303]

حەجی میسری کۆن زۆر لە حەجی ئیسلام دەچوو: ئەبیدۆس، ناوەندی پەرستنی ئەوزیرۆس لە جیهانی ئەودیوو.

١ لە شانۆگەرییەکەدا، مردوو دەخرێتە ناو بەلەمێکی وەک کەژاوە، و بە هاوەڵی خزم و دۆستان بە ڕووباری نیل دادەبردرێ.
٢ کاتی گەیشتنە ووشکایی خۆرئاوا، سلاو دووبارەدەکەنەوە: سڵاوت لێبێ، ئەی خودای مەزن.
٣ حاجیەکان جلی سپی دەپۆشت، لەگەڵ داپۆشینی قۆڵی چەپ.
٤ بەڵاگێڕیکردن: مانگا و گاجووتیان دەکوژتنەوە. و نان و بخور دابەشدەکرا، لەگەڵ پەیکەری بچووک بۆ خودا.
٥ ریتواڵی مردوو: کاهینەکان ڕیتواڵی دەم بەشکردنەوەیان لەسەر جەستەی مردوو دەکرد.
٦ زیندووکردنەوەی بیرەوەری: حاجی گەشتەکەیان بە وێنەی سەردیواری ماڵەکانیان و گۆڕەکانیان دووپاتەدەکەنەوە.

سێ خاڵێ گرنگی هاوبەش لە نێوان حەجی میسری کۆن و ئیسلام هەیە:
١ پۆشینی پۆشاکی سپی. (وەک لە وێنە
٢ بەڵاگێڕکردن.
٣ سوورانەوە بە دەوری گۆڕی ئۆزێریس (کەعبە).

303 Encyclopedia Britannica.




حاجیان لە دەوری گۆڕی ئۆزێریس لە ئەبیدۆس

# ٥ زەکات

سەبارەت بە زەکات، ووشەی میسری کۆن (ماعو) کە بەمانای زەکات دێ، و لە ئایەتێکی قورئان دووبارە بۆتەوە (ویمنعون الماعون). ماعون لە دوو بەش پێکدێ: ووشەی ماعو و پیتی (ن). پیتی (ن) بە مانای باوەڕ دێ، یان ڕێتوالی دینی. ماعون وەک زەکات لە پێناوی باوەڕ. و جێبەجێکردنی ئەرکێکی دینی. مانای ئایەتەکەش دەبێتە (یمنعون الزكاة الدين)

سورة الماعون ١٠٧: ١

وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ (٧)

ڕێگری لە زەکاتدان (هاوکاری) دەکەن (٧)

إبن کثیر ووشەی الماعون بە زەکات دادەنێ[304]

---

[304] تفسير إبن كثير، تفسير القرآن العظيم، المجلد الرابع عشر، ص ٤٧١، الماعون: الزكاة

# گەڕان لە سۆراخی موسادا

ژیان و کەسایەتی نەبی موسا، وەک زۆر لە ڕووداو و کەسایەتیەکانی دین لێڵ و نادیارە. بۆیە لە سۆراخی ئەو کەسایەتییە، کە لە هەرسێ پەرتووکی پیرۆزی تەورات، ئینجیل و قورئان بە شانازییەوە باسیکراوە. جا توێژەر، بۆ گەیشتنە ڕاستی ژیان و کارەکانی، و دیاریکردنی ڕۆڵی، لە مێژووی دینە ئیبراهیمیەکان، دەبێ لە چەند ڕێچکەی جیاواز بەدواداچوونی بۆ بکا، تا بتوانێ بەپێی لۆژیک، لێکدانەوە بۆ دەرئەنجامەکانی، ئەو داتایانە بکا، کە لە پرۆسەی لێتۆژینەوە وەدەستی هێناون.

لەو باسەدا ناو و ژیان و کەسایەتی نەبی موسا، و ڕۆڵی لە ئەفراندنی مێژووی جولەکە، بە چەند خاڵی جیاواز، دەخرێنەڕوو.

خاڵێ یەکەم: لەدایکبوونی موسا

چیرۆکی لەدایکبوونی موسا، یەک لەو چیرۆکانەیە کە نووسەری قورئان لە سەرچاوەکانی جولەکە وەریگرتووە. بەڵام بنەڕەتی ئەو چیرۆکە زۆر کۆنترە و دەگەڕێتەوە سەردەمەکانی سەرهەڵدانی شارستانیەتی هەرە کۆن،. وەک چیرۆکێکی ئەفسانەیی لە هیندستان، باسی لەدایکبوونی کریشنا دەکا، هەروەها لە میسۆپۆتامیاش، باسی لەدایکبوونی سەرگۆنی ئەکەدی دەکا. جیاوزی ئەو دوو چیرۆکە لەوەدایە چیرۆکی کریشنا لەناو دەقە پیرۆزەکانی

دینی هیندۆسی (پەرتووکی ڤیدا) دایە. بەڵام چیرۆکی سەرگۆنی ئەکەدی، خۆی سەرەتای لەدایکبوونی دەگێڕێتەوە.

## چیرۆکی یەکەم

لەدایکبوونی کریشنا،[305] کە لە ئەدەبیاتی دینی هیندۆسی، مەهابهاراتا دا هاتووە. کریشنای مرۆڤ، لە هۆزی یاداڤا (Yadava) بووە. کە ئێستا ئەو ناوچەیە ناوی ئوتەر پرادەش (Uttar Pradesh)ە. کە هۆزێکی شوانکارە بووە. و دایکی ناوی دیڤاکی (Devaki) و باوکی ڤاسۆدیڤا (Vasudeva) بووە.
کامسای برای دایکی (خاڵۆ) کریشنا، ئاگادارکرابووەوە. کە منداڵی هەشتەمی دیڤاکی دەیکوژێ. بۆیە کامسا بڕیاریدا منداڵی هەشتەم، کە کریشنا بوو بکوژێ. ئەو تاوانەشی حەوت جاریتر، پێش لەدایکبوونی کریشنا ئەنجامدابوو. خۆشبەختانە ڤاسودێڤا ڕێوشوێنی دەربازبوونی گرتەبەر، بۆ شاردنەوەی کریشنا لە گوندێکی دوورەدەستی ڤرینداڤانا. لەوێ کوڕەکە وەک شوانکارەیەکی سادە پەروەردە کرا. لەو دەشتە تەمەنی منداڵی زۆر بەختەوەرانەبوو.[306]

ئەو دیمەنەی کریشنا دەتوانێ بنەمایەکی پتەوبێ و ڕەنگدانەوەی، لەسەر دەقی تەورات هەبێ، سەبارەت بە لە لەدایکبوونی موسا. کوشتنی هەر منداڵێکی جولەکەی تازە لەدایکبوو یا

[305] ئەو چیرۆکە ئەفسانەییە، پێشتر لەگەڵ لەدایکبوونی یەسوی کریست بەراوردکراوە.
[306] World History Encyclopedia

کوشتنی هەر منداڵێکی دیڤاکی. کاتی لەدایکبوونی کریشنا، لەگەڵ لەدایکبوونی موسا. بەپێی دەقی تەورات پەرتووکی دەرچوون.

## چیرۆکی دووەم

ئەفسانەی لەدایکبوونی سەرگۆنی ئەکەدی

ئەفسانەی لەدایکبوونی سەرجۆنی یەکەم (مەزن)ی ئەکەدی، کە تەورات لە کولتووری ئەکەدی، وەریگرتووە و بە هەندێ دەستکاری ناوی موسای لێناوە، دواتریش قورئان بە دەستکارییەوە تۆماریکردووە.

ئەفسانەی دووەم لەدایکبوونی سەرگۆنی ئەکەدی (مەزن). کە دیمەنی لە دایکبوونی لەگەڵ لەدایکبوونی موسا وەک کۆپی یەکترن.

هەرچەندە ئێمە زۆر کەم، لەبارەی ژیانی سەرەتاپی سارگۆنەوە دەزانین. تەنیا بەپێی ئەو تابلۆ گڵینە نەبێ کە کە کۆتا سەردەمی سۆمەریەکان، باسی لەدیکبوونی سەرگۆنی مەزن (ئەکەد (٢٣٣٤ – ٢٢٧٩ پ.س.ب) دەکا. بەپێی ئەو چیرۆکە ئەفسانەییە، ژیان و سەرکەوتنی زۆر لە ژیانی نەبی موسا دەچێ.  سەرگۆن لە سایەی خودای ئیشتار توانی شانشینی خۆی دامەزرێنێ. موساش لە سایەی کچی فیرعەون لە مردن ڕزگار بوو. و بووە پاڵەوانی نەتەوەی ئیسرائیل.[307]

[307] Encarta encyclopedia ،Sargon

بەگوێرەی چیرۆکێکی باو، سارگۆن پیاوێکی خۆڕسک بووە. و لە ڕەچەڵەکێکی هەژار لەدایک بووە. باخەوانێک لەکاتی ساوایی، کە لەناو سەبەتەیەکدا لەسەر ڕووبارە دۆزیویەتییەوە. ئەویش هەڵیدەگرێتەوە و بەخێوی دەکا. و فێری پیشەی باخەوانی دەکا. ئێمە نازانین باوکی کێیە، نە لە سەردەمی منداڵیدا ناوی نازانین، سەبارەت بە دایکیشی، دەڵێن لە شارێک کاهین بووە، کە دەکەوێتە ناوچەیەکی ناوەڕاستی ڕووباری فورات.[308]

ئیڤار لیسنەر "(Ivar Lissner ) دەڵێ: سەرگۆنی یەکەم کەسایەتییەکی مێژوویی، بە ناوبانگی ئەفسانەیی بووە. یەکەم سەرکردەی مەزن بوو، توانی هۆزە سامیەکان بکاتە یەک، و سۆمەریکان یەک لە دوای یەک بشکێنێ. بەو شێوەیە ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی دروستکرد. و سەردەمی ئەو یان سەردەمی ئەکەدی، دوو سەد ساڵ دەستەڵاتی میسۆپۆتامیای بەدەست بوو، کە لە نێوان ٢٣٥٠ – ٢١٥٠ پ.س.ب .[309]

بەڵام ساباتینۆ مۆسکاتی (Sabatino Moscati) ئاماژە بەو ئەفسانەیە دەکا کە سەبارەت بە سەرگۆن هۆنراوەتەوە، و دەڵێ:

دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەکەد، سەرگۆنی بەناوبانگ بوو، بەپێی ئەو ئەفسانەیە، پێشتر باخەوان بووە، و وەک منداڵێکی ساوا لە ئاوی ڕووباردا بەجێهێشتراوە، بەڵام بە پەڕجوو ڕزگاری بووە. زۆری نەخایاند چیرۆکی سارگۆن بە ئەفسانە تەنرایەوە. بەڵام بوونی دەوڵەتی ئەکەدی و ئەو کارانەی، لە ماوەی دوو سەدە ئەنجامیداون، لەلایەن لەشکرەکانی بەربەری گوتییەکانەوە ڕوخێنرا و کۆتایی پێهات.[310]

---

[308] Encyclopedia Britannica
[309] Ivar Lissner, J Maxwell Brownjohn (2013) The Living Past
[310] Moscati, Sabatino (1959) The Semites in Ancient History. Pp. 67-68

بنەڕەتی ئەفسانەکە زۆر لەوە کۆنترە کە باس دەکرێ. ئەو چیرۆکە هەر لە سەردەمە هەرە زووەکان لە ناو خەڵکی میسۆپۆتامیا، لەسەر زمانی خەڵکی نەوە دوای نەوە گێڕدراوەتەوە. و دەڵێ:
دایکی پاڵەوانی نەتەوەیی سەبەتەیەک دروست دەکات و بە قیڕ سواخی دەدا.

دایک کوڕە ساواکەی لەناو سەبەتەکە دادەنێ. و سەبەتەکە فڕێدەداتە ناو ڕووبار. ساواکە نقووم نابێ، بەڵکوو سەبەتەکە لە سەر ئاو بەردەوام دەبێ. پاشماوەیەک کەسێک سەبەتەکە دەدۆزێتەوە و لە ڕووبارەکە ڕایدەیکێشێتە دەرەوە و کۆرپەکەش دەردێنێ. ئەو کەسە ڕزگارکەرە منداڵە ساواکە پەروردە دەکا.

منداڵەکە گەورەدەبێ، و دەبێتە سەرکردەی گەلەکەی. و دەوڵەتێکی گەورە دروست دەکا، و شکۆی مەزنیان بۆ بنیات دەنێ.

هەرچەندە ئەو چیرۆکە باسی ناوی هیچ کەس ناکا، بەڵام هەمان چیرۆکە، کە دواتر بەهەمان وردەکاری، لە ئەفسانەی سۆمەریە، دەربارەی سەرگۆنی مەزن (ئەکەدی) کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پ.س.ب. ئەفسانەی لەدایکبوونی سەرگۆنی ئەکەدی. لە تابلۆی قوڕی سەبارەت بە سەرجۆنی ئەکەدی وا نووسرابوو:

دایکم کاهینێک بوو لە پەرستگا. زوو زوو ڕەفتاری دەگۆڕا.
نازانم باوکم کێیە
مامم حەزی لە چیابوو
ماڵمان لە سەر چیا بوو، گیای لێدەڕوا

دایکم بە نهێنی سکی بە من پڕبوو.
منی بە دزی بوو.
دوای ئەوە منی لە سەبەتەیەکی قامیش دانا. توند گرێیدا.
بە قیڕ سواخیدا
لە ناو ڕووبار دایانام (دەڵێن فوڕات بووە)
بەڵام نقومی نەکردم.
ڕووبار بردمیە لای ئاکی باخەوانی پاشا.
لەو کاتە ئاوی لە ڕووبار هەڵدەهێنجا، منی گرتەوە
وەک منداڵی خۆی پەروەردەیکردم. و کردمیە یارمەتی دەری خۆی لە باخ
ئیشتار هاتەلام، بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆیم بداتێ، دوای ئەوە بوومە پاشا.[311]

## لەدایکبوونی موسا لە تەورات

بەپێی دەقەکانی تەورات، کولتووری باوی هەرسێ دینەکانی ئیبراهیم، پەیوەندی موسا، لەگەڵ بنەماڵەی فیرعەون، هەر دوای لەدایکبوونی دەست پێدەکا.

ئەو چیرۆکە لە دوو دەقی پەرتووکی دەرچوون دا هاتووە:
دەقی یەکەم:

[311] World History Encyclopedia/ Sargon of Akkad

پەیمانی کۆن – پەرتووکی دەرچوون ١: ١٥ - ١٩

(١٥)پاشای میسر بە دوو مامانی ژنە عیبرانییەکانی گوت، کە ناوی یەکێکیان شیفرە و ئەوی دیکەیان پوعە بوو، (١٦) گوتی: کاتێک مامانی بۆ ژنە عیبرانییەکان دەکەن لە شوێنی منداڵبوون، تەماشایان بکەن، ئەگەر کوڕ بێت بیکوژن، بەڵام ئەگەر کچ بێت با بژێت. (١٧) بەڵام مامانەکان لە خودا ترسان و ئەوەیان نەکرد کە پاشای میسر پێی گوتبوون، هێشتیان کوڕەکان بژین .(١٨) دواتر پاشای میسر مامانەکانی بانگکرد و لێی پرسین: بۆچی ئەمەتان کردووە؟ بۆ هێشتتان کوڕەکان بژین؟

(١٩) مامانەکانیش وەڵامی فیرعەونیان دایەوە: چونکە ژنە عیبرانییەکان وەک ژنە میسرییەکان نین، ئەوان گورجوگۆڵن و پێش گەیشتنی مامان منداڵیان دەبێت.

دەقی دووەم:

لە دەقێکی تری تەورات پەرتووکی دەرچوون، ڕوونتر چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. لەو چێرۆکە دەتوانرێ بەراوردێکی ووردتر لەگەڵ چیرۆکە ئەفسانەییەکانی تردا بکرێ.

پەیمانی کۆن – دەرچوون ٢: ١- ١٠

**لەدایکبوونی موسا**

(١) پیاوێک لە بنەماڵەی لێڤی کچێکی لێڤی هێنا .(٢) ژنەکە سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، کە بینی منداڵەکە جوانە، سێ مانگ شاردییەوە .(٣) بەڵام کاتێک نەیتوانی لەوە زیاتر بیشارێتەوە، سەبەتەیەکی لە زەل دروستکراوی هێنا و بە قیر و زفت سواخی دا و کوڕەکەی لەناو دانا، ئینجا لە کەناری نیل

لەناو قامیشەڵان داینا .(٤) خوشکی منداڵەکەش لە دوورەوە وەستا بۆ ئەوەی بزانێت چی لێدێت.
(٥) کچی فیرعەونیش بۆ خۆشوشتن هاتە خوارەوە بۆ سەر ڕووباری نیل و کەنیزەکانیشی لەسەر کەناری نیل هاتوچۆیان دەکرد، سەبەتەکەی لەناو قامیشەڵانەکە بینی و کچە خزمەتکارەکەی نارد هەتا بیهێنێ. (٦) ئەویش کردییەوە و تەماشای منداڵەکەی کرد، بینی کوڕێکە و دەگریێ، بەزەیی پێدا هاتەوە و گوتی: ئەمە یەکێکە لە منداڵی عیبرانییەکان.
(٧) خوشکی منداڵەکەش لە کچی فیرعەونی پرسی: ئایا بچم ژنێکی شیردەرت بۆ بانگ بکەم لە عیبرانییەکان بۆ ئەوەی شیر بدات بە منداڵەکە؟
(٨) کچی فیرعەونیش وەڵامی دایەوە: بڕۆ کچە عازەبەکەش چوو دایکی منداڵەکەی بانگکرد .(٩) کچی فیرعەونیش پێی گوت: ئەم منداڵە ببە و شیری بدە بۆم، منیش کرێیەکەت دەدەمێ. ژنەش منداڵەکەی برد و شیری دایێ .(١٠) کاتێک منداڵەکە گەورە بوو، بۆ کچی فیرعەونی هێنایەوە، ئیتر بوو بە کوڕی ئەو و ناوی لێنا (موسا) گوتی: چونکە لەناو ئاو هەڵمگرتووەتەوە.

بە پێی ئەو چیرۆکە، موسا هەر لە دوای لەدایکبوونی، کەوتۆتە ناو بنەماڵەی فیرعەون و لە باوەشی ئەو بنەماڵەیە بەخێوکراوە، و پەروەردەشی وەک هەر منداڵێکی بنەماڵەی فیرعەون بووە. ئەوەی لە لاپەڕەکانی تەورات دەخوێندرێتەوە، وەک ژیان و بەسەرهاتی نەبیەکانیتر، ناتوانێ لە چوارچێوەی چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەربچێ. لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی مێژووی دەرەوەی چوارچێوەی تەورات، ئەو ڕووداوە پشتڕاست ناکاتەوە.

بەڵام بە گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆنی میسۆپۆتامیا، و سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی ئەکەدی، هەمان چیرۆک لەسەر تابلۆیەکی قوڕین بە شێوەی کۆپی، چیرۆکی لەدایکبوون، و بەسەرهاتی ژیانی، تا گەیشتنە دەستەڵاتی دامەزرێنەری ئیمپراتۆری ئەکەدی، و یەکەم پاشا سەرگۆنی ئەکەدی (٢٣٣٤ – ٢٢٧٩ پ.س.ب) دەخوێندرێتەوە. بۆیە چیرۆکی موسا، و ڕاستی دەکەوێتە ژێر پرسیار.

## لەدایکبوونی موسا لە قورئان

لە قورئان هەرچەندە بە شێوەی پچڕپچڕ، کەچی هەمان چیرۆکی تەورات دووبارە دەکاتەوە.

القرآن الكريم – سورة القصص ٢٨: ٧ - ١٤

وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِۖ فَإِذَا خِفۡتِ عَلَيۡهِ فَأَلۡقِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ وَلَا تَخَافِي
وَلَا تَحۡزَنِيٓۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيۡكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ (٧) فَٱلۡتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرۡعَوۡنَ
لِيَكُونَ لَهُمۡ عَدُوّٗا وَحَزَنًاۗ إِنَّ فِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُواْ
خَٰطِـِٔينَ (٨) وَقَالَتِ ٱمۡرَأَتُ فِرۡعَوۡنَ قُرَّتُ عَيۡنٖ لِّي وَلَكَۖ لَا تَقۡتُلُوهُ عَسَىٰٓ أَن
يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ (٩) وَأَصۡبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَٰرِغًاۖ إِن
كَادَتۡ لَتُبۡدِي بِهِۦ لَوۡلَآ أَن رَّبَطۡنَا عَلَىٰ قَلۡبِهَا لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ (١٠) وَقَالَتۡ
لِأُخۡتِهِۦ قُصِّيهِۖ فَبَصُرَتۡ بِهِۦ عَن جُنُبٖ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ (١١) وَحَرَّمۡنَا عَلَيۡهِ
ٱلۡمَرَاضِعَ مِن قَبۡلُ فَقَالَتۡ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰٓ أَهۡلِ بَيۡتٖ يَكۡفُلُونَهُۥ لَكُمۡ وَهُمۡ لَهُۥ
نَٰصِحُونَ (١٢) فَرَدَدۡنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَيۡ تَقَرَّ عَيۡنُهَا وَلَا تَحۡزَنَ وَلِتَعۡلَمَ أَنَّ وَعۡدَ

ٱللَّهِ حَقٌّ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ (١٣) وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسۡتَوَىٰٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمًا وَعِلۡمًاۚ وَكَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ (١٤)

به دایکی موسامان ڕاگەیاند، کە شیری بداتێ، جا ئەگەر لیێ نیگەران بووی، فڕێیبدە ڕووبارەوە. هیچ مەترسە و خەمیش مەخۆ، دڵنیابە ئێمە بۆتی دێنینەوە. و دەیکەینە یەکێک لە نێردەکان (٧) جا خانەوادەی فیرعەون هەڵیان گرتەوە بۆ ئەوەی بۆیان ببێتە دوژمن و مایەی مەینەتی، دیارە فیرعەون و هامان و دەستوپێوەندەکانیان هەڵە بوون(٨). ژنی فیرعەون گوتی، بۆ من و بۆ تۆ دەبێەتە هۆی ئارامی چاو. واز لە کوشتنی بێنن، ڕەنگبێ سوودی بۆمان هەبێ، یان وەك کوڕێك بەخۆیەوە بگرین، کەچی بێ ئاگابوون(٩)

و دڵی دایکی موسا ئۆقرەی لەبەر برابوو، و خەریك بوو ڕازەکە بدرکێنێ، هەر ئێمەش دڵی ئەومان بەهێزکرد، بۆ ئەوەی لە باوەڕدارانبێ. (١٠) و بە خوشکی گوت، شوێنی کەوە، دوور بە دووری سەیری دەکرد، وە ئەوان هەستان پێ نەدەکرد. (١١) و ئێمە پێشتر وامانکرد شیری هیچ دایەنێک نەمژێ. ئەو (خوشکی موسا) گوتی، ئاخۆ دەتانەوێ ماڵێکتان نیشان دەم، کە موساتان بۆ بگرێتە ئەستۆ، و زۆر باشیش پیێ ڕابگەن؟ (١٢) جا ناردمانەوە لای دایکی، تا چاوی پێ ڕوونبێتەوە. و خەم نەخوا. تا بشزانێ خودا بەڵێنی ڕاستە. بەڵام زۆربەیان نازانن (١٣) و کاتی گەیشتە تافی لاوێێکی جوانی لێدەرچوو. زانین بڵیمەتیمان دایێ. ئێمە ئاوا پاداشتی ئاکارچاکان دەدەین (١٤)

لێکچوونێکی سەرنجڕاکێش، لە نێوان چیرۆکی نەبی موسا و ڕزگارکردنی لە ڕووباری نیل و چیرۆکی پاشا سەرگۆنی ئەکەدی دا هەیە. هەرچەندە سەرگۆن، نزیکەی هەزار ساڵ پێش موسا ژیاوە. وا دەکا بەدواداچوونێک بۆ ئەو هۆکارە بکرێ.

لەیەکچوونی چیرۆکی لەدایکبوونی موسا بەپێی تەورات و قورئان، بە بەراورد لەگەڵ چیرۆکی لەدایکبوون و چۆنیەتی ژیانی سەرگۆنی ئەکەدی، بنەمایەکی مێژوویی هەیە. ئەوەش بە ڕەچاوکردنی نووسینەوەی تەورات، دوای گەڕانەوەی جولەکە لە بابل و ئاشنایەتیان بە ئەفسانەکانی میسۆپۆتامیا. بەتایبەتی تابلۆ قوڕینەکانی سۆمەری، کە چیرۆکی سەرگۆن لە یەک لە تابلۆکاندا بووە. کۆپیکردنی چیرۆکی سەرگۆن بە ناوی موسا، لەلایەک پەرجوێک بۆ ژیان و کارەکانی موسا دروست دەکا، لەلایەکی تر، کەسایەتی موسای ڕاستەقینە، پەنا دەدرێ و کەسایەتیەکی تری بە پێی پێویستی دینی بۆ دروست دەکرێ. بۆیە بە پێی لۆژیک، ئەو چیرۆکە ڕاستی تێدانیە. و ژیانی مووسا، بەپێی تەورات و قورئان، بە تەواوی دەبێتە جێگای گومان!

## لەدایکبوونی موسا و بەراوردێک

لەو دەقەدا ڕوون دەبێتەوە کە دایکی سەرگۆن کاهنێکی مەزن بوو، بە سۆمەری( Nin-Dingir) و بە ئەکەدی (Entu)، ناچار بووە، لەدەست ئەو دۆخە سەختە خۆی دەربازکا. و منداڵە نایاساییەکەی فڕێبداتە ڕووبار.

دایکی سەرگۆن کاهنێکی مەزن بووە، لە ڕووی دینییەوە ژنی خودایە (هاوسەری خودایە) تەنانەت (Nin- Dingir) بە هەمان مانا دێ. بۆیە مافی ئەوەی نەبوو هاوسەرگیری بکا، و منداڵی بێ. هەر ئەوەش وایکرد، خۆی بپارێزێ و هاتوچۆی شوێنی جێگای بە گومانی نەدەکرد. لەبەر ئەوەی هەر شتێکی لێ ئاشکرا بووبوایە دەبوو سزای سوتان وەرگرێ. تەنانەت ئەگەر گومانی بێ بنەماشی لەسەر بوایە. ئەوا سزای بە قامچی لێدان و نیوەی قژی دەبوایە بتاشرێ. بۆیە ناچار بوو، خۆی لە سەرگۆن ڕزگار بکا.

لەلایەکیتر سەبارەت بە کاهینی مەزن، دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ، لە میسۆپۆتامیا زۆربەیان لە کچانی شازادە بوون (کچی پاشا) و بە ئارەزووی خۆیان کاهینیان هەڵدەبژارد. لیستێک بە ناوی ١٢ کاهینی ژن هەیە. کە لە خزمەتی پەرستگای مانگ (سین) دابوون، لە ئور. یەکەم لەو کاهینە ژنانە شازادە ئێنهیدوانا (Enheduanna) بوو. کە کچی سەرگۆنی پاشا بوو. و بە ئارەزووی خۆی، ئەو ڕێگایە گرتبوو، بۆ یادی داپیرەی. کە دەکاتە دایکی سەرگۆن.

لەدایکبوونی ئەفسانەی سەرگۆنی یەکەم (مەزن)ی ئەکەدی، کە تەورات وەریگرتووە و ناوی موسای لێناوە، دواتریش قورئان بە دەستکارییەوە تۆماریکردووە.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی دەرچوون ١: ٢٢

> (٢٢) ئینجا فیرعەون فەرمانی بە هەموو گەلەکەی دا و گوتی: هەر کوڕێکی عیبرانی کە لە دایک دەبێ، فڕێیبدەنە ناو ڕووباری نیل، بەڵام با هەموو کچەکان بژین.

ئەو چیرۆکە یەکەمین جار لە سەر تابلۆی سۆمەری بە نووسینی مێخی نووسراوە، دواتر بە عیبری دووبار نووسراوەتەوە و لەگەڵ چیرۆکی موسا و ئامانجی دینی یەهودی گونجێنراوە.

دواتریش نووسەری قورئان، هەمان چیرۆکی لە تەورات وەرگرتووە. و جارێکیتر دایڕشتۆتەوە.

یەکەمیان ئەفسانەیەکی سۆمەریە و وەک سەرەتای شارستانی و هاتنی هزری دین و خودا تۆمارکراوە. دووەمیان لەدایکبوونی موسا هەرچەند لە هەمان سەرچاوەی سۆمەری وەرگیراوە . بەڵام بەناوی پەیامی خودا و پەیامبەری دوارۆژی دینی یەهودی وەک پیرۆزیەک بۆ مرۆڤایەتی، خراوەتە ڕوو. لە کۆتایی نووسەری قورئان هەمان چیرۆکی تەورات دووبارە بە دارشتنێکیتر، دیسان بە ناوی پەیامی خودا (وەحی) بۆ مرۆڤایەتی هێنراوەتەوە.

چیرۆکی لەدایکبوونی سەرگۆنی مەزن (یەکەم) لە سەر تابلۆی قوری، شوێنەواری ئەفسانەی سۆمەری دۆزراوەتەوە. و چیرۆکی لەدایکبوونی موسا لە تەورات و قورئان لە سێ خاڵدا یەکدەگرنەوە:

١ سەرگۆن و موسا لەدایکبوونیان بە نهێنی هەڵدەگیرێ:

- دایکی سەرگۆن لە ترسی ئابڕووچوون، و ئایندەی وەک هاوسەری خودا، کە قەدەخەبووە لەگەڵ مرۆڤ جووتبێ.

- لەدایکبوونی موسا بە نهێنی هەڵدەگیرێ، لەبەر ئەوەی فیرعەون فەرمانی داوە، هەر منداڵێکی تازە لەدیکبووی یەهودی دەبێ بکوژرێ.

٢ لە هەرسێ چیرۆکی سۆمەری و تەورات و قورئان، ساواکە لەناو سەبەتەیەک دادەنرێ فڕێدەدرێتە ڕووبار.

٣ لە هەرسێ چیرۆکەکاندا، ساواکە لەلایەن یەکێکی سەربە بنەماڵەی دەستەڵاتدار دەگیرێتەوە، و بەخێودەکرێ. سەرگۆن لەلایەن ئاکی باخەوان و موساش لەلایەن کچی فیرعەون.

لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لەدایک بوونی موسا، وەک ڕووداوێکی ڕاستی بوونی نەبووە. بەڵکوو نووسەرانی پەیمانی کۆن، لە پەرتووکی تەروات لە سەرچاوەیەکی ئەفسانەی سۆمەری وەریانگرتووە. و وەک پەیامێک و بەرجووێک، بەناوی خودا تۆمارکراوە. دواتریش قورئان چیرۆکەکەی لە تەورات وەرگرتووە و وەک وەحی خودای تۆماریکردووە.

# ڕەچەڵەکی موسا

نەبی موسا وەک پەیامبەری بەنی ئیسرائیل و دامەزرێنەری دینی جولەکە، دەمێکە بۆتە جێگەی گرنگی پێدان، بۆ ساخکردنەوەی ڕەچەڵەک و کەسایەتی. بۆیە دەبێ لە چەندین ڕەهەند، بەدواداچوونی بۆ بکرێ، تا بتوانرێ بگاتە دەرئەنجامێکی لۆژیک، و جێ متمانە.

سیگمۆند فرۆید، بۆچوونێکی جیاوازی هەیە سەبارەت بە ناو و ڕەچەڵەکی موسا.

١ موسا ناوێکی عیبری نییە. بەڵکوو ناوێکی میسری کۆنە، کە دواتر بە یۆنانی (Moses) تۆمارکراوە، نەک (موشێ)ی عیبری، وەک لە تەورات ناوی هاتووە. بەڵکوو (موسێس)ی میسری، هۆکارەکەشی ئەوەیە، هەر کەسێکی میسری دوو ناوی هەبووە، ناوی کەسی خۆی و ناوی بنەماڵەکەی، وەک لیستی پاشاکانی میسر ئەحموس (Ah-mose) تحوتموس (Thut-mose) تحوتحموس (Thothmes) ڕعموس (Ra-mose) ڕامسیس (Ramses) هەروەها موسێس (Moses).[312]

٢ موسا خزمایەتی نزیکی، لەگەڵ فیرعەونی میسری، ئەخناتون هەبووە. وا دیارە کە شازادەیەک بووبێ، لە بنەماڵەی پاشایەتی. کە لە مێژووی ناسراوی مرۆڤایەتی، یەکەم پاشا بووە، داوای یەکتاپەرستی دەکرد.

---

312 Sigmund, Freud (1939) Moses and Monotheism. Published by The Hogarth Press and The institute of Psycho - Analysis. Pp. 14

بەپێی لێتۆژینەوە، موسا باوەڕێکی بەهێزی، بە خودای ئاتۆن هەبوو. هەروەها لایەنگیرێکی سەرسەختی، گەورەکەی فیرعەون ئەخناتون بوو. و لێی نزیک دەبووەوە، و دڵسۆزی قووڵی خۆی بۆ نیشان ددەدا. ڕەنگە ئەو پیاوە (موسا) بەهۆی ئەم پەیوەندییە خزمایەتییە، و بەهۆی دڵسۆزی و پەرۆشی نیشاندانی بۆ فیرعەون، و بۆ دینە نوێیەکەی، خەونی بەوەوە دەبینی، ڕۆژێک تەختی پاشایەتی وەربگرێ.[313]

بەڵام بەسەرکەوتنی کودەتای کاهینەکانی ئامۆن یا سەربازی، دژی ئەخناتون و دینەکەی کرا. موسا لەو کاتەدا، لە ڕۆژهەڵاتی دێلتای نیل فەرماندەی سوپا بوو. بەرەنگاریەکی بێ وێنەی کرد. کاتێ چاری نەما، و بینی چۆن تەختی ئەخناتون و دینی ئاتۆن لەناوچوون، بۆ دەرچوون لەو دۆخە ناخۆشە، دوو ڕێگای لەپێش بوون.

ڕێگای یەکەم: ئەگەر بۆ تیبە (طيبة) بگەڕابایەوە، و ملی بۆ خودای ئامون کەچ بکردبا، ئەوا پێگای لە میسر دەکەوتە ژێر پرسیار. لەم هەڵومەرجەدا، یەکەم هیچ قازانجێکی نەدەکرد، بە پێچەوانەوە، ڕەنگە وەک دۆڕاوێک، کە پێشتر باوەڕی بە خودای ئاتۆن هەبوو، و دڵسۆزی پاشا ئەخناتون بوو، ئەگەر ترسی کوژرانیشی لەسەر نەبوایە، ئەوا پێگای جارانی نەدەما. تەنانەت لەوانەبوو دادگایی بکرێ، کە پشتیوانێکی بە پەرۆشی ئەخناتونی گەورەی، و دینەکەی بووە. بۆیە خەونی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریەتەکەی لەت و پەت بووبوو.

ڕێگای دووەم: قۆستنەوەی دەرفەتی، نزیکبوونەوە لە عیبریەکان، کە ئەو دەمە، لە ڕۆژهەڵاتی دێلتای نیل، بە چەرمەسەری دەژیان.

---

[313] لەبەر ئەوەی ئەخناتون هیچ کوڕی نەبوو، بەڵکوو چوار کچی هەبوون. ئەوەش موسای والێکرد، کە خۆزگەی جێنیشینی، دوای مەرگی ئەخناتوون هەبێ.

موسا وەک ئەفسەرێکی پلە بەرز و شازادە، ئاشنایەتی لەگەڵ پەیداکردبوون. ئەوەش ڕێگای دەدا، هەوڵی ڕاپیکردنیان بدا، بۆ وەرگرتنی باوەڕی ئاتۆنی. کە ئەو کاتە لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی دێڵتای نیل بە ژیانێکی کۆڵەمەرگی دەژیان. و پەیمانی پێدان کە لە میسر دەربازیان دەکا، و دەوڵەتێک لەگەڵ ئەوان دادەمەزرێنێ. بۆ ئەوەی جێگەی ئەو دەوڵەتە بگرێتەوە کە لەدەستیدابوو. [314]

## دوو فەرمانی موسا بۆ جولەکان

موسا دوو فەرمانی بە عیبریەکان دا. ئەو دوو فەرمانەش، بەڵگەن لەسەر میسری بوونی.

بەنی ئیسرائیل وەک نەتەوەیەکی سامی، لە یەمەن و دوورگەی عەرەبی کۆچ و ڕەویان، بەرەوە باکوور کردووە و لە خاکی ئیسرائیل گیرساونەتەوە. ئەوەی گرنگە چەند نەریتی دینی هەن، لەگەڵ بیروباوەڕی گەلانی سامی ناگونجێن، و دەبێ بە شێەویەک هاوردەکرابن. بەپێی لێکدانەوەی فرۆید، دەبێ موسا دوو فەرمانی بە گەلی بەنی ئیسرائیل کردبن:

[314] Sigmund, Freud (1939) Moses and Monotheism. Published by The Hogarth Press and The institute of Psycho - Analysis. Pp. 13 - 14

فەرمانی یەکەم: موسا داوای لە عیبریەکان (بەنی ئیسرائیل) کرد، داب و نەریتی خەتەنەکردن پەیڕەو بکەن، کە داب و نەریتێکی میسری ئەفریقی کون بوو. و هیچ کام لەگەلە سامیەکان لە شام و میسۆپۆتامیا، و دوورگەی عەرەبی پێشتر پەیڕەوی خەتەنەیان نەکردبوو. [315]

فەرمانی دووەم: موسا فەرمانی بە عیبرییەکان کرد، گۆشتی بەراز نەخۆن، و بەپێی دین قەدەغەیە. ئەوەش باوەڕێکی میسری کۆن بوو، لە دینەکانی کۆنی میسری، باوەڕ وابوو، خودای خراپە (سێت)، هەندێ جار لە شێوەی بەراز دەردەکەوت. هەر ئەویش بوو خودای ئۆزێریسی کوشت و پارچە پارچەی کرد. و هەر پارچەیەکی لە ناوچەیەکی خاکی میسری فڕێدا. (ئەو باسە لە بەشێکی تایبەت ڕوونکراوتەوە)

## جولەکە موسایان بە بێگانە دەدیت

بە تۆژینەوەیەکی وور، دەگەینە چەند ڕاستییەک، سەبارەت بە ئاکامی مردن و بێ شوێنەواری موسا، کە دەبێ ئەو ئاکام و بێ شوێنەوارییە، لە بەدواداچووندا باش ڕەچاوبکرێن.

یەکەم بەڵگە: ئێرنست سێللین ( Ernst Sellin)  (١٨٦٧ – ١٩٤٦)، یەکەم کەس بوو، وەک بەڵگە بیسەلمێنێ، کە جولەکە موسایان بە یەکێک لە خۆیان نەدەزانی، و سەرسەخت بوون، و ملکەچی بڕیارەکانی نەبوون، دواجار لێی هەڵگەڕانەوە و کوشتیان. و دینە سەپێنراوەکەی ئاتۆن یان بەجێهێشت. هەروەک چۆن میسریەکان پێشتر کردبوویان.

[315] Ibid.

پەیێی دەقی تەوراتیش، بە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکا، کە ناکۆکیەکی سەخت لە نێوان سەرکردە و پیرانی جولەکە، لەگەڵ موسادا هەبووە. [316]

پەیمانی کۆن - ژمێرە ١٦: ١ - ٣

(١) قۆرەحی[317] کوڕی یەسهار کوڕی قەهات کوڕی لێڤی و داتان و ئەبیرامی کوڕانی ئەلیاب و ئۆنی کوڕی پەلەت لە نەوەی ڕەئوبێن (٢) لە دژی موسا هەستانەوە. چەند کەسێکیش لە نەوەی ئیسرائیل لەگەڵیان بوون، دوو سەد و پەنجا کەس لە ڕابەرەکانی کۆمەڵ لە ئەنجومەن هەڵبژێردرابوون، کە زۆر ناسراو بوون، (٣) جا لەسەر موسا و هارون کۆبوونەوە و پێیان گوتن: ئێوە زیاد ڕۆیشتوون! چونکە هەموو کۆمەڵ پیرۆزن و خوداش لەنێوانیاندایە، ئیتر بۆچی خۆتان لەسەر کۆمەڵی خودا بەرز دەکەنەوە؟

لەو چەند پەرەگرافە، باش بەدیار دەکەوێ، کە جولەکە هەستیان بەوە کردووە، موسا و هارون خۆیان بە بەرزتر دەزانن. و لە تیرەکانی خۆیان نین. بۆیە وا بە تووڕەیی، بە زێدەڕۆ تاوانباریان دەکەن.

دووەم بەڵگە: لەلایەن ئێ. مایەر بوو، کە دەڵێ ئەو جولەکانە، دوای دەرچوونیان لە میسر، لەگەڵ چەند هۆزی نزیکی خۆیان، واتە بە ڕەچەڵەک سامی، لە سنووری نیمچە دوورگەی سینا، و باکووری عەرەبستان، پەیوندیان بەست و تێکەڵاوبوون. لەوێ لە شوێنێکی بەپیت

[316] Freud, Sigmund (1939) Moses and Monotheism. The Hogarth Press and the Institute of Psycho- Analysis. First published.pp. 98

[317] قورەح لە قورئان بە قارون ناوبراوە.

بەناوی قادیش، لە ژێر کاریگەریی میدیانییەکان، دینێکی نوێیان وەرگرت، کە پەرستنی خودای یەهۆڤا بوو.[318]

بە چاوگێڕانێکی کورتیش بێ، بۆ گەڕان بە دوای پاشخانی کێشە گەورەکە، هەروەها ڕەچاوکردنی دۆخی بەنی ئیسرائیل، کە بە هەڵومەرجێکی چارەنووسسازدا تێدەپەڕین: دوای پەڕینەوەیان، یان دەبوایە بگەڕێنەوە میسر و دادگایی بکرێن، یان بڕیارێکی بوێرانە و مێژوویی بدەن. و لەگەڵ موسا بەردەوام بن. هەر دوای پەڕینەوە، موسا وەک سەرکردەیەکی سەربازی، لە سینا دەستی بە ڕێکخستنی ئیسرائیلیەکان لە ڕووی سەربازیەوە کرد، لە هەمان کاتدا، فێری باوەڕی خودای ئاتون و ڕێبازەکەی دەکردن.

بەڵام ئیسرائیلییەکان، توانای گوڕایەڵی یاسا و ڕێساکانی، ئەم دینە نوێیە ئاڵۆزەیان نەبوو. هەروەها موسا بۆ ئەوان کەسێکی بێگانە بوو، لە دڵەوە جێگای گومان بوو، و متمانەیان پێ نەدەکرد. بۆیە باشترین ڕێگای دەربازبوو، لە دەستی موسا، ئەوەبوو، لە سینا موسای گەورەیان کوشت و ڕوویان کردە پەرستنی پەیکەری گوێرەکە.[319]

---

[318] Freud, Sigmund (1939) Moses and Monotheism. The Hogarth Press and the Institute of Psycho- Analysis. First published. Pp. 98

[319] پەیمانی کۆن - دەرچوون ٣٢: ٢ - ٤

# ناکۆکی لەسەر ژیانی بنی ئیسرائیل لە میسر

ژیانی بەنی ئیسرائیل لە میسر، دەمێکە بۆتە جێگەی مشتومڕی نێوان توێژەران. و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند ناکۆکییەکەک، لە ناو دەقەکانی تەورات، لەسەر چۆنییەتی ژیانی جولەکان لە میسر، لە ژێر سێبەری دەستەڵاتی فیرعەون.

لە قورئان لە چەندین ئایەت، باسی چەوساندنەوە و برسیەتی گەلی بەنی ئیسرائیل لە میسر دەکەن. بەڵام چەندین بەڵگە هەن، کە پێچەوانەی دەربڕینەکانی قورئانن. لە ناو دەقەکانی تەورات، بە ڕاشکاوی ئەوە دەبینرێ، کە نووسەری قورئان و دەربڕینەکانی دوورن لە ڕاستی.

چیرۆکی یوسف، ئەوە دەسلمێنێ، کە یاقوب و منداڵەکانی، لە سایەی بەزەیی گەلی میسر و دەستەڵاتی باشی فیرعەون ژیانێکی باش دەژیان. بۆ ئەوەش وەک بەڵگە، لە چەندین پەرەگرافی تەورات، بە ڕاشکاوی هاتووە:

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٤١: ٤١ - ٤٥

> (٤١) ئیتر فیرعەون بە یوسفی گوت: ئەوا تۆم کردە لێپرسراوی هەموو خاکی میسر. (٤٢) ئینجا فیرعەون ئەنگوستیلەکەی دەستی خۆی داکەند. و لە دەستی یوسفی کرد، هەروەها جلوبەرگی کەتانی ناسکی لەبەری کرد و تەوقێکی زێڕیشی لە ملی کرد .(٤٣) پاشان سواری دووەم گالیسکەی خۆی کرد و

لەپێشیەوە بانگەوازیان کرد: بە چۆکدا بێن! ئیتر کردییە لێپرسراوی هەموو خاکی میسر.
(٤٤) ئینجا فیرعەون بە یوسفی گوت: من فیرعەونم، بەڵام بەبێ قسەی تۆ کەس لە هەموو خاکی میسر، نە دەستی و نە پێی بەرز ناکاتەوە.
(٤٥) فیرعەون ناوی لە یوسف نا سافنەت پەعنێح، هەروەها ئاسنەتی کچی پۆتیفەرەعی کاهینی ئۆنی کچی پێدا هەتا ببێتە ژنی. ئیتر یوسف چووە دەرەوە بۆ سەر خاکی میسر.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٤٥: ١٦ - ١٨

(١٦) هەواڵەکە لە ماڵی فیرعەون بیسترا و گوترا، براکانی یوسف هاتوون، فیرعەون و دەستوپێوەندەکەی پێیان باش بوو .(١٧) فیرعەون بە یوسفی گوت: بە براکانت بڵێ: ئەمە بکەن: وڵاخەکانتان بار بکەن و بڕۆن بۆ خاکی کەنعان (١٨) باوکتان و ماڵتان هەڵبگرن و وەرنە لام، منیش باشترین خاکی میسرتان دەدەمێ، لە چەوری زەوییەکە بخۆن.

پەیمانی کۆن ئەفراندن ٤٧: ١ - ٨

(١) یوسف چوو و بە فیرعەونی گوت: باوکم و براکانم، بە ڕانە مەڕ و مانگایان و هەرچی هەیانە، لە خاکی کەنعانەوە هاتوون، ئێستا ئەوان لە خاکی گۆشەنن. (٢) لەنێو براکانی پێنج پیاوی برد و لەبەردەم فیرعەون ڕای گرتن.
(٣) فیرعەونیش لە براکانی پرسی: کارتان چییە؟
ئەوانیش بە فیرعەونیان گوت: خزمەتکارانت شوانی مەڕن، خۆشمان و باوباپیرانیشمان. (٤) هەروەها بە فیرعەونیان گوت: بۆ ئاوارەبوون لەم خاکە هاتووین، چونکە لەوەڕگا نەماوە بۆ مەڕەکانی خزمەتکارانت، لەبەر ئەوەی

قاتوقڕییەکە لە خاکی کەنعان سەختە، ئێستاش ڕێگا بدە با خزمەتکارانت لە خاکی گۆشەن نیشتەجێ بن.

(٥) فیرعەون لەگەڵ یوسف قسەی کرد و پێی گوت: «باوکت و براکانت هاتوون بۆ لای تۆ .(٦) خاکی میسر لەبەردەمتە، باوکت و براکانت لە باشترین خاک نیشتەجێ بکە. با لە خاکی گۆشەن نیشتەجێ بن. ئەگەر زانیشت لەنێویان کەسانی بە توانا هەیە، ئەوا بیانکە بە سەرکاری ئەو ماڵاتەی هی خۆمن.

(٧) ئینجا یوسف یاقوبی باوکی هێنایە ژوورەوە و بە فیرعەونی ناساند. یاقوبیش داوای بەرەکەتی بۆ فیرعەون کرد .(٨) فیرعەونیش بە یاقوبی گوت: تەمەنت چەند ساڵە؟

پەیمانی کۆن – دەرچوون ٣٢: ١ - ٦

گوێرەکەی زێڕین

(١) کاتێک گەل بینی موسا دواکەوت لە هاتنە خوارەوە لە کێوەکە، لەسەر هارون کۆبوونەوە و پێیان گوت: وەرە! چەند خودایەکمان بۆ دروستبکە لەپێشمانەوە بڕۆن، چونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی ئێمەی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا نازانین چی لێهات.

(٢) هارونیش وەڵامی دانەوە: ئەو گوارە زێڕانەی لە گوێی ژن و کوڕ و کچەکانتانە، لێی بکەنەوە و بۆ منی بێنن. (٣) جا هەموو گەل، ئەو گوارانەی لە گوێیان بوون لێیان کردنەوە، و بۆ هارونیان هێنا .(٤) ئەویش لە دەستیانی وەرگرت و بە قاڵب شێوەی گوێرەکەیەکی داڕشت و بە قەڵەم و چەکوش ڕێکیخست، ئینجا گوتیان: ئەی ئیسرائیل، ئەمە خوداکەمانە، ئەوەی ئێمەی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا.

(٥) کاتێک هارون ئەمەی بینی، قوربانگایەکی لەپێش گوێرەکەکە دروستکرد، بانگەوازی دا و گوتی: بەیانی جەژنە بۆ خودا. (٦) ئینجا بەیانی زوو هەستان و قوربانی سووتاندنیان سەرخست و قوربانی هاوبەشییان پێشکەش کرد، ئینجا گەل بۆ خواردن و خواردنەوە دانیشتن، پاشان بۆ ڕابواردن هەستانەوە.

بەڵگەی سێیەم: ئەوەی لەو دەقەدا جێگای سەرسوڕمانە، بەپێی تەورات، ئەو کاتەی لە میسر بووین، هاڕوون گشت ئەو پەڕجوانەی (معجزة) بینیون یان لەگەڵ موسا بەناوی خودا ئەنجامی داون. کەچی ئێستا بە قسەی ئیسڕائیلیەکان گوێرەکەیەک لە زێڕ دروستدەکا، و وەک هەر کەسێکیتر دەیپەرستێ. ئەوەش دووبارە سەلماندنی ئەوەیە کە هارون، وەک جولەکەیەک هاوخوێنی موسا نەبووە. ئەگەر برای بوایە، نەدەبوایە وا بە ئاسانی پشتی تێبکا. و خۆی ڕێگا بۆ بەنی ئیسڕائیل دابنێ. کە پشت لە موسا بکەن.

دوای ماوەیەک بەنی ئیسڕائیل، هەستیان بە تاوانباری کرد، بەرامبەر موسای گەورەیان و خوداکەی، بۆیە بۆ دینی ئاتۆن گەڕانەوە. بەڵام ئەو گەڕانەوەیە، بە ناسنامەی میسری دامەزرێنەری یەکەم. و ڕاستەقینەی دینەکەیان، لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عیبرانی تێکەڵ بوو، کە لەبنەڕەتدا سیمای دینەکەی گۆڕی.

هەرچەندە فرۆید، سەڕاست ئەوە نالێ. بەڵکوو، لە نامەیەکی بۆ ئارنۆڵد زویگ نووسیویەتی. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانییەوە سەبارەت بە موسا، بورکانی دڕوندە و خودای بیابانی هاتۆتە بەرچاو. کە بە تایبەتی و دڕوندە دەرکەوتووە، و نامۆیە بە هۆشیاری جوولەکان. هەروەها باسی کەلێنێک یان درزێک، لە نێوان یاسای موسا و دینی جوولەکەی دواتر دەکا.

کریستیانەکان، ئارەزوومەندن، بە جیاوازییەک لە نێوان خودای توند، و دادوەری پەیمانی کۆن، باوکی میهرەبانی پەیمانی نوێدا ببینن.

فرۆید هەروەها جیاوازییەکی تر دەبینێ، و ڕێبازێکی ڕادیکاڵانەی گرتەبەر: ئەوان دوو خودای جیاواز بوون. هەرچەندە ڕاستیەکە، ئەستەمە ئەوەندە سادە بکرێ. بەڵام موسا وەک ڕیبەر، نموونەیەکی سەرنجڕاکێشە لە ڕەنگدانەوەی جولەکەی مۆدێرن.[320]

ئەوە ئەو ئەنجامەیە کە خوێنەری تێگەیشتوو بە دڵنیاییەوە پێی دەگات: ئیسرائیلییەکان ناسنامەی میسرییان لە موسا و دینی میسری (ئاتۆن) سەندەوە. و ناسنامەیەکی دڕندە و تاڵانکەر و خوێنڕێژی، تێکەڵاو لە نێوان بەنی ئیسرائیلیان و بیابان نیشەنەکانیان دایە.

وەک ئێ. مایەر دەڵێ، موسا خودای ئاتۆنی پێ ناساندن، و فێری پەرستن و ڕێساکانی ئەو دینەی کردن. و لە میسر دەربازیکردن، لەوێ بوو بە سەرکردەیان. کەچی هێشتا نەیتوانی ببێتە، یەکێک لەوان و جێگای متامەنەیانبێ. هەر لەو دەمەشدا، خەڵکانی بەدەوی، کە لە باکووری نیمچە دوورگەی عەرەبیەوە هاتبوون، و خودای (یەهۆڤا) یان دەپەرست. ئەو دوو گرووپە لە قادێش، یەکتریان بینی. بەنی ئیسرائیلیەکان (لیڤییەکان) و سامییەکان (دانیشتووی نیمچە دوورگەی سینا). لەوێ موسا کە میسری بوو، لەلایەن عیبریەکان کوژرا. و ناوی خودای (ئاتۆن) یان گۆڕی بۆ (یەهۆڤا)، بە مانایەکیتر خودای یەهۆڤا جێگەی خودای میسری (ئاتۆن)، خودای خۆری گرتەوە. کولتووری بیابانیش خزایە ناو دەقە پیرۆزەکانی دینی بەنی ئیسرائیل. دواتر هەنگاو بە هەنگاو لە دینێکی ئاشتی خواز، گۆڕا بۆ دینێکی بورکانی دڕندەیی و تێنوو بەخوێن فۆرمی وەرگرت.

---

[320] Ibid. Pp. 42

پەیمانی کۆن - دواووتار ٣٤: ١ - ٧

(١) ئینجا موسا لە دەشتەکانی مۆئابەوە، بۆ چیای نەبۆ سەرکەوت، بۆ سەری پسگە، کە بەرامبەر ئەریحایە، جا خودا هەموو خاکەکەی پیشان دا، لە گلعادەوە هەتا دان و (٢) هەموو نەفتالی و خاکی ئەفرایم و مەنەشە و هەموو خاکی یەهودا هەتا دەریای ڕۆژئاوا و (٣) نەقەب و هەموو ناوچەکە، لە دۆڵی ئەریحاوە (شاری دار خورما) هەتا زۆعەر، (٤) خودا پێی فەرموو: ئەوە ئەو خاکەیە کە سوێندم بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد و فەرمووم: (دەیدەمە نەوەکەت) وا بە چاوەکانی خۆت پێم پیشان دای، بەڵام تۆ بۆ ئەوێ ناپەڕیتەوە.

(٥) جا موسای بەندەی خودا لەوێ مرد، لە خاکی مۆئاب بەگوێرەی فەرمانی خودا .(٦) خودا لە خاکی مۆئاب لە دۆڵەکە، بەرامبەر بێتپەعۆر ناشتی، هەتا ئەمڕۆش کەس گۆڕەکەی پێ نازانێت .(٧) موسا تەمەنی سەد و بیستساڵان بوو کاتێک مرد، هێشتا چاوەکانی کز نەببوون و هێزی لەبەر نەبڕابوو .

لە تەورات لە ناکاو و بەبێ هیچ پێشینەیەک یان ڕوونکردنەوەیەک، موسا دەمرێ، هیچ هۆکارێک، بۆ مردنی لە ناو دەقەکانی تەورات نادۆزرێتەوە. لەلایەکیتر کەسایەتییەکی وا مەزن کە نەتەوەی بەنی ئیسڕائیلی لە چەوساندنەوە ڕزگارکرد، تا ئێستاش کەس نازانێ گۆڕی لە کوێیە. پرسیارێکە گشت پرۆسەی موسا و ژیانی و مردنی دەخاتە ژێر پرسیار!! تەنانەت هەر لە برگەی دواتر دەڵێ:

پەیمانی کۆن دواووتار ٣٤: ٨

(٨) جا بەنی ئیسرائیل لە دەشتەکانی مۆئاب سی ڕۆژ ماتەمینیان بۆ دانا، ئەوسا ڕۆژانی گریان و شیوەنی موسا تەواو بوو.

ئەگەر بەنی ئیسرائیل سێ ڕۆژ ماتەمینی بۆ موسا لە دەشتەکانی موئاب دانابێ، بۆ تا ئێستاش لە ڕووی شوێنەوارناسییەوە، هیچ شوێنەوارێکی موسا نەدۆزراوەتەوە؟

وەک لەو دەقەکە دیارە بەنی ئیسرائیل، بارگە و بنەیان لە دەشتەکانی مۆئاب بووە، و هەر لەوێش پرسەیان بۆ داناوە. کەچی کەس نازانێ گۆڕی موسا لە کوێیە. و چۆن مردووە. مەگەر بە پلانی چەند سەرکردەیەکی ناحەزی، لەشوێنێکی دوور کوشتبێتیان. تەنیا هەواڵی مردنیان دابێتە بەنی ئیسرائیل.

کەچی لە قورئان بە ڕاشکاوی دەڵێ، پەیامبەرێکمان بو ناردن یان نکۆڵیان لێکردن یانیش کوشتنیان. ڕەنگە نووسەری قورئان، دەربڕینی ئەو ئایەتەی لە کەلەپووری باوی ناوچەکانی شام و ئیسرائیل بەرگوێ کەوتبێ.

سورة المائدة ٥: ٧٠

لَقَدۡ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَأَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهِمۡ رُسُلٗاۖ كُلَّمَا جَآءَهُمۡ رَسُولُۢ بِمَا لَا تَهۡوَىٰٓ أَنفُسُهُمۡ فَرِيقٗا كَذَّبُواْ وَفَرِيقٗا يَقۡتُلُونَ (٧٠)

پەیمانمان لە بەنی ئیسرائیل وەرگرت و پەیامبەرانی خۆمان بۆناردن، جا هەر جارێ پەیامبەرێکیان بۆ دێ، کە لەگەڵ ویست و ئارەزووەکانیان نایەتەوە، دەستەیەکیان نکۆڵیان کردووە، و دەستەیەکیان کوشتوویانن (٧٠).

ئەو خاڵانە دەتوانن بە لێبڕاوی، خوێنەر بگەیێنیتە ئەو ئەنجامەی، کە موسا عیبرانی نەبووە، بەڵکوو بە ڕەچەڵەک میسری بووە. پەیوەندیشی لەگەڵ بەنی ئیسرائیل، هەر لە سەرەتاوە وەک پردی ڕزگاربوون دیێ، و بەکاری هێنابێ. بۆ ئیسرائیلیەکانیش، بە هەمان شێوە،

موسایان وەک ڕزگارکەرێک دەدی. بەڵام پەیمانە دوولایەنیەکە، لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی، و دینی نەچۆتە سەر. بەنی ئیسرائیل بە کوشتن، خۆیان لە موسا ڕزگارکردووە.

# ئەدۆنا یان ئاتۆن

تیشک خستنە سەر، ئەو هۆکارانەی کە بەردەوام سەرنجی مێژوونووسان و شوێنەوارناسانی ڕاکێشاوە. تا بتوانن ووردەکاری پەیوەندی نێوان موسا و ئەخناتۆن، بدۆزنەوە.

یەک لەوانە، ووشەی ئەدۆنای لە زمانی عیبری بە (گەورە یان خودا) دێ، و ئەخناتون ئەو بیروباوەڕەی، لە دایکی وەرگرتبوو، کە لە بنەڕەتدا، لە بنەماڵەیەکی ئاسیایی، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا دەژیان. مەبەست دەوڵەتی (میتانی) یەکانە، کە دەکەوتە باکووری فوڕات، و خودای (ئەدۆنای یا ئاتۆن) یان دەپەرست.[321]

بەپێی مێژوو میتانی، شانیشینی خۆریەکان لە ناوچەی خاپور دەوڵەتێکی کوردی بووین، لە ناوچەکانی باکووری سوریای ئێستا و باکووری کوردستانی باشوور.[322] کەواتە (تیا)ی دایکی ئەخناتون، کورد بووە. و بنەڕەتی دینی، ناوەڕۆک و ڕێساکانی، دینی ئاتۆنیش لە ڕێگای ئەوەوە، گەیشتۆنەتە ئەخناتون و میسر. لە هەمان کاتدا، ئەو نیشانەیەکە، کە پەیوەندی میسر و فیرعەونەکان، دەبێ پاشخانێکی لەمێژینەی هەبێ. زۆر زووتریش، کاریگەری دینی زەردەشتی، لە ئیمپراتۆریەکانی میسۆپۆتامیا، گەیشتبنە میسر.

دووەم: یەک لە گرنگترین ئاماژە، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان موسا و ئەخناتۆن کە

---

321 عباس العقاد (١٩٥٤) الله، كتاب الهلال، عدد ٤٢، القاهرة سپتيمبر ١٩٥٤م ص ٥٦، ٥٧

322 رشيد، د. جمال و رشيد .د. فوزى (١٩٩٠) تاريخ الكرد القديم. وزارة التعليم العالي و البحث العلمي ، جامعة صلاح الدين- كلية الأداب ص ٧٢ - ٧٨

دەکرێ ڕەچاوبکرێ، سەرنجی مێژوونووسی جوولەکە یوسێفوس فلاڤیوس ( Josephus Flavius) (٣٧ – ١٠٠ س.ب) بووە، یوسێفۆس ئاماژە بە گێڕانەوەی مێژوونووس و کاهینی میسری مانێتۆ (Manetho) دەکا (کە لە سەرەتای سەدەی سێیەمی پ.س.ب ژیاوە). مانێتۆ دەگێڕێتەوە:

> ئیسرائیلییەکان لە سەردەمی فیرعەونێکی خەڵوتنیشین و خوداناس میسریان بەجێهێشت، کە حەزی لە شەڕ و ئاژاوە نەدەکرد.

ئەو ئاکار و کەسایەتییەش، بە پێی ئەو زانیاریانەی ئێستا لە سەر ئەخناتون دەزانرێن، بە گشتی دەگونجێ. تەنانەت یۆسێفۆس دەڵێت کە ناوی ئەم فیرعەونە ئەمینۆفیس (Amenophis) بووە، کە یۆنانیەکان بە فیرعەونی میسری ئەمینحۆتێپ، یان دەگوت ئەمینۆفیس،. ئەوەش ناوی ڕاستەقینەی فیرعەون ئەخناتونە. ئەو ئەمینحۆتێپی چوارەم بوو، کە دەکاتەکوڕی ئەمینحۆتێپی سێیەم.

سەرەڕای ئەو دوو خاڵەش، بۆ زیاتر دڵنیا بوون، دەکرێ بەراوردێک لە نێوان ژیانی ئەخناتون و دەرچوونی موسا لەگەڵ جولەکان لە میسر بکرێ. ئەخناتون لە نێوان ساڵانی ١٣٥١ تا ساڵی ١٣٣٤ پ.س.ب فەرمانڕەوایی میسری کرد.

کەچی دەرچوونی موسا لەمیسر، لەگەڵ جولەکان لە دوای ساڵی ١٣٥٠ بوو[323]، کە تا ساڵی ١٢١٥ بەردەوام بوو. بەوەش نزیکەی سەدەیەکی خایاند.[324] ئەوەش چ لە ڕووی مێژووی و چ بە لێکدانەوی لۆژیک زۆر گونجاوە.

---

[323] ئیتر کام ساڵ بووە، ڕەنگە دوای گومبوونی ئەخناتوون بووبێ ١٣٣٤ پ.س.ب

[324] Freud, Sigmund (1939) Moses and Monotheism. The Hogarth Press and the Institute of Psycho- Analysis. First published. Pp. 98.

کەچی لێکدانەوەی میسرناسەکانی دواتر جیاوازە، ئەوان باوەڕیان وایە، کۆچکردنی جولەکان لە میسر، لە سەردەمی مێرنێپتا (Merneptah) (١٢١٣ –١٢٠٣) پ.س.ب کوڕی ڕامسیسی دووەمدا بووە، ئەوەش لە ڕووی مێژووییەوە، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی زیاتر لە سەد ساڵی نیوان سەردەمی ئەخناتون و دەرچوونی موسا لە میسر. ئەگەر بەپێی ئەو تیوریە نوێەبێ، دەبێ واز لە هاو سەردەمی، ڕاستەوخۆی نێوان ئەخناتون و موسا بهێنرێ.

بەڵام ئەو تیوریە نوێیە، نە لەرێگەی شوێنەوارناسیەوە، یا لە رووی مێژووی ڕووداوەکان، ئەو دەرچوونە پشتڕاست نەکراونەتەوە. لەبەر ئەوەی کەس نازانێ گۆڕی موسا لە کوێە، و یان لایەنێکی مێژوویی پاڵپشتی ئەو تیوریە بکا. بۆیە ئەو دەربڕینە جێگای گومانە. تا ئەو دەمەی بەڵگەی شوێنەوارناسی یان مێژوویی نەیسەلمێنێ، و ناتوانرێ بە گرنگ وەربگیرێ.

با وەک گریمانە وای دانێین، موسا و دەرچوونی جولەکان لە میسر، لەسەردەمی مێرینێپتا بووبێ، هەڵبەتە دەبێ موسا، وەک کەسایەتییەکی چینی سەرەوەی کۆمەڵگە، باش ئاگای لە باوەڕ و ناوەرۆکی دینی ئاتۆنی بووە. و تەنانەت باوەڕەکەشی ئەنجامی کاریگەری دینی ئاتۆن بووە، بەڵام نەک بەو ڕاستەوخۆییە. بەڵکوو کاریگەرییەک، بە دووری زیاتر لە یەک سەدە. و نەک کاریگەرییەکی هاوسەردەم. هەرچەندە لۆژیک لە لێکدانەوەی مێژوویی نابینرێ، بۆیە نابێتە جێگای متمانە. لەگەڵ ئەوەشدا، نابێ دینی ئاتۆن و باوەڕی ئەخناتون لە ناوچووبن، بەڵکوو دەبێ لە ناو خەڵکی بەگشتی، بە شێوەیەکی نهێنی تۆڕی بڵاوبوونەوەی دینی ئاتۆن لەناو نەچووبێ. و بەردەوامی هەبووبێ. جا بەرکەوتنی نێوان ئەو دوو کەسە (موسا و ئەخناتون)، ئەنجامی باوەڕی خەلک بووبێ.

به بەراوردکارییەکی وورد، بە ئاسانی دەردەکەوێ، کە کاریگەری دینی ئاتۆنی لەسەر دینی جوولەکە، بە لۆژیک ڕێگای تێدەچێ. بەبێ ڕەچاوکردنی چیرۆکی موسای میسری. ڕەنگە دینی جوولەکە، هەر لە دایک نەبوایە، یان ڕەوتێکی ئایدیۆلۆژی تری هەبوایە. لەلایەکیتر ماوەی نێوان دینی جولەکە، و دینی ئەخناتون، زۆر لەیەکتری دوور نەبووین. بەپێی لۆژیک، بە ئاسانی دەتوانین وای دابنێین، کە دوای دارمانی دینی ئاتۆنی، بۆ دینێکی نهێنی گۆڕابێ. و لە ناو بێگانە گۆشەگیرەکاندا بڵاوبووبێتەوە. و بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا هاتبێ. هەنگاو بە هەنگاو ئەو فۆڕمە نوێیەی لە سەر دەستی موسا وەرگرتبێ. کە تا ئێستاش هەندێک نوێژ و پاڕانەوەی ئاتۆنی لە نووسینی تەوراتدا ماونەتەوە.[325]

رمضان السید دەڵێ: ئەو باوەڕە (واتە ئاتۆنیزم) بیرۆکەی دینی میسری و بیرۆکەی دینەکانی باوی ئەوسەردەمە، لە زۆربەی ناوچەکاندا کۆدەکاتەوە. لە ژێر "ئەدۆن" یان "ئەۆهون"، واتە خودای گەورە.[326] وە لای خۆیەوە سیگمۆند فرۆید دەڵێت: ناوی باوەڕی جولەکان، وەک دەزانرێت، دەڵێت:

Sehem Jisroel (Adonai) Elohena Adonai Echod.

گوێبگرە، ئیسرائیل، (ئەدۆنای- خودا) خودای ئێمەی تاک.

شتیکی سەرسوڕهێن نییە، کە ناوی خودای ئاتۆنی میسری، بە دەربڕینی عیبری دەبێتە ئەدۆنای (Adonai) وەک ناوی خودای خەڵکی سوریا ئەدۆنیس (Adonis). لە ڕووی لەیەکچوونیشەوە، لە ڕووی مانا و زمان، دەتوانین وەرگێڕانی گوزارەی عیبری بەو شێوەیە بکەین:

---

325 السواح، فراس، مغامرة الحقل الأولى ص ١٠٦

326 رمضان السيد (١٩٩٣)، تاريخ مصر القديمة، هيئة الأثار المصرية. القاهرة،ج٢، ص ١٠١، ١٠٩

گوێبگرە ئەی ئیسرائیل، خودامان ئاتۆن (Adonay) خودای تاکە (تاکە خودایە)[327]
هەروەها لە پەیمانی کۆن، پەرتووکی داوەران، ئاماژە بە ناوی فیرئاتۆن دەکا، واتە شاری برای ئاتۆن. کە لەوێ ڕێبەرایەتی ئیسرائیل کراوە.

پەیمانی کۆن داوەران ١٢: ١٣ – ١٥

(١٣) پاش ئەویش عەڤدۆنی کوڕی هیلێل لە شاری فیرئاتۆن[328] ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد و (١٤) چل کوڕ و سی کوڕەزای هەبوو سواری حەفتا گوێدرێژ دەبوون. هەشت ساڵ ڕابەرایەتی ئیسرائیلی کرد .(١٥) ئینجا عەڤدۆنی کوڕی هیلێلی فیرئاتۆنی مرد و لە فیرئاتۆن لە خاکی ئەفرایمدا لە ناوچە شاخاوییەکانی عەمالێقییەکان نێژرا.

هەروەها شارێکی تریش بە هەمان ناو لە وڵاتی نەوبە، دروستکرا، کە ڕەنگە ئەوە سێیەم بێ لە ئاسیا دروستکرابێ. لەگەڵ ئەوەشادا دەبینرێ (ئەخت ئاتۆن) ی ئاسیایی، خۆ ڕەنگە هەر ئەوەش بێ، فرع ئاتۆن، ناوی لە پەرتووکەکانی پەیمانی کۆن هاتبێ. کە فەرهەنگی (قاموس الکتاب المقدس) پشتڕاستی دەکاتەوە. شوێنەکەشی کێوی زەبەلاحەکانە لە ئیفرایم. کە ئێستا ناوی (فرعاتة) یە، بە دووری حەوت میل و نیو، لە باشووری خۆرئاوای شەکیم (نابلسی ئێستا) لە ئیسڕائیل[329]

[327] Freud, Sigmund (1939) Moses and Monotheism. The Hogarth Press and the Institute of Psycho- Analysis. First published.pp. 24
[328] فیرئاتون یان فرع أتون، ووشەی فرع واتە برا
[329] قاموس الکتاب المقدس ص ٢٢

# جولەکە دوای دەرچوونیان لە میسر

دەرچوونی جولەکە لە میسر، تا گیرسانەوەیان لە خاکی کەنعان، زۆر لێڵ و ناڕوونە. کە دەبێ سەد ساڵێ خایاندبێ. کەچی تۆژینەوە نوێکان، ڕووناکیان خستۆتەسەر دوو ڕووداو. کە تا ئەو کاتە کەوتبوونە پشت پەردەی تاریکی. یا نووسەرانی تەورات دروستیانکردبن. بە واتایەکیتر، بێ بنەمان.

یەکەم: پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئێرنست سێلین[330] ئاشکرای کرد، کە جولەکە لە موسا یاخیبوون و کوشتیان، ئەوەش لە تەورات بە نا ڕاستەوخۆ پشتڕاستی دەکاتەوە. هەر دوای ئەوە دینی ئاتۆنی میسر (ئەخناتون) یان بە تەواوی سڕیەوە.[331]

دووەم: ئێ. مایەر ئاشکرایکرد. دوای ئەوەی جولەکە لە میسر دەربازبوون، لەگەڵ هۆزی تری ناوچەکانی نێوان ئیسڕائیل و نیمچە دوورگەی سینا و نیمچە دوورگەی عەرەبی تێکەڵاوبوون. و لەگەڵ یەکدا توانەوە. ئەوەش لە ناوچەیەکی بە بڕشت، بەناوی قادێش (Qadesh). لەوە بەدواوە هەنگاو بە هەنگاو لەژێر کاریگەری هۆزە مێدیانەکان، دینێکی نوێیان وەرگرت. و دەستیان بە پەرستنی خودای بورکانەکان (یەهۆڤا) کرد. هەر دوای ئەوە

[330] پێشتر باسی ئەو بابەتەکراوە، کە بەنی ئیسڕائیل خۆیان موسایان کوشتبێ.

[331] Sigmund Freud (1939) Moses and Monoteism, Hogarth press and the Institute of Psycho- Analysis. Pp. 98

دەستیان بە داگیرکردنی خاکی کەنعان کرد.[332]

گشت ئەو ڕووداوانە دوای ساڵی ١٣٥٠ پ.س.ب و دەرچوونی موسا و جولەکە لەمیسر بووین، کە نزیکەی سەدەیەکی خایاند یان تا ساڵی ١٢١٥ پ.س.ب. نووسەرانی تەورات، بۆ داپۆشینی ڕاستی ڕووداوەکان، و دروستکردنی سیمایەکی نوێ بۆ دینی ئیبراهیم و عیبرانیەکان، ڕووداوە گرنگەکانیان یا گۆڕیون یانیش هەوڵیانداوە دایان پۆشن.

بەڵام ئەو دوو خاڵەی سێلین و مایەر، سەبارەت بە کۆچی جولەکان و دەرچوونیان لە میسر، ڕووناکی نوێ دەخەنە سەر ڕووداوەکان، وامان لێدەکەن، جارێکیتر ووردتر تەورات بخوێنینەوە. هەندێ ئاماژەی ناڕاستەوخۆ بدۆزینەوە. کە دەبنە سەرەداوێ بۆ، دۆزینەوەی ڕاستی ڕووداوەکان.

## گلەو گازاندەی جولەکان لە موسا

هەرچەندە لە ناو ئایەتەکانی قورئان باسی برسیەتی، و بێگاری و ئازاردان و کوشتنی جولەکان دەکا، لە میسر، بە دەستی فیرعەون و دارودەستەکەی.

سورة البقرة ٢: ٤٩

وَإِذۡ نَجَّيۡنَٰكُم مِّنۡ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ يَسُومُونَكُمۡ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ يُذَبِّحُونَ أَبۡنَآءَكُمۡ وَيَسۡتَحۡيُونَ نِسَآءَكُمۡۚ وَفِي ذَٰلِكُم بَلَآءٞ مِّن رَّبِّكُمۡ عَظِيمٞ (٤٩)

[332] Ibid.

> که ئێوەمان لە فیرعەون و دارودەستەکەی ڕزگارکرد، کە بە خراپترین شێوە ئازاریدەدان، کوڕەکانی لێ سەردەبڕین و ژنەکانی دەهێشتنەوە، وە لەوەدا ئەزموونێکی مەزن لە لایەن پەروەردگارتانەوە هەبوو. (٤٩)

بەڵام بە چاوگێڕانێکی وورد بۆمان دەردەکەوێ، ئەو دەربڕینانەی قورئان هیچی ڕاستی تێدا نییە. جولەکە ژیانیان باش بووە و گیانیشیان لە مەترسی دانەبووە.

بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئیسرائیلیەکان، دوای دەرچوونیان لە میسر، و گیرسانەوەیان لە بیابانی سینا، لەبەر برسیەتی و بێدەرەتانی، گلەییان لە ژیانی خۆیان دەکرد. دەیانگوت ژیانیان لە میسر زۆر خۆشتر بووە، و ئێستا زۆر خراپترە، و پەشیمانیان لەو کۆچکردنە، لەگەڵ موسا و هارون دەردەبڕێ.

دەقی تەورات، بە ڕاشکاوی، ئەو ئایەتە بە درۆدەخاتەوە. و بەنی ئیسرائیل خۆیان دان بەوە دادەنێن، کە لە میسر ژیانیان باشتر بووە. برسی نەبووین، ترسیشیان نە لە مردن نەلە بێدەرەتانی نەبووە، بۆیە بە ئاشکرا پەشیمانن، لە دەرچوونیان لە میسر. و خۆزگە بە ڕۆژانی ژیانی میسر دەخوازن.

پەیمانی کۆن - سەرژمێر ١١: ٤ – ٦

> (٤) ئەو ئاژاوەگێڕانەی لەناویان دەژیان ئارەزووی گۆشتیان دەکرد، جا نەوەی ئیسرائیلیش گەڕانەوە و گریان و گوتیان: کێ گۆشتمان دەرخوارد دەدا. (٥) بیری ئەو ماسیە دەکەین، کە لە میسر بەخۆڕایی دەمانخوارد، لەگەڵ ئارو و شووتی و کەوەر و پیاز و سیر .(٦) ئێستاش وا گیانمان وشک بوو، هیچ شتێک نییە و هەر چاومان لەسەر ئەو مەنەیە!

ئەوەش بەڵگەیەکە، کە تەورات پشتڕاستی دەکاتەوە، جولەکە لە میسر، باری ژیانیان باشبووە. و گرفتی خوراک و ژیانی ڕۆژانەیان نەبووە. فیرعەون و خەڵکی میسر لەگەڵیان باشبووین و نەیانچەوساندوونەتەوە. کەواتە دەبێ موسا لەبەر بەرژەوەندی خۆی لە خشتەی بردبن، بۆیە وا پەشیمانی بۆ ژیانی میسر دەردەبڕن.

بەڵگەیەکیتر لەسەر دەوڵەمەندی بەنی ئیسرائیل زێڕ و زەبەریانە، کە تەورات بە ئاشکرا باسی دەکا.

پەیمانی کۆن دەرچوون ٣٢: ٢ - ٤

(٢) هارونیش وەڵامی دانەوە: ئەو گوارە زێڕانەی لە گوێی ژن و کوڕ و کچەکانتانە لێی بکەنەوە و بۆ منی بێنن (٣) جا هەموو گەل ئەو گوارانەی لە گوێیان بوون لێیان کردنەوە و بۆ هارونیان هێنان. (٤) ئەویش لە دەستیانی وەرگرت و بە قاڵب شێوەی گوێرەکەیەکی دارشت و بە قەڵەم و چەکوش ڕێکیخست، ئینجا گوتیان: ئەی ئیسرائیل، ئەمە خوداکەمانە، ئەوەی ئێمەی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا.

پرسیارەکە لەوەدایە، ئەگەر ژیانیان لە میسر بە هەژاری، و برسیەتی و بێدەرەتانی دابووا ئەو هەموو زێڕە لە کوێ هات؟ ئەوەش بۆچوونی ئیسلام و قورئان بە درۆ دەخاتەوە، کە فیرعەون، بە بێگاری و برسیەتی جولەکەی چوساندوونەتەوە.

# دڕدۆنگی و بێمتمانەیی بەنی ئیسرائیل

لەلایەکیتر دڕدۆنگی بەنی ئیسرائیل بەرامبەر موسا، کە دەیەوێ قسەیان بۆ بکا. بەڵام ئەوان لەبەر ئەوەی بە هی خۆیانی نازانن، گوێی لێ ناگرن. هەرچەندە تەورات دەڵێ لەبەر بێ وورەیی و کۆیلایەتی بووە، بەڵام بە پێچەوانەوە، دەکرێ بڵێین لەبەر بێ متمانەیی بووە. موسا لە نەتەوەی خۆیان نەبوو، بۆیە سەخت بوو متمانەی پێبکەن.[333]

سەرەڕای ئەوە لە دەقی تەورات دەبینرێ، پیرانی جولەکە خۆیان لە موسا و هارون بە شایستەتر دەزانن، وەک تەورات دەڵێ نەچوونە لای چادرەکەی موسا، بەڵکوو گیانی خودایان لەسەر نیشتەوە، و پەیامی خۆیان بەخەڵکی دەدا. واتە خۆیان بە پەیامبەر دانا.

پەیمانی کۆن سەرژمێر ١١: ٢٦ - ٢٨

> (٢٦) دوو پیاویش لە ئۆردوگاکە مانەوە، ناوی یەکێکیان ئەلداد و ناوی ئەوەی دیکە میداد بوو، ڕۆحی خودا لەسەریان نیشتەوە، ئەوانیش لە ڕیش سپییەکان بوون، بەڵام نەچووبوونە لای چادرەکە، جا لە ئۆردوگاکە پەیامی خودایان ڕاگەیاند، (٢٧) لاوێکیش ڕایکرد و هەواڵی دایە موسا و گوتی: ئەلداد و میداد لە ئۆردوگاکە پەیامی خودا ڕادەگەیەنن!

[333] Sigmund Freud (1939) Moses and Monoteism, Hogarth press and the Institute of Psycho- Analysis. Pp 14.

(٢٨) یەشوعی کوڕی نونیش کە لە گەنجییەتیەوە خزمەتکاری موسا بوو وەڵامی دایەوە و گوتی: موسای گەورەم ڕێیان لێ بگرە!
(٢٩) موساش پێی گوت: ئایا لە جیاتی من ئیرەیی دەبەی؟ خۆزگە هەموو گەلی خودا پەیامبەر بوونایە، کە خودا گیانی خۆی دەخستە سەریان!
(٣٠) ئینجا موسا و پیرانی ئیسرائیل گەڕانەوە بۆ ئۆردوگاکە.

ئەو دیمەنە ئەوە پیشان دەدا، کە هێشتا هەر لە بیابانی سینا، پەیامبەری تر پەیدا دەبن. و خۆیان وەک بەنی ئیسڕائیلی بە شایستەتر لە موسا دەزانن. بەڵام موسا وەک سەرکردە و خاوەن بیری دینی ئاتۆن، پێگای خۆی لە دینە نوێکە، هەم بە پتەوتر و هەم خۆشی بە شایستەتر دەبینێ. بۆیە زۆر بە خەمساردی دەڵێ، لە جیاتی من ئیرەیی دەبەی!! خۆزگە هەموو گەلی خودا پەیامبەر بوونایە. بێ خەم لەگەڵ پیر و ڕیش سپیانی بەنی ئیسڕائیل دەگەڕێتەوە ئۆردووگا. هەرچەندە نازانرێ چارەنووسی ئەو دوو پیاوە پیرە ئەلداد و میداد بەچی دەگا. ڕەنگە سەرکوتکرابن.

بێجگە لەوە لە پەیامی ڕۆژانەی موسا، بۆ بەنی ئیسڕائیل دەردەکەوێ، کە گوێیان لێ نەدەگرت.

پەیمانی کۆن - دەرچوون ٦: ٩
(٩) موسا بەم شێوەیە لەگەڵ نەوەی ئیسرائیل قسەی کرد، بەڵام گوێیان لێ نەگرت، لەبەر بێ ورەیی و کۆیلایەتی سەخت.

ئەو پەرەگرافە دەیسەلمێنێ، کە بنی ئیسڕائیل، هیچ ڕێزێکیان بۆ قسەکانی موسا دانەدەنا، و گوێیان لێ نەدەگرت.

# پاشخانی دینی ئاتۆن

هەروەها لە تیبة، لە سەردەمی ئەمنحوتبی سێیەم، بەر لە کودەتای دینی بە سەرکردایەتی ئەخناتۆنی کوڕی، و دوو ئەندازیار سوتی و حور سرووودێکیان هۆنیەوە بۆ خودای ئامۆن بەو پییەی کە ڕۆژە. کە قسە لەگەڵ دیسکی خۆر دەکا، بە ناوی ئاتۆن. لەبەر ئەوەی ئاتۆن مانای جەستەی دیسکی خۆرە. و سرووودەکە دەڵێ:

سڵاوت لێبێ، ئەی دیسکی ڕۆژی ئاتۆن،
کە مرۆڤی دروست کردووە و وای لێکردوون بژین.
پەپوولەی بەهێز بە پەڕەکانی فرەڕەنگەوە،
کە بۆ ئەوەی خۆی بەرز بکاتەوە هاتۆتە ئاراوە.
کە بە ئارەزووی خۆی هاتۆتە ئاراوە، بەبێ ئەوەی لەلایەن کەسێکی ترەوە لەدایک بێت.
هۆرۆسی گەورە کە لە نوتی ئاسماندا نیشتەجێیە.
م کە هەڵدێ، مرۆڤ شاد دەبێ.
کە ون دەبێ، هەمان شت بەسەر مرۆڤدا دێ.
ئەی ئەوەی تیرەی دووانە، لە گەورەترین بوونەوەرەوە بۆ بچووکترین بوونەوەر دەگۆڕێ.
دایکی خودا و مرۆڤەکان،

خێرخواز، هونەرمەند، جادووگەر، ماندوو نەناس[334]

لەگەڵ دەرکەوتنی لەناکاوی خودای ئاتۆن لە سەردەمی ئەمینحۆتێپی سێیەمدا، کە تێیدا سروودی پێشوو دارێژراوە، ئاراستەی خودای ئەمۆن و دیسکی خۆر ئاتۆن کراوە، پاشان بەرزبوونەوەی ئاتۆن وەک تاکە دەستەڵات، لە سەردەمی ئەمینحۆتێپی چوارەم/ئەخناتون، هەندێک کەس هەوڵیاندا، بڵێن کە پەرستنی ئاتۆن ڕەسەنی میسر بووە، بەو پێیەی هەمان خۆرپەرستی کۆنە، کە لە هۆروس و ئاتوم و ڕا (رع) و خۆردا دەدرەوشێتەوە. باوەڕی خۆر لە میسر، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی ناسراوە، میسرییەکان بە شێوەی مرۆڤێک وێنا یانکردووە، کە تاجی پاشای لەسەرناوە. و لەسەر تەختی جیهان دانیشتووە، و ناویان ناوە ئاتۆم، و بە یەکەم ئەفرێندراو و بنەچەکەی هەموو مرۆڤایەتی دەزانن. لە ئاتۆم و ئاتۆندا، بە زانینی ئەوەی کە ئاتۆن دیسکی خۆر بووە (نون) و (میم) ئەگەری ئاڵوگۆڕی پیتەکانی هەمان، وەک چۆن ئەو کورەیە، واتە کورەی گەورەی ئاگرین. [335]

لەوانەیە ئەم هەڵمەتە ڕق و کینە دوای پیلانێکی شکستخواردوو لە دژی ئەخناتۆن هاتبێ. ئەوەش لەسەر بنەمای قسەکانی ئەخناتۆن خۆیەتی، کە لەسەر یەکێک لە تابلۆکانی سنووری شاری (ئەخت ئاتۆن) دۆزراوەتەوە، کە تێیدا دەڵێت:

سوێند بە ژیانی ئاتۆنی باوکم،
کە قەشەکان گوناهبارتر بوون لە هەموو ئەو شتانەی کە تا ساڵی چوارەم بیستوومە،

---

[334] دوماس، فرانسوا (١٩٨٦) آلهة مصر، ترجمة زكي سوس، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة. ص ١٢٣

[335] أبو بكر، د. عبدالمنعم (١٩٦١) إخناتون، المكتبة الثقافية . القاهرة عدد ٣٥ ،ص ٤٥

تەنانەت لە هەموو ئەو شتانەی کە تا ساڵی شەشەم ڕوویانداوە، زیانبەخشتر بوون.[336]

کێشەی فرۆید ئەوە بوو، میسرییەکان بە پێچەوانەی موسا، جگە لە یەکتاپەرست هیچی تر نەبوون. لە لایەکی ترەوە ئەخناتون و دینەکەی ئاتون، لێکچوونێکی ڕوونیان لەگەڵ دەقەکانی دینی موسا، بەپێی پەیمانی کۆن، نیشان دەدا، لێکچوونێک کە فرۆید یەکەم کەس بوو، لەو نهێنییە تێبگا. بەو شێوەیە، دەتوانرێ بگوترێ، موسا باوەڕدارێکی (ئاتۆن) بووە.

فرۆید لە تۆژینەوەی گەیشتبووە دووڕیانێک، لەلایەک بەپێی لێکدانەوەی دەقەکانی پەیمانی کۆن، ئەوەندە لە دینی ئاشتیخوازی ئەخناتون نەدەچوون. لە دەقەکانی پەیمانی کۆن تەنیا دڕوندەیی و کوشتن و تالانی دەبینی. لەلایەکیتر موسا وەک کەسایەتییەکی مێژوویی نابێ عیبرانی بووبێ. دواتر توانی بە یارمەتی ئێرنست سێلین (Ernst Sellin 1867- 1946) لەو دووڕیانە دەربازبێ. سێلین لە بەدواداچوونەکانی، هەوڵیدا تەورات بەو مانایە لێکبداتەوە، کە موسا لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە کوژراوە. ئێستا فرۆید بڕیاریدا ئەوانەی میسریان بەجێهێشت، دواتر دەچنە ناو هۆزەکانی میدیانیەکان، کە یەهۆڤایان (Jhvh) دەپەرست، کە خودایەکی سەرەتاییترە لە ئاتۆن. دینەکان یەک دەگرنەوە، بەڵام بەدرێژایی سەدەکانی داهاتوو، دینی موسا فۆرمێکی تری وەرگرت. کە تائێستاش بەردەوامە.[337]

[336] هەمان سەرچاوە

[337] Sigmund Freud (1939) Moses and Monoteism, Hogarth press and the Institute of Psycho- Analysis. Pp. 41

# بۆشایی لە وێنەی خودادا

دینی موسا، وەک فرۆید بیری لێ دەکردەوە، لێکچوونێکی زۆری، لەگەڵ جوولەکەی ڕابینیدا هەبووە. بەڵاگێڕی بۆ خودا نەبوو. سەرەڕای ئەوە خودا، وەک یەهۆڤەی پەرتووکی پیرۆز درندە نەبوو. هەروەها دەڵێ: کەس گومانی لەوەدا نییە، کە تەنیا بیرۆکەی ئەو خودایەی دیکە بووە (خودای ئاتۆن)، کە بەنی ئیسرائیل، توانی بەرگەی هەموو لێدانەکانی چارەنووس بگرن و وەک گەلێک تا سەردەمی خۆمان بژین.

ئەمنحوتبی سێیەم هەرگیز نکۆڵی لەوە نەکردووە، کە ئامون (خۆر) دەپەرستێ، و شکۆی خۆری ئەفرێنەر و پارێزەری هەموو بوونەوەرێکی، چ لە میسر و چ دەرەوەی میسر بێ. ئەوەشی لە دوو سروود دا، کە بە خۆی بۆ مەزنی ئاتون نووسیونی. کە لە نەخشەکانی سەرگۆڕ دۆزراونەتەوە.[338]

لەیەک لە سروودەکان دەڵێ:

ئای، تۆی تاکە خودا، جگە لە تۆ هیچ خودایەکی تر نییە.

Oh, Thou only God, There is no other God than Thou. [339]

---

[338] Ibid. Pp. 37

[339] Breast, Ernst, History of Egypt. Pp. 374, Ibid. Pp. 38

پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، ئەگەر موسا میسری بووبێ، و دینی دایە جوولەکان، واتە دینی جولەکان، دینی ئەخناتونە، دینی ئاتۆن، لە ڕێگای موساوە گەیشتە جولەکان. ئیسلام و کریستیانیش، لە تەورات وەریان گرت. یەهۆڤای دڕوندەش، لە بیابان دڕوندەتر بوو. و وەک کراسێک کرایە بەر ئیسلام.

خودا لە قورئان باسی خۆی دەکا، کە ئەفرێنەری زەوی و ئاسمانەکانە، هەر ئەو ژیان و مردن دەبەخشێ، هەمیشە زیندووە کە نامرێت:

سورة الإخلاص ١١٢: ١ -٤

قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ (١) ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ (٢) لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ (٣) وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ (٤)

بڵێ، ئەو خودایە تاکە (١) خودا پتەوە (٢) کەسی لێ نەبووە، لەکەسیش نەبووە (٣) و هەرگیز کەسیش هاوشانی نەبووە (٤)

بەراوردێکی ئەو سورەتە، لەگەڵ ئەو دەقە بکە کە لە سروودێکی دینی میسری کۆن دا هاتووە. لە پەرتووکی مردوان (كتاب الموتى) سروودێک هەیە دەڵێ:

من ئاتومم (Atum) کە ئاسمان و زەویم دروستکردووە.
خۆمم، بە خۆم دروستکردووە.
گشت بوونەوەرێکی سەر زەویم دروستکردووە.
هەروەها گشت بوونەوەرێکی ئاسمانم دروستکردووە.[340]

---

[340] برت إم هرو، كتاب الموتى الفرعوني، عن بردية آنى بالمتحف البريطانوي. ترجمة عن الهيروغليفية، السير والس بدج. و الترجمة العربية و التعليق د. فيليب عطية.

چمکی هەردوو دەقەکە، بێجگە لە شێوەی دارِشتن، هەمان ناوەرۆکی هەیە. هەرچەندە دەقی ئاتوم زیاتر لە سێ هەزارساڵ کۆنترە لە دەقی سورەتی الإخلاص.

ئاتوم (Atum) یەک لە خودا هەرە بەرزەکانی ئەفسانەی میسری کۆنە. لە دوای نون هاوشانی (رەع، پتاح و ئەوزێریس)دێ. و ناوەکەشی بە مانای ( تەواو، بێ کەم و کوورِی) دێ.[341]

## بەراوردێک لە نێوان ئاتۆن و دینی جولەکە

قورئان بە ئایەتەکانی خۆی دان بەوە دادەنێ کە زۆربەی ناوەرۆکی باوەرِی، هەر لە چیرۆکی نەبیەکان، تا شێوەکانیتری خوداپەرستی، لە تەورات و ئینجیل وەرگرتووە. زۆر جار بە گەواهی ئەو دوو پەرتووکە دروستی قورئان پشترِاست دەکاتەوە. بۆیە بەراوردی تەورات لەگەڵ دینی ئاتۆن، رِاستەوخۆ بەراوردکردنە لەگەڵ قورئان. ئەو بەراوردکردنەش، بۆ ئەوەیە نیشان بدرێ، کە تا چەند لەیەک دەچن. هەرچەندە، ئەوەش کارێکی ئاسان نییە. لەبەر ئەوەی کاهینەکانی ئامون، وەک تۆڵە لە ئەخناتون زۆر شتیان لێگۆرِی یان فرِێدا. ئێمە لە زۆربەی دەقەکانی ئەو دینە بێ بەشین. لە دینی موسا ئێمە تەنیا شێوەی دارِشتنی

[341] Watterson, Barbara (1984) The Gods of Ancient Egypt. Pp. 45

کۆتایی دەزانین، کە نزیکەی دوای ٨٠٠ ساڵ، حاخامەکانی جوولەکە، لە دەربەدەری. لە بابل دووبارە، بە تێکەڵکردنی کەلەپووری سۆمەری و بابلی دایانڕشتۆتەوە. [342]

یەک لەو نیشانانەی لە ناو دەقەکانی دینی جوو ناوی ئاتون هاتووە. بە عیبری ئەدۆنای (Adonai) بە ناوی خودای سووریا ئەدۆنیس، ئەوەش بەو گوزارەیە دەبێ:

گوێ بگرە ئەی ئیسرائیل، خودای ئێمە ئاتۆنی (Adonai) تاکە خودا.
Hear, oh Israel, our God Aton (Adonai) is the only God. [343]
بە عیبری:שְׁמַע יִשְׂרָאֵל יהוה אֱלֹהֵינוּ יהוה אֶחָד
بە گۆڕینی ڕێنووس: شيماع يسرائيل، أدوناي إلوهينو، ادوناي إحاد[344]
بە پێی ئەو دەربڕینە، دینی جوو، دینێکی نوێ نییە.

## یەکتاپەرستی دینی ئەخناتون و قورئان

دینی میسری کۆن شێوەیەکی یەکتاپەرستی بوو. و خودای ئاتونیان دەپەرست. باشتر وایە، ئاماژە بە هەندێ لەو نزاو پاڕانەوانە بکرێ، کە میسرییەکان ئاڕاستەی ئەو خودایان دەکرد:

---

[342] Sigmund Freud (1939) Moses and Monoteism, Hogarth press and the Institute of Psycho- Analysis. Pp. 41
[343] Ibid. Pp. 42
[344] Wikipedia

چەند جوانە هەڵسانەوەت لە ئاسۆی ئاسماندا... ئەی ئاتۆنی زیندوو، بنەمای ژیان... کاتێ لە ئاسۆی ڕۆژهەڵات هەڵدێی... هەموو زەوی پڕ دەکەی لە جوانی خۆت... تۆ جوانی، گەورە و درەوشاوەی، بەرزی لە سەرووی هەموو بەرزیەکان... ئەی ئەو خودایەی، کە هیچ هێزێکی تری وەک سەری تۆ نییە... ئەی تۆ کە زەویت دروستکردووە، وەک دڵت ئارەزووی دەکات... کاتێک تەنیا بووی... تۆ دروستکەری ڕووباری نیلی لە ژێرزەویدا... و بە ئارەزووی خۆت دەیهێنی... بۆ پاراستنی ژیانی مرۆڤەکان... پلانەکەت چەند گەورەیە... ئەی پەروەردگاری هەتاهەتایە!.

ئەنجامی ئەو دەقانە، ڕۆژهەلاتناسانی ئەوروپی دەڵێن، باوەڕی یەکتاپەرستی، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاشا ئەخناتۆن. و عیبریەکان لە ڕێگەی موساوە، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری، دینی ئاتون و هزری ئەخناتوون، کە یەکێک بووە لە فەرماندەکانی ئەخناتون، وەک دەروونناسی بەناوبانگ سیگمۆند فرۆید باسی دەکا. [345]

قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە میسرییە کۆنەکان لە ڕێگەی نامەکەی کوڕانی یاقوب، بۆ ئەلعەزیز، کاتی بە دوای خۆراکدا دەگەڕان. و گەیشتنیان بۆ میسر ئاشنا بوون بە باوەڕی یەکتاپەرستی:

سورة يوسف ١٢: ٨٨

فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيۡهِ قَالُواْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهۡلَنَا ٱلضُّرُّ وَجِئۡنَا بِبِضَٰعَةٖ مُّزۡجَىٰةٖ فَأَوۡفِ لَنَا ٱلۡكَيۡلَ وَتَصَدَّقۡ عَلَيۡنَآۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَجۡزِي ٱلۡمُتَصَدِّقِينَ (٨٨)

[345] سايتى التعددية، نقارب التنوع بإيجابية بتاريخ ٢٠١٧/٠٧/١٧، عامر الحافي، القرآن والوجه الآخر للديانة المصرية القديمة.

> که چوونه لای، گوتیان ئەی عەزیز، هەم خۆمان و هەم خێزانمان لە بژێوی کەلەلاین، هەندێ کاڵامان هێناوە، بیکە سەدەقەی سەری خۆت ، پێوانەی تەواومان بدەیێ، خودا پاداشتی خێرومەندان لەبیرناکا (٨٨)

ئەگەر میسریەکان و عەزیز باوەڕیان بە خودایەک نەبووبێ، چۆن چەند کەسێکی بێگانە، بەو ئاسانییە، باسی پاداشتی خودا لەگەڵ عەزیز دەکەن؟
هەرچەندە، بە لێکدانەوەی مێژوو، ناگونجێ! لەبەر ئەوەی یەکتاپەرستی، لە ماوەی دەستەڵاتی ئەخناتۆن دەستی پێکرد، کەواتە بەلای کەمی دووسەد ساڵ دوای یوسف.

کە وایە، قورئان وەک هەڵەیەکی مێژوویی دەریبڕیووە. لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوە دادەنێ، یەکتاپەرستی لە میسر هەبووە، و تەنانەت پاشای میسریش باوەڕی پێ هەبووە.

لە تەک باوەڕ بە یەکتاپەرستی، دینەکانی میسری کۆن، کە پێش (سێ دینی ئیبراهیمی)، باوەڕیان بە زیندووبوونەوە و لێپرسینەوە و ژیانی دوای مردن هەبووە. پەرتووکی مردووان، باوەڕی میسرییە کۆنەکان بە ژیانی دوای مردن پشتڕاست دەکاتەوە. ئەو دەقەی خوارەوە، باس لەوە دەکا، لە کاتی لێپێچینەوە، چۆن مردوو بەرگری لەخۆی داکا:

> سڵاوت لێبێ ئەی خودای گەورە، خودای ڕاستی. من هاتوومەتە لات، خودای خۆم، ملکەچی گەواهی شکۆمەندی تۆ بووم. هاتوومەتە لات، خودای خۆم، بە دڵێکی پاک، وازم لە درۆ هێناوە. من ستەمم لە کەس نەکردووە، نەکەوتوومەتە دوای ڕێبازی گومڕایان.. کەسم نەکوشتووە، خیانەتم لە کەس نەکردووە، نە هاندەرم بۆ کوشتن. من پاکم، مادام گوناهبارنیم، دە خودای خۆم، لە ڕیزی سەرکەوتووانم دانێ.

هەروەها میسرییە کۆنەکان پێیان وابوو کە لێپرسینەوە، لە ژیانی دوای مردن، لەسەر بنەمای تەرازوویەک دەبێت کە دڵی مردووەکە لە لایەک دادەنرێ. و لە لایەکی دیکەشەوە، پەڕێک لە خودای (ماعت) دادەنرێ. ئەگەر دڵ کێشی زیاتر بوو، مردووەکە دەچێتە بەهەشت، ئەگەر پەڕەکەی زیاتر کێشی بوایە، دەچێتە دۆزەخ. قورئان سەبارەت بە ڕۆژی پەسڵان (القیامة) ئاماژەی بە باوەڕی میسرییە کۆنەکان کردووە، کاتێک دەڵێ:

سورة غافر ٤٠: ٣٢

وَيَا قَوْمِ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ التَّنَادِ (٣٢)

ئەی گەلەکەم، بەڕاستی لە ڕۆژی بانگەواز[346] بۆ ئێوە دەترسم (٣٢)

سورة یوسف ١٢: ٢٥

وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ وَقَدَّتۡ قَمِيصَهُۥ مِن دُبُرٖ وَأَلۡفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا ٱلۡبَابِۚ قَالَتۡ مَا جَزَآءُ مَنۡ أَرَادَ بِأَهۡلِكَ سُوٓءًا إِلَّآ أَن يُسۡجَنَ أَوۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ (٢٥)

وە هەردووکیان- یوسف و زولەیخا- پێشبڕکێیان بۆ دەرگاکە کرد، وە کراسەکەی- یوسفی - لە دواوە دڕاند، و لای دەرگاکە تووشی گەورەکەیان هاتن، ژنەکە- زولیخا- گوتی سزای ئەو کەسە چییە، کە ویستوویەتی خراپە لەگەڵ خێزانەکەت بکا، جگە لەوەی بەند بکرێ یان ئەشکەنجەیەکی ئازاربەخش بدرێ (٢٥)

و لە قەدەغەکردنی دزیکردن لە یاساکانی میسری کۆن

---

[346] ڕۆژی بانگەواز: یەکێکە لە ناوەکانی ڕۆژی پەسڵان (هەڵسانەوە) لە قورئاندا.

سورة يوسف ١٢: ٧٥

قَالُوا جَزَاؤُهُ مَن وُجِدَ فِي رَحْلِهِ فَهُوَ جَزَاؤُهُ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ (٧٥)

گوتیان: سزای ئەو کەسەی کە لە بارەکەیدا دۆزرایەوە، سزاکەی خودی خۆی دەگرێتەوە، بەم جۆرە پاداشتی ستەمکاران دەدەینەوە.(٧٥)

لە بیروباوەڕی میسری، کە قورئان ئاماژەی پێ دەکا، باوەڕیان بە فریشتەش هەبوو، و چۆن ژنان باسی جوانی یوسف دەکەن:

سورة یوسف ١٢: ٣١

وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَٰذَا بَشَرًا إِنْ هَٰذَا إِلَّا مَلَكٌ كَرِيمٌ (٣١)

ئەمە مرۆڤ نییە، ئەمە هیچ نییە جگە لە فریشتەیەکی بەرز. (٣١)

ڕێز و پاداشتی کەسانی لێهاتوو و کارامەیی مرۆڤ، بەبێ ڕەچاوکردنی بنەچە نەتەوەیی، و ئایدیۆلۆژی بکرێ. بە واتایەکیتر مرۆڤی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو. ئەوەش بە پێێ ئاماژەی قورئان، هەڵوێستی پاشای میسر بووە، بەرامبەر بە یوسف.

سورة یوسف ١٢: ٥٤

وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي فَلَمَّا كَلَّمَهُ قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ (٥٤)

پادشا گوتی بیهێننە لام، تایبەتی دەکەم بۆ خۆم، جا کاتێك قسەی لەگەڵدا کرد، گوتی لە ڕاستیدا ئیمڕۆ تۆ لای ئێمە خاوەن توانا و متمانەیت. (٥٤)

هەروەها خەڵک و دەستەڵاتی میسری، بەهای ڕەوشتیان بۆ هەر کەس دادەنا، ئەوەش لە هەڵوێستی ژنان، دەربارەی یوسف دەردەکەوێ.

سورة یوسف ١٢: ٥١

قَالَ مَا خَطۡبُكُنَّ إِذۡ رَٰوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفۡسِهِۦۚ قُلۡنَ حَٰشَ لِلَّهِ مَا عَلِمۡنَا عَلَيۡهِ مِن سُوٓءٖۚ قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡـَٰٔنَ حَصۡحَصَ ٱلۡحَقُّ أَنَا۠ رَٰوَدتُّهُۥ عَن نَّفۡسِهِۦ وَإِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ **(٥١)**

ژنەکان گوتیان نەبەخودا، ئێمە هیچ شتێکی خراپمان لە یوسف نەزانیووە، ژنەکەی عەزیز (زولەیخا) گوتی: ئێستا ڕاستی بەدیار کەوت، من بووم ویستم یوسف سواری خۆم بکەم، وە لە ڕاستیدا یوسف لە ڕاستگۆکانە (٥١).

ئەو دەربڕینە سەبارەت بە، پێگای ڕەوشت لەلای میسریەکان، هەروەک قورئان ئاماژە بە بوونی بەهای ڕەوشتی بەرز، لە ناو میسرییە کۆنەکان دەکا. وەک ڕێزگرتن لە کۆیلە:

سورة یوسف ١٢: ٢١

قَالَ ٱلَّذِي ٱشۡتَرَىٰهُ مِن مِّصۡرَ لِٱمۡرَأَتِهِۦٓ أَكۡرِمِي مَثۡوَىٰهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗاۚ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلِنُعَلِّمَهُۥ مِن تَأۡوِيلِ ٱلۡأَحَادِيثِۚ وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ (٢١)

ئەوەی لە میسر – یوسفی – بۆ ژنەکەی کڕی گوتی: ڕێز لە جێگای بگرە. ڕەنگبێ سوودمان پێ بگەیێنێ یان بیکەینە کوڕی خۆمان. و بەو شێوەیە توانامان بە یوسف دا لە خاکەکە. و بۆ ئەوەی فێری لێکدانەوەی ڕووداو و قسەکانی بکەین. خودا زاڵە بەسەر پرسەکانیدا بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن (٢١)

سورة يوسف ١٢: ٨٨

فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيۡهِ قَالُواْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهۡلَنَا ٱلضُّرُّ وَجِئۡنَا بِبِضَٰعَةٖ مُّزۡجَىٰةٖ فَأَوۡفِ لَنَا ٱلۡكَيۡلَ وَتَصَدَّقۡ عَلَيۡنَآۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَجۡزِي ٱلۡمُتَصَدِّقِينَ (٨٨)

جا کاتێ لێی (له یوسف) چوونه ژوورەوه گوتیان، ئەی خاوەن شکۆ زیان به خۆمان و خێزانەکەمان گەیشتووه. و به کەلوپەلێکی تێکەڵ هاتووین، بۆمان بپێوه و خێرمان پێبکه. له ڕاستیدا خودا پاداشتی چاکەکاران دەداتەوه (٨٨)

ئەگەر کوڕانی یاقوب، له خەڵکی میسر و دەستەڵاتدارانی بترسابان، چۆن باسی پاداشتی خودایان دەکرد. لەکاتێ هەر له قوڕئان له بارەی فیرعەون دەڵێ من خودام...

بەرگریکردن له ئازادی باوەڕ

سورة غافر ٤٠: ٢٨

وَقَالَ رَجُلٞ مُّؤۡمِنٞ مِّنۡ ءَالِ فِرۡعَوۡنَ يَكۡتُمُ إِيمَٰنَهُۥٓ أَتَقۡتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ وَقَدۡ جَآءَكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمۡۖ وَإِن يَكُ كَٰذِبٗا فَعَلَيۡهِ كَذِبُهُۥۖ وَإِن يَكُ صَادِقٗا يُصِبۡكُم بَعۡضُ ٱلَّذِي يَعِدُكُمۡۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ مُسۡرِفٞ كَذَّابٞ (٢٨)

پیاوێکی ئیماندار له خانەوادەی فیرعەون که ئیمانەکەی شاردبۆوه گوتی، ئایا پیاوێك دەکوژن که بڵێت پەروەردگارم خودایه، له کاتێکدا به بەڵگەوه له لایەن خوداکەتانەوه هاتووه؟ وه ئەگەر درۆزن بێ ئەوه درۆکەی لەسەر خۆیەتی، و ئەگەر ڕاستگۆبێ، ئەوه هەندێ لەو بەڵایانەتان بەسەر دادێ، که بەڵێنی پێتان داوه. له ڕاستیدا خودا هیدایەتی کەسانێک نادا، که درۆزنێکی زیادەڕۆ بێ (٢٨)

لەو سەردەمەی تەکنۆلۆژی و توانای خوێندنەوەی شوێنەوارناسی، و دۆزینەوەی ئەو هەموو شوێنەوارە گرنگانەی، کە هەر ڕۆژ سەرسوڕهێنەرەکانی شارستانییەتی میسری کۆنیان ئاشکرا کردووە، کە زیاتر لە سێ هەزار ساڵی خایاندووە. تا ئاستی مێشکی زانایانی لە بوارە جیاوازەکاندا سەرسام کردووە. هێشتا زۆر کەس لە ژێر چاوێلکەی دینەکان، و دۆگمای بیرکردنەوە، شارستانی میسری، تەنیا وەک دەوڵەتێکی فیرعەونی ستەمکار، و چەوسێنەر دەبینن. بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو پێشکەوتنەی زانستی و تەکنۆلۆژیا، کە پێچەوانەکەی دەسەلمێنێ. [347]

## قورئان و پەیامبەران

لە سەرتاسەری قورئان، تەنیا باسی ٢٥ پەیامبەر دەکا، کەچی زۆری تریش هەن، بەڵام باسیان ناکا، قورئان خۆی دان بەوە دادەنێ کە هەر نەتەوەیەک پەیامبەرێکی هەبووە. بەو پێیەش دەبێ پەیامبەرێ یان زیاتر لە میسر هاتبێ. کە نووسەری قورئان لەبەر هەر هۆیەک بێ باسیان ناکا.[348]

سورة فاطر ٣٥: ٢٤

إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ بِٱلۡحَقِّ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗاۚ وَإِن مِّنۡ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٞ (٢٤)

---

[347] الهراوی د. ندراوی، هل اختار الله من الفراعنة أنبياء.. وهل تنطبق على «إخناتون» شروط النبوة؟ قسم الرابع، صحيفة اليوم السابع، السبت، 18 مايو 2019

[348] هەمان سەرچاوە

له ڕاستیدا ئێمە تۆمان بە هەق وەك مژدەدەرێك و ئاگادارکەرەوەیەك ناردووە، و هیچ میللەتێك نەبووە کە ئاگادارکەورەوەی تێدا نەبووبێت. (٢٤)

هەندێک لە زانا و توێژەرانی بواری دینی، لێکدانەوەیان وابوو، کە هەندێ کەسایەتی مێژوویی، هەرچەندە پلەی پەیامبەریان هەبووە، کەچی نووسەری قورئان خۆی لێبواردووە و باسی نەکردوون. ئەوەش لەکاتێکدایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بواری توێژینەوەی دینی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بابەتیانە لە دینەکانی ڕابردوو و ئێستای جیهان، بە ئامانجی تێگەیشتن لە دینەکان خۆیاندا. لە ڕێگای بەراوردکاری دینەکان، دەتوانرێ بە ئاسانی، خاڵەکانی لێکچوون و جیاوازی نێوانیان، لە ڕێگای کەڵک وەرگرتن لە مێژوو و دەروونناسی و کۆمەڵناسی بدۆزرێنەوە.

لە ناو ئەو پەیامبەرانەدا، دەبێ پاشا ئەمینحۆتێپی چوارەم، کە بە ئەخناتون ناسراوە، یەکێک لە پاشاکانی بنەماڵەی هەژدەهەم بوو. کە بنچینەی دینێکی نوێی دانا، و دەستیکرد، بە بانگەشە لە ناو نەتەوەکەی، وەک نەبیەک یا پەیامبەرێک دینێکی نوێ ڕاگەیاند. کە تووشی چەوسانەوە و گۆشەگیری دەبێ. [349]

ئەخناتون لە ساڵی شەشەم یان حەوتەمی فەرمانڕەواییدا، بانگەشەی دینێکی نوێی دەکرد. کە بانگهێژی یەکتاپەرستی بوو. بۆ پەرستنی خودای ئاتون. و دژی (باوکی خوداوەندەکان)ی ئەو سەردەمە، کە ناوی (ئامون-را) بوو. ئەمەش وای لە کاهینەکان کرد، بە توندی دژی بوەستنەوە. و توانای خۆیان بخەنە گەڕ، بۆ ڕێگریکردن لە بانگەشەی ئەو دینە. و گۆشەگیری لە شوێنکەوتووانی و توندکردنەوەی پەتەکانی دەوروبەریان. ئەخناتون هیچ

---

[349] هەمان سەرچاوە

ڕێگەیەکی نەدۆزیەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شەڕە توندەی کە لە دژی بوو، جگە لە کۆچکردن لە تیبة (لۆکسور) لە باشوورەوە بۆ (تل عمرانة) مینیا لە باکوور.

هەر بە گەیشتنە تل العمرانة پەرستگای خۆری دروستکرد، بۆ پەرستنی خودای (ئاتون را). ئەوەش یەکەم جارە لە مێژووی میسریە کۆنەکان، لەر لە بنەماڵەی یەکەم، پاشایەک ڕێگە دەدا ماڵێک بۆ هەژاران دروستبکرێ، لە تەنیشت کۆشکی پاشاکان و شازادە و نەجیبزادەکان. وەک پەیامی یەکسانی نێوان باوەڕداران.

بانگەشەی دینی نوێ، کرۆک و فەلسەفەکەی بە ئامانجی یەکتاپەرستی، کە یەک خودا هەیە کە ژیان بە مرۆڤ و ڕووەک و ئاژەڵ و هەموو زیندەوەران دەبەخشێت، پاشان بەرکەوتنی بە گۆشەگیری، و بڕیاری کۆچکردنی لە نیوە شەودا، و لەگەڵ هاتنیدا پەرستگایەکی دروستکرد، پاشان شارێکی لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانی و لە کۆتاییدا، خەڵوەتنیشینی خۆی لە فەرنارەوایی و پاشایەتی، هەموو ئەمانە هۆکارن کە بوونەتە هۆی ئەوەی، جەخت لەوە بکرێتەوە کە نیشانەی دیار و بەرچاوی پەیامبەرایەتین، و بەوجۆرە ڕەنگە ئەخناتون پەیامبەر بووبێ، و یەک لەو پەیامبەرانە بووبێ، کە لە قورئاندا باسی نەکراوە.

ناکۆکی و هەڵەی زۆر لە ناو دەقەکانی قوڕئان دا هەن، کە دەکرێ یەک لەو ناکۆکیانە، وەک پرسیار بکرێتە کلیل، بۆ چوونە ناو ئەو بابەتە.
بۆچی قورئان لە چیرۆکی یوسفدا، پادشای میسر بە "پاشا" ناودەبا، کەچی لە چیرۆکی موسادا بە "فیرعەون" ناوی دەبا؟ هەرچەندە ماوەی نێوانی یوسف و موسا بە پێی تەورات، تەنیا چوار پشتە. سەرەڕای ئەوە مێژووی فیرعەونی لە نێوان ساڵانی ٣١٥٠ پ.س.ب تا ساڵی

٣٠ پ.س.ب بەردەوام بووە. لەگەڵ کۆتایی هێرشی ئەسکەندەری مەکەدۆنی کۆتایی هاتووە. هەردوو سەردەمی یوسف و موساش دەکەونە ناو ئەو قۆناخە.[350]

بە لێکدانەوەی ئەو بۆچوونە بۆت دەردەکەوێ، کە نووسەری قورئان ئاگای لە مێژووی میسری کۆن نەبووە، و سەرچاوەکانیشی چیرۆکەکانی دەماودەمی خەڵکی دوورگە و میسۆپۆتامیا و شام بووین.

## بەراوردێک لە نێوان پاڕانەوەی ئەخناتوون و زەبوورەکان

هەرچەندە ئەو بابەتە ڕاستەوخۆ پەیوندی بە قورئانەوە نییە، بەڵام زەبوورەکان پەرتووکێکە لە پەیمانی کۆن، کە ئەو دەقە دەیسەلمێنێ دینی جولەکە چەند کاریگەری دینی ئاتۆنی لەسەر بووە. و هەمان دینی جولەکەش سەرچاوەی سەرەکی قورئانە. و ئالقەیەکی بە هێزی نێوان دینی ئەخناتون (ئاتۆن) و ئیسلامە.

لە پەیمانی کۆن هەمان نزا و پاڕانەوەی ئەخناتوون بۆ خودا، لە زەبوورەکانیش دووبارە دەبێتەوە:

نزا و پاڕانەوەی ئەخناتون:

- دونیا لە تاریکیدایە وەک ئەوەی مردن بێ.

شێرەکان لە کۆشکەکانیانەوە دەردەچن.

---

350 *Digital Egypt for Universities*. University College London. 2000

و مارەکان لە کونەکانیان دەردەچن.

و تاریکی زاڵە.

-و کاتێ لە ئاسۆدا بەرز دەبیتەوە، تاریکی کاڵ دەبێتەوە. وە هەمووان دەچنە سەر کارەکانیان.

- هەموو درەخت و ڕووەک گوڵ دەدەن،

- وە باڵندەکان لە هێلانەیان هەڵدەفڕن.

- کەشتی بە ڕێگەی ئاودا، بەرەو سەرەوە یان خوارەوە دەجوڵێن.

-و ماسی ناو ڕووبارەکان، لەبەردەمتدا باز دەدەن.

و تیشکەکانت لە ناوەڕاستی دەریای گەورەدان.

- کارەکەت چەندە هەمەچەشنە؟

- تۆ بەپێی ویستی خۆت زەویت دروست کردووە.

و هەموو مرۆڤ و ئاژەڵەکانی سەری.

-تۆ ئەو کەسەی کە وەرزەکانت دروست کردووە.

- و ئاسمانی دوورت دروست کرد، تیایدا دەدرەوشایەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵهاتی، و ئاوا بووی.

-هەموو دونیات لە دەستدایە. کاتێ لەسەر بوونەوەرەکان دەدرەوشێیتەوە، ئەوان دەژین.

- وە کاتێک لێیان دووردەکەویتە، دەمرن، مرۆڤیش لەگەڵ تۆدا دەژی.

پاڕانەوەی زەبوورەکان

پەیمانی کۆن - زەبورەکان ١٠٤: ٢٠ - ٣٥

(٢٠) تاریکی دادێنی دەبێتە شەو، هەموو زیندەوەری دارستان تێیدا دەکەونە جموجۆڵ.

(٢١) بەچکە شێر بۆ نێچیر دەنەڕێنن، بۆ داواکردنی خواردنیان لە خودا.
(٢٢) کە ڕۆژ هەڵدێ دەکشێنەوە، لەناو لانەکانیان خۆیان مات دەکەن.
(٢٣) مرۆڤ بۆ ئیشوکاری دەچێ، بۆ ڕەنجکێشییەکەی هەتا ئێوارە.
(٢٤) ئەی پەروەردگار، کردەوەکانت چەندە زۆرن! هەموویت بە دانایی دروستکردووە، زەوی پڕە لە دەستکردی تۆ.
(٢٥) ئەم دەریا گەورە و فراوانە، کە بێشومار گیانداری گەورە و بچووکی تێدا جمەی دێت.
(٢٦) لەوێ کەشتییەکان دەڕۆن، لەڤیاتان*، ئەمەی خۆت بەدیت هێناوە بۆ ئەوەی یاری تێدا بکات.
(٢٧) ئەمانە هەمووی چاویان لە تۆیە، بۆ ئەوەی لە کاتی خۆی خواردنیان بدەیتێ،
(٢٨) پێیان دەدەیت و دەیقۆزنەوە، دەستت دەکەیتەوە تێر چاکە دەبن.
(٢٩) ڕوو وەردەگێڕی، دەتۆقن، هەناسەیان لێ دەبڕی، دەمرن، دەگەڕێنەوە بۆ خۆڵی خۆیان.
(٣٠) کاتی ڕۆحی گیانی دەنێری، ئەوان بەدیهێنراون، ڕووی زەوی نوێ دەکەیتەوە[351].

* لەڤیاتان: لە زمانی عیبری کۆن ئەژدیهایەکی دەرياییە.

[351] Sellin, Ernst () History of the Israelite-Jewish

# قورئان و کولتوور و شارستانی یۆنانی

ئەو بەشە باس لە و چیرۆک و ئایەتانە دەکا، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە شارستانی یۆنانی وەرگیراون.

# سەرەتایەکی پێویست

بۆ هەر دیاردەیەک و هەڵسەونگاندن و ساخکردنەوەی ڕەسەنایەتی، باشترین ئامراز بۆ تۆژینەوە و هەڵسەنگادن، بەراوردکردنە. قورئانیش لەو یاسایە بەدەر نییە. بۆ قووڵبوونەوە، و تێگەیشتنی پەیامەکەی دەبێ بەردەوام لەگەڵ ئەفسانەکانی کۆن و دینەکانیتر بەراوردبکرێ. لەو دەقەدا هەندێک لە چیرۆک و چمکی ناو قورئان، لەگەڵ شارستانی یۆنانی و ئەفسانەکانی بەراورد دەکرێن.

کاتی باسی یۆنان دەکرێ، ئەوا بەرەوڕووی گەنجینەیەکی نەبڕاوە و سامانێکی گەورە و دەوڵەمەندییەکی بێئەندازە دەبینەوە. کە لەبەر فراوانی و قووڵی، هەموو ئەو شتانەی کەبیر و هەست و تام بەرهەمی دەهێنن: لە فەلسەفە و بیرکاری و ئەستێرەناسی و زانستەکانی سروشت و ژیان و پزیشکی، لە ئەدەب و مێژوو و سیاسەت و هونەرە جوانەکان. ئەوان گیانیان بۆ هەموو ئەوانە هەناسەی دەدا. و تێڕوانینەکانیان خۆراک بە مێشک دەدا. و هزر و ئەدەب و زانست و ئەفسانەیان هەناسەی ژیانیان دەدایە بەر مرۆڤایەتی.

لە هەموو بوارێکی زانستی و هونەری، لە پزیشکی و ئەندازیاری، وەک پێشەنگێک بۆ جیهان ڕەچەشکێن بووین. پزیشکی لە سەردەمی کۆن تا سەدەکانی ناوەڕاست، لەسەر بنەمای نووسینەکانی هیپۆکرات و گالین بەردەوام بوون، و پەرەیان دەسەند. فەیلەسوفەکان تا ئەمرۆشی لەگەڵدابێ، پشت بە فێرکاریەکانی سۆکرات و ئەفلاتون و سیاسەتی ئەرستۆ و فەیلەسوفە یۆنانیەکانی تر دەبەستن. کۆماری ئەفلاتون و ئەرستۆ سەرچاوەن بۆ لێکۆڵینەوە

که تا ئێستاش له ناوەندیه زانستیەکانی جیهان دەخوێندرێن و وەک سەرچاوەیەک بەردەوام بۆیان دەگەڕێنەوە.

ئاشنابوون و تێکەڵاوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ کولتوور و شارستانی یۆنانی مێژوویێکی دوور و درێژی، بەر لە پەیدابوونی ئیسلام هەیە. بەڵگەنامەکان نیشانی دەدەن، لە سەدەی پێنجەمی پ.س.ب بە ڕاشکاوی، ئەو تێکەڵاوی و کاریگەریە، لە ئاستێکی بەرز دابووە.

ئەوەی گرنگە پەیوندی دینی ئیسلام و کولتووری یۆنانی چۆن بووە. قورئان تا چ ئاستێک کاریگەری کولتووری یۆنانی لەسەربووە. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ، لە ڕێگای بەدواداچوونێکی وورد بگەینە دەرئەنجام. دێ لاسی دەڵێ: کولتووری ئیسلامی، بناغە و ناوەرۆکی، بەشێکە لە ماتریالی ڕۆمانی هێلینیستی. بەڕاستی تەنانەت یەکتاپەرستی ئیسلامیش، لە ڕێگای سەرچاوە هێلینیستەکانەوە پێناسە و پەرەی پێدراوە.[352]

بۆیە ئەوەی لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی پێی دەگوترێ فەلسەفە، کۆپییەکی ساختەی هزری فەلسەفەی یۆنانییە. یەکەم پرووشکی ڕێنێسانسی ئەوروپی مۆدێرن بەهۆی هزر و تێڕاوانینی یۆنانیەکان بوو. زانست و فەلسەفەیان بە تایبەتمەندییەک جیا دەکرێتەوە، کە مێژوونووسانی فەلسەفە نزیکەی بە یەک دەنگ لەسەری کۆکن: یۆنانیەکان لە پێناو ڕاستی بەدوای ڕاستی دا دەگەڕان، لە کاتێکدا زۆرێک لە گەلانی دیکە، بۆ ئەو قازانجە یەکلایەنە فەلسەفەیان دەکرد، بە شێوەیەک فەلسەفەیان کردبووە پاشکۆییەک، بۆ مەستی دینی. ئەوەش هۆکارێک بوو، کە یۆنانیەکان نەیاندەویست تێڕوانینی هیندی، میسری، چینی،

[352] De Lacy O´Leary, How Greek science passed to the Arabs. Pp 16

ئاشوری، بابلی بە فەلسەفە بزانن. چونکە ئەوان لە فەلسەفەدا، مەرجیان بۆ گەڕان بەدوای ڕاستی ئەبستراکتدا، لە ئازادیی تەواو و تێپەڕاندنی ماتریال دانابوو. هەروەها ڕۆمەکانیان بە فەیلەسوف نەدەزانی، چونکە لە ڕوانگەی فەلسەفیەوە، شتێکی نوێیان بۆ جیهان نەخستبووە ڕوو. بە گشتی ئەوەبوو فەلسەفەی یۆنانی لە گەلانیتر جیا دەکردەوە.

بەڵام بەر لەوەی، باس لە هەندێ لەو پراکتیزە پەرستراوانەی یۆنانی کۆن بکرێ، کە لە قورئاندا داهاتوون، وەک دەیەک (زەکات)، ڕێوڕەسمی پرسە، خۆرپەرستی، و سزای خودای بەکۆمەڵ... کە هەموو ئەمانە کەم یان زۆر، لە ئەنجامی کاریگەرییە قووڵەکانی شارستانیەتی یۆنانین لەسەر شارستانیەتی ئیسلام.

پرسیارەکە لەوەدایە، ئەو بنەما فەلسەفیانەی یۆنانی چۆن گەیشتنە ئیسلام و ناو قورئان؟ موسڵمانان چییان لە کولتوری یۆنانی-ڕۆمانی قەرز کردووە و بە کورتی بەدواداچوونێک بەدوای ڕێگایانەدا بکرێ، کە چۆن ئەو کولتوورە گەیشتووەتە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و شام و دوورگەی عەرەبی، و خزاونەتە ناو دەقەکانی قورئان.

مێژووی گۆڕانی کولتوور. بەپێی فەلسەفە و زانستی لە چوارچێوەی هێلێنستی، بۆ کۆمڵگەی سریانی دواتریش بۆ عەرەبی، بەچەند قۆناخێک دا تێپەڕیووە.

هەر زوو شارەزا و گەڕیدەی یۆنانی، لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و شام و دوورگەی عەرەبی گەڕاون. و تۆژینەویان سەبارەت بەو وڵاتانە، و ژیانی کۆمەلایتی و جوگرافی کردووە. یەک لە بەناوبانگترین مێژوونووسی یۆنانی کە تا ئێستاش وەک سەرچاوەریەکی گرنگ دەبینرێ، مێژوونووس هێرۆدۆتوس (٤٨٥ – ٤٢٤ پ.س.ب)، کە گەشتی بە سەرتاسەری جیهانی کۆنی سەردەمی خۆی دا کردووە. و سەرجەمی ئەو وڵات و نەتەوانەی، لە گەشتەکانی دا

سەردانیکردوون. لە توێی پەرتووکێک بەناوی (مێژووی هێرۆدۆتوس)[353] تۆماریکردوون. ئەو ناوچانەی لە گەشتەکانی گرنگیەکی زۆری پێداون میسۆپۆتامیا و شام و دوورگەی عەرەبی بووین. بەڵام ئەو گەشت و لێتۆژینەوانە تەنیا لە چوارچێوەی مێژوو و جوگرافیا ماونەتەوە. کەچی کولتوور، زانست و فەلسەفە بە شێوەیەکی کز بڵاو دەبووەوە. هۆکاری ئەوەش کولتوور و پەرەسەندنی، پەیوندی بە ژینگەیەکی ناوچەی دیاریکراو هەیە، لەبەر ئەوەی کۆلتوور ناتوانێ وەک بەشێکی میراتی فیزیۆلۆژی، نەوە دوای نەوە بگوازرێتەوە. بەڵکوو دەبێ لەڕێگای پەیوەندی کۆمەڵایەتی، و تێکەڵاوی نەرێت و پەروەردەبێ. ئەوەش لە سەرەتادا بەربەست بۆ ئەو پەرەسەندنە هەبوو. لەبەرئەوەی زمان و کولتووری نەتەوەکان بەربەستبوون. و هەستی دژایەتی بەرامبەر ئەو پەرەسەندنە زۆر گەورەبوو. [354]

سەرەتای بەریەک کەوتنی، ڕاستەوخۆی، کولتووری یۆنانی لەگەڵ کولتووری نەتەوەکانیتر، دەگەڕێتەوە، بۆ داگیرکردنی بەشێکی زۆری ئاسیا و ئەفریقا لەلایەن ئەسکەندەری مەکدۆنی (٣٥٦ – ٣٢٣ پ.س.ب). یەک لەو ناوچانەی داگیری کرد سەرجەم ناوچەکانی میسۆپۆتامیا بوو. ئەو داگیرکردنە دوای ئەلکسەندریش هەر بەردەوام بوو. کە هۆکارێکی سەرەکی بوو، بۆ بڵاوبوونەوەی کولتوری یۆنانی لە ڕۆژهەڵاتدا. شانشینی یۆنان و مەکەدۆنیا، هەر لە ئەوروپا، تا میسر و لیبیا لە ئەفریقا، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش مێسۆپۆتامیا و و شام و و ناوچەکانی دیکەی گرتەوە، هەروەها فارس، تورکمنستان، ئەفغانستان، بلوچستان و بەشێک لە هیندستان لە ئاسیا.

سیاسەتی ئەلکسەندەر، ئەوە بوو کە کولتووری وولاتە داگیرکراوەکان، لە کولتووری یۆنانی نزیک بکاتەوە. و ڕەگەزی یۆنانی، لەگەڵ ڕەگەزەکانی ئاسیا و ئەفریقا لە شارستانیەت و

[353] Herodotus ،THE HISTORY 7:89

[354] D Lacy O´Leary (1922) Arabic thought and its place in history. Pp. 2

تەلارسازی و فەرمانڕەوایی و کولتووریدا تێکەڵ بکا. بەردەوام هانی یۆنانیەکانی دەدا ، کە لەو خاکانەدا نیشتەجێ بن، و تێکەڵ بە گەلەکانیان بن. شارەکانیان بە شێوازی یۆنانی ڕێکبخەن، هەروەها هانی نووسەر و زانایانی یۆنانی دەدا، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەدەب و زانستی لەو وولاتانە.

ئەوەش و فەرمانڕەواکانی یۆنانی، کە ئەلکسەندەر، دەسەڵاتی لە شانشینەکانی ڕۆژهەڵات دابوونەدەست، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی شارستانیەت و کولتوری یۆنانی.

بەو جۆرە خاکی نێوان دیجلە و فورات کەوتە ژێرکاریگەرییەکی قووڵی کولتوری یۆنانی. تەنانەت دوای نەمانی ئەلکسەندەر و کشانەوەی سوپای یۆنان ئەم کولتوورە، لەناو ئەو نەتەوانە، لە پەرەسەندن و بەرهەمهێنانی کولتوورێکی نوێی هەمەڕەنگ و لەژێرکاریگەری یۆنانی، هەر بەردەوام بوو. بەڵام دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەی کولتوور و دینەکانی ناوچەکان بەردەوام لەگەڵ دەستەڵاتی داگیرکەر لە شەڕدابوون.

یەک لە بەناوبانگترین و کاریگەرترین بەرەنگاربوونەوە. ڕاپەڕینی مەکابیەکان بوو، لە دەوڵەتی یەهودا. دژی ئیمپراتۆری سەلوکیەکان. لە ساڵی ١٦٧ پ.س.ب ئەنتۆخیۆس ٤ ئێپیفانس (Antiochos IV Wpifance) گشت ئۆرشەلیمی کاولکرد و تالانی کرد،[355] سەرەڕای ئەوە گشت ڕیتوال پەرستنێکی دینی جولەکەی قەدەغەکرد. و لە جیاتی ئەوە ڕیتوال و پەرستنی خوداکانی یۆنانی لەسەر سەپاندن. بۆیە بنەماڵەی مەکابیەکان، هەر لەو ساڵە دژیان ڕاپەڕین. و دەستەڵاتی سلوکیەکانیان بەزاند و دەوڵەتی یەهودیان دامەزراندەوە. کە لە نێوان ١٦٧ تا ٣٧ پ.س.ب فەرمانڕەوایی دەوڵەتی یەهودایانکرد.[356]

[355] Maccabees 1: 41-50
[356] Maccabees 1: 57

بەڵام کولتووری یۆنانی، توانی بە درێژایی مێژووی چەند سەدە دواتر، ببێتە سەرچاوە بۆ زانست و فەلسەفە لە وولاتانی شام و میسۆپۆتامیا.

زۆر لە شارەکانی ڕۆژهەڵات، ناوبانگیان دەرکرد، چ پێش ئیسلام و چ دوای ئیسلام، وەک سەرچاوەی کولتووری یۆنانی. بەناوبانگترینیان گوندیشاپور، هاران و ئەسکەندەریە بوون.

بە ووردبوونەوەیەک لە کۆنتێکستی نێوان دەستەڵاتی داگیرکەر و خەڵکی داگیرکراو. مێژوو ئەوەی سەلماندووە، کە کولتوور و کەلەپووری داگیرکەر دەبێتە سەنتەر، و نەک تەنیا کاریگەری لەسەر گەلی داگیرکراو دەبێ، بەڵکوو لەناو خۆی دەیتاوێنێتەوە. بۆیە شتێکی بەڵگەنەوێستە کە ئەفسانە و کولتووری، ئەو سەردەمەی یۆنانی کاریگەرییەکی بەهێزی لە گشت کایەکانی کولتوور و کەلەپووری، ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و شام و دوورگەی عەرەبی هەبووە. و توانی بگاتە، قووڵایی فۆلکلۆر و چیرۆکەکانی باوی ئەو سەردەمە. تەنانەت گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، لە ئایەتی قورئان ئاماژە بە ئەلکسەندەری مەکەدۆنی (مەزن) دەکا:

سورة الکهف ١٨: ٥٩

حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغۡرِبَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَغۡرُبُ فِي عَيۡنٍ حَمِئَةٖ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوۡمٗاۗ قُلۡنَا يَٰذَا ٱلۡقَرۡنَيۡنِ إِمَّآ أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّآ أَن تَتَّخِذَ فِيهِمۡ حُسۡنٗا (٨٦)

تاوەکو کاتی گەیشتە خۆرنیشین، بینی لە کانیاوێکی ڕەشی گەرم ئاوا دەبێ، وە لە لایەوە هۆزێکی بینی، گوتمان ئەی ذالقرنین یان سزا بدە، یان چاکەیان لەگەڵدا بکە. (٨٦)

# کولتوور و ئەفسانەی یۆنانی و قورئان

چۆنیەتی خزانی کولتوور و ئەفسانەی یۆنانی بۆ ناو کەلەپووری دینی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. یەک لەوانەش ئیسلام بەگشتی و قورئانیش بە تایبەتی.

نەستووریەکان کە لایەنگیری نەستۆریۆسی ڕەبەنیان دەکرد. کە بۆ پەتریارکی لە ساڵی ٤٢٨ س.ب بۆ سەر کورسی کۆنستنتینۆپۆلیس هەڵبژێردرا. ئەو لە دەرچوانی قوتابخانەی ئەنتاکیا بوو. باوەڕی وابوو کە کریست دوو سرووستی هەبوون. یەکیان خودایی، ئەویتریان مرۆڤ. بەوەش جیاکارییەکی تەواو لە نێوان کریستی خودایی و کریستی مرۆڤ هەیە. یەکیان پێش بەرجەستە بوونی و ئەویتریان دوای. لەگەڵ یەک هاتنەوەی، ئەو دوو سرووشتەش بە شێوەیەکی سادە. ئەو دەڵێ: ئازاری خاچ نەدەگەیشتە سرووشتی خودایی، بەڵکوو تەنیا بەرەوڕووی سرووشتی مرۆڤی دەبووە. تا دوایی بە ئازارەوە بەسەریدازاڵبوو.

بەو پێی ئەو دەربڕینەش، نابێ بە مریەمی پاکیزە بڵێین دایکی خودا. چونکە دایکی یەسوە و هیچیتر. نەستۆریسی ڕەبەن بە هۆی ئەو بیروباوەڕەی، کە نیسەی ڕۆمانی، بە ترسێکی گەورەی لەسەر یاسای نیقیا دادەنا. بۆیە ناکۆکیان لەگەڵی سەری هەڵدا. لە ساڵی ٤٣١ س.ب لە کۆڕی ئافسیان بە گومڕا دانرا لە کورسی پەرترپارکیش لابرا.

دوای ئەوە نەستورییەکان پەنایان بردە ئەو وڵاتەی ژێر دەستەڵاتی ساسانییەکان بوو. لەبەر ئەوەی ساسانییەکان کریستیان نەبوون . و گرنگیان بە موژدەی بڵاوکردنەوەی دینی نەدەدا. بەڵکوو ئەوەی لای ساسانییەکان گرنگ بوو، نەستوریە پەنابەرەکان دەبنە هاوپەیمانی

ساسانی دژی ئیمپراتۆری بێزەنتی، کە دوژمنی مێژوویی ساسانییەکان بوون. نەستوورییەکان قوتابخانەیان بۆ لێکۆڵینەوە و پەرەدان بە دین لە ڕەها و نسێبین کردەوە. دەستەڵاتی ڕێبازەکەیان لە عێراق  ئیمارەتی حیرة و هۆزە عەرەبییەکان بەهێزکرد. هەروەها لە نیمچە دوورگەی عەرەبی و وولاتی هیند و تورکستان و تبت و چین.[357]

پاشان نەستۆریەکان لە سەرانسەری ڕۆژئاوای ئاسیا و وڵاتانی عەرەبیدا بڵاوبوونەوە و فێرکارییەکانی دینی کریستیانیان، بەپێی باوەڕی خۆیان بڵاوکردەوە. دەستیان کرد بە بەکارهێنانی چمک  و واتای دینی، کە لە فەلسەفەی یۆنانی وەرگیراون بۆ بڵاوکردنەوەی هزری خۆیان. بەم شێوەیە هەموو میسیۆنێرێکی نەستۆری، بە پێی پێویستی بوو بە مامۆستای فەلسەفەی یۆنانی، جگە لەوەی میسیۆنەری کریستیانی بوو.[358]

سەرەڕای ئەوە هەنگاوێکی تریان هاویشت، ئەویش بەکارهێنانی شرۆڤە و ئەنجامگیری لە فەلسەفەی ئەرستۆ. تا دەگاتە وەرگێڕانی چەند پەرتووکی فەلسەفی یۆنانی کە لە بابەتە تیۆلۆژیە سەختەکان، کە بانگەشەیان بۆ دەکرد.  بە تایبەتی لەناو ئەوگەلانەی لەلایەک دینداربوون، دووریش بوون لە کولتووری یۆنانی. بەڵام زۆربەی ئەو وەرگێڕانانە، وا دارشتراونەتەوە. گۆڕانی وای تێداکراوە، کە دوورە لە فەلسەفەی یۆنانی، و تەنیا بۆگەیاندنی هزری دینین. و وەک بیانوویەک بۆ بڵاوکردنەوەی باوەڕی دینی نەستۆری. و هێرشکردنە سەر ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم و کەنیسەی ڕۆمانی بەکارهێنران. ئەمەش متمانەی بە وەرگێڕان لەم ڕووەوە لاواز کرد، چونکە پێویستی وەرگێڕانی ناچار کرد کەمێک فەلسەفە لەگەڵ بەشێکی زۆری فێرکارییەکانی باوەڕی نەستۆری تێکەڵ بکەن، یان بە پێچەوانەوە. [359]

---

[357] العودات، حسین (١٩٩٢) العرب النصاری، عرض تاریخی . الأهالی للطباعة و النشر. ص ٢٩
[358] إسماعیل مظهر (٢٠١٨) تأثر الثقافة العربیة بالثقافة الیونانیة. المؤسسة الهنداوی. ل. ١٦
[359] نفس المصدر.

# بەراوردێکی چمکی خودا لە نێوان یۆنانیەکان و ئیسلام

بەراوردکردنی چمکی خودا لە کولتووری یۆنانی، لەگەڵ خودای بیابانی عەرەبی دا، جێگەی سەرنجە. دەرئەنجامەکەی، چمکی خودا ناتوانێ شتێکی جێگیربێ، بەڵکوو تێڕوانینی مرۆڤ بۆ خودا، بەپێی ژینگە و بەرژەوەندی و جیهانبینیی، لە ژینگەیەکیی کۆمەڵایەتی، بۆ ژینگەیەکیتر دەگۆڕێ.

یۆنانیەکان، لای خۆیان تێڕامان و بیری فەلسەفییان لا پیرۆزبوو. پێیان وابوو لۆگۆس (Logos) بەرزترین ڕیگایە، بۆ گەیشتنە وەڵامێکی ڕاییکەر. لەبەر ئەوەی لۆگۆس بنەڕەتی گشتی ڕێکخستنی جیهانە. بۆیە کاتی خودایان وێنا دەکرد، بە شێوەی شتێکی ژیر و لۆژیکانە وێنایان دەکرد. فەیلەسوفە سروشتییەکان، پێیان وابوو کە (لۆگۆس) یان ژیری گشتگیر ووشەی خودایە، کە ڕێکخستن بە جیهان دەبەخشێ. [360]
هێراکلێتۆس (Herakleitos) کە فەیلەسوفێکی پێش سوکراتە. چمکی لۆگۆسی وەک سەرچاوە بۆ گەردوون دانا. ئەوەش لەبەر ناکۆکی دژەکان لەگەڵ یەکتری، وەک یاسایەکی سیستەماتیکی ڕووداو و ڕێکخستن و گۆڕانە. کە بە دیالێکتیک (Dialectic) بوون و پەرەسەندن لە گۆڕانی بەردەوام دایە. وەک لە ووتە بەناوبانگەی:

تۆ دووجار پێ ناخەیتە ناو هەمان ڕووبار

[360] Lübcke, Poul (1995) Filosofileksikon

[361](You dont step in the same river twice)

خودای یۆنانی لە ڕاستیدا فەیلەسوفە؛ ئەوە هەڵومەرجێکە، بۆ بەرزکردنەوەی فەیلەسوف بۆ ئاستی نەمری. ئەوە سۆکرات بوو، گۆڕا بۆ ژیری پاک و ناماتریال و هەمیشە. لەبەر ئەوەی یۆنانیەکان پێیان وابوو، زانین لوتکەی بەهایە، بۆیە خودای زانین (مەعریفە) و بیرکردنەوەی ڕەهایە. ئەو (بیرکردنەوەی لە بیرکردنەوەدایە ).

چمکی خودا لای ئیسلام تەواو جیاوازە. خودا، لە خەیاڵی عەرەبی- ئیسلامیدا، پاشای وولاتە یان سەرۆکی هۆزێکە، هێز و لێزانی و فێڵبازی تێکەڵ دەکا، بەپێی ئاکارە (ئایدیاڵەکان)ی پاشاکانی ئەو سەردەمە، هەڵسوکەوت دەکا.

لە لایەکەوە بەهێز و ئازا و شکۆمەندە، تەختێکی هەیە کە هەشت فریشتە شانیان داوەتەبەر. کەچی، وا خۆی نیشان دەدا، خاوەن هێز و توڕەیە. هەمیشە خەریکی گەف و مەیدانخوازیە. ئەو ئاکارانە، بۆ سەرۆک هۆزێک، پێویستییەکانی فەرمانڕەوایین بۆ مانەوە، و کۆنترۆڵی مێگەل. نەک خودایەکی لۆژیک.

جیهانی خودای ئیسلام شەڕی خێڵەکی نەبڕاوەیە. بەڵام بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی، لەکاروباری ئاڵۆزی فەرمانڕەوایی، بوێری و هێز بەس نییە. بۆیە خودای عەرەبیش هەم لێزانە و هەم بەتوانایە و هەمیش فێڵبازە. ئاگاداری ئەوەیە چی لە دەوروبەری دەگوزەرێ، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی لەدەست نەدا (هەم بیستەرە، هەم بینەرە). هەروەها باوکێکە کە هەندێک جار بەزەیی بە منداڵەکانیدا دێتەوە. و هەندێکجاریش توند و تیژە. (ئەوەی بیەوێ ڕێزی لێ

[361] Vikipedia, Herakleitos

دەگرێ و ئەوەی بیەوێ زەلیلی دەکا. بە ئارەزووی خۆی دەبەخشێ، وکاتێک بیەوێ خۆی دەپارێزێ).

سەرەڕای ئەو جیاوازییە بنەڕەتیانەی، نێوان تێگەیشتن لە چمکی خودا، لە نێوان کولتووری یۆنانی و خودای ئیسلامی بیابان. ڕێگای لەوە نەگرتووە، نووسەری قورئان لە ڕێگای نەستووریەکان و یەهودیە نەساریەکان، وەک زۆر لە دین و ئەفسانەی نەتەوەکانی تر، ئەگەر بە هەڵە و پڕ ناکۆکیش بێ، بیانخزێنێتە ناو دەقەکانی قورئان، بۆ مەبەستی خۆی بەکاریان بێنێ.

سەرەڕای ئەو جیاوازییە بنەڕەتیانەی، نێوان تێگەیشتن لە چمکی خودا لە نێوان کولتووری یۆنانی و خودای ئیسلامی بیابان. نەستووریەکان هەوڵیاندا، لە برەودان بە ڕێبازی دینی خۆیان تێکەڵ بە بانگهێژی خۆیانی بکەن. دواتر ئەو تێگەیشتنە بەو هەموو ناکۆکییە. لە ڕێگای یەهودیە نەساریەکان، گواسترایەوە ناو ئیسلام و قورئانەکەی.

## ڕۆڵی ئەکادیمیای گوندیشاپور

گوندیشاپور: شارێکە لە خوزستان کە شاپووری یەکەم دامەزراندووە. و هەر ناوی شاپووری لێنراوە . وەک شوێنی نیشتەجێبوون بۆ دیلەکانی ڕۆمانی بەکاری هێنا. ڕەنگە ئەوەش یەکێک بووبێ لەو هۆکارانەی کە دواتر بووەتە سەرچاوەی کولتوری یۆنانی.

ئەو ئەکادیمیایە، ئەکادیمیای گوندیشاپور (Academy of Gondishapur) زانستە یۆنانیەکان بە زمانی ئارامی تێدا دەگوترایەوە. موسڵمانان لەگەڵ داگیرکردنی خاکی ئێران کە داگیریان کردبوو، قوتابخانەکە تا سەردەمی عەباسیەکان هەر بەردەوام بوو. دوای عەباسیەکان گوندی شاپوریش وێرانبوو. ئەم وێرانانە ئێستا هیچ شوێنەوارێکیان نەماوە. شوێنی ئەوان ناوچەکانی وێرانکراو، ئێستا ناوی (شاە ئاباد)ە[362]

نەستووریەکان لەگەڵ یەهودیە نەسارپەکان بنەڕەتی دروستبوونی باوەڕی دینی ئیسلامن. و بە تایبەتی سەردەمی مەککە. بۆیە هاتنی چیرۆک و یەفسانەکانی یۆنانی لە قورئان شتێکی سەیر نییە. ئەوەش هەر لە زانستی پزیشکی گالین، تا دەگاتە چیرۆکی ولدان المخلدون. و زۆر شتیتر، کە لەو بەشە باس دەکرێن.

ئەوەش بە بەراورد لە نێوان دەربڕینی قورئان، لەگەڵ ئەفسانەکانی یۆنانی شتێکی لۆژیکە. لەو بابەتە چەند چیرۆک و دواتریش چەندین چمک لە ئایەتەکانی قورئان دەخرێنەڕوو، کە کۆپی کولتووری ئەفسانەی یۆنانین.

لەوەش زیاتر بڕۆین دەبێ دان بەوەدابنێین، کە فەلسەفەی یۆنانی  ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو، بۆ دروستبوونی زانستی کەلامی ئیسلام. کاریگەری چمکەکان، بەرنامە (مناهج) شێوە (اساليب). ئەوەش وایکرد، کاریگەری لەسەر پەرەسندنی زانستی کەلام، لە گشت بوارەکانی هەبێ. و ببێتە هۆی بەدیارکەوتنی قوتابخانەی کەلامی جۆراوجۆر، کە ئاڕاستەی جیاوازیان، سەبارەت بە بابەتەکانی باوەڕ (عقيدة) هەبێ.[363]

[362] دائرة المعارف الإسلامية في مادة جنديسابور.
[363] نفيسة، د. محمود، أثر الفلسفة اليؤنانية في علم الكلام الإسلامي ص ٢٤

بابەتی کاریگەری کولتووری یۆنانی لەسەر ئیسلام، لە ناوەندیەکانی فەلسەفی دەمێکە، گۆڕەپانی ئەلەنگاری. بۆیە سەیرنییە، هێگل ئیسلام بە بەتالکردنی هزر و سەرفرازی فەلسەفەی یۆنانی دابنێ. [364]

یوسف صدیق بەو جۆرە قسەی هێگل شرۆڤە دەکا:
وەک ئەوە وایە فەلسەفە، منی بە ئامانج گرتبێ، و بە قاقای پێکەنینی هیگڵ، ئازادبووبێ. گاڵتەکردنی بە چارەنووسی ئەو خاکەی، کە تورکەکان داگیریانکرد (ئاماژەیە بە ئیسلام، دەربڕینێکی باوبووە لەو سەردەم...) کە لەدوای یۆنانیە کۆنەکان لێی نیشتەجێبوون. ئەوان (واتە تورکە موسڵمانەکان) ئەوانەن کە بە بۆچوونی هیگڵ بەرهەم و بلیمەتی یۆنانیەکانیان لە (هزر و سەرفرازی) بەتاڵکردەووە.

جا لێرەدا، مەبەست تورکن یان عەرەبن، هیچ گرنگ نییە. چونکە مانا، لە توندی حوکمەکەی هیگڵدایە. کە ئاماژەیە بە هزری گەندەڵی عەرەب. بێتوانایی لە پاراستن و دامەزراندن، دەستیان کرد بە گۆڕین و شێواندنی کۆمەڵگاکان، کە لە زێدی ڕەسەنی داگیرکراوی خۆیاندا پراکتیزەیان دەکرد. ئەمە ئەو ئیسلامەیە کە سەرەتا خیانەتی لە (یادەوەری و سەرفرازی) کرد، کە لە دەقی بەناوی ئاسمانی نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بەلێنیان پێدرابوو. میراتگرانی ئەم دەقە و پارێزەرانی، کە دەستیان بەسەردا گرتووە، بە هەموو شێوەیەک ڕێگریان لێکردووین بیخوێنینەوە. [365]

---

[364] هیگل، جورج فیلهلم فریدریک (١٧٧٠ – ١٨٣١) أصول فلسفة الحق.

[365] صديق، يوسف (٢٠٠٦) هل قرأنا القرآن، أم على قلوب أقفالها. ص ٢٢ - ٢٣

عبدالرحمن البدوي،  پێی وایە کە فەلسەفە، لەگەڵ سروشتی گیانی ئیسلامیدا ناگونجێ. ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی گیانی ئیسلامی نەیتوانی فەلسەفە بەرهەم بێنێ. جگە لەوەش نەیتوانی لە گیانی فەلسەفەی یۆنانی تێبگا، و ڕۆبچێتە ناوەڕۆکی. بەڵکوو، بەوە ڕازی بوو، کە خۆی بە ڕواڵەتە دەرەکیەکانی دا شۆڕبکاتەوە. هەر ئەوەش بەربەست بووە، بۆ موسڵمانان کە نەتوانن، بەرهەمێکی  بەڕاستی بەرهەمی بهێنن.[366]

[366] البدوي، د. عبدالرحمن (١٩٤٠) التراث اليوناني في الحضارة الإسلامية. مكتبة النهضة المصرية.

# ولدان المخلدون و ئەفسانەی یۆنانی

پرسی منداڵی هەرزەکاری لووسکە، لە قورئان وەک پاداشتی ڕۆژی دووایی، بۆ دینداران. لە قورئاندا هاتووە و موسوڵمانیش وەک پاداشتێکی خودایی خەونی پێوەدەبێنێ.

سورەتی الانسان ٧٦: ١٩

وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا (١٩) وَإِذَا رَأَيْتَ ثَمَّ رَأَيْتَ نَعِيمًا وَمُلْكًا كَبِيرًا (٢٠) عَالِيَهُمْ ثِيَابُ سُندُسٍ خُضْرٌ وَإِسْتَبْرَقٌ وَحُلُّوا أَسَاوِرَ مِن فِضَّةٍ وَسَقَاهُمْ رَبُّهُمْ شَرَابًا طَهُورًا (٢١) إِنَّ هَٰذَا كَانَ لَكُمْ جَزَاءً وَكَانَ سَعْيُكُم مَّشْكُورًا (٢٢)

و هەرزەکارانی لووسکەی بازن لەدەست و گوارە لە گوێ، بە دەوریاندا دەسووڕێنەوە. کاتێ دەیانبینی وادەزانی مرواری پەرشوبڵاون(١٩) کە بینیت، لەوێدا برِشت و سەروەریەکی مەزنت بینی (٢٠) پووشاکی تەنکی سەوزو بریقەداریان لەبەردایە. و بە بازنەی زیو ڕازێندراونەوتەوە. و خوداکەشیان شەڕابێکی پاکی پێ نۆشکردن (٢١) لە ڕاستیدا ئەوە پاداشتە بۆ ئێوە. و هەوڵ و تێکۆشانەکانتان جێگای سوپاسە (٢٢)

بۆ لێکدانەوەی هەر ئایەتێکی قورئان ئەگەر پاشخانی مێژوویت نەبێ، لێکدانەوەکە ئەگەر ئەستەمیش نەبێ، ئەوە کێشەی ساخکردنەوەی زۆردەبێ. مشتومرکردن لەسەر هەر ئایەتێ، وەک دەقێکی پیرۆز کە تا ئاستێکی زۆر ڕەنگە نەتوانرێ، ماناکەی وەک خۆی وەربگیرێ. و

بکرێتە بنەڕەتێک بۆ قووڵتر بوونەوە و ساخکردنەوەی. و ئەگەری تر و هەڵومرجی گریمانەیی لە پشت ئایەتەکە.

یەک لەو ئایەتانەی کە جێگای هەڵوێستەیە و بەردەوام مشتومڕی لەسەرە، سورەتی الانسان ئایەتی ١٩. ئەو ئایەتە، هەر لێکدانەوەیەکی بۆ بکەی، بەبێ سێ و دوو دیندار بە بیستنی سەخڵەت دەبێ. بۆیە ئەگەر بە کورتیش بێ، لێرەدا بەدوا داچوونێک دەکەین. بەڵکوو بگەینە دەر ئەنجامێکی یەکلا کەرەوە.



ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووییەوە سەیرێکی ئەو ئایەتە بکەین، ئەو منداڵانەی لە بەهەشت دەبنە مەیگێڕ. و بە پەرداخی مرواری خزمەتی باوەڕداران دەکەن. دەبینین ڕیشەی ئەو دیمەنە زۆر کۆنترە، لە دەقی ئەو ئایەتەی ناو قورئان. هەر بۆیە بۆ لێکدانەوەی مەبەستی ئایەتەکە، بەبێ پینە و پەڕۆ، دەبێ سەرێک بەسەر ئەو ئەفسانە بنەڕتییەکە دابگرین. تا بتوانین لە مانای ئایەتەکە تێبگەین!!

بەپێی دیمەنی تۆمارکراو، یەکەم پەیکەری قوڕینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٤٨٠ پ.س.ب. بەوەش بۆمان دەردەکەوێ کە نووسەری قورئان ئەو دیمەنەی لە کەلەپووری یۆنانییەوە وەرگرتووە. (بڕوانە پەیەکەری قوڕین)

لەووڵاتی ترۆی (تەراویدە) میرێکی هەرزەکاری جوانکیلە هەبوو، بە ناوی گانیمێدێس، جوانییەکەی لە ئاستی مرۆڤ نەبوو، هێشتا مووی لێ نەهاتبوو. زیۆس کەوتە داوی ئەوینی

و نەیدەتوانی بەشیوەیەکی ئاسایی رامی بکا، بۆیە لە شێوەی باڵندەی هەڵۆ ڕفاندی و بردییە ئۆلۆمپیس. کە لەوێ ببێتە مەیگێڕ و بەدەوری خوداکاندا بسووڕێتەوە. و هەتاهەتایە هەر بە لووسکەیی و هەرزەکاری بمێنێتەوە.

لە کەلەپووری ئەفسانە یۆنانیدا، پرسی سێکسی زیوس زۆر ئاشنایە. کە ئامادەبوو بۆ جێ خەوێک هەموو شتێک بکا. تەنانەت فۆرمی خۆی دەگوڕی بۆ گیاندار. بە پێێ ئەفسانە ئەوەش دەستەڵاتی بەهێز دەکرد. [367]

بەڵام دیارە زیۆس تەنیا ئۆخژنی بە کچ نەدەهات، بەڵکوو تامەزرۆی کوڕی هەرزەکاری لووسکەش بوو. بۆیە بەشێک لە ئەفسانەی یۆنانی داگیرکردووە. بەتایبەتیش کاتی دەکەوێتە داوی ئەوینی گانێمێدێس میری ترۆیە. لە پەرتووکی میتۆژیای یۆنانی، وا باس دەکات:

> زیۆس سەرەڕای سەدان ژن، حەزی سێکسی بۆ خوداکان و مرۆڤانیش هەبوو. لەو دەمەی چاوی بە گانیمێدێس (Ganymedes) میری ترۆیە کەوت، وکەوتە داوی ئەوینی. بەڵام گانیمێدێس لە بنەماڵەی پاشایانی ترۆی بوو. بۆیە ئەستەم بوو بە ئارەزووی خۆی ڕام بێ. کەچی هەستی سێکسی زیوس ئەوەندە بە هێز بوو. لە پێناو ڕفاندنی گانیمێدێس خۆی گۆڕی بۆ شێوەی باڵندەی هەڵۆ. و رفاندی بۆ ئۆلۆمپیس و ژیانی نەمری پێ بەخشی. و لەلایەک وەک مەیگێڕ بۆ خوداکان کاری دەکرد. و لە هەمانکات پەیوەندی سێکسیشی لەگەڵ زیوس هەبوو.[368]

---

[367] De stora grekiska myterna, Zeus och kärlekens makt. 2015, Frankrike.
[368] Souli, Sofia (1995) Grekisk Mytologi. Pp.25

ئەو ئەفسانەیە وەک زۆر چیرۆکیتری یۆنانی، لەگەڵ داگیرکارییەکانی ئەسکەندەری مەزن، لە نێوان ساڵانی ٣٣٢ - ٣٢٣ پ.س.ب، هاتنە ناو کولتوور و کەلەپووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میسر. دواتریش لە ڕێگای ئیمپراتۆرییەتی ڕۆما، گەیشە باکووری ئەفریقا. منداڵی هەمیشە جوان و نەمر یان وەک ئایەتی (ولدان المخلدون) تاکە جیاوازی ئەوەیە کە زیوس وەک تاک گانیمێدێسی بردووە. کەچی ئۆفەری قورئان، وەک پاداشتێک بۆ گشت دیندارانی مل کەچ، ئەو منداڵە لووسکانەیان لە خزمەت دادەنێ.

بە بشت بەستن بەو ئەفسانەیەی یۆنانی، و بوونی شوینەواری هونەری هەم لە یۆنان و هەم لە سووریا و توونس، بۆمان دەردەکەوێ، کە هەمان ئەفسانەی یۆنانی، هاتووتە ناو کولتووری ناوچەکە. هەروەها لێکچوونی لە ڕادەبەدەر لە نوان هەردوو دیمەنی ئەفسانە یۆنانییەکە و ئایەتی قورئان هەیە. بۆمان دەردەکەوێ پرسی گانیمێدێس لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا ناسراوبووە. و وەک پاداشتێکی خودا بۆ دینداران ناوی هاتووە. بەڵگەیەکی تریش کە مەبەستی قورئان لە ڕابواردن و سێکس زیاتر نییە، بەراوردێکی لە نێوان ئەو ئایەتە و ئەفسانەی گانیمێدێس بکە.

سورة الإنسان ٧٦: ١٩

وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا (١٩)

و هەرزەکارانی لووسکەی بازن لەدەست و گوارە لە گوێ، بە دەوریاندا دەسووڕێنەوە. کاتێ دەیانبینی وادەزانی مرواری پەرشوبڵاون (١٩)

سورة الواقعة ٥٦: ٢٢- ٢٣

وَ حُورٌ عِينٌ (٢٢) كَأَمْثَالِ ٱللُّؤْلُوِ ٱلْمَكْنُونِ (٢٣)

و حۆریەی چاوبەلەك (٢٢) وەك نموونەی مرواری شاراوەن (٢٣)

به بەراورد بەو دوو ئایەتە، دەبینین نووسەری قورئان جیاوازی لە نێوان کچی چاوبەڵەک و هەرزەکاری لووسکەی بازن لە دەست گوارە لەگوێ نەکردووە. بەڵکوو وەک سەرچاوەی هەژمووونی سێکس و ئۆخژن دیاریکردوون.

بێچگە لە منداڵی لووس مانایەکی تری نییە. نەگۆڕان و نەمریشی، هی قورئان نییە، بەڵکوو ئەو دیمەنە لە ئەفسانەی یۆنانی، بە ڕوونی دیارە وەک منداڵی مرواری ئاسا، لە خزمەتی شەوانی سووری زیوس و خوداکانی تری یۆنانی. جا قورئان بە هەر مەبەستێک وەریگرتبێ. ناتوانێ مانایەکی تری هەبێ[369] .

[369] سایتی (زرقاء اليمامة- جيديميديس)

# زانستی پزیشکی یۆنانی و دروستبوونی کۆرپەلە لە قورئان

کێشەی دەقەکانی قورئان و کۆپیکردنیان لە ئەفسانە و دینەکانی پێشتر، شتێکی نوێ نییە، و لای توێژەران ئاشکرایە. بەڵام نکۆڵیکردن و بە پەرجوو دانانی ئەو دەقانە. دەکرێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێ. بەتایبەتی ئەو ئایەتانەی باسی زانستی دەکەن.

لەو برگەیەدا باسی ئەو ئایەتانەی قورئان سەبارەت بە گەشەکردنی تۆرەمە بۆ کۆرپە، کە موسوڵمانان وەک بەڵگەیەک دەیهێننەوە. کە بە ڕای ئەوان دەیسەلمێنێ قورئان بەرجووی زانستی تێدایە. و ناکرێ نکۆڵی لێ بکرێ. لە هەمان کاتدا، دەیسەلمێنێ کە وەحی لە خوداوە بۆ پەیامبەر هاتووە.

سەرەڕای ئەوە چۆن کەسێکی نەخوێندەواری سادەی وەک محمد، ئەو شتانەی زانیوە. ئەوەش بەڵگەیە کە وەحی خودای پەروەردیگارە، کە خاوەنی گشت زانیارییەکە.

سورة المؤمنون، ئایەتی ٢٣: ١٣ – ١٤

ثُمَّ جَعَلۡنَٰهُ نُطۡفَةٗ فِي قَرَارٖ مَّكِينٖ (١٣) ثُمَّ خَلَقۡنَا ٱلنُّطۡفَةَ عَلَقَةٗ فَخَلَقۡنَا ٱلۡعَلَقَةَ مُضۡغَةٗ فَخَلَقۡنَا ٱلۡمُضۡغَةَ عِظَٰمٗا فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ (١٤)

ئەوسا کردمانە تنۆکێک، لە بنکەیەکی پتەودا (١٣) پاشان هەر لەو تنۆکە، خوێنی پندرمان (مەیوو) پێکهێنا، جا لەو خوێنە مەیووە. پەلە گۆشتی

جووامان سازکرد. و ئەوسا لە پەلە گۆشتەکە هەستین (ئێسقان) دروسکرد، هەستیەکەشمان بە گۆشت داپۆشی. لە پاشان کردمانە داپۆشراوێکی تر. دەست ڕەنگینی هەر بۆ خودایە، کە هیچ وەستایە پێی ناگا (١٤)

## ڕوونکردنەوە دەربارەی ئایەتەکانی قورئان

پاشان ئێمە کردمان (واتە نەوەکانی ئادەم) وەک دڵۆپێک تۆم (واتە دڵۆپەکانی شلەی سێکسی نێرەی لەگەڵ هاوتا مێینەکەی تێکەڵ کرد و پاشان داینا) لە شوێنێکی جێگیر و پارێزراو (واتە منداڵدانی ژن). پاشان ئاوڵەمەکەمان کرد بە خوێنی مەیوو (مەینێک، پارچەیەک خوێنی ئەستوور و مەییوو)، پاشان خوێنە مەیووەکەمان، کردە گرێیەکی گۆشت (گرێیەکی جوێنراو)، پاشان لە لەو گرێیە ئێسکی گۆشتمان دروست کرد، دوای ئەوە ئێسکەکانمان بە گۆشت داپۆشی، پاشان وەک بوونەوەرێکی تر بەرهەممان هێنا. کەواتە بەختەوەرە خودای باشترینی دروستکەران!

بۆ گەیشتنە ڕاستی چیرۆکی ئەو ئایەتانە، و چۆن گەیشتوونەتە ناو قورئان، دەبێ شیکاری لە پەیوەندی نێوان کولتوورەکانی ئەو سەردەمە، و پەیوەندیان بکرێ. ئەوسا دەتوانرێ بگەینە وەڵامێکی لۆژیکی.

پەیوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆری ئەخمینی بوو، لەگەڵ شارستانی هێلینی (یۆنانی). دەگەڕیتەوە بۆ هێرشی داگیرکاری ئیمپراتۆری ئەخمینی بۆ سەرزەمینی یۆنانی لە دەوروبەری ساڵی ٤٩٠ پ.س.ب. کە لەماوەی ٢٠ ساڵ دوو جار

هێرشی کردۆتە سەر یۆنان. لەو ماوەیەدا تەنیا هێزی سەربازی لەیەکیان نەداوە، بەڵکوو لێکدان و تێکەڵاوی کولتوور و زانستیش بووە. کە زۆر لە مێژوونووس و سەرکردەی یۆنانی وەک هیرۆدۆتس و زەینەفۆن گەیشتوونەتە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ئەخمینیەکان. ئەو تێکەڵاویە هەر بەردەوام بووە. تا سەردەمی ئەلکسەندەری مەزن (٣٥٦ – ٣٢٣ پ.س.ب) کە سنووری ئیمپراتۆریەتەکەی گەیشتە قەراخی هیندوستان (٤٤٤). ئەوەش بەردەوامی هەبوو تا کۆتایی ئیمپراتۆری ساسانی و پەیدابوونی دەستەڵاتی ئیسلام. بۆیە کاریگەری کولتوور و زانستی یۆنانی لەسەر قورئان، شوێنەواری خۆی جێهێشتووە. [370]

وەڵام بۆ ئەو بۆچوونانە ئەوەیە، کە قورئان هیچ پەڕجووی زانستی تێدا نییە. نووسەری قورئانیش مرۆڤیکە وەک هەر کەسێکیتری سەردەمی خۆی. زانیاریشی هەر ڕەنگدانەوەی ژینگەی خۆی بووە. ئەو زانیاریانەی کە لە قورئان دا هاتوون و موسوڵمانان بە پەڕجوو باسیان دەکەن، لە شوێنی تر وەرگیراون.  بە تایبەتی زانیاریەکانی ئەو بابەتەی قورئان، لە یۆنانی و ڕۆمانیەوە وەرگیراون، بەتایبەتی گالین (Galen).

## گالین دەربارەی تۆرەمە

بەڵام بۆ ئەوەی پرسەکە بە شێوەیەکی ڕێک و ڕوونتر بێ، جارێکیتر دەگەڕێینەوە بۆ قۆناخەکانی دروستبوونی گیاندار. و قۆناخەکانی دروستبوونی کۆرپە دابەشی چوار قۆناخی کات دەکەین:

---

[370] Populär historia 25 Februari 2004

١ له قۆناغی یەکەمدا شێوەی تۆم یان ئاوڵەمە، وەک خۆی دەمێنێتەوە. هیپۆکراتێس (Hippokrates) ٤٦٠ – ٣٧٠ پ.س.ب، ڕەتیدەکاتەوە ئەم فۆرمە سەرەتاییەی گەشەکردنی ئاژەڵان بە (کۆرپەلە) ناوببات. ئەوەش قۆناخی بەتاڵکردنی تۆم لە منداڵدان. لە ڕۆژی شەشەمدا، هیپۆکراتێس هێشتا ناوی دەنێت (تۆم یان ئاوڵەمە) نەک (کۆرپەلە).



گالین (129 – 199 س.ب)

٢ کاتێک پڕ بوو لە خوێنی مەییوو (عەرەبی: عَلقة)، هەرچەندە هێشتا دڵ و مێشک و جگەر دروست نەبووین. بەڵام شێوەی ڕەق و قەبارەیان هەیە کە شایەنی ڕەچاوکردنن. ئەمە دووەم قۆناغی کاتییە: ماتریالی کۆرپەلە لەمەودوا بووەتە شێوەی خوێنێکی مەییوو، و چیتر شێوەی تۆم نییە. لێرە بەدواوە هیپۆکراتیس بە کۆرپەلە ناوی دەبا، لەمەودوا چیتر ووشەی (تۆم) بەکارناهێنێ.

٣ قۆناغی سێیەم: ئێستا بە ڕوونی دەتوانین سێ ئەندامی بنەڕەتی ژیانی کۆرپەڵە (دڵ، مێشک، جگەر) ببینین. و جۆرێک لە کێشانی سەرەتایی یان هێڵکاری بەشەکانی تری کۆرپەلە بدۆزینەوە. پاشان شێوەی سێ ئەندامە بنەڕەتیەکە، ڕوونتر دەبینرێن. بەشەکانی گەدە زیاتر بەهێز دەبن، ئێسک تا ئێستا، دروست نەبووین. پاشان ئێسکەکان دەست دەکەن بە دروستبوون، و بەپێی پەیکەر "لق" بەدیار دەکەون، وەک هیپۆکرات باسی دەکات، ئەمەش لە ڕووی تەکنیکییەوە پێشنیازی پەیکەری کۆرپەڵە بۆ هەنگاوی ئاییندە دەکا.

٤ قۆناغی چوارەم و کۆتایی، ئەو قۆناغەیە کە تێیدا هەموو بەشەکانی ئێسک جیا دەبنەوە، لەم قۆناخەشدا هیپۆکراتیسی مەزن، واز لە بەکارهێنانی وشەی کۆرپەلە بۆ وەسفکردنی کۆرپەلە دەوەستێنێت و نەک هەر ئەوە، بەڵکو بە منداڵ ناوی دەبا. کاتێک دەڵێ وەک ئاژەڵێک دەلەرزێ و دەجوڵێ کە ئێستا لە فۆرمدا تەواو بووە.[371]

بە شێوەیەکی کورت:

قۆناخی یەکەم: لە ڕوونکردنەوەی گالین، سەرەتا (ئاوڵەمە)یە واتە دڵۆپێک تۆم.

قۆناخی دووەم: تۆل (تز) خوێن لە شێوەی مەییوو، لەو قۆناخە هێشتا مێشک و جگەر و دڵ دروست نەبووین.

قۆناخی سێیەم: بۆتە شێوەی خوێن، کە هاوتایە لەگەڵ "لوقمە"، واتە پارچەیەک گۆشتی جوێنراو.

[371] Corpus Graecom: Galeni de Semine (Galen: On Semen) Greek text with English trans. Philip de Lacy Verlag 1992, section I:9:1-10, pp. 92 – 95.

> قۆناغی چوارەم و کۆتایی ئەو کاتەیە کە هەموو ئەندامەکان شێوەی کۆتایی خۆیان وەردەگرن و جومگەکان بە ئازادی دەجوڵێن و کۆرپەلە دەست بە جووڵە دەکات.

ئەگەر تا ئێستاش، خوێنەر گومانی لەو بەراوردەی نێوان قۆناخەکانی گالین و قۆناخەکانی قورئان هەیە. دەتوانرێ ئاماژە بە پزیشکانی موسوڵمانی سەرەتایی بکرێ، لە ناو ئەوانەش (إبن قيم). ئەوانە یەکەمین کەس بوون، ڕۆشناییان خستە سەر ئەو لێکچوونە، کە بە ناوی باسم. ف. مُسَلَّم (B. Musallam)، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کامبریج، بەریتانیا. کە بەو شێوەیە پوختی دەکاتەوە:

> قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە کە بۆ باوەڕدارانی قورئان و فەرموودە دامەزراون، بە تەواوی لەگەڵ ڕوانگەی زانستی گالین یەکدەگرنەوە. گومانی تێدا نییە کە بیرمەندانی سەدەی ناوەڕاست بەهای ئەم ڕێککەوتنەیان لە نێوان قورئان و گالێن بەرز زانیوە. و زاراوەی قورئانیش لە زانستە عەرەبییەکان کە قۆناغەکانی گالێنیان باس کردووە بەکارهێنراون. [372]

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم لێکچوونە نزیکەی نێوان قۆناخەکانی گالین و ڕوونکردنەوەی کەمتر ووردی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە لە سورەتی حەج.

سورة الحج ٢٢: ٥

[372] B. Musallam (1983) Sex and Society in Islam. Cambridge. Pp. 54

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡلَا يَعۡلَمَ مِنۢ بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗاۚ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ (٥)

ئەی خەڵکینە! ئەگەر گومانتان لە زیندووبوونەوە هەیە، سا بزانن، ئێمە ئێوەمان لە خۆڵ دروست کردووە. پاشان لە تنۆکێک، و پاشان لە جەڵتە خوێنێک، دواتر لە پەڵە گۆشتێکی فۆرم پێدراو یان پێنەدراو. تا پێتانی بسەلمێنین، چیمان بوێ تا ماوەیەک دەیخەینە ناو پزدان، و پاشان بە سادەیی دەیهێنینە دەر. (٥)

سورة المؤمنون ٢٣: ١٣ – ١٤

ثُمَّ جَعَلۡنَٰهُ نُطۡفَةٗ فِي قَرَارٖ مَّكِينٖ (١٣) ثُمَّ خَلَقۡنَا ٱلنُّطۡفَةَ عَلَقَةٗ فَخَلَقۡنَا ٱلۡعَلَقَةَ مُضۡغَةٗ فَخَلَقۡنَا ٱلۡمُضۡغَةَ عِظَٰمٗا فَكَسَوۡنَا ٱلۡعِظَٰمَ لَحۡمٗا ثُمَّ أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَۚ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ (١٤)

ئینجا کردوومانە بە تنۆکێك لە ڕاگرگەیەکی پتەو .(١٣) ئینجا لە تنۆکەکە کلۆمان دروستکرد، جا لە کلۆکە لوقمەگۆشتێکمان دروستکرد، جا لە لوقمەگۆشتەکە ئێسکانمان دروستکرد، جا ئێسکەکەمان بە گۆشت داپۆشی، ئینجا دروستکراوێکی دیکەمان هێنایە ئاراوە، دەسا پیرۆزە اللە چاکترین دروستکەر (١٤).

ئەو دوو ئایەتەی سورەتی مؤمینون (ئایەتەکانی ١٣ و ١٤)، زۆر گرنگن، ٢٦ پەرتووکی بەرهەمەکانی گالین لە سەدەی شەشەمی س.ب، لە لایەن سێرگیۆسی ڕەشعەینا ( Sergios

of Resh’Aina) لە شاری سەرێ کانی (رأس العین)، وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی سریانی[373]. سێرگیۆس قەشەیەکی کریستیانی بووە، و لە ئەسکەندەریە پزیشکی خوێندووە. و لە میزۆپۆتامیا کاری کردووە، لە ساڵی ٥٣٢ی س.ب لە قوستەنتینیە کۆچی دوایی کردووە.

سێرگیۆس یەکێک بوو، لەو کریستیانە سریانییە نەستۆریانەی کە دەقی پزیشکی یۆنانی، بۆ زمانی سریانی وەرگێڕا. لەو کاتەی نەستۆریەکان ڕووبەڕووی گۆشەگیری بوون لە لایەن کەنیسەی دەستەڵاتدار، بۆ بەناچاری، بەرەو ئیمپراتۆری ساسانی هەڵهاتن. و لەوێ سەرجەم بەرهەمەکانی پزیشکانی یۆنانی وەرگێڕا. و چەندین قوتابخانەی پزیشکیان دامەزراند. بەناوبانگترینی ئەم قوتابخانانە، تا ئێستا قوتابخانەی گوندیشاپور ( Academy of Gondishapur) لە ناوچەی خوزستان ، کە لەلایەن شاپوور ئەنوشیروانەوە لە ساڵی ٥٥٥ی س.ب دامەزرا.

گوندیشابوور، شارێکی خوزستانە، کە شاپوری یەکەم بەناوی خۆی دروستیکردووە، و کردوویەتیە کامپێک بۆ دیلەکانی ڕۆم. هەر ئەوەش بووە، سەرچاوەیەکی کولتووری یۆنانی. هەر لەوێش خوێندنگای پزیشکی بەناوبانگ دامەزرێندرا. کە زانستیەکانی یۆنانی، بە زمانی ئارامی دەخوێندران. دواتر وەک شارەکانیتر کەوتە بەر شاڵاوی داگیرکاری ئیسلام. هەرچەندە ئێستا هیچ شوێنەوارێکی نەماوە. شوێنەکەی ناونراوە (شاە ئاباد)[374]

لە ئێرانی سەردەمی ساسانیەکان، پەروەردە: وەک چۆن لە ئەکادیمیای گۆندێشاپور پەرەی سەندووە. لەوێدا کەلتووری زەردەشتی، زانستە هیندییەکان و یۆنانیەکان، بیری

---

[373] G. Sarton (1927) Introduction to the History of Science. Vol I, pp. 423 - 424

[374] دائرة المعارف الإسلامية في مادة جنديسابور، ص ٢٣٦

ئەسکەندەری-سوریا، ڕاهێنانی پزیشکی، خوداناسی، فەلسەفە و دیسیپلینەکانی دیکە، تا ئاستێکی بەرز گەشەیان کرد. و گۆندێشاپووریان کردە پێشکەوتووترین ناوەندی ئەکادیمیی فێربوون لە قۆناغی دواتری شارستانیەتی ساسانیدا. خوێندکارانی بەشە جیاوازەکانی لە خۆدەگرت[375]

پەیوەندی سەرەکی ڕاستەوخۆی، نێوان پزیشکی ئیسلامی و یۆنانی، دەبێ لە کۆتاییەکانی ئیمپراتۆری ساسانی بووبێ. بە تایبەتی قوتابخانەی گوندیشاپور، کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێ. ئەو کاتەی دینی ئیسلام، سەری هەڵدا، گوندیشاپور لە لوتکەی پەرەسەندنی خۆیدا بوو. گرنگترین ناوەندی پزیشکی ئەو سەردەمە بوو. کە نەریتی پزیشکی یۆنانی و هیندی و ئێرانی لە ژینگەیەکی فرە کولتوریدا تێکەڵ کردبوو. بۆ بەشداری پزیشکانی دوورگەی عەرەبی، لەسەرەتای ئیسلام کراوەبوو. ئەو تێکەڵەیەی بەشداربوون لەو خوێندنگا پزیشکییە، بەو هەموو جیاوازیە، ڕێگەی بەو پێکهاتە ئاڵۆزە دا، کە پزیشکی ئیسلامی مۆدێرن دواتر پێی گەیشت.[376]

بەپێی مێژوونووسانی پزیشکی موسڵمان، لەوانەش إبن أبی ئوسەیبیعە و القفتی، بەناوبانگترین دەرچووی سەرەتایی قوتابخانەی گوندیشاپور، پزیشکێک بووە بە ناوی الحارث بن کلدا. دوای پەیدابوونی وەرگێڕانی سریانی  پەرتووکەکانی پزیشکانی یۆنانی بوونەتەوە بنەڕەتی خوێندن، کە بەم دواییە هێنرابوونە گوندیشاپور، ڕێگەی تێناچێ الحارث بن کلدا، وەک پزیشکێک لەو قوتابخانە بەناوبانگەدا،  ئاگاداری تیۆرییەکانی گالین نەبووبێ.

[375] Encyclopedia Britannica- Academy of Gondēshāpūr
[376] H. Bailey (ed) (1975) Cambridge History of Iran. Vol 4, pp 414

جگە لەوەش (الحارث)، لە تەمەنی پیریدا، هاوچەرخی محمد بووە. و بووە بە یەکێک لە هاوەڵەکانی. مێژوونووسانی موسڵمان دەڵێن، بەردەوام محەمەد داوای ئامۆژگاری پزیشکی لە الحارث کردووە[377]، و "بێ گومان زانیاری و ئامۆژگاریەکانی الحارث، کاریگەرییان لەسەر محمد هەبووە[378]. سیریل ئەلگود دەڵێت؛

> ئەگەری زۆر بە هێز هەیە، کە ئەو زانیارییە پزیشکییەی، محەمەد خاوەنی بووە، و بەناوی وەحی لەلایەن خوداوە هێناویەتی، لەلایەن الحارث بن کلدا بەدەستی هێنابێ، کە عەرەبێکە و دەوترێت بۆ ماوەیەک لە بیابانەکانەوە وەک ڕەوەند کۆچ و ڕەوی کردووە. و بۆ خوێندنی پزیشکی چووەتە گوندیشاپور. لەگەڵ گەڕانەوەیدا لە مەککە نیشتەجێ دەبێ. و دەبێتە پزیشکی پێشەنگی عەرەبەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی. دڵنیا نین، کە ئایا موسڵمان بووە یان نا، بەڵام ئەە نەبۆتە هۆی ئەوەی محەمەد هاوڕێ نەخۆشەکانی، بۆ چارەسەری بنێرێتە لای.[379]

خاڵێکی تر کە لێرەدا باسی بکرێ ئەوەیە. بەپێی نەریتی ئیسلامی، بەشێک بە لانیکەم ئایەتێکی قورئان کە تایبەتە بە گەشەکردنی کۆرپەلە، لە بنەڕەتدا لەلایەن مرۆڤەوە قسەی کردووە. کاتێک محمد ئایەتی ١٤ی سورەتی المؤمنونی بۆ عبدالله بن أبي سرح دەگوتەوە، بن أبي سرح، بە جوانی ئەو ئایەتانەی کە لەبارەی دروستبوونی مرۆڤەوە بیستبووی سەرسام بوو.

---

[377] M.J.L.Young et al (1990) Cambridge university History of Arabic Literature. Religion, Learning and Science in the Abbasid Period. Cambridge university Press. Pp. 342

[378] A.A. Khairallah (1946) Outline of Arabic Contrbutions to Medicine. American Press Beirut. Pp. 22

[379] C. Elgood (1951) A medical History of Persia. Cambridge University press. Pp. 66

کاتێک محمد گەیشتە (أَنشَأۡنَٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَۚ)، هاوەڵەکەی بە سەرسوڕمانەوە وتی: (فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحۡسَنُ ٱلۡخَٰلِقِينَ) خوای گەورە باشترین دروستکەرانە! محمد ئەم قسانەی أبي سرح وەک بەشێک لەو وەحییەی کە بۆی هاتبوو وەرگرت. و داوای لە إبن أبي سرح کرد، کە ئەوەش لەگەڵ ئایەتەکە تۆماریان بکا. سەرەڕای ئەوەی لەسەرەتادا، ئەو ڕستەیە لەگەڵ ئایەتەکە نوبووە. و قسەی أبي سرح بوو لە ئەنجامی سەرسامی! نەک قسەی محمد یان قسەی خودا.[380]

بەو پێیەی ئێستا دەزانین، هەندێ لە وشەکانی ئەم ئایەتە لە یەکێک لە هاوەڵەکانی محمدەوە هاتووە، چی ڕێگریمان لێدەکات، باوەڕمان بەوە هەبێ کە ووشەکانی تری ئەم بڕگەیە لە هاوەڵێکی ترەوە نەهاتبێ، کە ناوی (ألحاريث)ە کە خەریکی کورتکردنەوەی کارەکانی گالین بوو لەسەر گەشەکردنی کۆرپەلە؟ تا لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی دوورگەی عەرەبی بگونجێ و خەڵکی ئاسایی تێی بگا.

## پوختەی بابەت

بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی لە سەرەوە خراونەتەڕوو، چەند شتێک ڕوون دەبێتەوە:

1- بەرهەمەکانی گالین و هیپۆکراتیس و ئەرستۆ لە سەدەی پێش لە دایکبوونی محمد لە زمانی یۆنانی کە زمانی ڕەسەنی خۆیانەوە وەرگێڕدراون بۆ زمانی سریانی.

2. وەرگێڕانەکانی سریانی لە قوتابخانەی گوندیشاپور کە تازە لە خاکی ئیمپراتۆری ساسانی دامەزرابوو، لەبەر کراون و خوێندراون.

---

380 Commentary of al- Baydhawi (Lights of Revelation (Dar al Geer) A detailed discussion can be found on the pages regarding Ibn Abi Sarh.

3. یەکێک لەو پزیشکە بەتەمەن و بەناوبانگانەی کە لە گوندیشاپور دەرچووە، الحارث بن کلدة بووە.

4- بەپێی مێژوونووسانی موسڵمانی ئەو سەردەمە، حارث بن کلدة، یەکێک لە هاوەڵانی پەیامبەر بوو، و کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی پزیشکی پەیامبەر هەبووە،

5- لانی کەم یەک دەستەواژە لە سورەتی المؤمینون ئایەتی 14 لە دەمی مرۆڤێکەوە دەرچووە. عبدالله بن أبي سرح لەکاتی بیستنی ئایەتەکە لە محمدەوە، ڕستەیەکی لێ زیادکرد: (أَنشَأۡنَـٰهُ خَلۡقًا ءَاخَرَۚ)، خوای گەورە باشترینی دروستکەرانە. و محەمەد ئەو وشە زیادانەی بە بەشێک لە قورئانی دابەزێنراو لە لایەن خوداوە دانا.

6- بە کۆکردنەوەی هەموو ئەمانە، شتێکی لۆژیکییە کە بڵێین دەستەواژەکانی دیکە دەکرا، و لە ڕاستیدا زیاد دەکرێن، ڕەنگە بۆ ئایەتەکانی قورئان کە باس لە وەچە خستنەوەی مرۆڤ دەکەن. ئەم قسانە تەنیا پوختەی محەممەد بوو لەو شتانەی کە لەبارەی زاوزێ و پەرەسەندنی مرۆڤەوە لە هاوڕێکەی (الحارث) بیستبووی، کە لە بەرامبەردا کاریگەریی خوێندنی لە پزیشکی یۆنانی لە قوتابخانەی گوندیشاپوردا بوو.

7- هەر بۆیە دەربڕینی قورئان، لە سورەتی غافر، ناکرێ قسەی خودابن، بەڵکوو وەرگیرانی مرۆڤە لە قورئان تۆمارکراوە.

سورة غافر ٤٠: ٦٧

هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ يُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡ ثُمَّ لِتَكُونُواْ شُيُوخٗاۚ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبۡلُۖ وَلِتَبۡلُغُوٓاْ أَجَلٗا مُّسَمّٗى وَلَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ (٦٧)

ئەوە ئەوەیە کە لە تۆز و پاشان لە دڵۆپێکی ئاوڵەمە، دروستی کردووی. پاشان لە مەینێکی چەسپاوەوە، پاشان وەک شیردەرێک هێنایتە دەرەوە، پاشان تا

بگەیتە تەمەنێک کە هێزێکی زۆرت هەبێت، و دواى ئەوە پیر دەبی. تا دەگەیتە کاتێکی بەڵێندراو کە ڕەنگە تێبگەیت. (٦٧)

خوێنەرانی محمد چی لێ تێدەگەن؟ بە هەمان شێوە ئایەتی پێنجەمی سورەتی حەج بەم وشەیە دەست پێدەکات:

بۆچی ئایەتەکە بەوەوە دەست پێدەکات؟ وەڵامەکە ڕوونە: دەبوو لە کاریگەریی ئەو شتە تێبگەن کە لەو کاتەدا زانیاری باو بوو – قۆناخەکانی گەشەکردنی کۆرپەلە بەپێی پزیشکە یۆنانیەکان. ئەم زانستە وەک نیشانەیەک بەکارهێنرا بۆ هاندانی خوێنەران بۆ ئەوەی باوەڕیان بە خودا هەبێت.
ئەوەش بەسە، بۆ ئەوەی پاساو بۆ ئەوە بهێننەوە، کە قورئان زانستە، کەچی یۆنانیەکان بە سەدان ساڵ بەر لە نووسەری قورئان بە نووسین و لێکۆڵینەوە باسی ئەوەیانکردووە. بۆیە قورئان تەنیا ئەو بابەتەی لە یۆنانییە کۆنەکان دزیووە.

# لافاوی تاوان

ئەفسانەی نوح لافاوی تاوان، هاوشێوەی ئەفسانەی دوکالیۆنە (Deucalion)، کە تێیدا، زیوس خودای مەزن، کوڕەکانی دیوکالۆنی خنکاند، هەروەک چۆن خودا لە قورئان، کوڕە بێباوەڕەکەی نوحی خنکان.[381]

لە ئەفسانەی یۆنانیدا، بەردەکان دوای لافاوەکەی دیوکالیۆن (Deucalion) و پیرها (Pyrrha)گۆڕدراون بۆ مرۆڤ.

سەردەمێک هات مرۆڤەکان زۆر خراپ و گوناهکار بووبوون، هیچ کارێکی باشیان نەدەکرد. هەموو ئەو فەرمانانەی کە زیۆس پێی دەسپاردن و چاوەڕوانی جێ بەجێ کردنیان بوو، ئەوان پشت گوێیان دەخست. ئەوەش زیۆسی زۆر وەڕس کردبوو. و دەیەویست بە هەر شێوەیەکبێ سەر زەویان لێ پاکبکاتەوە. لەبەر ئەوە بڕیاریدا لە لافاوی تاواندا نقوومیان بکا، و زەویان لێ پاک بکاتەوە. ئەوسا جارێکی  تر سەرلەنوێ ژیان بەو شێوەیە بنیات بنێتەوە، کە مرۆڤەکان لە ژێر فەرمانی خوی دەرنەچن و خراپەکاری نەکەن. زیوس لە ناو ئەو خەڵکە دیۆکالین و پیرها ی هەڵبژارد کە بەبەر لافاو نەکەوون. لەبەر ئەوەی دوو مرۆڤ بوون بە کردار و ئاکار باش بوون و لەگەڵ خەلکی تر جیاوازبوون .

---

[381] سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص. ٢٩ -٣٠

لافاوی تاوان هورژمی هێنا، و هەموو شتێکی لەگەڵ خۆی ڕادا و نقووم کرد. باران و لافاو بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ و نۆ شەو بەبێ وچان هەر دەباری. هەموو شارەکانی سەرجەم جیهان کەوتنە ژێر ئاو، دوای ئەوەی هەمووشتێک کۆتایی هات و سەر زەوی پاک بووەوە، ئەوسا، کەشتی لەنگەری گرت. دیۆکالین و پیرها، کە بە کەشتی ڕزگارییان بووبوو، پێشکەشی خوداکان کران بۆ ئەوەی خێزانی مرۆڤایەتی لە نوێوە دروست بێتەوە، و پەرە بستێنێ. و پەیڕەوی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی زیوس بکەن. د وای ئەوەی هەردووکیان، بە دەمامک دەم و چاوی خۆیان داپۆشی. دەستیانکرد بە ڕۆیشتن. و هاوکات بەردییان بەرەو دواوەی خۆیان دەهاویشت. هەر بەردێک دیۆکالین دەیهاویشت دەبووە کوڕ و هەر بەردێکیش پیرها دەیهاویشت دەبووە کچ. بەو جۆرە سەدەها منداڵ کوڕ و کچیان دروستکرد . بێجگە لەوانە منداڵی خۆشیان بوون کە دەبوونە منداڵی زیوس. ئەو منداڵانەش هێلێنین، ئەمفیکتیۆن، پرۆتۆگینا، مێلانیش یا، ثێیا و پەندۆرە بوون. بەپێی ئەفسانەی یۆنانی دەبێ کوڕی گەورەیان هێلینین باوکی یۆنانییەکانی ئێستابێ[382]

لە قورئانیش دەبینین نووح هاوار و نزا بۆ خودا دەکا کە لێگەڕێ کوڕەکەی بژێی و لەگەڵ خانەوادەکەی ڕزگاربێ. کەچی خودا ئامۆژگاری نوح دەکا، کە کوڕەکەی لە خانەوادەی ئەو نییە و لە خراپەکارانە. و دەبێ بمرێ.

سورة هود ١١: ٤٥ - ٤٧

وَنَادَى نُوحٌ رَبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنْتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ (٤٥) قَالَ يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ فَلَا تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنِّي أَعِظُكَ أَنْ تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ (٤٦) قَالَ رَبِّ

[382] Souli, Sofia (1995) Grekisk mythologi. P.19

إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْأَلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ وَإِلَّا تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِي أَكُنْ مِنَ الْخَاسِرِينَ (٤٧)

و نوح بانگی خوداکەی کرد و گوتی: خوداکەم، کوڕەکەم لە خانەوادەکەمە، و بەڵێنی تۆ ڕاست و هەقە، وە تۆ ڕەواترینی فەرمانڕەواکانی (٤٥) گوتی ئەی نوح لە ڕاستیدا ئەو لە خانەوادەت نییە، جا نەکەی داوای شتێکم لێبکەی، کە زانیاریت لەسەری نییە. لە ڕاستیدا ئامۆژگاریت دەکەم، کە لە نەزانەکان نەبی (٤٦) گوتی خوداکەم لە ڕاستیدا پەنا بۆ تۆ دەبەم، کە داوای شتێکم لێکردی، کە زانیاریم لێی نییە. و ئەگەر لێم نەبووری، و بەزەییت پێمدا نەیەتەوە. ئەو لە دۆڕاوەکانم (٤٧)

بە ووردبوونەوەیەک دەردەکەوێ کە خودای ئیبراهیم و زیوس هەردووکیان مرۆڤایەتی لەناودەبەن، کەچی زیوس بێجگە لە دیوکالیون و پیرها، کەسیتر نایەڵێ. بەڵام خودای ئیبراهیم نوح و سێ کوڕی دەمێنن. و وەچەی مرۆڤ دروست دەکەنەوە.

## کۆرێ

لە ئەفسانەی یۆنانیدا ،کۆری (Cora or Core) کچی خودای دیمیتری بووە. لەو کاتەوەی هادێس، خودای مردووان دەیرفێنی، یا نقوومی جیهانی مردوانی دەکا، کوڕێ چارەنووسی دەگۆڕێ. و دەبێتە هاوسەری هادێس و شاژنی جیهانی مردووان. لەو چیرۆکەدا

لەیەکچوونێکی نزیکی، لەگەڵ دەق قورئان سەبارەت بە قووتدانی قارووون[383] لەلایەن خوداوە هەیە.[384]

سورة القصص ٢٨: ٧٦ - ٨١

فَخَسَفۡنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلۡأَرۡضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٖ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُنتَصِرِينَ (٨١) وَأَصۡبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوۡاْ مَكَانَهُۥ بِٱلۡأَمۡسِ يَقُولُونَ وَيۡكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُۖ لَوۡلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا لَخَسَفَ بِنَاۖ وَيۡكَأَنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ (٨٢)

خۆی و خانەوادەکەیمان بردە ناو ناخی زەویەوە، و هیچ دەستەیەك نەبوو فریای بکەوێ لە دەستی سزای خودا، خۆشی نەیتوانی یارمەتی خۆی بدا. (٨١) وە ئەوانەی دوێنێ کە خۆزگەیان دەخواست وەك قارون بووان دەیانگوت: وەی دیارە خودا ڕۆزووی و بڕەکەی بە کەسێك لە بەندەکانی دەبەخشێ، کە هەر خۆی دەیەوێ، وە ئەگەر خودا چاکەی پێمان نەبەخشیبووایە ئەوا ئێمەشی بە ناو ناخی زەویدا دەبردە خوارەوە، وەی دیارە کە کافرەکان ڕزگاریان نابێ (٨٢)

دیمەنێکی هاوشێوە لە سورەتی (العنكبوت)یش دا هەیە.

سورة العنكبوت ٢٩: ٣٩ - ٤٠

وَقَٰرُونَ وَفِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا كَانُواْ سَٰبِقِينَ (٣٩) فَكُلًّا أَخَذۡنَا بِذَنۢبِهِۦۖ فَمِنۡهُم مَّنۡ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِ

[383] سنخاری دەڵێ: زۆر لەوە دەچێ تەنانەت ناوی قاروون سەرچاوەکەی لە کۆری هاتبێ و گۆڕانی بەسەرداهاتبێ.
[384] سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص. ٣٠

حَاصِبٗا وَمِنۡهُم مَّنۡ أَخَذَتۡهُ ٱلصَّيۡحَةُ وَمِنۡهُم مَّنۡ خَسَفۡنَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ وَمِنۡهُم مَّنۡ أَغۡرَقۡنَاۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظۡلِمَهُمۡ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ (٤٠)

وە قارون و فیرعەون و هامان، و سوێند بێت موسا بە بەڵگەکانەوە هات بۆلایان، جا خۆبەزلزان بوون لە خاکەکە، و پێشینەیان نەبوو (٣٩) ئەوسا هەر یەکێکیانمان بە گوناهەکەیەوە گرت، هەیانبووکە بەردمان بەسەریدا نارد، و هەیانبوو کە هاوارێك گرتنی، وە هەیانبوو بە زەویدا ڕۆچووە خوارەوە، وە هەیانبووکە نوقممان کرد، وە بۆ خودا نەبووکە ستەمیان لێ بکات، بەڵکو خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد (٤٠)

# تانتالوس

تانتالۆس (Tantalos) لە ئەفسانەی یۆنانیدا باوکی پێلۆپس (Pelops) و نیۆبێ (Niobe) بووە. پاشایەکی یۆنانی بوو لە فریگیا فەرمانڕەوایی دەکرد و هەروەها کوڕی زیوس بوو.

تانتالۆس دەیەویست بزانێ، ئایا بەڕاستی خوداکان هەموو شتێ دەزانن یان نا. ڕۆژێکیان لە چیای ئۆڵۆمپس بانگهێژی خوداکانی کرد. گۆشتی کوڕە گەنجەکەی پێلۆپس، کە پێشتر بە نهێنی سەربڕیبوو، لەسەر مێزەکە دانا. بەڵام یەکسەر ئاشکرا بوو و زیوس پێلۆپسی زیندوو کردەوە. زیوس وای لە تانتالۆس کرد، کە تاوانەکەی تەنیا بەوە پاکدەبێتەوە، لە جیهانی ژێرزەویدا (جیهانی مردووان بەهۆی برسێتی و تینوێتیەوە ئازاری بچێژێ، لە ئاوێکدا کە بەردەوام پاشەکشە دەکات کاتێک هەوڵی خواردنەوە دەدات. و لەگەڵ میوەی بە تام

لەسەر لقەکانی سەرووی سەری کە هەمیشە دوور دەکەوێتەوە کاتێک هەوڵی لێکردنەوەیان دەدا. [385]

سزای تانتالووس، و ئازارەکانی کۆنتێکستی ئایەتێکە لە قورئان. ئەو کەسانەی جگە لە ئەو بانگیان دەکەن، بە هیچ وەڵامێکیان ناداتەوە، وەک کەسێک وایە دەستەکانی بەرەو ئاو درێژ بکاتەوە تا بگاتە دەمی، بەڵام هەرگیز ناگاتە ئەو ئاوە.

سورة الرعد ١٣: ١٤

وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ لَا يَسْتَجِيبُونَ لَهُمْ بِشَيْءٍ إِلَّا كَبَاسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى الْمَاءِ لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَالِغِهِ (١٤)

ئەو کەسانەی بێجگە لەو، بانگی هیتر دەکەن، کەسیان بەدەنگەوە نایە. وەک ئەو کەسەن لە دوورەوە دەست بۆ ئاو ڕادەکێشن، تا بگاتە دەمیان، ناشگاتێ. نزای خودا نەناسەکان، گشت پووچە و بەفیڕۆ دەچێ (١٤)

## سیزیف

زیوس سزای سیزیفی (Sisyphus) بەوەدا، کە بەردێک بە گلدانەوە، بگەیێنێتە لوتکەی شاخێک. هەر جارێک لە لوتکەکە نزیک دەبووەوە، بەردەکە دەکەوتە خوارەوە. و ناچاری دەکرد بۆ هەمیشە پرۆسەکە دووبارە بکاتەوە.

[385] سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية.

بەپێی چیرۆکەکە، زیوس لە شێوەی هەڵۆدا، ئایگینای (Aigine) ڕفاندووە. و سیزیفیش ئایگینای لە چنگی هەڵۆکە بینیوە. سیزیف ئەوەی بینیویەتی بۆ باوکی، خوداوەندی ڕووبار ئاسۆپۆس، دەگێڕێتەوە. زیوس وەک سزایەک بۆ خیانەتەکەی سیزیف، خودای مەرگ تاناتۆسی (Thanatos) نارد بۆ کوشتنی سیزیف. تاناتۆس توانی سیزیف دەستگیرکا، و نەیەڵێ، چیتر بۆ زیوس زیانبەخشبێ.

سیزیف، لەلایەن ئاریسەوە بۆ جیهانی مردوان ڕفێندرا. بەڵام پێش ئەوە، سیزیف توانی پەیمان لە ژنەکەی وەربگرێ، کە بەڵاگێڕی بۆنەکا. کاتی کەس بەڵاگێڕی بۆ سیزیف نەکرد، توانی دەستەڵاتداری جیهانی مردووان، هادێس (Hades)، ڕازی بکا، تا ئازادی بکا. ڕازیکردنەکەشی، ئەوەبوو بچێ فەرمان بە ژنەکەی بدا، تا بەڵاگێڕی بۆ بکا. کاتی گەڕایەوە سەر زەوی.

بەڵام سیزیف بەڵێنەکەی پشتگوێ خست و لەگەڵ هاوسەرەکەی چێژی لە ژیان وەرگرت. جارێکیتر تاناتۆس پەیدابوو، و بە زۆر سیزیفی بردەوە بۆ هادێس، و جیهانی مردووان. لەوێ لە قووڵترین ئەشکەوت دا، زیوس سزای ئەوەی بەسەردا سەپاند، کە ئەرکی ئەوەبوو، بەردێکی گەورە، بە هەورازی گردێکدا بەخولدانەوە سەربخا. ئەگەر سیزیف سەرکەوتووبێ و بەردەکە بگەیێنێتە سەر گردەکە، ئەوا ئازاد دەبێ. بەڵام هەر جارێ، لە لووتکەی گردەکە نزیک دەبووەوە، ئەوەندە ماندوودەبوو، بەردەکەی فڕێ دەدا. بەردەکە خولدەبووەوە خوارەوە. دووبارە دەبووایە، سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوە. بەو شێوەیە ئەو ئەرکە بێمانایەی سیزیف هەرگیز کۆتایی نایە.[386]

---

[386] سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص. ١٦ - ١٧

له قورئانده هەمان چمک له دەمی خودا دووباره دەبێتەوە:

سورة المدثر ٧٤: ١٦ – ١٧

كَلَّآ إِنَّهُۥ كَانَ لِأَيَٰتِنَا عَنِيدًا (١٦) سَأُرۡهِقُهُۥ صَعُودًا (١٧)

نەخێر بۆ ئایەتەکانمان سەرسەختبوو (١٦) دەبێ بەسەرخستن هیلاکی کەم (١٧)

## پێگاسوس

بوراق ئەو بونەوەرە خورافیەی، هەر له منداڵیەوە، له ژیاننامەی پەیامبەر و فەرموودەکانی، تا دەگاته له کۆڕی ئێواران، و ئامۆژگاری بۆ گەروەیی دین و پەرجووکانی (معجزه)، بەردەوام بەر گوێ کەوتووە، بۆته ناوێکی ئاشنا. له ژیاننامەی نەبی ئیسلام و صەحیحەکان، دەبێ ئەو ئاژەڵەبی کە محمدی لە شەوێکدا، گەشتی ئیسرا و میعراجی پێکردبێ، و ئەوەندە خێرابووە بۆیە ناوی له برق وەرگیراوە.

کێشەی ڕاڤەکاران و خۆشخوانانی موسوڵمان لەوەدایە، کە هێچ بەڵگە نادۆزرێتەوە، بوونی بوراق بسەلمێنێ. تەنیا قسەکانیان بە گوتیان و دەگێڕنەوە کۆتایی دێ. تەنانەت قورئان وەک سەرچاوەی یەکەمی دینی ئیسلام باسی بوراق ناکا. و تەنیا له سورەتی الإسراء، باسی گەشتی پەیامبەر له مسجد الحرام بۆ مسجد الأقصى دەکا.

سورة الإسراء ١٧: ١

> سُبۡحَـٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَـٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنۡ ءَايَـٰتِنَآۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ (١)
>
> شکۆمەندە ئەوەی، لە شەوێکدا شەوڕۆیی بە بەندەکەی کرد لە (مسجد الحرام) بۆ (مسجد الأقصی) کە پیرۆزیمان بە دەوروبەرەکەی داوە، بۆ ئەوەی پەرچوو و بەڵگەکانی خۆمانی پیشان بدەین، هەر خۆی بیستەر و بینایە. (١)

لەو ئایەتەی قورئان، باسی ئەو گەشتە دەکا. کە دەبێ پەیامبەری ئیسلام، لە یەک شەودا، لە مسجد الحرام گەشتی بۆ مسجد الأقصی کردبێ.

کەچی لە ژیننامە، صحیحەکان و کولتووری گەلێری ئیسلام، وەک ناوێکی ئاشنا بوڕاق، ئاماژە بە فەرموودەیەکی پەیامبەر لە زاری ئەنەس بن مالک دەکا، کە دەگێڕنەوە، پەیامبەر، فەرموویەتی:

> بوراقم بۆ هێنرا، ئاژەڵێکی سپییە، لە کەر گەورەترە و لە ئێستر بچووکتر، من سواری بووم، و منی هەڵگرت تا گەیشتمە بیت المقدس.[387]

هەرچەندە فەرموودەکە زۆر درێژە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی، بە بوڕاقەوە هەیە، لێرە دەخرێتە ڕوو.

---

[387] صحیح الجامع، الرقم1062 : صحیح مسلم (162) .صحیح البخاري، باب: المعراج، الحدیث:3674

# پێگاسوس

لە ئەفسانەی یۆنانی، باسی ئەسپێک دەکا بە ناوی پێگاسوس. کە ئەسپێکی سپی باڵدارە، ڕۆیشتنی برووسکە ئاسایە، تەنانەت خودای زیوس پێی سەرسامە. و هەمان ئاکارەکانی بوڕاقی تێدان.
بەراوردێکی بوڕاقی ئیسلام، لەگەڵ پێگاسوس لە ئەفسانەی یۆنانی بۆمان دەردەکەوێ، بوڕاق هەمان ڕەنگی پێگاسوسی هەیە و ڕۆیشتنی برووسکە ئاسایە.

پێگەسوس (Pegasus) لە ئەفسانەی یۆنانی، کوڕی پۆسێیدۆن و. مێدوسە بووە. پێگەسوس لە خوێنی ڕژاوی ملی مێدوسەی دایکی، لە دایکبوو، کاتی پەرسوێسی پاڵەوان سەری بڕیْ.

پێگاسۆس بە دروستکردنی سەرچاوەی هیپۆکرین لەسەر چیای هێلیکۆن بە لێدانێک لە کۆتاییەکەیەوە ناسراوە. پاڵەوانی یۆنانی بێلێرۆفۆن (Bellerofon) بە یارمەتی کۆت و بەندەی جادوویی، ئەتێنا (Athena) پێگاسۆسی گرت و ڕامی کرد. پێکەوە شکستیان بە ئەهریمەن کیمێرا (.Chimaira) هێنا و چەندین کردەوەی قارەمانانەی تریان ئەنجامدا. بەڵام بێلێرۆفۆن لەکاتی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئۆڵیمپوس لە پشتی پێگاسۆسەوە کەوتە خوارەوە.

دوای ئەوەی پێگاسوس، بەبێ سوار گەیشتە ئۆڵیمپوس، زیوس پێگاسۆسی لە ناو ئەسپەکانی تریدا دانا، و ئەرکی ڕاکێشانی گالیسکەی ڕەشەباکەی پێ سپارد. وەک پاداشتێک،

زیوس پێگاسۆسی وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمان دانا، کە تا ئەمڕۆش لەوێ دەدرەوشێتەوە[388].

بوراق وەک پیگاسوس ئاژەڵێکی سپی باڵدارە، خێراییەکەی وەک برووسکە وایە (البرق). تەنیا جیاوازی ئەوەیە بوراق لە پێگاسوس بچووکترە ( لە کەر گەورەتر و لە ئێستر بچووکترە). بە ڕەچاوکردنی کاریگەری شارستانی و کولتووری یۆنانی لەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر لە میسرەوە تا دەگاتە، شام و میسۆپۆتامیا و دوورگەی عەرەبی. دەتوانین وەک زۆر نموونەیتر. نووسەری قورئان پێگاسوسی یۆنانی بە گشت ئاکارەکانیەوە، کۆپیکردووە.

## پێنێلۆپ بە خوازبێنی هەراسان دەکرێ

قورئان و دزین لە ئەفسانەی ئۆدیسە (Odysseus).

پێنێلۆپ لە ئەفسانەی یۆنانی، وەک پاڵەوانێکی مەزن دەبینرێ. لە وەفاداری و باوەڕ بەخۆبوون. ئەوەش ئەنجامی بەوەفاییتی بۆ ئۆدێسە (Odysseus)ەی هاوسەری. کە لە ماوەی درێژخایەندا چاوەڕوانی ئۆدیسە بوو، کە بۆ شەڕی ترۆی ڕۆیشتبوو. لەو ماوە درێژەدا، کە بیست ساڵ هیچ هەواڵێکی لێ نەبیسترا، بەردەوام باوەڕی وابوو ئۆدیسە دەگەڕێتەوە لای.

---

388 Souli, Sofia (1995) Grekisk Mytologi. Pp. 108 + 109

لەو ماوەیەدا، لەلایەن کەسانی بێشەرم دەور درابوو. و بەردەوام داخوازی دەکرا، کە شوو بە یەکێکیان بکا. و پێنێلۆپ بۆ ئەوەی لێیان دوور بکەوێتەوە، دەیگووت: بە نیازی ئەوە نییە جارێکی دیکە هاوسەرگیری بکاتەوە. تاوەکو ئەو شاڵەی دەیچنێ تەواو دەبێ. بە درێژایی ڕۆژ دەیچنی و شەوانە ئەوەی بە ڕۆژ چنیبووی، خاوی دەکردەوە. بەم شێوەیە هەرگیز ناچار نەدەبوو مێردێکی نوێ هەڵبژێرێت.

لە کۆتاییدا ئۆدیسە دەگەڕێتەوە، کە دەگاتە ئەتێنا، لەوەوە دەزانێت کە پێنێلۆپی هاوسەری لەلایەن ئەو کەسانە هەراسان دەکرێ. تا ئەو ڕادەیەی تەنانەت کۆشکەکەیان گەمارۆداوە. ئاتینا ڕێنمایی دەکات بۆ ڕێگایەک، تا بتوانێ بگاتە ماڵ و هاوسەرەکەی ڕزگار بکات. بە پۆشینی جلوبەرگی سوالکەری دەگاتە ماڵ، دەبینێ ماڵەکەی پڕ بووە لە داواکەرانی بێ شەرم، کە هەر خەریکی خواردن و خواردنەوەن. و تا ئەوکاتەی پێنێلۆپ هاوسەرێکی نوێی هەڵنەبژێرێ، ناڕۆن. پێنێلۆپ یەکسەر دەیناسێتەوە، ئەوسا ڕێنمایی دەکا، بۆ پلانێک، کە ئاهەنگێک بۆ ئەو کەسانەی کە داوای دەکەن، سازبکا. پێنێلۆپ گشتیان کۆدەکاتەوە. و ئۆدیسە هەموویان دەکوژێ.[389]

سورة النحل ١٦: ٩٢

وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّتِي نَقَضَتۡ غَزۡلَهَا مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٍ أَنكَٰثٗا تَتَّخِذُونَ أَيۡمَٰنَكُمۡ دَخَلَۢا بَيۡنَكُمۡ أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرۡبَىٰ مِنۡ أُمَّةٍۚ إِنَّمَا يَبۡلُوكُمُ ٱللَّهُ بِهِۦۚ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ (٩٢)

و وەک ئەو ژنە مەبن، کە ڕیسەکەی، دوای ڕستن خاودەکردەوە و پچڕپچڕی کرد. پەیمانتان لەگەڵ یەکتر بکەن بە فرتوفێڵ ئەگەر دەستەیەکتان لە دەستەیەکی دیکە زیاتر بن، لە ڕاستیدا خودا بەوە تاقیتان دەکاتەوە، وە بۆ

389 سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص. ٤٣

ئەوەی لە ڕۆژی قیامەت ئەوەتان بۆ ڕوونبکاتەوە کە تیایدا ناکۆك بوون (٩٢)

بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ پێنێلۆپ لە ئۆدیسەدا. ئەو کەسانەی فریودا، کە دەیانەوێ هاوسەرگیری لەگەڵ بکەن. دوای ئەوەی سوێندی خوارد کە هاوسەرگیرییەکە قبوڵ بکا لەگەڵ تەواوکردنی شاڵەکەی، کە ڕۆژانە هەڵیدەکردەوە بۆ ئەوەی خۆی لە سوێندەکەی بپارێزێت و کاتەکەی پاشەکەوت بکات.[390]

دیارە نووسەری قورئان مەبەستی، لەو ئایەتە ئەوەیە، کە تا دەکرێ دووڕووبن. و وەک ئەو ژنە (پێنێلۆپ) مەبن و پەیمان لەگەڵ یەکتری بە فرت و فێڵ ببەستن. ئەوەش پەیامێکە کە سەرتاسەری قورئان، دیندارانی پێ پەروەردە دەکا.

## تێرمینوس

تێرمینوس (Terminus) ڕەتیکردەوە، لەگەڵ خوداکانی تر، پەرستگا بەجێبێڵێ، تا خودای زیوس بە تەنیا لەوێ بمێنێ. ئەوەش هاوشێوەی چیرۆکی شەیتانە کە سەرەڕای دەرکردنی لە بەهەشت، ڕەتیکردەوە بەهەشت بەجێبێڵێ. زاراوەی دانراو بۆ شەیتان هاوشێوەی ئەو زاراوەیەی کە بۆ تێرمینۆس دانراوە.[391]

[390] نفس المصدر ٧٥
[391] نفس المصدر ٤١ - ٤٣

وَلَقَدۡ خَلَقۡنَـٰكُمۡ ثُمَّ صَوَّرۡنَـٰكُمۡ ثُمَّ قُلۡنَا لِلۡمَلَـٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ لَمۡ يَكُن مِّنَ ٱلسَّـٰجِدِينَ (١١) قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسۡجُدَ إِذۡ أَمَرۡتُكَۖ قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ وَخَلَقۡتَهُۥ مِن طِينٖ (١٢) قَالَ فَٱهۡبِطۡ مِنۡهَا فَمَا يَكُونُ لَكَ أَن تَتَكَبَّرَ فِيهَا فَٱخۡرُجۡ إِنَّكَ مِنَ ٱلصَّـٰغِرِينَ (١٣) قَالَ أَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ (١٤) قَالَ إِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ (١٥) قَالَ فَبِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأَقۡعُدَنَّ لَهُمۡ صِرَٰطَكَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ (١٦) ثُمَّ لَأٓتِيَنَّهُم مِّنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ وَعَنۡ أَيۡمَـٰنِهِمۡ وَعَن شَمَآئِلِهِمۡۖ وَلَا تَجِدُ أَكۡثَرَهُمۡ شَـٰكِرِينَ (١٧) قَالَ ٱخۡرُجۡ مِنۡهَا مَذۡءُومٗا مَّدۡحُورٗاۖ لَّمَن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكُمۡ أَجۡمَعِينَ (١٨)

وە ئێمە ئێوەمان درووستکردووە، ئینجا شێوەمان پێتان داوە، ئینجا بە فریشتەکانمان گوت، کڕنۆش بۆ ئادەم ببەن، ئەوەبوو کڕنۆشیان برد تەنیا ئیبلیس نەبێ، لە کڕنۆش بەران نەبوو.(١١) خودا گوتی، چی وایکرد کە کڕنۆش نەبەی کاتێك فەرمانم پێ دای؟ ئیبلیس( گوتی من لە ئەو باشترم، منت لە ئاگر درووستکردووە و ئەوت لە قوڕ درووستکردووە. (١٢) خودا گوتی، دە لێی دابەزە (لە بەهەشت)، بۆت نییە تیایدا لووتبەرزی بکەی، دەی، دەرچە لە ڕاستیدا تۆ لە ڕیسواو بچو وکەکانی ( ١٣) (ئیبلیس گوتی، مۆڵەتم بدە تاوەکو ڕۆژی زیندووبوونەوەیان (١٤) (خودا گوتی، تۆ لە مۆڵەت پێدراوانیت. (١٥) )ئیبلیس گوتی، چونکە تۆ منت لە خشتە بر د ئەوا منیش بۆیان دادەنیشم لە سەر ڕێگای ڕاستت (١٦) ئینجا لە پێشیان و لە دواوەیان و لە دەستە ڕاستیان و لە دەستە چەپیانەوە بۆیان دێم، وە دەبینی کە زۆربەیان سوپاس گوزارت نابن (١٧) خودا گوتی:، بە لۆمەکراوی و تڕۆکراوی لێی دەرچە، وە هەر کەسێك بەدوات کەوێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە دۆزەخ لە گشتتان پڕ دەکەم. (١٨)

# ململانێی خوداکان لەسەر دەسەڵات

زیوس چەندین شەڕی لەگەڵ خوداکاندا کردووە، و ئەم ململانێیە لەسەر ئەوەبووە، ئەگەر باوەڕ تەنیا بە مەزنترین خودا زیوس نەیەنن، ئەوا گومڕادەبن، و سزا وەردەگرن. دەقی ئەو گومرابوونە لە خودای ئیسلامیش دووبارەبۆتەوە.[392]

سورة الإسراء ١٧: ٤٢

قُل لَّوۡ كَانَ مَعَهُۥٓ ءَالِهَةٞ كَمَا يَقُولُونَ إِذٗا لَّٱبۡتَغَوۡاْ إِلَىٰ ذِي ٱلۡعَرۡشِ سَبِيلٗا (٤٢)

بڵێ، ئەگەر بەو جۆرەی ئەوان دەڵێن، وێرای خودا، خودایانی تر هەبان، ئەوسا پەیجوور دەبوون، کە ڕێی چوونە لای خاوەنی تەختیان دۆزیبایەوە (٤٢)

# یەکەم ژن

لە ئەفسانەی یۆنانی، پاندۆرا یەکەم ژن بوو کە خوداکان وەک سزایەک بۆ مرۆڤایەتی دروستیان کرد. زیوس سندوقێکی پێدا، و ئاگاداریکردەوە، کە هەرگیز نەیکاتەوە. پاندۆرا بەهۆی کنجکاوییەوە، سندوقەکەی کردەوە و. لەوێشەوە هەموو بەدبەختییەکانی جیهان-

392 سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص. ٣٢

نەخۆشی، ئازار و مردن- بە سەر زەویدا بڵاوبوونەوە. تاکە شتێک لە ناو سندوقەکەدا مابووەوە هیوا بوو. ئەفسانەی سندوقی پاندۆرا هێمایە کە چۆن کنجکاوی و نافەرمانی مرۆڤ دەتوانێت ببێتە هۆی دەرئەنجامە گەورەکان، بەڵام هەروەها ئەو هیوایە هەمیشە ئامادەیە، تەنانەت لە تاریکترین کاتەکانیشدا. ئەم ئەفسانەیە کاریگەرییەکی گەورەی کولتووری هەبووە و هەم هێمای لاوازی و هەم بۆ هێزی مرۆڤە.

لە قورئاندا حەوا یەکەم ژن بوو. بەپێی قورئان هەر ئەویش، بووە هۆی ڕووخانی ئادەم. کاتی مێوەی قەدەخەی خواردووە، و پێشکەشی ئادەمیشی کردووە. [393]

سورة الأعراف ٧: ١٩ - ٢٤

وَيَـٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ فَكُلَا مِنۡ حَيۡثُ شِئۡتُمَا وَلَا تَقۡرَبَا هَـٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ(١٩) فَوَسۡوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيۡطَـٰنُ لِيُبۡدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنۡهُمَا مِن سَوۡءَٰتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا رَبُّكُمَا عَنۡ هَـٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيۡنِ أَوۡ تَكُونَا مِنَ ٱلۡخَـٰلِدِينَ (٢٠) وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّـٰصِحِينَ (٢١) فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٖۚ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۖ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمۡ أَنۡهَكُمَا عَن تِلۡكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيۡطَـٰنَ لَكُمَا عَدُوّٞ مُّبِينٞ (٢٢) قَالَا رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمۡ تَغۡفِرۡ لَنَا وَتَرۡحَمۡنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَـٰسِرِينَ (٢٣) قَالَ ٱهۡبِطُواْ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُسۡتَقَرّٞ وَمَتَـٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ (٢٤)

و ئەی ئادەم خۆت و هاوسەرەکەت لە بەهەشت بژین، وە هەرچیەك ئارەزوو دەکەن بخۆن. بەڵام لەو درەختە نزیك مەبنەوە ئەگینا دەبن بە یەکێک لە ستەمکاران (١٩) ئەوەبوو شەیتان چرپەچرپی بۆیان (ئادەم و حواء)کرد بۆ ئەوەی ئەو شوێنەی نێوگەڵیان بەدیار کەوێت کە داپۆشرابوو،

[393] Souli, Sofia (1995) Grekisk Mytologi, pp. 18

وە (شەیتان) پێی گوتن: خوداکەتان نەهی لێتان کردووە (نزیك) ئەم درەختە بکەون بۆ ئەوەی نەبن بە دوو فریشتە، وە یان نەبن بە نەمر (٢٠) و سوێندی بۆیان خوارد، کە لە ڕاستیدا من بۆ ئێوە لە دڵسۆزەکانم (٢١) بە فێڵبازی سەرکێشیا ن کرد، کاتێك تامی درەختەکەیان کرد، نێوگەڵیان بۆ یەکتری بەدیارکەوت، وە هەوڵیاندا کە لە گەڵاییاخچەکە بخەنە سەر نێوگەڵیانەوە، ئینجا خوداکەیان بانگیا نی کرد: ئەی من نەهیم لێتان نەکردبوو لەم درەختە، وە پێم نەگوتبوون کە شەیتان بۆ ئێوە دووژمنێکی ئاشکرایە (٢٢) (ئادەم و حوا( گوتیان خوداکەمان ستەممان لە خۆمان کرد، وە ئەگەر لێمان نەبووریت و بەزەییت پێمان نەیەتەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە لە دۆڕاوەکان دەب (٢٣) خودا گوتی، لە بەهەشت دابەزن، هەندێکتان بۆ هەندێکی تر وەك دووژمن، وە لە زەوییدا شونی ئۆقرەگرتنتان دەبێ، وە خۆشی بکەن بۆ کاتێکی دیاریکراو (٢٤)

هەروەها لە سورەتی سورة طه ٢٠: ١١٧ – ١٢١ بە هەمان شێوە دووبارەی دەبێتەوە.

# ڕیتوالی بەخاکسپاردن

دەستەواژەی (eis korakas erkeistaï) لە ئەفسانەی یۆنانیدا بە واتای "بڕۆ بۆ لای کۆترەکان". نەفرەتێکە کە نەفرەت لێکراوەکە دەخوازێت گۆڕی نەبێ. بە یەکێک لە توندترین نەفرەت و سزاکان دادەنرێ، بەو پێیەی گیان، نە دەوەستێ و نە پشووش دەدا.

له قورئانیش خودا، بۆ ئەوەی نیشانی قاین بدا، چۆن براکەی بنێژێ. تا هابیل گۆڕی هەبێ. هەرچەندە سەرجاوەی چیرۆکی هابیل و قابیلی قورئان دەگەڕێتەوە بۆ تەورات. بەڵام ئەو چمکە لە تەورات دا نییە. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی سورەتی المائدة لە کۆتایی سەردەمی مەدینە نووسراوە. و ئەودەمە نووسەری قورئان، لە ژێر هەژموونی یەهودیە نەسارییەکان نەمابوو، بۆیە دەتوانین بڵێین وەک هەر چمکێکی تری ئەفسانەی یۆنانی، هاتووتە ناو کەلەپووری ناوچەکانی میسۆپۆتامی. و نووسەری قورئانیش یەک لە سەرچاوە گرنگەکانی فۆلکلۆری ئەو ژینگەیە بووە. و وەک پەیامێکی پیرۆزی خودا بەکاری هێناوە.[394]

سورة المائدة ٦: ٣١

فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا يَبۡحَثُ فِي ٱلۡأَرۡضِ لِيُرِيَهُۥ كَيۡفَ يُوَٰرِي سَوۡءَةَ أَخِيهِۚ قَالَ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ أَعَجَزۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِثۡلَ هَٰذَا ٱلۡغُرَابِ فَأُوَٰرِيَ سَوۡءَةَ أَخِيۖ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلنَّٰدِمِينَ (٣١)

خودا قەلەڕەشێکی نارد، خەریکبوو زەوی دەکۆڵی. بۆ ئەوەی پێی نیشان بدا، چۆن تەرمی براکەی لە خاکا بشارێتەوە. گوتی: ئەی لەخۆم نەگبەتی! چۆن نەمزانی وەک قاڵاو بجولێمەوە، و لاشەی برای خۆم وەشێرم. بەو کردەوە هاتە ڕێزی بەشیمانان (٣١)

[394] سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص. ٤٧

# خۆر پەرستی

قورئان باسی شاژنی سەبە و خۆر پەرستی کردووە. ئەوەش هاوشێوەی خۆر پەرستی هێلیۆس (Hélios) لە شاری ڕۆدۆس (Rhodos)، ، بە ڕەچاوکردنی دوو دیمەنی ئەفسانەیی هێلیۆس و پەرستنی خۆر لە قەڵەمڕەوی شاژنی سەبەء. ڕەنگە هەمان ڕەگیان هەبێ. ئەنجامەکەی بەوە دەگا: لە هەردوو کڕنۆشی خەڵکی سەبەء و خودای هێلیۆس، ئەستەمە کڕنۆشبردنی ئیسلامی نەبینرێ.[395]

سورة النمل ٢٧: ٢٤

وَجَدتُّهَا وَقَوۡمَهَا يَسۡجُدُونَ لِلشَّمۡسِ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَصَدَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ فَهُمۡ لَا يَهۡتَدُونَ (٢٤)

خۆی و هۆزەکەی لە جیاتی خودا کڕنۆش بۆ خۆر دەبەن. شەیتانی کردەوەکانی بۆ جوانکردوون، لە ڕێگەی خودا لایداون و ڕێنمایی ناکرێن (٢٤)

# دەیەک (العشور)

سیستەمی دەیەکی یۆنانیەکان، کە پێشکەش بە خوداکان دەکرا، سەرچاوەی زەکاتی دینە ئیبراهیمیەکانە.

395 Souli, Sofia (1995) Grekisk Mytologi. Pp. 54

سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص ٤٩

له دینی کریستیانی، ئەو سیستەمەی دەیەکی یۆنانیان، هێناوە و لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵ، کە لە جوتیاران وەردەگیرا. دوای لێکدانەوە و مەزەندەکردنی. بە بەرهەمی سرووشتی دەدرا. پێی دەگوترا (التعشیر). کە ئەرکێکی ئەو سەردەمە بووە. و لەسەر داهات بە گشت جۆرەکانی دانراوە.[396]

لە دوورگەی عەرەبی، پێش ئیسلام سیستەمی دەیەک (التشعیر) ناسراوبوو، و بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار دەهات. کاتی ئیسلام هات ئەو سیستەمەی وەک خۆێ وەرگرت، بەبێ هیچ گۆڕانێک، تەنیا ناوەکەی لە (التعشیر) گوڕی بۆ (العشور). ئەو باجە وەک یاسا، یەک لەدەی بەرهەمی لە بیانیان وەردەگرت. و لە (أهل الذمة) باوەڕدارانی دینەکانی تری خاوەن پەرتووک (أهل الکتاب)، دەبێ نیوەی ئەو دەیەکە وەردەگیرا. موسوڵمان چواریەکی دەیەک وەردەگیرا. ئەوەش بەو مەرجەی نرخی دووسەد و زیاتربێ. [397]

## سزای خودایی

لە داستانی هۆمێرۆس دا، خوداکان تەنیا سزای ئەو مرۆڤانە دەدەن. کە سەرپێچی فەرمانی کاهینێک بکەن. لە قورئانیش، سزای خودا تەنیا بۆ نکۆڵیکردنە لە پەیامبەرەکانی (نوح، ثمود، عاد و هتد)[398]

[396] نفس المصدر.
[397] الريس، د. محمد ضياءالدين، الخراج و النظم المالية للدولة الإسلامية. ص ١٢٧
[398] Harper, Douglas. Online Etymologi Dictionary

# دیموکراسی ئەتینا

ئەو مۆدێلە وەحی بەدوایدا دەگەڕا. بە بڕوای سنخاری، "شورا"ی لە کۆمەڵگەی عەرەبی بەر لە هاتنی ئیسلام و دواتریش وەک یاسا لە ناو ئیسلام و دەقەکانی قورئان، هەمان دیموکراتی ئەتینای یۆنانە. شاژنی شەبا، بەگوێرەی قورئان: "فەرموویەتی:[399]

سورة النمل ٢٧: ٣٢

قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَفۡتُونِي فِيٓ أَمۡرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمۡرًا حَتَّىٰ تَشۡهَدُونِ (٣٢)

ئەی کەسایەتییە دیارەکان، ئامۆژگاریم بکەن لە کارەکەمدا. تا ئێوە شایەتحاڵی ئەوە نەبن، بابەتێکم یەکلایی نەکردووەتەوە (٣٢)

یان لە سورەتێکیتر، ئاماژە بە ڕاوێژکاری دەکا.

سورة الشورى ٤٢: ٣٨

وَٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمۡ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ (٣٨)

ئەو کەسانەش کە بەدەنگی پەروەردگاریانەوە چوون، نوێژدەکەن و کاروباریشیان بە ڕاوێژە. لەو بژێوەی پێمان بەخشیون (٣٨)

---

[399] سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص ٥٥ - ٥٦

# ئەفسانەی کالیپسۆ و سیرس

ئەم ئەفسانە سەبارەت بە دڵەڕاوکێی ئۆدیسەی (Odysseus) گەنجە، کە ژنێکی جوان دەیەوێ دەستبازی لەگەڵ بکا، ئەوەش چیرۆکی نەبی یوسفمان لە قورئان وەبیردێنێتەوە. هەوەها هەوڵەکانی ژنەجادووگەری سیرسێ (Circe) بەرامبەر بە ئۆدیسە، پیلانەکانی ژنان لە سورەتی یوسفدا دەهێنێتەوە یاد، کە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ئەو کەسانە نییە کە لەلایەن خوداوە پارێزراون[400].

سورة یوسف ١٢: ٢٣ - ٢٤

وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ (٢٣) وَلَقَدۡ هَمَّتۡ بِهِۦۖ وَهَمَّ بِهَا لَوۡلَآ أَن رَّءَا بُرۡهَٰنَ رَبِّهِۦۚ كَذَٰلِكَ لِنَصۡرِفَ عَنۡهُ ٱلسُّوٓءَ وَٱلۡفَحۡشَآءَۚ إِنَّهُۥ مِنۡ عِبَادِنَا ٱلۡمُخۡلَصِينَ (٢٤)

جا ئەو ژنەی کە ئەو لە ماڵەکەی بوو بانگی کرد بۆ سەر خۆی و دەرگاکانی قوفڵ کرد و گوتی خۆم بۆت ئامادە کردووە، گوتی پەناگە بە خودا، لە ڕاستیدا ئەو گەورەمە لەگەڵمدا چاك بووە، لە ڕاستیدا ستەمکاران سەرکەوتوو نابن. (٢٣) و سوێند بێ ژنەکە ویستی لەگەڵ ئەو بیکا، ئەگەر ئەو بەڵگەی خوداکەی نەبینیایە، بەو جۆرە خراپە و داوێن پیسیمان لەسەر ئەو وەلانا، لە ڕاستیدا ئەو لە بەندە دڵسۆزەکانمان بوو. (٢٤)

زنجیرە زێڕەکە: لە قورئاندا خودا ئەلەنگاری مرۆڤ و جن دەکا، بۆ ئەوەی شتێکی هاوشێوە بەرهەم بهێنن .

---

[400] Harper, Douglas. Online Etymologi Dictionary

سورة الإسراء ١٧: ٨٨

قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا (٨٨)

بڵێ به دڵنیاییەوە ئەگەر مرۆڤ و جنۆکەکان کۆببنەوە کە وەك ئەو قورئانە بە ئەوا ناتوانن، و تەنانەت ئەگەر ببن بە پشتیوانی بۆ یەکتر (٨٨)

ئەمەش هاوشێوەی ئەلەنگاری زیوسە لە ئیلیادا بۆ خوداکانیتر، سەبارەت بە توانای ڕاکێشانی کۆتایی زنجیرێکی زێڕین کە بە دەستی گرتبوو.[401]

## خودا لە خزمەت مرۆڤدایە

لە قورئاندا خودا جنەکان دەخاتە ژێر دەستی سلێمان (سبأ، 12-14)، هەروەها لە ئیلیادا زیوس سزای خوداوەندەکانی ئەپۆلۆ و پۆسێدۆن دەدات بەو شێوەیەی کە وایان لێدەکات خزمەت بە پاشای ترۆیا بکەن [402].

سورة السبأ ٣٤: ١٢ – ١٤

وَلِسُلَيۡمَٰنَ ٱلرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهۡرٞ وَرَوَاحُهَا شَهۡرٞۖ وَأَسَلۡنَا لَهُۥ عَيۡنَ ٱلۡقِطۡرِۖ وَمِنَ ٱلۡجِنِّ مَن يَعۡمَلُ بَيۡنَ يَدَيۡهِ بِإِذۡنِ رَبِّهِۦۖ وَمَن يَزِغۡ مِنۡهُمۡ عَنۡ أَمۡرِنَا نُذِقۡهُ مِنۡ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ (١٢) يَعۡمَلُونَ لَهُۥ مَا يَشَآءُ مِن مَّحَٰرِيبَ وَتَمَٰثِيلَ وَجِفَانٖ كَٱلۡجَوَابِ

---

[401] Ibid.

[402] Ibid.

وَقُدُورٖ رَّاسِيَٰتٍۚ ٱعۡمَلُوٓاْ ءَالَ دَاوُۥدَ شُكۡرٗاۚ وَقَلِيلٞ مِّنۡ عِبَادِيَ ٱلشَّكُورُ (١٣) فَلَمَّا قَضَيۡنَا عَلَيۡهِ ٱلۡمَوۡتَ مَا دَلَّهُمۡ عَلَىٰ مَوۡتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلۡأَرۡضِ تَأۡكُلُ مِنسَأَتَهُۥۖ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلۡجِنُّ أَن لَّوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٱلۡغَيۡبَ مَا لَبِثُواْ فِي ٱلۡعَذَابِ ٱلۡمُهِينِ (١٤)

و بۆ سلێمان بامان دەستەمۆ کرد، بە بەیانیەك ڕێگای مانگێکی دەبڕی بۆ ڕۆیشتن، و بە ئێوارەیەك ڕێگای مانگێکی دەبڕی بۆ گەڕانەوە، وە کانیاوی مسمان بۆ تواندەوە. و لەبەری دەڕۆیشت، و لە جنۆکە هەبوون کە کاریان لە نێوان دەستەکانی دەکرد، بە مۆڵەتی خوداکەی، وە هەر یەکێکیان لە فەرمانمان دەربچێ، ئەوا لە ئەشکەنجەی دۆزەخی پێ دەچێژی (١٢) بۆ سلێمان هەر کارێك بیوستایە دەیانکرد. لە میحراب و پەیکەر و لەگەنی زەبەلاح و مەنجەڵ زۆر گەورە، بنەماڵەی داود سوپاسێك بکەن، وە کەمێك لە بەندەکانم سوپاسگوزارن. (١٣) جا کاتێك بڕیاری مەرگمان بەسەری دا، تەنیا زیندەوەرێکی زەوی پێی نیشاندان کە مردووە، کاتێك گۆپاڵەکەی خوارد، جا کاتێك کەوت، بۆ جنۆکەکان بەدیارکەوت کە ئەگەر لە غەیبیان بزانیایە ئەوە لەو ئازارە ڕیسواکەرە بەردەوام نەدەبوون. (١٤)

## سێ چارەنووس

ئەفسانەی یۆنانی باس لە سێ خوشک دەکا، کە پێیان دەوترێ جۆڵاکان. ئەو سێ خوشکە خودای چارەنووس و بەختەوەرین و فەرمانڕەواییان سەرپێچی لێناکرێ. ئەوەش هاوشێوەی ئەو سێ خوداوەندەیە کە لە قورئاندا باسکراون (اللات، العزە و مەنات).[403]

[403] سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص ٣٦

سورة النجم ٥٣: ١٩ – ٢١

أَفَرَءَيۡتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلۡعُزَّىٰ (١٩) وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ (٢٠) أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلۡأُنثَىٰ (٢١)

ئاخۆ لات و عوززە نابینن؟ (١٩) سێیەمیشیمان کە (مەنات)ە یەکێتر لە بوتەکانی تر؟(٢٠) ئایا بۆ خۆتان نێرینەیە، و بۆ ئەو مێینە؟(٢١)

## فریشتە و بوونەوەری نامۆ

فریشتە و بوونەوەرە نامۆکان: زۆر پێدەچی ئیسلام هەمان خودای یۆنانیەکانی کۆپی کردووە... پێگاسوس (Pegasus) ئەسپێکی سپی باڵدارە. لەڕاستیدا ئیسلام فۆرم و ڕۆڵی کۆپیکردووە، ناوی ناوە بوراق. ئەوەش وەک ناوی چەند فریشتەی تر وەک هێرمێس نێردراوی زیوس جبرائیلە و تاناتۆس ئیزرائیل و پۆسێدۆن (خودای بوومەلەرزە) ئیسرافیلە.[404]

## ئاهەنگی یۆنانی

ئەو ئایەتانەی باس لە بەهەشت دەکەن ئاماژەن بۆ ئاهەنگەکانی یۆنانی، کە بریتی بوون لە شەراب و کباب و خزمەتکاری مێینە لە باخچەکاندا.[405]

---

[404] نف.س المصدر

[405] Harper, Douglas. Online Etymologi Dictionary.
سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص ٦٧

سورة الأعراف ٧: ٤٣

وَنَزَعۡنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنۡ غِلّٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهِمُ ٱلۡأَنۡهَٰرُۖ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي هَدَىٰنَا لِهَٰذَا وَمَا كُنَّا لِنَهۡتَدِيَ لَوۡلَآ أَنۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُۖ لَقَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلۡحَقِّۖ وَنُودُوٓاْ أَن تِلۡكُمُ ٱلۡجَنَّةُ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ (٤٣)

وه هەر ڕق و قینێك كه له سینەكانیان بوو دەرهێنا، ڕووبارەكان له ژێریانەوە دەڕوا، و گوتیان سوپاس بۆ خودا كه ڕێنمایی كردن بۆ ئەوە، و ڕێنما ین نەدەكراین ئەگەر خودا ڕێنمایی نەكردباین، وە به دڵنیاییەوە پەیامبەران خودەكەمان به هەق هات و بانگ درا: ئەوە ئەو بەهەشتەیە كه بەدەستتان هێناوە به هۆی ئەو كارانەی دەتانكرد . (٤٣)

سورة الواقعة ٥٦: ٢٠ - ٢٦

وَفَٰكِهَةٖ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ (٢٠) وَلَحۡمِ طَيۡرٖ مِّمَّا يَشۡتَهُونَ (٢١) وَحُورٌ عِينٞ (٢٢) كَأَمۡثَٰلِ ٱللُّؤۡلُوِ ٱلۡمَكۡنُونِ (٢٣) جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ (٢٤) لَا يَسۡمَعُونَ فِيهَا لَغۡوٗا وَلَا تَأۡثِيمًا (٢٥) إِلَّا قِيلٗا سَلَٰمٗا سَلَٰمٗا (٢٦)

وه میوه لەوەی خۆیان هەڵیدەبژێرن (٢٠) و گۆشتی باڵندە، ئەوەی ئارەزوو دەكەن (٢١) و حۆری چاوبەڵەک (٢٢) وەک نموونەی مرواری شاراوەن (٢٣) پاداشت بەهۆی ئەوەی دەیانكرد (٢٤) تیایدا گوێیان نه له چەنەچەن دەبێ و نه له گوناه (٢٥) تەنیا جاروبار سڵاو سڵاو نەبێ (٢٦)

سورة التوبة ٩: ٧٢

وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ وَرِضۡوَٰنٞ مِّنَ ٱللَّهِ أَكۡبَرُۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ (٧٢)

خودا بەڵێنی بە پیاوان و ژنانی باوەڕدار داوە، بە باخاتێك كە ڕووبارەكان لە ژێریانەوە دەڕۆن، هەمیشە تیایدا دەمێننەوە، وە بە خانووبەرەی نایاب لە باخەكا نی عەدن، و ڕەزامەندیەك لە لایەن خوداوە لە هەمووی گەورەترە، ئەوەیە سەركەوتنی مەزن. (٧٢)

# بەشداری خودا لە شەڕ

لە قورئاندا خودا بەشداری شەڕەكان دەكا، یان خۆی دەیانكوژێ یان فریشتە دەنێرێ، تا ڕێشاندەر و ئامۆژگاریكەربێ، یانیش باڵندەی ئەبابیل دەنێرێ، تا دوژمن قڕكەن. لە ئەفسانەی یۆنانی لە ئیلیادا خوداكان خۆیان بەشداری شەڕەكان دەكەن.[406]

سورة الأنفال ٨: ١٧

فَلَمۡ تَقۡتُلُوهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ قَتَلَهُمۡۚ وَمَا رَمَيۡتَ إِذۡ رَمَيۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ وَلِيُبۡلِيَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡهُ بَلَآءً حَسَنًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ (١٧)

ئەوان ئێوە نەتان كوشتوون، خودا كوشتنی. كە هاویشتت، هاوێژەرەكە تۆ نەبووی. خودا هاویشتی. ئەو دەیەویست باوەڕداران بەباشی تاقیكاتەوە. خودا بیستەر و زانایە (١٧)

---

[406] سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص ٧٩ - ٨٠

سورة الأنفال ٨: ٩

إِذۡ تَسۡتَغِيثُونَ رَبَّكُمۡ فَٱسۡتَجَابَ لَكُمۡ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلۡفٖ مِّنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ مُرۡدِفِينَ (٩)

لەو کاتەشدا، کە هاناتان بۆ پەروەردگارتان دەبرد، گوتی: ئەوا بۆ یارمەتیتان، هەزار فریشتە بە دوای یەکدا دەنێرم (٩)

سورة الفيل ١٠٥: ١ - ٥

أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ (١) أَلَمۡ يَجۡعَلۡ كَيۡدَهُمۡ فِي تَضۡلِيلٖ (٢) وَأَرۡسَلَ عَلَيۡهِمۡ طَيۡرًا أَبَابِيلَ (٣) تَرۡمِيهِم بِحِجَارَةٖ مِّن سِجِّيلٖ (٤) فَجَعَلَهُمۡ كَعَصۡفٖ مَّأۡكُولِۭ (٥)

ئەدی نەت دی پەروەردگارت، چ پەندێکی بە فیل سوارەکان کرد؟ (١) ئەدی فێڵ و گزیەکانیان هەموو پووچەڵ نەکردنەوە (٢) دەستە دەستە باڵندەی ئەبابیلی هەناردە سەریان (٣) گژمۆلە قوڕی وەک بەردیان تێدەگرتن (٤) تا بە دەردی کایەکی خوراوی بردن (٥)

## قورئان و ئەفسانەکانی ڕۆمانی

هەرچەندە کولتوور و ئەفسانەکانی ڕۆمانی، ئەوەندەی کولتوور و ئەفسانەکانی یۆنانی قووڵ و کاریگەریان لەسەر کولتوور و کەلەپووری وولاتان نەبووە. بەڵام ئیمپراتۆری رۆمان ٥٧٣ پ.س.ب تا ٥٠٩ س.ب، واتە بە درێژایی ١٢٦٢ ساڵ. و داگیرکاری گشت ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، توانیویەتی کاریگەرییەکی قووڵ و گشت لایەنی لەسەر کولتوور و کەلەپووری ئەو ناوچانە هەبێ کە لەژێر دەستەڵاتی دابووین. لەوەش زیاتر ڕۆچووتە ناو پەرتووکە پیرۆزەکانی ئەو دینانەی ناوچەکە. ئەوەش چەند نموونەیەکی، ئەو ئەفسانانەن کەلە قورئاندا، هاتوون.

## لەدایک بوونی ڕۆمولوس و ڕیموس

ڕۆمولوس (Romulus) و ڕیموس (Remus)، دوو برابوون و ڕۆمایان دامەزراند. دایکیان ناوی ڕیا بوو. بە پاکیزەیی، ئەو دوو کوڕەی، لە ڕێگای پەرجوو بوون. کە خودای مەریخ،

ئەنجامیدا. هەمان چیرۆکی ئەفسانە لە قورئاندا، لە چیرۆکی مەریەمی پاکیزەدا دووبارە بۆتەوە.[407]




پەیکەری دەڵەگورگ، کە شیر دەداتە ڕۆمولوس و ڕێموس، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەر ساڵانی ١٥٠٠ س.ب. لە (Capitoline Museums) لە ڕۆما.

سورة التحريم ٦٦: ١٢

وَمَرۡيَمَ ٱبۡنَتَ عِمۡرَٰنَ ٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتۡ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتۡ مِنَ ٱلۡقَٰنِتِينَ (١٢)

مریەمی کچی عمران ، ئەوەی داوێنی خۆی پاکڕاگرت ئەوسا ئێمە، لە ڕوحی خۆمان فوومان تێکرد. باوەڕی بە ووتەکانی پەروەردگار و پەرتووکەکانی هێنابوو. و لەڕێزی فەرمانبەرداران دابوو (١٢).

---

[407] World history Ecyclopedia, Romulus and Remus

سورة آل عمران ٣: ٤٧

قَالَتۡ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي وَلَدٞ وَلَمۡ يَمۡسَسۡنِي بَشَرٞۖ قَالَ كَذَٰلِكِ ٱللَّهُ يَخۡلُقُ مَا يَشَآءُۚ
إِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ (٤٧)

مریەم گوتی خوداکەم چۆن دەکرێ من کوڕێکم بێ، و هیچ مرۆڤێك لەگەڵم جووت نەبووە، گوتی: بەم شێوەیە خودا هەر شتێکی بوێ دروستی دەکات، ئەگەر بڕیاری لەسەر شتێکدا، جا بە شتەکە دەڵێت ببە و دەبێ (٤٧)

بە ڕەچاوکردنی نزیکی دینی کریستیانی و دواتر بوونی بە دینی دەوڵەت. و داڕشتنەوەی سەرجەم ئینجیلەکان. ناکرێ ئاگاداری چیرۆکی ئەفسانەی لە دایکبوونی ڕۆمولوس و ڕیموس نەبووبن. وەک پەرجووێکی دینی نەخرابێتە ناو ئینجیل و دواتر لە قورئان دووبارە بۆتەوە.

## ململانێی دوو برا

ڕۆمۆلۆس (Romulus) ڕێموسی (Remus) برای خۆی کوشت، هەروەک چۆن قابیل، هابیلی کوشت.

ڕۆمۆلۆس (نزیکەی ٧٧١ تا ٧١٧ پ.س.ب) و ڕیموس (نزیکەی ٧٧١ تا ٧٥٣ پ.س.ب) بە شێوەیەکی نەریتی دامەزرێنەری ڕۆمان. لە ئەفسانەی ڕۆمانیدا برای دوانە بوون، دایکیان کاهین ڕێیا سیلڤیا (Rhea Silvia) بووە و باوکیان مەریخ خوداوەندی جەنگ بووە.

له مێژووی پلۆتارخ (Plutarch) ڕۆمۆلۆس یەکەم پاشای ڕۆما بووە. و بەپێی ئەفسانەکە، هەردوو برا دوانەکە (جمک) لەلایەن گورگێکی مێنە شیریان پێدراوە.[408]

زۆربەی ڕۆمییەکان ئەو چیرۆکەیان لا پەسەند بووە، کە ڕۆمۆلۆس و ڕیموس برا دووانەکەی بە منداڵی بەجێهێڵراون. و لەلایەن گورگێکی مێنەوە شیریان پێدەدرا. لەگەڵ گەورەبوونیان شاری ڕۆمایان لەسەر گردێک بنیاتنا ،کە ڕووی لە ڕووباری تیبەر (Tiber) بوو، دواتر بە گردی پالاتین ناسرا.

لەو کاتەی دیوارەکانی، دەوری خانوو و کۆشکە سادە و وشکەکان دروست دەکران، ڕیموس بە باڵا بچووکەکەیانەوە پێدەکەنی و بە سەریاندا بازیدەدا، بە گاڵتە بێڕێزی پێدەکردن. بەپێی ئەفسانەکە، ڕۆمۆلۆس ئەوەندە تووڕەبووە، دەستبەجێ براکەی کوشتووە و هاواری دەکرد، کەس گاڵتە بەو شارە نوێیە ناکات.

ڕۆمۆلوس نزیکەی چل ساڵ فەرمانڕەوایی ڕۆمای کرد. لەم ماوەیەدا سنوورەکانی دەوڵەتەکەی فراوانتر کرد. و کێڵگەی زیاتری پێوەلکاند، بۆ چاندنی هەندێک بەرهەمی کشتوکاڵی.[409]

هەرچەندە لە قورئان ناوی هابیل و قابیل ناهێنێ، بەڵام مرۆڤ بە ئاسانی دەزانێ کە هەر ئەو دووەن لە کوڕانی ئادەم، بەپێی تەورات قابین، هابیل دەکوژێ.

---

[408] Plutarch (1914) The life of Romulus. Vol.1.
[409] Encyclopedia Britannica, Romulus and Remus

تەورات - پەرتووکی ئەفراندن ٤: ٨

(٨) جا قایین بە هابیلی برای گوت: با بچینە ناو کێڵگە. واش ڕوویدا کاتێک هەردووکیان لە کێڵگە بوون، قایین پەلاماری هابیلی برای دا و کوشتی.

سورة المائدة ٥: ٢٧

وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ بِٱلۡحَقِّ إِذۡ قَرَّبَا قُرۡبَانٗا فَتُقُبِّلَ مِنۡ أَحَدِهِمَا وَلَمۡ يُتَقَبَّلۡ مِنَ ٱلۡأٓخَرِ قَالَ لَأَقۡتُلَنَّكَۖ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ (٢٧)

دە تۆ هەواڵی ڕاستی ڕووداوی، نێوانی دوو کوڕەکەی ئادەمیان بۆ وەخوێنە: کە هەریەکیان قوربانێکیان کرد، جا لە یەکێکیان وەرگیرا و لەوەی تریان وەرنەگیرا، گوتی: سوێند بێ دەتکوژم، گوتی: لە ڕاستیدا خودا قوربانی تەنیا لە خوداپەرستان وەردەگرێ. (٢٧)

دواتر لە ئایەتێکیتر، باسی کوشتنەکە دەکا.

دواتر لە ئایەتی ٣٠ دەڵێ:

سورة المائدة ٥: ٣٠

فَطَوَّعَتۡ لَهُۥ نَفۡسُهُۥ قَتۡلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ (٣٠)

ئیتر دڵی هەڵێنا براکەی خۆی بکوژێ، و کوشتی، و کەوتە ناو ڕێزی زیانبارەان (٣٠)

## کورتیۆس

زەوی لە ڕۆما شەق بوو، فەلەکناسێک ئاماژەی بەوەدا کە درزەکە چاک نابێتەوە، ئەگەر بەنرخترین کەلوپەلی ڕۆما فڕێنەدرێتە ناویەوە. کورتیۆس (Curtius, Cortious)

تێگەیشت کە فەلەکناسەکە ئاماژە بە پێویستی قوربانیدان بەشێک لە گەنجانی ڕۆما دەکا، بۆیە خۆی فڕێدایە ناو درزەکەوە، کە بوو بە دەریاچەیەک کە بە ناوی ئەوەوە ناوی لێنراوە. ئەمەش هاوشێوەی نوقمبوونی زەوییە، لە ژێر قارون و نخرۆبوونی، سنخاری پێی وایە ناوی قارون بە عەرەبکردنی وشەی "کۆری"یە. [410]

سورة القصص ٢٨: ٨١

فَخَسَفۡنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلۡأَرۡضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٖ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُنتَصِرِينَ (٨١)

سا قارونمان بە ماڵەوە ڕۆبردە ناخی زەوی، هیچ دەستەیەکیشی نەبوو کە لە خودای بپارێزێ و خۆشی یاریدەی خۆی نەدا (٨١)

سەبارەت بە قارون لە تەورات، ئامۆزای موسا بووە، و هیچ باسی دەوڵەمەندی و پەیوەندی لەگەڵ فیرعەون ناکا. بۆیە قارونی قورئان هەمان قورەحی تەورات نییە. گریمانەیەکی بەهێز هەیە کە پەیوەندی بە چیرۆکی کۆری یان کۆرتیۆسەوە هەبێ.

## بەڵاگێڕی ڤالێرا

ڤالێرا (Valera) بەنیازی ئەوەی خۆی بکاتە بەڵاگێڕی خودای جونۆ ( Juno)، چووە سەر بەڵاگێڕگا، ئەوەش لە پێناوی نەمانی نەخۆشی پەتای تاعون لە شار. لەو کاتەی خەریکبوو

[410] سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص ٤١

شمشێر بەرزبکرێتەوە بۆ سەربڕینی، هەڵۆیەک دابەزی و شمشێرەکەی ڕفاند، و لەسەر مانگایەکی دانا، کە لە جیاتی ئەو کرایە بەڵاگێڕ. ئەمەش هاوشێوەی بەڵاگێڕی ئیبراهیمە، کەخودا لەجیاتی ئیسحاق، بەرخێکی نارد.[411]

سورة الصافات ٣٧: ١٠٢

فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعۡيَ قَالَ يَٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلۡمَنَامِ أَنِّيٓ أَذۡبَحُكَ فَٱنظُرۡ مَاذَا تَرَىٰۚ قَالَ يَٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ (١٠٢) فَلَمَّآ أَسۡلَمَا وَتَلَّهُۥ لِلۡجَبِينِ (١٠٣) وَنَٰدَيۡنَٰهُ أَن يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ (١٠٤) قَدۡ صَدَّقۡتَ ٱلرُّءۡيَآۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ (١٠٥) إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلۡبَلَٰٓؤُاْ ٱلۡمُبِينُ (١٠٦) وَفَدَيۡنَٰهُ بِذِبۡحٍ عَظِيمٖ (١٠٧)

کاتی گەیشتە تەمەنیک، کە وێرای ئەو خەبات بکا، گوتی: ئەی کوڕی خۆم! من لە خەونم دا، وام دیوە، تۆ سەردەبڕم، تۆ چۆنی لێکدەدەیتەوە؟ گوتی: باوکە، هەر شتێ پێت سپێردراوە، بەجێی بێنە، خودا حەزبکا، بەم زوانە تێدەگەی کە منیش لە خۆڕاگرانم. (١٠٢) کاتی هەردووک، بڕیاری خۆیان سەلماند، لەسەر چاو ڕایکێشا (١٠٣) بانگمانکرد، ئەی ئیبراهیم (١٠٤) ئەوا خەونەکەت هاتەدی، ئێمە ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەین (١٠٥) دیارە ئەوە ئەزموونێکی ئاشکرابوو (١٠٦) ئێمە ئەومان بە بەڵاگێڕیەکی گەورە کڕیەوە (١٠٧)

[411] سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص ٤٤

# ئەشکەنجەی کراسوس

قورئان ئاماژەیە بۆ دار زەقوم، خواردنی خراپەکاران، وەک کوڵاندنی مسی تواوە لە سکیدا، ئەوە هەمان سزایە، کە سنخاری باسی دەکا، کە کراسۆس، یەکێک لە دەوڵەمەندترین پیاوەکانی ڕۆما، لەسەر دەستی ساسانیەکان وەریگرتووە، کاتی زێڕی تواوە بەناو دەمیدا دەڕژێتن، و هەناوی دەسووتێنێ.[412]

سورة الدخان ٤٤: ٤٣ – ٤٥

إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ (٤٣) طَعَامُ ٱلۡأَثِيمِ (٤٤) كَٱلۡمُهۡلِ يَغۡلِي فِي ٱلۡبُطُونِ (٤٥)

بەری داری ژەقنەبووت (٤٣) خواردنی گوناهبارانە. (٤٤) وەك ڕۆن لەناو سكدا دەكوڵێ (٤٥)

لە ساڵی ٥٣ پ.س.ب بە سوپایەکی حەوت لەشکر و ٤ هەزار سوارە و ٤ هەزار چەقۆکێشەوە لە فورات بەزاند. ئەم هەڵمەتە پەیوەست بوو بە سەختییەکی زۆرەوە بۆ هێزی پیادەی چەکداری قورس. زۆری نەخایاند سوپاکە، لە کارهای (هاران)، لە هەموو لایەکەوە لەلایەن سوارەی پارتییەوە هێرش کرایە سەر، کە بە شێوەیەک شەڕیان کرد کە ڕۆمەکان ڕاهاتوو نەبوون. بۆیە شەڕی کارهای لە ساڵی ٥٣ پێش زایین خەسارێکی گەورەی ڕۆمانییەکان بوو. پوبلیۆسی کوڕی کراسۆس لەگەڵ سوارەکانیدا کەوتە خوارەوە. کراسۆس هەوڵیدا لەگەڵ باقی سوپاکەدا پاشەکشە بکات بەڵام هەر ڕۆژی دواتر لە ٩ی حوزەیران لە کاتی دانوستان لەگەڵ دوژمنەکاندا بڕدرا. بەپێی سەرچاوەیەک، ئەوە سەربازێکی پارتی بووە

[412] سنخاري، عمر (٢٠١٤) القرآن و الثقافة اليونانية. ص ٦٥

به ناوی پۆماکساترێس کە کراسۆسی کوشتووە و سەری بۆ پاشای پارتی ئۆرۆدێس ناردووە.[2]

مارکوس لینیسیوس کراسوس ١١٥ – ٥٣ پ.س.ب (Marcus Linicius Crassus)

دەیویست لە ڕێگەی هەڵمەتێک دژی ساسانیەکان، شکۆمەندی سەربازی وەدەستبێنێ، و پێگەی خۆی لە دەوڵەتی ڕۆم بەهێزتر بکا. لە ساڵی ٥٣ پ.س.ب، بە سوپایەکی لە حەوت لەشکر پێکهێنا، لەگەڵ ٤ هەزار سوارە و ٤ هەزار چەقۆکێش، لە فورات پەڕیەوە. لەو هەڵمەتەدا، بۆ هێزی پیادەی چەکداری قورس زۆر سەخت بوو. زۆری نەخایاند سوپاکە، لە کارهای (Carrhae) حاڕانای ئێستا، لە هەموو لایەکەوە لەلایەن سوارەی ساسانیکان، هێرشی کرایە سەر. شەڕەکە بە شێوەیەک بوو، سوپای ڕۆم لێی ڕانەهاتبوون. بۆیە شەڕی کارهای لە ساڵی ٥٣ پ.س.ب زیانێکی گەورەی لە ڕۆمان دا. پوبلیۆس(Publius) کوڕی کراسۆس لەگەڵ سوارەکانی کوژرا. کراسۆس هەوڵیدا لەگەڵ پاشماوەی سوپاکەیدا، پاشەکشە بکا. بەڵام هەر ڕۆژی دواتر لە ٩ی مانگی شەش لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ دوژمنەکاندا سەربڕدرا. بەپێی سەرچاوەیەک، ئەوکەسە سەربازێکی ساسانی بووە، بە ناوی پۆماکساترێس (Pomaxathres) کە کراسۆسی کوشتووە و سەری بۆ پاشای پارتی ئۆرۆدێس ناردووە.[413]

---

[413] Crassus, 3. Marcus Licinius (1906) C i Nordisk familjebok, andra upplagan.
- Plutarch (1916). Parallel Lives, "Life of Crassus", 2.3. Loeb Classical Library. Vol. III.

لە سەرچاوەی تر دەڵێ، کراسۆس گیرا. پارتییەکان تۆڵەیان دەویست - و زەلیلکردنی کۆتایی کە بۆ پیاوێک گونجاو بوو کە هەموو شتێکی لە پێناوی زێڕدەکرد، وەک ئەوەی زێڕی بپەرستێ. ئەو دیمەنە، لە ناو فۆلکلۆری ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و باکووری دوورگەی عەرەبی بڵاوبوو، کە نووسەری قورئان بۆ ترساندنی دینداران وەک پەیامی خودا بەکاری هێناوە.

بە زۆر دەمیان کردەوە و زێڕی تواوەیان بە قوڕگیدا دەکرد. و لە ناوەوە و لە دەرەوە، بە زیندووی دەیانسووتاند. پەیامەکەش ڕوون بوو: ئەو لە ژیاندا، تەنیا ئارەزووی زێڕی دەکرد - ئێستا لە مردندا، بە زێڕ دەیخنکێنن. جەستەی شێواوی، بوو بە هێمای خۆزگەی ڕۆمانی بۆ دەستەڵات و زێڕ، کە لەلایەن دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتەوە کرایە هێمای تۆڵە – ئەوەش یەکێک بوو لە سەختترین لەسێدارەدانی، کە لە مێژووی کۆندا ڕووی دابێ.

# هیندۆسێ

# چیرۆکی ئەشکەوتی ثور

هەر لەو کاتەی چاومان هەڵهێناوە، بە چیرۆکی ئەفسانەیی و سەیرو سەمەرە مێشکمان پڕکراوە. یەک لەو چیرۆکانە چیرۆکی ئەشکەوتی ثورە. بەپێی گێڕانەوەی ڕاڤەکار و حەدیسەکانی ئیسلام، دەبێ پەیامبەری ئیسلام لەگەڵ ئەبوبەکری هاوڕێی، لە دەستی قورەیشەکانی مەککە خۆیان شاردبێتەوە. و لەو ئەشکەوتە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ماوبێتەوە. و هۆزی قورێیش بەدواوەیان بوین کە لەناویان بەرن. کەچی هاتوونەتە بەردەم ئەشکەوت و نەیان بینیون. لە سێ سورەتی قورئانیش بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێکراوە. کەچی بەپێی لێکدانەوەی بەڵگەکانی مێژوویی، ئەو چیرۆکە تەنیا کۆپیکردن و گێڕانەوەی چیرۆکێکی کۆنترە. و هیچیتر.

سورة التوبة ٩: ٤٠

إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدۡ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذۡ أَخۡرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِيَ ٱثۡنَيۡنِ إِذۡ هُمَا فِي ٱلۡغَارِ إِذۡ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحۡزَنۡ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَاۖ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيۡهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٖ لَّمۡ تَرَوۡهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلسُّفۡلَىٰۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِيَ ٱلۡعُلۡيَاۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٤٠)

ئەی ئەگەر ئێوە ئەو سەرنەخەن، ئەوە بێگومان خودا ئەوی سەرخستووە. ئەو کاتەی ئەوانەی بێباوەڕبوون دەریانکرد. دووەم بوو لە دوانەکە، کە هەردووکیان لە ئەشکەوتەکە بوون، کە بە هاوڕێکەی ووت: دڵتەنگ مەبە، خودا لەگەڵمانە. جا ئۆقرەی لە خوداوە بۆ هات. و چەند سەرباز

هاریکاریان کرد، کە ئەوان نەیان دەبینین. و قسەی بێباوەڕەکانی نزمکرد و قسەی خودای سەرخست، و خودا باڵادەست و لێزانە. (٤٠)

ألبغوي لە تەفسیرەکەیدا دەڵێ:

کاتی لە مەککە پلانی کوشتنیان بۆ دانا، تا تەمیێی بکەن، تەنانەت بشیکوژن، لەگەڵ ئەبو بەکر خۆیان لە ئەشکەوتێک لە چیای ثور شاردەوە. بە هاوڕێکەی گوت خەم مەخۆ، خودا لەگەڵمانە. ئەبو بەکر بە پەیامبەری گوت ئەگەر من بکوژرێم تەنیا کەسێکم، تۆ بکوژرێی ئومەتێک تووشی هیلاکەت دەبێ.[414]

ئەبو بەکر گوتی: سەیری پێی موشریکەکانم دەکرد، لەسەر سەرمان، و ئێمە لەناو ئەشکەوتین، گوتم: ئەی پەیامبەری خودا، ئەگەر یەک لەوانە، سەیری ژێر پێی خۆی بکا، دەمانبینێ. گوتی: ئەی ئەبو بەکر، ڕات چییە، ئەگەر دوو کەس بن خودا سێیەمیانە.[415]

العثیمین دەڵێ: ئەبو بەکر بە پەیامبەری گوت:

ئەگەر یەکێ سەیری پێکانی خۆی بکا، دەمان بینن. مانای وایە، لە ترسدان هەروەک هەواڵانی موسا، کاتی گەیشتنە سەر دەریا بە موسایان گوت: پێمان دەزانن، گوتی نەێر خودامان لەگەڵ دایە، دەربازدەبین. بەڵام کە باسی کۆتر و جالجالۆکە دەکرێ، ئەوە لە ڕاستی بە دوورە، و بە پێچەوانەی، ئەگەر یەکیان سەیری پێی خۆی بکا، دەمان بینێ.[416]

---

414 تفسیر البغوي المجلد الرابع ص ٤٩
415 هەمان سەرچاوە ص ٥٠
416 العثیمین، الشیخ محمد صالح ، مجموع الفتاوي. المجلد الرابع ص ٣٥١

العثيمين دوو شت ساخ دەکاتەوە، یەکەم، چیرۆکی جالجالۆکە، بەپێی قورئان بوونی نییە. دووەم. هەروەها چیرۆکی ئەشکەوتی ثور لە بنەڕەتدا، لە وەڵامی موسا وەرگیراوە کە لە دەریا دەپەڕنەوە. ئەوەش بە دوو بڕگە لە تەورات هاتووە. چۆن موسا بە نەتەوەکەی دەڵێ:

پەیمانی کۆن دەرچوون ١٤: ١٣ - ١٤

> (١٣) موساش وەڵامی گەلی دایەوە: مەترسن، خۆڕاگربن و بڕواننە ڕزگاریی خودا، کە ئەمڕۆ بۆ ئێوەی دەکات، چونکە وەک ئەوەی ئەمڕۆ میسرییەکانتان بینی، ئیتر هەتاهەتایە نایانبیننەوە. (١٤) خودا بۆتان دەجەنگێ و ئێوەش بێدەنگ دەبن.

العثيمين چاکی پێکاوە، چونکە پرسی کۆچکردنی محمد لە مەککەوە بۆ مەدینە. وەک ڕووداوێکی مێژوویی، لە هیچ شوێنێک ئاماژەی پێنەکراوە. تەنیا سەرچاوە قورئان و تەفسیرەکانی موسوڵمانانە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لاسایی کردنەوەیەکی بە ئاشکرا لەو پێشهاتەدا هەیە.

تا ئێرە باسی ئایەتەکانی قورئان و ڕاڤەکارانی موسوڵمان وەک العثيمين و البغوي و هتد، کەچی سەبارەت بە هەندێ فەرموودەی تر، کە ئاماژە بە تەونی جالجالۆکە و هێلانەی کۆتر، کە بڵاوترین چیرۆکە نەک تەنیا لەناو خەڵکی، بەڵکوو زۆربەی مەلا و ئیمامەکانی ئیسلامیش، وەک ڕووداوێکی بەڵگەنەویست، دووبارەی دەکەنەوە.

الشيخ محمد ناصر الدين الألباني دەڵێ:

> ئەوە بزانن کە هیچ فەرموودەیەکی صەحیح، دەربارەی جاڵجاڵۆکەی ئەشکەوت و دوو کۆترەکە نییە. سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرەی باس لەوە

دەکرێت کە لە هەندێک لەو پەرتووک و وتارانەی کە بە بۆنەی کۆچەکەیەوە دەدرێن.[417]

لە پەرتووکی السلسلة الضعيفة لە ژێر حدیسی:

١١٢٩ پێغەمبەر سەلامی خودای لێبێ، و ئەبوبەکر بەرەو ئەشکەوتەکە ڕۆیشتن و چوونە ناوی، ئینجا جاڵجاڵۆکەیەک هات. و لەسەر دەرگای ئەشکەوتەکە تەونی چنی، قورەیشیش بەدوای پەیامبەردا هاتن.

لە ئایەتی ٤٠ی سورەتی التوبة، بە ڕاشکاوی دەڵێ:

لتوبة ٩:٤٠

وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا (٤٠)

چەند سەرباز هاریکاریان کرد، کە ئەوان نەیان دەبینین (٤٠)

الشيخ محمد ناصر الدين الألباني دەڵێ:

و بزانن کە هیچ فەرموودەیەکی صەحیح لە بارەی جاڵجاڵۆکەی ئەشکەوت و دوو کۆترەکە بوونی نییە. سەرەڕای ئەو چیرۆکە زۆر و بە هەراوەی باس لەوە دەکەن، هەروەها لە هەندێک لەو پەرتووک و ووتارانەی کە بە بۆنەی کۆچەکەیەوە دەدرێن، تەنیا درۆ و زێدەڕۆییە.[418]

البغوي دەڵێ:

---

[417] الشيخ محمد ناصر الدين الألباني، السلسلة الضعيفة حديث رقم: ١١٨٩.

[418] الألباني، محمد ناصرالدين (١٩٨٨) السلسلة الضعيفة حديث و الموضوعة، و أثرها السيء في الأمة، المجلد الثالث، رقم: ١١٨٩، ص ١٣٧ - ١٣٩

ئەوانە فریشتە بوون. خودا ناردنی. تا ڕووخسار و بەرچاوی کافرەکان داپۆشن، و نەیان بینن. [419]

الأنفال ٨: ٣٠

وَإِذۡ يَمۡكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثۡبِتُوكَ أَوۡ يَقۡتُلُوكَ أَوۡ يُخۡرِجُوكَۚ وَيَمۡكُرُونَ وَيَمۡكُرُ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ(٣٠)

و ئەوانەی بێباوەڕبوون دژ بە تۆ فێڵیان دەکرد بۆ ئەوەی پابەندت کەن یان بتکوژن، یان دەرتکەن، وە فێڵیان کرد، وە خودا چاکترینی فێڵبازانە (٣٠)

## چیرۆکی ئەشکەوتی ئامارنات

لە ئەفسانەی دینی هیندۆسی، پەرتووکی پیرۆزی ڤیدا، چیرۆکێکی هاوشێوە، بۆ پاراستنی نهێنیەکانی گەردوون، هۆنراوەتەوە، کە بۆتە مایەی بە ملیۆن حاجی ساڵانەبچنە سەردانی ئەشکەوتی ئامارنات.

ئەشکەوتی ئامارنات (Amarnath Cave) دەکەوێتە هەرێمی کشمیر لە هیندوستان. و یەک لە پیرۆزترین شوێنەکانی دینی هیندۆزیە. لەناو ئەو ئەشکەوتە چلوورەیەکی سەهۆڵی گەورەی تێدایە. کە لە شێوەی پەیکەری خودای شیڤایە (Shiva). ئەو چلوورەیە لە نێوان مانگی پێنج تا مانگی هەشت لە گەورەبووندەیە. دواتر پەیتا پەیتا بچووکدەبێتەوە.

---

[419] تفسير البغوي (174/4)

بەپێی پەرتووکی پیرۆزی ڤیدا، خودای شیڤا و ژنەکەی خودای پارڤاتی (Parvati) دوور لەچاو و گوێی مرۆڤ و بوونەوەرانیتر، لەناو ئەشکەوتی ئامارنات، زۆر بە هێمنی و بە چرپە، سەرگەرمی باسی نهێنیەکانی نەمری و ژیانی هەتاهەتایی بوون. لە نزیکی ئەوان، بەبێ ئەوەی خوداکان هەستیان پێبکەن، دووهێلکەی هەبوون. دواتر هێلکەکان شەقبوون و دووکۆتری نێرو مێیان لێهاتەدەر.

بەرێکەوت دوو کۆترەکە، گوێیان لەنهێنی نەمری، و ژیانی هەتاهەتایی بووبوو. ڕاگرتن و بڵاونەبوونەوەی ئەو نهێنیانە، تەمێکی سپی لەشێوەی ستوونێکی بەفر، بەر دەمی ئەشکەوتەکەی گرت. بەفرەکە بووە سەهۆڵ. (بڕوانە وێنە) تا ئێستاش ئەو ئەشکەوتە لەلای حاجیە هندۆسەکان، شوێنێکی پیرۆزە و ساڵانە سەردانی دەکەن.[420]



[420] ڤیدا، پەرتووکی پیرۆزی دینی هیندۆس

# داود و جالجالۆکە

چیرۆکی داود و خۆشارنەوەی لە پەیمانی کۆن، لە هیچ شوێنێ، باسی جالجالۆکە و دوو کۆتر ناکا. بەڵکوو نووسەری قورئان دەبێ لەسەرچاوەیەکیتر ئەو چیرۆکەی بیستبێ. بەڵام با بزانین لە پەیمانی کۆن چی دەڵێ:

پەیمانی کۆن - یەکەم ساموئێل ٢٤: ١ – ٧

> (١) پاش ئەوەی شاول لە ڕاونانی فەلەستییەکان گەڕایەوە پێی ڕاگەیەنرا و گوترا: داود لە چۆڵەوانی کانی گەدییە. (٢) ئینجا شاول لە هەموو ئیسرائیلدا سێ هەزار پیاوی هەڵبژاردەی برد، و چوو بۆ گەڕان بەدوای داود و پیاوەکانی، لەسەر هەڵدێرەکانی بزنە کێوییەکان. (٣) شاول هاتە لای پەرژینە مەڕەکانی سەر ڕێگاکە، لەوێدا ئەشکەوتێکی لێبوو، چووە ژوورەوە هەتا دەست بەئاوبگەیەنێ. داود و پیاوەکانیشی لە قووڵایی ئەشکەوتەکەدا دانیشتبوون. (٤) پیاوەکانی داود پێیان گوت: ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە خودا پێی فەرمووی: من دوژمنەکانت دەدەمە دەستت، تۆش ئەوەی پێت باشە پێیانی دەکەی. داودیش هەستا و بەدزییەوە لایەکی کەواکەی شاولی بڕی. (٥) پاش ئەوە، دڵی داود ئازاری دا، لەبەر ئەوەی لایەکی کەواکەی شاولی بڕی .(٦) جا بە پیاوەکانی گوت: لەلایەن خوداوە بە دوور بێت کە کاری وا بە گەورەکەم بکەم، دەستنیشانکراوی

خودا، ئەگەر دەستی بۆ درێژ بکەم، چونکە ئەو دەستنیشانکراوی خودایە. (٧) داود لەسەر ئەو قسانە پیاوەکانی سەرزەنشت کرد و ڕێگای پێنەدان بۆ هێرشکردنە سەر شاول، شاولیش لە ئەشکەوتەکە هەستا و ڕێگای خۆی گرتەبەر.

کەچی ئەو چیرۆکە لە تالمود بە شێوەیەکیترە:
هەرچەندە، لە پەیمانی کۆن - یەکەم ساموئێل، تەنیا دەڵێ لای پەرژینی مەڕەکان ئەشکەوتێکی لێبوو. بەڵام باسی ناوی ئەشکەوتەکە ناکا. کەچی لە تالمود، بە ناوی ئەشکەوتی عیدولام باسدەکا. و باسی جاڵجاڵۆکەش دەکا.

چیرۆکی داود لە تالمود
لە تالمود باسی هەمان چیرۆکی داود دەکا، کە لەدەستی شاول ڕادەکا. لەو ڕووداوەدا، داود بەرەو ئەشکەوتی عیدولام دەچوو. بۆ ئەوەی خۆی بشارێتەوە. هەر دوای چوونە ژووری ئەشکەوت جاڵجاڵۆکەیەک هات و بە تەونی دەرگای ئەشکەوتی داپۆشی. ئەوانەی بەدوای دادەگەڕان و بە خوێنی تێنووبوون، بە لای ئەشکەتەکە دا تێپەڕین، کەچی هەستیان بە بوونی کەس نەکرد، و نە چوونە ناو ئەشکەوت. بینیان تەونی جاڵجاڵۆکە وەک خۆیەتی، و نەشێواوە.[421]

ئەو چیرۆکەی داود لە تالمود، نەک بۆتە سەرچاوەی داڕشتنی چیرۆکی ئەشکەوتی ثور و ڕزگاربوونی محمد. بەڵکوو کۆپییەکی چیرۆکی تالمودە، تەنیا کۆترەکانی تێدانین. بۆیە ئەو چیرۆکە هەرگیز ڕووی نەداوە. بەڵکوو چیرۆکێکی خەیالییە. و لە ڕێگای جولەکە

[421] أبيش، احمد (٢٠٠٥) التالمود، كتاب اليهود المقدس، ص ٣٤٣

موسوڵمانبووەکان بە تایبەتی کعب الاحبار، هاتۆتە ناو چیرۆکەکانی ئیسلام، بە فۆڕم و ناوەرۆکی، کەمێ جیاواز دووبارە بۆتەوە.

## ئیبراهیم و براهما دوو ڕووی یەک دراون

نەبی ئیبراهیم لەناو دینە ئیبراهیمیەکان، ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە. گشت دینەکانی یەهودی، کریستیان و ئیسلام و سابئی.. هتد. بە باوکی باوەڕی خۆیانی دەزانن. لە تەورات پەرتووکی ئەفراندن، باسێکی وورد و بە درێژی لەسەر ژیانی کراوە. هەر لە ئوری کلدانی تادەگاتە خاکی پەیمان. یەهودیەکان بە باوکی نەتەوەیی خۆیانی دەزانن. لە قورئانی ئیسلامیش وەک باوکی ڕەچەڵەکی پەیامبەر دادەنرێ.

بەڵام ئایا نەبی ئیبراهیم، و ەک چۆن  لە تەورات باسی دەکا، و لە قورئانیش بەهەمان شێوە دووبارەی دەکاتەوە، هەمان ئەو ئیبڕاهیمەیە؟ یان کەسایەتییەکی خەیاڵیە و پێویستی، بە بەدواداچوونێکی کورت هەیە؟

لێرەدا هەوڵ دەدرێ بەکورتی باسی کرۆکی کەسایەتی ئیبراهیم بکرێ و لەگەڵ سەرچاوەی ڤێدایی بەراوردی پێبکرێ.

ئیبراهیم کەسایەتییەکە پەیوەندییەکی پتەوی بە پەرتووکەکانی ڤێدای هیندۆسییەوە هەیە. ڕەنگە هەندێک کەس یان لایەن، ئەو بۆچوونە ڕەتبکەنەوە. بەڵام ئەوە ڕاستیەکە لێرەدا هەول دەدرێ خاڵ بە خاڵ بە کورتی بخرێتە ڕوو.

ئیبراهیم کە لە نووسیەنەکانی سانسکریتی بە (براهما) ناسراوە. و پرۆسەی دروستبوون و پەرەسەندنی دینەکەشی لە وولاتی سند بووە، لە هیندستانی ئێستادا. هەمان کەسایەتی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە سەرەتادا بە ئەبرام ناسرا، و دواتر یەهوا پێی گوت ناوت گۆڕا بۆ ئەبرەهام (ئیبراهیم).[422]

بەلام بەلگەکانی پیوەندی نێوان ئەو دوو کەسایەتییە (براهما و ئیبراهیم) بە چەند خالێک ڕوون دەکرێنەوە:

١ لە ڕووی زمانەوانییەوە ناوەکان دوو کەسایەتی لە وولاتی سند و میسۆپۆتامیا بووە. کە دوو شوێنی هەرە پیرۆزی دوو ڕێبازی سەرهەلدانی دوو دین بووین. لەگەل ئەوەشدا بە پێی پەرتووکی ڤێدا و پەیمانی کۆن ئاکارەکانی کەسایەتیان و گونجانی ناسنامەشیان زۆر لەیەک نزیکە.

٢ ناوی براهما لە سنسکریتی بەبێ پیتی بزوێن دەتوانرێ بدرکێنرێ، کەچی لە زمانە سامییەکان ناچار بووین پیتی بزوێن لە پێش و ناوەڕاسی دابنێن ئەبرام دواتر ئەبرەهام (ئیبراهیم).

٢ لەبواری خێزانەوەش دوو وێنەی کۆپیکراوی یەکترین. ناوی ژنی ئیبراهیم (سارا)یە. قەرواشێکی بەناوی (هاجەر) هەبووە. براهما ژنەکەی ناوی ساراسڤاتی (Sarasvati) بووە واتە سارای پیرۆز.

---

[422] العجمي، د. فالح شبيب (٢٠٠٦) صحف إبراهيم. جذور البراهمية من خلال نصوص الفيدا و مقارنتها بالتطبيقات و الرويات التاريخية. الدار العربية للموسوعات. ص ١

٢ لە هەرردوو پەرتووکی ڤێدا و تەورات باسی ساراسڤاتی و سارا بەهەمان شێوە دەکەن، کە ژنێک لە جوانیدا وێنەی نەبووە.
٣ هەردووکیان کەسایەتیان (پەڕیوەتەوە - عبر) ئیبراهیم بەپێی تەورات لە ئوری کلدانی دەبێ لە ڕووباری فوڕات پەڕێیتەوە. براهما لە ڕووباری ئیندۆز پەڕیوەتەوە. ئەوەش بۆ هەردوولا پەڕینەوەیە لە نێوان ناپاکی بۆ پاکی. تەنانەت تا ئێستاش خەڵکی جولەکە بە عیبریین یان عیبرانی دەناسرێن. کە گەڵی پەڕیوەن و پاکبوونەتەوە. بۆیە خاکی پەیمانیان پێدراوە.
٤ سەبارەت بە ئیبراهیم دوای پەڕینەوە، بوونە (گەلی هەڵبژاردەی خودا). و لە وڵاتی سند(کۆمەڵگەی براهما) دروستبوو.
٥ لە بواری ئابووری، ساراسڤاتی بە سامانی زۆری بۆتە سەرچاوەی دارایی و ژیانی براهما. ئیبراهیمیش بەپێی دەقەکانی پەیمانی کۆن ئەو ماڵ و سامانەی کە فیرعەون دوای ئەوەی زانی سارا خوشکی ئیبراهیمە و ژنی نییە، سامانێکی زۆری پێی بەخشی. ئەوەش بووە سەرچاوە، بۆ بەردەوامی ژیانی ئیبراهیم.[423]
٦ ئاکارەکانی کەسایەتی ئیبراهیم و براهما، وەک کۆپی یەکتری وان. زۆر لەیەک دەچن. ئەو ڕەفتارانەی ئیبراهیم وەک باوکی دینی لە قورئانیش دووبارە بوونەتەوە.
٧ لە هەردوو پەرتووکی ڤیدا، و پەیمانی کۆن بەڵاگێڕکردن پیرۆزییەکی مەزنە. لە ئیبراهیم لە دواساتی کوشتنەوەی کوڕەکەی خودا مەڕێک دەنێرێ.
٨ پەیوەندی ئیبراهیم بە ئاگرەوە، هێمایە بۆ پەرستن. هەروەها سوتاندنی نزیکان، لە ڤێدا بە ڕوونی هەیە. لە پەیمانی کۆنیش بە هەمان شێوە. سەرەڕای ئەوەی لە کولتووری گەلێری جولەکە و لە قورئانیش، وەک ڤێدا ئاماژە بەوە دەکا کە ئیبراهیم فڕێدراوەتە ناوئاگر و هیچی لێ نەهاتووە. بەڵام ئەوە ناتوانێ جێی باوەڕ بێ، لەبەر ئەوەی دژی یاسای فیازیایە.

[423] العجمي، د. فالح شبيب (٢٠٠٦) صحف إبراهيم. جذور البراهمية من خلال نصوص الفيدا و مقارنتها بالتطبيقات و الرويات التاريخية. الدار العربية للموسوعات. ص ٥

٩ له ڤێدا باسی دروستکردنی باڵندەیەک بە دوو باڵی جوانەوە دەکا. یا دوو باڵندە کە یەکیان ئەویتریان دخوا.[424]

بەهەمان شێوە لە قورئاندا سەبارەت بە ئەفراندنی باڵندە

یا کاتی ئیبراهیم پرسیار لە خودا دەکا

سورة البقرة ٢: ٢٦٠

وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِي كَيۡفَ تُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ قَالَ أَوَلَمۡ تُؤۡمِنۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطۡمَئِنَّ قَلۡبِيۖ قَالَ فَخُذۡ أَرۡبَعَةٗ مِّنَ ٱلطَّيۡرِ فَصُرۡهُنَّ إِلَيۡكَ ثُمَّ ٱجۡعَلۡ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٖ مِّنۡهُنَّ جُزۡءٗا ثُمَّ ٱدۡعُهُنَّ يَأۡتِينَكَ سَعۡيٗاۚ وَٱعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ (٢٦٠)

و کە ئیبرااهیم گوتی خوداکەم پێم نیشان بدە، چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە. گوتی: ئەوە باوەڕت نەهێناوە؟ گوتی بەڵێ، بۆ ئەوەی دڵم دڵنیابێ. گوتی: چوار باڵندە بگرە، و ئاڕاستەیان لەخۆت بکە. ئینجا لەسەر هەر چیایەک پارچەیەکیان دابنێ. ئەوسا بانگیان کە. بۆلات دێن. و بزانە خودا دەستەڵاتدارە و دانایە (٢٦٠)

١٠ هەردوو براهما و ئیبراهیم بە پێی کولتووری دوو ناوچە، دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە سەردەمی نێوان سەدەی هەژدەم و سەدەی حەڤدەمی پ.س.ب. بەو پێیەش دەرکەوتنیان لە یەک سەردەم دابووە. لە دوو ناوچەی، کە پەیوەندی هزری و ئاڵوگۆڕی شارستانی و پەرەسەندنیان هاوکات بووین.

---

424 A.C. Bose. The call of the Vedas. Bhevan´s Book. University. Vol. 25, Ed.s Ramakrishnan 4” Edition, Bumbai, (India) Bharatia. Vidya Bhavan. 1999. Pp. 93 - 94

لەهەمان کاتدا هەڵکەوتەی جوگرافی ئەو دوو ناوچەیەش سند و میسۆپۆتامیا لەیەکتر نزیک بووین. بەتایبەتی لە ناوچەکانی بانی ئێران، کۆچ و ڕەوی گەلانی ئاری، کاریگەریان لەسەر ئاڵوگۆڕی و پەرەسەندنی ناوچەکە، هەر لە هیندستان تا دەگاتە وولاتی سند لە ڕۆژهەڵات، و لە ڕۆژئاواش پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ میسۆپۆتامیا و شام هەبووە.[425]

کەسایەتی ئیبراهیم لە هەر سێ دینەکانی یەهودی، کریستیان و ئیسلام وەک گیانی دین و بە باوکی گەورەی خۆیانی دەزانن. هەریەک لەو سێ دینە خۆیان بە میراتگری ڕێبازی ئەو و نەبیەکانی دەزانن. و بە هەڵبژاردنی لەلایەن خوداوە، بۆتە سرووشی گیانی گەلەکەی. لە وولاتی سندیش براهما بە هەمان شێوە، بە باوە گەورەی جیهان دادەنرێ.[426]

تاکە جیاوازی لە نێوان براهما و ئیبراهیم ئەوەیە کە براهما لە وولاتی سند بەپێی دەقی سروودەکانی ڤێدا هێزی ئەفرێنەری گەردوونە، یا ڕاستیەکی ڕەهایە. بە پێچەوانەوە ئیبراهیم لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەفرێنەر نییە، بەڵکوو بەندەیەکی ئاسایی خودایە و لە ڕەچەڵەکی ئادەمە و یەهوا هەڵیبژاردووە. پەیمانی لەگەڵ بەستووە. لە پەیمانەکەدە خاکی پەیمانی داوەتێ و گەلەکەشی بە (گەلی هەڵبژاردەی خودا) داناوە.

باشە ئەگەر ئەو دوو کەسایەتییە (براهما و ئیبراهیم) هەمان کەس نەبن، بۆ لە قورئان ئاماژە بە پەرتووکی ئیبراهیم (صحف إبراهيم) دەکا؟ لە کاتێکدا ئیبراهیم هیچ پەرتووکی نییە. بەو جۆرەش ئایەتەکە مانایەکی نابێ. تەنیا دەبێتە بەڵگە بۆ ئەوەی قورئان باسی پەرتووکی

---

[425] ناصف، عصام الدين حفنة ، اليهود بين الاستور و الحقيقه ص ٦٠

[426] العجمي، د. فالح شبيب (٢٠٠٦) صحف إبراهيم. جذور البراهمية من خلال نصوص الفيدا و مقارنتها بالتطبيقات و الرويات التاريخية. الدار العربية للموسوعات. ص ٥

براهما (ڤێدا) دەکا. لەبەر ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرتووکێک نییە بەناوی (صحف إبراهيم). تەورات، ئینجیل و قورئان پەرتووکی نەبیەکانیترن. چەندین وورده پەرتووکی نەبیەکانی تریش هەن کە لە دوای موسا تا دەگاتە یەسو نووسراون. کەچی ئیبراهیم، هیچ پەرتووکی نییە. کەچی لە قورئان بە ئاشکرا دەڵێ پەرتووکی ئیبراهیم (صحف إبراهيم).

سورة الأعلى ٨٧: ١٦ – ١٩

بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا (١٦) وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ وَأَبۡقَىٰٓ (١٧) إِنَّ هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ (١٨) صُحُفِ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ (١٩)

ئێوە بەڵکوو لەژێر کاریگەری ژیانی دونیان (١٦) و کۆتایی باشترە و دەمێنێتەوە (١٧) ئەو لە پەرتووکەکانی پێشوو (یەکەم) دا هەیە (١٨) پەرتووکەکانی ئیبراهیم و موسا (١٩)

هەروەها لە سورەتی تەهاش باسی ئەو پەرتووکە پێشیەیە دەکاتەوە.

سورة طه ٢٠: ١٣٣

وَقَالُواْ لَوۡلَا يَأۡتِينَا بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّهِۦٓۚ أَوَلَمۡ تَأۡتِهِم بَيِّنَةُ مَا فِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ (١٣٣)

گوتیان ئەگەر نیشانەیەک (بەڵگەیەک) مان لەلایەن خوداکەی بۆ نەهێنێ، ئەی بەڵگەی نەهێنا، لە پەرتووکەکانی پێشینان (یەکەم)دا (١٣٣)

لەلایەکیتر وەک مێژوو دەگێڕێتەوە، لە سەدەی یەکەمی کۆچی، (صحيفة)، هەر لە سەردەمی ئەبوبەکر گەیاندنی لەجیاتی پەرتووک، کەلەپوور بە نووسین زاراوەی (مصحف) دانرا. بەو مانایەش مصحف دەبێ پەرتووکی نووسراوبێ، نەک گێڕانەوەی دەماودەم وەک قرطبي بۆ ئەوەش چەندین نموونە هەن وەک (صحيفة عبدالله بن عمرو بن العاص) کە

فەرموودەکانی نەبی محمدی بە نووسین لە توێی سیاپارەیەک کۆدەکردنەوە. هەروەها ئەوانەی قورئانیشیان دەنووسیەوە، هەروەک خاوەن صحیفەکانیتر لە بەرامبەر ئەنجومەنی (الملأ) شانازی بەو پەرتووکەی دەکرد. بە هۆی ئەوەش ناوێکی تایبەتیان لێنابوو (الصادقة) کە بنەماڵەکەی تا چەند نەوە هەر بەو ناوە ناسرابوون.[427] لە دواییشدا پەرتووکەکەی، بووە یەک لەو پەرتووکانەی بۆ ڕێکخستنی فەرموودەکانی نەبی، وەک سەرچاوە بەکاردەهات. بێجگە لەوە زۆر کەسی تر لە هاوەڵانی نەبی (صحف) یان هەبوو. لەوانە علی کوڕی ئەبی تالب و ......

بە پێچەوانەوە پەرتووکەکانی ڤێدا نەک تەنیا کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی دینیە لە هیندستان، بەڵکوو کۆنترین پەرتووکی زیندووە، کە تا ئێستا بەکاردێ. ئەو کاتەی ئارییەکان لە ئەوروپاوە بۆ هیندستان کۆچیانکرد. خوێندەواریان هەبوو. کەچی هیچیان دەربارەی ڤێدا نەدەزانی. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەو پەرتووکە لە مێشکی هەر تاکێکیان شوێنی خۆی گرتبوو. و وەک دەقی پیرۆز لە بۆنەکان دەگوترانەوە.

بەتایبەتی ڕیگ – ڤێدا (Rig - Veda) کە کۆنترین پەرتووکی ڤێدایە. ووشەی ڕیگ لە سانسکریتی بە ئاگر دێ. ئاگریش پەیوەندی نێوان براهما و ئیبراهیمە. بەپێی کەلەپووری یەهوودی و بەتایبەتی تالموود، دەبێ ئیبراهیم خرابێتە ناو ئاگر و هیچ کاری تێ نەکردبێ. لە ئەفسانەی هیندۆسیش ئاگر هێمایە بۆ ژیان.

[427] Geoffrey, Parrinder (1971) World Telegions from Ancient History to the present.

دووەم پەرتووکی ڤێدا ساما ڤێدا (Sama - Veda) ساما بە سانسکریتی ڕۆژ، واتە ڤێدای ڕۆژ. بەڵام ناونیشان و ناوەرۆکی بۆتە (زانستی گۆرانی) و تەواوکەری پەرتووکی ڕیگ ڤێدایە. کە گۆرانی و ڕیتوالەکانی هیندۆسی لەناو پەرستگاکان دەخوێندرێنەوە.

یاژار – ڤێدا (Yajar - Veda) یاژار لە سانسکریتی بەمانای (هەوا) دێ. بەڵام ئەو پەرتووکە باسی یاسا و زانستی بەڵاگێرکردن دەکا.

ئاتارڤا – ڤێدا (Atharva - veda) نوێترین پەرتووکی ڤێدایە، باسی زانستی ئاگر و جادوو دەکا. لێتۆژەرەوان گومانیان لەوە هەیە کە ئاتار ڤێدا یەکێک بێ لە پەرتووکەکانی ڤێدا. ئاتار لە زمانی کۆنی ئێرانی بە ئاگر دێ . و وای بۆ دەچن کە یەک لە ڕیتوالەکانی زەردەشتی بێ، هاتبێتە ناو کولتووری دینی براهمایی. [428]

لە لایەکیتر لە پەرتووکی ئەفراندن، ئاماژە بەوە دەکا کە نیشتمانی ڕەسەنی ئیبراهیم ئور بووە. پرسیار لەوە دایە کە ئور دەکەوێتە باشووری میسۆپۆتامیا (عێراقی ئێستا نزیک شاری ناسرية) یان مەبەست شارێکیترە لە باکووری دوور، بەڵگەکانی تەورات، ئاماژە بەوە دەکەن کە شاری ناحور کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای میسۆپۆتامیا ، نەک باشوور.

پەیمانی کۆن - ئەفراندن ٢٤: ١ – ٤

(١) ئیبراهیم پیر بوو و چووە ساڵەوە. خوداش ئیبراهیمی لە هەموو شتێکدا بەرەکەتدار کرد .(٢) ئینجا ئیبراهیم بە خزمەتکاری گەورەی ماڵەکەی

[428] Geoffrey, The Oral and the Written in Early Islam (Routledge Studies in Middle Eastern Literatures) G. Schoeler, 1st Edition pp. 162

گوت کە هەرچییەکیشی هەبوو بە دەست ئەو بوو: دەست بخەرە ژێر ڕانم (٣) بە خودا سوێندت دەدەم، خودای ئاسمان و خودای زەوی، کە هیچ ژنێک لە کچانی کەنعانییەکان بۆ کوڕەکەم ناخوازیت، کە خۆم نیشتەجێی نێوانیانم .(٤) بەڵکو دەچیتە خاکەکەم بۆ لای کەسوکارەکەم و لەوێ ژنێک بۆ کوڕەکەم، بۆ ئیسحاق دەێنی.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئەفراندن ٢٤: ١٠ - ١١

(١٠) ئیتر خزمەتکارەکە دە وشتری لە وشترەکانی گەورەکەی برد و ڕۆیشت، هەموو شتە باشەکانی گەورەکەشی بە دەستیەوە بوو، هەستا و چوو بۆ میسۆپۆتامیا بۆ شارۆچکەی ناحۆر .(١١) لە دەرەوەی شارۆچکەکە، لەلای بیرێک وشترەکانی خست. دەمەو ئێوارە ئەو کاتەی کچەکان دەهاتنە دەرەوە بۆ ئاوکێشان.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو دوو دەقانەی تەورات، توێژەران لەو باوەڕەدان، کە ئیبراهیم دەبێ خەڵکی باکووری ڕۆژئاوای میسۆپۆتامیابێ، نەک باشوور.

لە نامەیەکدا کە لە ئۆگاریت دۆزرایەوە، باسی پاشا حیثی حوتسلی (١٢٧٥ – ١٢٥٠ پ.س.ب) دەکا. کە بۆ پاشا نوقمێپا (Nuqmepa) پاشای ئۆگاریت سەبارەت بە دۆخی بازرگانی دنیشتوانی ئورا (Ura) نووسیویەتی. ئەو ووشەیەش بە ئاسانی لە عیبری دەبێتە ئور. کەچی بوونی کلدانیەکان لە باکووری ڕۆژئاوای میسۆپۆتامیا پرسێکیترە!!

زەینەفۆن مێژوونووسی یۆنانی لە دەوروبەری ساڵی ٤٠٠ پ.س.ب دەڵێ کلدانیەکان، لەڕێگای بەرەو ئەرمێنیا و دەوروبەری نیشتەجێ بوون. کلدانیەکانیش لقێکن لە ئارامیەکان.

ئەوەش دیارە کە نیشتمانی ئارامیەکان ناوچەی قەراخی فوڕات بووە. لە نێوان عێراق و سوریا.[429]

ڕای تریش سەبارەت بەوە هەیە، کە لە ناو هەندێ ڕێبازی دینی وا بڵاوە کە ئیبڕاهیم لە شاری ئورفا دانیشتووە، کە دەکەوێتە باکووری ڕووباری بینخ لە باکووری حاران لە ناو خاکی تورکیای ئێستا. لە هەمان چیرۆکدا گوایە ئیبراهیم لە ئەشکەوتێک لەدایک بووە، کە دەکوێتە بەرزایی چیا لە ڕۆژهاڵاتی باشووری شاری ئورفا. کە لەوێ گۆمێکی ئاوی لێیە خەڵکەکە بە ناوی گۆمی ئیبراهیم ناوی دەبەن.

ئەوەی جێگای سەرنجە بە زمانی سریانی، شاری ئورفا بە ئورهای (Urhai) ناودەبرێ. کە عەرەب بە (الرها) دەیناسن. دوایی لە سەدەی پێنجەمی س.ب ناوی گوڕا بۆ (ئورفا). ئەوەش ڕێی تێدەچی شاری (ئور)ی تەورات شێوەیەکی کورتکراوەی ( Urhai یا Ura) بێ.

ڕێگەی دووەم ئەو زانیاریە لە ڕێگای باوەڕ، بازرگانی و سیاسەت و شەڕی سەربازی هاتبێتە ناو تەورات. بەڵام گرنگترینیان لە کاتی یەهودیەکان خۆیان، کاتی لە بابل دیل بوون.[430]

پەیوەندی نێوان میسۆپۆتامیا و شام بە درێژایی مێژوو بەردەوام بوو. لە وڵاتی شام سەرچاوەی درەخت و ڕۆن بووە. هەروەها زۆر کەرەستەی تری بازرگانی خوراک و بازرگانیتر. هەروەها هێڵی بەیەکگەیشتنی بەرەکانی سوپای نێوان دوو زلهێزی ئەو کاتەی ئاشوور و میسۆپۆتامیا بووە بۆ سەرتاپای وڵاتی شام.[431]

---

[429] Finegan. J (1959) Light from the Ancient past. Pp. 70

[430] علی، د. فاضل عبداواحد (١٩٩٦) من سومر الی التورات. الطبعة الثانیة.. ص١٩٠-١٩١

[431] نفس المصدر. ص١٩١

دیل بوونی یەهودی لە بابل کە دوو جار ، لە ماوەی دەستەڵاتی نەبو خد نەسر (٦٠٥ – ٥٦٢ پ.س.ب) کاریگەری لەسەر ئاشنایەتی یەهودی سەبارەت بە شارستانیەتی میسۆپۆتامیا هەبووە.

لە ساڵی ٥٩٧ پ.س.ب ئۆرشەلیم کەوتە ژێردەستی بابلی، و کۆتایی بە دەستەڵاتی یەهواکیم هات، کە نازانرێ بەدڵنیایی بەدیلی گواستراوەتەوە بابل، کوژرا یا بە مردنی سرووشتی مرد. بەڵام لە پەیمانی کۆن دووەم پوختەی مێژوو ئاماژەیەکی ناڕوون بەو دیلیەکراوە.

پەیمانی کۆن پەرتووکی دووەم پوختەی مێژوو ٦: ٣٦ - ٣٩

(٣٦) کەس نییە گوناە نەکا، کاتێک گوناهت بەرامبەر دەکەن تۆش لێیان تووڕە بوویت و ئەوانت خستە بەردەم دوژمن، بە دیلیان گرتن و بۆ خاکی دوژمن ڕاپێچیان کردن، دوور بێت یان نزیک، (٣٧) لەدوای ئەمە ئەگەر لەو خاکەی بۆی ڕاپێچ دەکرێن هاتنەوە هۆش خۆیان، لەو خاکەوەی کە بۆی ڕاپێچ کراون تۆبەیان کرد و لێت پاڕانەوە، گوتیان: گوناە و تاوان و خراپەمان کرد؛ (٣٨) ئیتر بە هەموو دڵ و گیانیانەوە گەڕانەوە لات، لە خاکی دیلیێتییان کە بۆی ڕاپێچ کراون، هەروەها نوێژیان کرد ڕووەو ئەو خاکەی داوتە بە باوباپیرانیان و ئەو شارەی هەڵتبژاردووە و ئەو پەرستگایەی بۆ ناوی تۆ بنیادم ناوە؛ (٣٩) ئەوا تۆ لە ئاسمانەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونتەوە گوێ لە نوێژ و داواکارییان بگرە و دادوەرییان بۆ بکە. هەروەها لە گەلەکەت خۆشبە، لەو گوناهانەی بەرامبەرت کردوویانە.

دواتر لە پەرتووکی یەرمیا، لەبەر هەر هۆیەک بێ، خودا لە یەهواکیم تووڕەیە، و دەیەوێ وەک کەرێکی تۆپیو فڕێ بدرێ. کەچی هیچ ڕوونکردنەوەی تر نادا.

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەرمیا ٢٢: ١٨- ١٩

(١٨) لەبەر ئەوە خودا لەبارەی یەهواکیمی کوڕی یۆشیای پاشای یەهودا,
ئەوە دەفەرموێت:
بۆی نالاوێننەوە،
براڕۆ! خوشکەڕۆ!
بۆی نالاوێننەوە،
گەورەڕۆ! شکۆی ڕۆ!
(١٩) بەڵکو وەک کەر دەنێژرێت،
ڕادەکێشرێ و فرێدەدرێ
دوور لە دەروازەکانی ئۆرشەلیم.

دوای ئەوە یۆهاکینی کوڕی بووە جێنیشینی. کە ئەو دەمە تەمەنی تەنیا ٨ ساڵ بوو. دوای سێ مانگ لە دانانی بە پاشای وولاتی یەهودا، جارێکیتر هێزەکانی پاشای بابل گەمارۆی ئۆڕشەلیمیان دایەوە. یەهواکین و داروەدەستەکەی و حەوت هەزار لە سەربازەکانی و نزیکە ١٠٠ کەس لە پیشەکارانی بە خاو و خێزانەوە بردرانە بابل. نەبی حەزقیال یەک لە دیلەکان بوو. ئەوانەش بە یەکەم دیلەکانی بابل ناوبران.[432]

دوای ئەوە پاشای بابل صدقیای بە فەرمانڕەوای یەهودیان دانا. ئەویش چەندین ساڵ، گوڕایەڵی پاشای بابل مایەوە. بەڵام لە کۆتایی فەرمانی ڕاپەڕینی دژی دەستەڵاتی کلدانی دا. پاشای بابل هێرشی کردە سەر ئۆرشەلیم و گەمارۆی دا. گشت هەوڵێکی فیرعەونی میسر بۆ یارمەتی یەهودیان شکەستی هێنا. دوای یەک ساڵ و نیو، لە ٥٦٨ پ.س.ب شار کەوتە

[432]نفس المصدر. ص١٩١

دەستی کلدانیەکان. ئەوانیش شاریان کاولکرد و پەرستگا و دیوارەکانیان ڕوخاندن. نزیکەی پەنجا هەزار کەسی یەهودیان بە دیلی برد بابل. ئەوانە بەناوی دیلەکانی بابلی دووەم ناسران.[433]

ئەو دیلە جولەکانە لە نووسینەکانی مێخی بە (یەهودی) ناویان هاتووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە کە دانیشتوانی وولاتی یەهودا بووین.

بەشی هەرە گەورەی دینی یەهودی کە ئێستا ئێمە پێی ئاشناین، هەروەها بەشی هەرە زۆری تەورات لە ماوەی دیلی یەهودیان لە بابل نووسراوەتەوە.

توێژەران لەسەر ئەوە هاوڕان کە ئەو دینی جولەکەی ئێستا هەیە، لەکاتی دیلی لە دایک بووە. دەقەکانی سەرەتای دەستپێکی تەورات شێوەی لەوکاتە وەرگرتووە، کە بە درێژایی نیو سەدەلەسەری بەردەوام بووین. و لە ساڵی ٥٣٨ پ.س.ب کۆتایی هاتووە.

شتێکی بەڵگە نیویستە کاهینەکانی جولوکە ڕۆڵێکی بنەڕەتیان، لە تۆمارکردنی ئەو دەقانە هەبووە. لەبەر ئەوەی ئەوکاهینانە، هەم زانیاریەکی فراوانیان لەسەر دەقەکانی سۆمەری و بابلی هەبووە. هەمیش توانای خوێندنەوەی نووسینی مێخیان هەبووە. دیلبوونیان لە بابل دەرفەتێکی زێڕین بووە، کە بتوانن ڕاستەوخۆ ئەو بەڵگەنامە و دەقە مێخیانە، کە بە سۆمەری و بابلی نووسراون، بە تایبەتی سەبارەت بە گەردوون و مرۆڤ و ژیان و مردن، هەروەها تاوان و سزا و زۆر ڕیتوالی دینی و پەرستن و چمکەکانی بنەمای کۆمەڵایەتی، کە لە کۆمەڵگەی بابل باوبووین وەربگرن. وکاریگەریان لەسەر تۆمارکردنی تەورات وەک میراتی سۆمەری باو لە وولاتی بابل ڕاستەوخۆ تۆمار کەن.

لە کۆتاییدا، بنەڕەتی ناوی ئیبراهیم و پەیدابوونی ڕەوتی دینی، لە ناو عیبرانیەکان. ڕەنگدانەوەی دینی هیندۆزی بووە، کە لەو سەردەمە لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا باڵاو

433 نفس المصدر

بووبووە، و خەڵکی ناوچەکە ئاشنایەتیان پێی هەبوو. بۆ جولەکانیش گرنگ بوو، باوکێکی پیرۆزی دینیان هەبێ. کە بتوانن مێژووی دینی خۆیانی لەسەر بنیات بنێن.

قورئانیش وەک پەرتووکێکی کۆپی تەورات، ئیبراهیم بە باوکی دینی و ڕێبازی ڕاستی خوداناسی دادەنێ. بەڵام ڕاستی ئەوەیە، ئیبراهیم کۆپییەکی براهمای هیندۆزیە، و لە ڕێگای جولەکە لە دیلی بابل، خزاوەتە ناو هەرسێ دینی جولەکە، کریستیان و ئیسلام.

# دینی زەردەشتی

دینی زەردەشتی کۆنترین، دینی یەکتاپەرستی جیهانە، و گەورەترین کاریگەری لەسەر ڕەوتی مرۆڤایەتی، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەبووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، دینی دەوڵەتی سێ ئیمپراتۆری ئێران بووە، کە نزیکەی بەردەوام لە سەدەی شەشەمی پ.س.ب گەشەی کردووە. تا سەدەی حەوتەمی س.ب. و بەسەر زۆربەی خاکی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا بڵاوبۆتەوە. لە دەسەڵات و سامانی ئێران شکۆیەکی بێئەندازەی خرابووە خزمەت. و هەندێک لە نەریتەکانی باوەڕی، لەلایەن جوولەکە، کریستیانی و ئیسلامەوە وەرگیراون، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتیش کاریگەری لەسەر گەشەسەندنی دینی بودای باکوور هەبوو.

لەو ڕۆژگارەدا هێزە دەرەکییەکان، پاشەکشەیان بە دینی زەردەشتی کردووە، کردوویانەتە کەمینەی پەرش و بڵاوی بچووک کە زیاتر لە ئێران و هیندستان دەژین. بەڵام ئەو بیروباوەڕانەی کە یەکەمجار لەلایەن زەردەشتی پەیامبەریان فێرکراون، هێشتا لەلایەن گەلان، لە سەرتاسەری جیهان پەیڕەودەکرێن[434].

[434] Mary Boyce (1979) Zoroastrians. Their Religious Beliefs and Practices First published. by Routledge & Kegan Paul Ltd. Pp. 1

# دینی زەدەشتی و کاریگەری لەسەر ئیسلام

دەوڵەت و دینی ئیسلام لە سەردەمێکی جیۆسۆسیالی تایبەت سەری هەڵدا، پەیوەندی مێژوویی دوورگەی عەرەبی، لەگەڵ میسۆپۆتامیا و شام و ئیسرائیل، و دەستەڵاتی ئیمپراتۆری ساسانی، تا دوورگەی عەرەبی و یەمەن، و هاموشۆی بەردەوامی کاروانی بازرگانی و سەربازی، تێکەڵاوی نێوان نەتەوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و ئاڵۆگۆڕی کولتووری کردبووە پرۆسەیەکی ئاسایی.

دینی زەردەشتی وەک دینی فەرمی ئیمپراتۆری ساسانی، کولتوور و کەلەپووری، لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و شام بڵاو بووبووەوە. و خەڵکی بازرگان و کاروانچی دوورگەی عەرەبی کەم یا زۆر لەگەڵ ئەو کولتوورە دەوڵەمەندە ئاشنابوون.

سەرەڕای ئەوە، لە ناوچەکانی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆری ساسانی، زۆر هۆزی عەرەب دەژیان. یەک لەو هۆزانەش قورەیشەکان بوون. کە بە پەرتوبڵاوی هەر لە شامەوە تا حیجاز وەک ڕەوەند دەسووڕانەوە. سەرەڕای ئەوەش، ماوەیەکی زۆر هاوپەیمانی ساسانییەکان بوون دژی ئیمپراتۆری ڕۆم. ئەوەش شتێکی ئاساییە، کە چیرۆکە کۆنە ئەفسانەییەکانی، میر و پاشا و قارەمانەکانی گەلانی ئێران، ڕۆژانە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی جیاواز دەگێڕدرانەوە. هەر بۆیەش باوەڕی دینی و ئەفسانەکانیان لە ناو ئەو هۆزاە عەرەبانە ئاشنا بوون.

بۆیە دینی زەردەشتی و کولتوور و کەلەپووری ئێرانی، کاریگەریەکی زۆری لەسەر دینی ئیسلام داناوە. ئەو کاریگەریەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری گرنگ.

یەکەم: هەر لەسەرتای تەمەنی گەنجی، پەیامبەری ئیسلام ئاشنایەتی لەگەڵ دینی زەردەشتی هەبووە. بە پێی سەرچاوەکانی ئیسلام، محمد هەر لە منداڵی، لەگەڵ أبی تالیی مامی گەشتی بازرگانی بۆ شام کردووە، و دواتریش وەک نێردەی بازرگانی خدیجة بنت خویلد لە و گەشاتەی بەردەوام بووە. و لەو گەشتانەی دا تونیووەیەتی لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ کولتووری ئێرانی بە گشتی و دینی زەردەشتی بە تایبەتی پەیدابکا.

محمدیش چ لە سەردەمی منداڵی و دواتریش وەک هەرزەکار و تەمەنی لاوی، ڕەنگە بە سەدان جار ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی دەبیستن. و خۆیشی بۆ خەڵکی تری دەگێڕانەوە. بەڵام لەو قۆناغە تەنیا چیرۆک و ئەفسانەکانی ئێرانی دەگرتەوە. هەر لەو قۆناغەشدابوو، کە النضر بن الحارث دەیگوت چیرۆکەکانی پێشینانە بە ناوی خودا دەیانگێڕێتەوە.

النضر کەسێکی گەڕیدە و شارەزای ئەفسانەکانی ئێرانی و دینی زەردەشتی بوو. بە شێوەیەکی بەردەوام خەڵکی لە دەروی کۆدەبوونەوە. ئەویش چیرۆکەکانی کەلەپووری ساسانی و زەردەشتی گەلانی ئێرانی بۆ دەگێڕانەوە. دوای هەر گێڕانەوەیەکیش دەیگوت: بە الله محمد ئەو چیرۆکانە لە من باشتر دەزانێ. گێڕانەوەکانیشی تەنیا چیرۆکی پێشینانن (أساطير الأولين). کە بۆی نووسراون و ئەویش دەیانڵێتەوە.

دواتر کێشەی نێوان محمد و النضر، بەوەندە نەوەستا، بەلکوو گەیشتە ئەو ئاستەی، محمد کەوتە سووکایەتی کردن و جنێودان بە النضر بن حارث. گەفی بە ئازاری بە سۆی دۆزەخ لێدەکرد.

سورة الجاثية ٤٥: ٧ – ٨

وَيۡلٞ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٖ (٧) يَسۡمَعُ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسۡتَكۡبِرٗا كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٖ (٨)

ئەی لەو کەسەی تۆمەت کەر و تاوانبارە (٧) هەرکاتی ئایەتەکانی خودای بەسەردا دەخوێنیتەوە، دەبیستێ. بەڵام بە هۆی لەخۆ بایی بوونی، هەر پێدادەگرێ. و دەڵێ هەر نەشی بیستووە. دە تۆش مزگێنی بدەیێ، کە ئازارێکی زۆر بەسۆی بەردەکەوێ (٨).

بە ڕەچاوکردنی ئایەتەکانی قورئان و تێکەڵاوی کولتوور و کەلەپووری ئێرانی، بەتایبەتی نەرێتە دینیەکانی زەردەشتی لەناو قورئان. زیاتر ئەوە دەسەلمێنێ، کە النضر بن حارث لە خۆڕایی ئەوەی نەدەگوت. محمد گەورەترین ئەفسانەی ئێرانی وەردەگرتن، و بە ناوی خۆی تۆماری دەکردن. یەک لە بەناوبانگترینان، ئەفسانە گەشتی ئاسمانی لە چیرۆکی ئاردی ڤیراڤی دینی زەردەشتی وەرگرتووە. جا ئەو وەرگرتنانە، لەڕێی سەلمان الفارسی بووبن یان بە قسەی النضر بن حارث لە ئەدەبی گەلێری زەردەشتی و ساسانی وەریگرتبن جیاوازییەکی نییە. گرنگ ئەوەیە کە محمد توانیویەتی، چیرۆک و ئەفسانەی گەلان و دینەکانیتر تۆماربکا. و بەناوی خودا و ئاسمان بەرگی پیرۆزیان لەبەرکا.

سورة الأنفال ٨: ٣١

وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا قَالُواْ قَدۡ سَمِعۡنَا لَوۡ نَشَآءُ لَقُلۡنَا مِثۡلَ هَٰذَآ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ (٣١)

> کاتی ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا دەخوێندرێنەوە، دیان گوت گوێبیست بووین. ئەگەر بمانەوێ بە دڵنیاییەوە، شتی وەک ئەوە دەڵێین. ئەوە شتێک نییە تەنیا ئەفسانەی پێشینانە (٣١)

ئەو کێشەیەی نێوان محمد و النضر بن حارث لەلایەن ڕاڤەکارانی موسوڵمان دووبارە، ئەو ئایەتانە بۆتەوە.

القرطبي دەڵێ: ئەو ئایەتە لەسەر النضر بن الحارث هاتووە. النضر بە بازرگانی هاتوچۆی حیرەی دەکرد. چیرۆکی کلیلە و دمنە و ووتەکانی کیسرا و ئیمپراتۆری کڕیبوو. هەرکاتی محمد چیرۆکێکی نەتەوەکانی پێشتری دەگێڕایەوە، النضر دەیگوت:

> ئەگەر بمەوێ شتێکی وەک محمد دەڵێم. چونکە قورئان تەنیا ئەفسانەی میللەتانەی پێشووە. [435]

إبن کثیر دەڵێ النضر بن الحارث گەشتی بۆ ووڵاتی فارس دەکرد. و فێری سەربردە و چیرۆکی پاشاکانیان، وەک ڕۆستەم ئەسفەندیار و هەندێکیتر بووبوو. کاتی لە ووڵاتی فارس گەڕایەوە، بینی محمد لەلایەن خوداوە نێردراوە، و قورئان بۆ خەڵکی دەخوێنێتەوە. کاتی پەیامبەر دەڕۆیشت. النضر دادەنیشت و چیرۆکی ئەو پاشایانەی بۆ خەڵکی دەگێڕانەوە. ئینجا دەیگوت: سوێند بە خودا، کامە چیرۆک خوشتر و باشترن: چیرۆکی من یان قسەکانی محمد. گشت ئەو ڕووداوانە لەگەڵ ئەو ئایەتانە کە بەدوای خۆیاندا هێناویانن، بەڵگەن بۆ ئەوەی، کە قورئان پەرتووکێکی ئاسمانی نیە. بەڵکوو کۆکراوەیەکی سەلەوات لێدان و خوێندنەوەی لیتورگییە بۆ پەیڕەوکردنی لە نوێژ و خودا. و شێوەی پەرستن. [436]

---

[435] القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء ٧، ص ٣٤٨

[436] آل عيسى، د. محمد، تاريخ الإسلام المبكر ص ١٥٤

دووەم: لە قۆناغی مەدینە هەڵومەرجەکان گۆڕان. بە هاتنی سەلمان الفارسی کە موغێکی زەردەشتی بوو. و هەر زوو بووە کەسێکی زۆر نزیک لەگەڵ محمد. یەک لە گرنگترین سەرچاوەکانی زانیاری، هەر بۆیە نووسەری قورئان چەندین زانیاری لە دینی زەردەشتی خزاندوونەتە ناو قورئان. بۆیە هەر کاتی باسی قورئان لە سەردەمی مەدینە بکرێ، ناکرێ ڕۆڵی سەلمان الفارسی لەبەر چاو نەگیرێ. ئەوەش بە گەواهی قورئان و بیۆگرافی نووسان و ڕاڤەکاران خۆیان. دان بەوە دادەنێن، کە سەلمان هیچی لە ڕۆڵی قەشە وەرەقە، لە سەردەمی مەکە بۆ محمد کەمتر نەبووە. قورئان خۆی گەواهی ئەوە دەدا. کە لە ناو دەقەکانی چیرۆکی فارسی هەن، ئەوانەش لە ڕێگای سەلمانەوە گەیشتوونەتە محمد.

هاتنە سەر شانوی سەلمان الفارسی لە مەدینە، وەرچەرخانێک و فریادڕەسێکی باش بوو، بۆ محمد.
یەکەم: ڕێنماکارێکی بێ هاوتای محمد بوو. لە شەڕدا ڕێنمایی کرد. نموونەی هەرە بەرچاو، لێدانی خەندەقێک بوو، لە دەوری مەدینە. بۆ بەرگریکردن. ئەو شەڕەش هەر بە شەڕی خەندەق ناسراوە. هەروەها، سەلمان بیرۆکەی بەکارهێنانی مەنزەنیقی دایە محمد. کە لە شەڕی ثقیف لە تائیف مەنزەنیق بەکاریان هێنا.[437]

دووەم: دەقەکانی قورئان و کەلەپووری دین، بەردەوامی دەبێ، بەڵام دەکەونە ژێر کاریگەری چیرۆک و ئەفسانەکانی هەزار ساڵ پێشتری دین و کولتووری ئێرانی. بە تایبەتی ماوەی ئیمپراتۆری ساسانی و دینی زەردەشتی. کە پەیوەندییەکی توندیان هەبووە. سەلمانیش

[437] محمد شیت خطاب. الرسول القائد. الطبعة السادسة. بیروت/ دار الفكر ص ٢٢٨

گەنجینەیەکی گەورەی ئەو کەلەپووره دینی و کۆمەڵایەتییە بوو. ئەوەش بە گەواهی یاوەرانی موسوڵمانی هەرە نزیکی نەبی محمد.

نووسەری میسری خلیل عبدالکریم پێی وایە سەلمان گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوو بووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە زۆرووڵات و نەتەوکانی ئەو سەردەمە گەڕاوە. و زانیاری لەسەر باوەڕی جیاجیا هەبوو. جیهانێکی زانیاری فراون و قووڵی، لەسەر دینەکان کۆ کردبووەوە.[438]

عەلی کوڕی ابی طالب لەوەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە زانیاری سەلمان الفارسی دەڵێ: زانیاری یەکەمی وەرگرت و زانیاری دواییش. دەریایەکە ووشک ناکا (٢٦)
سەحابەیەکیتر دەڵێ : دەرگای زانستی مەدینەیە.

ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە. ئەو دانیشتنە درێژانەی لەگەڵ محمد لە پێناوی چی بوون. عائیشە دەڵێ سەلمان شەوی تایبەتی خۆی هەبوو، ئەوەش دوور لە کاروباری و خەڵوەتی سەحابەکانیتر. ئەو دانیشتنە درێژانەی سەلمان لەگەڵ محمد دەوروبەرەکەی وەرس دەکرد.[439]

خەلکی مەدینە بە ڕوونی هەستیان بە ڕۆڵی سەلمان دەکرد. و بەچاوی محمدیان دادەدایەوە. کە ئەو شتانەی ئەو دەیڵێ وەحی نین. ئەوە کەسێکە (سەلمان) فێری دەکا. بۆیە محمد بە ئایەتێکی قورئان وەڵامی ئەو تۆمەتە دەداتەوە.

---

[438] قريش من قبيله الى الدولة المركزية.
[439] أبن الأثير، أسد الغابة في معرفة الصحابة. الطبعة الأولى ٢٠١٣. دار إبن حزم

القرآن الكريم – سورة النحل ١٦: ١٠٣

وَلَقَدۡ نَعۡلَمُ أَنَّهُمۡ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٞۗ لِّسَانُ ٱلَّذِي يُلۡحِدُونَ إِلَيۡهِ أَعۡجَمِيّٞ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيّٞ مُّبِينٌ (١٠٣)

ئێمە باش دەزانین، ئەوان دەڵێن کەسێک فێری دەکا. کەچی زمانی ئەو کەسەی دەیدەنە پاڵ عەجەمیە. لە کاتێکدا ئەو قورئانە بە زمانێکی عەرەبی پاراو دارێژراوە (١٠٣).

هەرچەندە وەک لە ئایەتەکە دیارە، محمد دەیگوت سەلمان عەجەمیە و قورئانیش عەرەبیە. بەڵام ئەوەش ناگونجێ، لەبەر ئەوەی سەلمان ئەوەندە گەڕابێ و هاموشۆی لەگەڵ جولەکە و نەساریان دا هەبووبێ، ئەوەندە زیرەکیش بووبێ، ناکرێ فێری عەرەبی نەبووبێ!! لەگەڵ ئەوەشدا سەلمان ماناکان بە عەرەبی خۆی دەربڕێ. و محمدیش بە شێوەیەی عەرەبی دابڕێژێتەوە.

لەلایەکیتر، دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێ، کە سەلمان یەکێک بوو لە هاوەڵانی زۆر نزیکی محمد و کەسایەتییەکی دیاری ناو لە ئیسلام، ئەو ڕاستییەش ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمان خۆیان دانی پێدادەنێن، کە هەموو موسڵمانانی بەرایی لەسەری هاوڕابووین.

بەو خوێندنەوەیە، بۆمان دەردەکەوێ کە سەلمان گەنجینەی زانیاری بوو، و محمدیش زۆر ئارەزوومەند و بەخرۆش بووە. بۆ ناسین و فێربوونی ئەو گەنجینەیە.[440] ئەوەش وامان لێدەکا، باوەڕ بەوە بێنین کە ئەگەر قورئانی مەککە، قورئانی قەشە وەرەقە بن نوفل و ئینجیلی عیبرانی بووە، ئەوا قورئانی مەدینەش بەرهەمی سەلمان الفارسی و داگیرکاری و تاڵان و کوشتن بووە.

[440] النعمانی، شاکر فضل الله. النقد الکتابی للقرآن ص ٢٧

عائیشە دەڵێت: سەلمان شەوانە جێگەی تایبەتی لە کۆڕی دانیشتنی پەیامبەردا هەبوو، تا ئەو ڕادەیەی زۆرجار لە ئێمە زیاتر دەدرەوشایەوە.
سەبارەت بە سەلمان پرسیار لە عەلی کرا و گوتی: ئەو خاوەنی زانستی سەرەتا و کۆتایی بوو، ئەوی زەریایەکی نەبڕاوە، یەکێکە لە ئێمە، بنەماڵەی پەیامبەرە.

بوونی سەلمان الفارسي، لە مەدینە. و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ محمد. قسەکانی النضر، زیاتر دەبوونە جێی باوەڕی خەڵکی مەدینە. و کۆمەڵانی خەڵکی جیاجیا، لە پەیامی محمد بە گومان کەوتبوون. چونکە محمد خۆی هەمان چیرۆکەکانی النضری بەناوی جوبرائیل دووبارە دەکردنەوە. لە کۆتایی ئەوەندە تەنگاو بوو. و بە ئایەتێک وەڵامی دایەوە. [441]

سورة القلم ٦٨: ١٥

إِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَـٰتُنَا قَالَ أَسَـٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ (١٥)

ئەگەر نیشانەکانی ئێمەی بۆ بخوێننەوە. دەڵێ ئەفسانەی پێشینانن (١٥)

بە ڕەچاوکردنی ئایەتەکانی قورئان و تێکەڵاوی کولتوور و کەلەپووری ئێرانی، بەتایبەتی نەریتە دینیەکانی زەردەشتی لەناو قورئان. زیاتر ئەوە دەسەلمێنێ، کە النضر بن حارث لە خۆڕایی ئەوەی نەدەگوت. محمد گەورەترین ئەفسانەی زەردەشتی بەناوبانگی وەرگرتوو، بە ناوی خۆی تۆماریکردوون. یەک لە بەناوبانگترینان، ئەفسانە گەشتی ئاسمانی لە چیرۆکی ئاردی ڤیراف لە دینی زەردەشتی. جا ئەو وەرگرتنانە، لەڕێی سەلمان الفارسی بووبن یان بە قسەی النضر بن حارث لە ئەدەبی گەلێری زەردەشتی و ساسانی وەریگرتبن جیاوازییەکی نییە. گرنگ

[441] نقد الكتابی للقرآن ص ٢٥

ئەوەیە کە محمد توانیویەتی، چیرۆک و ئەفسانەی گەڵان و دینەکانیتر تۆماربکا. و بەناوی خودا و ئاسمان بەرگی پیرۆزیان لەبەرکا.

سورة الأنفال ٨: ٣١

> وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتُنَا قَالُواْ قَدۡ سَمِعۡنَا لَوۡ نَشَآءُ لَقُلۡنَا مِثۡلَ هَٰذَآ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ (٣١)
>
> کاتی ئایەتەکانی ئێمەی بەسەردا دەخوێندرێنەوە، دیان گوت گوێبیست بووین. ئەگەر بمانەوێ بە دڵنیاییەوە، شتی وەک ئەوە دەڵێین. ئەوە شتێک نییە تەنیا ئەفسانەی پێشینانە (٣١)

القرطبي دەڵێ: ئەو ئایەتە لەسەر النضر بن الحارث هاتووە. النضر بە بازرگانی هاتوچۆی حیرەی دەکرد. چیرۆکی کلیله و دمنه و ووتەکانی کیسرا و ئیمپراتۆری کڕیبوون. هەرکاتی محمد چیرۆکێکی نەتەوەکانی پێشتری دەگێڕایەوە، النضر دەیگوت:

> ئەگەر بمەوێ شتێکی وەک محمد دەڵێم. چونکە قورئان تەنیا ئەفسانەی میللەتانەی پێشووە. [442]

إبن كثير دەڵێ النضر بن الحارث گەشتی بۆووڵاتی فارس دەکرد. و فێری سەربردە و چیرۆکی پاشاکانیان، وەک ڕۆستەم ئەسفەندیار و هەندێکیتر بووبوو. کاتی لە ووڵاتی فارس گەڕایەوە، بینی محمد لەلایەن خوداوە نێردراوە، و قورئان بۆ خەڵکی دەخوێنێتەوە. کاتی پەیامبەر دەڕۆیشت. النضر دادەنیشت و چیرۆکی ئەو پاشایانەی بۆ خەڵکی دەگێڕانەوە. ئینجا دەیگوت: سوێند بە خودا، کامە چیرۆک خوشتر و باشترن: چیرۆکی من یان قسەکانی محمد.

---

[442] القرطبي، جامع لأحكام القرآن، الجزء ٧، ص ٣٤٨

دواتر النضر له شەڕی بەدر بە دیل دەگیرێ. و پەیامبەر فەرمانیدا، بە سەختترین شێوە ئەشکەنجەی بدەن. و دواتر لەملی بدرێ. هەرواشیان کرد.[443]

گشت ئەو ڕووداوانە، لەگەڵ ئەو ئایەتانە کە بەدوای خۆیاندا هێناویانن، بەڵگەن بۆ ئەوەی، کە قورئان پەرتووکێکی ئاسمانی نیە. بەڵکوو کۆکراوەیەکی سەلەوات لێدان و خوێندنەوەی لیتورگییە بۆ پەیڕەوکردنی لە نوێژ و شێوەی خوداپەرستی.[444]
هاتنی سەلمان الفارسی بۆ مەدینە، وەرچەرخانێک و فریادڕەسێکی باش بۆ محمد.

یەکەم: ڕێنماکارێکی بێ هاوتای محمد بوو. لە شەڕدا ڕێنمایی کرد. نموونەی هەرە بەرچاو، لێدانی خەندەقێک بوو، لە دەوری مەدینە. بۆ بەرگریکردن. ئەو شەڕەش هەر بە شەڕی خەندەق ناسراوە. هەروەها، سەلمان بیرۆکەی بەکارهێنانی مەنزەنیقی دایە محمد. کە لە شەڕی ثقیف لە تائیف مەنزەنیق بەکاریان هێنا.[445]

دووەم: دەقەکانی قورئان و کەلەپووری دین، بەردەوامی دەبێ، بەڵام دەکەونە ژێر کاریگەری چیرۆک و ئەفسانەکانی هەزار ساڵ پێشتری دین و کولتووری ئێرانی. بە تایبەتی ماوەی ئیمپراتۆری ساسانی و دەینی زەردەشتی. کە پەیوەندییەکی توندیان هەبووە. سەلمانیش گەنجینەیەکی گەورەی ئەو کەلەپوورە دینی و کۆمەڵایەتییە بوو. ئەوەش بە گەواهی یاوەرانی موسوڵمانی هەرە نزیکی نەبی محمد.

---

443 محمد. إبن كثير. تفسير القرآن العضيم الجزء السابع، ص ٦٣
444 آل عيسى، د. محمد، تاريخ الإسلام المبكر ص ١٥٤

445 محمد شيت خطاب. الرسول القائد. الطبعة السادسة. بيروت/ دار الفكر ص ٢٢٨

نووسەری میسری خلیل عبدالکریم پێی وایە سەلمان گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە زۆر وولات و نەتەوکانی ئەو سەردەمە گەڕاوە. و زانیاری لەسەر باوەڕی جیاجیا هەبوو. جیهانێکی زانیاری فراون و قووڵی، لەسەر دینەکان کۆکردبووەوە.[446]

خەلکی مەدینە بە ڕوونی هەستیان بە ڕۆڵی سەلمان دەکرد. و بەچاوی محمدیان دادەدایەوە. کە ئەو شتانەی ئەو دەیڵێ وەحی نین. ئەوە کەسێکە (سەلمان) فێری دەکا. بۆیە محمد بە ئایەتێکی قورئان وەڵامی ئەو تۆمەتە دەداتەوە.

القرآن الكريم – سورة النحل ١٦: ١٠٣

وَلَقَدۡ نَعۡلَمُ أَنَّهُمۡ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُۥ بَشَرٞۗ لِّسَانُ ٱلَّذِي يُلۡحِدُونَ إِلَيۡهِ أَعۡجَمِيّٞ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيّٞ مُّبِينٌ (١٠٣)

ئێمە باش دەزانین، ئەوان دەڵێن کەسێک فێری دەکا. کەچی زمانی ئەو کەسەی دەیدەنە پاڵ عەجەمیە. لە کاتێکدا ئەو قورئانە بە زمانێکی عەرەبی پاراو دارێژراوە (١٠٣).

سەلمان پێش هاتنی ئیسلام، لە ناو زەردەشتی و کریستیان و جولەکاندا ژیاوە. لەو باسەدا ژیان و گەڕانی گرنگ نییە، بەڵکوو ئەوەی گرنگە فێرکارییەکانی زەردەشتییە کە لە سەردەمی سەلماندا واتە سەردەمی مەدینە ئیسلام وەریگرتووە.

گرنگترین ئەو شتانەی ئیسلام لە زەردەشتی وەریگرتووە:

---

[446] قريش من قبيله الى الدولة المركزية.

بۆ نموونە نوێژی جەژن، لە ساڵی دووەمی کۆچی دوایی ١٥ ساڵ لە هاتنی ئیسلام دەستیپێکرد، لە دوای هاتنی سەلمان و چاوپێکەوتنی لەگەڵ محمد، بەڵام پێش کڕینەوەی گرێبەستی کۆیلایەتی لەلایەن محمد.

گرنگترین ئەو ڕێنمایی و یاسایانەی ئیسلام لە  نەرێت و دینی زەردەشتی وەریگرتوون. لە دینی زەردەشتی لە نووسێنێکی قناة االشمس المحسن لە مێژووی ١١- ٨ – ٢٠٢٥ بە دوو بەش لە ژێر ناوی الأحكام الزرادشتية في الإسلام بڵاوکردۆتەوە. هەرچەندە لەوێ خاڵەکان زۆر بە کورتین. بەڵام لێرە هەولدراوە، ڕوونبکرێنەوە و هەندێ نموونەش  بخرێنە ڕوو.

١ دەستنوێژگرتن لە زەردەشتی، ئایەتەکانی قورئان، کە لە مەدینە هات.
لە دینی زەردەشتی دەستنوێژ چوار پایەی هەیە، کە بریتین لە:
شۆردنی دەست (تا ئەژنۆ)، دەموچاو (تا سنووری قژ)، سڕینەوە، شۆردنی پێیەکان (تا ئەژنۆ)، شۆردنی نێوان پەنجەکانی قاچ.

خۆشووشتن لە پیسی: ئەگەر مرۆڤ لەشی پاک نەبێ، ئەنجامی جووت بوون، یان دابەزینی تۆم، بە پێی یاسای دینی دەبێ خۆی بشوا. ئەوەش دەبێ پێش خۆرهەڵاتن خۆی تەواوی جەستەی جوان بشوا، لە هەمان کاتدا ووتەی پاککەرەوە دەخوێنێتەوە.

لە دینی ئیسلامیش لە سوورەتی المائدة کە لە کۆتایی قۆناغی مەدینە هاتووە، و لە لیستی الأزهەر، دەبێتە سورەتی ژمارە ١١٢.

سورة المائدة ٦: ٦

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ وَلِيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ عَلَيۡكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ (٦)

ئەی باوەڕداران، کاتی ویستتان نوێژبکەن، ڕوخسارتان و دەستەکانتان تاوەکو ئەنیشکتان بشۆن، و دەستو بە تەڕی بەسەرتاندا بماڵن و پێکانتان تاوەکو گۆزینگ بشۆن، ئەگەر لەشپیسی بوون، خۆتان پاککەنەوە، ئەگەر نەخۆش، یان ڕێبوار بوون، یان یەکێکتان لە سەر پێشاویٚ گەڕایەوە، یان دەستتان لەگەڵ ژنان وێککەوت، و دەستتان بە ئاو ڕانەگەیشت، ئەوە تەیەمووم بە خۆڵێکی پاك بکەن، پێیەوە ڕوخسارتان و دەستەکانتان بسڕنەوە، خودا نایەویٚ بتانخاتە تەنگاوە، بەڵام دەیەوێت پاکتان بکاتەوە، بە تەواوی چاکەتان لەگەڵ بکا، بەڵکو سوپاس دەکەن (٦)

٢ لە هەر ڕۆژێکدا پێنج جار نوێژکردن، پێشتر لە مەککە نوێژکردن جیاوازبوو.، کەچی لە مەدینە، ژمارەی نوێژ بووە پێنج. ئەوەش بە ڕوونی لە ژێر کاریگەری سلمان الفارسی دابووە، کە دەستەڵاتدار و ڕاوێژکاری تایبەتی محمد بوو. دواتر نوێژ و دەستنوێژگرتن بە درێژی باسدەکریٚ.

٣ نوێژی چەژن لە دینی ئیسلام بە هەمان شێوەی نوێژی جەژنی زەردەشتی بەڕێوە دەچیٚ. لە ماڵەوە نوێژی بەیانی (صلاة الفجر) دەکەن، پاشان دەچنە پەرستگا، و نوێژی جەژن

دەکەن، دواتر لەگەڵ منداڵەکانیان دەگەڕێنەوە ماڵ. پێش هەموو ئەمانە جل و بەرگی سپی لەبەر دەکەن کە لە ئیسلامدا پێشنیازکراوە و دوای دەستنوێژیش دەیپۆشن.
دوای نوێژی بەیانی و پێش نوێژی جەژن داوای لێخۆشبوون بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دەکەن. لە پەرستگا بەیانیان نوێژی جەژن بە کۆمەڵ دەبێ (الجماعة) لەگەڵ هاوموسڵمانەکانیان ئەنجام دەدەن. دوای نوێژی جەژن، بەخشین بەسەر هەژاران دابەش دەکەن، دوای کۆتایی هاتنی ئەو داب و نەریتە دەست بە سەردانی یەکتردەکەن.

٤ لە دینی زەردەشتی میزکردن بە پێوە قەدەغەیە، لە ئیسلامیش بە پێوە میزکردن ناشیرینە.
٥ لە گەشتکردن زەردەشتیەکان دەپارێنەوە، هەمان شت لەئیسلامیش دوعادەکەن.
٦ دینی زەردەشتی باوەڕی بە حەوت فریشتە هەیە، بە هەمان شێوە ئیسلامیش باوەڕ بە حەوت فریشتە هەیە.
٧ هاوسەرگیری لە دینەکانیتر قەدەغەیە. لەو خاڵەدا ئیسلام بۆ پیاو ڕێگەی پێدەدا، بەڵام بۆ ژن قەدەغەی دەکا.
٨ لقی درەختی تازە نابڕن و ئەوە لە ئیسلامیشدا کارێکی خراپە.
٩ زەردەشتیەکان باوەڕیان بە (ساوشیانت)ی ڕزگارکەر هەیە. لە ئیسلامیش باوەڕ بە مەهدی چاوەڕنکراو (مهدي منتضر) هەیە
١٠ الصراط المستقیم لە دینی ئیسلام، لە (پردی جینڤات) لە زەردەشتی وەرگیراوە. بۆ درێژەی باسی صراط المستقیم دواتر بە درێژی باسدەکرێ.
١١ ووشەی دین، لە بنەڕەتدا لە ڕەگی ئاڤێستانی (داینا/دینا)ەوە هاتووە کە هەمان مانای هەیە، هەروەها بۆ ئاماژەدان بە بەرجەستەکردنی دین بەکارهاتووە، وەک لە ئیسلامدا. سەیری خاڵی دواتر ١٢ بکە.
١٢ لە دینی زەردەشتی ئەو کچەی سڵاو لەو کەسانە دەکا کە لە پردی (جیڤات) دەپەڕنەوە – پێی دەوترێت دینا. باوەڕدارەکە بە جوانییەکەی سەری سوڕماوە، لێی دەپرسێت تۆ کێی؟

له وەڵامدا دەڵێ: من دینی تۆم، ئەو دینەی کە لە سەردەمی ئەم دونیایەدا باوەڕت پێی هەبووە. ئەوەش هەمان چمکی بەرجەستەکردنی کردەوەکانی باوەڕدارە لە ئیسلامدا.[447]

لە خاڵی ١ تا ١٢ ئەو شتانەبوون کە محمد ڕاستەوخۆ لە سەلمان وەریگرتوون. و لە خاڵی ١٣ بە دواوە ئەو یاسایانەن کە جولەکە لەکاتی دیلی لە بابل لە یاساکانی زەردەشتی وەریگرتوون، دوای ئەویش کریستیانی و دواتریش ئیسلام وەریگرتوون.

١٣ کاهینەکان دەیەک لە شوێنکەوتووانی خۆیان وەردەگرن. لە دینی جولەکەدا سێ ساڵ جارێک دەیەک وەردەگیرێ، لەگەڵ زەکاتدا کە پێی دەڵێن بەخشین (سەدەقە)، چمکێکە لە قورئانیشدا پێناسە کراوە. ئیسلام یەک لەسەر پێنجی تاڵانی شەڕ و زەکات لەو دەسکەوتە دەبا. لەسەر هەندێک بابەتی کە محمد دایهێناون و لە دینی جولەکە وەریگرتوون، وەک بەروبووم و سوودی هاوشێوە. بەو پێیە، یەک لەسەر پێنجی باج لەسەر تاڵانی شەڕ لە سەردەمی محەمەددا و باجی سامان و قازانج، ئەو باجانە بە شێوەیەکی دیار چمکی زەردەشتین. و پەرەیان پێدراوە، بەڵام زەردەشتیەکان بە پشت بەستن بە سامانی زیادەی خۆیان یاسایان دانا، نەک لەسەر بنەمای شەڕ و تاڵان.

١٤ چمکی بەهەشت لە زەردەشتی (فیردەوس)ە، زەردەشتیەکان باوەڕیان بە لێپرسینەوە هەیە، زەردەشتی پاک و چاک لە بە هەشت، لە تەک زەردەشت زیندودەبێتەوە. بەڵام خراپەکار لە دۆزەخ لە تەک ئەهریمەن زیندوو دەبێتەوە. لە ئیسلامدا بە هەمان شێوە، باوەڕدارانی بەهەشتی لەتەک محمد زیندوو دەبنەوە.
١٥ (بەرزەخ) بە گوێرەی محمد سێ ڕۆژ دەخایەنێ. و زەردەشتیەکان پێیان وایە کە گیان دوای مردن سێ ڕۆژ سەرگەردان دەبێ پێش ئەوەی بچێتە ژیانی دوای مردن.

---

[447] الأحكام الزرادشتية في الإسلام جزء الأول ١١-٨- ٢٠٢٥ من قناة الشمس المحسن

١٦چمکی دۆزەخ. و پەسڵان کە پەیوەندی بە ژیانی دوای مردنەوە هەیە، چۆن لە دینی زەردەشتی هەیە، لە دینی جولەکەش دا هەیە، و دواتر نووسەری قورئان وەریگرتووە، و بە ناوی خودای خۆی تۆماریکردووە.

دۆزەخ لە زەردەشتی زۆر سارده و پڕە لە چەندین دڕونده. ئەوەش لە بەر کاریگەری سروشتی ژینگەی دینی زەردەشتی بووە. لەو ناوچانەی باوەڕدارانی دینی زەردەشتی لێدەژین، لە زستاندا زۆر سارده، و گەرمایی کەمە. بۆیە دۆزەخ لای ئەوان، بە خاکێکی بەستوو دادەنرا. کەچی بە پێچەوانەوە لە بیابان لەبەر قرچەی گەما مرۆڤ ئۆقرەی نامێنێ، وەک ئاگرێکی گڕداره. بەڵام دڕندەکان هەمان ئەوانەن دروندەن لە ئیسلامدا هەن.

١٧باوەڕبوون بە گیانی خراپ، هەروەها بە فریشتەی پاک، کە دوورن لە هەموو خراپە و گوناهێک، لە ئیسلامدا هەمان شتن.

١٨ گەشتی شەو ڕۆ و بەرزبوونەوە (الاسراء والمعراج) لە دینی زەردەشتیدا، نەوە دوای نەوەگواستراوەتەوە و گەیشتووەتە مانی و پاشان محمد و پێش ئەوان حەنۆخ (ئیدریس). ئەوەی جێگای سەرنجە، بەرزبوونەوەی محەمەد، کۆپیەکی بەرزبوونەوەی مانییە.

١٩ ڕەنگی سپی لە دینی زەردەشتی، ڕەنگێکی پیرۆزە، جلوبەرگی گەورەکانیان، بەهەمان شێوە لە ئیسلامدا بە رەنگی خواستراو دادەنرێ. بەرامبەر ئەوە ڕەنگی ڕەش شۆمە، لە هەردوو سەرچاوەی سوننە و شیعەوە، ڕێوایەت هەن، باس لەوە دەکەن کە جل و بەرگی دانیشتوانی دۆزەخ ڕەشە. بەو شێوەیە سپی بە پێی هەردوو نەریتی سوننە و شیعە جلوبەرگی پەسەندکراوە. بەڵام دواتر زانایانی شیعە ڕێگەیان بە پۆشینی ڕەش، وەک ماتەمینی بۆ حوسێن دا، کە نیشانەی خەم و پەژارەیانە بۆ مەرگی حوسێن، هەرچەندە ئەوە لە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەقینەی شیعە، پشتڕاست نەکراوەتەوە.

٢٠ لە ناشتندا، وەک پێویستییەک، زەردەشتیەکان لەبەر زۆری ژمارەی مردوان، دەستیان بە شاردنەوەکرد. ئەگەرنا تەرمی مردوو بەجێدەهێڵدرا بۆ ئەوەی هەڵۆ بیخوا. ڕووی مردووەکە بە ئاڕاستەی خۆری پیرۆز دادەنرێ، کە بە چاوی ئاهورا مەزدای دەزانن.

بەهەمان شێوە محمد، دوای کۆچی بۆ مەدینە، موسوڵمانە کۆچکردووەکانی بەرەو کەعبە ئاڕاستە کرد. کەچی بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە مەککە ڕێزی لە پەرستگای ئۆڕشەلیم دەگرت و تەنانەت لە مەدینەش لە سالآنی سەرەتای ژیانیدا بەردەوام بوو لەو کارە.

سورة البقرة ٢: ١٤٤

قَدۡ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجۡهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبۡلَةٗ تَرۡضَىٰهَاۚ فَوَلِّ وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ وَحَيۡثُ مَا كُنتُمۡ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ شَطۡرَهُۥۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ لَيَعۡلَمُونَ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّهِمۡۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعۡمَلُونَ (١٤٤)

دەبینین کە لە ئاسمان دەڕوانی، ئێمە ڕووت  بۆ ڕووگەیەک وەردەگێڕین کە پەسندبێ، دەسا ڕووت بەرەو (مسجد الحرام) وەرگێڕە، لە هەر کوێش بن. هەر ڕووبکەنە ئەوێ، و ئەوانەی پەرتووکیان بۆ هاتووە دەزانن، کە ئەوە ڕاستە لە پەروەردگارەوە بۆیان هاتووە. و خوداش لە هەر کارێ بیکەن ئاگادارە (١٤٤)

محمد زۆربەی ژیانی بە نوێژکردن بەرەو پەرستگای ئۆڕشەلیم بەسەر برد. زیاتر لە ١٥ ساڵ تەنیا لە ماوەی پەیامبەرایەتیدا نوێژی بەرامبەر ئۆڕشەلیم کردووە. پێش ئیسلام و پەیامبەرایەتی مەگەر تەنیا  خۆی ژمارەی ساڵەکان بزانێ. کەچی تەنیا شەش ساڵ بەرەو کەعبە نوێژی کرد.

ئەوەش گۆڕانکارییەکی سەرنجڕاکێش بوو، لە ژیانی محمد و پەیامبەرایەتیی و باوەڕیدا،  کە لەناکاو لە شەوێکدا، لە پەرستگای ئۆڕشەلیم ڕووی بۆ کەعبەی مەککە وەرگێڕا.

٢١ مرۆڤ لە خۆڵ دروست بووە و بە پێی ڕیزبەندی ئافراندنی زەردەشتی، مرۆڤ شەشەمین دروستکراوە. ئاهورا مەزدا مرۆڤ یان گایوماردی لە خۆڵ دروست کردوو، و دواتر زیندووی کردۆتەوە. لە دوای ئاسمان و زەوی و ڕووەک و هتد. شەشەمین کاری ئاهورامەزدا ئەفراندنی کەیومارس (Keyumars) بووە. لە دینە ئیبراهیمیەکانیش تەورات، ئینجیل و قورئان ئادەم یەکەم مرۆڤ بووە خودا دروستی کردبێ.

٢٢ دینی زەردەشتی، ڕێز لە خۆر و مانگ و ئەستێران دەگرێ، بۆیە دەبینی لە ئایەت و بابەتەکانی محەمەددا بە ڕوونی باسی کراوە. هەرکەسێک پێداچوونەوە بە فەرموودەکانی بکا، و لێیان بکۆڵێتەوە، ڕوونکردنەوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە محمدەوە دەبینێتەوە سەبارەت بە خۆر بە زنجیر ڕێبەرایەتی دەکرێت و بەپێی فەرمانی توندی خودایی ئاوا دەبێت و هەڵدێ.

سورة يس ٣٦: ٣٨

وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ (٣٨)

و خۆر بۆ شوێنی جێگیربوونی دەڕوا، و ئەوە بڕیاری خودای دەستەڵاتدار و زانایە. (٣٨)

زۆر کەس سەبارەت دیالۆگی محەمەدی خوێندبێتەوە، و پرسیارە ئەلەنگاریەکەی لەگەڵ ئەبو زەڕ غەفاری خوێندبێتەوە. ئەبو زەڕ، دەگێڕێتەوە، کاتی خۆر ئاوا بوو، پەیامبەر بە ئەبو زەڕی گوت: دەزانی بۆ کوێ دەڕوا؟ گوتم خودا و پەیامبەرەکەی باشتر دەزانن. ئەویش گوتی: دەڕوات تا لەژێر عەرشدا کڕنۆش دەبا، و دواتر داوای مۆڵەت دەکا و مۆڵەتی پێدەدرێ. و بەو زووانە کڕنۆش دەبا دەبا. بەڵام لێی وەرناگیرێ. وە داوای مۆڵەت دەکا، بەڵام پێنادرێ و پێی دەگوترێ: لەو شوێنەی هاتووی بگەڕێوە ئەوێ، و لە ڕۆژئاواوە بەرز

دەبێتەوە. ئەوە مانای قسەکانی خودای گەورەیە: ڕۆژ ڕێڕەوی خۆی بۆ خاڵێکی دیاریکراو ئاڕاستەدەکا. ئەوە ویستی باڵادەستی هێز و زانایە.

٢٣ لە دینی زەردەشتی، کەلەشێر هێمایەکی گەورە و پیرۆزە و خەڵک بە بڕشت، لە ماڵەکانیان دەزانن. پێدەچێ ماڵێک کە کەلەشێری تێدابێ، ئەهریمەن، لەو ماڵە ناچێتە ژوور. و خواردنی گۆشتەکەی قەدەغەیە. هەموو ئەوانە لە ئیسلامیشدا بەهەمان شێوەیە، تەنیا خواردنی گۆشتی قەدەغە نییە. سەبارەت بە کەلەشێر زۆر فەرموودە هەیە. بۆ نموونە جنۆکە ناچنە ناو ماڵێک کەلەشێری تێدابێ. و نوێژخوێنان لە نوێژی بەیانی ئاگاداردەکاتەوە. هتد.

٢٥ ئاهورا مەزدا هەندێک جار بە ئاهورا و هەندێک جار بە مازدا ناودەبرێ. یەکەمیان ئاماژەیە بۆ ئاستی خودایی، پێش هەموو دەستنیشانکردن و پەرستن و بەندە دێ.
دووەمیان ئاماژەیە بۆ پەرستن و پەروەردگارییە، ئەوەش ڕوونە لە ڕێنماییەکانی، دواتری محەمەد لە مەدینە. چمکەکانی یەکیەتی خودا و یەکیەتی پەروەردگار لەگەڵ فەرموودە و ڕوونکردنەوەکانی تر کە دەگەڕێندرێنەوە بۆ محەمەد، دواتر لە مەدینە سەریان هەڵدا.

٢٦ چمکی دووگیان، گیانی ڕەوا (حەق)، گیانی تاریک (پیس) لە زەردەشتی، محمد لە فەرموودەکانی ئاماژەیان پێدەکا.
چمکی دوو گیانەکان، گیانی ڕەوا و گیانی درۆ، لە دینی زەردەشتیدا ڕوونن، محەممەدیش لە بەشێک لە فەرموودە و ئایەتەکانیدا ئاماژەی پێکردووە. هەرچەندە ڕاستەوخۆ باسی (روح الضلال) ناکا، بەڵکوو ووشەی الباطل، فتنە، بدع، اتباع الهوی بەکار دێنێ.
لە دینی کریستیانی ڕاست تاریکی یان پیس بەکاردێنێ.
پەیمانی نوێ ئینجیلی یۆهانێش (یۆحەنا) ٣ : ١٩ – ٢٠

(١٩) ئەمەش یاساکەیە: ڕووناکییەکە هاتە جیهان بەڵام خەڵک لە جیاتی ڕووناکییەکە تاریکییەکەیان خۆشویست، چونکە کردەوەیان خراپ بوو. (٢٠) لەبەر ئەوەی هەرکەسێک خراپە بکات ڕقی لە ڕووناکییەکەیە و نایەتە لای ڕووناکییەکە، نەوەک کردەوەکانی ئاشکرابێت.

پەیمانی نوێ ئینجیلی لوکاس (لۆقا) ٨: ٣٨

ئەو پیاوەی گیانە پیسەکانی لێ دەرکرا (٣٨)

تێبینی:

دەستەواژەی (شەیتان) لە تەوراتدا دوای کاریگەریی لەلایەن دینی زەردەشتی دەرکەوت. ئەو کاتەی جولەکە بە دیلی، بۆ ماوەی نیو سەدە لە بابل بوون. دوای گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان. دووەم جار لە دەوروبەری ساڵی ٥٨٦ پێش زایین. ئەم دەستەواژەیە، یان چەمکی شەیتان، لە پەرتووکەکانی پێشتر یان نەریتی باوباپیرانیاندا نابینرێ، بەڵکوو دوای کۆتایی هاتنی دیلیان نزیکەی ٥٠ ساڵ دواتر سەریهەڵداوە. هەندێک لە زانایان باس لەوە دەکەن کە لە سەردەمی کورش پاشای فارسدا وەرگیراوە.

# چەند پەرەگرافی ئاوێستا بەرامبەر ئایەتی قورئان

لەو چەند دەقەی نێوان ئاوێستا و قورئان، هەست بە ڕنگدانەوەی دەربڕینەکانی ئاوێستا لە ناو ئایەتەکانی قورئان دەکرێ، لەلایەکیتریش ناکۆکی نێوان ئایەتەکان و پەیامی ئیسلام دیارن.

ئاوێستا - یەسنا هاتی ٣١: ٢

ئاها خەلکینە

لەبەر ئەوەی ئێوە ناتوانن ڕێگای ڕاست بۆخۆتان بدۆزنەوە، و هەڵبیژێرن...
(ئاهورامەزدا) منی کرد بە دادوەری هەردوو دەستەی (مەزدا پەرستان و دێوپەرستان) هەڵیستاندم و ناردمی بۆلاتان، بەڵکوو بتوانم، ڕێگای ڕاستتان پێ نیشاندەم. و هەمووامان پێکەوە لەسەر بناغەی دینی ڕاستین، ڕەوتی ژیانمان دامەزرێنن.
(مەزدا ئاهورا ) بۆ خۆی من دەناسی و گەواهی دروستی دینی منە.

سورة المائدة ٥: ١٥ – ١٦

يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ قَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمۡ كَثِيرٗا مِّمَّا كُنتُمۡ تُخۡفُونَ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖۚ قَدۡ جَآءَكُم مِّنَ ٱللَّهِ نُورٞ وَكِتَٰبٞ مُّبِينٞ (١٥) يَهۡدِي بِهِ ٱللَّهُ مَنِ ٱتَّبَعَ رِضۡوَٰنَهُۥ سُبُلَ ٱلسَّلَٰمِ وَيُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذۡنِهِۦ وَيَهۡدِيهِمۡ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ (١٦)

ئەی خەڵکی خاوەن پەرتووک، بزانن ئەوەی هاتووتە لاتان، پەیامبەرێکی ئێمەیە. کە زۆر لەو شتانەی لە پەرتووکدا دەریدەخا، و لە زۆریش چاو دەپۆشێ، لەلایەن خوداوە ڕووناکی و پەرتووکێکی ڕۆشنتان بۆ هاتووە. (١٥) خودا ڕێنمایی کەسێکی پێدەدا، کە شوێن ئەو دەکەون. ڕێگای هێمنی و بە مۆڵەتی خۆی، لە تاریکی دەریاندەخا، و بەرەو ڕووناکیان دەبا، و ڕێگەی ڕاستیان نیشان دەدا (١٦)

ئاوێستا - یەسنا – هاتی ٤٤: ٣

ئەی ئاهورا، لە تۆ پرسیاردەکەم، وەڵامم بدەوە، لە پێکهاتنی سەرەتای ژیاندا باوکی ڕاستیەکان چ کەسە؟ کێیە هەتاو و ئەستێرەکان دەخاتەگەڕ؟ ئەوە بە هێزی چ کەسە، کە مانگەشەو دەدرەوشێتەوە، و ئەوسا ڕۆشنایی کەم دەبێتەوە.

سورة الكهف ١٨: ١٧

وَتَرَى ٱلشَّمۡسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَٰوَرُ عَن كَهۡفِهِمۡ ذَاتَ ٱلۡيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقۡرِضُهُمۡ ذَاتَ ٱلشِّمَالِ وَهُمۡ فِي فَجۡوَةٖ مِّنۡهُۚ ذَٰلِكَ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِۗ مَن يَهۡدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلۡمُهۡتَدِۖ وَمَن يُضۡلِلۡ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ وَلِيّٗا مُّرۡشِدٗا (١٧)

و خۆر دەبینیت کاتێك هەڵدێت، لە دەستە ڕاستیەوە لە ئەشکەوتەکە لار دەبێتەوە، وە کاتێك ئاوا بوو لە دەستە چەپەوە لێیان دوور دەکەوێتەوە، وە ئەوان لە بۆشایی ناویدا بوون، ئەوە لە نیشانەکانی خودایە، هەر کەسێك الله هیدایەتی بدات ئەوە هیدایەت کراوە، وە ئەوەی گومڕای دەکات ئەوە هەرگیز پاڵپشتکەرو ڕێنیشاندەرێکی بۆ نابینیتەوە. (١٧)

ئاوێستا - یەسنا - هاتی ٣٠: ١١

ئاهای خەڵکینە

ئەگەر ئەو دینە نێردراوەی مەزدا بپەزرێنن (قەبووڵبکەن) ئەوە دەکەونە ئاسوودەیی و ئاسایش و ئارامی جاویدانی. لە ڕەنج و زیانی درۆپەرستان ئاگادارین، داهاتوو بە دڵی ئێوەیە.

سورة البقرة ٢: ٢٨١

وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ (٢٨١)

وە لە ڕۆژێك بترسن کە تیایدا بۆ لای خودا دەگەڕێنەوە، ئینجا هەموو خودێك بەوەی بەدەستی هێناوە پاداشت دەکرێتەوە، و ستەمیان لێ ناکرێت. (٢٨١)

ئاوێستا - یەسنا – هاتی ٣٠: ٨

ئەی مەزدا، ئەو دەمەی، کاتی سزای تاوانبارانە، و پەیرەوانی دینی درۆ، سزا دەدرێن. بەهمەن وولاتی جاویدانی و مینەوی تۆ، بۆ پاداشتی ئەوانەی لە گوناه لایانداوە. و پەیڕەوی ڕاستی و پاکی بوون، ئامادەدەکا. و هەموو ئەوانەی کردار و ئالاری چاك بووە، لە خوانی تۆ سوود وەردەگرن.

سورة البقرة ٢: ٦ – ٧

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ (٦) خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَعَلَىٰ سَمۡعِهِمۡۖ وَعَلَىٰٓ أَبۡصَٰرِهِمۡ غِشَٰوَةٞۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ (٧)

جا ئەوانەی باوەڕیان نەهێناوە، ئەگەر ئاگاداریان بکەیتەوە یان ئاگاداریان نەکەیتەوە، بۆ ئەوانە وەک یەکە و باوەڕناهێنن (٦) خودا مۆری تارمایی داوە بەسەر دڵیان و بەسە گوێکانیان، و بەسەر چاوەکانیان. و ئەوانە سزایەکی مەزنیان بۆ دەبێ (٧)

# نوێژ لە دینی زەردەشتی

گەلانی ئێرانی بتپەرست، پێش سەردەمی زەردەشتی، سێ جار لە ڕۆژدا نوێژیان دەکرد: خۆرهەڵاتن، نیوەڕۆ و خۆرئاوابوون - بۆ نوێژ و خوداپەرستی گرنگ بوون و ئەوانە کاتژمێرەکانی ڕۆژیان بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکرد، لەگەڵ یەکەم گزنگی بەیانی (هاڤانی)، لە ژێر پاراستنی میترا، و یەکەم زەردەپەڕی دەمەو ئێوارە، ئوز"ئایارا، لە ژێر دەستی ئاهورای برایدا، ئاپێید ناپات بوو. خۆ دیارە، شەویش قۆناغی سێیەمی پێکهێنابوو، کە پێی دەگوترا ئایویسروترا، و ئەوەش بۆ فراڤاشیەکان، گیانی مردووان دیاری کرابوو. دوای پەیدابوونی زەردەشت و بڵاوبوونەوەی دینەکەی، زەردەشت دوو کاتی نوێی لە بیست و چوار کاتژمێرەکەدا زیادکرد، و بەو پێیەش ژمارەی نوێژ لە ڕۆژێکدا بووە پێنج جار. یەکێک لە نوێژە نوێیەکان کە ناوی ڕاپیتوا بوو، لە نیوەڕۆوە دەستی پێکرد، و درێژبووەوە بۆ بەشی یەکەمی پاشنیوەڕۆ.

زەردەشت هەم کاتەکانی ڕۆژ و هەم وەرزەکانی ساڵی بۆ جێگیرکردنی ناوەرۆکی دین بەکاردێنا، بۆ ئەوەی شوێنکەوتووانی، بە شێوەیەکی ڕێک و پێک پەیڕەوی بکەن.[448]

لە دینی ئیسلام، بێجگە لە ڕیتوالی تایبەتی و هەر ڕۆژی مرۆڤی دیندار، دەبێ هەروەک دینی زەردەشتی، ڕۆژی پێنج جار نوێژ بکا. ئەو نوێژانەش:

[448] Ibid. Pp. 32

نوێژی بەیانی، نوێژی نیوەڕۆ، نوێژی پاش نیوەڕی، نوێژی ئێوارە و نوێژی شەو.

هەرچەندە جیاوازی لە دینی زەردەشتی بەپێی مەزدی یەسنا، پێچەوانەی دینی ئیسلام، نوێژ تەواو بە ئارەزووی مرۆڤ خۆیەتی، و مەبەست لە نوێژکردن سوپاس و سەناکردنی خودایە.[449] بە گشتی مانا و ناوەڕۆکیکی ڕەوشتی هەیە.

نوێژەکانی دینی زەردەشتی ئەوانەن:

ئەو نوێژانەش:

هەڤان گاهـ (Hawan Gah) نوێژی بەیانی

ڕاپیتڤەن گاهـ (Rapithwi Gah) نوێژی نیوەڕۆ

وەزیران غاهـ (Uzerin Gah) نوێژی پاش نیوەڕۆ

ئەییویثروترەم گاهـ (Aiwisruthrem Gah)  نوێژی ئێوارە

ئوشەهین گاهـ (Ushahin Gah) نوێژی شەو

ئامادەکاری بۆ نوێژ:

دیندار، بەر لە نوێژخوێندن، دەبی ئەو کارانەی خواروە ئەنجام بدا:

لە نوێژکردندا دەبێ لەشی پاکبێ.

دەبێ سەدرە و کەستی بپۆشێ.

دەبێ جلوبەرگی پاکبن.

دەبێ دەستنوێژ بگرێ.

---

[449] منوچهرپور، منوچهر (۱۳۸۷) بدانیم و سربلند باشیم؛ فشردەای از آموزش‌های دین زرتشت، تهران: فروهر، ص ٤٨

بەر لە نوێژکردن، دەستنوێژ هەڵدەگرن، کە بریتییە لە شۆردنی دەم و چاو و دەستەکانیان تاکو مەچەك، و قاچەکانیان تا خوار ئەژنۆ و پشتەوەی ناوچەوان و پاککردنەوەی گوێکانیان.

بە خوێندنەوەی هەردوو شێوەی نوێژکردن، دەردەکەوێ، چ ژمارەی نوێژ و چ خۆ ئامادەکردن و دەستنوێژ، ئیسلام وەک کۆپیەک لە دینی زەردەشتی وەریگرتووە. ئەو بێجگە لەوەی دینی زەردەشتی زۆر لە دینی ئیسلام کۆنترە. هەمان شێوەی نوێژکردن و ڕیتوالەکانی لە دینی کۆنی میسریش هەمان شتە. ئەوەی جێگای گرنگیە، دەبێ نوێژی میسریش هەر لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیاوە هاتبێ، و ئەخناتون ئەو بیروباوەڕەی، لە دایکی وەرگرتبوو، کە لە بنەڕەتدا، لە بنەماڵەیەکی ئاسیایی، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا دەژیان. مەبەست دەوڵەتی (میتانی) یەکانە، کە دەکەوتە باکووری فوڕات، و خودای (ئەدۆنای یا ئاتۆن) یان دەپەرست.[450]

ڕەنگە پەیوەندی ئیمپراتۆری میسر، زۆر لەوە کۆنتر بووبێ، کولولتووری دینی ناوچەکانی میسۆپۆتامیا، گەیشتبێتە میسر، و لە پەرستن پەیرەوکرابێ.

بەپێی مێژوو میتانی، شانیشینی خۆریەکان لە ناوچەی خاپور دەوڵەتێکی کوردی بووین، لە ناوچەکانی باکووری سوریای ئێستا، و باکووری کوردستانی باشوور.[451] کەواتە (تیا)ی دایکی ئەخناتون، کورد بووە. و بنەڕەتی دینی، ناوەرۆک و ڕێساکانی، دینی ئاتۆنیش لە ڕێگای ئەوەوە، گەیشتۆنەتە ئەخناتون و میسر.

---

[450] عباس العقاد (١٩٥٤) الله، كتاب الهلال، عدد ٤٢، القاهرة سپتيمبر ١٩٥٤م ص ٥٦، ٥٧
[451] رشيد، د. جمال و رشيد .د. فوزى (١٩٩٠) تاريخ الكرد القديم. وزارة التعليم العالي و البحث العلمي ، جامعة صلاح الدين- كلية الأداب ص ٧٢ - ٧٨

لە دینی زەردەشتی بۆ نوێژکردن چ بە تاك و چ بە کۆمەڵ ( ژن و پیاو بەیەکەوە) ڕوو دەکەنە ڕوناکی (ڕووگە لە دینی زەردەشتی ڕوناکییە).
نوێژکردن لەسەر بەرماڵ یان خاکێکی پاك دەبێت
لەنوێژەکەدا هەردووك یەشتی ( ئەهونەوەر و فراموون) و ئەوێستای ( سروشواژ و پشتێن بەستن و بەر ڕەساد) دەخوێنن.

لە گاتاکان هاتی ١، کۆپەڵەی ٨ دەڵێ:
هەر ئێستا، لەو دۆخەی، کە دەستم بۆ بارەگای تۆ بەرزکردۆتەوە، دەخوازم نوێژکەری تۆبم، و تۆ لە ڕێگای (ئەشە) و کردەوەی چاک (وەهمەنە) ستایش بکەم.

ئەو کاتەی منداڵ لە خێزانێکی زەردەشتی دەگاتە تەمەنی پێگەیین، و بیری هوشیار و فراوانتر دەبێ، دینی زەردەشتی وەردەگرێ، دوای سەدرەپۆشتن، کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێوان تەمەنی ٨ تا ١٥ ساڵیدایە.[452] لەوە بەدواوە نوێژی پێنج جار بەگشتی موبیدان دەیکەن.[453]

ڕووگەی زەردەشتی تیشکە، ڕووناکیە. لەوانەیە لە ڕۆژدا ڕوو لە خۆر و شەوانە بە تیشکی مانگ، ئاگر، مۆم، یان چرای داگیرسێنراو نوێژ بکەن.[454] زەردەشتیەکان تەنها لە پەرستگای ئاگردا بە ڕووی ئاگر نوێژ دەکەن و تەنانەت ئەوانەی لە دەوروبەری پەرستگای ئاگردا دەژین، بە ڕووی ئاگر نوێژ ناکەن.[455] ئاگری ناو مازداسێنا هێمای (ئاشێ) یە. ئاگر لە

---

[452] Muir, William (٢٠٠٩) ،«Religion of the Parsis»، Non-Christian Religions of the World ،Applewood book. Pp. 37

[453] خورشیدیان، اردشیر (١٣٨٧) پاسخ به پرسش‌های دینی زرتشتیان، تهران: فروهر، ١٠٩ - ١١٠

[454] هەمان سەرچاوە، ص ١١٨

[455] هەمان سەرچاوە ص ١٢٠

پەرستگای ئاگر بە ئاڵای مەزداسێنا و هێمای ناسنامەی ئایینی- کولتووری زەردەشتیەکان دادەنرێ. [456]

زەردەشتیەکان پێیان وایە کە خودا بە سنوور و ئاراستە سنووردار نابێت و لەسەر فەرمانی زەردەشتیش وەک هێمایەک بۆ درەوشاوەیی ئاهورا مەزدا بۆ ڕووناکی دەپاڕێنەوە[457] نوێژخوێندن بە زمانی ئاوێستاییە.[458] و بە ڕستانە دەست پێدەکا:

بەناوی خودای پەخشندە و میهرەبان.

> دڵخۆشم ئەی ئەهورا مەزدا! باوەڕم بە دینی مەزداییە هەیە، کە زەردەشت هێناویەتی. من پەیڕەوی لە فێرکارییەکانی ئاهورا دەکەم، کە دوورن لە شەیتانگەرایی (درۆ) و دووانەیی.

بێجگە لەو پێنج نوێژە، چەند نوێژیتر هەن کە هەر یەک لەوانە لە بۆنەیەکی تایبەتی خۆی و بە لیتورگی دیارکراو ئەنجام دەدرێ. لێرەدا تەنیا باسی سێ لەو نوێژانە دەکرێ، ئەوانەش، مانترا، ئەفرینگان و نیرانگ،

## مانترا (Manthra)

لە سەردەمی ئێرانی کۆن، مانترا جۆرێکی گرنگی نوێژ بوو، بە تایبەتی ئاهونا ڤایریا، ئاشم ڤۆهو، یەنگێ هاتام و ئایریامان ئیشیا.[459] ئەم چوار دوعایە بە زمانی ئاڤێستانی کۆن وەک گاتاکانی

---

[456] هەمان سەرچاوە، ص ١١٩

[457] منوچهرپور، منوچهر) ١٣٨٧(، بدانیم و سربلند باشیم؛ فشردەای از آموزش‌های دین زرتشت، تهران: فروهر. ص ٥٠

[458] هەمان سەرچاوە ٤٨ - ٤٩

[459] Boyce, Mary (2001). Zoroastrians:Their Religious Beliefs and Practices. The Library of Religious Beliefs and Practices.

زەردەشتی ئامادە کراون.[460] وا گریمان دەکرێ کە لەلایەن زەردەشت خۆی، یان شوێنکەوتوانی سەرەتایی نووسراون.[461] مانتراکانی زەردەشتی کۆمەڵێک لێکچوونی کارایی لەگەڵ ئەو مانترایانەدا هەیە کە لە ئایینی ڤێدی هیندستانی کۆنەوە سەرچاوەیان گرتووە و بۆیە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ نەریتێکی هاوبەشی هیندستان-ئێرانی[462].

## ئەفرینگان (Afrinagan)

ئەفریناگان جۆرێکە لە نوێژ کە لەلایەن موغەکان، لە کاتی نوێژی لیتۆرگیی بە هەمان ناو ئەنجام دەدرێت. پێدەچێ ئەو زاراوەیە لە ئافری ئاڤێستانەوە وەرگیراوە، و پەیوەندی بە ئاپریی سانسکریتەوە هەیە، کە ئاماژەیە بۆ هەندێک پاڕانەوە، کە لە کاتی بەڵاگێڕکردنی ئاژەڵدا. لە کاتی ڕیتوالەکەدا، نوێژی دروستی ئەفریناگان بە هاوبەشی لەگەڵ ئاهونا ڤایریا و مانتراکانی ئەشم ڤۆهو هەروەها فۆرمولەی، کە پەیوەندی بە ماوەی ڕۆژەوە هەیە ئەنجام دەدرێ[463].

## نیرانگ (Nirang)

نیرانگەکان جادووگەلێکی کورت و ستانداردن کە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ بۆنە تایبەتەکاندا دەبن. هەرچەندە هەندێک لە نیرەنگەکان بڕگەی ئاڤێستانی لەخۆدەگرن، بەڵام

---

[460] Ibid. pp. 34-35.
[461] Gershevitch, Ilya (1967). The Avestan Hymn to Mithra. Cambridge University Press. Pp. 163
[462] Boyce 1996, pp. 262-263. Boyce, Mary (1996). A History Of Zoroastrianism: The Early Period.
[463] Gonda, Jan (1963). "The Indian Mantra". Oriens. 16: 244–297.

زیاتر بە زمانی فارسی ناوەڕاست ئامادەکراون، کە بە زمانی پازند نووسراون. لە ئەنجامدا لە سەردەمی ئێرانی ناوەڕاستدا سەریان هەڵدا، کاتێک ئیتر لە ئاڤێستان تێنەدەگەیشتن بە مانایەکی دیاریکراو دەتوانرێت بە درێژەی نەریتی مانترای ئێرانی کۆن هەژمار بکرێن، چونکە بە پلەی یەکەم بۆ هێزی سروشتی هەستپێکراوی خۆیان قسە دەکرێن لەبری ئەوەی هەندێک ئەزموونی کەسی بگەیەنن[464].

باوترین جۆری نوێژ لە ماوەی پێنج جار نوێژی ڕۆژانەدا ڕوودەدات..پەیوەستن بە پێنج دابەشکاری ڕۆژەوە. زەردەشتیەکان بە وەستان نوێژ دەکەن و نوێژەکانیان ئاراستەی سەرچاوەیەکی ڕووناکی دەکەن، وەک ئاگر، یان چرا. نوێژەکان لە ئاڤێستای خوردە وەرگیراون و دەتوانرێت تێکەڵ بە نوێژی کەسی بکرێت[465].

[464] Boyce, Mary (2001). Zoroastrians:Their Religious Beliefs and Practices. The Library of Religious Beliefs and Practices. 34-35.
[465] Panthaki, Helmut (1999). My English Pocket Book of Nirangs - Short Zoroastrian Prayers. Union Press, Mumbai.

# صراط المستقيم (پردی چینڤات)

چمکی صراط المستقیم، زیاتر له ٣٣ جار، له هەڵومەرجی جیاجیادا، له قورئان دووباره بۆتەوه. کەچی له گشت هەڵومەرجەکاندا، بێجگه له مەبەستی باوەڕی دینی، زیاتر ئاماژەی به شتێک نەکردووه، له دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەدا. هەر جارێکیش دەقی ئایەتەکه به ڕووداوێک یان هەڵومەرجێکی تایبەتی بەستراوەتەوه. بۆ تێگەیشتن له چمکی صراط المستقیم، گرنگه هەڵومەرجی هاتنی ئایەتەکه بزانی. تا ئێره شتێک نییه سەرسوڕهێنەر بێ، و توێژەر دەتوانێ، له سێبەری هەڵومەرجی ئایەتەکان، ڕاڤەکردنێکی بنەڕەتی و قووڵتر، بۆ چمکی (صراط المستقیم) بکا.

ڕاڤەکارانی وەک طبري و إبن کثیر و القرطبي و السیوطي هتد، هەوڵیانداوه، ئەو چمکه بەپێی هەڵکەوتەی ئایەتەکه لێکبدەنەوه. بۆ نموونه له سووڕەتی آل عمران ئایەتی ٥١ بەپێی لێکدانەوەی تەبەری دژی نێردەی نەجرانه که، ساڵێک پێش مردنی محمد هاتوونەته مەدینه بۆ ڕاوێژکردن لەسەر ژیان و دینی کریستیانی، بەڵام بەوه تاوانبارکران، که یەسوی کریستیان به کوڕی خودا دانەوه. بەڵکوو ڕێگای ڕاست ئیسلامه، و بۆ ئەو مەبەستەش محمد چەند مەرجی بۆ دانان تا به ئارامی بژین.

سورة آل عمران : ٥١

إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُوهُۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ **(٥١)**

ئەو ئایەتە لەسە نێردەی نەجران هاتووە. کە ساڵێک بەر لە مردنی محمد لە مەدینە سەردانیانکرد.

لە هەمان کاتدا ئایەتێک دەربارەی ئەوانە لە قورئان دەخوێندرێتەوە:

سورة النساء ٤: ١٧١

يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۖ وَلَا تَقُولُواْ ثَلَٰثَةٌۚ ٱنتَهُواْ خَيۡرٗا لَّكُمۡۚ إِنَّمَا ٱللَّهُ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ سُبۡحَٰنَهُۥٓ أَن يَكُونَ لَهُۥ وَلَدٞۘ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا (١٧١)

ئەی خەڵکانی خاوەن پەرتووك، زیادەڕۆیی لە دینی خۆتاندا مەکەن، وە جگە لە هەق هیچیتر لەسەر خودا مەڵێن. لە ڕاستیدا کریست یەسو کوڕی مریەم پەیامبەری خودا، ووتەی ئەوە داویەتییە مریەم. و گیانێکە لە ئەو. جا باوەڕ بێنین بە خودا و پەیامبەرەکانی. و نەکەن بڵێن سێ دانە کۆتایی پێ بێنن ، بۆ ئێوە چاکترە. لە ڕاستیدا خودا، تاکە خودایە. شکۆمەندە کە کوڕی هەبێ. بۆ ئەوە هەرچیەک لە ئاسمانەکان و هەرچییەک لە زەوییە، و خودا بەسە بریکاربێ (١٧١)

نێردەی نەجران، ئەو کریستیانەنەی لەسەر ڕێبازی یەعقوبی بوون. و مەبەستیان لەو سەردانە دەربڕینی لایەنگیری سیاسی بوو، بۆ دەوڵەتە نوێکەی محمد، بەرامبەر پارێزگاری ژیان و ئارامیان.

لە ماوەی سەردانەکە باسی خودایی یەسو (عیسا)، کوڕی خودا کرا. ئەو دیالۆگانەش لە قورئانی مەدینە لەچەند سوڕەتێک داهاتوون.

ڕێبازی یاقوبی (یعقوب البرادعی)، کە لە لایەن کاتۆلیکەکان، لە کۆنفرانسی خلقیدون لە ساڵی س.ب٤٥١، بە گومرا دانران. لە کەنیسەی کاتۆلیک وەدەرنران، کەوتنە بەر ڕاونانی کەنیسە و دەستەڵاتی ڕۆم. بۆیە لەگەڵ لایەنگیرانی، ڕایان کردە بیابانی ناوەڕاستی میسر. دوای ماوەیەک هەندێکیان بەرەوە یەمەن، و ئەوانیتر بەرەو دەستەڵاتی ساسانیەکان بە ناوی نەستۆری گیرسانەوە. هەندێکی کەمیشیان لە مەدینە دەژیان. لەبەر ئەوەی باوەڕیان بەیەک سرووشتی کریست هەبوو. کە یەسو، خودایە لە بەرگی مرۆڤ دابەزیووە.
ئەو ئایەتە دژی یاقوبیەکان هاتووە، کە لە ناوچەکانی نەجران لە یەمەن دەژیان. باوەڕیان وابوو یەسو کوڕی خودایە. یەک سرووشتیە. [466]

دوای کۆتایی هاتنی کاتی سەردانی نێردەکە لە مەدینە، محمد پوختەی وەڵامی خۆی لەو ئایەتە خەستکردەوە. بۆ ئەوەی دینەکەی خۆیان جێبێڵن. و ڕێگای ڕاست بگرن[467].

سورة آل عمران ٣: ٥١

إِنَّ ٱللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُوهُۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ (٥١)

خودا پەروەردگاری من و ئێوەیە، جا بیپەرستن، ئەمە ڕێگای ڕاستە (صراط الستقیم) (٥١)

## گۆڕینی ڕووگەی موسوڵمانان و صراط المستقیم

[466] الحريري، أبو موسى، قس و نبى ص ١١٣

[467] تفسير الطبري، الجزء الخامس، ص ٤٣٥، إبن كثير المجلد الثاني ص ١٠٨ – ١٠٩، السيوطي الجزء الثاني، ص ٢٢٢.

کێشەی بنەڕەتی لێکدانەوەی موسوڵمانان، سەبارەت بە (شاری پیرۆز)، کە دەبێ مەککە بێ. هەروەها هەر لە سەرەتاوە، قیبلەی موسوڵمانان بووبێ. سەرچاوەکانی ئیسلام و قورئان، دەڵێن محمد لەناکاو ڕووی خۆی لە ئۆرشەلیم بەرەو بیت الحرام بوەرگێراوە. هەرچەندە لە قورئان بەڕوونی ئەوە نەهاتووە. کە پێشتر ڕووگەی موسوڵمانان کوێ بووبێ. بەڵام ئایەتی ١٤٤ لە سورەتی البقرە، ئاماژە بە وەرگێڕانی ڕووی محمد دەکا، بەرەو مەککە.[468]

القرآن الكريم سورة البقرة ٢: ١٤٤

قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَاۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ (١٤٤)

دەبینین چاو لە ئاسمان دەگێڕی، ئێمە ڕووت بە ئاڕاستەی قیبلەیەک وەردەگێڕین. کەلات پەسندبێ. سا ڕوو بە ئاڕاستەی مسجد الحرام وەرگێڕە. لە هەرکوێش بن، هەر ڕووبکەنە ئەوێ. ئەوانەی خاوەن پەرتووکن دەزانن، ئەوە ڕاستە. و لە پەروەردگاریانەوە هاتووە. خوداش لە هەر کارێك دەیکەن ئاگادارە (١٤٤)

ئەگەر بە لۆژیک بیر لە ئایەتی ١٤٤ ی سورەتی البقرة بکەینەوە. ئەو ئایەتە باسی ئەوە ناکا، لە کوێوە نەبی ئیسلام ڕووی خۆی بەرەو کەعبە گۆڕیووە. لە هەمان کاتدا باسی ئەوەش ناکا، بیت الحرام لە کوێیە. ئەوەی بۆ ئەو باسە گرنگە ئایەتی ١٤٢ هەمان سورەتە، کە ڕوووەرگێڕانی محمد بۆتە ئامانج بۆ پرسیار و ڕەخنە. و بۆ وەڵامی ئەو پرسیار و ڕەخنانەش محمد بە ئایەتی ١٤٢ وەڵامی دانەوە.

---

[468] مركز الإشعاع الإسلا مى . للدراسات و البحوث الإسلامية

سورة البقرة ٢: ١٤٢

سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ مَا وَلَّىٰهُمۡ عَن قِبۡلَتِهِمُ ٱلَّتِي كَانُواْ عَلَيۡهَاۚ قُل لِّلَّهِ ٱلۡمَشۡرِقُ وَٱلۡمَغۡرِبُۚ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ (١٤٢)

خەڵکی بێ ئاوەز دەڵێن: چی وایکرد کە ئەوان پشت لەو ڕووگەیە بکەن، کە لەسەری بوون؟ بڵێ: شوێنی ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوون هی خودان. هەرکەسێ خودا ئارەزووی لێبێ، بۆ ڕێگەی ڕاست، ڕێنمایی دەکا. (١٤٢)

ئەوەی لەو ئایەتە گرنگە چمکی (صراط الستقیم) ماناکەی ڕوونە. مەبەستی ئەوەیە ئەوەی خودا ئارەزووی لەسەربێ، و ڕێنمایی بۆ بەندەکانی بکا. ئەوە ڕێگای ڕاستە. بۆیە ئەوەی گرنگە دەبێ مانای (صراط المستقیم) بەپێی مەبەستی ئایەتەکان، الفاتحة ١: ٦، الأنعام ٦: ١٦، یس ٣٦: ٦١، النحل ١٦: ٧٦، ص ٣٨: ٢٢، و گشت ئایەتەکانیتر لێکبدرێتەوە.

بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات و تێکەڵاوی لەگەڵ ئەدەبیاتی دینەکانی تری ناوچەکە، بەتایبەتی دینی زەردەشتی، ئەو چمکەش (صراط المستقیم) ناوەرۆک و مانایەکیتر وەردەگرێ. و لە حەدیس و یان ڕاڤەکردنیان، دەبینرێ، چۆن چیرۆکی (صراط) لە مانایەکیتری وەرگرتووە.

بۆ ئەوەش بەڵگەیان ئەوەیە کە بڕیاری خودایە، دەبێ هەموو کەس بچێتە دۆزەخ. و ئازاری ئاگر بچێژێ.

سورة مريم ١٩: ٧١ - ٧٢

وَإِن مِّنكُمۡ إِلَّا وَارِدُهَاۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتۡمٗا مَّقۡضِيّٗا (٧١) ثُمَّ نُنَجِّي ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّنَذَرُ ٱلظَّٰلِمِينَ فِيهَا جِثِيّٗا (٧٢)

هەموو کەستان، دەبێ بچنە دۆزخ. چونکە بڕیارێکە پەروەردگار داویەتی و دەبێ جێبەجێ بکرێ. (٧١) ئینجا ئەوانەی کە خوداناس بوون ڕزگار دەکەین، وە ستەمکاران تیایدا لە سەر ئەژنۆ جێدەهێڵین (٧٢)

هەندێ، لەو ڕایانەی خراونەتە ڕوو، و بوونەتە بەشێک لە لێکدانەوەی چمکی (صراط المستقیم). بنەڕەتیان لە دەروەی چوارچێوەی دینی ئیسلام و قورئانەوە هاتووە. و بوونەتە وێردی سەر زمانی نەک تەنیا خەڵکی ئاسایی، بەڵکوو نووسەر و شرۆڤەکارانی موسوڵمانیش.

بەپێی ئەو شرۆڤانە، دەبێ ئەو ڕێگایە پردێک بێ، لە موو باریکتر و لە چەقۆ تیژتر. کە ئەستەمە بە کەمترین تاوان لێی دەربچی. ئەوەش بە تایبەتی خالد الصلح لە پەرتووکی (شرح العقیدة الواسطیة) لە ژێر ناوی (والصِّراط منصوب علَ متن جهنم) دەڵێ:

الصراط لەسەر ڕووی دۆزەخ ڕاگیراوە. و پردی نێوان بەهەشت و دۆزەخە، مرۆڤەکان بەپێی ڕێژەی کردەوەکانیان بەسەریدا تێدەپەڕن .لە نێوانیاندا ئەوانەی وەک تروکانی چاو تێدەپەڕن و لە نێویاندا ئەوانەی وەک ڕەشەبا تێدەپەڕن و لە نێویاندا ئەوانەی وەک با تێدەپەڕن و لە نێویاندا ئەوانەی وەک ئەسپێکی پەلەوەرئاسا تێدەپەڕن، و لەنێویاندا ئەوانەی بەلایدا تێدەپەڕن وەکو وشتر سوارەکان، و هەندێکیان بە پەلە دەڕۆن و هەندێکیان دەڕۆن و هەندێکیان دەخزن و هەندێکیان دەرفێنرێن و فڕێدەدرێنە سەر دەموچاویان .چونکە پردەکە قەڵغانی لەسەرە کە خەڵک بەهۆی کارەکانیانەوە دەرفێنن، جا هەرکەسێ پردەکە ببڕێت دەچێتە بەهەشت. [469]

[469] المصلح، خالد (٢٠١٧) شرح العقیدة الواسطیة، من كلام شیخ الإسلام إبن تیمیمة. الطبعة الأولى. مدار الوطن للنشر. ص ١٨١.

جا کاتێک بەسەریدا تێدەپەڕن، لەسەر پردی نێوان بەهەشت و دۆزەخ دەوەستن. و تۆڵەی یەکتریان لێدەکرێتەوە. ئەگەر پاک و پاک دەربچن، مۆڵەتی چوونە بەهەشتیان پێدەدرێ[470].

یەکەم نەتەوە کە بەسەر ڕێگاکەدا تێدەپەڕێت، نەتەوەی محەممەدە .پێناسەی الصراط: (لەو ڕۆژەی زەوی دەگۆڕێت بۆ زەوییەکی تر و ئاسمانەکان) تەنیا دوو شوێن دەبن: بەهەشت و دۆزەخ. جا بۆ ئەوەی بگەیتە بەهەشت دەبێ بە دۆزەخدا تێپەڕی.

کێن ئەوانی بە ڕێگای ڕاست دا تێدەپەڕن؟
ئەوەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کافران ڕێبازەکە نابڕن، وتەی پەیامبەرە، کە دەڵێ:

> ئەگەر لە ڕۆژی پەسڵاندا بانگدەرێک هاوار بکا، هەموو میللەتێک شوێن ئەو شتە دەکەوێ کە پێشتر دەیپەرست، جا ئەوانەی پێشتر جگە لە خودا پەرستنیان دەکرد، وەک بت و شوێنەوار، نامێننەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە دەکەونە ناو ئاگرەوە، تا ئەو کاتەی تەنیا ئەوانەی جگە لە خودا پەرستن دەمێننەوە. [471]

ئەوەی جێگەی هەڵوێستەکردنە، ئەوەیە کە پەیامبەری ئیسلام بێجگە لە چیرۆکی نەبیەکانی پەیمانی کۆن، و کولتووری گەلێری یەهودی و کریستیانی، بە هۆی گەشتی بازرگانی بۆ میسۆپۆتامیا، ئاشنایەتییەکی باشی لەگەڵ ئەدەبیاتی ئێرانی و دینی زەردەشتی هەبوو.

---

470 نفس المصدر، ص ١٨٢
471 رواه مسلم (١٩٧) من طريق سليمَن بن الَمغية عن ثابت، مجموع الفتاوى ١١: ١٦٢ و ٦: ٥٢٦

خەڵکی هەردوو شاری مەککە و مەدینە، باش ئاگاداری زانیاری محمد بوون لەسەر چیرۆک و ناوەرۆکی دین.

سەرەڕای محمد بەردەوام لەگەڵ النضر بن حارث ناکۆکی هەبوو. النضر کەسێکی گەڕیدە و شارەزای ئەفسانەکانی ئێرانی و دینی زەردەشتی بوو. بە شێوەیەکی بەردەوام خەڵکی، بۆ گوێگرتن لە دەروی کۆدەبوونەوە. ئەویش چیرۆکەکانی کەلەپووری ساسانی و زەردەشتی گەلانی ئێرانی بۆ دەگێڕانەوە. دوای هەر گێڕانەوەیەکیش دەیگوت: بە الله محمد ئەو چیرۆکانە لە من باشتر دەزانێ. گێڕانەوەکانیشی تەنیا چیرۆکی پێشینانن (أساطیر الأولین). کە بۆی نووسراون و ئەویش بە ناوی جوبرائیل دەیانلێتەوە.

لەبەر ئەوەی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆری ساسانی، دەستەڵاتی لەو ناوچانە هەبوو، کە زۆر هۆزی عەرەبی لێدەژیان. و یەک لەو هۆزانەش قورەیشەکان بوون. کە بە پەرتوبڵاوی هەر لە شامەوە تا حیجاز وەک ڕەوەند دەسووڕانەوە. سەرەڕای ئەوەش، ماوەیەکی زۆر هاوپەیمانی ساسانییەکان بوون، دژی ئیمپراتۆری ڕۆم. ئەوەش شتێکی ئاساییە، کە چیرۆکە کۆنە ئەفسانەییەکانی، میر و پاشا و قارەمانەکانی گەلانی ئێران، ڕۆژانە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی جیاواز دەگێڕدرانەوە. هەر بۆیەش باوەڕی دینی و ئەفسانەکانیان لە ناو ئەو هۆزانەی عەرەب ئاشنا بوون. ئەوەش کاریگەری لەسەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەبووە. محمدیش چ لە سەردەمی منداڵی و دواتریش وەک هەرزەکار و تەمەنی لاوی، ڕەنگە بە سەدان جار ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی بیستبن. و خۆیشی بۆ خەڵکی تری گێڕابنەوە.

دواتریش، بە پەیدابوونی سەلمان الفارسی و ئەو گەنجینە گەورەکەی، و پاشخانی بوونی کەلەپووری زەردەشتی و گەلێری ناوچەکە، پێکەوە دەرگای جیهانێکیتری بۆ محمد خستبووە سەرپشت.

لەلایەکیتر سەلمان الفارسی کە هاوەڵێکی نزیکی بوو. و کۆنە موغێکی زەردەشتی بوو. زۆر شتی لەسەر دین و پەرتووکی ئاوێستا بۆ باسدەکرد. هەروەها النضر بن حارث کە ئەویش هاتوچۆی میسۆپۆتامیای دەکرد، و زۆر چیرۆک و ئەفسانەی ئێرانی دەزانین، هەمیشە دەیگوت، بۆیە شتێکی نامۆ نییە کە (صراط المستقیم) لە (پردی چینڤات) ی ئاوێستا وە هاتبێ.

# پردی چینڤات

لە ئاوێستا لە چەند جێگایەک ناوی (پردی چینڤات) هاتووە، کە زەردەشت لە خودا دەپاڕێتەوە، کە خاوەنی کاری چاک و بیری چاک ببنە خاوەنی پاداشت، تا بە ڕێنمایی بکرێن بۆ پاراِنەوە، تا بە ئاسانی لە پردی چینڤات بپەڕنەوە.

ئاوێستا

یەسنا، هاتی ٤٦

کۆپەلەی دەیەم

ئەی مەزدا ئاهورا، بەڕاستی دەڵێم هەرکەس، (چ ژن و چ پیاو) لە ژیانیدا ئەو کارە بکا، کە تۆ بەباشترین کارت داناوە، لە سایەی ئەندیشەی چاکدا، دەبێتە خاوەنی پاداشتی ئەشە، و هێزی گیانی. من ئەو جۆرە کەسانە ڕێنوێنی دەکەم بۆ پاراِنەوە لە تۆ، و پەڕینەوەیان لە پردی چیوەت.

کۆپەلەی یانزەم

ناحەزان و فەرمانڕەوا خراپەکان هێزی خۆیان ڕێکخستووە، و دەیانەوێ بە کردەوە خراپەکانی خۆیان ژیانی خەڵکی تێکدەن. بەڵام کاتی نزیکی پردی

چینڤات (Chinvat or Cinvato) کەوتنەوە، ئازار دەکێشن و دەبنە شەریکی هەموو درۆبازان.[472]

هەروەها لە پەرتووکی زەند ئاوێستادا

فارگارد ١٩: ٢٧ – ٣٠

(٢٧) دروستکەری جیهانی ماتریال، ئەی پیرۆز !کوا پاداشتەکان دەدرێن؟ پاداشتکردنەکە لە کوێ ڕوودەدا. لەکوێیە پاداشتکردن جێبەجێ بوو ؟ مرۆڤەکان بۆ کوێ بێن، تا ئەو پاداشتە وەرگرن، کە لە ژیانی خۆیاندا لە جیهانی ماتریال، بۆ گیانیان بەدەستیان هێناوە؟ (٢٨) ئاهورا مەزدا وەڵامی دایەوە: کاتێک مرۆڤ مردووە، ئەو دەمەی کاتەکەی تەواو بووە، ئەوا دائێڤا دۆزەخییەکان هێرش دەکەنە سەری؛ و کاتێک شەوی سێیەم ڕۆیشت، کاتی بەیانی دەردەکەوێ و دەگەشێتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی، میترای خوداوەند بە چەکی جوانەوە، بگاتە شاخەکانی هەموو بەختەوەرەکان و خۆر هەڵدێت.

(٢٩) پاشان شەیتانی، کە ناوی ڤتزارێشایە، بە بەندەوە گیانی دائێڤا پەرستە خراپەکان دەبات کە لە گوناهدا دەژین .گیان دەچێتە ناو ئەو ڕێگایەی کە کات دروستی کردووە، و هەم بۆ خراپەکاران و هەم بۆ چاکەکاران دەکرێتەوە .لە سەر پردی .چینڤاد، پردی پیرۆز کە لەلایەن ...مازدا ، داوای

[472] جەلیل عەباسی ج. قەقنەس (٢٠٠٣) ئاڤێستا، لەمێژینەترین سروودی کوردی. ل ١٤٠ - ١٤١ بۆ دڵنیابوون، ئەو دەقە لەگەڵ وەرگێڕانی عەرەبی لەلایەن د. خلیل عبدالرحمن بەراوردکراوە.

گیانیان دەکەن، پاداشتی ئەو کاڵا جیهانیانەی کە بەخشیویانە دوور لێرە لە خوارەوە.

(٣٠) پاشان کچێکی جوان، شێوەدار، بەهێز و خزمەتکاری باڵابەرز، لەگەڵ سەگەکانی لە تەکیدا، دەتوانێ کەسێک جیابکاتەوە کە منداڵی زۆری هەن. بەختەوەر و زۆر تێگەیشتووە، هەروەها پیاوکیش کە بێ وەچەیە. و. ئەو بە گیانی ماندوو بەرەو سەر هارابیرازایتی سەردەکەوێ. لە سەرووی پردی چینڤاد. بە ئامادەبوونی خودای ئاسمانییەکان، بەرز دەبێتەوە.[473]

هەروەها لە فەرگەردی ١٣: ٨ - ٩

٨ هەرکەسێک لە سەگی شوان، یان سەگی ماڵ بدا، یان سەگی ڕاوکردن، یان سەگێکی ڕاهێنراو، ئەو کاتەی گیانی بۆ جیهانەکەیتر تێدەپەڕێ، بە دەنگی بەرزتر و خەمبارتر لە مەڕەکان لە دارستانە بەرزەکەدا، کە گورگەکەی تێدا دەسوڕێتەوە، بە هاوارەوە دەفڕێ.

٩ هیچ گیانێك نایەت و چاوی بە گیانی ڕۆیشتووی خۆی بکەوێ. و یارمەتی بدا، لە جیهانی دیکەدا هاوار دەکاو خەمبار دەبێ؛ تەنانەت ئەو سەگانەی کە [چینڤاد] دەپارێزن، بەهانایەوە نایەن.[474]

[473] F. Max Müller (1880) The Zend – Avesta, The Sacred Books of the East, Editded by, Vol. IV, Oxford University press Warehouse., Fargard XIX, 27, 28, 29, 30. Pp. 213 – 214.

[474]Ibid., Fargard XIII,8, 9. Pp. 153 – 154.

ئێستا دەرئەنجامی، چمکی صراط المستقيم لە قورئاندا مانایەکی یەک ڕەهەندی نییە. ناتوانێ بشی بێ. بەڵکوو لە هەر ئایەتێک بەپێی هۆکاری هاتنی ئایەتەکە، مانایەک دەدا کە تایبەتبێ بەو هەلومەرجەی ئایەتەکەی بۆ نووسراوە. بەڵام کاتی بە حەدیس و لێکدانەوەی دواتر مانای پردێکی نێوان دۆزەخ و بە هەشتی وەرگرتووە. ئەوە لە ژێرکاریگەری دینی پەرتووکی ئاوێستا و کەلەپووری زەردەشتی بووە. کە بە درێژایی هەزاران ساڵی پێشتر لە ناو کەلەپووری گەلێری میسۆپۆتامیا ڕەگی داکوتاوە. و تێکەڵی زۆر کایەی دینی و ژینگە کۆمەڵایەتی ناوچەکە بووە.